

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي
١
تەفسیری نامی
بۆ
قورئانی پیرۆز
دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
ئامادەکردنی: موحەممەد عەلی قەرەداغی
سەرپەرشتی چاپی نوێ: ڕەئووف مەحموودی



٦
٥
٤
٣
٢
١
تەفسیری نامی
بۆ
قورئانی پیرۆز
مەلا
عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
انتشارات کردستان



تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

سرشناسه	:	مدرس، عبدالکریم، ۱۹۰۵ - ۲۰۰۵م. Mudarris, Abd al - karim
عنوان و نام پدیدآور	:	دەقی تەفسیری نامی/دانراوی عبدالکریمی مودەرریس.
مشخصات نشر	:	سنندج: انتشارات کردستان، ۱۳۸۹.
مشخصات ظاهری	:	۶ ج.
شابک	:	دوره: 9649800363؛ ج.۱: 9649800370؛ ج.۲: 9649800387؛ ج.۳: 9649800394؛ ج.۴: 9649800400؛ ج.۵: 9649800417؛ ج.۶: 9649800424؛
وضعیت فهرست نویسی	:	فیپا
یادداشت	:	کردی.
عنوان دیگر	:	تەفسیری نامی بوقورئانی پیروز.
موضوع	:	تفاسیر اهل سنت -- قرن ۱۴ق.
رده بندی کنگره	:	BP۹۸/م۳۸ت۹ ۱۳۸۶
رده بندی دیویی	:	۱۷۹/۲۹۷
شماره کتابشناسی ملی	:	۷۳۵۶۱۱۱

تەفسیری نامی

بۆ قورئانی پیرۆز

نووسینی:

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

بەرگی یەکەم

(بەقەرە)



بڵاوکردنەوەی کوردستان

سنە



سنە ـ پاساژی عیززەتی ـ تەلەفوون ـ ۲۲۶۵۳۸۲

تەفسیری نامی

✔ ناوی کتێب (نام کتاب):	تەفسیری نامی (بەرگی یەکەم)
✔ دانراوی (تألیف):	مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
✔ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول)؛ ۱۳۸۹
✔ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۳۰۰۰ دەورەی شەش بەرگی (دورەی شش جلدی)
✔ ژمارەی لاپەڕەو قەوارە (تعداد صفحه و قطع):	٥٦٠ صفحەی وزیری (شش جلد ٣٣٦٠ صحفه)
✔ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)

نرخی دەورەی شەش بەرگی: ٦٢,٠٠٠ تمەنە

شابک دورە: ٣ ـ ٠٣٦ ـ ٩٨٠ ـ ٩٦٤ ـ ٩٧٨
شابک ج ١: ٠ ـ ٠٣٧ ـ ٩٨٠ ـ ٩٦٤ ـ ٩٧٨

پێشەکی چاپی نوێ

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

مەلەوانی دەریای وشە و مەعانی، شۆڕەسواری گۆڕەپانی نوکتەزانی، خەڵوەکێشی حوجرەی وانە زانان، دەروون پڕ لە سۆزی "سەناو سکاڵا" بە بەیانان، زاهیدی سەر بەرماڵی تەکیە و خانەقا، لە فەنا گوزەشتوو و گەیشتوو بە هەوارگەی بەقا، شەمی بەشەرم و حەیا هەڵگیرساوی سەرتاقان، چرای رۆشنگەری ماڵان لە دەلاقان، "شەمامەی بێندار"ی نێو بێستانی هۆنەران، "وەنەوشەی نازدار"ی سەرچاوە و جۆباران، لە "باخچەی گوڵان"دا بولبولی هەزار ئەلحانە، لە دوانگەی "وتاری ئایینی"دا وتەبێژێکی خۆش‌خوانە، شیعری "شەوچەرەی دڵدار"ی نێو دیوەخانە، پەخشانی "لیمۆی مەزەدار"ی نێو باخانە، "رێگەی رەهبەر"ی بە "چلچرای ئیسلام" و "نووری قورئان" رووناك کردووە، سەنای رەهبەر و یارانی رەهبەری بە دڵ و دەروونی پاك کردووە، لە بازاڕی مەی‌فرۆشاندا پیاڵەی لە دەستی "ئالووسی" و "زەهاوی" سەندووە، لە بەزمی بادە نۆشاندا مەزەی "ئاوی حەیات"ی لە سینە سووتاوانی تەریقەت چەشتووە، قسەی بە پێز و وتەی بە هێزی لە "نالی" و "مەحوی" و "مەولەوی" بە خەڵات بردووە، "دوو رِشتە"ی هزری بەرز و سۆزی سەد تەرزی لە ناسك خەیاڵان و

دەروون عەبدالڵان وەرگرتووە، "نامەی بۆندار" و "پیرۆز"ی بۆ "بەختیار"ی و "هۆشیار"ی گەلەکەی نووسی تا زاری تینوویان لە "سەرچاوەی ئایین" تێراو بکات، "شەریعەتی ئیسلام" و "تەفسیری نامی" دانا تا باخی بڕوایان پاراو بکات، تۆ بووی بە "بارانی رەحمەت" و جوامێرانە باریت بە سەرمانا، تا درختی ئیمان ریشەی برِوا و چرۆی هیوا بروێنێ لە ناخمانا، خوای گەورە بەزەیی خۆی بە لێزمە و بە تاوی "بەهار" برژێنێتە سەر "گوڵزار"ی گوڵکۆی پیرۆزت، و "رێگەی بەهەشت"ت بۆ رووناك بکات بە "نوور و نەجات"ت بدا لە پەژارە و بتخاتە نێو شادی و سروور.

کۆپلەیەك لە ژیانی مامۆستا

ئەم زاتە لە هیچ یەك لە نووسراوەکانیدا بە راشکاوی شوێنی لە دایکبوونی خۆی نەنووسیوە، بەڵام هەندێ سەرچاوە جەخت لەسەر ئەوە ئەنێن کە لە کوردستانی رۆژهەلاَت و لە دەڤەری شاری مەریوان لە دایك بووە[1]، جا بۆ ئەوەی کورتەیەك لە ژیانی ئەم زانا بلیمەتەمان بۆ روون ببێتەوە ئەچینە خزمەت کتێبە دەسنووسەکەی خۆی (رۆژگاری ژیان) و گوڵبژێرێکی ئاراستە ئەکەین.

ناوی عەبدولکەریمی[2] کوڕی موحەممەدی کوڕی فەتتاحی کوڕی سلێمانی کوڕی موستەفای کوڕی موحەممەد خەجێ و لە هۆزی قازییە. فەتتاح (واتە: باپیری مامۆستا) لەگەڵ عەزیزی برایا و زەریفەی خوشکیا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٨ زایینی چوونەتە دێی "تەکیە" سەر بە ناحیەی "خورماڵ"، کە موڵکی شێخ بەهائەددینی کوڕی شێخ عوسمانی "تەوێڵە" بووە، لەوێ بە عینوانی جووتیار بەسەر زەوی و زارەکەی شێخەوە ئیشی کردووە، خێزانیشی لەگەڵ بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆی شیریشی داوە بە شێخ حیسامەددینی کوڕی شێخ بەهائەددین و مەحرەمییەتی شیری لە نێوانیاندا دروست بووە، لە ساڵی (١٨٧٨ ز) باوکی مامۆستا (واتە موحەممەد) لە "تەکیە" لە دایك ئەبێ و دوای چەند ساڵێ فەتتاح (باپیری مامۆستا) فەوت ئەکا و خێزانی شوو ئەکاتەوە بە عەزیزی هێوەری و پاش چەند ساڵێ ئەگوێزنەوە بۆ دێی

---

١. بۆ ئەم بابەتەش بڕوانە "رۆژگاری ژیان" وە هەروەها پەراوێزی کتێبی "سەدەیەك تەمەنی نوورین" لاپەرەی ٢٣.

٢. وە دوو نازناوی سەرەکی هەیە، یەکەم: مودەڕڕیس یا مودەڕڕیسی بیارە، دووەم «نامی». کە ئەمەیان زیاتر نازناوی ئەدەبییەتی و زۆرتر لە کتێبە کوردییەکان و هۆنراوەکانیدا کەڵکی لێوەرگرتووە.

"رەشان" لەلای "پێنجوێن" و پاشان لەوێشەوە ئەگوێزنەوە بۆ دێی "بەیێڵە"ی سەر بە شاری مەریوان.

موحەممەد (باوکی مامۆستا) لە ساڵی (١٨٩٧ ز) ژنێکی «خانم» ناوی لە عەشیرەتی "سوورەجۆیی" کە لە نزیکی "شانەدەری"دا دانیشتوون هێناوە. سەرەنجام لە بەهاری ساڵی (١٩٠٣ ز)دا چوار ساڵ دوای لە دایکبوونی ئامینەی خوشکی، مامۆستا پێی ناوەتە دنیاوە و ساڵێ دوای ئەو رابیعەی خوشکیشی لە دایك بووە، باوکی پیاوێکی خوێندەوار و ساڵح و خزمەتگوزاری ئەهلی عیلم و موریدی شێخ عەلائەددین و دۆست و موحیببی مامۆستا حاجی سەید حەسەنی "چۆڕ" بووە، لەسەر رەغبەتی بە ئەهلی عیلم لە چوار پێنج ساڵیدا مامۆستا وەبەر خوێندن ئەنێ و لە لای مامۆستا مەلا "عەبدولواحید" مەلای ئاوایی دەست بە خوێندنی قورئان دەکات، ژیری و بیرتیژی و زەکاوەتی مامۆستا هەر لە منالییەوە سەرنجی هەموانی راکێشاوە، وەك خۆی ئەفەرموێ: «تا سوورەتی زومەڕم خوێند پاشان ئەوەندە بەرچاوم کرایەوە لەوەو ژوور گوێیان لێ‌گرتم». پاش خەتمی قورئان باوکی شادیانەی بۆ ئەنێ و مەراسیمی پڵاوخۆرانی بۆ ئەگێڕێ. پاشان باوکی، مامۆستا و دوو خوشکەکەیی بە منداڵی بەجێ دێڵێ و ماڵاوایی لە دنیا دەکات، وەك مامۆستا ئەفەرموێ: «مەرحوومی باوکم لە پێش وەفاتیا بە چەند رۆژێ رۆیشت بۆ تەعزییەی یەکێ لە دۆستان، لەو سەرەوە کە هاتبۆوە بە عاساکەی[1] خەتێکی لە ژێر دارگوێزێکا کێشابوو، فەرموو بووی: ئەگەر من لەم رۆژانا مردم لە ژێر ئەم دارا لەسەر حاستی ئەم خەتە بمنێژن. ئەو رۆژە بۆ شەوەکەی وەسیەتی کرد بۆمان کە لە پاش خۆی تەرکی خوێندن نەکەم،

١. لەوانەیە دارێك بووبێ بە دەسیەوە وەك چۆن رێبوار بۆ یاریدەدانی لە رۆیشتندا کەڵکی لێ‌وەرئەگرێ، چونکە باوکی لەوتەمەنەدا ئەوەندە پیر نەبووە تا عاسا هەڵگرێ.

بە هەر وەزعێ ببێ هەردەوام بکەم، دائیمەن عەلاقەمان بە شێخی "عەلائەددین"ەوە ببێ، هەروا قەراری دا کە کاغەز و قەڵەم و دەوات بۆ من بسێنێ و بنووسم نەکا خۆی بمرێ و پەکم بکەوێ. دایکم لەم قسانە زۆر زویر بوو بەڵام ئێمە فامی ئەوەمان نەبوو، بە خواستی خودا لەو رۆژانا پاش کڕینی کاغەز و قەڵەم بۆ من لە بەهاری ١٩٠٧ وەفاتی کرد. رحمه الله و طاب ثراه».

پاش وەفاتی باوکی لەسەر وەسیەتەکەی باوکی و بە کۆششی دایکی بەردەوام دەبێ لەسەر خوێندنەکەی و لە لای مەلا موحەممەدی کوڕی شێخ قادر کتێبە وردە کوردییەکان ـ وەك: ئیسماعیل‌نامە و سەنگتراش و... کە لەو سەردەمەدا بۆ چاوڕوونی منداڵان خوێنراون ـ دەخوێنێ، پاشان شێخ عەلائەددین ئەم مەلا موحەممەدە دەکاتە مودەڕڕیسی خۆی لە دێی "دوورۆ" و مامۆستاش ئەگوێزێتەوە بۆ دێی "بەییڵە" و دواتر دەچێتە دێی "ئەسراوا" و پاشانیش دەڕواتە دێی "کانی‌سانان" و لەوێیشەوە دەگوێزێتەوە بۆ دێی "سەردۆش" و لە لای مەلا سلێمانی کوڕی فەقێ عوسمان تەسریفی زەنجانی تەواو دەکات و دەست بە خوێندنی عەواملی جورجانی دەکات، دوای ماوەیەك لەوێش دەگوێزێتەوە بۆ دێی "بالك" بۆ لای مەلا مەحموودی جوانرۆیی لەوێ کتێبی عەوامل و سەعدوڵڵای بچووك ئەخوێنێ، پاشان کە مەلا عەبدولواحیدی کوڕی مەلا عەبدوسسەمەد ئەبێ بە مەلای "گوێزەکوێرە" لە بەر دۆستایەتی قەدیمی دەچێتە گوێزەکوێرە[1] و لەوێ کتێبەکانی «ئونموزەج» تا باسی فیعل و «ئیزهار» و «تەسریفی مەلاعەلی» و دوو نامیلکەی «وەزع و ئیستیعارە» و هەندێك لە «جامی»

---

١. خوێندنی مامۆستا لەم هەموو دێیەی دەوروبەری شاری مەریوان ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە مامۆستا لە دەڤەری ئەم شارەدا لە دایکبووە، وە بەم رۆیشتنی دواییەی بۆ دێی گوێزەکوێرەش ئەو بیرە کە دەڵێن لەم دێیە لە دایك بووە بێ‌هێز ئەکات.

ئەخوێنێ، لەم ماوەدا (واتە: لە ساڵی ١٩١٥) دایکی ـ کە تەنیا پاڵپشت و خەمخۆری ئەبێ ـ ماڵاوایی لە دنیا ئەکات و جارێکی‌تر نازی مامۆستا دەشێوێ، بەڵام وەسیەتی باوك و دوعای دایك و ورەی پۆڵایینی مامۆستا دەبنە هۆی پشت گەرمی بۆی و هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە لەمپەر لە درێژە نەدان بە خوێندنی.

دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی دەروونی، هەردوو خۆشکەکەی دەباتە لای پووری (خوشکی دایکی) و خۆی ئەچێتەوە بۆ "کانی‌سانان" بۆ لای مەلا شەریف و درێژە بە خوێندنی کتێبی «جامی» ئەدات و پاش ماوەیەك ئەگوێزێتەوە بۆ دێی "دەرەتفێ" لەوێ جامی تەواو ئەکات و دەست بە خوێندنی «سیووتی» ئەکات و پاشان دەچێتەوە بۆ دێی "گوێزەکوێرە"، بەڵام لەبەر گرانی و نەبوونی کە بە هۆی شەڕی جیهانی یەکەمەوە کە ئەم ناوچەیەی داگرتبوو، دڵی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵئەکەنرێ و لەگەڵ مەلا عەبدوللەتیفی بانەیی و مەلا حەسنی بالیکەدەری بەرەو شاری سلێمانێ ئەکەونە رێ، دوای تووشبوونی هەندێ دەردیسەری دەگەنە شاری سلێمانی و لە مزگەوتی «مەلا عەزیزی بالیکەدەری»دا دائەمزرێن، (مامۆستا هەم لەلای مەلا عەزیز لەو مزگەوتەدا و هەم لەلای مەلا عەبدوللەتیف لە مزگەوتی شێخ موحەممەدی بەرزنجە کتێبی سیووتی بە شەرحی ئەبووتالبەوە ئەخوێنێ)، پاش پێنج شەش مانگێ لەبەر بێ‌رزقی بەهۆی بێ‌بارانی و ئاڵۆزی بارودۆخ لەبەر شەڕی جیهانی لەوێ هەڵئەکنرێن و دێ بە دێ ئەکەونە رێ بۆ پەیداکردنی حوجرەیەك بۆ خوێندن، بە "چنگیان" و "شوکی" و "بەرزنجە" و "موریاس" و "تەپەکەل" و "هەڵەبجە" و عەبابەیلێ" و "بەڵخە" و "تەوێڵە" تێئەپەڕن تا سەرەنجام روو ئەکەنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بڕینی رێی دوور و شاخە بەرزەکانی «تەتە» و «کەمانجەڕ» ئەگەنە خانەقای شێخ عەلائەددین لە "دوورۆ" کە مودەڕیسی ئەو کاتەی «سەید

حوسەین تائیربوغەیی» ئەبێ، وە دوورڕۆ لەو کاتەدا پڕ بووە لە فەقێ و تەلەبە و لەوێ دائەمەزرێن، وەك خۆی ئەفەرموێ: «کە گەیشتینە ئەوێ تەماشامان کرد مەدرەسە پڕە لە تەلەبە هاتن بە دەممانەوە و ئیکرامیان گرتین، بە خزمەتی شێخ گەیشتین و زیارەتمان کرد، ئەویش بەخێر هاتنی لێ‌کردین، بە خزمەتی سەید حوسەینی مودەڕڕیس گەیشتین. بە کورتی ئەوەندە دڵمان خۆش بوو ئازاری سەفەرەکەمان نەما».

بەهەرحاڵ مامۆستا لە دوورڕۆ نیشتەجێ ئەبێ و ئەڕوا دوو خوشکەکەی لە ماڵی پووری دێنێتە لای خۆی و هەر لەوێ بە شوویان ئەدا. وە لە زستانی ئەو ساڵەدا (١٩١٦ و ١٩١٧ز) گرانی و قاتی روو ئەکاتە ئەو ناوچەیە و مامۆستا باسی سەخاوەت و دەهندەیی بێ‌وێنەی حەزرەتی شێخ لەم زستانەدا بە درێژی ئەکات. لەم ساڵەدا مەلا سەید موحەممەدی کوڕی سەید ئەمین گیزملی ئەبێتە مودەڕیسی دوورڕۆ و مامۆستا لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام دەبێت و کتێبەکانی «ریسالەی ئادابی مەنزوومە» و «عیسامەددین» و «ئیستیعارە» و «رەشدییە» و «فەنناری» و «عەبدوڵڵا یەزدی» لە زانستی لۆژیك (منطق) و «گەلەنبەوی ئاداب» و «شەرح مەنهەج» و «تەشریحولئەفلاك» و «ریسالەی حسێبی فارسی» ئەخوێنێت.

مامۆستا لەم ماوەیەی کە لە دوورڕۆدا بووە لەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانی زۆری بۆ کۆکردنەوەی عیلم و زانیاری، چەندین سەفەری کردووە و رووداوی سەیری بینیوە کە بوونەتە تەجرەبەو ئەزموونێکی کاریگەر لە ژیانی زانستیی مامۆستادا، یەکێ لەو رووداوانەی کە لێرەدا بۆ نموونە ئاماژەی پێدەکەین ئەمەیە کە جارێکیان لە دوورڕۆ بەڕێ ئەکەوێ بۆ دەرەتفێ بۆ کڕینی کتێبی «گەلەنبەوی شەرح»، لەو سەرەوە کە ئەگەڕێتەوە ئەبێتە میوانی موحەممەد ساڵح بەگی کوڕی فەتاح بەگ لە دێی «تەرخاناوا»ی

مەریوان کە زۆر ڕێزی مامۆستا ئەگرێ و سوێند ئەخوا لە مامۆستا کە ئەبێ سواری ئەسپەکەی ببێت خۆی بە پیادە لە پێشیەوە بڕوا وەکوو مامۆستا ئەفەرموێ: «زۆر حەولم دا چارم نەبوو، «بالفعل» لەگەڵیدا هاتمەوە تاماڵەوە و شەو لەسەربانی حەمە سەعید بەگی برایا نوستم، لەبەرەبەیانا بەم دەنگە خەبەرم بووەوە یەکێ ئەیوت: (إن أول ما خلق الله نور) «مع العلم» کە چاوم کردەوە نە کەس دیاربوو نە بانگیش درابوو، ئەم ڕووداوە زۆر دڵی ڕووناك کردمەوە، وە بە حاڵی ئینشیراحەوە هەستام نوێژی سبەینێم کرد».

خولاسە، پاش ئەوەی کە شێخ عەلائەددین تەشریف ئەباتە بیارە و دووڕۆ بەجێ‌دێڵێ مامۆستاش لە گەڵ سەید فەرەج عەربەتی برادەریا ئەکەونە ڕێ و ئەچنە بیارە، بەڵام لەو کاتەدا بە هۆی فەوتی مودەڕیسی بیارەوە (مەلا عەبدولقادر)، بیارە بێ فەقێ ئەبێت، مامۆستا و سەید فەرەج لەسەر پێشنیاری شێخ ئەچنە عەبابەیلێ و ماوەیەك لەوێ دائەنیشن، بەڵام بەهۆی باش نەبوونی بارودۆخی خوێندنیان ئەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مامۆستا ئەچێتەوە بۆ دێی دووڕۆ و درێژە بە خوێندنەکەی ئەدات و پاش تەواو کردنی کتێبی «گەلەنبەوی بورهان» ئەگوێزێتەوە بۆ دێی "بالك" بۆ لای مامۆستا مەحموودی جوانڕۆیی و کتێبی «فەرائیزی مەنزووم»ی شێخ مەعرووفی نۆدێ و هەندێك لە «شەرح عەقاید»ی تەفتازانی ئەخوێنێت، پاشان کە بیارە فەقێ و مەلا ڕووی تێئەکەن، مامۆستاش خولیای بیارە ئەکەوێتەوە سەری و ئەچێتە ئەوێ و لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی ڕەشدا کتێبی «عەقیدەی مەرزییە»ی مەولەوی و هەندێك لە «موتەووەل» ئەخوێنێ، پاشان ئەچێتە سلێمانی و بە خزمەتی شێخ عومەر ئیبنولقەرەداغی لە خانەقای مەولانا خالید ئەگا و شێخ عومەر میهرەبانی زۆری لەگەڵ دەکا و بە فەقێی خۆی وەریئەگرێ، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خزمەتیدا

دەمێنێتەوە، لەم ماوەیەی کە لە خزمەتی شێخ عومەردا ئەبێ ئاسۆیەکی‌تر لە زانست لە بەرچاویدا دەکرێتەوە، و هاوکات خەریکی دەرس‌خوێندن و دەرس‌وتنەوە و نووسین و راڤەکردن دەبێت. وە چەندین کتێبی بەنرخی وەك: «موختەسەری تەفتازانی»، «أقصی الأماني»، «ریاضیات»، «رسالة الحساب»ی بەهائەددینی عامیلی، «اسطرلاب»، «ربعی مجیب»، «تقریب المرام شرح تهذیب الکلام»، «جمع الجوامع»، «تحفه» و «شەرحی لاری» ئەخوێنێت، خوێندنی ئەم هەموو کتێبە لە خزمەتی ئەم مامۆستا ناودارانەدا مامۆستای نامی ئەکاتە مەلایەکی نموونەی بە تەواو مانا مەلا، پاشان لە ساڵی (١٩٢٤ز) لە سەر دەستی شێخ عومەر ئیجازەی مەلایەتی وەرئەگرێ و ئەبێ بە مەلا و مودەڕیسی دێی «نێرگسەجاڕ»، پاش چوار ساڵ مانەوە لە دێی نێرگسەجاڕ شێخ عەلائەددین داوای لێ‌ئەکات کە ببێت بە مودەڕیسی «دووڕۆ» و بە تەمایە مودەڕریسی دووڕۆ بێنێتە بیارە، بەڵام مودەڕیسی دووڕۆ لەبەر چەند هۆیەك بۆی ڕێك ناکەوێ بێتە بیارە، سەرەنجام مامۆستا لە مانگی موحەڕەمی ١٣٤٧ك ـ ١٩٢٨ز، دەبێتە مودەڕیسی خانەقا و مەدرەسەی بیارە و لە هەموو شوێنێکەوە فەقێ و تەلەبە رووی تێئەکەن و رەونەقێکی باش ئەدا بەو حوجرەو مەدرەسەیە، وە هۆی قەرەباڵغی ئەم مەدرەسەیەش چەند شتێك بووە وەك مامۆستا ئەفەرموێ:

«یەکەم: بیارە شوێنێکی موقەددەس و پیرۆز بوو خەڵك بە ئومێدی بەرەکەت و بەختیاری روویان ئەکردە ئەو شوێنە، بە تایبەتی کە مەحاسینی شەریفەی حەزرەت ﷺ چەند تاڵە مووی ریشی موبارەکی پێغەمبەر ﷺ لە بیارەدا حازر بوون.

دووەم: شێخی بیارە بە پەیڕەوی لە ئەسلافی خۆی زۆر رەغبەتی لە خزمەتکردنی تەلەبەدا هەبوو، بە چاوی حورمەت تەماشای ئەکردن.

سێهەم: لە لوتفی خواوە شۆرەتی کۆشش و سەعیی من لەگەڵ تەلەبەدا بە وڵاتەکەدا بڵاو بووبووەوە، بەراوردیان کرد کە فەقێ لەلای من زۆر ئیستیفادە ئەکات.

چوارەم: تەلەبەکان غاڵبەن مەنسووبی شێخی بیارە بوون، زۆر تالبی ئەوە بوون کە لە نزیکی شێخدا دانیشن، چاویان لە شێخەوە بێ.

پێنجەم: شوێنی بیارە زۆر شوێنێکی خۆش و ئاودار و باغدارە، بە تایبەتی بۆ هاوین و بەهار و چەن مانگێ لە پایز وەکوو بەهەشتی سەر عەرزە.

شەشەم: لەبەر ئەوە کە هەموو ئەسبابی گوزەرانی فەقێکان تەنیا لە ماڵی شێخەوە بوو، ئازاد بوون لە حەولدان بۆ گوزەرانی ژیانی خۆیان.

حەوتەم: بیارە بە نیسبەتی باقی شوێنەکانی کوردستانەوە زۆر شوێنێکی ئیجتیماعی بوو، هەمیشە گەلێ لە عولەما و ئودەبا و موتەسەوویفین و پیاوی مەشرەب بەرزی تیابوو.

جا مەعلوومە شوێنی وەها هەمیشە خەڵك تالبی ئەبێ»[1].

بەڵێ ماموستا لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا دەبێتە مودەڕیس و وانەبێژی ئەم مەدرەسە گەورەیە کە لەو سەردەمەدا گەورەترین و بڕوا پێکراوترین پێگە و مەڵبەندی زانستە ئایینییەکانی کوردستان بووە و تەواوی زانیارییە ئیسلامییەکانی بە چاکترین شێوە تیا وتراوەتەوە، وە لە زۆر شوێنی کوردستان تەنانەت نەتەوەکانیتری دراوسێی کوردستان وەك فارس و تورك و عەرەب روویان تێکردووە و بەهرەی ئایینی و زانستییان بردووە.

ماموستا لە ماوەی ٢٣ ساڵ مانەوەی لە بیارەدا بەبێ ماندووبوون خەریکی وانەبێژی و نووسین بووە لەم ماوەیەدا دەیان ماموستای چاك و زانا لە سەردەستی ئەو ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیان کتێبی نووسیوە و چەندین پەڕاو و پەراوێز و راڤەی لەسەر کتێبە زانستییەکان کردووە، پاش خرکردنەوەی خەرمانێك

---

١. رۆژگاری ژیان: ١٠٧.

لە زانستی عەقڵی و نەقلی لە بڕواری ١٩٥١ی زایینی مەدرەسەی بیارە بەجێ دێڵێ و دێتە سلێمانی و لە مزگەوتی "حاجی حان" دادەمەزرێ و ماوەی چوار ساڵ حوجرەو مەدرەسە و ئیجازەدان بە فەقێ و مەلای بەردەوام ئەبێ پاشان لە ساڵی ١٩٥٥ لە سلێمانییەوە ئەگوێزێتەوە بۆ تەکیەی شێخ جەمیلی تاڵەبانی لە کەرکووك و ماوەی پێنج ساڵیش لەوێ خەریکی تەدریس و نووسین و ئیجازەدان بە فقێیان دەبێ، لەم ماوەیەی کە لە تەکیەی شێخ جەمیلدا دەبێ بە هۆی هەبوونی دەرفەت و سەرسووك بوونی دەتوانێ چەندین کتێبی بەنرخی وەك شەریعەتی ئیسلام و «الوسیله في شرح الفضیله» و چەند کتێبی‌تر دابنێ و پێشکەش بە گەلەکەی بکات، پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ دەچێتە بەغدا و لە مزگەوتی «جامع احمدی» بە ناوی پێش‌نوێژ و وتەبێژ، وە لە مەدرەسەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە ناوی وانەبێژ دائەمزرێ، پاشان لە ساڵی ١٩٦٤ مزگەوتی «جامع احمدی» بەجێ‌دێڵێ و دەبێتە وانەبێژ و پێش‌نوێژی مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و تا وەفاتی فەرموو لەو شوێنە پیرۆزەدا مایەوە و بەرەکاتی ئەنفاسی کەریمەی رۆحی شێخ عەبدولقادری گەیلانی هێمنی‌بەخشی رۆح و دەروونی مامۆستا بوو، بۆیە بەو شەوق و زەوقەوە بەردەوام هەر خەریکی نووسین و دەرس‌وتنەوە و خزمەت بە موسوڵمانان بوو.

بەڵێ مامۆستا چرایەکی پرشنگدار بوو کە زۆر مرۆڤی خواپێداو توانیان کەڵکی لێ‌وەرگرن، ئەم زاتە تایبەت بە گەل و نەتەوە و هۆزێك نەبوو ـ هەرچەند گەلی کورد زۆرترین کەڵکیان لێ‌وەرگرت ـ بەڵکوو پەیوەندی بە هەموو نەتەوەی ئیسلامی بوو، بۆیە لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە ئەهاتنە بەغدا و چۆکی شاگردییان لە خزمەتیدا دادەدا و بەهرەیان لێ دەبرد.

پاشان دوای تێپەڕ کردنی ١٠٢ ساڵ تەمەنی پڕ بەرەکەت و نوورین و پێشخستنی ئەو هەموو سەدەقەی جارییە (کە ئینشائەڵڵا تا قیامەت جارییە) لە شەوی ٢٩ لە

سەر ٣٠ی ٨ / ٢٠٠٥ی زایینی دڵە پاکەکەی لە لێدان وەستا و نەفسی موتمەئیننەی بۆ حوزووری خوا و شوێنی هەمیشەیی گەڕایەوە و حەدیسی پێغەمبەر ﷺ: «خیرکم من طال عمره و حسن عمله» داگری حاڵی بوو، خودا بە میهرەبانی خۆی لە بری هەموو موسوڵمانێك جەزای خێری بداتەوە و بە لوتفی خۆی جێگەی پڕبکاتەوە، آمین یا أرحم الراحمین.

تلك المنازل و الآثار و الطلل — مخبرات بأن القوم قد رحلوا
ساروا و قد بعدت عنا منازلهم — فالآن لا عوض و لا بدلُ
فسرت شرقاً و غرباً في تطلبهم — و كلما جئت ربعاً قيل لي رحلوا
فحين أيقنت أن الوصل منقطع — و أنه ليس لي في وصلهم أملُ
رجعت و العين عبرة و الفؤاد شجي — و الحزن بي نازل و الصبر مرتحلُ

هەندێك لە سیفاتی مامۆستا:

لە ناو هەموو خسڵەتە بە نرخەکانی مامۆستادا وەفاداری و بەئەمەکبوونی لە هەموویان باڵای بەرزترە، ئەوەتە لە کتێبەکانیدا ئەبینین کە هەر کەسێك بچووکترین خزمەتی پێ کردبێ وەفای لەبیر ناچێ و ناوی خێری لێئەبات، بە تایبەت لە دوو بنەماڵەی قەرەداغی و خانەدانی شێخانی بیارە، وە لە ناو ئەم دوو بنەماڵەیشەدا بە تایبەت شێخ عومەر ناسراو بە ئیبنولقەرەداغی و شێخ عەلائەددینی بیارە، کە بە راستی لە دوو رشتەی عیلم و عیرفاندا کاردانەوەی ئەم دوو گەورە پیاوەی لەسەر دیارە، چونکە ئەم دوو گەورە پیاوە مامۆستای زاهیر و باتینیی بوون. هەروەها شێخ جەمیل و بنەماڵەکەی کە ئەو ماوەیە لە تەکیەی تاڵەبانی لە شاری کەرکوکدا بووە رێزو حورمەتیان لێگرتووە و ئەمیش ئەفەرمێ: هەتا مردن فەرامۆشیان ناکەم.

شەرم و حەیای بەرز یەکێکی‌تر لە خسڵەتەکانی مامۆستایە، شەرم و حەیا لە کردار و گوفتار و دەست و پێنووسدا، قەت نەبیسراوە کە مامۆستا بە کردەوە، یان بە زمان، یان بە پێنووس دڵی موسوڵمانێک، یان هاوزمانێکی رەنجاندبێ، وە تا دوایین کاتی ژیانی یەکرەنگ و یەکفیکر و یەکمەرام بەس ئامانجی خزمەت بە نەتەوەکەی و ئایین و بیرو باوڕەکەی بوو، وەك عەرەب دەڵێن: «ظَلَّ راهِباً في مِحْرابِ فِكْرِهِ حَتّىٰ لَبّىٰ نِداءَ رَبِّهِ».

سەبر و خۆگری و رەزا بە قەزا خسڵەتێکی‌تری ئاشکرای مامۆستایە، ئەوەتە لەگەڵ ئەو هەموو چەرمەسەری و ئاوارەیی و بێ‌خانە و لانەیی و فەقر و نەدارییەدا لە وچان ناکەوێ و تا زمانی تەڕە پێنووسیشی تەڕ و پاراو دەبێ و بۆ کردنەوەی زۆرێك لە گرێ کوێرەکانی ژیانی پشت بە خوا دەبەستێ و عیزەت و رێزی خۆی بۆ هیچ گرفتێك ناخاتە مەترسییەوە و دراو گەردنی بەرزی پێ خوار ناکات.

نووسراوە لە چاپدراوەکان و دەسنووسەکانی ماموستا:

عەرەبییە چاپکراوەکان:

۱. إرشاد الأنام إلى أركان الإسلام. ۲. إرشاد الناسك إلى المناسك. ۳. إسناد الأعلام. ٤. إعلام بالغيب و إلهام بلاريب. ٥. الأنوار القدسية في أحوال الشخصية. ٦. الفرائد الجديدة (۲ بەرگ). ۷. القصيدة الوردية في سيرة خير البرية. ۸. الوردة العنبرية في سيرة خير البرية. ۹. الوسيلة في شرح الفضلية. ۱۰. جواهر الفتاوى (۳ بەرگ). ۱۱. جواهر الكلام في عقايد أهل الإسلام. ۱۲. خلاصة جواهر الكلام. ۱۳. رسائل الرحمة في المنطق و الحكمة. ١٤. رسائل العرفان. ۱٥. صفوة اللآلي. ١٦. علماؤنا في خدمة العلم و الدين. ۱۷. مواهب الرحمن في تفسير القرآن (۷ بەرگ). ۱۸. نور الإسلام. ۱۹. نور الإيمان. ۲۰. البركات الأحدية في شرح الصمدية.

دەسنووسە عەرەبییەکان:

۱. أقصى الأماني في علم المعاني. ۲. الجوهر النضيد في علم التجويد. ۳. المناجاة عند قاضي الحاجات. ٤. بدر العلاة في شرح المقولات. ٥. قصيدة. ٦. قصيدة وسيلة النجاة . ۷. قصيدة وسيلة الهدى. ۸. منظومة بيان كالعيان. ۹. منظومة جواهر الكلام. ۱۰. خلاصة منظومة جواهر الكلام في عقيدة الإسلام. ۱۱. منظومة فرقة الناجية. ۱۲. العلمان في العلمين. ۱۳. العقد الذهب في جيد الأدب. ١٤. خلاصة التبيان. ۱٥. الصرف الواضح. ١٦. كشف الغامض من أحكام الحائض.

چاپکراوە کوردییەکان:

۱. باخچەی گوڵان. ۲. بارانی رەحمەت. ۳. بەهار و گوڵزار. ٤. بنەماڵەی زانیاران. ٥. شەرحی تەسریفی زەنجانی. ٦. سەناو سکاڵا. ۷. حەجنامە (بە شێوەی دەسنووس لە چاپ دراوە). ۸. دوو رشتە. ۹. دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند. ۱۰. دیوانی مەحوی.

١١. دیوانی نالی. ١٢. دیوانی مەولەوی. ١٣. ڕێگای بەهەشت. ١٤. ڕێگەی ڕەهبەر. ١٥. سەرچاوەی ئایین (شەش پەرتۆکی جیا جیایە: ١. ئیمان و ئیسلام. ٢. ئەساسی سەعادەت. ٣. ئاوی حەیات. ٤. چلچرای ئیسلام. ٥. نوور و نەجات. ٦. ئیقباڵ نامە). ١٦. نووری ئیسلام. ١٧. شەریعەتی ئیسلام (چوار بەرگ). ١٨. شەوچەرەی دڵدار. ١٩. شەرحی عەقیدەی مەرزییە. ٢٠. نووری قورئان. ٢١. لە پەنای ڕەهبەر. ٢٢. وتاری ئایینی. ٢٣. مەولوودنامەو میعراجنامە. ٢٤. مەکتووباتی کاك ئەحمەتی شێخ (چوار بەرگ). ٢٥. نامەی بەختیار. ٢٦. یادی مەردان (دوو بەرگ). ٢٧. شەرحی فەتحولقەریب. ٢٨. بەدیع و عەرووزی نامی. ٢٩. قەسیدەی «نور الصباح». ٣٠. تەفسیری نامی (حەوت بەرگ). ٣١. خولاسەی تەفسیری نامی (سێ بەرگ)

دەسنووسە کوردییەکان:

١. بەهارستانی مەولانای جامی. ٢. ڕۆژگاری ژیان. ٣. لیمۆی مەزەدار. ٤. سۆسەنی کۆسار. ٥. نامەی حەقیقەت. ٦. وەنەوشەی نازدار. ٧. پەیڕەوان (باسی خەلیفەکان و کوڕەکانی شێخ عوسمانی تەویڵە ئەکات). ٨. باخچەی مەعریفەت. ٩. شەمامەی بێندار. ١٠. شەرحی دیوانی سالم. ١١. شەرحی دیوانی بێسارانی. ١٢. باوەشێنی دڵ بە چەند بەستەی گوڵ. ١٣. کەراماتی حەرزەتی زیائەددین.

چاپکراوە فارسییەکان:

١. شمشیر کاری بر نسیم رستگاری. ٢. فوائد الفوائح.

دەسنووسە فارسییەکان:

١. شهاب سما در رجم جن جان نما. ٢. فیوضات خدای ذی من. ٣. گلزار حکمت در رباعیات فارسی. ٤. هۆنراوەیەکی فارسی لە عیلمی تەجویددا. ٥. راهِ رحمت حق (شیعری فارسی).

ئەوە گرنگ نییە کە بە هۆی پالپشتی نەتەوەیەك تاکە کەسێك یان بنەماڵەیەك ناودار ببێت و رێی بووژانەوەی بۆ هەموار بکرێت، موهیم ئەوەیە تاکە کەسێ یان بنەماڵەیەك ببێتە هۆکاری بووژانەوەی فەرهەنگ و بێدار کردنەوەی نەتەوەیەك، کە نووسین و دانانی ئەم هەموو کتێبە لە لایەنی مامۆستا عەبدولکەریم و چەندەهای کتێبی‌تر لە لایەنی کورەکانیەوە توانیویانە تا رادەیەك ئەم راستییە بسەلمێنن و جۆگەیەك بخەنە سەر رووباری کلتووری نەتەوەکەمان کە بەو هیوایە چینی دوای مامۆستا بتوانن ئەم رووبارە بگەیەنن بە دەریا.

تەفسیری نامی:

تەفسیری نامی یەکەمین تەفسیرێکە کە بە زمانی سادە و ساکاری کوردی نووسراوە و تەواوی تایبەتمەندییەکانی تەفسیری لە خۆگرتووە، وەك: هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەکان و ناسیخ و مەنسووخ و هێنانی حەدیس و ئەسەر و شەرح و راڤەی ئایەتەکانی ئەحکامی فیقهـ و چەندین بابەتی کەلامی و فیقهی، ئوسولی فیقهی، مەنتیقی، بەلاغی، مێژوویی و...، وە جگە لەمانە لە زۆرشوێنا بە هۆنراوەی جوان و بە مانا تام و چێژێکی تایبەتی پێبەخشیوە، کە ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ بەسەرداهەبوونی ئەم تەفسیرە بەسەر هەموو تەفسیرە کوردییەکان و بگەرە بەسەر زۆرێك لەو تەفسیرانەی کە لەم چەرخەدا بە زمانەکانی‌تر نووسراون، چونکە توانیویەتی وەڵامی ئەو گومان و رەخنەیانە بە بەڵگەی سەلمێنراو بداتەوە کە لەسەر هەندێ ئایەت یان هەندێ بابەتی قورئانی وتراون، وە شێوازی دارشتنی رستەکانی بە شێوەیەك سادە و رەوانە کە ئەتوانێ هەموو چین و توێژێکی تینوو بە سەرچاوەی ئاوی حەیاتی کەلامی خودا تێراو بکات، ئینجا ئەم هەموو تایبەتمەندیانە و پێویستی برایانی هاوزمانمان بەم تەفسیرە بە نرخە بوونە هۆکاری ئەوە کە بڵاوکردنەوەی کوردستان لە سەر ئیزن و رێدانی کەتبی و نووسراو لە لایەن بنەماڵەی مامۆستا، هەڵسێ بە چاپکردنەوەی دووبارەی ئەم تەفسیرە بە شێوەیەکی ناوازە کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی لە خۆی گرتووە:

١. پیت‌چنی نوێ و نووسینەوەی لەسەر رێنووسی باوی باوڕپێ‌کراوی ئەمڕۆ، بەم شێوە کە: ئەو وشانەی کە بە رێنووسی عەرەبی نووسرابوون گوڕدراون بە رێنووسی کوردی، هەروەها ئەو وشە عەرەبییانەی کە پیتی عەرەبییان تێدا بووە وەك (ث، ذ،

ص، ض، ط، ظ) یان خراونەتە ناو جووت کەوانەوە، یان بە پیتی کوردی (س، ز، ت) نووسراونەتەوە.

٢. لە هەندێ شوێندا کە بە پێویست زانرابێ بە ئیمزای "بلاوکردنەوەی کوردستان" بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتێك هەندێ پەراوێز نووسراون،

٣. لە نووسینەوە و دانانی قورئانەکەدا لە خەتی عوسمان تاها کەلکمان وەرگرتووە، چونکە هەم بێهەڵەیە و هەم شارەزایی بەم شێوە خەتە زۆرترە.

٤. دەرهێنان و نووسینی ژمارەی ئایەت و نێوی سوورەتی ئەو ئایەتانەی کە مامۆستا بۆ نموونە و میسال هێناونیەتەوە.

٥. دانانی شێوەکانی ﷺ و علیه السلام و رحمه الله رضي الله عنه و... لە جێی (د. خ) و (ر. خ) و...

٦. ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششمان ئەوە بووە کە دەقاودەق ئەوەی مامۆستا نووسیویەتی لێرەدا لەبەر چاوی بگرین و بینووسینەوە، ئەگەریش وشەیەك یا رستەیەك بە پێویست زانرابێت کە زیاد بکرێت، خراوەتە نێو کەوانی گۆشەدارەوە ([ ]) وە بچووکترین گۆڕانکارییەك ئەگەر کرابێ لە پەراوێزدا ئاماژە بەو دەسکارییە کراوە.

لەبیری ناکەین زەحمەت و تەلاشی مامۆستا و نووسەری بەرزی کورد جەنابی مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغی ـ خوا تەمەن درێژی بکات بۆ خزمەتی زیاتر بە گەل و نەتەوەکەی ـ کە دەورێکی بەرچاوی لە ئامادەبوون و لە چاپدانی تەفسیری نامی (چاپەکەی بەغدا)دا بووە و زەحمەتی زۆری تیاکێشاوە هیوای سەرکەوتنی بۆ ئەخوازین. وە لە ئامادەبوونی ئەم چاپەشدا کۆمەڵێك لە مامۆستایان و برایان زەحمەتیان کێشاوە کە جێی خۆیەتی ناویان لێبەین و دەستخۆشانەیان پێبڵێین، کە بریتین لە بەڕێزان:

١. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فاتیحی (کەرجۆیی ـ سنە).
٢. کاك سیروان رەحمانی (سەلاس و باوەجانی).
٣. مامۆستا مەلا سدێق فاتیحی (کەرجۆیی ـ سنە) .
٤. مامۆستا مەلا ناسیح فەتتاحی (نژماری ـ مەریوان).

کە ئەم برایانە و هەندێ بەڕێزی‌تر لە خوێندنەوەی چەندین جار و هەڵەگریدا زەحمەتی زۆریان کێشاوە، سەربەرزی و سەرکەوتنیان لە خوای گەورە ئاواتەخوازین، وە لە هەموو خوێنەرێکی بەڕێز و خۆشەویست داواکارین کە منەت بنێتە سەرشانمان و هەڵەچاپییەکانی ئەم کتێبەمان بە دیاری بۆ بنێرێ، تا ئینشائەڵڵا لە داهاتوودا بتوانین بە پاك و خاوێنی لە چاپی بدەینەوە و دڵی ئێوە و رۆحی پیرۆزی مامۆستا لە خۆمان رازی بکەین.

بە سپاسەوە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان
(رەئووف مەحموودی)
سنە ـ ١٣٨٩ ك ھ ـ ٢٠١٠ز.

ئەی ساحیب گوفتار لە سەرای غەیبی	**بە «أنا عند ظن عبدي بي»**
تۆماری عومرم ئەڕوانم پێیدا	**قوسووری زۆرە و خێر کەمە تێیدا**
هەرچەن لەم وەزعە زۆر هەراسانم	**ئومێدەواری عەفو و ئیحسانم**
سا حوسنی زەنَنم بە حەق بێنە جێ	**زۆر خۆشە خودا لە بەندە خۆش بێ**
بمبەخشە بە شای هەموو ئەنبیا	**بە سەفای قەلبی مەولای ئەسفیا**
حەل بکە بەخێر گشت موشکیلاتم	**بۆم ئاسان بکە رێگەی نەجاتم**
تەوفیقم بدە بۆ ئیستیقامەت	**لەسەر تەریقی سیدق و سەلامەت**

«نامی»



بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إنّ هذا القرآن يهدي للتي هي أقوم﴾

تەفسیری نامی دەلیلی دینە	کلیلی دەرگای پیرۆزی ژینە
ڕێنومای ژیرە لە گەلی کوردان	بۆ فامی مەعنای ئایاتی قورئان

پێشەکی نووسەر

پاش ستایشی پەروەردگار و درووودی بێژمارە بۆ گیانی ڕەهبەری نازار و بۆ گیانی خانەنشینان و خوێشان و یاران و پەیڕەوانی.

ماوەیەکی زۆرە لە دڵمایە کە خزمەتێ بە قورئانی پیرۆز بکەم کە خزمەتیش بێ بە هاونیشتمانانم و لە سەر زمانی خۆمان داڕژرێ تا عام و خاس سوودی لێوەربگرن. لە حەمدی خواوە لە مانگی دەی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و حەوتی میلادییەوە لە سەر ئەوەی لە دڵما بوو موەفەق بووم و خودا بە میهرەبانی خۆی یارمەتی دام بە ساغی لەش و ئاسایشی دڵ و دووری لەو شتانە کە بەرانگاری خزمەت ئەبن و، دەستم کرد بە نووسینی ئەم تەفسیرە کە لێرەدا پێشکەشی ئەکەم.

وە من ئەم کارە گەورەم دەست پێکرد بە ئومێدەواری ڕێژەنی پیرۆزی بەسەر دڵما نەك بە زانیاری خۆما بنازم؛ چونکی عولوومی قورئان دەریای بێپایانە و بۆ ئێمە پێویستی بە زانینی عولوومی عەرەبییە و، عیلمی تەفسیر و، فیقھ و، حەدیسی شەریف ھەیە، وەکوو پێویستی ھەیە بە ئیلمامێکی موناسب بە تەواریخی عالەمی جیھان لە ئیسلامی و غەیرە ئیسلام. وە زۆربەی دافیعم بۆ ئەم تەفسیرە ئەمە بوو پیاوە عالمە تەفسیر زانەکان زۆر کەمن، وە ئەگەر یەکە یەکەیێ ببێ مەجالی نووسین و چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبەیان نییە و، ئەوەندەیش حاڵی بووم کە زۆر نزیکە کەسانێ دەس بکەن بە تەفسیری قورئان کە ئەسبابی ئیشەکەیان تەواو نەبێ.

جا دەستم کرد بەم کارە موبارەکە و چەند تەفسیری جیاجیام حازر کرد، وەکوو تەفسیری «ابن‌کثیر» و تەفسیری «کشاف» و «ئیمامی رازی» و «بیضاوي» و «قرطبي» و «خازن» و «بغوي» و «روح المعاني» و «روح البيان» و «جلالين» و حاشیەی «جمل» و «صاوي» و «منار» و «في ظلال القرآن» و «جواهر المعاني» مەشھوور بە «طنطاوي» و غەیری ئەوانەیش.

وە لەم تەفسیرەدا کە نووسیومە تەماشای چەن شتم کردووە:

١. لە دارشتنی کتێبەکەدا ئیعتیدالم گرتووەتەبەر: نە زۆر کورت و نە زۆر درێژ.


٢. لە ھەر ئایەتێکدا ئەحکامی شەرعی ببێ لە سەر یاسای مەزھەبی ئیمامی شافیعیﷺ بەیانم کردوون؛ چونکی ھاونیشتمانەکانم لە سەر ئەم مەزھەبەن.

٣. لە باسی نازڵ بوونی ئایەتەکاندا ھەرچی لە حەدیسی سەحیحدا ببێ بە زۆری نووسیومە.

٤. لە ھەر شوێنێکا ئیشکالێ ھەبێ بە موتالەعەی ئەو تەفسیرانەوە گەڕاوم بۆ حەلی ئەو ئیشکالە بە قەی تەوانای خۆم و ئەوەی بۆم کراوە بۆ لابردنی ئیشکالەکە کردوومە و نووسیومە.

ئیتر زۆر موحتاج و نیازمەندم بە دوعای هەموو برادەرێکی ئیسلامی بۆ ئەوە کە بە میهرەبانی خودای تەعالا لە دنیادا موەفەق بم و لە قیامەتیشدا خودا لێمان خۆش بێ.

عبدالکریم محمد مدرس



وتەیەك

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس گەلێ لایەنی کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کردووەتەوە و، بە بەرهەمی بەنرخ و جوان زۆر کەلێن و بۆشایی پڕ کردووەتەوە. ئەمە تێکڕا. بە تایبەتیش خزمەتێکی زۆری موسوڵمانانی گەلی کوردی کردووە و، زۆر سەرچاوەی روونی بێگرێ و ئاسانی بە زمانی خۆیان پێشکەش کردوون.

قورئانی پیرۆز کە یەکەم سەرچاوەی ئایینی ئیسلامە و موسوڵمانان هەمیشە لە خزمەتیدا دەژین تا ئێستە تەفسیرێکی تەواوی بە زمانی کوردی نەخراوەتە بەردەستی موسوڵمانانی گەلی کورد. هەر وەها کتێبخانەی کوردیش تا ئێستە جێگەی ئەم سەرچاوە گرنگ و گەورەی بە بۆشی ماوەتەوە. ئەم کارەی مامۆستای مودەڕڕیس بە هانای ئەم دوو لایەنە گرنگەوە دێت.

مامۆستای مودەڕڕیس داوای لێ کردم نووسینەوە و سەرپەرشتی چاپی ئەم تەفسیرە بگرمە ئەستۆ. هەرچەند ئەمە کارێکی گران و گەورەیە، نەمتوانی سەرپێچی لە فەرمانی مامۆستا بکەم و شانم دایە بەر. لە خوا ئەخوازم تیا سەرکەوتوو بین.

موحەممەد عەلی قەرەداغی



سووره‌تی فاتیحه
له مه‌ککه‌دا هاتووه‌ته خواره‌وه و حه‌وت ئایه‌ته

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١﴾

هه‌ر به پیرۆزی ناوی ئه‌و خوداوه که میهره‌بانه له‌گه‌ڵ هه‌موو گیانله‌به‌رانا ده‌ست ئه‌که‌م به‌م ئیشه که مه‌به‌ستمه بیکه‌م.

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢﴾

. هه‌موو ستایش و سوپاسێ شیاوی ئه‌و خوایه ئافه‌ریننده و په‌روه‌ردگاری هه‌موو شتێکه له‌وانه‌ی په‌یدا بوون و په‌یدا ده‌بن.

﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣﴾

ئه‌و خوایه که میهره‌بانه.

﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤﴾

دارای هه‌موو تۆڵه و پاداشێکه له پاشه‌ڕۆژا.

﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾

ئه‌ی په‌روه‌ردگاری میهره‌بانی دارا! به‌نده‌یی هه‌ر بۆ تۆ ئه‌که‌ین.

﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥﴾

وه هه‌ر له تۆ داوای یارمه‌تی ئه‌که‌ین.

﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ ﴾

ئەی خودا! شارەزاییمان بکە بۆ ڕێگەی ڕاست.

﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴾

بۆ ڕێگەی ئەو کەسانە کە بە میهرەبانی خۆت هۆی ئاسایشی نەبڕاوەت پێداون.

﴿ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾ ﴾

ئەوانەی کە جیاوازن لەو کەسانە کە ڕقت لێ‌گرتوون لە بەر بیر و باوەڕی نابار و کردەوەی ناپەسەند. وە ئەوانەی ڕێگای ڕاستیان ون کردووە.

«آمین»

خودایە ئەم پاڕانەوەمان بە میهرەبانی لێ‌وەربگرە.

سوورەتی مەککەیی و سوورەتی مەدینەیی:

ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەو بڕیارەن هەر ئایەتێ لە پێش کۆچکردنی حەزرەتا ﷺ لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە هاتبێتە خوارەوە ئەوە بە مەککەیی ئەناسرێ. وە هەر سوورەتێ لە پاش کۆچ هاتبێتە خوارەوە ئەوە بە مەدینەیی ئەناسرێ. لە سەر ئەم بڕیارە «سوورەتی فاتیحە» بە مەککەیی ئەناسرێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی سوورەتی فاتیحە:

کۆمەڵی زاناکان لە سەر ئەوەن ئەم سوورەتە پیرۆزە لە پاش پێنج ئایەتی ئەووەڵی سوورەتی «علق» هاتووەتە خوارەوە.

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم باسە: حەزرەت ﷺ چەن ساڵێ لە پێش ئەوەدا کە ببێ بە پێغەمبەری خودا لە مانگی ڕەمەزانا ئەڕۆیشتە ئەشکەوتی حیرا، کە دوو فەرسەخ

لە شاری مەککەوە دوورە، لەوێدا خەریکی بیر کردنەوە ئەبوو لەوەدا کە ئەم جیهانە پێویستە پەروەردگارێکی زانا و تەوانای ببێ و پێویستە ئادەمیزاد بیپەرستن و بۆ هیچ شتێکی دەستکار ملکەچ نەبن و پێویستە ئادەمیزاد ئایینێکی راستیان ببێ بە جۆرێ هۆی ئاسایشی گشتی بێ و کەس لە ناز و نیازی خۆی بێبەش نەکا و پێویستە دادگایێ ببێ کە لە رۆژی خۆیدا هەرکەسێ بگەیەنێ بە تۆڵەی خۆی.

ئەم وەزعە تا تەمەنی چل ساڵی دەوامی کرد. لەو ساڵەدا لە ئەووەڵی مانگی «ربیع الأول»ەوە، کە مەشهوورە بە مانگی مەولوود، خودای گەورە خەڵاتی کرد بە پێغەمبەرێتی، بەڵام هەر خەوی راست و رەوانی ئەبینی بە جۆرێ هەرچی لە خەودا ئەدی لە رۆژا بە ساغی ئەهاتە پێش چاوی.

بەم شێوە شەش مانگ مایەوە کە مانگی رەمەزان هات بە یاسای پێشوو تەشریفی رۆیشتەوە بۆ ئەشکەوتی حیرا و لە سەر شێوەی پێشووی خۆی کاتی رائەبوارد. تا شەوی هەژدەی رەمەزان. جا بە فەرمانی خوای تەعالا جوبرەئیلی ئەمین هاتەخوارەوە بۆ سەری و حەزرەتی ﷺ وشارد بە سنگیەوە جا بەری دا و فەرمووی: بخوێنە! حەزرەت ﷺ لە وەڵاما فەرمووی: خوێندەوار نیم. بۆ جاری دووەم، وشاردیەوە بە خۆیەوە و بەری داوە و فەرمووی: بخوێنە! ئەویش دووبارە فەرمووی: خوێندەوار نیم. بۆ جاری سێهەم وشاردیەوە بە خۆیەوە و فەرمووی:

﴿اقرأ باسم ربك الذي خلق ۝١ خلق الإنسان من علق ۝٢ اقرأ و ربك الأكرم ۝٣ الذي علم بالقلم ۝٤ علم الإنسان ما لم يعلم ۝٥﴾. [سوورەتی عەلەق].

یانی، فەرماننامەی خوای گەورە بخوێنەرەوە بە یارمەتی و پیرۆزی ناوی ئەو پەروەردگارە تەوانای زانایە کە هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەم ئادەمیزادە خاوەن زانست و هۆش و هونەرەی لە تنۆکێ خوێنی بێمایە و بێگیان و بێنرخ دروست کردووە.

ئایەتی خوای خۆت بخوێنەرەوە و باوەڕت وابێ کە خودای تۆ گەلێ خاوەن دەست و پایەیە و هەرچی بویٚ ئەیکا. خوایەکی وایە ئادەمیزادی فێری زانست و پیشەی نایاب و بەسوود کردووە بە هۆی نیشاندانی نووسین بە قەڵەم (خامە)وە و ئادەمیزادی فێری ئەو شتە بەکارانە کردووە کە ئەگەر ئەو فێری نەکردایەن قەت نەیانئەزانی و پێش ئامادەکردنی هۆی زانست و فێر بوون بۆیان، نەیانزانیوە.

پاش ئەمە حەزرەت ﷺ بە مووچڕکەی لەشەوە لە ئەشکەوتەکە دەرچوو گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بە حەزرەتی خەدیجەی خێزانی رضي الله عنها فەرموو: دامپۆشە! ئەویش دایپۆشی. پاش ئەوە کە دڵی هێمن بووەوە هەستا و کارەساتی ئەشکەوتی حیرای بۆ خەدیجە گێڕایەوە و فەرمووی: ترسم لە خۆم پەیدا کردووە نازانم چیم بە سەر دیٚ؟ خەدیجە لە وەڵاما عەرزی کرد: نە، نە، مەترسە و موژدە بیٚ لێت. بە خودا قەسەم! خوا هەرگیز تۆ رسوا ناکات. تۆ ئینسانێکی لەگەڵ خزم و خوێشانا میهرەبانی و وتەت راستە و باری ئازاری خەڵك ئەخەیتە سەرشانی خۆت و میوانداری ئەکەی و هەرکەس لیٚقەوماو بێت یارمەتی ئەدەیت.

پاش ئەمە خەدیجە فەرمووی: با بڕۆین بۆ لای «وەرەقەی کوڕی نەوفەل»ی ئامۆزام ـ کە پیرێکی ژیر و خاوەن فام و ئاگاداری ئایینی نەسارا بوو ـ رۆیشتن بۆ لای و حەزرەت ﷺ کارەساتی خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەویش لە وەڵاما فەرمووی: موژدەبیٚ ئەوەی لەو ئەشکەوتەدا هاتووەتە لات ئەو فریشتە پیرۆزەیە کە هاتووە بۆ لای حەزرەتی مووسا و حەزرەتی عیسا و تۆ ئەگەی بە پایەیەکی بەرز. خۆزگە لەو کاتەدا تۆ ئەم پەیامی خودا بەسەر خەڵکا ئەخوێنیتەوە و ئەوانیش ئازارت ئەدەن و لە مەککە دەرت ئەکەن من بمامایە هەتا یارمەتییەکی باشم بدایتایە!

حەزرەت ﷺ فەرمووی: بۆچی خزمانی من ئازارم ئەدەن و لە مەککە دەرم ئەکەن؟ وەرەقە وتی: بەڵیٚ، هیچ کەسیٚ لە پێغەمبەران نەبووە کە بێت ئامۆژگاری

گەلی دەورویەری خۆی بکا و ئازار و مەینەت لەوانەوە نەبینێ. ئەمە یاسای ئادەمیزادە لەگەڵ پێغەمبەرانا.

پاش ئەمە وەرەقە فەرمووی بە حەزرەت ﷺ: ئەمجارە کە بانگی ئەو فریشتەیەت بیست خۆت رابگرە و چی ئەڵێت بە دڵێکی ئارامەوە وەری بگرە. پاش ئەمە بە چەن رۆژێ حەزرەت ﷺ لە دەرەوە بوو جوبرەئیل بانگی کرد: یا موحەممەد! ئەمیش وەڵامی داوەو فەرمووی: «لبّيك». جوبرەئیل فەرمووی: «بسم الله الرحمن الرحيم. الحمد لله رب العالمين». تا ئاخری سوورەتی فاتیحەی بە سەردا خوێندەوە. بینا لەسەر ئەمە ئەووەڵ سوورەتێ پاش پێنج ئایەتەکەی سوورەتی «علق» هاتبێتە خوارەوە سوورەتی فاتیحەیە. وە لە ریوایەتێ‌ترا ئەڵێت: سوورەتی فاتیحە لە کاتی فەرز بوونی نوێژا هاتووەتە خوارەوە.

بە هەر حاڵ ئەوەی کە لە لای زانایانی دین باوەڕ پێ‌کراوە ئەمەیە کە سوورەتی فاتیحە لە شاری مەککەی موکەڕڕەمەدا هاتووەتە خوارەوە و ریوایەتی یەکەم بەهێزترە.

ژمارەی ئایاتی سوورەتی فاتیحە:

ئەم سوورەتە حەوت ئایەتە و لە سەر بیری قورئانزانانی مەککە و کووفە و زۆربەی عالمانی حیجاز، یەکەم ئایەتی «بسم الله الرحمن الرحيم»ە و ئیمامی شافیعی لەسەر ئەمەیە بە چەن دەلیل:

یەکەم: «أم سلمة» رضي الله عنها ریوایەت ئەکا کە حەزرەت ﷺ فاتیحەی خوێندووە و«بسم الله الرحمن الرحيم»ی بە ئایەتێك لەم سوورەتە ژماردووە.

دووەم: ئەبووهورەیرە رضي الله عنه ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ کە فەرموویەتی: فاتیحە حەوت ئایەتە، یەکەمیان «بسم الله الرحمن الرحيم»ە.

سێهەم: ئەبووبورەیدە ﷺ لە باوکیەوە ریوایەت ئەکا کە حەزرەت ﷺ فەرموویە: پێت ئەڵێم کە ئایەتێ هەیە لە پاش حەزرەتی سولەیمانی کوڕی حەزرەتی داوود خودا نەیناردووە بۆ کەس بۆ من نەبێ؟ عەرزم کرد: بەڵێ. فەرمووی: کە نوێژت دەست پێ کرد چی ئەخوێنیت؟ عەرزم کرد: «بسم اللّٰه الرحمن الرحيم» فەرمووی: ئەو ئایەتە ئەمەیە.

چوارەم: ئیمام جەعفەری سادق لە باوکیەوە ریوایەتی کردووە ئەویش لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە ﷺ فەرموویە: حەزرەت ﷺ فەرموویە کە دەستت کرد بە نوێژ چی ئەخوێنی عەرزم کرد: «الحمد للّٰه رب العالمين». فەرمووی: بڵێ «بسم اللّٰه الرحمن الرحيم. الحمد للّٰه رب العالمين».

حوکمی ئەم سوورەتە لە نوێژا:

مەزهەبی ئیمامی شافیعی ﷺ لە سەر ئەمەیە فەرزە لەسەر هەموو نوێژکەرێ ئەم سوورەتی فاتیحە بخوێنێ لە هەموو رکاتێکا، بە چاودێری حەرفەکان و مەخرەجیان و گیراوەیان. مەگەر یەکێ لە پێشەوا دوا کەوتبێ ئەوە هەرچەن فریا بکەوێ بیخوێنێ باشە و ئەگەر فریاش نەکەوێ هیچی لێبخوێنێ هەر باشە و مادام لەگەڵ پێشەوادا رکووع ببا رکاتەکەیشی بۆ حسێب ئەکرێ.

مانای هەندێ کەلیمەی فاتیحە:

«حمد»: ستایش و سوپاس «رب»: ئافەریننده، دروستکەر، پەروەردگار، پێگەیێنەری هەرشتێ بەو مایە و پایە بۆی بڕیار دراوە. «عالمين»: جەمعی عالەمە و مانای هەموو نەوعێ لە مەخلووقاتی خوا: گیاندار و بێگیان، هۆشیار و بێهۆش کە خوایان پێ

ئەناسرێ و ئەبن بە رەهنومای بیری ئینسان بۆ خوا دۆزینەوە. «مالك»: دارا و خاوەن کار. «دین»: پاداش و تۆڵەی کردەوە و بیر و باوەڕ. «نعبد»: عیبادەت یانی: فەرمانبەری و، مل کەچ کردن و، رام بوون بۆ خودای تەعالا. «نستعین»: عەون: یارمەتی دانە لە لایەنی خوداوە بۆ بەندە لە هەموو ئیش و کارێکا. «اهدنا»: هیدایەت: شارەزاکردنە بە رێگەی راست و گەیاندنە بە نیازی باش چ بە هۆی تەمێ و تەربییەتی پێغەمبەرانەوە یا مامۆستایانی خوداناس و مەردانی راست و دڵ رووناك یا بیر کردنەوەی ئادەمیزاد بە هۆشی خۆی.

بەرزتر لەمانە ئەمەیە کە خودای تەعالا بە میهرەبانی رووناکی دڵ و سینەگوشادی بدا بە بەندەی خۆی و ئەگەر ئەم رووناکییە لە لایەنی خوداوە نەیێ هیچ شتێ سوودی نابێ.

﴿الصراط المستقيم﴾: رێگەی راست، مەبەست ئایینی ئیسلام و هەموو بیر و کردەوەیەکی راست و بە سوودە. ﴿الذين أنعمت عليهم﴾: مەبەست ئەو کەسانەیە خودای گەورە ناز و نیعمەتی خۆی پێداون لە پێغەمبەران و باوەڕکردوان بە راست و راستی و گیانبازانی راست لە رێگەی راستیدا و هەموو ئادەمیزادێ کە راست و راساڵ بێ. ﴿المغضوب عليهم﴾: ئەوانەن کە خودا رقی لێ گرتوون بە هۆی بیری نابار و کردەوەی ناپەسەندەوە. «الضالين»: ئەوانەن کە رێگەی راستیان ونکردووە. هەر چەند ئەم دوو سیفەتە لە شانی جوولەکە و گاورا هاتوونەتە خوارەوە بەڵام هەموو ئادەمیزادێکی رێونکردوو و خاوەن بیری نابار و کردەوەی ناپەسەندی بەرئەکەوێ.

«آمین» وتنی سوننەتە و لە قورئان نییە. مانای وەرگرتنی ئەم نزا و پاڕانەوەیە کە رابووران.

پوختەی مانای ئەم سوورەتە:

هەر بە پیرۆزی ناوی خودای پەروەردگاری میهرەبانەوە دەست بەم مەبەستە ئەکەم، هەرچی ستایش و سوپاسە بۆ ئەو خودایە کە پەروەردگاری هەموو شتێکە، ئەو پەروەردگارە کە میهرەبانە لەگەڵ گیانلەبەرانا، ئەو پەروەردگارە کە خاوەن کارە لە رۆژی تۆڵە و پاداشا. پەروەردگارا! هەر بۆ تۆ بەندەیی ئەکەین و هەر لە تۆ داوای یارمەتی ئەکەین. پەروەردگارا! شارەزاییمان بکەو بمانخە سەر رێگەی راست: رێگەی ئەو کەسانە کە ناز و نیعمەتت پێداون، نەك ئەوانەی کە رقت لێ گرتوون یا رێگەیان ون کردووە. پەروەردگارا! ئەم نزا و لاڵەمان رەوا بکە بە میهرەبانی خۆت.


سورة البقرة، مدنية و هي مائتان و ست و ثمانون آية.

[سووره‌تی به‌قه‌ره، له مه‌دینه هاتووه‌ته خواره‌وه و "٢٨٦" ئایه‌ته]


بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ



«اللّه أعلم». به‌س خودا مانای ئه‌م وشه ئه‌زانێ.




ئه‌و کتێبه به‌زره به سووده که به قه‌ڵه‌می قودره‌ت له «لوح المحفوظ»دا نووسراوه و ده‌ستکراوه به ناردنی بۆ پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ.



هۆی گومان و دڵپه‌رێشانی تیا نییه بۆ ئه‌و که‌سه به دڵێکی زانای ئارامه‌وه بیری لێبکاته‌وه.

﴿هُدًى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾

هۆی شاره‌زایی و رێگه‌ناسی ئه‌و که‌سانه‌یه که ئه‌یانه‌وێ له نافه‌رمانی خودا لاده‌ن.



ئەوانەیش ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هەیە بەوەی پەنهانە و لە پێش چاوا نییە و بە ئاشکرا نازانرێ و باوەڕ پێ‌کردنی هۆی ئەوەیە ئادەمیزاد بە موسوڵمان بناسرێ، وەکوو پەروەردگاری گشتی و فریشتە و فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی پاشەڕوژ و بەهەشت و دۆزەخ و...

﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾

وە ئەوانەی کە نوێژەکان بە ساغی بەجێ دێنن.

﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝٣﴾

وە ئەوانە کە حەقی خودا لە ماڵی خۆیانا دەر ئەکەن بۆ خاوەن حەقەکان و بێجگە لەویش لە رزق و ڕۆزی خۆیان بەشی خەڵك ئەدەن.

﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ﴾

وە ئەوانەی کە باوەڕیان هەیە بەو کتێبە نێرراوەتە خوارەوە بۆ لای تۆ.

﴿وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾

وە بەو کتێبانە کە نێرراونەتە خوارێ بۆ لای پێغەمبەرانی پێش زەمانی تۆ.

﴿وَبِٱلْءَاخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ ۝٤﴾

وە ئەوانەی یەقین و باوەڕی ساغیان هەیە بە ڕۆژی پاشەڕۆژ.

﴿أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ﴾

هەر ئەو کەسانەن کە دامەزراون لەسەر پایەی تێگەیشتن و پێگەیشتن لە لای خوای خۆیانەوە.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ۝٥﴾

وە هەر ئەوانەن کە لە هۆی ئازاری پاشەڕۆژ رزگار بوون و بە مایەی خۆشەویستی خودا گەیشتوون.

کاتی هاتنە خوارەوەی ئەم سوورەتە:

بە تێکڕایی بیری زانایانی قورئان لە سەر ئەمەیە کە ئەم سوورەتە یەکەم سوورەتێکە لە پاش کۆچکردنی حەزرەت ﷺ لە مەککەوە بۆ شاری مەدینە لە شاری مەدینەدا هاتووەتە خوارەوە. تەنها ئایەتی دووسەد و هەشتا و یەکەم لە خاکی «منا»دا لە سەفەری حەجی وەداعدا نازڵ بووە. ئەمەیش لەسەر ئەوەی لەمەوپێش نووسیمان مەنعی ئەوە ناکا کە بە ئایەتی مەدینەیی بناسرێت.

وە فەرموویانە: پێنج ئایەتی ئەووەڵی ئەم سوورەتە لە شانی موسوڵمانانا و، دوو ئایەتی پاش ئەوان لە شانی کافرە سەرکێشەکانا و، سیازدە ئایەتی پاش ئەوان لە شانی کافرە دووڕووەکانا هاتوونەتە خوارەوە.

مانای کەلیمەکان:

«الم» ئەم کەلیمە و وێنەکانی وەکوو «المر» و «المص» و غەیری ئەوانە لەوانەن کە هەر خودای تەعالا مەعنایان ئەزانێ و ئەو حەزرەتی پێغەمبەری تێگەیاندووە و بەس.

روون کردنەوەی ئەم باسە:

ئایەتی قورئان ئەوەی هۆی بیر و باوەڕ و کردەوەی موسوڵمانان بێ، یا باسی سەرگوزەشتەی ئادەمیزادی پێشینان بێ، یا لە موژدەی موسوڵمانان و ترساندنی کافران

و تاوانبارانا بێ و وێنەی ئەمانە، هەمووی بە رووناکی لە لایەنی حەزرەتەوەﷺ مانایان بەیان کراوە و ئەگەر ناکۆکی لە لایەنی زانایانەوە هەبێ لە مانایانا لە بەر ئەوەیە ئەو فەرموودەی حەزرەتەیان بە ساغی پێنەگەیشتووە، یا خود بازێ کەلیمەی چەن مانا هەڵئەگرێ یا لەبەر چەن هۆی‌ترە...

وە ئەوەی لە وێنەی «الم» بێ، یا ئەو ئایەتانەی کە ماناکانیان لەوانە بێ بۆ زاتی خودا دەس نەدا بە «موتەشابەهات» ئەناسرێن وەك خودا خۆی وا ناوی بردوون.

لە بابەتی ئەمانەوە دوو بیر هەیە: بیری پێشینان ئەمەیە کە باوەڕمان هەیە ڕاست و ڕێکن بەڵام لێیان ناکۆڵینەوە و هەواڵەی زانستی خودایان ئەکەین. مەبەستی هەر شتێ بووبێ خۆی ئەزانێ.

وە بیری زانایانی دوایی ئەمەیە: لەسەر رووناکی ئایەتە رووناکەکانەوە مانای باشیان بۆ ئەدۆزینەوە لە بەر ئەوە خودا ڕەوای دیتووە بە زانایانی دین لە شتی نادیاری بکۆڵنەوە تا مانای دەرئەکەوێ.

وە ئەو ئایەتانەی کە باسی دروست کردنی ئەرز و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و هاتوچۆ و سووڕانەوەی ئەمانە ئەکەن حەزرەتﷺ لەبەر چەند هۆیەك بۆی باس نەکردووین.

یەکەم: لەو سەردەمەدا بە سوودترینی ئیشی ئیسلام ئەوە بووە کە تەمێی ئادەمیزاد بکرێت بۆ خوداناسین و ڕوو کردنە بیر و باوەڕی ڕاست و ڕەوشتی جوان و کردەوەی پەسەند و بەجێ‌هێنانی ئەو ئادابە کە خودا بڕیاری داوە موسوڵمانان بیانکەن.

دووەم: لەبەر بەربەرەکانێ کردنی دوژمنانی ئایین مەیدان نەبووە باس لەم شتانە بکەن؛ چونکە سیازدەساڵ پاش ئەوە کە پێغەمبەر بوو بە پێغەمبەر هەر لە شاری مەککەدا موسوڵمانان لە ژێر ئازار و ستیزەی کافرەکانا پەنهان و لە وڵات دەرچوو

بوون. وە دە ساڵی دوایی کە لە مەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە هەر ئەوەندە فریا کەوتن کە دەور و بەری خۆیان لە کافر پاك بکەنەوە و ئەو ئادابانە کە پێویستی ئیسلامن نیشان بدرێن.

سێهەم: ئادەمیزادی ئەو رۆژە نەخوێندەوار و بێئاگا بوون لە کارەساتی عیلمی و فەننی و تێگەشتن لەم زانستە دژوارانە پێویستی بە خوێندنی گەلێ ئەوزاعی کیمیایی و فیزیایی و هەندەسە و حیسابات و ئەحواڵی مادەی موجوودات هەیە.

چوارەم: زانستی ئەمانە شتێ نییە کە لە پێش هەموو شتێکا پێویستی ژیانی ئادەمیزاد بێ، بەڵکوو ئەمانە ئەوزاعێکن کە لەگەڵ بەرزەوەبوون و گۆڕانی چەرخی خوێندەواری ئادەمیزادا دەرئەکەون و دەرکەوتووە کە لە پاشەڕۆژا ئادەمیزاد بە قەد تەوانای خۆی هەوڵ ئەدا و ئەیانزانێ.

کەوابێ پێویستی ئادەمیزادی ژیر ئەوەیە هەوڵ بدا بخوێنێ و بە گوێرەی رۆژ و چەرخ دەرگای زانست لە خۆی بکاتەوە؛ چونکی ئایینی ئیسلام وەکوو هەموو ئایینێکی راست رێگەی داوە ئادەمیزاد لە بارەی زانستەوە خۆی پێ بگەیەنێ.

﴿ذلك الكتاب﴾: ئیشارەتە بەو کتێبە بەرزە کە خودای تەعالا بە تەوانایی خۆی لە «لوح المحفوظ»دا نووسیویەتی و بە چەن جار لە ماوەی (٢٣) ساڵا بە گوێرەی پێویست بە فریشتەی بەرزی بارەگای خۆیدا کە لە دینی ئیسلاما ناوی جوبرەئیلە ناردوویەتی بۆ لای پێغەمبەر ﷺ. وە غەیری زاتی خوا کەس پەیوەندی بەو کتێبە نەبووە نە بە دڵ و نە بە زمان و نە بە نووسین.

﴿لا ريب فيه﴾ رەیب: بە مانا دوودڵی و گومان و پەرێشان خاترییەو، مەبەست لەم وتارە ئەمەیە ئەو کەسەی بە دڵی خاوێنەوە بیر بکاتەوە لە حاڵی ئەم پێغەمبەرە کە نە خوێندەوار بووە و نە لەگەڵ خوێندەوارانیشا بووە و بیر لەم قورئانە بکاتەوە

کە وتارێکە بە مەغز و مانا و شێوەی لە شێوەی وتاری ئادەمیزاد ناچێ و باسی مێژووی پێشینان و گەلێ کارەساتی داهاتوو ئەکا و، پارچەکانی هاوڕێی راستی و ساغییە و زیادەڕەوی و دەرچوون لە هۆشی ئادەمیزادی ژیر نییە و باسی گەلێ ئەوزاعی عەرز و ئاسمان و دەریا و کەشتی و کشتوکاڵ و زەوی و بەسەرهاتی زەوی ئەکا و، بە جارێ ئادەمیزاد بۆ دڵپاکی و دڵسۆزی و بیر و باوەڕی چاك و کردەوەی پاك بانگ ئەکا و... یەکێ کەمێ بیر لە مانا بکاتەوە ئەزانێ ئەم وتارە نە وتاری موحەممەد و نە وتاری باقی ئادەمیزادە و بەس لە لایەنی پەروەردگارەوە هاتووەتە خوارەوە بۆ تەمێی ئادەمیزاد و نیشاندانی رێگەی راست.

﴿للمتقين﴾: لە «تقویٰ» وەرگیراوە، بە مانا خۆپاراستنە. مەبەست لە تەقوا لە دینی ئیسلاما بە رووناکی سێ شتە:

یەکەم: خۆپاراستن لەو بیر و باوەڕە پەستە نابارانە کە ئادەمیزاد بۆ خودانەناسی و بت پەرستی و پاڵ دان بە شتی بێمایە و بێشوعوور و بێهۆشەوە رائەکێشی. یانی خۆ پاراستن لە کافرێتی بە هەموو شێوەیێ.

وە خۆپاراستنیش لەو بیر و باوەڕە کە دوورە لە شێوەی ئەوەی پێغەمبەری خودا و هاوڕێکانی لەسەری رابوردوون. بە کورتی خۆپاراستن لە «بدعة» (بیری نابار دامەزراندن).

دووهەم: خۆپاراستنە لەو کردەوە ناپەسەندانە و لەو تاوانبارییانە کە ئینسان ئەکا بە ئادەمیزادێکی ناڕێکی ناباری زیانکار بۆ کۆمەڵی موسوڵمانان، وەکوو خوێنڕێژی و داوێن پیسی و دەست و زمان پیسی و وێنەی ئەمانە. یانی خۆپاراستن لە تاوانباری.

سێهەم: خۆپاراستنە لە هەرشتێ بێسوود و بڕاوە بێ و، هەمیشە دڵی لای خودا بێ بە مەعنای کەلیمە. ئەمەیش مەعنای وا نییە کە ئیش و کاری ژیانی نەبێ و

خۆی بکا بە کێوی! بەڵکوو مەعنای وایە لەگەڵ بەجێهێنانی پێویستی ژینی پیاوانە، مەرد بێ و روو لە پیرۆزیی نەبڕاوە بێ. بە کورتی یەکەم ئادەمی چەرخی خۆی بێ.

بە بەشی یەکەم ئادەمیزاد لە کافری دەردەچێ و ئەبێ بە موسوڵمان، هەروەها ئەبێ بە موسوڵمانێکی پەیڕەویکەری پێغەمبەری نازار. بە دووهەم ئەبێ بە موسوڵمانێکی راست (عادل) و راساڵ. بە سێهەم ئەبێ بە موسوڵمانێکی نایاب و ناودار. ئەمانە هەموو وان لە ناو موسوڵمانیدا، یانی ئینسانێ موسوڵمانی ساغ بێ هەموو ئەم بەشانەی هەیە. وە پایە نییە لە ئیسلامییەت بەرزتر بێ، ئەگەرچی لە ناو خەڵکا یەکێ ئەمانەی هەبێ بە وەلی (دۆستی خودا) ناو ئەبرێ. شێخ عەبدورڕەحیمی مەولەوی﵀ بۆ ئیشارەت بەم سێ بەشەی تەقوا لە تاریفی وەلی دا دەفەرموێ:

وەلی: شەخسێکە «عاریفەن بیللاە»   **«ما أمکن» بە زات بە سیفات ئاگاە**
بیکێشی بە سەنگ هەر سێ تەقوادا   **بە ترازووی شەرع موویێ لا نادا**

«یؤمنون» لە مەعنای «ئیمان»دا سێ را هەیە:

[**رای**] **یەکەم**: رای زانایانی حەدیس، بە بیری ئەوان ئیمان سێ شتە؛ (١) باوەڕکردن بە دڵ بەوەی کە پێغەمبەر ﷺ لە لای خوداوە وەری گرتووە و گەیاندوویە بە ئێمە. (٢) ئیقرار بە زمان و وتنی «أشهد أن لا إله إلا اللّٰه و أشهد أن محمداً رسول اللّٰه». (٣) بەجێهێنانی ئەوەی کە واجباتی موسوڵمانە و لادان لەو کردەوانە کە لە ئیسلاما ناڕەوان.

رای دووەم: ئیمان، بریتییە لە باوەڕی دڵ و ئیقرار بە زمان بۆ ئەو کەسە تەوانای ببێ، ئەم ئیقرارە بە زمان بڵێت، وا ئەبێ چاو پۆشی لەم ئیقرارە ئەکرێ بۆ ئەو کەسانە کە ناوێرن ئەم ئیقرارە بە ئاشکرا دەربڕن.

رای سێهەم: ئیمان، تەنیا بریتییە لە باوەڕ بە دڵ، ئیتر کردەوە داخڵی ئیمان نییە و ئیقراریش پێویستە بۆ رابواردنی فەرمانی ئیسلام بە سەر موسوڵمانەکەدا. دەلیلی ئەم رایە ئەمەیە لە گەلێ ئایات و حەدیسا ناوی تاوانبار بە موسوڵمان براوە. ئەگەر کردەوە داخڵی ئیمان بوایێ ئەبوایە هەرکەسێ واجبێ تەرك بکا، یا تاوانێ بکا بە کافر ناو ببرێ. کەوابێ کردەوە روکنی ئیمان نییە. هەرچەن لەگەڵ ئیمانی کامڵدا کردەوە هەیە.

وە ئەو ئایەت و حەدیسانە کە تاوانباران بە کافر ناوئەبەن بۆ کەسانێك ئەچنەوە کە تاوان کردنەکەیان بە رەوا بزانن. یاخود مەعنایان وایە کە ئەو کردەوانە لە شێوەی کافرانە. یاخود بۆ سەرزەنش و لۆمەی تاوانباران وا بە توندی هاتوون. وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شەرحی «موسلیم»دا فەرموویەتی و گەلێ لە زانایانی دین پەسەندیان کردووە. بەڵام لێرەدا نوختەیێ هەیە پێویستە بزانرێ ئەوەیش ئەمەیە: هەرچەن ئیمان بە باوەڕی دڵ، تەفسیر کراوە ئەم باوەڕە بە بێ تەسلیم و رام بوونی دڵ کافی نییە؛ چونکی گەلێ لە کیتابییەکان زانیویانە بە گوێرەی ئەو نیشانانەی لە کتێبی خۆیانا وەریان گرتووە کە حەزرەت ﷺ پێغەمبەری خوایە. کەچی خودا بە کافر ناویان ئەبا، لە بەر ئەوەی بەرابەر بە حەزرەت ﷺ عەناد و سەرکێشییان کردووە.

لەبەر ئەمە ئیمان بریتییە لە: تەسدیق و باوەڕی دڵ لەگەڵ رام بوونی دڵ بۆ فەرمانبەری پێغەمبەر ﷺ «إمام الحرمین» ئەم نوختەی دەربڕیوە. مەلا سەعدی تەفتازانیش لە شەرحی مەقاسیدا بەیانی کردووە. کەوابێ ئەو کەسانە کە تەنیا ناوی تەسدیقیان بردووە لە بەر ئەوەیە کە بە زۆری تەسدیقی دڵ ئەبێ بە هۆی تەسلیم و فەرمانبەرداریش بە تایبەتی کە ئیقرار بە زمانیش لەگەڵیا شەرتە.

ئیمان باوەڕە بە شەرتی تەسلیم — یانی دڵڕامی بۆ خاوەن تالیم
دڵ کە سەرکێش بوو خاوەن کێش نیە — کێش لەگەڵ رێشا کەم و بێش نییە

«بالغیب» غەیب: بریتییە لەو شتانە کە هەستیان پێ نەکرێ و بە ئاشکرا عەقڵ پێیان نەگا؛ وەکوو زاتی خودای تەعالا و، فریشتە و، هەموو ئەو شتە پەنامەکییانە کە پێغەمبەر ﷺ باسی کردوون.

بەم بەیانە غەیب، رۆژی قیامەتیش ئەگرێتەوە، بەڵام بۆیە لە ئایەتی دواییدا ناوی ئیمان بە رۆژی قیامەت براوە لەبەر زیادە ئیعتیباری باوەڕ بە پاشەڕۆژ.

لە واقیعا باوەڕ بە روژی پاشەڕۆژ ئەبێ بە هۆی تێکۆشین لە کردەوەی باشا و ئەبێ بە پارێزەری ئادەمیزاد لە کردەوەی ناڕەوا و ئەگەر حسێبی ئەو رۆژە نەبێ ئەنجامێ بۆ فەرمانی خودای تەعالا و فەرمانبەرداری نامێنێ بەڵکوو جیایی لە میانەی ئادەمیزاد و باقی گیانلەبەرانا هەڵئەگیرێ.

بێداری:

هۆی ئەوە کە خودای تەعالا لەم شوێنەدا باسی باوەڕکردنی بە باقی یاسای ئیسلام نەکردووە، وەکوو رۆژوو و حەج و... ئەوەیە کە لە کاتی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانەدا ئەو یاسایانە دانەمەزراون. یا لە بەر ئەوەیە کەسێ کە باوەڕ بە پێغەمبەر ﷺ بکا لە باسی بوونی خودا و فریشتە و ئایینی ئیسلاما، باوەڕ ئەکا بە هەر شتێ غەیری ئەوانەیش کە حەزرەت ﷺ بفەرموێت.

پوختەی مەعنای ئەم ئایەتانە:

ئەو کتێبە بەرزە خاوەن پایە و مایە کە سوود بەخشە بۆ عالەم گومان و دوو دڵیی تیا نییە بۆ ئەوانە بە هۆشی رۆشنەوە بە ئینساف لێی ئەکۆڵنەوە.

ئەو کتێبە هۆی تێگەیشتن و پێگەیشتنە بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ خۆیان لە ئازار و ناباری ئەم چەرخە و رۆژی دوایی بپارێزن.

ئەو پارێزگارانە کە باوەڕیان بەو شتە پەنامەکییانە هەیە کە پێغەمبەر ناوی بردوون، ئەوانەی کە نوێژەکان بە ساغی بەجێ دێنن و لەو داراییە کە هەیانە بەشی خەڵکی ئەدەن، بەو یاسا کە فەرمانیان پێدراوە.

ئەوانەی باوەڕیان هەیە بەم کتێبە هاتووەتە خوارەوە بۆ تۆ و ئەو کتێبانەیش هاتوونەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ و باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیە کە ڕۆژی تۆڵە و جەزایە و کاتی زیندووبوونەوەی نوێیە.

ئەوانە کە ئەم شێوە رابوردوویانە هەیە ئەوانەن لەسەر پایەی شارەزایی بۆ حەق دامەزراون و پێگەیشتوون و ئەوانەن کە بە مایەی رزگاری نەبڕاوە گەیشتوون.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾

ئەو کەسانە کە مانیان گرتووە لەسەر ئینکار و سەرکێشی لە پاش ئامۆژگاری زۆر.

﴿سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ﴾

یەکسانە بۆ ئەوان ـ لە بێسوودیدا ـ بیان ترسێنی بە ئازاری قیامەت، یان نەیان ترسێنی.

﴿لَا يُؤْمِنُونَ ۝٦﴾

باوەڕ بەو ئایەتانە ناکەن تۆ بە سەریانا ئەخوێنیتەوە.

﴿خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ﴾

بەرابەر بە سەرکێشی و دڵ رەقی ئەوان خوای عالەم رقی لێگرتوون و دڵی لە بیر و باوەڕی رووناك دوور خستوونەتەوە و هەستی بیستنیانی پەك خستووە لەوە پەند و ئامۆژگاری بە سوود وەربگرن. وەکوو چۆن فەرماندەری دادگا دەرگای خانووی ئادەمیزادی دەستبادی سەرسەری مۆر ئەکا و ئەیگێڕێتەوە لە دەست بردن بۆ ناو ماڵی خۆی.

﴿وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞۖ﴾

هەروا ئەو ئادەمیزادە سەرکێشانە پەردەی خۆ کوێرکردن سەر چاوی داپۆشیون.

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٧﴾

وە سەرەڕای ئەمانەیش لە پاشەڕۆژا ئازارێکی ناباری گەورەیان بۆ بڕیار دراوە، لە سەر ئەوە کە سەرمایەی هۆش و هەستی خۆیانیان زایە کردووە و بەرابەر بە پێغەمبەری خاوەن پایە سەرکێشی و بەربەرەکانێیان دەربڕیوە.

کاتی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە:

گەلێ لە زانایانی دین فەرموویانە ئەم ئایەتانە دەربارەی «ئەبوجەهل» و شوێن کەوتوانی هاتوونەتە خوارەوە. یانی پاش ئەوەی حەزرەت ﷺ لە شاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە گەلێ بیری لە موسوڵمان بوونی ئەوانە ئەکردەوە و ئەیویست روو بکەنە رێگەی راست بەڵکوو بە هۆی ئەوانیشەوە خەڵکەکە موسوڵمان ببن و، لە رکەی ئەوان لە سەر ئینکار و سەرکێشی دڵمەند بوو. خودایش بۆ دڵخۆشی دانەوەی حەزرەت ﷺ و بۆ تەمابڕینی لە ئیمانی ئەوانا ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە.

وە هەندێ لە زانایان فەرموویانە: ئەم ئایەتانە لە شانی گەلێ لە جوولەکەی شاری مەدینە و دەور و بەری هاتوونەتە خوارەوە، کە حەزرەت ﷺ گەلێ ئامۆژگاری کردن و سوودی نەبوو.

لە تەماشاکردنی مەعنایانەوە بۆمان دەرئەکەوێ، هەرچەن لە شانی ئەوانا هاتبن، هەموو کافرێکی سەرکێشی دڵڕەق و بێ‌شەرم ئەگرنەوە.

مەعنای هەندێ لە کەلیمەکان:

﴿إن الذين كفروا﴾: کوفر: بەرابەری ئیمانە، وەکوو چۆن ئیمان و باوەڕ تەسلیم و مل کەچییە کوفریش ئینکار و عەناد و سەرکێشی و مل بادانە. «ختم اللّٰه»: خەتم: مۆرکردنە و خاتەم مۆرە. «قلوبهم»: قەلب: دڵە و مەبەست خودی ئەو پارچە گۆشتە نییە، بەڵکوو مەبەست هێزێکی خودا کردی وایە کە ئەبێ بە هۆی هۆشیاری و زانستی گەلێ شت و لەم ئایەتەدا «تەمسیل» هەیە و خودای تەعالا شێوەی دڵ و گوێچکەی ساغی ئەو کافرانە و ئیمکانی سوود لێوەرگرتنیان بە بیر و باوەڕی بەسوود و گوێ ڕاگرتنی بۆ پەندی بە مایەی وا لێوردەوەبوونیان نیشانەکانی وجوودی خودای عالەم و ڕاستی پێغەمبەر دەربخا و زایە کردنیان بۆ هەموو ئەم شتە باشانە وێنەدار کردووە بە شێوەیێ وەربگیرێ لە ئادەمیزادێکی خاوەن خانووی پڕ لە نازو نیعمەت و پارەی نەختی ڕەواج کە بۆ ئەوە بشێن گەلێ سوودیان لێوەربگیرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا کابرا بە هۆی خەرجی بێجێگە و مامەڵەی زیان کردووەوە ئەو بەش و بارە لە خۆی بکا و فەرمانداری دادگا فەرمان بدا دەرگای خانووەکەی مۆر بکەن بۆ ئەوە کە هیچ شتێکی لێدەرنەکرێ و هیچیش نەڕواتە سەری.

پوختەی مەعنایان:

ئەی پێغەمبەری نازار بزانە ئەو ئادەمیزادە بەدنیهادە سەرکێشانە ئەوەندە چەقاوەسوو بوون ئامۆژگارییان بکەی یا نەکەی و بیان ترسێنی بە ئازاردان لە لایەنی خۆمەوە یا نە، بۆ ئەوان یەکسانە و قەت ئیمان ناهێنن.

جا لەبەر ئەم بەدنیهادی و سەرکێشی ئەوانە خوا دڵی ئەوانی مۆر کردووە و گوێچکەیانی مۆر کردووە، خێریان تێناچێ و سوودیان پێ وەر ناگیرێت. هەروا

لەسەر چاویان پەردەی خۆکوێر کردن هەیە و بە باشی تەماشای نیشانەی خێر ناکەن و سەرەڕای ئەمەیش لە پاشەڕۆژا ئازارێکی گەورەیان هەیە.

تەمێی نەژنەوا پەندە بۆ مردوو	بێسوودە پەندی دڵ مردوو بەدخوو
چاوێ نەبینێ پانایی شارێ	بوونی بێسوودە چاوێ بێ یا دوو

﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾

لە ئادەمیزادە کەسانێ ئەڵێن: باوەڕمان بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە.

﴿وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾﴾

کەچی باوەڕیشیان نییە و ئەم وتارە بەس بە زمان ئەڵێن، بە شێوەی دووڕوویی و لە دڵا باوەڕیان نییە.

﴿يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ ءَامَنُوا﴾

ئەیانەوێ بەم شێوە خوا و پێغەمبەری خوا و باقی موسوڵمانان بخەڵەتێنن.

﴿وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ ﴿٩﴾﴾

وە لە واقیعا ئەمانە فێڵ لەگەڵ خۆیان ئەکەن و زیانی ئەم شێوە هەر بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوە بەڵام نافامن.

﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ﴾

وە هۆی ئەم شێوە ناڕەوایانە ئەمەیە نەخۆشی دوودڵی و دووڕوویی وا لە دڵیانا.

﴿فَزَادَهُمُ اللَّهُ مَرَضًا﴾

وە بە هۆی بەجێ‌هێنانی ئەم دووڕووییەوە خوای تەعالا نەخۆشییەکەی دەروونی زیاد کردوون.

﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌۢ بِمَا كَانُوا۟ يَكْذِبُونَ ﴿١٠﴾﴾

وە لە پاشەڕۆژیشا ئازارێکی گەورەی ناباری نەبڕاوەیان هەیە بە هۆی دەوامیان لەسەر درۆکردن لەگەڵ خوا و بەندەکانی خوادا.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾

وە کاتێ لە لایەنی ئامۆژگارانی خودا ناسی حەقپەرستەوە پێیان بوترێ: ئیفساد لە عەرزا مەکەن، درۆ و دووڕوویی مەکەن، ئاشوب هەڵمەگیرسێنن...

﴿قَالُوٓا۟ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ ﴿١١﴾﴾

لە وەڵاما ئەڵێن: ئێمە ئیشمان هەر ڕێکخستنی دڵی خەڵکە لەگەڵ یەکا و لە بەر زەمانە سازی، هاتوچۆی کۆمەڵی غەیری موسوڵمانەکان ئەکەین.

﴿أَلَآ﴾

ئاگادار بن.

﴿إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْمُفْسِدُونَ وَلَٰكِن لَّا يَشْعُرُونَ ﴿١٢﴾﴾

ئەمانە ئیشیان هیچ نییە ئیللا دڵ خراپکردنی خەڵك نەبێ لەگەڵ یەکا و ئەیانەوێ بە سەر موسوڵمانەکانا زاڵ ببن، بەڵام بە بیر و باوەڕی خۆیان وایە ئەم کردەوە باشە و شوعووریان نییە و نازانن کردەوەکەیان دنیا وێران ئەکا و ئایینی پاك بەرباد ئەکا.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا۟ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ﴾

وە کاتێ لە پەناوە کە دوور بن لە موسوڵمانەکان پێیان بوترێ لە لایەنی ئامۆژگارێکی پاکەوە: ئیمان بێنن و باوەڕی ساغ وەربگرن بە دینی ئیسلام وەکوو موسوڵمانە ساغەکان و لەم هاتوشوتە بکەون.

﴿قَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُۗ﴾

لە وەڵاما ئەڵێن ئێمە چۆن وەك ئەم بێدەماخانە باوەڕ بەم یاسایە ئەکەین؟!

﴿أَلَآ﴾

ئاگادار بن.

﴿إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ﴾

هەر ئەمانەن بێدەماخ کە بەرابەر بە یاسای خودا ناسی و حەق پەرستی و هێمنی لەگەڵ ئادەمیزادا ئاشووب ئەگێڕن.

﴿وَلَٰكِن لَّا يَعۡلَمُونَ ١٣﴾

بەڵام لە بەر هەواپەرستی خۆیان نازانن کە بێدەماخن و گیرۆدەی نەزانینی دووسەرە بوون و وا ئەزانن دینی ئیسلام خراپە و نازانن ئەم زانستیانە لەسەر راستی نییە.

﴿وَإِذَا لَقُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا﴾

وا بە دووڕووییەوە خوویان گرتووە هەر کاتێ بگەن بە خاوەن باوەڕە راستەکان و موسوڵمانە ساغەکان، بۆ خەڵەتاندنیان، ئەڵێن: ئێمەیش باوەڕمان بەم ئایینی ئیسلامە هەیە.

﴿وَإِذَا خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ﴾

وە کاتێ ئەچنەوە بۆ لای هاوڕێ شەیتانخووەکانیان.

﴿قَالُوٓاْ إِنَّا مَعَكُمۡ﴾

بۆ دڵدانەوەی ئەوان ئەڵێن: ئێمە بە بیر و باوەڕ لەگەڵ ئێوەداین.

﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ١٤﴾

کاتێ لای موسوڵمانەکان دان بە ئیمانا بنێین گاڵتەیان پێ ئەکەین و ئەیانخاوێنین.

﴿ٱللَّهُ يَسْتَهْزِئُ بِهِمْ﴾

جا ئەگەر نازانن خوا لەگەڵ ئەمانا چی ئەکا؟ بزانن بە راستی بە توولی زەمان خوا ئیشێ لەگەڵ ئەمانەدا ئەکا وەکوو ئیشی کەسێ کە گاڵتە بە کەسێ بکا.

﴿وَيَمُدُّهُمْ فِي طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ١٥﴾

ئیشەکە ئەمەیە کە لە ژینی دنیادا هێزیان ئەداتێ لەسەر هۆی لەڕێلادانیان و بە حاڵی سەرگەردانی و سەر لێشێواوی ئەیانهێڵێتەوە تا پاشەڕۆژ و لەوێیش فەرمان ئەدا بانگیان ئەکەن بۆ دەرگای بەهەشت کاتێ نزیك بوونەوە فەرمان ئەدا ـ بۆ سووك کردنیان ـ دەرگاکانیان لەسەر قەپات ئەکەن و بە داخی دڵەوە ئەیانگێڕنەوە بۆ دۆزەخ و ئازار ئەدرێن.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلْهُدَىٰ﴾

ئەمەیش پاداشی ئەوەیە ئەم کۆمەڵە نامەردە بێهۆشە ئەو شوعوور و هۆشە خودادراوەی خۆیانە و ئەو هەلە جوانەی ئامۆژگاری پێغەمبەریانە بە وەرگرتنی گومڕایی و سەرلێشێواوی گۆڕییەوە.

﴿فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ ١٦﴾

کەسانێکیش خوویان وا بێ ئاڵ و گۆڕی وا بکەن و پاپایی بە ئامۆژگاری ژیران بکەن قەت لەو ئاڵ و وێرەدا سوود ناکەن و لە بەر نەزنەوابیش شارەزای مامەڵەی بە سوود نابن و لە پاش ماوەیەکیش هۆشیان بە پەردەی بیری نابار و تۆزی کردەوەی ناپەسەند دائەپۆشرێ.

﴿مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ ٱلَّذِى ٱسْتَوْقَدَ نَارًا﴾

حاڵی ئەمانە وەکوو حاڵی کەسانێ وایە کە ئاگرێ بکەنەوە.

﴿فَلَمَّآ أَضَآءَتْ مَا حَوْلَهُۥ﴾

وە لە کاتێکا دەور و بەری ئەو کەسانەی رووناك کردەوە.

﴿ذَهَبَ ٱللَّهُ بِنُورِهِمْ﴾

خودای تەعالا ئەو رووناکییەیان ون بکاو نەیهێڵێ.

﴿وَتَرَكَهُمْ فِى ظُلُمَٰتٍ لَّا يُبْصِرُونَ ﴿١٧﴾ صُمٌّۢ بُكْمٌ عُمْىٌ فَهُمْ لَا يَرْجِعُونَ ﴿١٨﴾﴾

وە ئەو کەسانە بهاوێتە ناو تاریکییێکی رەشی شەوەزەنگەوە بە جۆرێ هیچ شتێ نەبینن. ئەم دووڕووانە مادەم هەق نابینن وەکوو کەڕ وان. مادام هەق بە زمانیانا نایێ وەکوو لاڵ وانە و نارِوانن بۆ نیشانەی بوونی خودا و راستیی ئیسلام وەکوو کوێرن و مادام لەسەر ئەم حاڵە بمێننەوە قەت ناگەڕێنەوە بۆ سەر ئیمان و باوەڕ بە پێغەمبەر ﷺ.

﴿أَوْ كَصَيِّبٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فِيهِ ظُلُمَٰتٌ وَرَعْدٌ وَبَرْقٌ﴾

یاخود حاڵیان وەکوو حاڵی کەسانێ وایە رەهێڵە و بارانێکی توندیان بەسەرا بباریێ لە ئاسمانەوە و ئەو بارانە تاریکی شەو و تاریکی هەور و تاریکی هێرشی بارانەکەی تیا گرد بێتەوە و هەورەگرمە و چەخماخەیشی لە پاڵا بێ.

﴿يَجْعَلُونَ أَصَٰبِعَهُمْ فِىٓ ءَاذَانِهِم مِّنَ ٱلصَّوَٰعِقِ﴾

وە ئەو کەسانە حاڵیان وابێ لە ترسی هەورەتریشقە پەنجەیان بئاخنن بە گوێیانا.

﴿حَذَرَ ٱلْمَوْتِ﴾

لە بیمی مردن بە هۆی تریشقەوە.

﴿وَٱللَّهُ مُحِيطُۢ بِٱلْكَٰفِرِينَ ١٩﴾

لەگەڵ ئەوەدا خوا بە تەوانایی خۆی دەورەی کافرانی گرتووە و لە دەستی خودا رزگار نابن.

﴿يَكَادُ ٱلْبَرْقُ يَخْطَفُ أَبْصَٰرَهُمْ﴾

برووسکەکەی ئەوەندە بەهێز بێ نزیك بێ هێزی چاویان بفرێنێ.

﴿كُلَّمَآ أَضَآءَ لَهُم مَّشَوْاْ فِيهِ﴾

هەرچەند ئەو برووسکە رووناکی بخاتە ناوەوە بە هۆی ئەو رووناکییەوە چەند هەنگاوێك بە رێدا ئەڕۆن.

﴿وَإِذَآ أَظْلَمَ عَلَيْهِمْ قَامُواْ﴾

وە کاتێ تاریکی دایگرتن ئەوەستن لە شوێنی خۆیانا.

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَذَهَبَ بِسَمْعِهِمْ وَأَبْصَٰرِهِمْ﴾

وە ئەگەر خوا خواستی هەبێ هێزی گوێچکە و رووناکی چاویان وەربگرێ پارێزی ئەوان بێسوود ئەبێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ٢٠﴾

چونکی خوا توانای بەسەر هەموو شتێکا هەیە.

بزانن: لە تەمسیلی یەکەما شێوەیێ وەربگیرێ: گەلێ، کۆمەڵێ خواخوایان بێ ئایینی ئیسلام دەرکەوێ بۆ ئەوە سوودی هەردوو دونیای لێوەرگرن و هەر خۆیان ببن بە هۆی نائومێدی خۆیان لەو ئایینە رووناکە و بکەونە ناو تاریکستانی بێباوەڕی و سەر لێشێواوی و سەرگەردانییەوە، ئەمە تەشبیه کراوە بە شێوەیێ وەربگیرێ لە گەلێ خۆیان ئاگرێ بکەنەوە و پاش ئەوە کە دەورو بەریان رووناك بکاتەوە کوتوپڕ

ئاگرەکەیان بکوژێتەوە و بەرچاویان بە جۆرێ تاریك ببێ سەر دەرنەکەن و سەرگەردان داکەون.

وە لە تەمسیلی دووەما شێوەیێ وەربگیرێ لە گەلێ شەپۆلی ئایینی ئیسلام بێت بە سەریانا و لە ناو یاساکانی ئیسلاما بە هۆی بەدبیری هەندێ کەسەوە گەلێ گومان و رەخنەی تیا پەیدا ببێ و ناهەمواری و هەڕەشە و دڵداری موژدەی تیا بێ و بەرابەری هەڕەشەکان بێزاری دەرببڕن و دڵیان بە موژدەکان خۆش بێ، تەشبیهـ کراوە بە شێوەیێ وەرئەگیرێت لە گەلێ رەهێڵە و خورڕەمێ بە سەریانا بباریێ و ئەو رەهێڵەیە تێکەڵی تاریکی هەور و زۆری بارانەکە و رەشی هەور بێ و هەورەگرمە و برووسکەیشی تیابێ و ئەم گەلە لە بیمی هەورەتریشقە سەر پەنجە بکەن بە گوێچکەیانا و کاتێ برووسکەیێ دەرکەوێ بە رووناکی ئەوەوە بڕۆن بە رێگەدا و کاتێ برووسکەکە کوژایەوە لە شوێنی خۆیانا راوەستن و سەرگەردان ببن.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ﴾

ئەی ئادەمیزاد بەندەیی و فەرمانبەری بەجێ بێنن بۆ پەروەردگاری خۆتان و بە تەنیا و تەوانای بزانن.

﴿ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ﴾

ئەو پەروەردگارەی کە تەوانایی خۆی دەرخستووە بەوە کە ئێوە و باوك و باپیرە و دایك و داپیرەی ئێوەی دروست کردووە.

﴿لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٢١﴾

ئومێد هەیە بە هۆی ئەم بەندەیی و فەرمانبەرییەوە خۆتان بپارێزن لە نارەزایی ئەو خودایە.

﴿ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا﴾

ئەو پەروەردگارە کە عەرزی کردووە بە رایەخ بۆ ئێوە تا بە سەریەوە بژین و ژیواری خۆتان پەیدا بکەن.

﴿وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً﴾

وە ئاسمانی پڕ نەخش و نیگاری بە راسەرتانا دروست کردووە وەکوو سەرمیچی خانوویێ کە چەن گولۆپی رووناکی پێوە قایم کرابێ بۆ رووناکی خانووەکە، کە ئەو گولۆپانە بریتین لە رۆژ و مانگ و باقی ئەستێرەکان.

﴿وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾

وە لە ئاسمانەوە بە هێزی تەوانایی خۆی ئاوی بارانی بە سەرا باراندوون.

﴿فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ﴾

وە بە هۆی ئەو بارانەوە کە رژاندوویەتی بەسەر عەرزا و بە هۆی ئەو سەرچاوە و جۆبار و رووبارەوە کە لەوەوە پەیدا بوون هەندێ بەش و بارە و ناز و نیعمەتی بۆ ئێوە دەرکردووە بۆ ئەوە ببێ بە رزق و رۆزی بۆتان، وە بەرگ و پۆشاك و خواردەمەنی پاکی لێ‌وەربگرن.

﴿فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا﴾

مادام خوا ئەم هەموو تەوانایی خۆیە لە بۆ ئێوە دەرخستووە و ئەم هەمووە ناز و نیعمەتەی داناوە بۆتان کە هەرکەس کۆششێ بکا بە قەی شانی خۆی وەدەست ئەخا، ئیتر شەرم بکەن و هاوشان و هاو وێنە بۆ ئەو پەروەردگارە بێ‌وێنە برِیار مەدەن.

﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾

وەلحاڵ، ئێوە زانان و بە زانستی پاك و خاوێن لە گومانی نەخۆشی ئەزانن کە ئەم پەروەردگارە تەنیا و تەوانا بینا و زانایە و پێویستی بە هیچ شتێ نییە و هەموو شتێ پێویستی بەو هەیە.

﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ﴾

یانی ئەوەی بناغەی باوەڕی موسوڵمان بێ، باوەڕە بە پەروەردگاری تەنیا و تەوانا و باوەڕە بە پێغەمبەری خودا، وە بە هۆی کارەساتە پێشووەکانەوە خوداتان بۆ دەرکەوتووە کە هەیە و تەوانایە، ئێستە پێویستتان ئەوەیە بزانن کە موحەممەد ﷺ فرستادەی خودایە، ئەمەیش بۆ ئێوە دەرئەکەوێ بەوەی بزانن ئەم کتێبە کە ئێتە خوارەوە بۆی کتێبی خودایە؛ چونکی ئادەمیزادی هۆشیار کە تەماشای خوو و ڕەوشتی پێغەمبەری کرد و تەماشای کتێبەکەیشی کرد کە ئادەمیزاد بانگ ئەکا بۆ خوداناسین و باوەڕ بە تۆڵەی کردەوە و بۆ ڕەوشتی چاك و کردەوەی پاك باوەڕ ئەکا ئەو پێغەمبەرە ڕاستە و پایەی باڵایە و کتێبەکەیشی وتاری خوایە.

وە ئەگەر هەر بۆتان ساغ نابێتەوە و دوودڵن لەوەدا کە وتاری خودا بێ، ئازان خۆتان ئامادە بکەن و سوورەتێ، کە بریتییە لە چەن ئایەتێ، لە وێنەی ئەم کتێبە بێنن، لە لای هەرکەسێکەوە بێ وە لە هەر شوێنێکا بێ کە خۆتان پەسەندی ئەکەن.

﴿وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم﴾

وە ئەوانەی کە بە یارمەتیدەری خۆتانی ئەزانن کە لە کاتی کارەساتا حازر ئەبن بە لاتانەوە بانگیان بکەن بۆ یارمەتی. یا ئەوانەی کە بە زانا و هۆشیاری ئەزانن و شایەتیتان بۆ ئەدا لەسەر هاو وێنەیی ئەوەی ئەیهێننە پێشەوە بانگیان بکەن با شایەتیتان بۆ بدەن.

﴿مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾

بەڵام غەیری زاتی خودا، چونکی ئەو نە یارمەتیتان ئەدا لەسەر ئەم مەبەستە و نە شایەتیتان بۆ ئەدا کە ئەو هاو وێنەیە ڕاستە.

﴿إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾﴾

ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن لەوەدا ئەم قورئانە وتاری ئادەمیزادە و ئەتوانن بەرانبەرکێی لەگەڵا بکەن.

﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ﴾

ئەگەر نەتان توانی وێنەی سوورەتێ بێنن ـ وە بیش زانن قەت ناتوانن بیهێنن ـ دە ئیتر ڕوو بکەنە ڕاستی و ئینساف بدەن و باوەڕ بکەن بەوە کە ئەم کتێبە کەلامی غەیبی (پەنامەکی)یە و لە لایەنی پەروەردگارەوە بە فریشتەی هێمنا ڕەوانە کراوە بۆ پێغەمبەر و، بە هۆی ئەم باوەڕەوە خۆتان بپارێزن لە سەرکێشی کە هۆی عەزاب و ئازارە بە ئاگری دۆزەخ ئەو ئاگرە بەهێزە کە سووتەمەنییەکەی لە دۆزەخا ئادەمیزادی ناپاکی بەدخووی سەرکێش و بەردی گۆگردی ئامادە بۆ هەڵگیرسانە. یا بەردی کانی ئەو ئاڵتوون و زیوەیە کە ئێوەی پێ بایی بوون. یا ئەو بەردە دەس تاشانەیە کە ئارەزووی پڕوپووچ بۆی کردوون بە بت و ئەی پەرستن.

﴿أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿٢٤﴾﴾

ئەو ئاگرە بەهێزە ئامادە کراوە بۆ بێوەرە بێئینسافە سەرکێشەکان؛ چونکە بیر و باوەڕی ناباری پایەدار هۆی ئازارە بە ئاگری سووزەندەی بەردەوام.

ڕووناک کردنەوەی ئەم ئایەتە:

ئادەمیزاد وردبێتەوە ئەزانێ ئەوەی بناغەی ئایینی ئیسلامە باوەڕە بە پەروەردگاری تەوانا و بە پێغەمبەری خودا. لەبەر ئەمە ئینسان کە باوەڕی وا بوو خودایێکی تەوانا هەیە دان ئەنێ بەوەدا ئەتوانێ پێغەمبەرێکی پایە بەرز هەڵبژێرێ لە ناو ئادەمیزادا و

بیکا بە رەهبەر بۆیان. وە کاتێ باوەڕی کرد بەوە ئەو ئادەمیزادە کە داوای رەهبەری ئەکا، راست ئەکا ئەمجار هەرچی ئەو فەرمانی پێبدا ئەکەوێتە دووی.

لەم شوێنەدا لە ئایەتە پێشووەکانا پێنج دەلیلی هێنایەوە لە سەر بوونی پەروەردگاری گەورە.

[دەلیلی] **یەکەم**: دروست کردنی نەفسی ئادەمیزاد کە یەکەم دەلیلی رووناکە بۆ ئەم مەبەستە؛ چونکی ئینسان کە وردبووەوە لە خۆیا، لە پەیکەریا، لە ئەعزا و هەستیا، لە ئەجزای پەنامەکییا، لەو هێزانەدا کە وا لە سەر و دەماخ و چاو و گوێچکە و باقی هەستەکانا، وە وردبووەوە لە هێزی پەنامەکی مەعدە و تەحلیلاتیا، وە وردبووەوە لە هێزی دڵ و زانست و بیر کردنەوەیا. وە بیری کردەوە لە قابیلیاتی خۆیا کە ئەشێ بۆ ئەوە بگاتە پایەی فریشتە بە بیر و باوەڕی پاك و، کائینات داگیر بکا بە پیشە و فەننی بەسوود. هەروا ئەشێ بۆ ئەوە ببێ بە دێو لە بیر و باوەڕی لار و کردەوەی نابارا. ئەو کەسە کە بیر بکاتەوە لەمانەدا بێجگە لە باقی ئەحواڵیا وەکوو: ساغی و نەخۆشی و شادی و غەمباری و بەرزی و نزمی پایەدا. بڕیار ئەدا کە خودایێکی پەروەردگاری زانا و تەوانای هەیە ئەم نەوعە تەسەڕوفە ئەکا لەودا...

دەلیلی دووهەم: دروستکردنی پێشینانی؛ ئەمەیش لە لایەنی دروستکردنەوە دەلیلێکە وەکوو دەلیلی یەکەم هەروا گەلێ شتی‌تری تیا هەیە. مەسەلا: ئینسان وردبێتەوە ئەم پێشینانە گەلێ خوو و رەوشتیان بووە ئێستە لە نەتەوەکەیانا نییە. وە ئەو پێشینانە پایە بەرز بوون و ئەمان دانەویون. وە یا خود ئەوان بێ‌پایە بوون و ئەمان بە هۆی ئەسبابێکەوە، کە بەس بە خودا ئەکرێ، بەرز بوونەتەوە؛ کوڕە شوان ئەبێ بە پاشا، وەکوو نەزان ئەبێ بە زانا، وە خانەدانی زانست ئەبن بە ماوای نەزانی و نەفامی. لەگەڵ ئەوەدا هەموو کەسێ هەوڵ ئەدا بۆ بەرزبوونەوەی خۆی پاش

وردبوونەوە لەمانە باوەڕ ئەکا بەوە کە خودایێ هەیە لەسەر ئەساسی خواستی خۆی هۆی ئەم شتانە ڕێك ئەخا و ئادەمیزاد ئەخاتە سەر کۆشش بۆ ئەوەی کە ئەو ئەیەوێ جێبەجێ ببێ.

دەلیلی سێهەم: ئەم عەرزەیە کە خوای تەعالا دروستی کردووەوە و کردوویەتی بە دراوسێی دەریای دەورە دەر، وە ڕووی عەرزی بەرزکردووەتەوە بەسەر دەریادا بۆ ئەوەی هەمووی بە ئاو دانەپۆشرێ و ببێ بە ماوای ژیانی گەلێ گیانلەبەری خاکی. وە ئەم عەرزەی بەش‌بەش کردووە بە گوێرەی خواستی خۆی گەلێکی سارای وشکە و گەلێکی دەشتی بەراوە، وە هەندێکی کێوانی بەرز و بە بارەن، وە هەندێ شوێنی کانی ئالتوون و زیو و نەوت و خوێ و ئاسن و گۆگرد و قورقوشم و باقی کانەکانە. وە لە گەلێ شوێنی داری بارەدار و گوڵ و گوڵزاری داناوە، وە گەلێ شوێنی ڕووت و قووت و بێ‌سوودە، وە گەلێ کات ئەم عەرزە جوانە لەبەر بێ‌بارانی وشك ئەکاتەوە وەکوو لەشی مردوو، وە گەلێ کات بە هۆی بارانەوە ئەی‌ڕازێنێتەوە و چەن نەوع شتی بە سوودی لێ‌دەر ئەکا. هەروا لەسەر خواستی خۆی هەندێ وڵاتی خستووەتە مەنتیقەی ئیستیوائییەوە بە غایەت گەرمە وە هەندێکی وا لە مەنتیقەی باکووری، یا وەشتییەوە زۆر ساردە. وە گەلێکی لە ناوەنجی ئەمانەن وە میانەن. وە بە پێی ئەمانە ڕەنگ و شێوەی گیانلەبەرەکانی گۆڕیوە. ئەمانە هەموو ئینسان وردی بکاتەوە ئەتوانێ پایەی هێزی پەروەردگاری پێ بدۆزێتەوە.

دەلیلی چوارەم: ئەمەیە کە ئاسمانی دروست کردووە بە چەن پایە لە بەرزی و نزمی و، هەر ئاسمانێ لەم ئاسمانانەی بە تایبەتی جیا کردووەتەوە بە گەلێ ئاسار. وە ئەم ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەی زۆری ڕەنگامەی تیا سەرگەردان کردووە. هەر یەکێ لە سەر میحوەرێ ئەسووڕێتەوە، وە لەو ڕۆژەوە دروستی کردوون تا ئێستە

بە سانیە و کەمتر لە سانیە ئەندازەی هاتوچۆیان نەگۆڕیوە و هەر کام لەمانە خەتێکی لە دائیرەی خۆیا وەرگرتووە. وە رۆژی کردووە بە خزمەتکاری دار و گیا و ئادەمیزاد. وە کردوویە بە هۆی نەش و نما و بە پایەگەیشتنیان. وە مانگی کردووە بە چرای شەو بۆ ئەو شوێنە رۆژی لێ‌ئاوا ئەبێ و ئەم ئەستێرانەی کردووە بە نیشانەی ئەوزاعی عالەم لە: گەرما و سەرما و هاتنی کاتی کشتوکاڵ. وە بە نیشانەی رێگە دۆزینەوە لە سارای پاناوەر و دەریای بێ ئەم پەڕ و ئەو پەڕا، بە نەوعێ تا ئینسان لێیان بکۆڵێتەوە زیاتر سەرسام ئەبێ.

[دەلیلی] پێنجەم: ئەمەیە خودا بە خواستی خۆی لە ئاسمانەوە باران ئەبارێنێ بەسەر عەرزا و بە هۆی قابیلیەتی عەرزەوە چەن نەوع لە داری بەردار و بێ‌بەر، وە هەزاران نەوع لە گیای خواردەمەنی، وە هەزاران بەش لەو زەراعەتە کە سوودی بۆ ژیانی گیاندار هەیە و بە کاری بەرگ و پۆشاك دێت دروستی کردووە.

خودای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا بەم شێوە رەهنموونی ئادەمیزاد ئەکا بۆ دۆزینەوەی پەروەردگار کە شێوەیێکی ئاسان و بەرچاوییە و نایەوێ ئینسان بکەوێتە ناو فەلسەفەی دوور و درێژەوە کە عەقڵی هەموو کەس پێی ناگا.

وە بە شێوەی فەلسەفە ئەگەر ئەم کائیناتە بکەین بە دەلیل لەسەر بوونی زاتی پەروەردگاری «واجب الوجود» ئەڵێین: ئەوەی هەبێ یا «واجب الوجود»ە و بوونی پێویستی بە خاریجی نییە، وە یا «ممكن الوجود»ە، بەم مەعنایە بوون و نەبوونی یەکسانە و خوا بە خواستی خۆی بوونی یا نەبوونی بڕیار ئەدا.

لەسەر ئەم شێوە ئەم ئەجزای کائیناتە یا هەمووی بە «واجب الوجود» دائەنرێ، یا هەمووی بە مومکین حسێب ئەکرێ، یا بەشێکی بە «واجب الوجود» و بەشێکی بە مومکین. ناتوانین بڵێین هەمووی «واجب الوجود»ە؛ چونکی بە بەراورد دەرکەوتووە

ئەوەی دەستی پێ ئەگا داماو و رامی هێزە و ئامادەیە بۆ گۆڕاندن و هەڵسووڕاندن. وە نایشتوانین بڵێین بەشێکی واجب وە بەشێکی مومکینە؛ چونکی هەموو ئەجزاکان لە تەرکیب و پێکهاتن لە مادە وەکوو یەکن، شتێکی وا بە تەرکیب پێك بێ نابێ «واجب الوجود» بێ.

بێجگە لەمە هەموو عەرز و ئاسمان و رۆژ و مانگ و ئەستێرەکان هەر یەکێ بۆ ئیشێ رام بوون، ئەو شتەیش کە موسەخەر و رام بێ بۆ هێز خزمەتکارە و خزمەتکراو نییە و دروستکراوە و دروستکەر نییە. کە وابێ ئەم کائیناتە هەمووی مومکینە. وە هەریەکی بە خواستی خوا بڕیار دراوە بۆ هەڵسووڕان و بەجێهێنانی ئیشێ.

پاش ئەوە خودای تەعالا دەلیلی لەسەر وجوودی خۆی هێناوە، دەلیلی لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەریش هێناوە؛ ﴿وإن كنتم في ريب...﴾ الآية. بە کورتی ئەم دەلیلە بریتییە لەمە پێغەمبەری خودا (محمد المصطفى)ﷺ کەلامێکی لە لایە کە لە لایەنی هەموو ئادەمیزادەوە وێنەی دەست ناکەوێ، وە هەرکەسێ وابێ خۆی پێغەمبەری خودایە و کەلامەکەیش کەلامی خودایە.

جا بۆ ئیسباتی موقەددیمەی یەکەم خودا بانگ ئەکا لە هەموو ئەو کەسانە کە باوەڕیان نییە ئەو کەلامە کەلامی خودا بێ بۆ ئەوە بە هەر هۆیێ ئەتوانن بێن سوورەتێ دەربخەن کە هاو وێنە بێ بۆ ئەم کەلامە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەری خودا. وە بۆ خەبەردان بە عاجزبوونیان لەم کارە بە جوملەی ﴿ولن تفعلوا﴾ ئاگاداری کردوونەتەوە تا ئەمەیش ببێ بە موعجیزەیێتر بۆ قورئانی گەورە.

بۆ دەربڕینی ئەم باسە: لە رۆژێکەوە قورئان هاتووەتە خوارەوە دوژمنانی دینی ئیسلام ویستوویانە موعارەزەی قورئان بکەن «مع أنه» بە کەس نەکراوە ئەگەرنا لە دنیادا فاش ئەبوو وە باس ئەکرا. جا پاش ئەوە کە زانیمان قورئان موعارەزەی نەکراوە

ئەڵێین: حاڵ لە دوو بەدەر نییە: یا قورئان قابیلە موعارەزە بکریٚ و خودا نەیهێشتووە و مەیدانی نەداوە بە دوژمنان موعارەزەی بکەن. وە یا خود هەر پایەی بەرزترە لەوە کە موعارەزەی بکرێت و موعارەزەی ناکرێت. ئەگەر باری یەکەمە ئەوە دەرکەوت کە خودا ئەیەویٚ ئیسباتی گەورەیی و پایە بەرزی قورئان بکا بۆ ئەوە ببیٚ بە موعجیزەیێکی عالەمی. وەکوو ئەوە کە بەهێزێکی پەنامەکی خودای تەعالا دەم و زمانی ئادەمیزاد بگرێت لەوە کە وتارێکی عادەتی بە دەمیانا بێت.

وە ئەگەر باری دووەمە ئەوە دوبارە عەینی مەبەستی ئێمەیە کە قورئان لە تەوانای ئادەمیزاد دەرچووە و کەلامێکی غەیبی قودسی وەهایە کە چاری ناکریٚ و وێنەی لە کەسەوە دەرناچیٚ.

جا ئەو کەسانە کە بیر و باوەڕیان لەسەر ئەم باری دووەمەیە لە هۆی ئەم بەرزی پایەی قورئانەدا چەن شتێکیان دەربڕیوە:

یەکەم: ئوسلووب و شێوەی خاریجە لە ئوسلووب و شێوەی کەلامی ئادەمیزاد؛ کەلامیٚ کە خاریجی ئوسلووبی تەبیعەتی ئادەمی بیٚ لە ئادەمییەوە دەر ناچیٚ.

دووەم: گەلیٚ کارەساتی غەیبی دەربڕیوە کە بە راستی هاتوونەتە جیٚ و عەقڵی کەسیش ناگا بە کارەساتی غەیبییەدا.

سێهەم: گەلیٚ ئەسراری کائیناتی سەماوی و عەرزی تیایە کە تا ئێستە ئادەمیزاد بە تەواوی تێی نەگەیشتووە و پێی نەگەیشتووە.

چوارەم: ئەم کەلامە بەس لە تەوحید و ئەحکام و ئەخلاق و وەعد و وەعید و گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئادەمیزادی لەمەوپێش، وە بانگ کردنی ئادەمیزاد بۆ ئەندیشەی پاك و کردەوەی چاك و رەوشتی رووناك ئەدویٚ. ئەم باسانەش بۆ ئەوە ناشێن کە ئەو کەلامە باسیان ئەکا زۆر بەرز بڕوا وە پایەدار بیٚ کەچی ئەم قورئانە زۆر پایەی بەرزە.

پێنجەم: هەرکەسێ کەلامی بەرزی هەبێ بە هۆی موبالەغە و زیادەڕەوی و خیلافی واقیعەوە کەلامەکەی پایەی پەیدا کردووە، کەچی قورئان بە بێ موبالەغە و زیادەڕەوی و خیلافی واقیع پایەی بەرزە.

شەشەم: هەر یەکێ لە ناودارانی شیعر و ئەدەب بە تایبەتی لە بابەتێکەوە بەرز بووە؛ وەکوو: بابەتی عەشقبازی، یا شیربازی، یا تاریف کردنی کەسێ، یا دەربڕینی ئامۆژگاری. بەڵام ئەم کەلامە لە گەلێ باس ئەدوێ و لە هەموو باسەکانا پایەی بەرزی موعجیزەی هەیە.

حەوتەم: ئادەمیزاد کاتێ ئەتوانێ لە باسێ بدوێ یا خوێندبێتی بە دەرز، وە یاخود لە دەمی خەڵکی بیستبێ، یا شتێ بێ لە پایەی بیری خۆیا بێ. بەڵام ئەو قورئانە باسی غەیبیات ئەکا و، باسی ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و دەریا و هەوا و گۆڕانی ئەوزاعیان ئەکا و، باسی گەلێ شتی وا ئەکا لە پایەی عەقڵی ئینسان بەدەرە. کە وابێ ئەبێ ئەم کەلامە کەلامی خودا بێ.

هەشتەم: قورئان خاوەنی سۆزێکی نەفسی وەهایە کە ڕۆح و دڵی گوێگر ڕام ئەکا.

نۆهەم: ئەم کەلامە لە دارشتنی بەندەکانیا بە نەوعێ دارای چاودێری حاڵی ئەوانەیە قسەیان لەگەڵدا ئەکا، وە ئەوەندەی نوکتەی بەلاغەیی و ئەدەبی تیایە ئینسانی زانا لە پاش زانستی فەنی بەلاغە لەم کەلامەدا سەراسیمە ئەبێ، وە عەقڵ سەری بۆ شۆڕ ئەکاتەوە و بۆی ڕام ئەبێ.

دەهەم: ئەو یاسایە کە قورئان ڕێکی ئەخا بۆ دین و بۆ دنیا، وە ئەو ئەحکامانە باسیان ئەکا لە هۆی ئیجتیماعیات و سیاسە و ئیدارەوە، وە ئەو ڕێگەیە نیشانی ئەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی وەکوو راوێژ و دادی کۆمەڵایەتی و موعامەلە و موناکەحە و میرات و غەیری ئەمانەیش. بە قەتعی جێبەجێ نابێ مەگەر بە هۆی

مەجلیسێکی دامەزراو لە کۆمەڵێ خوێندەواری دنیادیدە و پێگەیشتووی چەرخەوە، وە قەتعەن بۆ تاقە کەسێ قابیل نییە ئەم یاسا دابمەرزێنێ. کە وابێ ئەم کەلامە کەلامی خودایە، وە ئەو کەسەیش ئەم کەلامەی بۆ هاتووە پێغەمبەری خودایە ﷺ.

باسێکی عیلمی لە ئایەتی ﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ﴾ (الآية).

کەلیمەی «من مثله» یا بەسراوە بە جوملەی «فأتوا»وە، یاخود سیفەتە لە بۆ «سورة». وە لە هەردوو بارەکەیا زەمیری «مثله» یا ئەگەڕێتەوە بۆ «عبد»، یا بۆ «ما نزلنا» ئەمە چوار بار:

مەعنای باری یەکەم: ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلامەدا ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر بەندەی خۆمان. بۆم بێنن لە وێنەی ئەم عەبدەوە تاقە سوورەتێك.

مەعنای باری دووەم: ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلاما، بێنن لە وێنەی ئەوە کە ناردوومانەتە خوارەوە بە تاقە سوورەتێك.

مەعنای باری سێهەم: ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلاما، تاقە سوورەتێکم بۆ بێنن لە وێنەی ئەم عەبدەوە.

مەعنای باری چوارەم: ئەگەر وان لە گومانا لەم کەلاما، تاقە سوورەتێکم بۆ بێنن لە وێنەی ئەم کەلامە کە ناردوومانەتە خوارەوە.

جا ئەو بارەی کە «من مثله» تیادا بەسرابێ بە جوملەی «فأتوا»وە زەمیرەکەی بڕوا بۆ «ما نزلنا» ئەوە ئەگەیێنێ وێنەی ئەم کەلامە هەیە لە واقیعا، بەڵام ئێوە ناتوانن بیهێنن بۆ دەرخستنی بەرابەرکێ. لەگەڵ ئەوەیشدا لە واقیعا وێنەی نییە، کە وابێ ئەم بارە باش نییە. سیرڕی ئەمەیش ئەمەیە کە تەعجیز بە ئیعتیباری «ما أتی به» ئەبێ نەك بە ئیعتیباری «ما أتی منه» وەکوو تەفتازانی لە شەرحی تەلخیسدا فەرموویەتی.

بەڵام سێ بارەکەی‌تری ئەم عەیبەیان تیا نییە «مع العلم» لەم بارانەیشا زەمیری «من مثله» بۆ «ما نزلنا» بڕواتەوە بە هێزترە لەوە کە بڕواتەوە بۆ «عبد»؛ چونکی ئەگەر بڕواتەوە بۆ «عبد» ئەوە ئەگەیێنێ وێنەکەی لە ئینسانێکی نەخوێندەواری وەکوو ئەم پێغەمبەرەوە دەست ناکەوێ، بەڵام قابیلە لە خوێندەوارەوە دەست بکەوێ. «مع العلم» لە چەن ئایەتی قورئانا هەیە کە وێنەی قورئان لە ئینس و جینەوە دەست ناکەوێ.

﴿وَبَشِّرِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّـٰتٍ﴾

ئەی رەهبەری ئادەمیزاد موژدە بدە بەوانەی ئیمانیان هەیە بە فەرموودەی تۆ و کردەوەی باش ئەکەن کە لەپاشەرۆژا چەن بەهەشتیان هەیە. یەکەم سیفەتی ئەو بەهەشتانە ئەمەیە:

﴿تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ﴾

لە ژێری دارەبەیەکچووەکانیانا جۆگەی ئاوی ساف رەوان ئەبێ. وە دووەم سیفەتیان ئەمەیە:

﴿كُلَّمَا رُزِقُوا۟ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقًا﴾

هەرکاتێ میوەیان بۆ بێ لەو بەهەشتانەوە.

﴿قَالُوا۟ هَـٰذَا ٱلَّذِى رُزِقْنَا مِن قَبْلُ﴾

ئەڵێن: ئەم میوە ئەو میوەیە لەمەوپێش لە دنیادا پێمان ئەدرا. یاخود ئەم میوە ئەو میوەیە کە جاری پێشوو لەم بەهەشتەدا بۆمان هێنرا.

﴿وَأُتُوا۟ بِهِۦ مُتَشَـٰبِهًا﴾

وە هۆی ئەم قسەشیانە ئەوەیە کە ئەو میوانە بۆیان دێنن لە وێنەیێکن. ریوایەت کراوە لەو کاتەدا ئەم قسەیە ئەکەن ئەو فریشتەیە کە میوەکەیان بۆ دێنێ ئەڵێت: بخۆن رەنگیان یەکێکە بەڵام تامیان جیایە.

﴿وَلَهُمۡ فِيهَآ أَزۡوَٰجٞ مُّطَهَّرَةٞۖ﴾

وە لەو بەهەشتانەدا هەر یەکێ چەن هاوسەرێکی وای هەیە کە بە دەستی تەوانایی خودا پاك کراونەتەوە لە بەدسروشتی وە بەدڕەوشتی وە لەو عوزری شەرعییە کە بە سەر ژنانا دێت.

﴿وَهُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥﴾

وە لەگەڵ ئەم هەموو ناز و نیعمەتەیشا لەو بەهەشتەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

کاتێ خودای تەعالا دووڕووەکانی وێنەدار کرد بە وێنە رابوردووەکان کە لەوانا ناوی هەورەگرمە و برووسکەی برد کافرەکان رەخنەیان گرت وتیان: چۆن زاتی خودا بەو گەورەییە ناوی ئەم شتە سووکانە ئەیێنێ؟ خودای تەعالا لە رەدیانا ئەمەی نارد:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَسۡتَحۡيِۦٓ أَن يَضۡرِبَ مَثَلٗا مَّا بَعُوضَةٗ فَمَا فَوۡقَهَاۚ﴾

بە راستی خودا باکی نییە لەوە ناوی وێنەیێ بهێنێ بۆ روونکردنەوەی مەبەستی خۆی. خواه ئەو وێنەیە مێشوولەیێ بێ، یا شتێکی زلتر لە مێشووله.

﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَيَعۡلَمُونَ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡۖ﴾

جا ئەو کەسانە کە خاوەن ئیمانن و بیر و باوەڕیان رووناکە ئەزانن ئەو وێنەکارییە ئیشێکی راست و بەسوودە و لە خوداوەیە و مەبەست رووناك کردنەوەی حەقیقەتە لە لای ئادەمیزاد.

﴿وَأَمَّا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلٗاۘ﴾

وە ئەوانەیش کە کافر و بێئیمانن و بیر و باوەڕیان تاریکە بە ئیستینکارەوە ئەڵێن: ئەوە خواستی خودا چییە بەم وێنە و وێنەکارییە و مەبەستی چییە؟

﴿يُضِلُّ بِهِۦ كَثِيرٗا وَيَهۡدِي بِهِۦ كَثِيرٗاۚ﴾

جا بە هۆی ئەو وێنەکارییەوە خوا گەلێ کەس گومڕا ئەکا کە بیر و باوەڕیان تاریکە وە نایانەوێ دڵیان رووناك بکەنەوە، وە گەلێ کەسیش شارەزا ئەکا بۆ حەقیقەت و رێگەی راست و مەبەستی خۆی.

﴿وَمَا يُضِلُّ بِهِۦٓ إِلَّا ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾﴾

وە گومڕا ناکا مەگەر ئەو کەسانە لە فەرمانی پەروەردگار دەرچوون.

﴿ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهْدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعْدِ مِيثَٰقِهِۦ﴾

ئەو فاسقانە کە ئەو عەهد و پەیمانەی خودا لەگەڵ ئەوان و پێشینانی ئەوانا کردوویەتی بە هۆی پێغەمبەریانەوە وە ئەو کتێبەی کە خودا ناردوویەتی بۆیان هەڵی ئەوەشێننەوە و رەفتاری پێ ناکەن لە پاش دامەزرانی ئەو پەیمانە.

﴿وَيَقْطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ﴾

وە هەرچی خودا فەرمانی داوە بە بەجێهێنان و چاودێری کردنی، ئەیبڕن و تێکی ئەدەن.

﴿وَيُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ﴾

وە لە عەرزا ئیفساد ئەکەن، دڵی ئادەمیزاد لە خودا ناسین دوور ئەخەنەوە و دڵیان دەربارەی یەکتر خراپ ئەکەن، وە بەرابەر بە ئارامی و ئاسایشی ئادەمیزاد ئاشووب ئەنێنەوە و شۆڕش بەرپا ئەکەن و فەرمانی خودا ئەگۆڕن بە ئارەزووی نەفسی خۆیان.

﴿أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٢٧﴾﴾

ئەو فاسقانە کە ئەمە شێوەیانە هەر ئەوانن زیانکردووی راستی لەم جیهانەدا و لە جیهانی دواییدا.

روون کردنەوەی ئەم ئایەتانە:

﴿**لا یستحي**﴾: لەسەر ریوایەتی ئیبنوعەباس ﷺ کاتێ ئایەتی: ﴿**یا أیها الناس ضرب مثل فاستمعوا له**﴾[١] لە سوورەتی حەجدا نازڵ بوو، وە خودا تانەی دا لە بتی کافرەکان، وە لە پاشان عیبادەتی بتەکانی وێنەدار بە خانووی «جالّجالۆکە» کرد، جوولەکەکان وتیان: مێش و جالّجالۆکە قەدری ئەوەیان نییە خوا باسیان بکا و بیان کا بە «مُشبّەبِه»!

وە لە سەر ریوایەتێکی‌تر دوورووەکان تانەیان دا لە «ضرب المثل» بە ئاگری کراوە و بە تاریکی هەور و هەورەگرمە و برووسکە لە ئایەتی: ﴿**مثلهم کمثل الذي استوقد ناراً**﴾ وە لە ئایەتی: ﴿**أو کصیب من السماء**﴾!

وە لەسەر هەندێ ریوایەتی‌تر ئەم تانەدانە لە لایەنی کافرەکانی قورەیشەوە بوو، جا خودا بۆ بەتاڵ کردنەوەی تانەکانیان ئەم ئایەتانەی ناردە خوارەوە.

﴿**لا یستحي**﴾؛ حەیا: بریتییە لە گۆڕان و شکانی نەفس لە بیمی شتێ کە بە شوورەیی بژمێررێ، بە کوردی شەرم کردن. بەڵام کە نیسبەت لە خودا بدرێ ئەبێ ئەم مانا نەگیرێ. بەڵکوو شتێ کە لەمە پەیدا ئەبێ وەکوو تەرکی ئەو ئیشە شوورەییە «مەسەلا».

«**أمثال**»: جەمعی «مثل»ە، مەسەل بریتییە لە وتارێ دەلاڵەت بکا لەسەر شێوەیێ بووبێ بە «مُشبەبِه» بۆ شێوەیێکی‌تر وە بەکار بهێنرێ لە «مُشَبه»ەکەدا وەکوو «فِي الصّیف ضیّعت اللبَن»، کە وەختی خۆی بەکار هێنراوە لە ژنێکی بەرەڵڵا کراوا، وە پاش ئەوە بەکار ئەهێنرێ لە نیشاندانی شێوەی کەسێ کە لەو ژنە و شێوەی بچێ. وە ئەمسال لە رۆژێکەوە ئادەمیزاد بووە لە ناو هەموو کۆمەڵێکدا بەکار هێنراون، وە بۆ پەند و ئامۆژگاری ئادەمیزاد گەلێ بەسوودن.

---

١. الحج؛ ٧٣.

«عهد اللّه»: پەیمانی خودا لەگەڵ ئادەمیزادا سیانە؛

یەکەم: پەیمانێ کە لەگەڵ پێغەمبەرانا کردوویەتی بۆ گەیاندنی فەرمانی ئەو بە ئادەمیزاد.

دووەم: پەیمانێ لەگەڵ زانایانی دینا کردوویەتی بۆ ئەوە ئایین ون نەکەن لە ئادەمیزاد و بە راستی، بێ گۆڕاندن، نیشانی بدەن و فەرمان بدەن بەوەی رەوایە، وە هەرچی ناڕەوایە بە قەی دەسەڵات بچن بە گژیا، بە دەست یا بە زمان یا بە دڵ، وە خۆیشیان لەسەر فەرمانی خودا خۆگر و دامەزراو بن.

سێهەمیان: پەیمانێکە بە هۆی عەقڵ و هۆشەوە لەگەڵیانا کراوە؛ چونکی مادام خوا عەقڵی دا بە ئادەمیزاد مانای وایە هەتا ئەتوانن لە هۆی کارەساتی دین و دنیادا عەقڵ بەکار بێنن وە راوێژ بە ژیران بکەن وە ئەو نیشانانە کە خودای تەوانایان پێ ئەدۆزرێتەوە تەماشای بکەن. هەروا ئەو نیشانانە کەوا بە سوودن بۆ باوەڕ بە رەهبەرانی عالەم بەکار بهێنرێن بۆ ئەوە کە رێگەی راست ون نەکەن وە دووری بکەن لە بیر و باوەڕی زیاندەر وە لە رەوشتی ناپەسەند وە لە کردەوەی خراپ.

«**فاسق**»: بە مانا لە فەرماندەرچوو، جار جار ئەوترێ بۆ کافر؛ چونکی لە باوەڕ بە خودا و باوەڕ بە پێغەمبەر دەرچووە.

وە جار جار ئەوترێ بۆ موسوڵمانی تاوانبار لە بەر تەرکی واجبات، ئەوەی پێویستە بیکا. وە کردنی ئیشی حەرام، ئەوەی کە ناڕەوایە.

پاش ئەوە خوای گەورە باسی حاڵی کافرەکانی کرد، ئەمجار بە شێوەی ئیلتیفات رووی کردە هەموویان و فەرمووی:

﴿كَيْفَ تَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَكُنتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٨﴾﴾

ئەفەرموێت، بە چ حاڵێ بە چ روویەکەوە بەرابەر بە پەروەردگاری عالەم ئینکار و بێباوەڕی ئەکەن؟ لەگەڵ ئەوەدا کە خۆتان ئەزانن لەمەوبەر تۆمێکی بێگیان بوون لە لای باوك و دایکەوە، وە خودا گیانی کرد بە بەرتانا، وە لە پاشی هاتنی ئاکامتان ئەتانمرێنێ، وە لە پاش مردنەکەیش، لە پاشەڕۆژا، زیندووتان ئەکاتەوە وەکوو لە دنیادا، جا پاش ئەوە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودا وە ئەو حسێبی بیر و باوەڕ و کردەوەتان لەگەڵا ئەکا وە هەر یەکێ حەواڵەی شوێنی خۆی ئەکا بۆ وەرگرتنی پاداشی چاکە یا خراپە.

ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتە:

مەبەست لەم ئایەتە ئەمەیە: کە ئادەمیزاد چوار شت وا لە ڕێگەیا؛

یەکەم: دروست کردنی ئەووەڵجاری کە لەلای باوك و دایکیا تۆمێکی بێگیان بووە.

دووەم: لە پاش ماوەیێ خوا گیانی بە بەرا کردووە وە دەری کردووە بۆ دنیا، وە بە گوێرەی ئەو شێوە بۆی ڕێکەوتووە ژیاوە تا کاتی ئاکام.

سێهەم: گیان کێشان وە بۆ گۆڕناردن.

چوارەم: زیندوو کردنەوەی ڕۆژی ڕەستاخێز کە بە دروست کردنێکی ڕەسا وەکوو لە دنیادا، بەڵکوو باشتر، دروست ئەکرێتەوە، ئەمجار پاداشی بیر و باوەڕ و کردەوەی ژیانی دەست ئەکەوێ. ئەم شتانە سیانیان دیارین بۆ هەموو کەس. وە هەرکەسێ هۆش و شوعووری ساغی ببێ ئەزانێ ئەو پەروەردگارە ئەو سێ شتەی پێ کرا ئیشی چوارەمیشی پێ ئەکرێت؛ چونکی بە عەقڵ ئەزانێ ئەو سێ کارەساتەی لە خۆوە نەبووە، وە لە هێزێکی بێشوعوور و نەزان و نەفامیش نەبووە، بەڵکوو لە هێزێکی

نەبڕاوەی زانا و تەواناوە روویان داوە. دەی ئەو خاوەن هێزەی ئەوانەی کردووە ئەشتوانێ دووبارە زیندووی بکاتەوە، وە بە پاداشی خۆی بگات.

ئیمام فەخری رازی ئەفەرموێت: هەندێ کەس وتوویانە: لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە زیندووبوونەوەی گۆڕ نییە؛ چونکی خودای تەعالا دوو زیندوو کردنەوەی باس کردووە بۆ ئادەمیزاد. یەکەم بۆ ژینی دنیا، دووەم بۆ ژینی پاشەڕۆژ. وە وەڵامی ئەم شوبهە ئەمەیە: پێویست نییە هەموو مەبەستێ لە هەموو ئایەتێکا هەبێ. مادام دەلیلی خاریجی هەیە بۆ زیندووبوونەوەی گۆڕ باس نەکردنی لەم شوێنەدا زیانی نییە. یانی گەلێ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ زیندووبوونەوەی گۆڕ ئەگەیەنن، وە باسی خۆشی و ناخۆشی گۆڕ لە گەلێ فەرموودەیا دیارە. ئەمەیش بۆ ئیسباتی ئەم مەبەستە بەسە.

من ئەڵێم: لەسەر وردەکاری زانایانی دین زیندووبوونەوەی پاش گیان دەرچوون وە پێش هاتنی رۆژی قیامەت زیندووبوونەوەی «بەرزەخ»ییە، وە ئەوەیش بریتییە لە پەیوەندی رۆح بە مردووەوە و وەرگرتنی خۆشی و ناخۆشی وەکوو ئینسانی نوستوو خەو ئەبینێ وە لە خەوەکەیا وا ئەزانێ مەسەلا کە لەگەڵ دۆستانیا لە باخێکا یا لە خانوێکا بە خۆشی رائەبوێرێ، وە یاخود لە ژێر دەستی دوژمنێکدا داماوە وە ئازار ئەدرێ وە زەجر و داخ ئەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسانە وان لە لای نووستووەکە هیچ جموجووڵێ یا نیشانەی شین و شادی لێوە نابینن.

بە کورتی زیندووبوونەوەی بەرزەخ نەوعێکی تایبەتییە وە جیایە لە زیندووبوونەوەی راستەقینەی رۆژی قیامەت.

وە زاهیری ئایەتی: ﴿أغرقوا فأدخلوا ناراً﴾[1] کە لە باسی کۆمەڵی «فیرعەون»دایە ئەمەیش هەر لە پاش ئەوە لە دەریای «نیل»دا خنکان خودا خستنیە ئاگرەوە. دیارە

---

١. نوح؛ ٢٥.

ئەو ئاگرەیش ئاگری رۆژی قیامەت نییە. کە وابێ ئەبێ ئاگری ئازاردانی ماوەی بەرزەخ بێ. هەروا ئایەتی: ﴿النار يعرضون عليها غدواً و عشياً و يوم تقوم الساعة أدخلوا آل فرعون أشد العذاب﴾[1] دەری ئەخا.

﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا﴾

هەر ئەو پەروەردگارە کە ئێوەی دروست کردووە هەرچی بەش و بارە و ناز و نیعمەتی عەرزە هەمووی بۆ ئێوە دروستکردووە، تا هەرکەسێ بەقەی شانی خۆی لە زانست و پیشە و سنعەت و کردەوە و کۆششی خۆی سوودی لێوەربگرێ لەسەر یاسای ئایینی خودایی.

﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ﴾

پاش ئەوە کە عەرزی دروست کرد، خواستی رووی کرد بۆ دروست کردنی ئاسمان و دروستی کردن بە حەوت ئاسمان کە درێژەی شێوە و نیشانەیان هەموو حەواڵەی عیلمی خودایە.

﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾﴾

ئەو خودایە کە ئەمانەی کردووە هەر ئەوە بە هەموو شتێ زانایە و ئەتوانێ لەسەر زانست و خواستی خۆی ئەنواعی شت دروست بکا.

﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست! باسی ئەو وتارانە بکە بۆ ئادەمیزاد لەو کاتەدا کە خودا فەرمووی بە فریشتەکان ئەمەوێ لە عەرزا جێنشینێ دابنێم کە هەموو ئیشێکی چاك و خراپی پێبکرێ.

---

١. غافر؛ ٤٦.

﴿قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ﴾

فریشتەکان عەرزی بارەگای خودایان کرد: پەروەردگارا! سیرِ و کاکڵەی چییە تۆ لە عەرزا گەلێ دروست ئەکەی کە چاکە و خراپەیان پێ بکرێ و هەڵکەوێ لێیان هەندێ کەسی وا کە ئیفساد بکا لە عەرزا [و] کردەوەی نارەوا بکا و خوێنی بێ‌تاوان برێژێ؟!

﴿وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ﴾

وەلحاڵ، ئێمە گەلێکین بە دەوام ئامادەین بۆ تەسبیحی زاتی تۆ بۆ بەیانی گەورەیی و پاکی تۆ لە عەیب و نەقس لەگەڵ سوپاس و ستایشا.

﴿وَنُقَدِّسُ لَكَۖ﴾

وە هەمیشە نەفسی خۆمان پاك ئەکەینەوە لە تاوان لە بەر خاتری تۆ وە لە بەر رەزای تۆ.

﴿قَالَ إِنِّيٓ أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ۝٣٠﴾

خودا لە وەڵامیانا فەرمووی: من گەلێ ئەسراری وا ئەزانم ئێوە نایزانن و گەلێ حیکمەت هەیە لە دروستکردنی ئادەمیزادا. جا بۆ دەربڕینی گەورەیی و پایەی ئادەمیزاد خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی دروست کرد، وە حازری کرد لە ناو فریشتەکانا.

﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾

وە بە ئیلهام (خستنەناو دڵەوە) وە یا بە دروست‌کردنی عیلم و زانستی ناچاری و بێ‌حەول و کۆشش، ناوی هەموو ئەو شتانە کە لە عەرزا یا لە ئاسمانا بوون یاخود لە پاشا پەیدا ئەبن نیشانی ئادەمی دا.

﴿ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ﴾

پاش ئەمە وێنەی خاوەنەکانی رانواند بە سەر ئادەم و فریشتەکانا.

﴿فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِى بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾﴾

فەرمووی بە فریشتەکان: خەبەردارم بکەن لە ناوی ئەو شتانە کە وێنەیان حازرە لە لاتان، ئەگەر راست ئەکەن کە خۆتان بە کاری جێگیری دێن!

﴿قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿٣٢﴾﴾

فریشتەکان عەرزیان کرد: پەروەردگارا! تۆ دووری لە کاری بێ‌حیکمەت، وە ئێمە ئاگامان لە هیچ نییە مەگەر ئەوەی کە تۆ نیشانت داوین، هەر تۆ خۆت زانای بە هەموو شتێ، وە هەر تۆ خاوەن حیکمەتی لە هەر کارێکا ئەیکەی وە کەس رایەی ناکەوێ قسەی تیا بکا.

﴿قَالَ يَٰٓـَٔادَمُ أَنۢبِئۡهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡۖ﴾

جا خودا بۆ دەربڕینی پایەی حەزرەتی ئادەم فەرمووی: ئەی ئادەم ناوی ئەو خاوەن وێنانە بڵێ بە فریشتەکان.

﴿فَلَمَّآ أَنۢبَأَهُم بِأَسۡمَآئِهِمۡ﴾

کاتێ ئادەم خەبەری دا بە فریشتەکان.

﴿قَالَ أَلَمۡ أَقُل لَّكُمۡ إِنِّىٓ أَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾

خودا فەرمووی پێیان: پێم نەوتن کە من هەموو شتێکی پەنامەکی لە ئاسمان و عەرزا ئەزانم؟

﴿وَأَعۡلَمُ مَا تُبۡدُونَ وَمَا كُنتُمۡ تَكۡتُمُونَ ﴿٣٣﴾﴾

وە ئەوەی ئێوە دەری ئەبڕن و ئەوەیش دەری نابڕن من ئەیزانم؟

ئەوەی پێویستە لەم شوێنەدا بزانرێت:

یەکەم: وەکوو خودا ئادەمیزادی دروست کردووە لە خاك هەروا فریشتە و پەریشی دروست کردووە. فریشتە: جیسمی لەتیف و ناسکن، وە بە چاو نابینرێن، مەگەر بە شێوەی خاریجی عادەت. وە ئەم گرۆهە نێر و مێیان نییە. وە بە نەتەوایەتی پەیدا نابن، بەڵکوو بەس بە فەرمانی خودا پەیدا ئەبن. وە هەموو بێ‌تاوان و بێ‌گوناحن، وە لە فەرمانی خوای تەعالا دەر ناچن.

وە پەری (جن) ئەوانیش هەر جیسمیان لەتیفە، وە لە ئاگر دروست کراون، بەڵام ئەوان نێرو مێیان هەیە، وە بە نەتەوایەتی پەیدا ئەبن، وە تاوانبار و بێ‌تاوانیان هەیە وەکوو ئادەمیزاد. ئەمانیش بە شێوەی خاریج لە عادەت نەبێ کە دەرئەکەون بۆ پێغەمبەران و رەهبەران، بۆ کەس دەرناکەون. وە فریشتە و پەری ئەتوانن خۆیان بنوێنن بە چەن شێوە و قەوارە، بەڵام فریشتە لە شێوەی شتی پاکا دەرئەکەون، وە پەری بە شێوەی پاك و پیس خۆیان دەرئەخەن.

دووەم: ئەم باسە باسی نیعمەتێکی گەورەی خودایە لە سەر ئادەمیزاد کە ئەوانی هەڵبژاردووە بۆ جێداری خۆی، وە باوکی ئەوانی کردووە بە مامۆستا بۆ فریشتەکان، وە فەرمانی داوە بە فریشتە تەعزیمی بکەن و دان بنێن بە پایە بەرزییا.

سێهەم: ئەم باسە باسێکی غەیبی وە ئیشارەتێکە بە بناغەی دروست کردنی ئادەمیزاد. وە باسی ئەوەی نەکردووە ئەو فریشتانە خودا قسەی لەگەڵا کردوون هەموو فریشتەکانن، یا فریشتە نزیکەکانی بارەگای خۆی. هەروا ناوی ئەوەی نەبردووە ئەم وتارە بە شێوەی وەحی و ئیلهام بووە بۆ یەکە یەکەی فریشتەکان، وە یاخود ئەمری کردووە حازر ببن لە شوێنێکا و بە وێنەی وتارێ لەگەڵ مووسا ـ کلیم اللّٰه ـ دا قسەی

لەگەڵ کردوون. ـ «بناء علیه» ـ ئەم ئەوزاعە هەمووی حەواڵەی عیلمی خودایە و ئێمە مەجالی قسەمان نییە تیایا.

چوارەم: ئەم وتار و قسەیە لەگەڵ فریشتەکان هەر بۆ ئەوە بوو کە پایەی حەزرەتی ئادەمعليه السلام دەربخا لە لای فریشتەکان. وە فەرمان بدا بە گەورە تەماشای بکەن. ئیتر بۆ ئەوە نەبوو کە خودا راوێژ بکا لەگەڵ فریشتەکانا؛ چونکی خودا باڵایە لەم خەیاڵاتە و خۆی چی بوێت ئەیکا، وە کەس لە ئیشی ئەودا مەیدانی قسە و باسی نییە.

پێنجەم: ئەم پرسیارە کە فریشتەکان کردیان لە رووی رەخنەگرتنەوە نەبوو لە خودا، وە یا خود لە سەر ئەساسی خراپە وتنی ئادەمیزاد نەبوو؛ چونکی ناوبردنی گرۆهی بە خراپە لە پێش دروستکردنیانا مەعقوول نییە. بەڵکوو پرسیار بوو لە سیرڕ و حیکمەتی دروست کردنیان لە پاش ئەوە حاڵی بوون کە ئادەم و ئادەمیزاد ئەکرێن بە «خلیفة اللّٰه» لە عەرزا. لەسەر ئەم ئەساسە کە خەلیفە بە مانا جێدار و جێگر و نوماینەدیە، وە گورۆهێ پایەی جێدارییان ببێ پێویستە دارای زانست و خواست و تەوانایی بن و گۆیا و شنەوا و بینا بن، وە لە سیفەتی خواستەوە شەهوەت و ئارەزووبازی پەیدا ئەبێ، وە لە سیفەتی تەوانایی غەزەب و رك گرتن دەر ئەچێ، وە کەسێ دارای ئارەزووبازی ئاڵۆزی بێ گەلێ ئیشی نارەوای لێدەرئەکەوێ. ئیتر ئەوەیان تەماشا نەکرد کە قابیلە بە عیلم و عەقڵ ئەم سیفەتی ئارەزووبازی و ئاڵۆزییە بێتە سەرباری میانەکاری. هەروا تەماشای ئەوەیان نەکرد هەرچەن ئەم گورۆهە شتی نارەوایان لێوە دەرئەکەوێ گەلێ رەهبەر و رەهنومای خاوەن پایە و مایەیشیان لە ناوا ئەبێ وە لەگەڵ بوونی ئەم زاتە بەرزانە تەماشای پەستی هەندێ ئەفراد ناکرێت.

بە هەر حاڵ پرسیارەکەیان داوای دەرخستنی حیکمەت بوو، وە خودایش بەو زانست و ماریفەتە دای بە حەزرەتی ئادەمعليه السلام دەری خست لە فریشتەکان کە ئەم گورۆهە خاوەن پایەن و گەلێ حیکمەت لە دروستکردنیانا هەیە.

وە لە رووی راستیا خودا ویستی حەزرەتی ئادەم و نەتەوەی دروست بکا و جیهان بە پیرۆزی رەهبەران بە تایبەتی پیرۆزی فەخری عالەمﷺ موشەڕڕەف بکا، ئەگەرنا ئادەم بە بێ ئیلهام و نیشاندان لە لایەنی خوداوە ئەو ناوانەی نەدەزانی.

وە ئەگەر خودا بیویستایێ وەکوو تەعلیمی ئەوی کرد تەعلیمی فریشتەکانیشی ئەکرد، وە ئەو پایە کە دەستی ئەو کەوت دەستی ئەمانیش ئەکەوت. «فلله الحكم والأمر».

شەشەم: لەسەر زاهیری ئایەتەکە ئەبێ لوغات تەوقیفی بن، یانی: هەموو زمانێ لە لایەنی خودای تەعالاوە نیشان دراون بە ئادەم. وە ئەمە بیری زۆربەی زانایانی ئوسوولە.

وە هەندێ لە زانایان ئەڵێن: زمانەکان لە دەسکار و دانانی ئادەم خۆیەتی و مانای تەعلیمی ئادەم ئەمەیە کە خودا هێزێکی قودسی لە دڵی ئادەما دروست کردووە و دڵی رووناك کردووەتەوە بۆ ئەوە بۆ هەموو شتێ ناوێ دابنێ.

هەندێ‌تر لە زانایان ئەڵێن ناوی ئەشیا دوو بەشە؛ یەکەم: ئەوەی کە زۆر پێویست بێ بۆ بەکارهێنان، ئەم بەشەی موباشەرەتەن خودا نیشانی ئادەمی داوە. دووەم: ئەوانەی کە زۆر پێویست نین. ئەم بەشەی دانراوی ئادەم و نەتەوەی ئادەمە لە سەر پێویستی خۆیان.

وە لەسەر ئەم مانایە ئەبێ ئەو عوموومە لە ئایەتەکەدا عموومی عورفی لێ‌بگیرێت. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم دوو بیرە دوورن لە زاهیری ئایەتەکەوە.

﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ ﴾

باسی ئەو کارەساتە بکە رووی دا لەو کاتەدا کە پایەی قەدر و خۆشەویستی ئادەمم دەربڕی دەرفەتمان دا بە فریشتەکان سوجدەی حورمەت ببەن لە مامۆستای زاناتان! (ئادەم).

﴿فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ﴾

ئەوانیش هەموو سوجدەیان بۆ برد مەگەر شەیتان.

﴿أَبَىٰ وَٱسۡتَكۡبَرَ وَكَانَ مِنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٤﴾

ئەو سەرپێچی کرد لە فەرمانەکەمان، وە خۆی بە زلتر زانی لە ئادەم، وە بە هۆی ئەم سەرکێشییەوە لە باری فەرمانبەری و ئیمانەوە بۆ باری کافرێتی و نافەرمانی.

﴿وَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ﴾


پاش ئەوە شەیتان سەرپێچی کرد لە فەرمانی ئێمە و دوژمنایەتی خۆی دەربڕی لەگەڵ ئادەما، فەرمانمان دا بە ئادەم پێمان وت: خۆت و هاوسەرت (حەووا) لە بەهەشتا سەقامگیر ببن.

﴿وَكُلَا مِنۡهَا رَغَدًا حَيۡثُ شِئۡتُمَا﴾

وە لە خواردەمەنی خۆشی بەهەشت بخۆن تێر و تەسەل لە هەر شوێنێکا دڵخوازتانە.

﴿وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ﴾

بەس نزیکی ئەم داری گەنمە مەکەون، وە لە دانەکەی مەخۆن.



ئەگەرنا ئەبن بەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کردووە.

﴿فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيۡطَٰنُ عَنۡهَا﴾

کە شەیتان بەمەی زانی بە دەست و برد وتوویرەی خستە ناو دڵی ئادەم و هاوسەرەکەیەوە، وە لە بەری ئەو دارەی پێ خواردن، وە ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە ئادەم و هاوسەرەکەی گیرۆدە ببن.

﴿فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ﴾

وە ئادەم و حەووای دەرکرد لە بەهەشت وە لەو نازو نیعمەت و ئاسایشە کە تیایا بە ئارامی ئەژیان.

روونکردنەوەی ئەم ئایەتانە:

یەکەم: هەموو زانایانی دین لەسەر ئەوەن ئەم سوجدەیە کە فەرمان درا بە فریشتەکان ببیەن لە ئادەم سوجدەی قەدر گرتن و حورمەت بووە نەك سوجدەی عیبادەت و بەندەیی. وە ئەو نەوعە سوجدە لە هەموو ئایینە قەدیمەکانا رابوردووە.

دووەم: بیری زۆربەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەرانی ئادەمیزاد لە فریشتە گەورەترن لە بەر چەند هۆیێ؛ یەکەم: ئادەم زاناتر بووە لە فریشتەکان و زانا لە نەزان گەورەترە. دووەم: ئادەم بوو بە مامۆستای فریشتەکان وە مامۆستا لە شاگرد قەدری بەرزترە. سێهەم: خودای تەعالا فەرمانی بە فریشتە دا سوجدە ببەن لە ئادەم، وە ئاشکرایە ئەوانەی سوجدەی ئیحتیرام ئەبەن لە کەسێ لەو کەسە پایەیان کەمترە. چوارەم: خودای تەعالا ئادەمی کرد بە خەلیفەی خۆی، وە فریشتەی نەکرد بە خەلیفە، وە پایەی خەلافەت پایەیەکی بەرزترە لە پایەی غەیرە خەلیفە. پێنجەم: عیبادەتی ئادەمی گرانترە لە عیبادەت کردنی فریشتە؛ چونکە ئادەمی گیرۆدەی ئارەزووی نەفسە وە سیفاتی وایە مانیعی عیبادەتن، وە رێگەی وەسوەسەی شەیتان لەسەر ئادەمی هەیە، وە فریشتە نە ئارەزووی نەفس وە نە باقی سیفاتی مانیعە وە نە رێگەی وەسوەسەی شەیتان لەسەریان هەیە. شەشەم: خودا فەرموویەتی: ﴿إن اللّٰه اصطفى آدم و نوحاً و آل إبراهيم و آل عمران على العالمين﴾[1]؛ ئەم ئایەتە نیشان ئەدا کە ئەم زاتانە

١. آل عمران؛ ٣٣.

لە عالەم گەورەترن وە عالەم «ما سوی اللّٰه»یە فریشتەیش ئەگرێتەوە. حەوتەم: خودا لە شانی حەزرەتی موحەممەد ﷺ فەرموویەتی: ﴿وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين﴾[١] وە لەسەر قسەی پێشوو دەرئەکەوێ کە حەزرەت ﷺ هۆی رەحمەت بووە بۆ فریشتەیش وە ئەوانیش لەو رەحمەتە سوودیان وەرگرتووە.

سێهەم: زۆربەی زانایان بیریان لەسەر ئەوەیە «ابلیس» فریشتە نەبووە، بەڵکوو لە گورۆهی جینە، وەکوو سەریحی ئایەت ئەڵێت: ﴿كان من الجن ففسق عن أمر ربه﴾[٢]، وە فەرمانی سوجدە بردن لەبەر ئەوە بۆ ئەویش بووە چونکی لە ناو فریشتەکانا بووە. وە ئەگەر فریشتە بوایێ سەرکێشی نەدەکرد؛ چونکی خودا لە شانی فریشتەکانا فەرموویەتی: ﴿لا يعصون اللّٰه ما أمرهم ويفعلون ما يؤمرون﴾[٣]، وە لە ئایەتێکی ترا بە زمانی ئیبلیسەوە ئەڵێت: ﴿خلقتني من نار و خلقته من طين﴾[٤]، وە فریشتە لە نوور دروست کراون نەك لە ئاگر.

چوارەم: «شجرة» لە ئایەتەکەدا لە سەر تاقیقی گەلێ زانایان گیای گەنم بووە، وە هەر گیایێ ساقی ببێ لە زمانی عەرەبا بە شەجەرە ناو ئەبرێ. عەلاوە دوور نییە گیای گەنم لە بەهەشتا بەرز و گەورە بووبێ بە نەوعێ کە ناو ببرێ بە «شجرة».

پێنجەم: وەسوەسەی شەیتان بۆ دڵی ئادەم و حەووا لە دەری بەهەشتەوە بووە؛ چونکی پاش ئەوە شەیتان سەرکێشی کرد لە سوجدە بردن بۆ ئادەم لە بەهەشت دەرکرا. بەڵام لەسەر ئەو هێزە خودا داویە بە شەیتان ئەتوانێ لە هەر شوێنێکەوە ئارەزوو بکا وەسوەسە بگەیێنێ بە هەرکەسێ ئارەزوو بکا. بەڵام هەندێ زانایان

---

١. الأنبياء؛ ١٠٧.
٢. الكهف؛ ٥٠.
٣. التحريم؛ ٦.
٤. الأعراف؛ ١٢.

فەرموویانە: شەیتان رۆیشتووەتە بەهەشت وە لە بەهەشتا دڵی ئادەم و حەووای تێکداوە، وە ئەو دەرکردنەی پێشوویە لەسەر ئەساسی ئەوە بووە بە حورمەتەوە نەماوە لە بەهەشتا؛ بەڵام ئەمە مانیع نییە لە هاتوچۆی بێحورمەتانەی بۆ ئەو شوێنە کە زوو بە حورمەتەوە تیایا بووە وە زاهیری ئایەتی: ﴿قلنا اهبطوا﴾ ـ بە جەمع ـ بۆ ئەم بیرە موناسبە و پێویستی بە تەئویل نییە.

ئەگەر یەکێ بڵێ: بە زاهیری ئایەتی: ﴿إن عبادي ليس لك عليهم سلطان﴾[1] نابێ شەیتان بتوانێ زاڵ ببێ بە سەر زاتێکا کە وێنەی ئادەم بێ! وەڵامی ئەمەیە: مەبەست لەو سوڵتان و زاڵ بوونە گومڕاکردنی عەبدێ بە نەوعێکە لە ئایین دەریکا نەك زاڵ بوون بە سەر خەیاڵات خستنە ناو دڵەوە ئەمە بۆ هەموو ئادەمیزادێ مومکینە.

شەشەم: بیری زانایانی دین زۆربەی لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەران مەعسوومن؛ بەم مانا لە پاش پێغەمبەرایەتی نابێ تاوانی گەورە و ناباریان لێدەرکەوێ نە بە عەمد و مەبەست، نە سەهو، هەروا نابێ تاوانی بچووکیشیان بە عەمدی لێپەیدا ببێ.

ئەگەر یەکێ بڵێت: ئەی چۆن حەزرەتی ئادەم ﷺ بێفەرمانی خودای کرد؟ وەڵامی ئەمەیە: حەزرەتی ئادەم لەو کاتەدا نەکرا بوو بە پێغەمبەر، وە بەهەشت شوێنی تەشریع و تەکلیف نییە، وە ئەو ئەمر و نەهیە کە خودا کردی لە ئادەم ئەمر و نەهی تەشریعی نەبووە بەڵکوو ئەمر و نەهی تەئدیبی و ئیرشادی بوون و ئایەتی: ﴿وعصى آدم ربه فغوى﴾[2] مانای دەرچوونە لە فەرمانی تەئدیبی و ئیرشادی. زیاد لەمەیش خواردنی ئادەم لەو دارە لەسەر فەرامۆش کردنی فەرمان بوو، وەکوو خودا فەرموویەتی: ﴿فنسي ولم نجد له عزماً﴾[3]

---

١. الحجر؛ ٤٢.

٢. طه؛ ١٢١.

٣. طه؛ ١١٥.

«بناء علیه» هەر شتێ لەم بابەتە نیسبەت لە هەر پێغەمبەرێ درابێ یا نیسبەتەکەی لەسەر نەقڵی راست نییە، وە یا لە پێش زەمانی پێغەمبەریدا بووە، وە یا خود ئەو شتە سەغیرەی سەهوی بووە، نەك کەبیرە وە نە سەغیرەی عەمدییە.

حەوتەم: ئەو جەننەتە کە خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی لەگەڵ حەووادا تیا داناوە ئەو بەهەشتەیە کە مەشهوورە لە ناو موسوڵمانا و خودا تاریفی کردووە لە قورئانا بەو شێوە گوشادە بە قەی ئاسمان و عەرز، وە بە مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەگەڵ دروست کردنی دنیادا دروست کراوە، وە ئێستە هەیە. هەر وەها دۆزەخ هەم دروست کراوە و ئێستە هەیە.

وەکوو لە «سەحیحی بوخاری» شەریفدا ریوایەت ئەکا لە کیتابی مەواقیتی سەلاتا لە «ئەنەس»ەوە ـ خوای لێ‌رازی بێ ـ کە ئەفەرموێ: بەهەشت و جەهەننم نیشانم دران ئێستە لە تەنیشتی ئەو دیوارەوە. «الحدیث» وە دەلیل لەسەر ئەمە چەن شتێکە:

یەکەم: وشەی «الجنة» لە عورفی عامی موسوڵمانانا لە کاتی هاتنە خوارەوەی قورئانا وە لە پێش پەیدا بوونی ئەهلی بیدعەدا وەکوو «موعتەزیلە» و «ئەبوموسلیمی ئەسفەهانی» و غەیری ئەمانە. ئەو بەهەشتە مەعلوومە دیارییەتانێ کە وادە دراوە موسوڵمانی تێ‌بچێ لە پاشەڕۆژا.

دووهەم: لە پێش ناوبردنی «الجنة» باسی بەهەشتی «دار الثواب» کراوە، وە بە ئوسووڵی عیلمی ئەم جەننەتەیش هەر یارۆی پێشووە.

سێهەم: زاهیری ئاسار دەلالەت لەسەر ئەوە ئەکا کە مەبەست ئەو بەهەشتە بێ.

چوارەم: ئەو نیزاعە کە لە ئەحادیسی سەحیحەدا ریوایەت کراوە کە واقیع بووە لە بەینی مووسا و ئادەمدا (علیهما السلام) کە عەرزی کردووە: بۆچی بە حیلەی ئیبلیس کارێکی وات کرد لە بەهەشت دەرچی؟ وە ئەویش جوابی داوەتەوە.

پێنجەم: ئەو نیشانانە کە لە قورئانا لە سوورەتی «تاها» دا بەیان کراوە کە خودا پێی فەرموو: ﴿إن لك ألّا تجوع فيها ولا تعرى ﴿١١٨﴾ وإنك لا تظمأ فيها ولا تضحى ﴿١١٩﴾﴾[1] واتە بە راستی بۆ تۆ هەیە ئەی ئادەم کە برسی نەبی لە بەهەشتا وە رووت نەبی لە بەرگ و پۆشاك وە تینوو نەبی تیایا وە گەرمای رۆژ لێت نەدا؛ چونکی لە باخەکانی دنیادا هەر باخێ ببێ وە لە هەر ئیقلیمێ لە ئیقلیمەکانا هەڵکەوێ ئەوانە نییە کە ئەم تەعریفانەی تیا بێتە جێ؛ چونکی حەزرەتی ئادەم مادام لە دنیادا بێ وە لە سەر عەرزا لە هەر باخێکا ببێ لەسەر سیفەتی نەتەوەکەی خۆی برسی و تینوو ئەبێ وە رووت و قووت ئەکەوێ، وە گەرمای رۆژ لێی ئەدا. لە واقیعا ئینسان لە هەر مەنتیقەیەکدا هەبێ گەرمە یا ساردە یا موعتەدیلە، لە گەرمی رۆژ ناپارێزرێ. وە ئەگەر وەسیلەی ئاسایش نەبێ زۆر پەرێشان ئەبێ، وە ئەگەر شوێنی ئادەمیزاد بەهەشت نەبێ هەر تووشی تینوێتی و برسێتی و گەرما ئەبێ. وە ئەگەر فەرزەن بڵێین ئەو باخە میوەی زۆری تیا بووە بۆ خواردەمەنی، وە ئاوی زۆری تیا بووە. بەڵام چارەی گەرما بە چی ئەکرێ؟ کە وابێ مەبەست لەو باخە هەر بەهەشت بووە. کە عالەمێکی سەربەخۆیە وە گەرما و سەرما و برسێتی و تینوێتی تێدا نییە، وە تاوی هەتاوی تیا نییە؛ چونکی بە هێزی تەوانایی خودا ڕووناك ئەبێتەوە، وە بەڵگەی ئەمەیش ئەو ئایەتەیە کە ئەفەرموێت: ﴿فكلا منها رغداً حيث شئتما﴾: بخۆن لە بەهەشتا خواردنێکی بێئازار، یانی بێئیحتیاج بە هەوڵ وە بە سەرئاو چوون لە هەر شوێنێ مەیلتان هەیە. وە لەفزی «رغد» ژینی بێئازارە.

شەشەم: ئەوە کە خودا فەرموویەتی: ﴿فبدت لهما سوآتهما وطفقا يخصفان عليهما من ورق الجنة﴾[2]: واتە پاش خواردنی گەنم عەورەتیان دەرکەوت. یانی ئەو بەرگە لە

١. طه؛ ١١٩ ـ ١١٨.
٢. الأعراف؛ ٢٢.

بەریانا بوو لە پێشا نەما، وە بە پەلە گەڵاداری بەهەشتیان ئەدا بەسەر شوێنی عەورەتیانا. ئەمە مانای وایە هەتا بێفەرمانی خوایان نەکردبوو لەشیان لە پۆشاکێکی ساف و جواندا بوو، وە خواردەمەنییان بە بێ یاسای عادەتی دەرئەچوو، بە عارەق و غەیری عەرەق وە لە پاش نافەرمانییەکەیان عەورەتیان دەرکەوت وە ئەو غیلافە نەما وە پێویستیان بە سەرئاو پەیدا کرد. وە دیارییە ئەم وەزعە کە خواردن بە عارەق دەربچێ لە دنیادا نییە وە هەر لە بەهەشتی پاکا دێتە جێ.

لێرەدا ئەبوومسلیمی ئەسفەهانی و هاوبیرەکانی چەن شوبهەیان دەربڕیوە:

یەکەم: ئەگەر ئادەم بەرزکرابوایەتەوە بۆ بەهەشت خودا لە قورئانا باسی ئەکرد! جوابی ئەمە ئەوەیە: ئەم خاوەن شوبهەیە هیچ دەلیلێکی بە دەستەوە نییە کە ئادەم لە سەر عەرزا دروست کراوە، بەڵکوو لە زاهیری بازێ ریوایەتا دەرئەکەوێ کە فریشتەکان بە ئەمری خودا میقدارێ گڵیان لە ئیقلیمەکانی سەر عەرز وەرگرت و بردیان بۆ بەهەشت وە بە ئاوی جۆگەی «تەسنیم» شێلایان ئەوجا خودا بە تەوانایی خۆی هەیکەلی ئادەمی دروست کرد وە گیانی کرد بە بەردا، وەکوو لە ئایەتا ئەفەرموێت: ﴿إن مثل عیسی عند اللّٰه کمثل آدم خلقه من تراب ثم قال له کن فیکون﴾.[1] کە وابێ ئادەم هەر لە بەهەشتا دروست کراوە. زیاد لەمەیش بەرزکردنەوەی ئادەم بۆ ئاسمان وە یا هێنانە خوارەوەی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بووە، وە ئەگەر دەلیل قودرەتی خودا بێ بۆ کەس فەرقی نییە.

دووەم: بەهەشت داری تەکلیف نییە چۆن ئەبێ خودا لە بەهەشتی ئاسمانا تەکلیف و ئەمر و نەهی بکا لە ئادەم؟ جوابی ئەمە ئەوەیە: عالمە گەورەکان ئەڵێن: ئەو فەرمانی خودای تەعالایە بۆ حەزرەتی ئادەم فەرمانی ئیرشادی و ڕێنومایی بووە نەك تەکلیف.

---

١. آل عمران؛ ٥٩.

وە زیاد لەوە لە پاش تەواو بوونی ئەم عالەمی جیهانە «دار التکلیف» نییە، ئەگەرنا ئێستە ئەگەر بە یاسای «خرق العادە» کەسێ بگاتە بەهەشت ئەوە لەسەر حاڵی موکەللەفی خۆی ئەمێنێ وە ئەمە مەعلووم و دیارییە.

سێهەم: ئەمەیە ئەگەر بەهەشتی «دار الخلد» بوایێ چۆن حەزرەتی ئادەم علیه السلام داوای شەجەرەی خولدی ئەکرد؟ یا چلۆن ئیبلیس بەو تەمایە ئەیخڵەتاند؟ جوابی ئەم شوبهە ئەوەیە: ئەی ئەگەر باخی سەر عەرز بوایێ و ماوەیێ تیا بمایەتەوە و حاڵی ببوایە کە ئەوزاعی عەرز هەمیشە ئەگۆڕێ چۆن باوەڕی بەوە ئەکرد کە لە عەرزا ئادەمی خالید ئەبێ و ئەمێنێتەوە هەتا هەتایە؟ زیاد لەوە ئینسان لە ئەووەڵی دروست کردنیا چۆن ئەزانێ خولوود لە بەهەشتا هەیە و خولوود لە عەرزا مومکین نابێ؟

چوارەم: کەسێ ببرێتە بەهەشتەوە دەرناچێ تا ئەبەد چۆن قابیلە ئادەم دەربکرێ لە بەهەشتی خولوود؟ جوابی ئەمەیە: خولوود بۆ ئەوانەیە کە لە پاش حسێبی قیامەت ئەخرێنە بەهەشتەوە نەك بۆ ئەوانە کە لەم عالەمەدا ئەڕۆنە ناویەوە.

پێنجەم: چۆن قابیلە شەیتان بڕواتە بەهەشتێ کە جێگەی کەرامەت و تەقدیسە؟ جوابەکەی ئەمەیە: شەیتان جیا کراوەتەوە لەو یاسا؛ چونکی لە پاش ئەوە خودا تەردی کرد عەرزی کرد: مۆڵەتم بدە بۆ گومڕاکردنی ئینسان! ئەویش فەرمووی: ﴿إنك لمن المنظرين ﴿٣٧﴾ إلى يوم الوقت المعلوم ﴿٣٨﴾﴾.[1] جا لە سەر ئەو مۆڵەتە سەلاحییەتی هاتوچۆی بۆ هەموو شوێنێ و بۆ ناوی هەموو دڵێك هەیە. وە لاکین «عباد اللّٰه» بە ئیخلاس زیانی پێ ناگا.

---

١. الحجر؛ ٣٨ ـ ٣٧.

شەشەم: ئەمەیە ئەم وەزعی سەرکەوتنی ئادەمە و هاتنەخوارەوەی مەعقوول نییە، کە وابێ با بڵێین ئەو جەننەتە باخێکە لە دنیادا.

جوابی ئەمە ئەوەیە: ئەگەر مەبەست لە مەعقوول مەعقوول بە عەقڵی عادەتی «عوام الناس»ە گەلێ شتی وا هەیە لە جیهانا مەعقوول نییە؛ کورەی رۆژ کە نزیکی روبعە ملیۆنێك قاتی عەرزە مەگەر خودا بزانێ لە کەیەوە تا کەی هەیە و ئەبێ و ئەسووتێ! ئەم هەموو ئەوزاعی پەنامەکییە کە لە ئەسراری ئەسیر و بەرقدا هەیە هیچی بە عەقڵی عەوامدا ناچێ. هەروا هاتوچۆی فریشتە لە ئاسمانەوە بۆ عەرز بۆ لای پێغەمبەران، وە غەیری ئەمانەیش گەلێ سەری لێی سوڕماوە. وە هەموویشی راستن. وە ئەگەر مەبەست لە مەعقوول مەعقوول بە عەقڵی رووناکی ئینسانانەیە وە لەگەڵ باوەڕ کردن بە خودای تەوانادایە ئەوە ئەم جۆرە شتانە قابیلی ئەوە نین کە ئینسان سەری سوڕبمێنێ لەوانەدا. ئەگەرنا ئیشی زۆر دەرئەچێ لە میزانی عەقڵی عەوام، بۆیە لێرەدا نووسیومە:

بەهەشتێکی وا تیایا بمێنێ	بێ نان و ئاوی لەویا نەبینێ
پۆشاکی دایم هەر لە بەرا بێ	بێ رۆژ پرتەوی لە راسەرابێ
بێن پێم بڵێن: کە لەم سەر عەرزایە؟	ئەگەر لە نزمی یا لە بەرزایە
دەوری هەردوو قوتب: جەنووب و شیمال	تاریکستانە هەتا نیوەی ساڵ
ئەو ئیقلیمانەیش نزیك لەوانن	هەمووی ساردەسێر هەمووی کوێستانن
ئەمێنێ عەرزی یەك هەتا پەنجا	ئەوەی بۆ سوکنای ئادەم ئەگونجا
وێنەی ئەفریقا و ئاسیای خۆمان	دوورن لەو وەسفە لەم شوێنا کران
ئیتر بۆ قورئان هەڵگێڕینەوە؟	با جێگەی ئادەم هەڵبڕینەوە
کائینات هەمووی نیسبەت بە خودا	وا لە ناو قەبزەی قودرەتی ئەودا
چی ئەبێ ئادەم لە بەهەشتا بێ	شەیتانیش بۆ خۆی هەر لە گەشتا بێ؟!

هەرچی کە دوور بێ لە بیری مادی ـــ تەئویلی بکەی بۆ یارۆی عادی
لازم دێ قورئان کەلامی ئەو بێ ـــ دین و ئایینیش تەرزێکی ئەو بێ
برا پێت ئەڵێم بە سیدق و ئیخلاس: ـــ قەسەم بەو خودای بۆی ئەکەی سوپاس
ئەم خەیالاتە هەموو ئەوهامن ـــ هەموو بۆ تەفرەی گەلی عەوامن
خەواس بە مانا زانیاری تەواو ـــ قودرەتی خودا دێنێتە بەرچاو
ناکەوێتە دووی تاویلی قورئان ـــ مەگەر ناچار بێ لە هێزی بورهان
خودام بە حەقە و قورئان ئیمامە ـــ لە بۆ ئەم دینە ناوی ئیسلامە
هەرچۆن پێغەمبەر بەیانی داوە ـــ مەعناکەی حەقە و راستە و تەواوە

﴿وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾

پاش ئەم کارەساتە وتمان بە ئادەم و هاوسەرەکەی و ئیبلیس: داپەڕن لە بەهەشتی بەرزی بەرین بۆ سەر عەرزی پڕ لە مەینەت بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیبلیسا و لە ناو خۆتانا. وە یاخود وتم بە ئادەم و هاوسەرەکەی داپەڕن خۆتان و ئەو نەتەوەیە پێتانە لەگەڵ ئەم حاڵەدا کە لە ناو خۆتانا دوژمنی یەکترن؛ چونکی دوژمنەکەتان هەمیشە ئاشووب ئەنێتەوە لە ناوتانا.

﴿وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَـٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴿٣٦﴾﴾

وە بۆ ئێوە دامەزران و رابواردن هەیە تا کاتێ دەسگای دنیا هەڵئەپێچین.

﴿فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَـٰتٍ﴾

کاتێ ئادەم بە خۆی زانی کە تووش بووە رووی‌کردە بارەگای رەحمەتی خودا و دەستی کرد بە نزا و لاڵە و زۆر پاڕایەوە هەتا خودای میهرەبان بازێ وتاری بە سوودی خستە دڵیەوە کە بەو شێوە بپاڕێتەوە، ئەویش وتارەکانی وەرگرت و بەو وتارانە دەستی کرد بە پاڕانەوە جا خودایش بە میهرەبانی لای کردەوە بە لایا.

﴿فَتَابَ عَلَيْهِۚ﴾

چاوپۆشی لێ‌کرد.

﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ٣٧﴾

چونکی بە راستی خودا میهرەبانە و هەر بەندەیێ بگەڕێتەوە بۆ لای ئەویش باشتر لەو لا ئەکاتەوە بەلایا وە خودا میهرەبانە لەگەڵ هەموو کەسێکا سەری بەندەیی بۆ دانەوێنێ.

جا لە پاش چاوپۆشی لە ئادەم لە بەر ئەوە وا حاڵی بوو کە وەکوو عەفوم کردووە هەر لە بەهەشتیشا ئەمێنێتەوە و من بڕیارم دا کە لە بەهەشت داپەڕی بۆ سەر عەرز.

﴿قُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ مِنْهَا جَمِيعًاۖ﴾

بۆ جاری دووهەم فەرمانمان داوە و وتمان: داپەڕن لە بەهەشت بۆ سەر عەرز هەمووتان.

﴿فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى﴾

جا ئەگەر لە لایەنی منەوە ریسالە و فەرماننامەیێ هات بۆتان.

﴿فَمَن تَبِعَ هُدَاىَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ٣٨﴾

هەرکەسێ پەیڕەوی ئەو فەرمانەم بکا لە رۆژی قیامەتا بیمی ئازار و ناڕەزایی لەسەر نامێنێ و ئەوەندە سەرشاد و دڵشاد ئەبێ بە پایەی خۆی زویری لە دڵیا نابێ.

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ٣٩﴾

وە ئەو کەسانەیش بەرابەر فەرمانەکەم و خاوەن فەرمانەکە بێ‌باوەڕی دەربڕێ، وە ئەو بەندانەی ناردوومە بۆیان بە درۆیان بخەنەوە ئەوانەش هاوسەری ئاگری

دۆزەخ ئەبن و بەو حاڵە ئەمێننەوە هەتا هەتایە؛ چونکی پاداشی بێباوەڕی نەبڕاوە، ئازاری نەبڕاوەیە.

ریوایەت کراوە لە روونکردنەوەی ئەو کەلیماتانە کە خودای تەعالا ئیلهامی حەزرەتی ئادەمی کردن چەن ریوایەتێ:

یەکەم: ئەمەیە فەرمووی: ﴿ربنا ظلمنا أنفسنا و إن لم تغفر لنا و ترحمنا لنكونن من الخاسرين﴾:[١] ئەی پەروەردگاری ئێمە! ئێمە ستەممان کرد لە نەفسی خۆمان بە لادان لە فەرمانی تۆ، وە ئەگەر تاوانمان نەپۆشی وە میهرەبانیمان لەگەڵ نەکەی بە راستی ئەبین بەوانە کە تووشی زیانی دەوامدار بوون.

دووەم: ئەمەیە فەرمووی: «سبحانك اللّهم و بحمدك و تبارك اسمك و تعالى جدك لا إله إلا أنت ظلمت نفسي فاغفر لي فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت» ئەڵێت: پەروەردگارا! من تۆ دوور ئەگەرم لە هەموو عەیبێ و سوپاست ئەکەم، تۆ ناوت پیرۆزە و بەش و بارەت بەرزە، بەندەگی ناکرێ مەگەر بۆ زاتی تۆ، وە من ستەمم کرد لە نەفسی خۆم لە تاوانم ببوورە، بە راستی کەس ناتوانێ لە تاوان ببوورێ مەگەر زاتی میهرەبانی تۆ.

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا نیعمەتەکانی خۆی باس کرد لەسەر هەموو ئادەمیزاد بە تایبەتی رووی کرد لە گرۆهی «بەنیئیسرائیل» و فەرمووی: ﴿یا بني إسرائيل﴾ الآية.

لەبەر ئەوە خوا لە قورئانی پیرۆزا گەلێ باسی بەنیئیسرائیلی کردووە. لەبەر ئەوە کە ئەو نەتەوە لە مەدینەی مونەووەرە و شیمالی مەدینەدا زۆر بوون و گەلێ بەربەرەکانێ و عەنادییان نیشان داوە بە حەزرەت ﷺ. با ئێمە بە کورتی مێژووی پەیدا بوونی

---

١. الأعراف؛ ٢٣.

ئەم قەومە و بەسەرهاتیان بنووسین، بۆ ئەوە لەمەولا لە قورئانا هەر باسێکیان هاتە پێشەوە، بزانن ئەو گرۆهە کە باسیان ئەکرێ لە چ دەورێکا بوون وە چۆن ژیان و بەم هۆوە بەرچاوتان رووناك بێ.

وە باشترین مەسدەرێکی تەئریخی لەم رووەوە «دائرة المعارف»ی «فەرید وەجدی»یە کە عالمێکی موسوڵمان و مێژووناس بووە و جێگەی باوەڕە؛ وە بە تەبیعەتی حاڵ، من تەرجمەکەی بە کوردی ئەنووسم بۆ برایانی کورد زمان.

فەرید وەجدی لە بەرگی یەکەم لەسەر بابی ئەلف ئەڵێت: «ئیسرائیل» «یەعقوب»ە کوڕی «ئیسحاق» کوڕی «ئیبراهیم»علیهم السلام وە باوکی دوازدە لقەکەی نەتەوەکەیەتی کە یەکێ لەوان «یوسف»ە علیه السلام. وە ژیاوە لە قەرنی نۆزدەی پێش لە دایك بوونی عیسا علیه السلام.

وە لە عەینی بەرگا لە پێشەوە ئەڵێ: ئیبراهیم پێغەمبەری خودایە، مولەققەب بە «خەلیل» واتە: خۆشەویست، باپیرەی خاتەمی پێغەمبەران حەزرەتی «محمد المصطفی» صلی الله علیه وسلم. ئەم ئیبراهیمە لە دایك بووە لە شاری «ئەور»[1] لە شارەکانی «بابل»دا، لە پێش لە دایك بوونی عیسا بە دوو هەزار ساڵ، وە ئیبراهیم لە چینی هەشتەمە، لە ئەولادی «سام» کوڕی حەزرەتی نووح علیه السلام.

ئیبراهیم «سارە» خاتوونی مارە کرد پاش ماوەیێ «هاجەر»ی مارە کردووە کە جارییەی سارە بووە بەخشیویەتی پێی، وە لە هاجەر ئیسماعیل لە دایك بوو وە پاش ماوەیێ ئیبراهیم بە فەرمانی خودا هاجەر و ئیسماعیلی کوڕی بردن بۆ عەرەبستانی حیجاز وە پاش ماوەیێ لەگەڵ ئیبراهیمی باوکیا ماڵی کابەی پیرۆزیان دروست کرد. جا ئیبراهیم گەڕایەوە بۆ شام، وە ئیسماعیل مایەوە لە حیجاز، وە ژنی هێنا لە قەبیلەی

---

١. بازێ ئەڵێن: لە «گۆتی» «بابل»دا لە دایك بووە، وە بازێ ئەڵێن لە «شەرقات»دا، وە بازێ ئەڵێن لە «سوس» لە نزیکی «عقرە» لە مەنتیقەی «موسڵ» لە دایك بووە.

«جەرهوم» کە عەرەبی «قەحتانی» ئەسڵ بوون و لە ژنەکەی کە ناوی «دەعلە» کچی «مَضاض» بوو دوازدە کوڕ و کچێکی بوو، وە حەزرەتی ئیبراهیم ﷺ جار بە جار لە شامەوە ئەڕۆیشت بۆ دیدەنی ئیسماعیل لە مەککەدا و لە دیدەنی ئاخر جاریا خودا ئەمری کرد بە ئیبراهیم کە خانووی کەعبە دروست بکا، وە بە یارمەتی ئیسماعیل پێکەوە دروستیان کرد، وە کاتێ کە دیوارەکەی بەرز بووەوە ئیبراهیم لەسەر بەردێ راوەستا بۆ ئەوەی کە دەستی بگا بەسەری دیوارەکە ئەو بەردە لەو شوێنەدا ناو برا بە مەقامی ئیبراهیم ﷺ[1] پاش ئەمە ئیبراهیم گەڕایەوە بۆ شام و لە شاما وەفاتی کرد، لە تەمەنی سەد و پەنجا و حەوت ساڵیدا، لەسەر بازێ ریوایات.

جا با بڕۆینەوە باسی ئیسرائیل لە سەر تەرجەمەی «دائرة المعارف» ئەڵێ: وتراوە ئیسرائیل یانی «عبدالله» و هەڵبژێرراو لە ناو خەڵکدا، وە وشەی «اسرا» یانی «عبد» وە «ایل» یانی «الله».

وە بەنیئیسرائیل عیبارەتن لە «یەهوود» قەومی حەزرەتی مووسا ﷺ وە ئەمانە لە مێژووی جیهانا سووڕێکی گەورەیان بووە پێویستە بۆ ئێمە تەماشای هۆی ئەو دەورانە و ئەنجامەکەیان بکەین.

بزانن! تەئریخی ئیسرائیلیین بەشبەش ئەبێ بە پێنج بەش. یەکەم: لە زەمانی حەزرەتی ئیبراهیمەوە، کە باپیرەیان بووە، تا دەرچوونیان لە شاری «میسر». دووهەم: لە دەرچوونیان لە میسر هەتا دامەزراندنی پادشاهی لە ناو خۆیانا. سێهەم: لە دامەزراندنی پادشاهی هەتا کاتی گیران بە دیل و بران بۆ «بابل». چوارەم: لە ئەسارەتی بابلەوە هەتا وێران کردنی «بیت المقدس» بە دەستی «ملك ادریان» پێنجەم: لە کاتی بڵاوەکردنیان

---

١. وەکوو بیستمان لە دەوری تەئریخی هەزار و سێسەدو هەشتای کۆچیدا لەبەر مەجالی «طائفین» ئەو بەردەیان گوێزایەوە بۆ شوێنێکی دوور لە «مطاف» بە بیست مەترێ، وە لەویا چەترێکیان کردووە بە سەریا.

لە عەرزا هەتا ئیمڕۆ. وە ئێمە بە كورتی ئەم باسە لە «دائرة المعارف»ی قەڕنی نۆزدە وەرئەگرین:

دەوری یەكەم: لە تاریخی هەزار و نۆسەدو نەوەد و شەشی پێش میلادی عیساوە هەتا هەزار و شەش سەد و چل و پێنج پێش میلادی عیسا. كە ئەكاتە سێ‌سەد و پەنجا و یەك ساڵی تەواو.

جا لە ساڵی هەزار و نۆسەد و نەوەد و شەشی پێش میلادی حەزرەتی عیسا عليه السلام ـ وەكوو یەهوود ئەڵێن ـ [حەزرەتی ئیبراهیم] دەرچوو لە شار «خالد» (هاڵدی) لە جەزیرەی «ابن‌عمر» وە دابەزی لە وڵاتی «كەنعان»دا، بە وەحی و فەرمانی خودای تەعالا وە هەموو خزمەتكار و حەیواناتی لەگەڵ خۆیا هێنا، جا خودای تەعالا لە كەنعانا ئیسحاقی پێدا. وە لە ئیسحاق یەعقووب پەیدا بوو كە مولەققەب بووە بە ئیسرائیل، وە بووە بە باوكی بەنی‌ئیسرائیل.

وە خودای تەعالا دوازدە كوڕی دا بە حەزرەتی یەعقووب عليه السلام، یەكێ لەمانە كە یوسف عليه السلام بوو خودا كردی بە خاوەنی شان و پایەیێكی گەورە لە ئیدارەی پاشای میسر مەشهوور بە لەقەبی فیرعەون. تا لەو چەرخەدا گرانی و قاتی رزق و رۆزی حەزرەتی یەعقووب و كوڕەكانی ناچار كرد بۆ ئەوە كۆچ بكەن بۆ شاری میسر، وە فیعلەن كۆچی كرد و لە نزیكی «نیل» دابەزین، وە لەو كاتەدا ژمارەیان حەفتا كەس بوون، وە لە ماوەیێكی كەمدا زۆر زیادیان كرد بە نەوعێ فیرعەون مەترسی لێ‌ئەكردن. جا كەوتنە ئازاردانیان و كردنیان بە سوخرە بۆ كارو باری ناڕەحەت، وە پاش ماوەیێ وەزعیان خراپتر بوو بە فەرمانی فیرعەون هەر منداڵێكی نێرینەیان پەیدا ببوایێ ئەیان‌كوشت، وە كچەكانیان ئەهێشتەوە هەتا مووسا دەركەوت و خودا كردی بە رەهبەر و بەنی‌ئیسرائیلەكانی لە میسر دەركرد بۆ نزیكی عەرزی فەلەستین،

وە لەو کاتەدا ژمارەی پیاوی چەك هەڵگری بەنی‌ئیسرائیل گەیشت بە شەش‌سەد هەزار کەس.

دەوری دووهەمی بەنی‌ئیسرائیل، لە تەئریخی هەزار و شەش‌سەد و چل و پێنجەوەیە هەتا هەزار و هەشتای پێش میلاد. کە ئەکاتە پێنج سەد و شەست و پێنج ساڵ.

بەنی‌ئیسرائیل لە ژێر قیادەی حەزرەتی مووسادا روویان کردە عەرزی کەنعان کە ناویان ئەبرد بە عەرزی «موعود بها» واتە: وڵاتێ خودا بڕیاری داوە بۆیان کە تیایا بژین و بەرز ببنەوە.

جا هاتن لە وشکانی نیهایەتی خەلیجی عەرەبی لە بەحری ئەحمەر واتە: وشکانی بەینی بەحری ئەحمەر و بەحری ئەبیەزی متوەست رابوردن بۆ سارای سینا، وە ماوەی چل ساڵ لەویا مانەوە و لەو سارادا گەلێ ئازار و بێزار و برسێتیان تووش بوو، وەکوو مەشهوورە بە ماوەی «تِیّە» واتە ماوەی سەرگەردانی، وە حەزرەتی مووسا لە لاپاڵی کێوی سینا ئەلواحی بۆ هات وە بڵاوی کردەوە بە ناو بەنی‌ئیسرائیلا هەتا مووسا لە ساڵی هەزار و شەش سەد و پێنجی پێش میلاد لە سارای «تیە»دا وەفاتی کرد.

پاش وەفاتی مووسا عليه السلام حەزرەتی «یووشەع» کوڕی «نون» قیادەی بەنی‌ئیسرائیلی وەرگرت وە لە رووباری «ئەردەن» پەڕییەوە و دەستی کرد بە جیهاد وە ئەو دوژمنانە کە بەرەنگاری ئەبوون هەمووی دوورخستنەوە، وە عەرزی مەوعوود کە «کەنعان» بوو داگیری کرد، وە ئەو وڵاتەی بەش کرد لە بەینی دوازدە تیرەی بەنی‌ئیسرائیلدا کە مەشهوورن بە «اسباط».

وە قەبیلەی «لیفی» کە سەرۆکی دین و ئایین لای ئەوان بوو عەرزی باشیان دەس نەکەوت، هاتن لە عەرزی ئەو دوازدە قەبیلەدا چل و هەشت قەسەبەی نیوە ئاوەدانیان وەرگرت، وە لەم بەرە و بەری رووبارەکەیش چەن شارێکیان کرد بە ماوای پەناوەهاوەر لە سەر لێ‌شێواوانی بەنی‌ئیسرائیل هەتا یووشەع وەفاتی کرد.

لە پاش حەرزەتی یووشەع حوکوومەتی «قضاة» دامەزرا واتە حوکوومەتێ بە ناوی حوکوومەتی «فەرمانڕەوایانی دین»، وە ئەم حوکوومەتە تا چوار قەڕن دەوامی کرد و لە زەمانی حەزرەتی یووشەع عليه السلام باشتر جیهادیان ئەکرد، وە گەلێ هێرشیان ئەبردە سەر ئەو نەتەوە و ئوممەتانە کە لە دەور و بەر و دراوسێیان بوون.

دەوری سێهەم: لە تەئریخی هەزار و هەشتای پێش میلادەوە هەتا پێنج سەدو سی و شەش پێش میلاد.

لەم ماوەدا بەنیئیسرائیل زۆر دلگیر بوون لە حوکوومەتی «قضاة» وە ئیشیان زۆر پەرێشان بوو، وە دراوسێکانیان تەماعیان تێکردن. جا داوایان کرد لە حەزرەتی ئەشمەویل کە پێغەمبەری ئەو چەرخە بوو پادشایێکی دادگەر و کارامەیان بۆ دابنێ هەتا لە قیادەی ئەوا جیهاد بکەن، وە نەبی ئەشمەویل موعارەزەی کردن فەرمووی: ئەگەر پادشاتان بۆ دابنێم ئەو پادشایە دەست ئەکا بە غەدر و زۆر کردن و کوڕەکانتان ئەکا بە سوخرەی کار کردن و کچەکانتان ئەکا بە کەنیزەك و کارەکەر، کە وابێ هەر وەکوو ئێستە بمێننەوە باشترە!

بەنیئیسرائیلەکان هەرداوای پاشایان لێکرد ئەویش «شاول تالووت»ی کرد بە پادشایان و تالووت پاش ماوەیێ لە تەعلیماتی ئەشمەویل دەرچوو، جا ئەشمەویل تالووتی عەزل کرد، وە «داوود»ی کرد بە گەورە بە سەر هەموو ئیسرائیلەکانا، وە داوود چل ساڵ حوکمی کرد وە ژمارەی بەنیئیسرائیل لەو کاتەدا گەیشتە یەك ملیۆن و نیو (١٥٠٠٠٠٠)

وە لە پاش وەفاتی داوود حەزرەتی «سلێمان» عليه السلام دانیشت لە جێگەیا وە شاری «ئورشەلیم» (قودسی ئیمڕۆ)ی دروست کرد، وە لە هەموو جیهانا مەشهوور بوو.

وە لە پاش وەفاتی حەزرەتی سلێمان وڵاتی بەنیئیسرائیل کرا بە دوو بەشەوە؛ بەشێکیان لە ژێر فەرمانی «رەحبعام» کوڕی سلێماندا مایەوە، وە ئەم بەشە تێکەڵە لە

دوو قەبیلە «یەهوودا» وە «بنیامین». وە بەشی دووهەم پێك هاتبوو لە دە قەبیلەکەی‌تر، وە ئەمانە «جەبرحەبعام»یان کرد بە گەورەی خۆیان وە جەبرحەبعام کوڕی «ناباد» بوو وە ئەم دە بەشە ناویان دەرکرد بە وڵاتی «یەهوودا» و «ئیسرائیل»، وە ئەم تەقسیمە بوو بە نەگبەت بۆیان؛ چونکی ئەم دوو بەشە مەشغوولی ئەوە بوون کە بە گژی یەکا ئەچوون.

وە زیاد لەوە ئەو وەزعە گۆڕرایە سەری ئەوە هەر کامیان کز ئەبوون یارمەتییان داوا ئەکرد لە بێگانە وە ئەوانیش سوپایان بۆ ئەناردن بۆ کوشتنی خۆیان، جا لە ساڵی پێنجەمی حوکمداری «رەحبعام»ی کوڕی حەزرەتی سلێمان «سیزاك» پاشای میسر هێرشی هێنا بۆ سەر شاری «قودس» وە عیبادەتخانەکەی تاڵان کرد و چی تیا بوو بردی.

وە لە زەمانی کوڕی «سیزاك»، ئەبیاس ناو پاشا ئەویش هێرشی هێنا بۆ سەر «جەبرحەبعام» وە چەن شاری لە وڵاتەکەی وێران کرد. وە کاتێ «جیهو» دامەزرا لە سەر پادشایی لەو کاتەدا جەنگ لە بەینی وڵاتی یەهوودا و ئیسرائیل وە «ئاشووری»یەکان لە «موسڵ»دا گەیشتە لاژووترووی پایەی شیددەت و ناهەمواری.

وە کاتێ «سالما نازار» بوو بە پاشای ئاشوورییەکان هات شاری «سامرە»ی لە وڵاتی ئیسرائیل داگیر کرد و خەڵکی وڵاتی ئیسرائیلی بە دیل گرتن و بردنی بۆ وڵاتی خۆی، وە بەم رووداوە وڵاتی ئیسرائیل بنەبڕ بوو وە تێکچوو.

ئەمجار تەنها وڵاتی «یەهوودا» مایەوە بوو بە ئامانج بۆ تەماعی ئاشوورییەکان، وە کاتێ حوکمی وڵاتی یەهوودا کەوتە دەستی «مناسیس» پاشای ئاشوور زاڵ بوو بە سەریا وە بە دیل گرتی و بردی بۆ وڵاتی ئاشوور. وە کاتێ کە حوکمی وڵاتی کەوتە دەستی «یەواقیم» پاشای بابل «بختنصر» هات شەڕی لەگەڵ کرد. وە «یەواقیم» و «سدیاسی» بە دیل گرت و بردنی بۆ وڵاتی بابل.

پاش ماوەیێ «یەواقیم» رزگار بوو لە دەستی «بختنصر» وە خۆی گرد کردەوە و رۆیشت بۆ جەنگ لەگەڵ «بختنصر» وە ئەم جەنگە بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو ستەمکارە جارێکیتر دای بە سەر وڵاتی یەهوودادا و چوو «ئورشەلیم»ی داگیر کرد، وە وێرانی کرد و زۆربەی خەڵکەکەی بە دیل برد بۆ بابل، وە ئەم رووداوە لە تاریخی پێنج‌سەد و هەشتا و حەوتی پێش(٥٨٧) میلادی عیسادا بوو.

[دەوری چوارەم]: جا پاش ماوەیێ کاتێ «کۆرش»ی گەورە، فەرمانداری فارس، هات وڵاتی «بابل»ی داگرت، بەنی‌ئیسرائیل لە ئەسارەتی بابل رزگار بوون و گەڕانەوە بۆ وڵاتی فەلەستین لە ساڵی پێنج سەد و سیو شەشی پێش میلادی عیسا.

بەنی‌ئیسرائیلیەکان زۆر بە گەرمی و دڵخۆشی بە خێرهاتنیان لە حوکوومەتی «کۆرش»ی گەورە کرد و گەڕانەوە بۆ فەلەستین لە ژێر قیادەی «رۆز و بابل»دا. کە گەیشتنەوە فەلەستین ئەو وڵاتە تیایا دامەزران ناویان برد بە یەهوودا و خۆیان ناوبرد بە یەهوود؛ چونکی فەرقیان هەبوو لە باقی ئیسرائیلەکان، وە دارا وادەی پێدان کە وڵاتی قودس ئاوەدان بکاتەوە بۆیان، وە فیعلەن دروستی کردەوە بۆیان، وە شوورایێ گەورەی بە دەوریا دروست کرد وە وڵاتەکەیان کرد بە چوار تەقسیم و حوکوومەتێکیان دروست کرد بۆ خۆیان و حاخامی گەورەیان کرد بە سەرۆکی خۆیان و مەجلیسێکیان لە بیست و حەوت کەس دروست کرد. لەم کاتەوە بەنی‌ئیسرائیلیەکان کەوتنەوە ژیانێکی مناسب بەڵام لە ژێر سیادەتی فارسییەکانا.

لەم تەئریخەدا «ئەسکەندەری مەقدوونی» یۆنانی، بە سوپای گەورەی خۆیەوە رووی کردە «میسر» و داگیری کرد و رووی کرد لە فەلەستین وە لە دڵدا کینە و قارێکی زۆری هەبوو لە بەنی‌ئیسرائیلەکان بە هۆی عەلاقە و پەیوەندییان لەگەڵ فارسییەکانا و بۆی نەکرا کە خاروبار و زەخیرەی سوپای خۆی وەربگرێ لە مینای «سوور»ەوە بە هۆی ئیسرائیلیەکان و هێزی فارسەکانەوە.

بەڵام کاتێ ئەسکەندەر نزیك بووەوە لە «ئورشەلیم» حاخامی گەورە کە سەرۆکی حوکوومەتی فەلەستین بوو لەگەڵ قەرەباڵغ و مەوکیبێکی گەورەدا پێشوازیێکی گەورەی کرد لە ئەسکەندەر وە زۆر پێشکەش و حورمەتی تەقدیمی ئەسکەندەر کرد و بە خۆشی هێنایە ناو شاری ئورشەلیمەوە. وە موژدەی دا بە ئەسکەندەر کە حەزرەتی «نەبی دانیال» ئیعلانی ئەوەی کردووە لە ناو بەنیئیسرائیلدا کە ئەسکەندەر زاڵ ئەبێ بە سەر دەوڵەتی فارسدا. وە ئەسکەندەر بەم موژدە زۆر شادمان بوو، و موعامەلەیێکی پیاوانەی کرد لەگەڵ بەنیئیسرائیلدا وە تا حەوت ساڵ عەفوی کردن لە خەرج و باج و رسووماتی دەوڵەتی.

وە لە پاش ئەوە کە ئەسکەندەر مرد وە وڵات بەش کرا لە بەینی فەرماندەی سوپاکانا. وڵاتی فەلەستین کەوتە بەشی «لاودیون» کە یەکێ بوو لەو فەرماندارانە وە ئەوەندەی پێ نەچوو کە «بتلیموس لاغوس» خاوەن فەرمانی میسر هات بە سوپاوە وە فەلەستینی لە دەس «لاودیون» دەرکرد. جا گەلێ لە پیاوە گەورەکانی فەلەستینی برد و لە میسردا خانەشاری کردن ئەم رووداوە لە ساڵی سێسەد و بیستی پێش میلادا بوو. (٣٢٠) ق.م.

وە لە ساڵی سێسەدی (٣٠٠) پێش میلادا پاشای «سواریا» مەشهوور بە «سیلوکس تیکاتور» هێرشی هێنا بۆ سەر وڵاتی «یەهوودا» و داگیری کرد بەڵام زۆری پێ نەچوو کە یەهوودا گەڕایەوە بۆ ژێر فەرمانی حوکوومەتی میسر وەکوو جاران.

وە لە ساڵی دووسەد و سێ (٢٠٣)ی پێش میلاددا وڵاتی یەهوودا کەوتەوە ژێر فەرمانی پاشایانی سووریا لە ملووکی «سلوسیدیین» وە سەرشانی بەنیئیسرائیلیان قورس کرد بە خەرج و باج، وە زۆر ئازاریان ئەدان لە بەر دینەکەیان. بە تایبەتی کاتێ کە «ئەنتیخوس ئەبیفان» بوو بە فەرمانداری سووریا فەرمانی دا بە دانانی تیمسالی «جوبتیر» خودای یۆنانییەکان لە ناوەڕاستی عیبادەتخانەی «یهود»، وە مەنعی

یەهوودییەکانی کرد لە سونەتی «ختان» (خەتەنە کردنی نێرینە)، وە فەرمانی دا بە خواردنی گۆشتی بەراز، وە گەلێ کەسی کوشت لە یەهوودییەکان لە بەر ئەوە کە بە هێز دینیان راگیر ئەکرد.

بەڵام لەم کاتەدا حاخامی یەهوودی «ماتانیاس» ناو ملی نەدا بە فەرمانی پاشای سووریا وە لەسەر ئادابی دینی خۆی مایەوە، وە سەفیرێکی پاشای سووریای کوشت وە خۆی و ئەولاد و ئەتباعی ناچار بوون بۆ دەرچوون لە وڵاتی «یەهوودا» وە گەلێ کەس کەوتە شوێنی لە پیاوانی خاوەن دەماخ وە رۆیشتن لە کێوەکان خۆیان گرتەوە. وە بەرە بەرە خەڵکیان پێوەنیشت. جا کوڕی ئەم حاخامە کە مەشهوور بوو بە «یەهووزا ماکابیە» ئیعلانی جەنگی کرد لە سەر پاشای سووریا «ئەنتیخوس» ناو وە لە ساڵی سەد و شەست و پێنجی (١٦٥) پێش میلادا سوپاکەی ئەنتیخوسی شکان وە هاتەوە ئورشەلیم وە هەیکەلی بتەکانی شکاند، وە ئیعلانی عیبادەتی خودای کرد لە وڵاتا.

وە لە پاش ساڵی سەد و شەست و یەك پێش میلاد دوو براکانی «یەهووزا ماکابیە» هەستان سوپایان پێکەوەنا و هەموو ئەترافی وڵاتی «یەهووزا»یان لە فەرمانی سووریا دەرکرد. ئەم دوو برایە ناویان «جوناتاس» و «سیمون» بوو.

بەڵام پاش ماوەیێکی کەم دوو کوڕی ئەم «سیمون» ناوە کە ناویان «هیرکان» و «ئەرسیوتول» بوو لە ناو خۆیانا چوون بە گژی یەکا وە «یومبە» ناوی پاشای رۆمانی بە ناوی رێکخستنی ئەم دوو برایە هات و لە ساڵی شەست و سێ (٦٣، ق. م). ئەم وڵاتەی داگیر کرد و خستیە ژێر حوکمی رۆمان وە «یەهووزا»ی کرد بە ئیقلیمێ لە وڵاتەکانی رۆمانیا وە خۆی فەرمانداری هەموویان بوو.

وە لە ساڵی چل و دووی پێش میلادا «ئەنیتفون» کوڕی «ئەریستوبول» دەستی کرد بە سەورە لەسەر رۆمانییەکان وە وڵاتی یەهووزای رزگار کرد بەڵام لە ساڵی سی و حەوتی پێش میلاد «هرود» پاشای رۆمانییەکان موساعەدەی رۆمانییەکانی

کرد وە داگیری کردەوە، وە «ئەنتیفون» و «هیرکان» کە ئاخر کەس بوون لە نەتەوەی «ماکابیە» بە دەستی ئەم پاشایە کوژران.

هەروا لە سەر فرِوفێڵی «ئەحبار» و زانا یەهوودییەکان، کە لەگەڵ رۆمانییەکانا پەیوەندییان هەبوو، ئەم «هیرود» ناوەی پاشای رۆمانە فەرمانی دا بە ئیعدامی حەزرەتی عیسا علیه السلام. وە گاورەکان ئەڵێن فیعلەن تەنفیزی حوکمی ئیعدام کرا بەسەر حەزرەتی عیسادا وە مرد و دەفن کرا. وە لە پاش سێ رۆژ خوا زیندووی کردەوە وە عیسا خۆی نیشان دا بە حەوارییەکان وە تەعیلماتی تازەی پێدان. جا خودا بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان وە لە ئاسمان مایەوە.[1]

وە لە بەر غەدر و ستەمی بێئەندازەی رۆمانییەکان لەسەر یەهوود سەورەیان کرد لەسەر رۆمانییەکان وە رۆمانییەکانیش جارێکیتر ئورشەلیمیان گرتەوە، لە تاریخی حەفتای پاش میلادی عیسا علیه السلام وە «تیتوس» پاشای رۆمان فەرمانی دا بە سووتاندنی عیبادەتخانەکەیان، وە بە کوشتنی گەلێ لە پیاوەکان وە باقییەکەیان کردن بە بەندە و فرۆشتنیان.

زۆری پێ نەچوو ئورشەلیم ئاوەدان کرایەوە و پڕ بووەوە لە بەنیئیسرائیل، بەڵام شۆڕشێکیتر لە لایەنی ئەم بەنیئیسرائیلەوە دووبارە رۆمانییەکانی توورە کرد، وە «ئەدریان» ناو پاشای رۆمان لەساڵی سەد و سی و پێنجی پاش میلادی عیسا فەرمانی دا بە رووخاندنی شاری ئورشەلیم لە بناغەوە وە تەقریبەن نیو ملیۆنی کوشت لە بەنیئیسرائیل وە باقیماندەکەی تەفر و توونا کردن لە جیهانا بەڵام لەگەڵ ئەم تەفروتوونا کردنە یەهوودییەکان لە دینی خۆیانا هەر هێزی دڵ و تەعەسوبیان زۆرتر ئەبوو.

---

۱. بەڵام لەسەر فەرموودەی خودای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا لەو کاتا ویستیان حەزرەتی عیسا هەڵاوەسن خودا وێنەی ئەوی خستە سەر یەکێ لە جوولەکەکان و هەڵیاناوەست و کوشتیان وە خودا عیسای بە سەلامەتی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان. وە لە ئاخری زەمانا بە فەرموودەی پێغەمەر دێتە خوارەوە بۆ عەرز.

دەوری پێنجەمی بەنی‌ئیسرائیل؛ لە تەئریخی سەد و سی‌و پێنج ساڵ پاش میلادە تا ئەم چەرخی ئێمە (ئەمە واتەی «دائرة المعارف»ی قەرنی نۆزدەیە، واتە: سەد و کوسوور ساڵ لەمەوپێش).

واتە کاتێ کە یەهوود پەرت و بڵاوبوونەوە بە جیهانا گەلێکیان کۆچیان کرد بۆ «ئاسیا» وە لە ئەترافی رووباری «فورات»دا جێگر بوون، وە کۆمەڵێکیان رۆیشتن بۆ وڵاتی «ئەفغان»، وە کۆمەڵێکیان روویان کرد لە وڵاتی «هێند» وە «چین»، وە بازێکیان رۆیشتن بۆ «ئەوروپا» بەڵام لە ژێر سووکی و داماویدا ئەژیان هەتا پاش ساڵی سەد و پەنجای پاش میلاد کە مەلیك «کۆنستان» رۆمانی ئەمیش هەر زۆر ئازاری یەهوودی ئەدا بە خەرج بەڵام سووکتر بوو لە زەمانی دوو پادشای رۆمانی پێشتر (مەلیك «جوستنیان» و «هیراقلیوس») چونکی ئەم دوو پاشایە هەرکام لە عەهدی خۆیانا گەلێ ئازاری یەهوودیان داو عەزابیان دان.

جا «دائرة المعارف»ی قەرنی بیست ـ کە ئەم نەقڵەی لێوە ئەکەین ـ ئەڵێت: کاتێ کە سوپای موسوڵمانان بیلادی رۆمانیان گرت ئەحواڵی یەهوود باش بوو وە مەشغووڵ بوون بە تیجارەت لە بەغدا و لە قاهیرە و قورتوبە وە بە هۆی تێکەڵ بوونیان بە عەرەبەوە گەلێ عولووم و سەنایع فێربوون.

وە لە ئەووەڵی قەرنی نۆی میلادییەوە چەن مەرکەزی «یەهوودییە» لە قاهرە و مەراکش و لە فاس‌دا دەستیان کەوت، وە لەو زەمانا عەددەیان لە بابلدا کەم بووە، وە زۆر بوون لە فەلەستیندا، وە یەهوود زۆر نزیك بوونەوە لە خانەکان و ئەمیرە مەغۆلەکان.

وە «دائرة المعارف» ئەڵێ: ئێستە لە هیچ وڵاتێکا یەهوود تەحقیر ناکرێن ئیللا لە ناوەڕاستی ئاسیادا کە نزیکەی چوار هەزار کەس یەهوودی حوکمیان لێ‌کراوە کە پۆشاکێکی تایبەتی لەبەر کەن و سەرەپێچیان بە سەرەوە نەبێ وە سواری ئەسپ نەبن.

وە لە بیلادی ئەسپانیادا یەهوودییەکان لە ژێر حوکمی ئیسلاما زەمانێکی زۆر ژیان بە خۆشی و ئاسانی، وە بە هۆی ئەوەوە کە ئەسپانیا کەوتە دەستی «کاثولیکی»یەکان کەوتنە دەرکردنی یەهوود و ئازاردانیان بە هەموو نەوعێ.

ئەمە نموونەیەکی کورت بوو کە وەرمان گرت لە «دائرة المعارف» قەرنی نۆزدەی فەرید وەجدی، وە یەکێ تەماشا بکا ئەزانێ کە یەهوود لە عالەما لە هەموو زەمانێکا ئازاریان زۆر وەرگرتووە و گەلێ ئەحواڵی شازیان بە سەرا هێناون.

وەکوو یەکێ بە ئینساف تەماشا بکا ئەزانێ کە موسوڵمانان لە ناو هەموو ئوممەتی دونیادا لە هەموویان باشتر و بە رەحمتر بوون بۆ میللەتی یەهوود بەڵام میللەتی ئیسلام لەبەر کەرامەت و سەلامەتی دینەکەی هەمیشە حورمەتی نیزامیان گرتووە و دوور کەوتوونەتەوە لە رقەبەری و کینە هەڵگرتن لە یەهوود، وە بە پێچەوانەوە خزمەتیان کردوون و پاراستوونیان.

وە منیش ئەڵێم: لەسەر بەیانی قورئانی کەریم دوو جار دەمار بەسەر یەهوودا هاتووە. یەکەم: لەسەر دەستی «بختنصر» لە تاریخی (٥٨٧)ی پێش میلادا و دووهەم: لەسەر دەستی «ادریان»ی رۆمانی لە تاریخی (١٣٥)ی پاش میلادا، وە لە پاش بڵاوەبوونیان لە عالەما غەربییەکان هاتن لە فەلەستیندا جێگەیان کردنەوە و حوکوومەتیان بۆ دامەزرانن. وە ئێستە مەشغووڵی ستەمکارین لە موسوڵمانان، جا ئەبێ بزانن خودا فەرموویەتی: ﴿و إن عدتم عدنا﴾، ئەمجارە نۆبەی ئینتیقامی خودایە لەوان.

﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾

ئەی نەتەوەی یەعقووبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی خەلیل «علی نبینا و علیهم الصلاة و السلام».

﴿ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ﴾

بە زمان باس وە بە دڵ یادی ئەو نیعمەتانە بکەنەوە کە رژاندوومە بە سەرتانا.

﴿وَأَوۡفُواْ بِعَهۡدِيٓ﴾

پێویستی ئەو پەیمانانە بەجێبێنن کە بە هۆی پێغەمبەرە رەهبەرەکانەوە بەستووتانە لەگەڵما.

﴿أُوفِ بِعَهۡدِكُمۡ﴾

منیش پێویستی ئەو پەیمانە بەجێ دێنم کە بە هۆی ئەوانەوە بەستوومە لەگەڵتانا. ئێوە بڕیارتان داوە لە فەرمانی من دەرنەچن، وە ئەو نیشانانەی پێغەمبەری ئاخر زەمانە کە روونکراونەتەوە لە کتێبەکانتانا دەریان ببڕن بۆ عالەم، وە یارمەتی ئایینەکەی بدەن، منیش بڕیارم داوە کە لە تۆڵەی ئەوا دووقات پایە و مایەتان بدەمێ لە دونیا و قیامەتا.

﴿وَإِيَّٰيَ فَٱرۡهَبُونِ ٤٠﴾

وە هەر لە من بترسن لە تەرکی وەفا بەو پەیمانانە، وە لە پێشەوا و دەس رۆیشتووەکانتان مەترسن ئەگەر وەفایان پێ بکەن.

﴿وَءَامِنُواْ بِمَآ أَنزَلۡتُ مُصَدِّقٗا لِّمَا مَعَكُمۡ﴾

وە ئیمان بێنن و باوەڕ دەربڕن بەو کتێبە بەرزە پڕ مەغزە ناردوومەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەری ئاخرزەمان ئەو پێغەمبەرە کە ناو و نیشانی لەلای ئێوەدا هەیە وە حاڵی ئەو کتێبەش وایە باوەڕ دەربڕە بەو کتێبە موقەددەسە کە لەلای ئێوەدایە.

﴿وَلَا تَكُونُوٓاْ أَوَّلَ كَافِرِۭ بِهِۦۖ﴾

وە لە ناو خاوەن کتێبەکانا یەکەم چینێ مەبن کە ئینکاری بکەن.

﴿وَلَا تَشۡتَرُواْ بِـَٔايَٰتِي ثَمَنٗا قَلِيلٗا﴾

وە وەرمەگرن بەرابەر بە ئینکاری ئایاتی ئەو کتێبەمان پارە و بارەیێکی کەم و کووڕ و بێسوود.

﴿وَإِيَّٰيَ فَٱتَّقُونِ ﴿٤١﴾﴾

وە هەر لە ئازاری من خۆتان بپارێزن.

﴿وَلَا تَلۡبِسُواْ ٱلۡحَقَّ بِٱلۡبَٰطِلِ﴾

وە دامەپۆشن ئەو بەندە راستانە لە کتێبەکەتانایە بە مانای بەتاڵ و لار و نابار.

﴿وَتَكۡتُمُواْ ٱلۡحَقَّ﴾

ئەو داپۆشینە ونکردنی راست و راستییە وە فەرمان ئەدەم راستی مەشارنەوە لە هیچ هۆییێکەوە نەخوازەڵلا لە هۆی ئەو رەهبەرە راستانەوە کە رووناکی عەرز بەوانە.

﴿وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٤٢﴾﴾

(وەلحاڵ) ئێوە خۆتان ئەزانن راست کامەیە و لار کامەیە.

﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾

وە لەسەر یاسای ئایینی ئیسلام نوێژەکانتان بکەن و زەکاتی ماڵتان بدەن.

﴿وَٱرۡكَعُواْ مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ ﴿٤٣﴾﴾

وە روکووع ببەن لەگەڵ ئەوانەدا لە نوێژدا روکووع ئەبەن، وە لە نوێژە بێ‌روکووعەکەی خۆتان لادەن.

﴿أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ﴾

ئەمجار خوای تەعالا بە تایبەتی روو ئەکاتە زانایانی بەنی‌ئیسرائیل و ئەفەرموێت؛ بە شێوەی سەرزەنش و هۆی سەرسوڕبوونەوە: کە ئێوە لە پەنامەکییەوە فەرمان ئەدەن بە گورۆهی خۆتان بە چاکە کردن وە کەوتنە شوێن پێغەمبەری ئاخرزەمان کەچی خۆتان ئەم چاکەیە لەبیر ئەبەنەوە؟ لەگەڵ ئەوەدا حەق وایە ئینسان کاتێ ئیشێکی بە چاك زانی خۆی لە پێش خەڵکا بیکا!

﴿وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ﴾

وە خۆتان تەورات ئەخوێننەوە و ئاگادارن لەسەر نیشانەکانی پێغەمبەرا.

﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٤٤﴾﴾

ئایا هێشتا نافامن ئەم شێوە رەفتارە ناشیرینە؟

﴿وَٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ﴾

وە ئەگەر نەفستان فەرمانتان وەرناگرێ بۆ دەرخستنی نیشانەی پێغەمبەر لە بیمی لە دەست دەرچوونی ئەو پایە و مایە لە کۆمەڵەکەتانەوە وەری ئەگرن، داوای یارمەتی بکەن بۆ زاڵبوون بە سەر نەفستانا بە هێزی سەبر و خۆگرتن لەبەر ئەو ئازارەدا، وە بە نوێژکردنی ساغ؛ چونکی ئەمانە دڵی ئادەمیزاد روون ئەکەنەوە و مەعنەوییاتی بەهێز ئەکەن.

﴿وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ﴾

وە ئەم یارمەتی وەرگرتنە بە فەرمانبەری خودا، یاخود ئەم نوێژە کە بە کاری یارمەتی دێت گەلێ گرانە لەسەر شانی ئادەمیزاد.

﴿إِلَّا عَلَى ٱلْخَٰشِعِينَ ﴿٤٥﴾﴾

مەگەر لەسەر ئەو کەسانە کە بە راستی مل‌کەچ و رامی فەرمانبەری پەروەردگارن.

﴿ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُوا۟ رَبِّهِمْ﴾

ئەو خاوەن خوشوعانەی کە باوەڕیان وایە لە رۆژی خۆیا بە خزمەتی خودا ئەگەن، وە پاداشیان ئەداتەوە.

﴿وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿٤٦﴾﴾

وە باوەڕیان وایە کە سەر ئەنجامیان لای خودایە وە هەر خودا ئەتوانێ لە ئازار بیانپارێزێ وە ئاسایشی نەبڕاوەیان پێ بدا.

ڕوونکرنەوەی ئەم ئایەتانە:

وشەی «اسرائیل» تێکەڵە لە «اسرا» بە مانا بەندە و «ایل» بە مانا «اللّٰه» کە وابێ «اسرائیل» مانای «عبداللّٰه»یە، وە ئەمە نازناوی حەزرەتی یەعقووبە. وە مەبەست لە بەنیئیسرائیل: نەتەوەی دوازدە کوڕەکەی یەعقووبە لەگەڵ پەیڕەوانیانا.

مەبەست لە نیعمەتەکانی بەنیئسرائیل: ئەو نیعمەتە دیارییانەیە کە دراوە بە ئەو نەتەوە و هەندێکیان لە ئایەتەکانی ئایندەدا خودا باسیان ئەکا. خودا ئەفەرموێت: ئەو نیعمەتە گەورانە کە درا بە ئێوە هەرکەسێ بە چاوی ڕاستی بۆیان بڕوانێ ئەزانێ هەر لە تەوانای خودادا بوون، وە هەر بە میهرەبانی ئەو شایان بوون. کەوا بێ حەق نییە لە سوپاسی ئەو نیعمەتانەدا ئەم جۆرە ناسوپاسییە دەرببڕن و بەرابەر بە پێغەمبەری ئاخرزەمان سەرکێشی و نافەرمانی دەرببڕن و نیشانەکانی ون بکەن لە عالەم.

مەبەست لە «عهد» پەیمانە، وە ئەم پەیمانە گەلێ پەیمان ئەگرێتەوە، لە گەورەکانە ئەو عەقڵ و هۆشە کە دراوە بە ئادەمیزاد، وە ئەگەر بە ڕاستی بە کار بهێنرێن حەق بە تەواوی دەر ئەکەوێ وە هۆی ئاشووب و غەوغا نامێنێ.

وە لەو پەیمانانە ئەمەیە: کە خودا بە هۆی پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلەوە پەیمانی بەستووە لەگەڵ ئەو نەتەوە کە لە فەرمانی خودا لانەدەن و لەسەر ئەندازەی ئەمر و نەهی ڕاوەستن و زیادەڕەوی نەکەن.

وە لەو پەیمانانەیە ئەمە: کە خودا نیشانەکانی پێغەمبەری ئاخرزەمان (محمد المصطفی)ی ﷺ لە ناو «سوحوف»ی ئیبراهیم و تەوراتی مووسا و ئینجیلی عیسادا دەربڕیوە. وە پەیمانی بەستووە لەگەڵ ئەو نەتەوەدا کە چین‌چین دەری بڕن لەناو

خۆیانا وە هەر کاتێ هەتاوی خاوەن پرتەوی ئەو پێغەمبەرە دەرکەوت پەیڕەویی بکەن وە یارمەتی بدەن، وە بە رووناکی ئەو نیشانانەی پیشانی ئادەمیزاد بدەن.

بۆ وێنە لە فەسڵی یازدە لە سیفری پێنجەمی تەوراتدا هەیە خودا فەرمووی بە مووسا: کە من پێغەمبەرێکی وەکوو تۆ لە ناو برای بەنی‌ئیسرائیلدا رەوانە ئەکەم، وە هەرکەسێ لەوان وتاری ئەو پێغەمبەرە نەبیسێ و فەرمانبەری نەکا من تۆڵەی لێ‌ئەستێنم.

وە لە فەسڵی بیست لە سیفری پێنجەما هەیە: تەجەللای خودای تەعالا دەرکەوت لە کێوی «تووری سینا» بە ناردنی تۆ، وە نووری حەق دەرئەکەوێ لە کێوی «ساعیر»دا بە ناردنی عیسا، وە بە ئاشکرا رووناکی تەجەللای خودا دیاری ئەدا لە کێوەکانی «فاران»دا. وە بە یەکیەتی واتەی مێژوونووسەکان «ساعیر» شوێنی عیسا بووە، وە «فاران» مەککە و دەور و بەری مەککەیە، وە ئەشکەوتی «حیرا» کە شوێنی تەنیانشینی پێغەمبەر بووە لە کێوی فارانایە.

وە لە تەوراتا هەیە: خودا فەرمانی دا بە ئیبراهیمی خەلیل کە ئیسماعیل لەگەڵ هاجەری دایکیا ببا بۆ وڵاتی فاران وە لەویا دایان بنێ. وە لە عالەما دیارە کە ئیسماعیل وە هاجەر لە مەککەدا دانراون و لەویا مانەوە تا کاتی مردنیان.

وە لە تەوراتا لە سیفری حەزرەتی «شەعیا»دا هەیە: ئەی شەعیا من پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار ئەنێرم بۆ سەر ئادەمیزاد، بە پیرۆزی ئەوەوە چاوی کوێر و گوێچکەی کەڕ [چاك] ئەکەمەوە، وە دڵی بە پەردەداپۆشراو رووناك ئەکەمەوە، جێگەی پەیدابوونی شاری مەککەیە، وە کۆچ ئەکا بۆ شاری مەدینە، وە هێز و دەستەڵاتی ئەکەوێتە خاکی شامەوە. ئەو پێغەمبەرە بەندەیێکی بە خوداداناز و دڵ ئەستوور و هەڵبژێراو و خۆشەویستە. ئەوەندە میهرەبانە لە پاداشی کردەوەی خراپەدا خراپە ناکا، بەڵکوو چاوپۆشی و بوردن ئەکا. فرمێسك ئەڕێژێ بۆ هەتیو لە باوەشی دایکیا. دڵ زویر

ئەبێ بۆ حەیوانێ باری گران بێ، دڵی رەق نییە، وتاری تاڵ نییە، لە بازاڕا دەنگ بەرز ناکاتەوە، وە خۆی بە شتی ناپەسەند ناڕازێنێتەوە. وتاری خەیانەتبارانەی نییە، زۆر بە شەرمە، ئەگەر بڕوا بەسەر بەستەی قامیشا ئەوەندە ئارام ئەبوورێ دەنگیان لێبەرز نابێتەوە، بەلای چرادا رابوورێ گڕی چراکە ناجووڵێنێتەوە.

ئەو پێغەمبەرە موژدە ئەدا بە فەرمانبەران، وە سەرکێشەکان ئەترسێنێ بە ئازاری خودا، گەل و کۆمەڵەی ئەو پێغەمبەرە چاتری گەلی پێغەمبەرانن؛ چونکی فەرمان بە چاکە ئەدەن وە مەنعی کاری خراپە ئەکەن، وە خاوەن دڵی ساف و بیر و باوەڕی پاك و رووناکن، وە بەرابەر بە فەرمانی پێغەمبەرەکەیان جانباز و فیداکارن.

ئەو ئوممەتە حسێبی ساڵ و مانگ و شەو و رۆژ رائەگرن بۆ بەجێهێنانی نوێژ و رۆژوو و حەج و باقی عیبادەتی ئایینیان، خودا بە تەنیا ئەزانن، تەسبیح و تەکبیر و سەنای پەروەردگار بە ساغی ئەکەن، وە لە خودا بێئاگا نین لە مزگەوت و ماڵ و مەنزڵیانا، ئەو قەومە بە ریز رائەوەستن لە ئایینخانەدا وەکوو فریشتە لە دەوری عەرشا، ئەو ئوممەتە خۆشەویستی منن، وە یارمەتیدەری ئایینی پاکن، بە هێزی ئەوان تۆڵە ئەستێنمەوە لە تاوانباران و ستەمگەران و بت پەرستان، وە لەوانە کە دوژمنی راستی و راستانن. ئەو ئوممەتە بە راوەستانەوە نوێژ ئەکەن لە بەر رەزای من، وە رکووع و سوجوود ئەبەن لە بەر من، وە بە هەزاران لە خانووی خۆیان دەرئەکەون بۆ غەزا لە رێگەی مندا وە غەزا ئەکەن. وە ئەو ئوممەتە کاتێ رقیان دابێ «لا إله إلا اللّٰه» ئەکەن، وە لە کاتی زویریدا «سبحان اللّٰه» ئەکەن. دەم و چاو و دەست و پێی خۆیان ئەشۆن بۆ بەجێهێنانی عیبادەت، کتێبی خۆیان لەبەر ئەکەن، ئەو ئوممەتە ئەکەم بە گەورەی ئوممەتی پێغەمبەران، پایەی بەرز بۆ ئەو کەسانەیە کە لە سەر ئایینی ئەوانن. ئەمە فەزڵ و میهرەبانی خۆمە لەگەڵ هەر کەسێ خواستم ببێ ئەیکەم.

وە لە مەزمووری ژمارە چل و چواری «زبور»ی حەزرەتی «داوود»ا بە شێوەی روو کردن لە پێغەمبەری ئاخرزەمان ئەڵێت: نیعمەت ئەڕژێ لە دوو لێوی تۆوە بۆیە خودای گەورە یومن و پیرۆزی رژاندووە بە سەرتا هەتا ئەبەد. شمشێری خۆت رووت بکە؛ چونکی ئایین لەگەڵ هەیبەتی دەستایە. تیرت تیژە هەموو ئوممەتێ فەرمانت بەجێ دێنن.

وە لە ئینجیلا هەیە کە حەزرەتی عیسا فەرمووی بە یارانی نزیکی خۆی: من لە ناوتانا دەرئەچم بەڵام بەم نزیکانە پایە بەرزێکی پیرۆز دێت بۆ سەرتان کە قەت لە لایەنی خۆیەوە قسە ناکا و ئەوە ئەڵێت کە لە غەیبەوە پێی ئەڵێن.

هەروا لە ئینجیلا هەیە کە حەزرەتی عیسا فەرمووی بە پەیڕەوەکانی: داوا ئەکەم لە خودا پێغەمبەرێکتان بۆ رەوانە بکا سەنا و ستایشی خودا ئەکا، وە ئوممەت رزگار ئەکا لە مەینەتی جەور و ستەم و بیر و باوەڕی نابار، وە لەگەڵ ئوممەتا ئەمێنێتەوە هەتا رۆژی قیامەت. یانی ئایینەکەی بەردەوام ئەبێ هەتا هەتایە.

﴿ولا تكونوا أول كافر به﴾: کەسێ بڵێت بەنیئیسرائیل یەکەم کەسێ نەبوون کە بێباوەڕی دەربڕن بە قورئان ئیتر مەبەست لەم نەهیە چییە؟ لە وەڵاما بڵێ: مەبەست ئەمەیە لە ناو ئەهلی کیتابا یەکەم چین مەبن. وە یاخود لە ئایەتەکەدا «موزاف» مەحزووفە، یانی مەبن بە وێنەی یەکەم کافرەکان کە «قورەیش» بوون، یاخود ئەم ئایەتە کینایەیە وە مەقسەد ئەوەیە کە ئێوە یەکەم چینێ بن کە ئیمان بێنن بەم قورئانە.

﴿ثمناً قليلاً﴾: وشەی قەلیل بۆ بەیانی واقیعە؛ چونکی ئەو دیاری و بەرتیلە ئەو زانایانی بەنیئیسرائیلە وەریان ئەگرت شتێکی کەم بوو لە واقیعا. وە یاخود مانای وایە هەرچی وەربگرن لە کەم و زۆر بەرابەر بە گۆڕینی ئایاتی خودا هەر کەم و بێنرخە؛ چونکی پیرۆزیی نەبڕاوە هیچ شتێ نابێ بە نرخی.

﴿و لا تلبسوا الحق ...﴾ الآیة: گومڕاکردنی ئادەمیزاد نابێ مەگەر بە یەکێ لە دوو ڕێگەدا؛ چونکی ئەو ئادەمیزادە ئەگەر حەقی بیستووە و ڕێگەی ڕاستی زانیوە ئەوە بەوە گومڕا ئەکرێ کە ڕێگەی حەقی لێبشێوێنی و سەرکوێری بکەی، وە بە شوبهە و گومانی نابار چاوی دڵی لە زانایی بخەی. ئەمە مانای ﴿ولا تلبسوا الحق﴾ەیە. وە ئەگەر کابرا حەقی نەبیستووە و ڕێگە نازانێ ئەوە بەوە گومڕا ئەکرێ بیخەیتە سەر ڕێگەیێکی لار وە ئەو حەقەی لێبشاریتەوە و نیشانی نەدەی. ئەمەیش مەعنای ﴿و تکتموا الحق﴾ەیە.

«أتأمرون الناس بالبر؟» ئەم ئایەتە لەسەر ڕیوایەتی کەلبی لە ئەبووحاتەم لە ئیبنوعەباسەوە هاتووەتە خوارەوە لە شانی گەلێ جوولەکەی شاری مەدینەی مونەووەرە کە ئامۆژگاری خزم و دۆستانی خۆیان ئەکرد بۆ مانەوە لە سەر ئیسلام کەچی خۆیان ئیمانیان نەدەهێنا. بە هەرحاڵ هەرچەن هۆی نازڵ بوونی خاس بێ بەڵام ئەم سەرزەنشە هەموو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە ئامۆژگاری خەڵك ئەکەن بۆ کردنی چاکە و نەکردنی خراپە کەچی خۆیان نە چاکەکان ئەکەن و نەخراپەکان تەرك ئەکەن!

پێویستە بزانرێ هەرچەن ئەم نەوعە ئادەمیزادە سەرزەنش ئەکرێن، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە خۆیان چاکە ناکەن مەنعی فەرمان بە چاکەیان لێناکرێ؛ چونکی ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە واجبێکە و کردەوەی واجبات و تەرکی حەرام واجبێکیتره، وە ئینسان کە واجبێ تەرك بکا مەجالی نادرێ بۆ تەرکی واجبێکیتر.

ئایەتی: ﴿واستعینوا بالصبر والصلاة﴾: بە بیری زۆربەی زانایان، خیتابە لەگەڵ کیتابییەکانا، بەڵام هەم تەمییەیە بۆ هەموو کەسێ؛ چونکی نوێژ و موناجات لەگەڵ خودادا دڵ ڕووناك ئەکاتەوە وە بیر و باوەڕ بەهێز ئەکا. هەر وا سەبر و خۆگرتن لە بەر ئازار و بێزارا ئینسان لە خامی دەرئەکا، وە ئافاقی بەرچاوی ڕووناك ئەکاتەوە،

وە شارەزای ئەکا بۆ ڕێگەی ڕاست و دووری ئەخاتەوە لە شتی نابار و پەست، وە ئەیکا بە ئینسان.

خودای تەعالا دووبارە فەرمانی داوە بە بەنیئیسرائیل کە یادی نیعمەتەکانی بکەنەوە بۆ ئەوە خۆ ئامادە بکەن بۆ سوپاس و فەرمانبەرداری وە هەندێ لە نیعمەتەکانی هاوێتە بەرچاویان، وە لە سەرەتا نیعمەتی پایەبەرزی پێشان دان و فەرمووی:

﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ


﴾

ئەی بەنیئیسرائیل! یادی ئەو نیعمەتانەم بکەن کە پێم داون. یەکەمین: ئەمە کە پایەم بەرزکردنەوە بەسەر ئادەمیزادی ڕۆژگاری خۆتاندا بە نیعمەتی پێغەمبەرایەتی و ڕەهبەری، وە نیعمەتی پاشایەتی و سەرۆکی بە سەر خەڵکا.

﴿وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا﴾

وەکوو من ئەم نیعمەتە بێوێنەم پێداون ئێوەیش خۆتان بپارێزن لە ئازاری ڕۆژێ کە بێوێنەیە، وە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی وایە هیچ نەفسێ لە باتی هیچ نەفسێ هیچ نەوعە حەقێ ناداتەوە.

﴿وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا شَفَٰعَةٞ﴾

وە تکا و ڕجا وەرناگیرێ لە هیچ نەفسێکەوە بۆ هیچ نەفسێ.

﴿وَلَا يُؤۡخَذُ مِنۡهَا عَدۡلٞ﴾

وە لە هیچ نەفسێکی تاوانبارەوە گرەوی ماڵی وەر ناگیرێت.

﴿وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ٤٨﴾

وە ئەو تاوانبارانە لەلایەنی کەسەوە یارمەتی نادرێن بۆ ڕزگار بوون.

دووهەمین ئەمەیە کە دەری بڕیوە لەم ئایەتەدا کە فەرموویەتی:

﴿وَإِذْ نَجَّيْنَٰكُم مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ﴾

یانی ئەی بەنی‌ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە لەو کاتەدا کە ڕزگارم کردن لە ئازار و گیر و داری دەستە و بەستەی فیرعەون پاشای قیبتییەکان لە وڵاتی میسرا.

﴿يَسُومُونَكُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ﴾

لە حاڵێکا عەزاب و ئازاری ناباریان ئەدا بە سەرتانا.

﴿يُذَبِّحُونَ أَبْنَآءَكُمْ وَيَسْتَحْيُونَ نِسَآءَكُمْ﴾

هەر منداڵێکتان ئەبوو نێرینەکانیان سەرئەبڕی وە مێیینەکانیان ئەهێشتەوە.

﴿وَفِى ذَٰلِكُم بَلَآءٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَظِيمٌ ﴿٤٩﴾﴾

وە لەم کارەساتەدا مەینەتێکی گەورە دامەنگیری ئێوە ئەبوو: لەلایەکەوە ئەبوو بە هۆی ڕیشەدەرچوونی بەنی‌ئیسرائیل، وە لەلایەکەوە ناموسیان ئەکەوتە دەستی دوژمن، وە لە لایەکەوە جگەری باوك و دایك بەم ستەمە ئەسووتا.

﴿وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ﴾

سێهەم نیعمەت ئەمەیە کە لەم ئایەتەدا دەری خستووە وە فەرموویەتی: باسی ئەو شتانە بکە کە روویان دا لەو کاتەدا کە دەریای نیلم کرد بە دوو بەشەوە؛ لە بەر ڕزگار کردنی ئێوە.

﴿فَأَنجَيْنَٰكُمْ﴾

ئێوەمان ڕزگار کرد لە دەستەو بەستەی فیرعەون و لە هێرشی ئاوی نیل.

﴿وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ﴾

وە بۆ ئەوە کە دەربکەوێ ئەم دووبەشکردنی دەریایە لەبەر خاتری ئێوەیە، بەرابەر بە دەستەی فیرعەون نیل کەوتەوە سەر حاڵی خۆی و دەستەی فیرعەونمان خنکاند.

﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾﴾

وە ئێوە بە چاوی سەر ئەتانڕوانی بۆیان لەو کاتەدا ئەخنکان.

﴿وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَىٰٓ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً﴾

چوارەمین یادی ئەو نیعمەتە بکەنەوە: لەو کاتەدا چلەمان دانا بۆ مووسا بۆ ئەوە بێت بە تەنیا چاوەڕوانی فەرمانی ئێمە بکا.

﴿ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾

وە لە پاش دەرچوونی مووسا لە ناوتانا لە باتی ئەوە زیاتر لەوەپێش تێکوشێن لە بەندەیی و سوپاسی خودادا و چاوەڕوانی فەرمان بکەن هاتن «گوێرەکە!»تان وەرگرت بۆ پەرستش و فەرمانبەری.

﴿وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٥١﴾﴾

وەلحاڵ، خۆتان بە کەمتر تەماشا کردنێ ئەتان زانی کە بەم ئیشە نابارە ستەمتان لە خۆتان و لە واقیعی ئادەمیزاد کرد.

پێنجەمین نیعمەت ئەمەیە کە دەری بڕی بە فەرموودەی:

﴿ثُمَّ عَفَوْنَا عَنكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾

وە پاش ستەمکارییەکەتان چاوپۆشیمان لێ‌کردن بە پاڕانەوەی مووسا.

﴿لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٢﴾﴾

بەڵکوو ئیتر دەستبەرداری ناباری ببن و سوپاسی نیعمەتی ئەم چاوپۆشییە بکەن.

﴿وَإِذْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْفُرْقَانَ﴾

وە یادی ئەو نیعمەتی شەشەمینە بکەنەوە: لەو کاتەدا، کە بە میهرەبانی خۆمان، کتێبی حەق و بەتاڵ وە راست و لار لە یەکتر جیاکەرەوەمان بۆ [مووسا] نارد.

﴿لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿٥٣﴾﴾

بەڵکوو لە هەموو هۆیەکەوە شارەزای راستی ببن، وە رێگەی رزگاری خۆتان بگرن.

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِنَّكُمْ ظَلَمْتُمْ أَنفُسَكُم بِٱتِّخَاذِكُمُ ٱلْعِجْلَ﴾

باسی ئەو نیعمەتی حەوتەمینە بکەنەوە لەو کاتەدا مووسا بە شێوەی ئامۆژگاری فەرمووی بە کۆمەڵەکەی: ئەی خزم و خوێشانی من بە راستی ئێوە ستەمتان لە خۆتان کرد بە وەرگرتنی گوێرەکە بۆ پەرستیاری پاش ئەو هەموو نیعمەتانی خودایە کە پێی دان.

﴿فَتُوبُوٓاْ إِلَىٰ بَارِئِكُمْ﴾

دەی ئیتر لەو تاوانە بە دڵ پەشیمان ببنەوە و رووبکەنەوە خودا، وە بگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆتان.

﴿فَٱقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ﴾

وە نەفسی خۆتان بکوژن بۆ کەفارەت و داپۆشینی ئەو تاوانە گەورە.

﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ عِندَ بَارِئِكُمْ﴾

ئەم خۆکوشتنتانە چاترە لە مانەوەتان لە لای خودای تەعالا کە ئێوەی دروست کردووە.

﴿فَتَابَ عَلَيْكُمْ﴾

وە پاش گەڕانەوەی ئێوە بۆ لای خودای تەعالا ئەویش بە میهرەبانی لای‌کردەوە بە لای ئێوەدا.

﴿إِنَّهُۥ هُوَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٥٤﴾﴾

بە راستی خودا هەر ئەو لاکەرەوەیە بە لای بەندە تاوانبارە گەڕاوەکاندا، وە میهرەبانە بۆیان.

﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَـٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً﴾

وە یادی ئەو نیعمەتە بکەن لەو کاتەدا وتتان بە مووسا، بە شێوەی هەوا و سەرکێشی: ئێمە ئیمان نایەنین بە تۆ و باوەڕت پێ ناکەین هەتا بە چاوی سەر خودامان چاو پێ ئەکەوێ.

﴿فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّـٰعِقَةُ﴾

بە شوێن ئەم داوادا ئاگرێ لە ئاسمانەوە هات و داگیری کردن و سووتان.

﴿وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٥﴾﴾

وە ئێوە بە چاوی خۆتان ئەتان‌روانی بۆ ئەو ئاگرە کە هاتەخوارەوە بۆ سەرتان.

﴿ثُمَّ بَعَثْنَـٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٥٦﴾﴾

بە شوێن ئەوەدا زیندووم کردنەوە بەڵکوو ئیتر دەست بەرداری سەرکێشی ببن، وە سوپاسی خودا بکەن. ئەم کۆمەڵە لە پاش گوێرەکە پەرستی، مووسا هەڵی بژاردن و بردنی بۆ «طور» بۆ عوزر هاوردنەوە.

﴿وَظَلَّلْنَا عَلَيْكُمُ ٱلْغَمَامَ﴾

وە یادی ئەو نیعمەتە گەورە بکەنەوە: لەو کاتەدا کەوتنە سارای سینا و نزیك بوو لە گەرمای ئەو بیابانەدا بێ‌گیان ببن، وە ئێمە بە میهرەبانی هەورمان کرد بە سایەبانی راسەرتان و لە جۆشی گەرما رزگار بوون.

﴿وَأَنزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَىٰ﴾

وە گەزۆمان باران بە سەرتانا، و پەلەوەری «شەلاقە»مان بە سەرا باراندن.

﴿كُلُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾

وە رەوامان کرد بۆتان و فەرمانمان دا بخۆن لەو نیعمەتە جوانانەی کردوومانە بە رۆزیتان، وە سوپاسی نیعمەتی ئێمە بکەن، کەچی ئەوان ستەمیان کرد و سوپاسی نیعمەتی خوایان نەکرد.

﴿وَمَا ظَلَمُونَا وَلَٰكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٥٧﴾﴾

بەڵام ستەمیان لە ئێمە نەکرد لە تەرکی سوپاسا وە لە کوفری نیعمەتا؛ چونکی ئێمە بەر ستەمی کەس ناکەوین، بەڵکوو ستەمیان لە خۆیان کرد وە ناسوپاسییەکەیان بوو بە هۆی بەدبەختی خۆیان.

﴿وَإِذْ قُلْنَا ادْخُلُوا هَٰذِهِ الْقَرْيَةَ﴾

باسی ئەو کارەساتە بکەن لە چەرخێکا فەرمانمان دا لەسەر زمانی رەهبەری خۆمان کە: بێن بڕۆنە ناو شاری قودسەوە.

﴿فَكُلُوا مِنْهَا حَيْثُ شِئْتُمْ رَغَدًا﴾

وە لە خواردنی ئەو وڵاتە بخۆن لە هەر شوێنێکەوە ئارەزووتانە بە خواردنێکی تێر و تەسەل؛ چونکی هۆی هەموو کەسب و کار و کشتوکاڵ و بازرگانی تیایە.

﴿وَادْخُلُوا الْبَابَ سُجَّدًا﴾

وە فەرمانمان دا بڕۆن بۆ پێشگای «بيت المقدس» بە وەزعی سەردانەواندن وە کڕنووش بردن لە بەر دەرگادا بۆ خودای پەروەردگار.

﴿وَقُولُواْ حِطَّةٌ﴾

وە بپاڕێنەوە لە خودا و بڵێن: پەروەردگارا نیازمان لە بارەگاتا ئەمەیە تاوانەکانمان لە سەر لابەی، وە بمانبەخشی.

﴿نَّغْفِرْ لَكُمْ خَطَٰيَٰكُمْۚ وَسَنَزِيدُ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٨﴾﴾

ئەگەر ئەم فەرمانەم بەجێ بێنن چاوپۆشی ئەکەین لە تاوانبارەکانتان وە پایەیش بەرز ئەکەینەوە بۆ بێ‌تاوانە خێرۆمەندەکانتان.

﴿فَبَدَّلَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ قَوْلًا غَيْرَ ٱلَّذِى قِيلَ لَهُمْ﴾

کەچی ستەمکارە نامەردەکان لە باتی ئەو وتارەی فەرمان درا بوو پێیان بڵێن، وتاری‌تریان وت. وە قسەی چاکیان گۆڕییەوە بە خراپ، وە لە باتی داوای تاوانپۆشی، داوای بەجێ‌هێنانی ئارەزووی نەفسیان کرد.

﴿فَأَنزَلْنَا عَلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رِجْزًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾

ئێمەیش لە بارەگای تەوانایی خۆمانەوە دەرد و ناساغییەکی زۆر ناشیرینمان حەواڵە کرد بۆ سەر ئەو ستەمکارانە.

﴿بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ ﴿٥٩﴾ ۞﴾

بە هۆی ئەوەوە کە لە فەرمانی ئێمە دەرچوون.

﴿وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ﴾

باسی ئەو نیعمەتە بکە: لە کاتێکا مووسا داوای ئاوی کرد بۆ کۆمەڵەکەی لە بیابانی سینادا.

﴿فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ﴾

ئێمەیش فەرمانمان پێدا کە: بە عاساکەت بدە لەو بەردە کەوا لە پێش چاوتا.

﴿فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا﴾

ئەویش بە عاساکەی لێیدا وە دوازدە چاوگەی لێ‌هەڵقولا بۆ دوازدە تیرەی بەنی‌ئیسرائیل.

﴿قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ﴾

بە حاڵێ هەر تیرەیێ لەوان سەرچاوەی خۆی ئەزانی.

﴿كُلُوا وَٱشْرَبُوا مِن رِّزْقِ ٱللَّهِ﴾

وە ئێمەیش لە سەر زمانی مووسا پێمان وتن: بخۆن لە خواردەمەنی، وە بخۆنەوە لە ئاوێ کە خودا کردوویەتی بە رۆزیتان.

﴿وَلَا تَعْثَوْا فِي ٱلْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٦٠﴾﴾

بەڵام ئاشووب مەگێڕن لە سەر عەرزا بۆ تێکدانی ئاسایشی خەڵك.

﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ﴾

وە یادی ئەو کارەساتە بکەنەوە لە کاتێکا وتتان بە مووسا: ئیتر تاقەتی خۆگرتنمان نییە لەسەر یەك جۆر لە خواردەمەنی!

﴿فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ﴾

داوا بکە لە خوای خۆت بۆمان دەربکا لەم عەرزە لەوانەی زەوی ئەیڕوێنێ.

﴿مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا وَبَصَلِهَا﴾

لە سەوزەوات و خەیار و گەنم و نیسك و پیازی ئەم عەرزە.

﴿قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ ٱلَّذِى هُوَ أَدْنَىٰ بِٱلَّذِى هُوَ خَيْرٌ﴾

مووسا فەرمووی: عەجەبا ئەتانەوێ نیعمەتی پەست وەرگرن لە باتی نیعمەتی پیرۆزی وا کە خوا بێزەحمەت پێی داون؟!

﴿ٱهْبِطُوا۟ مِصْرًا فَإِنَّ لَكُم مَّا سَأَلْتُمْ﴾

ئازان لەم بیابانە دەرچن، وە داپەڕێنەوە بۆ میسر، یا بۆ هەر شارێ لەم دەور و بەرە، ئەوسا بە راستی دەستان ئەکەوێ ئەوەی داوای ئەکەن.

﴿وَضُرِبَتْ عَلَيْهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلْمَسْكَنَةُ﴾

هەر لەو کاتەوە کە ناسوپاسییان دەربڕی و دەستیان کرد بە سەرکێشی و دڵپیسی لەگەڵ حەق پەرستیدا خودا کۆمەڵی بەنیئیسرائیلی هاومل کرد لەگەڵ کزی و لارەملی و چنۆکی و چاو برسێتییا.

﴿وَبَآءُو بِغَضَبٍ مِّنَ ٱللَّهِ﴾

وە گەڕانەوە لەگەڵ بەدبەختی و رقگرتنی خودادا.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانُوا۟ يَكْفُرُونَ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ﴾

ئەمەیش بە هۆی ئەوەوە کە هەمیشە ئینکاری ئایاتی خودایان ئەکرد.

﴿وَيَقْتُلُونَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ﴾

وە لە سەر بیری ئەوە بوون هەر پێغەمبەرێ لەگەڵ هەوایانا نەڕوا بیکوژن، وە نزیك بوو «هاروون» بکوژن وە «بالفعل» گەلێ لە پێغەمبەرانیان کوشت بە ناحەق، بێ ئەوە کە حەتا لە لای خۆیشیانا بەهانەیەکی بە شێوە راستیان لە دەستابێ.

﴿ذَٰلِكَ بِمَا عَصَوا۟ وَّكَانُوا۟ يَعْتَدُونَ ﴿٦١﴾﴾

ئەم ئینکاری ئایاتە وە ئەم کردەوەی دەست وەشاندنیانە لەوەوە بە سەرا هات کە هەمیشە لەسەر باری سەرپێچی لە فەرمانی خودا وە لادان لە سنووری ئەحکاما بوون.

گەڕانەوەیێ بۆ هەندێ باس لەم ئایەتەدا:

١. ﴿**وأني فضلتكم على العالمين**﴾: زاهیری ئەمەیە کە بەنی‌ئیسرائیل لە هەموو عالەم گەورەتر بووبن، کەچی ئایەتی: ﴿**كنتم خير أمة أخرجت للناس**﴾[1] بەرعەکسی ئەوەیە. بۆ وەڵامی ئەمە موفەسسیرین وتوویانە: مەبەست لە «عالەمین» ئەوانە بووە کە لەو چەرخەدا بوون؛ چونکی عالەم بەوە ئەڵێن بێ، وە ئوممەتی پێغەمبەری ئاخرزەمان لەو چەرخەدا نەبوون. وە بەعزێ موفەسسیرین فەرموویانە: ئایەتی ﴿**وأني فضلتكم على العالمين**﴾ ئەوە ئەگەیەنێ کە خودا فەزڵی بەنی‌ئیسرائیلی دابێ بە سەر غەیری ئەوانا. بەڵام ئەوە ناگەیەنێ لە هەموو هۆییێکەوە. با فەزڵەکەیان ئەوە بووبێ کە خودا هەر لەو قەومە پێغەمبەران و پاشاکانیشی ناردبێ، یاخود لە عیلم و زانست و پیشەناسیدا لە خەڵك زیاتر بووبن، وەکوو ئایەتی: ﴿**إذ جعل فيكم أنبياء وملوكاً**﴾[2] وە ئایەتی: ﴿**ولقد أخترناهم على علم على العالمين**﴾[3] ئەیگەیەنێ. وە یاخود مەبەست ئەوە بووبێ کە کۆمەڵی وا لە غایەتی داماوی و بێ‌دەستیا وە گیرخواردن بە دەستی پاشایێ کە لە غایەتی ستەمکاری و دەستڕۆییینا بووبێ ڕزگار کردنیان نیعمەتێکی وایە بۆ هیچ قەومێ لە دونیادا رووی نەداوە، مەگەر بۆ بەنی‌ئیسرائیل.

١. آل عمران؛ ١١٠.

٢. المائدة؛ ٢٠.

٣. الدخان؛ ٣٢.

٢. ئایەتی: ﴿ولا یقبل منها شفاعة﴾ وە هاووێنەکانی وەکوو: ﴿ما للظالمین من حمیم ولا شفیع یطاع﴾[١] وە گەلێ ئایەتی‌تر وا ئەگەیەنن کە لە رۆژی قیامەتا تکا (شەفاعەت) کردنی کەس بۆ کەس نییە، کەچی گەلێ ئایەت و گەلێ ئەحادیسی نەبەوی شەفاعەت ئیسبات ئەکەن، وە ئیجماعی پێشەوایان بووە لە سەر ئەمە کە حەزرەت ﷺ شەفاعەت ئەکا و شەفاعەتەکەی لێ‌قەبووڵ ئەکرێ.

وەڵامی ئەم گرێیە ئەمەیە: ئەو ئایەتانە کە مەنعی شەفاعەت ئەکەن ئەگەر لە باسی کافران ئەدوێ ئەوە جێگەی ئیشکال نییە، لەبەر ئەوە لە دنیادا دەرکەوتووە بە ئاشکرا ئەو کەسەی بە کافرێتی مردووە بە هیچ نەوعێ چاوپۆشی لێ‌ناکرێت، وە ئەگەر باسی کافران نییە وەکوو ئایەتی: ﴿واتقوا یوماً لا تجزي نفس عن نفس شیئاً﴾ دەفعی ئیشکالەکە ئەمەیە: ئەو ئایەتانە عامن، وە ئەو ئایەتانە کە شەفاعەت ئەگەیێنن وە ئەیبەستن بە کاتی بێ‌ئیزنی خوداوە ـ مەسەلا ـ خاسن، وە خاس حاکمە بەسەر عاما. یانی ئایەتە پێشووەکان موقەییەد ئەکرێن بە کاتی نەبوونی ئیزن و رەزای خودای تەعالاوە. یانی ئەگەر خودای تەعالا ئیزن نەدا بە شەفاعەت بۆ هەر گورۆهێ و بۆ هەرکەسێ ئەوە شەفاعەت بۆ ئەوانە سوودی نییە و نابێ. وە دەلیل لەسەر ئەم وەڵامە دامەزرانی ئیجماعە لەسەر شەفاعەت لە پێش دەرکەوتنی خیلافی ئەهلی بیدعەتا، وە ئەو ئەحادیسە رووناکانەن کە شەفاعەت ئەگەیەنن وە ئەو ئەحادیسە شەریفانە هەر چەن ئاحادن بەڵام بە هۆی مەعنای موشتەرەکیانەوە حوکمی موتەواتەریان هەیە.

ئەگەر کەسێ بڵێت: بوونی شەفاعەت ئەبێ بە هۆی گۆڕانی عیلم و ئیرادەی خودای تەعالا لەسەر عەزاب و ئازاردانی کافران و تاوانباران ئەمەیش مەحاڵە! بڵێ: ئەو کەسانەی کە شەفاعەتیان بۆ قەبووڵ ئەکرێ لە عیلمی خودادا رابوردووە کە بە

١. غافر؛ ١٨.

هۆی شەفاعەتەوە چاوپۆشییان لێ‌ئەکرێ، وە ئیرادەی لەسەر سادر بووە، وەکوو شیفا و خۆشەوەبوونی نەخۆشێ کە دەرمانی بە سوودی بۆ هەڵکەوێ و چاك ببێتەوە، ئەمەیش لە عیلمی خوادا رابوردووە بەو نەخۆشینە نەمرێ.

ئەگەر کەسێ بڵێت: شەفاعەت موخالیفی مەسڵەحەتی ئیسلامە؛ چونکە خەڵك جەسوور و بێ‌شەرم ئەکا لەسەر تاوان کردن !بڵێ: ئەم ئیشکالە کاتێ وارید ئەبێ کابرای تاوان کردوو سەنەدێکی لە دەستا بوایێ کە بە تایبەتی شەفاعەت بۆ ئەو ئەکرێت، ئەوەیش بۆ کەس نەبووە و نییە، بەس ئومێدی ئەوەی هەیە کە لە شەفاعەتا بەشدار بێ. زیاد لەمە ئەگەر ئومێدی شەفاعەت نەبێ گەلێ تاوانبار لە نائومێدییا خۆی کافر ئەکا، وە ئەمەیش موخالیفی میهرەبانی خودا و بانگی خێری ئیسلامە.

٣. ﴿يذبحون أبناءكم﴾:[١] هۆی ئەم سەربڕینەیان ئەمە بوو فیرعەون و شەعبی قیبتی بە هۆی دەستەڵاتی دەوامداریان بەسەر دراوسێکانیانا لە خۆیان بایی بووبوون وە بڕیاریان دابوو کە ئەوان شەعبێ گەورەن لە جیهانا وە مل کەچی خەڵك بۆ ئەوان فەرزە وە فیرعەونەکان خودان. جا لەگەڵ ئەم خۆپەرستیانەشیانا کە تەماشایان ئەکرد بەنی‌ئیسرائیل لەو کاتەوە بە هۆی حەزرەتی «یوسف»ەوە هاتوونەتە «میسر» ساڵ بە ساڵ ژمارەیان زۆر ئەبێ و دەستەڵات پەیدا ئەکەن. بیمیان پەیدا کرد لەوە کە رۆژێ لە رۆژان بەنی‌ئیسرائیل زاڵ ببن بەسەریانا و میسر داگیر بکەن. جا لە سەر ئەم ئەساسە بڕیاریان دا چاودێرییان بکەن لە کاتی منداڵ بوونی ژنەکانیانا. وە ئەوەی کە نێرینە بێ سەری ببڕن بۆ ئەوەی هێز نەگرن.

وە هەندێ لە موفەسسیرین فەرموویانە: هۆی ئەمەبوو فیرعەون لە خەوا حاڵی بوو لەوە کە بەدەستی یەکێ لە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئەفەوتێ. لە بەر ئەمە بڕیاری دا

---

١. ابراهیم؛ ٦.

بیانفەوتێنێ، وە بەرەبەرە نەیان هێڵێ. وە هەندێ‌تر فەرموویانە: ئەستێرەناسەکانی قیبتی وتیان بە فیرعەون: ئەمساڵ لە ناو بەنی‌ئیسرائیلا منداڵێ لە دایك ئەبێ کە لە سەر دەستی ئەوا تۆ بەرباد ئەبی. ئەویش بڕیاری دا لەو ساڵەدا هەرچی منداڵی نێرینەیان پەیدا ببێ سەری ببڕێت! کەچی ئەم کارەساتە هیچ سوودی نەبوو. ﴿والله غالب علی أمره ولكن أكثر الناس لا يعلمون﴾[1]

٤. ﴿و إذ فرقنا بكم البحر﴾: ریوایەت کراوە کاتێ بەنی‌ئیسرائیل لە شەوا لەگەڵ مووسادا لە میسر دەرچوون بەرەو دیاری موقەددەسە، فیرعەون خەبەردار بوو وە بە سوپاوە کەوتە دوایان وە لە نزیکی دەریای نیلدا گەیشت پێیان، لەویا خودای تەعالا، بە شێوەی موعجیزە ئاوی نیلی مەنع کرد لەڕەوان بوون وە دێڕی پێشدەمی بەنی‌ئیسرائیلیەکانی کرد بە کۆڵان، وە بەو کۆڵانەدا کەوتنە رێگە و لە ئاوی نیل پەڕینەوە.

کاتێ کە فیرعەون چاوی کەوت بەم وەزعە هێشتا بەنی‌ئیسرائیلیەکان تەواو نەپەڕیبوونەوە خۆی و سوپاکەی چوونە نیلەوە بەو کۆڵانەدا، کاتێ بەرو دوایان کەوتە نیلەوە ئاوی نیل هات بە سەریانا و لە نیلا غەرق بوون، پاش ئەوە لەشی فیرعەون کەوتە سەر ئاوەکە، وە لەشەکەیان لە نیل دەرکرد بۆ ئەوە هەموو کەسێ بزانێ فیرعەون غەرق بووە.

ئەگەرکەسێ بڵێت: عەجەبا فیرعەون و دەستەکەی زیر و هۆشیار بوون چۆن ئەنیشنە ئەو ئاوە بێ‌ئامانە؟! وەڵامی ئەمەیە؛

یەکەم: فیرعەون و پیاوە ماقووڵەکانی وایان ئەزانی ئەم رووداوە لەسەر ئەساسێکی فەننی و جادوویێکە مووسا کردوویەتی، وە یاخود لەسەر وەزعێکی نجوومی عالەمییە

---

١. یوسف؛ ٢١.

کە مووسا ئاگادار بووە بەسەریا، مادام وابێ ئەم وەزعی کۆلآنی «نیل»ە هەروا ئەمێنێتەوە، وە بۆ بەنیئیسرائیل و قیبتی فەرقی نییە.

دووەم: بە خەیاڵی ئەوە کە «ماپین» مەلەوانە سوپاکەیش مودەڕڕەب و شارەزای مەلەوانین بەم شێوە لە نیل ئەپەڕنەوە.

سێهەم: کاتێ فیرعەون چاوی کەوت بە بەنیئیسرائیل لە نیل پەڕینەوە حاڵەتێکی نەفسیی شازی بەسەرا هات و بە عاری ئەزانی بترسێ لە ئاوی نیل و بەرابەر بە سوپاکەی بیم وترس نیشان بدا. وە حەقیقەتیش ئەمە بوو کە خودا ویستی کۆمەڵێ بفەوتێنێ هەر خۆیان بە خۆیان بەرباد ئەکا. ﴿لیحق الحق ویبطل الباطل﴾،[1] ﴿ویقطع دابر الکافرین﴾.[2]

بۆ روانینی ئەم نیعمەتی دوو بەشکردنی ئاوی نیلە، وەکوو موفەسسیرە زاناکان و زاناکانی عولوومی عالەمی ئەڵێن: رووداوێکی موعجیزە، و یا لە یاسای سونەتی سەربسات خاریج بوو، وە خودای تەعالا بۆ ئەوە کردی عالەمێکی زۆر بە قودرەتی خۆی زانا و ئاشنا بکا.

وە ئەم رووداوە هەرچەن لە شێوەدا بە نیعمەتێ ژمێرراوە، بەڵام چەن نیعمەتی گەورەیە:

یەکەم: ئەگەر لە بەردەمی سوپای دوژمنا بمانایەنەوە ئەکوژران، وە ئەگەر لە ئاوەکەیان بدایێ ئەخنکان، خودا بە میهرەبانی خۆی لەو تەنگییەدا لە دەریاکەدا کۆلآنێکی بۆ کردنەوە و لە هەردوو مەینەتەکە رزگاری کردن.

دووهەم: خودا بە تایبەتی ئەوانی دیاری کرد بەم یارمەتییە گەورە کە لە رۆزگارا ئەگێڕرێتەوە هەتا هەتایە.

---

١. الأنفال؛ ٨.

٢. الأنفال؛ ٧.

سێهەم: بە چاوی خۆیان دوژمنەکانیان بینی کە بەرباد بوون و ئاوبردنی.

چوارەم: دوژمنەکانی وەها بەرباد کردن کە مەترسی هەڵدانەوەی ئەوان لەو چەرخەدا لە دڵا نەما؛ چونکی ئەگەر سەرۆکەکەیان بمایێت دووبارە سوپای ئەبردەوە بۆ سەریان.

پێنجەم: لەشی فیرعەون لە دەریا کەوتە لاوە بۆ ئەوە گومانی ئەوە نەمێنێ کە فیرعەون نەفەوتاوە و خۆی شاردووەتەوە.

شەشەم: گەلێ لە دارایی و زەڕو زیوی قیبتییەکان بە موناسەبەی جەژنێکەوە لەو سەردەما کەوتە دەستی بەنیئیسرائیل، وە ئەمەیش هەندێ لە حەقی خۆیان بوو.

هەروا گەلێ لە نیعمەتەکان کە لەم شوێنەدا باس کراون و بە دیمەن لە نیعمەتێ یا دوو نیعمەت ئەچن لە [لێ]کۆڵینەوەدا چەن نیعمەتی گەورەی تیا دەرئەکەوێ.

«بۆ وردبوونەوە»، ژمارەی ئەم نیعمەتانە لە سەر ریزی ڕوودان نییە بەڵکوو لە سەر ریزی تەماشای موناسەبەی حاڵی بەنیئیسرائیلیەکان بەیان کراوە.

﴿وضربت عليهم الذلة والمسكنة﴾

١. بێپایەیی ئادەمیزاد و پاشکەوتنی لە گەلێ ڕووەوەیە، وە بە کورتی دوو شتی لێ پەیدا ئەبێ؛ یەکێ لەوانە دیارییە، ئەویان پەنامەکییە. دیارییەکەیان ئەمەیە: ئەو کەسە یا ئەو گەلە لە ریزی ئادەمیزادی بەرزا جێگەی نەبێ، یانی لە ئازادی و سەربەستی بێبەش بێ، ئەمە بە عەرەبی «ذلة»ە، وە بە کوردی سووکیو ژێردەستەیی یا ژێرچەپۆکەییە. وە پەنامەکییەکەشیان ئەمەیە: ئەو کەسانە لە دڵی خۆیانا خۆیان بە کز و کەنەفت و بێسەر و سامان و بێئاو و نان بزانن، وە ئەم سیفەتەیش نیشانەی لە دەرەوە دەرئەکەوێ، وە غالبەن خاوەنی ئەم حاڵە ناوچاویان تاریکە، وە بێنەشەن. ئەم سیفەتە بە عەرەبی «مسکنة»، وە بە کوردی چنۆکیو چاوبرسێتییە. یەکەمیان لە بەر ئەوە دیارییە خودا پێشی خست، دووەمیان چونکی وا لە دڵا و ئاساری نەبێ دەرناکەوێ خودا خستیە دواوە.

٢. ئەبێ بزانین ئایاتی قورئان بەعزێکیان ئەبن بە تەفسیر و بەیان بۆ بەعزێکیان؛ «مەسەلا» موقەییەدەکان ئەبن بە بەیان بۆ موتڵەقەکان، مادام لە یەك بابەت بدون. ئێمە تەماشا ئەکەین ئەم ﴿ضربت علیهم الذلة والمسکنة﴾ە لێرەدا موتڵەقە و لە سوورەتی ئالیعیمران و ئەعرافا موقەییەدە بە: ﴿إلا بحبل من الله و حبل من الناس﴾[١]ەوە. کە وابێ ئەبێ ئەو قەیدە لێرایشا تەماشا بکرێ، وە «حبل الله» بریتییە لە خۆبەستنیان بە پەیمانی خوداییەوە بە هۆی پێغەمبەرەکانیانەوە، وە بە هۆی رەفتاری شەرعییانەوە، وە «حبل الناس»یش بریتییە لە پەیوەندییان لەگەڵ خاوەن دەستەڵاتەکانی جیهان.

لە واقیعا بەنیئیسرائیل لەو کاتەوە بەرابەر بە حەزرەتی مووسا سەرکێشییان کرد، وە عەناد و ملەجرِێیان نیشان داوە تا ئەمرِۆ ئازادی و سەر بەرزییان بریتی بووە لەوەی لە پاڵی پێغەمبەرەکانیانا ژیاون، وەکوو: مووسا و، هاروون و، یووشەع و، داوود و، سولەیمان یا لە پەنای پاشاکانی جیهان وەکوو دەوڵەتی «رۆم» یا دەوڵەتی «بەریتانیا» و «ئەمەریکا» لە ئیمرِۆدا ژیابن.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾

ئەو کەسانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە پێغەمبەری زەمانی خۆیان لە پێش ئەهلی کیتابا.

﴿وَٱلَّذِينَ هَادُواْ﴾

ئەو کەسانەیش کە ئایینی یەهوودییان وەرگرتووە لە پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلەوە.

﴿وَٱلنَّصَـٰرَىٰ﴾

ئەو کەسانەیش کە ئایینی نەسرانییان بووە لە رۆژی خۆیانا.

---

١. آل عمران؛ ١١٢.

﴿وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ﴾

ئەو گورۆهەیش کە ناو ئەبرێن بە سابیئە لە گورۆهی نەسرانییەکان.

﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾

هەر کەسێ لە وانە ئیمان و باوەڕی ساغیان بە خودای تەعالا وە بە ڕۆژی پاشەڕۆژ و زیندوو بوونەوە بۆ پاداش بووبێ لەسەر ڕووناکی فەرموودەی پێغەمبەرەکانیان.

﴿وَعَمِلَ صَـٰلِحًا﴾

وە کردەوەی چاك بووبێ بە گوێرەی دەستووری دین.

﴿فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾

ئەوە هەموو ئەوانە تۆڵەی باشی خۆیان وەر ئەگرن بەلای خودای خۆیانەوە.

﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ﴾

وە لە ڕۆژی قیامەتا لە پاش موژدەی فریشتەکان بەوانە بیم و ترسی عەزابیان لەسەر نامێنێ.

﴿وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾﴾

وە قەت زویریش نابن لەبەر نەگەیشتن بە دڵخوازی خۆیان ؛ چونکی ئەوەی دڵخوازیان بێ دەستیان ئەکەوێ.

وە بناغەی فەرمانی ئەم ئایەتە لەسەر ئەوەیە خودای تەعالا بۆ هەر نەتەوەیێ پێغەمبەرێکی ناردووە، وەکوو فەرموویەتی: ﴿وإن من أمة إلا خلا فيها نذير﴾.[1] وە هەر کەسێ پەیڕەوی ئەو پێغەمبەرەی کردبێ لە ئازاری پاشەڕۆژ ڕزگار بووە، وە بە پاداشی

---

١. فاطر؛ ٢٤.

باشی خۆی گەیشتووە، وە لەسەر ئەم یاسایە ئەو ئادەمیزادانەیش کە ئیمرۆ لە رووی عەرزان هەرکەسیان پەیڕەوی حەزرەتی «محمد المصطفی» ﷺ و ئایینی ئەویان کردبێ و لەمەولا بیکەن لە هەر عونسور و نەتەوەیێ هەبن ئەوانیش بە پایەی رزگاری لە ئازار و پیرۆزی پاشەڕۆژ ئەگەن، وە پێچەوانەی ئەمەیش ئەو کەسانە ئیمان و باوەڕیان نەبوو وە یا کردەوەیان باش نەبووە لەو پایە و مایە نائومێدن.

چەن باس لەم ئایەتەدا:

یەکەم: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی «سەلمانی فارسی»دا رضي الله عنه، ئەگێڕنەوە: کاتێ سەلمان بە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ گەیشت باسی ئەو رەفیقانی خۆیە گێڕایەوە کە لە «دیری» نزیکی موسڵدا بە لایانەوە بووە وە لەسەر دینی نەسرانی بوون عەرزی کرد: ئەوانە گەلێ عیبادەت و نوێژ و رۆژوو و بەندەگی خودایان بوو، وە ناو و نیشانی تۆیان ئەزانی، وە باسی گەلێ سیفاتی چاکەی ئەوانی کرد. حەزرەت ﷺ لە وەڵامیا فەرمووی: ئەوانە ئەهلی عەزابن! وە گەلێ ئەم وەڵامە لەسەر دڵی سەلمان نارەحەت بوو. جا پاش ئەوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە مەعناکەی ئەمەیە: هەرکەسێ لە هەر زەمانێکا پەیڕەوی پێغەمبەری خۆی کردبێ ئەو کەسە ئەجر و جەزای زایە نابێ. جا سەلمان زۆر دڵشاد بوو. وە ئەو وەڵامی یەکەمە کە حەزرەت ﷺ داویەتیەوە بە سەلمان بەر لەوە بووە کە حوکمی ئەوانە دەربکەوێ بەلایەوە.

دووەم: پرسیار کراوە: مادام لە سەرەتای ئایەتەکەوە ﴿الذين آمنوا﴾ هەیە پێویستە مەبەست لە «من آمن» لە پاشەوە شتێکی ئایری بێ! جا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەن قسەیێ کراوە.

یەکەم: ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنه کە مەبەست لە ﴿الذين آمنوا﴾ ئەوانەیە کە لە پێش رەوانەکردنی حەزرەتی موحەممەدا ﷺ ئیمانیان هێناوە بە حەزرەتی

عیساعلیه السلام وە لە شتی پڕوپووچی نەسرانییەکان دوور بوون، وەکوو«حەبیبی نەجار» و «قەیس بن ساعدە» و «بوحەیرای راهیب» و «زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیل» و «وەرەقەی کوڕی نەوفل» و «سەلمانی فارسی» و «ئەبووزەڕی غەفاری»رضی الله عنهم.
یانی خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەو کەسانە کە لە پێش رەوانەکردنی حەزرەتی موحەممەدا ﷺ ئیمانیان هێناوە بە عیسا، وە ئەو کەسانەیش کە گیرۆدەی تەحریف و تەبدیلی کتێبەکان بوون هەرکام ئێستە بێت ئیمان بێنێ بە «محمد المصطفی» ﷺ ئەوە لە ئازار رزگار ئەبن، وە بە پاداشی سوودمەند ئەگەن بەلای خودای تەعالاوە.

دووەم: ریوایەت کراوە لە سوفیانی سەورییەوە کە مەقسەد لە ﴿إن الذين آمنوا﴾ ئەوانەن کە بە زمان ئیمانیان هێناوە و لە دڵا باوەڕ و ئیمانیان نەبووە (کە موناففقەکانن) وە مەقسەد لە «من آمن» ئەو کەسانەن کە بە ساغی بە دڵ و زمان خاوەن ئیمانن.
یانی ئەو موسوڵمانە موناففقە دووڕوانە و یەهوود و نەسرانی و سوببی هەرکەس لەمانە بێت بە راستی ئیمان بێنێ بەوەی پێویستە، ئەوانە لە ئازاری قیامەت رزگارن وە بە پاداشی باش ئەگەن لە لای خودای خۆیانەوە.

سێهەم: بیری عولەمای موتەکەللیمینە کە فەرموویانە: مەقسەد لە «إن الذين آمنوا» ئەو کەسانەیە لە پێش هاتنی ئەم ئایەتەدا بە ساغی ئیمانیان هێناوە بە حەزرەتی «محمد المصطفی» ﷺ. وە مەقسەد لە «من آمن» لە پاشەوە ئیمان و باوەڕێکە کە لە موستەقبەلا بمێنێتەوە، یانی: ئەو موسوڵمانانە کە لەمەوپێش ئیمانیان هێناوە و کۆمەڵی جوولەکە و گاور و سوببی هەرکام لەمانە لە موستەقبەلا لەسەر ئیمان بە خودا و پێغەمبەری خودا (محمد المصطفی) ﷺ و باقی ئەرکانەکانیتر دەوامدار بن ئەوانە ئەگەن بە رزگاری و سەرفرازی بە لای خودای خۆیانەوە.

چوارەم: مەقسەد لە ﴿إن الذين آمنوا﴾ ئەوانەن کە بە ئیجمال و کورتی ئیمانیان هێناوە، وە مەقسەد لە «من آمن» ئیمانی تەفسیلییە. یانی: ئەو موسوڵمانانە کە بە

ئیجمال ئیمانیان هێناوە، وە ئەو کیتابییانەیش ئەیانەوێ ئیمان بێنن هەرکەس بە تەفسیل و چاوڕوونی ئیمان بێنێ بە هەموو بەندەکانی ئیمان، وە فەرمانبەرداری حەق بکا، ئەوانە وەهانە کە رزگار و سەرفرازن.

پێنجەم: مەقسەد لە ﴿إن الذين آمنوا﴾ ئەو کەسانەن کە تەنیا ئیمانیان بە خودا بووە، وە موبالاتیان بە باقی ئەرکانی ئیمان نەبووە کە مەشهوورن بە «یەزدانپەرست» وە ئەمانە تەبعەن لە پاش ڕەوانەکردنی پێغەمبەر مادام ئیمان نەیێنن بە پێغەمبەر بە کافر ئەناسرێن. یانی: ئەو یەزدانپەرستانە و جوولەکە و گاور و سوببی هەرکام بێن بە شێوەی ڕاست و ڕەوان ئیمان بێنن بە خودا و بە پێغەمبەر ﷺ وە بە باقی بەندەکانی ئیمان ئەوانە رزگار و سەرفرازن.

شەشەم: مەقسەد لە ﴿إن الذين آمنوا﴾ ئەو موسوڵمانە ساغانەن کە لە پێش چەرخی کیتابییەکانا بوون، وە مەبەست لە «من آمن» ئیمانە بە یەکە یەکە بەند و یاسای دینی پێغەمبەرەکەیان، وەکوو لەسەرەوە نووسیم، یانی: ئەو کەسانە کە لە چەرخە کۆنەکانا ئیمانیان هێناوە بە پێغەمبەرەکان و ئەو یەهوود و نەسرانی و سوببیانەیش کە وەختی خۆی ئیمانیان هێناوە بە پێغەمبەرەکانی خۆیان، وەکوو ئەو کەسانەیش ئیمڕۆ ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە حەزرەتی موحەممەد ﷺ هەموو رزگار و سەرفرازن؛ چونکی «سنة اللّٰه» لە ئادەمیزادا ناگۆڕێ وە هەرکەس لە عەهدی هەر پێغەمبەرێکا بووبێ مادام فەرمانی ئەو پێغەمبەرەی وەرگرتبێ ئەهلی نەجات بووە. وە ئەم یاسایە هەروا دەوام ئەکا هەتا هەتایە، بەس ئەوەندە هەیە کە دینی «محمد المصطفی» ﷺ دەوامدارە هەتا قیامەت و لە زەمانی هاتنی موحەممەدەوە هەتا ڕۆژی قیامەت پێویستە ئیمان لەسەر ئایین و نیزامی دینی ئەو بێ.

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَاقَكُمْ﴾

باسی ئەو چەرخە بکەن کە پەیمانمان وەرگرت لە پێشینانتان لەسەر پەیڕەوی مووسا و رەفتار بە تەورات.

﴿وَرَفَعۡنَا فَوۡقَكُمُ ٱلطُّورَ﴾

وە کێوی تووری سینام بە سەرا بەرزکردنەوە، بۆ دەربڕینی هێزی خۆم.

﴿خُذُواْ مَآ ءَاتَيۡنَٰكُم بِقُوَّةٖ﴾

وە پێم وتن: ئەم کتێبە پیرۆزە وە ئەم ئایین و دینە کە پێم‌داون وەربگرن، بە دڵئەستووری، وە رەفتاری پێ‌بکەن بە راستی.

﴿وَٱذۡكُرُواْ مَا فِيهِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٦٣﴾

وە ئەوەی لەو کتێبە پیرۆزەدا هەیە بیخوێننەوە و بە خەڵکی نیشان بدەن بەڵکوو هەمووتان خۆتان بپارێزن لە نافەرمانی و گرفتاری ئازاری خودا نەبن.

﴿ثُمَّ تَوَلَّيۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَۖ﴾

کەچی پاش ئەوە کە پەیمانتان کرد لەسەر وەرگرتنی و رەفتار پێ کردنی پشتتان لێ‌هەڵکرد و دەستان کرد بە نافەرمانی.

﴿فَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ﴾

جا ئەگەر زیادە کەرەمی خودا و میهرەبانی ئەوتان لەسەر نەبوایێ بە هۆی ئەوەوە کە تەوفیقی دان لەسەر تۆبە و پەشیمانی، وە یا بە هۆی ئەوەوە کە لە پاش مووسا هەم پێغەمبەرانم نارد بۆ سەرتان، لە بەنی‌ئیسرائیلەوە ئایینم بۆ تازەکردنەوە، وە یا بە هۆی ئەوەوە کە پێغەمبەری ئاخر زەمانم نارد بۆ سەر هەموو عالەم وە بوو بە هۆی رزگاری ئەوانەتان ئیمانی پێ دێنێ.

﴿لَكُنتُم مِّنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٦٤﴾﴾

ئەبوون بەوانەی کە لە رۆژی پاشەڕۆژا بە زیانکردوو و بەدبەخت ئەژمێررێن.

ریوایەت کراوە: کاتێ حەزرەتی مووسا عليه السلام تەوراتی هێنا بۆ قەومەکەی و لە فەرمانەکانی گەیشتن کە گرانن گەلێ لە بەنیئیسرائیلیەکان لە وەرگرتنی یاسای تەورات سەکێشییان کرد. جا خودای تەعالا کێوی تووری لە بن هەڵکەند و بەرزی کردەوە بە سەریانا وەکوو چەتر، تا ئەوانیش گەڕانەوە بۆ فەرمانبەرداری، وە ئەم کارەساتە بوو بە یەکێ لە موعجیزە گەورەکان بۆ مووسا عليه السلام.

وە ئەو رەخنەیە کە هەندێ کەس گرتوویە و وتوویە: دین بە زۆر دانامەزرێ! هەڵەیە؛ چونکی ئادەمیزادی خاوەن هۆش و بیری پاك پێویستی بە موعجیزە نییە، بەڵام ئینسانی سەرکێشی بەدخوو بە بێ هێز لە هیچ چەرخێکا فەرمانی حەقیان بەجێ نەهێناوە. کە وابێ ئەبێ خودا ئەوانە بەو سەرکێشییەوە بەرەڵڵا بکا! ئەمەیش خیلافی یاسای کائینات و نیزامی عالەمە. وە هەندێ زانایان فەرموویانە: بەرزکردنەوەی کێوی توور بەسەر بەنیئیسرائیلدا بۆ ترساندنیان نەبووە، بەڵکوو بۆ ئەوە بووە کە دڵیان بە راستی پێغەمبەرایەتی مووسا و تەورات ئەستوور بێ؛ چونکی هەتا ئیشی خاریق زۆرتر بێ دڵی ئینسان دامەزراوتر ئەبێ.

﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ﴾

ئەی نەتەوەی ئیسرائیل، قەسەم بە زاتی خۆم! ئێوە ئەزانن بەو کەسانە کە لایان دا لە فەرمانی من لە رۆژی شەممەدا.

﴿فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَـٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾﴾

منیش قارم لێ گرتن و پێم وتن: ببن بە مەیموونی سووکی بێنرخ.

﴿ فَجَعَلْنَاهَا نَكَالًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا خَلْفَهَا وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ (٦٦) ﴾

جا ئەو شێوە گۆڕانەم کرد بە هۆی عیبرەت و دەرس وەرگرتن بۆ ئەو کۆمەڵەی لەو چەرخەدا بوون و بۆ ئەوانەیش پاش ئەوان ئەبن، وە بە هۆی ئامۆژگاری بۆ ئەوانە ئەیانەوێ لە خودا بترسن.

ئەم کارەساتە لە چەرخی حەزرەتی «داوود»دا رووی دا. موفەسسیران ئەڵێن: لە چەرخی داوودا گەلێ لە بەنی‌ئیسرائیل لە قەراخی دەریای «ئەیلە»دا نیشتەجێ بوون وە پیشەیان ماسی گرتن بوو، جا خودای تەعالا لەسەر ئایین لەو رۆژەدا فەرمانی دا کە لە رۆژی شەممەدا خەریکی عیبادەت بن و ماسی نەگرن.

ئەوانیش ئەمەیان پێ ناخۆش بوو، وە چوون لە قەراخی دەریاکەدا چەن گۆمەڵکەیەکیان هەڵکەند، وە لە بەینی ئەو گۆمەڵکەو دەریاکەدا جۆگەلەیان راکێشا، لە رۆژی شەممەدا ماسییەکان ئەرۆیشتنەوە ناو گۆمەڵکەکان و لە رۆژی یەك شەممەدا ئەرۆیشتن بۆیان دەریان ئەهێنان، وە بەو فێڵە لە فەرمانی خودا لایان دا. وە خوای تەعالا قاری گرت لەو کەسانە ئەم فێڵەیان کرد، وە شێوەی گۆڕین بە مەیموون، وە ئەو کەسانە پاش ئەوە سێ رۆژ ژیان ئیتر مردن وە ئەم باسە دەنگی داوە لە ولاتا.

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا بَقَرَةً ﴾

باسی ئەو چەرخە بکەن کە مووسا عليه السلام فەرمووی بە قەومەکەی: بە راستی خودای تەعالا فەرمانی داوە کە گایێ سەببڕن بۆ دەرکەوتنی پیاو کوژەکان.

﴿ قَالُوا أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا ﴾

ئەوانەیش کە ئەمەیان بە موناسب نەزانی، وتیان: ئایا تۆ ئێمە ئەکەی بە جێگەی گەپ و گاڵتە؟!

﴿قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾﴾

مووسا فەرمووی لە وەڵاما: پەنا ئەگرم بە خوا لەوەی کە ببم بەو نەزانانە ئیشی بێسوود ئەکەن

﴿قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ﴾

ئەوانیش کە حاڵی بوون لە وەزعەکە عەرزی مووسایان کرد: داوا بکە لە خوای خۆت بۆمان روون بکاتەوە ئەو گایە چۆن گایەکە.

﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ﴾

مووسا فەرمووی: خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەو گایە گایەکە نە زۆر پیرە و نەزۆر جوانە: بەڵکوو میانە ساڵە.

﴿فَٱفْعَلُواْ مَا تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾﴾

دەی زوو ئەوەی پێتان وتراوە بیکەن.

﴿قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا﴾

ئەوانیش عەرزی مووسایان کردەوە: داوا بکە لە خوای خۆت بۆمان رۆشن بکاتەوە رەنگی ئەو گایە چۆنە؟

﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا﴾

مووسا فەرمووی: خودا ئەفەرموێت: ئەو گایە رەنگی زەردێکی تەواو زەردە.

﴿تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾﴾

ئەوەندە زەردێکی جوانە دڵی تەماشاکەران خۆش ئەکا.

﴿قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِىَ﴾

هەم عەرزیان کردەوە وتیان: داوا بکەلە خودای خۆت بۆمان روون بکاتەوە ئەو گا زەردە تۆخە، چ نیشانەیێکی هەیە؛ چونکی گای زەردی تۆخ زۆرە.

﴿إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا﴾

ئەو گازەردە تۆخە گۆڕاوە لە سەرمان؛ چونکی گەلێ گای زەردی تۆخ هەیە.

﴿وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾﴾

وە ئێمە ئینشائەڵڵا نزیك بووینەتەوە لە شارەزایی بە مەبەست.

﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ﴾

مووسا فەرمووی: خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەو گایە گایەکی وایە نە رام کراوە لەسەر جووت کردن تا زەوی بکێڵێ، وە نە رام کراوە لەسەر ئاوکێشان بۆ ئاودانی کشتوکاڵ.

﴿مُسَلَّمَةٌ﴾

پاکە لە عەیب.

﴿لَّا شِيَةَ فِيهَا﴾

خاڵ و نیشانەی ئایری لە رەنگەکەی تیا نییە.

﴿قَالُوا۟ ٱلْـَٰٔنَ جِئْتَ بِٱلْحَقِّ﴾

جا بەنیئیسرائیلیەکان عەرزیان کرد: ئێستە نیشانەیەکی ساغی وەهات ناو برد بۆمان کە لە لامان دەرکەوت مەبەست چییە.

﴿فَذَبَحُوهَا﴾

جا هاتن گایەکی وەهایان پەیدا کرد و سەریان بڕی.

﴿وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾﴾

وەلحاڵ، لەسەر ئارەزووی خۆیان نەیان ئەویست ئەو گا سەربڕن: بەڵام کە بەهانەیان نەما چاریان نەما لە سەربڕین زیاتر و سەریان بڕی.

﴿وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا﴾

باسی ئەو کارەساتە بکەن لەو کاتەدا کە یەکێکتان لە خۆتان کوشت.

﴿فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا﴾

وە پاش کوشتنەکەیشی لە ناو خۆتانا ئاشووبتان هەستان و بە یەکاچوون لە هۆی دەرخستنی پیاوکوژەکەوە.

﴿وَاللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٧٢﴾﴾


واتان ئەزانی بەم فرو فێڵە پیاوکوژەکە ون ئەکەن، بەڵام خوای تەعالا، ئەوەی کە ئێوە ونتان ئەکرد، دەری‌خست لە خەڵکی وڵات؛ تا ببێ بە موعجیزە بۆ حەزرەتی مووسا عليه السلام.

﴿فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا﴾

وە لە پاش سەربڕینی گایەکە وتمان: بدەن لەو کوژراوە بە پارچەیێ لە گۆشتی ئەو گایە، تا کوژراوەکە زیندوو ببێتەوە و ناوی ئەو کەسە ببا کە کوشتوویەتی. وە «بالفعل» وایان کرد و پیاوکوژەکە دەرکەوت.

﴿كَذَلِكَ يُحْيِي اللَّهُ الْمَوْتَى﴾

هەر بەم شێوە کە دوورە لە عەقڵی خەڵکەوە خودای تەعالا لە کاتی خۆیا مردوان زیندوو ئەکاتەوە.



هەروا لە دنیایشا نیشانەکانی دەستەڵاتی خۆیتان پیشان ئەدا.

﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝٧٣﴾

بەڵکوو تێبگەن کە خودای تەعالا هەموو شتێکی مومکینی پێ ئەکرێ.

روونکردنەوەی ئەم باسە:

وەکوو لە تەفسیرە گەورەکانا ئەڵێت: پیاوێکی دەوڵەمەند بوو لە ناو بەنیئیسرائیلدا تاقە کوڕێکی بوو، جا برازاکانی، بە تەمای وەرگرتنی داراییەکەی، بە دزییەوە کوڕەکەیان کوشت، وە لە قەراخی ئاوەدانییەکەوە فڕەیان دا. وە هەر خۆیان بە فێڵ دەستیان کرد بە ئاشووب لە ناو خەڵکا و گەلێ کەسیان ناو برد بە قاتڵی ئەو کوڕە، تا ئەم کارەساتە گەیشت بە حەزرەتی مووسا ﷺ، ئەویش داوای کرد لە خودای تەعالا ئەو پیاوکوژەیان بۆ دەربخا. خودایش فەرمانی دا کە گایێ سەر ببڕن و بە پارچەیێ لە گۆشتی گایەکە بدەن لە لەشی کابرای کوژراو زیندوو ئەبێتەوە و ناوی پیاوکوژەکە ئەبا. وە ئەگەر بە گورجی گایەکیان سەر ببڕیایە هەر جۆرە گایە ببوایە ئیشەکە جێبەجێ ئەبوو، بەڵام ئەوان لە بیمی دەرکەوتنی کارەساتەکە ملەجڕێیان کرد و چەن پرسیاریان کرد، لە ناو و نیشانی ئەو گایە هەتا لە ئەنجامی نیشانەکانا بە چەن زەحمەت گایەکیان دەس کەوت بە نرخێکی گران کڕییان و سەریان بڕی، وە بە پارچەیێ لە رانی گایەکە دایان لە لەشی کابرای کوژراو و زیندوو بووەوە و هاتە زمان و ناوی ئەو کەسەی برد کوشتوویەتی و پیاوکوژ شەرمەسار بوو. بەم موعجیزە ئەم کارەساتە بڕایەوە.

مومکینە هەر لەسەر ئەم کارەساتە بێ ئەوەی لە تەوراتدا هەیە کە: هەرکاتێ کەسێ بکوژرێ و قاتڵەکە دیار نەبێ دێن گایێ سەرئەبڕن لەسەر ئاوێکی رەوانا و

پیاوە مناسبەکانی ئەو شوێنە کە نزیکن لە شوێنی کوشتنی کوژراوەکەوە گردئەبنەوە لەویا، وە دەستیان ئەکەن بە خوێنی ئەو گا سەربڕاوەدا و ئەڵێن: «ئێمە خوێنی ئەو کوژراوەمان نەڕژاندووە، خودایە لێمان ببوورە! وە قاتڵەکەمان بۆ دەربخە». وە ئەم دەست خوێناوی کردنە و ئەم چەن وشەیە لە لایان زۆر دشوارە، وە هەرکەس لەو خوێنا و لەو کوشتنا دەستی بووبێ لە ترسی قاری خودا ناوێرێ بێت تێکەڵی ئەو کۆمەڵە ببێ، وە دەستی خوێناوی بکا و ئەو وتارە بڵێت.

﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ﴾

جا پاش ئەوە بە چاوی خۆتان دیتان ئەو کوژراوە زیندووەوە بوو لە باتی ئەوە دڵتان نەرم ببێ دڵتان لە جاران رەقتر بوو.

﴿فَهِىَ كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً﴾

وە دڵتان وەکوو بەرد بەڵکوو زیاتر رەق بوو.

﴿وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ﴾

بە دلیلی ئەوە هەندێ بەرد لە سەر فەرمانی خودا رووباری ئاوی لێهەڵئەقوڵێ، وە هەندێ بەرد لەت ئەبێ و ئاوی لێدەرئەچێ، وە هەندێکیان لەسەر بەرزییەوە دائەڕووخێ و دائەپەڕێ لە بیمی خودا، بەڵام دڵی ئێوە لە پاش ئەو هەموو کارەساتە چاوتان پێکەوت رام نابێ بۆ فەرمانی خودا.

﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٧٤﴾﴾

جا بزانن کە خودای تەعالا بێئاگا نییە لەو کردەوانە ئێوە ئەیانکەن وە لە کاتی خۆیا تۆڵەتان لێئەسێنێتەوە.

ئەم ئایەتە بەرزە نوێنەری گەورەیی خودای تەعالایە، یانی جیهان هەمووی رامە بۆ فەرمانی خودا، جا ئەوەی بێ‌گیانە یاخود گیاندارە بەڵام عەقڵی نییە لەسەر شێوەی تایبەتی خۆی رامە بۆ فەرمانی خودا، وە ئەوەیش کە گیاندارە و هۆشیارە هەر لە ژێر هێزی خودادایە بەڵام هۆشیاری کردووە بۆ ئەوە بە خواستی خۆی لەسەر یاسای ئایین و نیزامی حەق بجووڵێتەوە، وە پێویستە بۆیان کە رام بوونی جیهان بکەن بە سەر مەشقێ بۆ خۆیان و لە قاری خودا بترسن و خودا بپەرستن و هەر فەرمانێکی دا بە جێگەی بێنن ئەنا خودا لەسەر یاسای دامەزراو تۆڵەیان لێ ئەسێنێتەوە.

وەهـــایە یـــاسای خـــوداپـــەرستی ‌‌‌‌‌‌ نـــەکەویتەدووی هـــەواپـــەرستی
یاسای حەقیقەت بکەی بە سەرمەشق ‌‌‌‌‌‌ بـــەدڵ لابـــدەی لە رێـــگای پـــەستی

جا پاش گێڕانەوەی ئەم کارەساتانە خودای تەعالا روو ئەکاتە حەزرەتی موحەممەد ﷺ و پەیڕەوەکانی و بە شێوەی تێگەیاندن لە حەقیقەتی حاڵی بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئەفەرموێت:

﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا۟ لَكُمْ﴾

ئایا ئێوە بە تەمای ئەوە هەن کە ئەم بەنی‌ئیسرائیلیە سەرسەختە دڵ رەقانە ئیمان و باوەڕ بێنن بەم ئایینە کە بۆ ئێوە هاتووە؟!

﴿وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ﴾

وەلحاڵ، چینی پێشینی ئەمانە وتاری خودای تەعالایان ئەبیست (وەکوو تەورات بێ) لە مووسا، وە تێ‌ئەگەیشتن لە یاسای دینی خۆیان و شێوە و نیشانەکانی پێغەمبەری ئاخر زەمانیشیان وەرئەگرت.

﴿ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ﴾

لە پاشان ئەوەی بیستبوویان و چاویان پێ‌کەوتبوو لە ئایاتی تەورات یا بە تەواوی لایان ئەبرد لە تەوراتا و شتی‌تریان بە ئارەزووی خۆیان دا ئەنا لە شوێنیا، وە یاخود هەڵیان ئەگێڕاوە لە مەعنای راست بۆ مەعنایەکی لاری نابار لەگەڵ حەقیقەتا.

﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ ۝٧٥﴾

وە ئەشیانزانی ئەم کردەوەیانە هەڵە و نارەوایە، وە ئەم جۆرە شێوە ناپەسەندە لە ناویانا دەست بە دەست و پشت بە پشت هاتووەتە خوارەوە.

﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا﴾

جا کاتێ خودا یاسای پێشینانی بەیان کردن ئەمجار بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئەو بەدبەختییە لە ناویانا دەوام ئەکا باسی حاڵی بەنی‌ئیسرائیلیەکانی زەمانی پێغەمبەریش ئەکا و ئەفەرموێت: کاتێ ئەمانە ئەگەن بە موسوڵمانەکان بە دووڕوویی پێیان ئەڵێن: ئیمانمان هەیە بەم کتێب و ئایینە کە هاتووە بۆ ئێوە و باوەڕمان هەیە بەم پێغەمبەری ئاخر زەمانە.

﴿وَإِذَا خَلَا بَعْضُهُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ﴾

وە لە کاتێکیشا بازێکیان بە تایبەتی لەگەڵ بازێ‌تریانا ئەکەوتنە یەك.

﴿قَالُوا أَتُحَدِّثُونَهُم بِمَا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ﴾

ڕەخنەیان ئەگرت لەوانەیان کە ئیمانی خۆیان دەربڕیوە و دانیان ناوە بەو نیشانانەی پێغەمبەری ئاخرزەمانا کە لە تەوراتا هەیە و ئەیانوت: ئەوە چۆن ئێوە باسی ئەو شتانە ئەکەن بۆ موسوڵمانەکان کە خودا ناردوویە بۆ ئێوە لە تەوراتدا و دەرگای زانستی کردووەتەوە لە سەرتان؟ وەکوو ئەخلاق و شێوەی پێغەمبەری ئاخرزەمان!

﴿لِيُحَاجُّوكُم بِهِ عِندَ رَبِّكُمْ﴾

تا ئەم موسوڵمانانە موجادەلەتان لەگەڵا بکەن بەو شتانە کە لە خۆتانیان وەرگرتووە، وە زاڵ ببن بە سەرتانا لە کاتی باسی ئایین و شەریعەتی خودا وە ناردنی پێغەمبەری ئاخر زەمان لە مەجلیسی پێغەمبەری گەورەدا.

﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٧٦﴾﴾

ئایا نافامن ئەم کردەوانە زیانی هەیە بۆتان؟

﴿أَوَلَا يَعْلَمُونَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿٧٧﴾﴾

عەجەبا ئەم بەنیئیسرائیلیانە نازانن بەوە کە خودای تەعالا ئاگادارە و ئەزانێ بەوەی کە پەنهانی ئەکەن و ئەیشارنەوە؟ وەکوو بێباوەڕی و بێئیمانی خۆیان وە ئەوەیش کە دەری ئەبڕن وەکوو نیفاق و دووڕوویی لەگەڵ موسوڵمانانا وە تۆڵەیان لێوەرئەگرێتەوە!

﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ﴾

وە لە بەنیئیسرائیلیشە گەلێ وەها کە نەخوێندەوارن و ئاگایان نییە لەوەی لە تەوراتا و لە باقی کتێبەکانا هەیە.

﴿إِلَّآ أَمَانِىَّ﴾

بەڵام هەندێ ئارەزوو و خەیاڵاتی پڕوپووچ هەیە لە دڵیانا کە لە خوێندەوارە دەست بڕەکانیان وەرگرتووە، وە کوێرانە کەوتوونەتە شوێنی.

﴿وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾﴾

وە بەرابەر بەم شتە پڕوپووچانەیش وەنەبێ عیلم و زانستی ساغیان ببێ؛ چونکی شتەکان بێدەلیل و بێبناغەن، بەڵکوو هەر گومانێکی دوور لە زانستییان هەیە بە راستی ئەوەی کە وەریان گرتووە، وە گومانیش ئەنجامێکی باشی نییە.

بێداری:

لەسەر ئەم تەفسیرە کە نووسیمان مەقسەد لە «الکتاب» کتێبی خودایە ـ وەکوو تەورات بێ ـ وە ئیستیسنای «أماني» ئیستیسنای «مونقەتیع»ە؛ چونکی «أماني» بەمانا خەیاڵاتی پڕوپووچ وە یا بە مانا درۆی هەڵبەسراو لە کتێبی خودادا نییە. بەڵام ئەم مانا لەگەڵ ئایەتی پاشەوە موناسب نییە، وە باشتر لەم تەفسیرە ئەوەیە کە مەقسەد لە «الکتاب» هەموو نووسراوێ بێ چ حەق، و چ باتڵ، وە مەقسەد لە «أماني» نووسراوی پڕوپووچ بێ، بە تەقدیری «موزاف» وەکوو کیتاب، ئەمجار تەفسیرەکەی وا ئەبێ: وە هەندێ لە ئیسرائیلیەکانیش نەخوێندەوارن و لە خۆیانەوە هیچ نووسراوێ نازانن ئیللا ئەو نووسراوە پڕوپووچانە کە زاناکانیان لە لایەنی خۆیانەوە ئەیاننووسنەوە لەسەر ئارەزووی خۆیان و رایان ئەگەیەنن بە نەخوێندەوارەکانا و ماناکانیان تێئەگەیەنن، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەو نووسراوانە شتی راست نین، وە دەلیلیان لەسەر نییە ئەو نەخوێندەوارانە بەرابەر بەو نووسراوانە هەر خاوەن گومانن و زانستێکی ساغیان نییە بەس بە تەقلید و دواکەوتن وەریئەگرن لەوانەوە. وە لە سەر ئەم تەفسیرە ئیستیسنای «أماني» ئیستیسنای «موتتەسیل»ە و لەگەڵ ئایەتی دوا ییشا موناسبە.

جا ئەمجار خودای تەعالا بە شێوەی هەڕەشە لەو زانایانە کە ئەم نووسراوە دەست هەڵبەستانە بڵاو ئەکەنەوە ئەفەرموێت:

﴿ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ ٱلْكِتَـٰبَ بِأَيْدِيهِمْ ﴾

وەیل بۆ ئەو زانا نامەردانەیە کە کتێب ئەنووسن بە دەستی خۆیان، یانی لە لایەنی خۆیانەوە و بە ئارەزووی خۆیان بێفەرمانی خودا و بە بێ موافەقەی کتێبی خودا.

﴿ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـٰذَا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ﴾

لە پاشان ئەڵێن بە نەخوێندەوارەکان: ئەم نووسراوە لە لایەنی خوداوە هاتووە، وە دەستی ئەو داماوانەیان پێ ئەبڕن.

﴿لِيَشْتَرُوا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ﴾

ئەمەیش بۆ ئەوە ئەکەن هەتا بەرابەر بەو نووسراوانە قیمەتێکی بێقابیلیەت وەربگرن؛ چونکی نووسراوەکان لەسەر هەوای ئەو نەفامانەیە، وە بەرابەر بەوانە خزمەتیان ئەکەن، دووبارە هەر بۆ تەئکید ئەفەرموێت:

﴿فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ﴾

وەیل بۆ ئەو زانایانەیە بە هۆی ئەو نووسراوانەوە کە بە دەستی خۆیان ئەیاننووسن و ئەڵێن: ئەمە کتێبی خودایییە.

﴿وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ ۝٧٩﴾

وە وەیل بۆ ئەو زانایانە بەرابەر بەو ماڵە کە بەم حاڵە پەیدای ئەکەن.

جا بۆ دەربڕینی هەندێ لەو پڕوپووچانە کە زانایانی ئیسرائیلی نووسیویانە و بڵاویان کردووەتەوە بە ناو خەڵکا خوا ئەفەرموێت:

﴿وَقَالُوا۟ لَن تَمَسَّنَا ٱلنَّارُ إِلَّآ أَيَّامًا مَّعْدُودَةً ۚ﴾

ئەو بەنی ئیسرائیلیە لە ڕێگەلاداوانە ئەڵێن: ئەوانەیشمان کە تاوانبارن ئاگری دۆزەخ لێمان ناکەوێ ئیللا چەند ڕۆژێکی کەمی هەڵبژێراو نەبێ، کە بریتییە لە چل ڕۆژ، بە قەی ڕۆژانی گوێرەکە پەرەستییەکەمان، وە یاخود بە قەی ڕۆژی حەفتە. ئەم قسە پڕوپووچانە زانا درۆزنەکان نووسیویانە و نەزانە نەفامەکانیش پێی بایی بوون.

﴿قُلْ أَتَّخَذْتُمْ عِندَ ٱللَّهِ عَهْدًا فَلَن يُخْلِفَ ٱللَّهُ عَهْدَهُۥٓ ۖ﴾

تۆ بڵێ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست بەوانەی ئەم قسە ئەکەن: ئایا ئێوە لەسەر ئەم قسە کە ئەیکەن وەعدێکتان لە خودای تەعالا وەرگرتووە تا ئێمە بڵێین راستە و خوای تەعالا قەت لە وەعدەی خۆی لانادا؟

﴿أَمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٨٠﴾﴾

یان وەعدتان لە خوا وەرنەگرتووە بەڵکوو هەر بە هەڵبەست لەسەر خودا شتی وا ئەڵێن کە ئاگاتان لە بوون و نەبوونی و راستی و ناڕاستی نییە؟

﴿بَلَىٰ﴾

نەخەیر ئەوەی ئێوە ئەیلێن وا نییە، وە ئێوە عەزاب و ئازارێکی نەبڕاوەتان هەیە.

﴿مَن كَسَبَ سَيِّئَةً﴾

چونکی کەسێ تاوان بکا.

﴿وَأَحَٰطَتْ بِهِۦ خَطِيٓـَٔتُهُۥ﴾

وە ئەو تاوانەی داگیری بکا لە هەموو لایەکەوە و بیر و باوەڕی راست لە دڵیا نەیەڵێ، وە کردەوەی چاکە لە بەر خواستی خوا نەکا، وە لەو تاوانبارییەی نەگێڕێتەوە.

﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٨١﴾﴾

ئەوە ئەو کەسانە بە راستی وان لە ئاگری دۆزەخا وە هەتا هەتایە ئەمێننەوە تیایا.

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾

وە ئەو کەسانەیش ئیمانیان بە خودا و پێغەمبەران و فەرموودەکانی ئەوان هەبێ.

﴿وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ﴾

وە ئەو کردەوانەیش کە باشن و رێکی فەرمانی خودان بیکەن.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٨٢﴾

ئەوانە خاوەنی نشینگەی بەهەشتن وە لە بەهەشتا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

ورد بوونەوەیێ:

مەبەست لە «ئیحاتەی خەتیئە» لە ئایەتە پێشووەکەدا ئەوەیە کە تاوان ئەو ئینسانەی داگرتبێ، وە تاریکی کردەوەی خراپ هێرشی هێنابێ بە سەر دڵیا، وە ئیمان و باوەڕی تێدا نەهێشتبێ ـ پەنا بەخودا! ـ جا ئەو جارە ئەو تاوانبارە بە کافر ئەناسرێ و هەتا ئەبەد لە دۆزەخا ئەمێنێتەوە. ئیتر مەبەست لە «ئیحاتەی خەتیئە» ئەوە نییە کابرا ئیمان و باوەڕی لە دڵا مابێ بەڵام گەلێ تاوانی هەبێ؛ چونکی مادام ئیمان و باوەڕ لە دڵی ئینسانا بمێنێ لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەت و جەماعەت با هەزاران گوناح بکا هەر بە موسوڵمان ئەناسرێ، وە شیاوە بۆ تاوانپۆشی لە لایەنی خودای میهرەبانەوە. وەکوو خودای تەعالا ئەفەرموێت: ﴿إن الله لایغفر أن یشرك به ویغفر ما دون ذلك لمن یشاء﴾[1] ـ «والله أعلم».

﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴾

باسی ئەو چەرخە بکە بۆ بەنیئیسرائیلیەکان وە بۆ ئوممەتی خۆت بۆ تێگەیشتن لە واقیعی حاڵی ئەوانە کە بە هۆی مووساوە عەهد و پەیمانیان وەرگرت لێیان.

﴿لَا تَعۡبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾

کە ئێوە پەرستشی غەیری خودای عالەم ناکەن، یانی غەیری ئەو خودایە مەپەرستن.

﴿وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَانٗا وَذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ﴾

---

١. النساء؛ ٤٨ و ١١٦.

وە کردەوەی چاکە بکەن بە ئەندازەی دەستەلآت لە گەڵ باوك و دایکتانا، وە لەگەڵ خوێشانتان، وە لەگەڵ منداڵانی بێباوکا، وە لەگەڵ هەژاران و بێماڵانا.

﴿وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْنًا﴾

وە قسەی باش بکەن لەگەڵ ئادەمیزادانا بە شارەزاکردنیان بۆ چاکە و لادانیان لە گومڕاهی و خراپە، وە بە رووی خۆشەوە، بە راگرتنی شانیانەوە.

﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾

وە ئەو نوێژەی واجبە لەسەرتان و ئەو زەکاتی ماڵە بڕیار دراوە بە سەرتانا لەسەر فەرمانی خودا بەجێیان بێنن.

﴿ثُمَّ تَوَلَّيْتُمْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنكُمْ﴾

لە پاش ئەم پەیمانە پشتتان هەڵکرد لە بەجێهێنانی، مەگەر کەمێکتان نەبێ.

﴿وَأَنتُم مُّعْرِضُونَ ﴿٨٣﴾﴾

وە ئێوە تیرەیەکن یاساتان لادانە لە حەق، بۆیێ وا ئێستەیش لائەدەن لە پەیڕەوی پێغەمبەری ئاخر زەمان.

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ﴾

من بە هۆی مووساوە پەیمانم لێوەرگرتن:

لەم ئایەتەدا سنعەتی ئیلتیفات هەیە؛ چونکی لەسەر سیاقی ئایەتە پێشووەکانا ئەبوا بەنیئیسرائیل بە غائیب ناوبراناییێ، کەچی لێرەدا بە موخاتەب دانراون. خودای تەعالا ئەفەرموێ:

﴿لَا تَسْفِكُونَ دِمَآءَكُمْ وَلَا تُخْرِجُونَ أَنفُسَكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ﴾

کە خوێنی خۆتان نەڕێژن و خۆتان لە وڵاتەکەتان دەرنەکەن، یانی: بڕێکتان بڕێکتان نەکوژێ و لە وڵات دەری نەکا، لە کاتێکا هەموو لە نەتەوەیێ و لە کۆمەڵێکن، وە بۆ یەکتر وەکوو نەفسی خۆتان وانە.

﴿ثُمَّ أَقْرَرْتُمْ وَأَنتُمْ تَشْهَدُونَ ﴿٨٤﴾﴾

وە لە پاش پەیمانەکە خۆتان ئەم پەیمانەتان دامەزران وە بڕیارتان لەسەر دا، وە خۆتان شایەتی ئەدەن لەسەر ئەو وەزعە کە دامەزرا.

﴿ثُمَّ أَنتُمْ هَٰٓؤُلَآءِ تَقْتُلُونَ أَنفُسَكُمْ وَتُخْرِجُونَ فَرِيقًا مِّنكُم مِّن دِيَٰرِهِمْ﴾

کەچی پاش ئەو پەیمانەیش ئێوە خوێنی خۆتان و نەتەوەی خۆتان ئەڕێژن، وە تیپێ لە خۆتان لە نیشتمانی خۆیان دەرئەکەن.

﴿تَظَٰهَرُونَ عَلَيْهِم بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾

وە لە ناو خۆتانا دەستڕۆیشتووەکانتان پشتیوانی یەکتر ئەکەن لەسەر بێدەستەکانا بۆ کوشتنیان وە یا بۆ دەرکردنیان لە وڵات بە بێ ئەوە حەقتان لە سەریان بێ، بەڵکوو هەر بە تاوانباری و لادان لە حەق.

﴿وَإِن يَأْتُوكُمْ أُسَٰرَىٰ تُفَٰدُوهُمْ﴾

لەگەڵ ئەمەیشا ئەگەر بەعزێ لەوانە بە دیلی بێن بۆ لاتان هەموو لایەکتان، لە دۆست و دوژمن، گرەو دائەنێن بۆ بەرەڵڵا کردنیان، لەسەر یاسای ئایینی خۆتان.

﴿وَهُوَ مُحَرَّمٌ عَلَيْكُمْ إِخْرَاجُهُمْ ۚ﴾

وەلحاڵ، دەرکردنیان لە وڵاتی خۆیان بە یاسای ئایینتان ناڕەوایە بۆ ئێوە.

﴿أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ ٱلْكِتَٰبِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ۚ﴾

عەجەبا! ئایا ئێوە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە هەندێ بەندی دین، وەکوو: فیدیەدان بێ بۆ دیل، وە ئینکاری هەندێ بەندی‌تری ئەکەن، وەکوو کوشتنی یا دەرکردنی باقی قەومەکەتان.

﴿فَمَا جَزَآءُ مَن يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا﴾

جا بزانن تۆڵە و پاداش بۆ ئەو کەسانەتان ئەمە ئەکەن، هیچ نییە مەگەر عار و رسوایی دنیا!

﴿وَيَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰٓ أَشَدِّ ٱلْعَذَابِ﴾

وە لە رۆژی قیامەتیشا ئەگەڕێنەوە سەر گرانتر وە سەختترینی ئازار.

﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿٨٥﴾﴾

وە خودا بێ‌ئاگا نییە لە کەم و زۆری ئەو کردەوانە ئێوە ئەیکەن.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُاْ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ﴾

ئەو گورۆهە ئەوانەن کە ژیان و ژیواری دنیایان کڕیوە و وەریان گرتووە لە باتی خۆشی و ئازاری رۆژی پاشەڕۆژیان.

﴿فَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿٨٦﴾﴾

کە وابێ لە پاشەڕۆژا ئەمانە عەزابیان سووك ناکرێ، وە لە لایەنی کەسیشەوە یارمەتییان نادرێ بۆ لابردنی ئەو ئازارە نابارەیان.

ریوایەت کراوە: تیرەی «بەنی‌قەینەقاع» بووبوون بە هاوپەیمانی تیرەی «ئەوس» و «بەنی‌قورەیزە» لەگەڵ «بەنی‌نەزیر»ا بووبوون بە هاوپەیانی «خەزرەج» وە لە پاش ماوەیێ «بەنی‌قورەیزە»یش بوونەوە بە هاوپەیمانی «ئەوس»، وە تەنیا «بەنی‌نەزیر» لەگەڵ «خەزرەج»دا مانەوە، وە لە کاتێکا کە دوو تیرەی ئەوس و خەزرەج ئەچوون

بە گژی یەکا جوولەکەکانیش هەر تیرەیێ ئەیدایە پاڵ هاوپەیمانی خۆی، وە بە پێویستی جەنگ تیرە جوولەکەکان لە تیرەی دوژمنی خۆیان لە عەرەب و یەهوود ئەکوشت، وە بە هەر نەوعێ دەستیان بڕۆیشتایە تیرەی دوژمنیان لە وڵاتی خۆی دەرئەکرد وە شوێنەکەیان دائەگرت، بەڵام ئەگەر یەکێ لە جوولەکەکان بە دیل بگیرایە بە هەموو جوولەکەکان، چ دۆست و چ دوژمن، فیدیەیان ئەدا بۆ ئەو دیلە، وە بەرەڵڵایان ئەکرد و ئەیانوت: ئەمە یاسای دینی ئێمەیە پێویستە فیدیە بدەین بۆ دیل وە بەرەڵلای بکەین. جا خودای تەعالا بە شێوەی هەڕەشە و سەرزەنش ئەفەرموێت پێیان: هەر وەکوو پێویستی دینتانە فیدیە بۆ دیل وەها لە یاسای دینەکەتانە کە کەس کەس نەکوژێ و کەس کەس لە وڵاتی خۆی دەرنەکا، عەجەبا ئێوە چۆن دینەکەتان بەش کردووە باوەڕتان هەیە بە بەعزێکی، وەکوو فیدیە بۆ دیل، وە ئینکاری ئەوی‌تری ئەکەن و یەکتر ئەکوژن و یەکتر لە وڵات دەرئەکەن! ئەمە شێوەی خاوەن دین نییە، وە لە سەر ئەم وەزعە ئێوە لە دنیادا تووشی رسوایی و لە پاشەڕۆژا تووشی عەزابی گران ئەبن.

﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَـٰبَ﴾

خودا ئەڵێ: قەسەم ئەخۆم ئێمە تەوراتمان دا بە مووسا.

﴿وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ﴾

وە گەلێ لە پێغەمبەرانمان بە شوێن ئەوا هێنا.

﴿وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَـٰتِ﴾

وە چەن دەلیلی رووناکمان دا بە عیسا لە سەر پێغەمبەرایەتی ئەو وەکوو خۆشکردنەوەی کوێری سکوما و ناساغی بەڵەك و زیندوو کردنەوەی مردوان.

﴿وَأَيَّدْنَـٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾

وە هێزمان دا بە عیسا بە هۆی جوبرەئیلەوە، یا هێزمان دا بە عیسا بە هۆی ئەو نەفەسە پیرۆزەوە كە پێمان دابوو، وە لەگەڵ ئەمانەیشا ئێوە باوەڕتان پێ نەكرد و گەلێ ئازارتان دا، وە قەسدی كوشتنتان كرد هەر لە بەر ئەوە كە ئایینەكەی لەسەر ئارەزووی ئێوە نەبوو.

﴿أَفَكُلَّمَا جَآءَكُمْ رَسُولٌۢ بِمَا لَا تَهْوَىٰٓ أَنفُسُكُمُ ٱسْتَكْبَرْتُمْ فَفَرِيقًا كَذَّبْتُمْ وَفَرِيقًا تَقْتُلُونَ ﴿٨٧﴾﴾


ئایا ئەم رەوشتە پەسەندە كە ئێوە هەتانە؟: هەر كاتێ پێغەمبەرێ بێتەلای ئێوە بە ئایینێكەوە كە ئارەزووی ئێوەی لە سەر نەبێ سەركێشیتان لە بەرابەریانەوە دەربڕن و چینێ لەوان بە درۆدا بخەنەوە وەكوو مووسا و عیسا، وە چینێ لەوان بكوژن وەكوو زەكەریا و یەحیا بۆیێ وا ئێستەش بەرابەر بە پێغەمبەری ئاخر زەمان بێباوەڕی دەرئەبڕن و قەسدی ئەوە ئەكەن بیكوژن.

﴿وَقَالُواْ قُلُوبُنَا غُلْفٌۢ﴾

وتوویانە و ئەڵێن: لە بەرابەری ئایین گەیاندنی پێغەمبەرەوە ئێمە دڵمان وا لە ناو پەردەدا و داپۆشراوە، وە لە ئامۆژگاری و لە ئایاتی خودایی حاڵی نابین.

﴿بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ﴾

نە! نە! دڵیان بە پەردە دانەپۆشراوە و لە قسە حاڵی ئەبن بەڵام بە هۆی ئینكاری و سەركێشی خۆیانەوە خودا لە رەحمەتی خۆی دووری خستوونەتەوە.



لەبە ئەوە كەم جار ئیمان دێنن.

﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ كِتَٰبٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ﴾

وە لە کاتێکا کتێبێ وەکوو قورئانی پیرۆز لای خوداوە بێت بۆ سەریان بێباوەڕی دەرئەبڕن لە بەرابەریەوە وەلحاڵ، ئەو کتێبە راستی ئەو کتێبە دەر ئەبڕێ کە لای ئەوانە.

﴿وَكَانُوا۟ مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟﴾

وەلحاڵ، لەمەوپێش ئەم نەتەوە بە هۆی تەوراتەوە و دەربڕینی حەزرەتی مووساوە باوەڕیان بوو بە هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان و بەو کتێبەش دێتەخوارەوە بۆ سەری، وە باوەڕیشیان بە گەورەیی ئوممەتەکەیشی هەبوو وە داوای فەتح و زاڵ بوونیان ئەکرد لە خودا بە سەر کافرە موشریکەکانا، بە هۆی پیرۆزی ئەوانە ئەیانوت: خودایا بۆ خاتری پێغەمبەری ئاخرزەمان و کتێبە پیرۆزەکەی زاڵمان بکە بەسەر ئەم کافرانەدا.

﴿فَلَمَّا جَآءَهُم مَّا عَرَفُوا۟ كَفَرُوا۟ بِهِۦ﴾

کەچی لە کاتێکا ئەو پێغەمبەرە گەورە و ئەو کتێبە پیرۆزە، کە خۆیان ئەیانناسین، هاتن بۆ سەریان، وە وادەی خودا بەجێهات ئەمانە لە باتی ئیمان و باوەڕ، وە لە باتی خزمەتکردنیان ئینکاریان کردن.

﴿فَلَعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٨٩﴾﴾

دەك لەعنەتی خوا لەو کافرە بەد رەوشتانە بێ!

﴿بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾

ئەم کوفر و ئینکارەیشیان بۆ ئەوە دەربڕی کە ئارەزووی نەفسی خۆیانی پێ وەربگرن لە دونیادا، وە خۆکافرکردنیان دا بە ئارەزووی نەفس. جا بزانن گەلێ شتی خراپ بوو ئەو شتەی ئارەزووی نەفسی خۆیانیان پێکڕی، وەکوو کوفر و بێباوەڕی بێ بەوەی خودا نازڵی کردووە بۆ سەر پێغەمبەری ئاخرزەمان.

﴿بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ﴾

وە بناغەی ئەم کوفرەیشیان ئەوە بوو کە خودای تەعالا بە گەورەیی و میهرەبانی خۆی کتێبێکی ناردووەتە سەر کەسێ کە خۆی ویستوویەتی و هەڵیبژاردووە لە ناو بەندەکانیا، وە ئەمانیش حەسوودییان پێ بردووە و بە ئارەزووی ئەوان نەبووە ئەم کتێبە بێتەخوارەوە بۆ سەر ئینسانێ لە تیرەی نەخوێندەواران.

﴿فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍۚ﴾

جا بە هۆی ئەم کوفر و حەسوودییەوە گەڕانەوە بە بارەی ناباری رقێکی خودا لە کوفرەکەیان لە سەر رقێکی تری خودا لە سەر حەسوودییەکەیان.

﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٩٠﴾﴾

جا بۆ ئەم چینە کافرانە عەزابێ هەیە لە پاشەڕۆژا کە تووشی رسوایی و سووکی و مەهتووکییان ئەکا. عەزابی یەکەم لەسەر کوفرەکەیان، وە رسواییەکەیشیان لەسەر حەسوودییەکەیان.

بێداری: «بغیاً» بە مانا «حسداً» و «أن ینزل» بەسراوە پێیەوە.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ ءَامِنُوا بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾

کاتێ بە ئامۆژگاری لە لایەنی پێغەمبەرەوە ﷺ، وە یا لە لایەنی موسوڵمانێکی ساغەوە بوترێ بەم ئیسرائیلیە بەدڕەوشتانە: ئیمان و باوەڕی ساغ دەرببڕن بەو کتێبەی کە خودا نازڵی کردووە بۆ پێغەمبەری ئاخرزەمان.

﴿قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَآءَهُۥ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْۗ﴾

ئەوان لە وەڵاما ئەڵێن: ئێمە ئیمان دێنین بەو کتێبە کە هاتووەتە خوارەوە و نازڵ کراوە بۆ سەر خۆمان لەمەوپێش، وە ئیمان نایەنن بە هیچ کتێبێکی‌تر، ئیمان نایەنن بە قورئان کە ئەو راستە و راستی دەرخەرە و راستی ئەوەی لای ئەوانیش دەرئەبڕێ.

﴿قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنۢبِيَآءَ ٱللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩١﴾﴾

جا ئەی پێغەمبەری نازدار قسەکەیان بە تاڵ بکەرەوە بەمە کە بفەرموو پێیان: ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بەوەی نێرراوەتە لاتان بۆچی پێغەمبەرانی خوداتان کوشت؟ یانی ئەگەر باوەڕێکی ساغتان ببوایە بەو کتێبە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرە رەهبەرەکانتان ئێوە رەفتارتان پێ ئەکردن و لە فەرمانی لاتان نەئەدا.

﴿وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ﴾

خۆتان ئەزانن بە بێ‌گومان کە مووسای کوڕی عیمران هات بۆ لاتان لەگەڵ موعجیزاتی رۆشن و ئایاتی رووناك، وە ئێوەی لە دەستی دوژمن رزگار کرد و شارەزای رێگەی راستی کردن.

﴿ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ﴾

کەچی پاش ئەوە کە رۆیشت بۆ کێوی توور بۆ ئەوە فەرمانی خودا وەربگرێ ئێوە لە رێگەی خودا پەرستی لاتان دا و گوێرەکەپەرستیتان کرد بە یاسای خۆتان.

﴿وَأَنتُمْ ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾﴾

وەلحاڵ، ئێوە ئەگەر تۆزی عەناد و ناپاکیتان لەسەر دڵ و چاوتان لابردایە ئەتان‌زانی کە ئێوە لەو گوێرەکە پەرستییەدا ستەم لە خۆتان و لە ئادەمیزاد ئەکەن بە هۆی ئەو رێگە لارە نابارەوە کە پیادا رۆیشتن.

﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ﴾

بیری ئەو رۆژە بکەنەوە کە بە هۆی مووساوە پەیمانمان لێ‌وەرگرتن بۆ وەرگرتنی فەرمانی خودا و رەفتار پێ‌کردنی.

﴿وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ﴾

وە کێوی توورم وەك چەتر بەرزەوە کرد بەسەرتانا بۆ ئەوە لە دەستەڵاتی خودا تێ بگەن.

﴿خُذُواْ مَآ ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُواْ﴾

وە پێم وتن: ئەم تەوراتە بۆم ناردوون و پێم‌داون وەری بگرن و رەفتاری پێ بکەن بە دڵ ئەستووری.

﴿قَالُواْ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا﴾

کەچی ئەوان لە پاش فەرمان وەرگرتن و بڕیاردانی فەرمانبەرداری دەستیان کرد بە سەرکێشی وەکوو ئەوە وتیان: خودایە فەرمانەکەتمان بیست بەڵام نافەرمانی ئەکەین و گوێچکەی پێ نادەین!

﴿وَأُشْرِبُواْ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ﴾

وە لەسەر مادەپەرستی و دنیاخواهی و وەرگرتنی خووی بت‌پەرستەکان خۆشەویستی گوێرەکە پەرستی چووبووە دڵیانەوە، وەکوو چۆن ئینسانێکی تینوو ئاو بخواتەوە وەها دڵیان خۆشەویستی گوێرەکەپەرستی پێ خورابووەوە، وە لەگەڵ ئەمەیشا داوای ئیمان و باوەڕ ئەکەن بە کیتابی خودا.

﴿قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَٰنُكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٩٣﴾﴾

ئەی پێغەمبەری رەهبەر پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە بە راستی ئیمانتان ببوایێ ئیمانتان فەرمانی نەئەدا بە کردەوەی نابار، بەڵام ئێوە بە داوای خۆتان لەگەڵ ئیمانا ئەم کردەوە ناشیرینانە ئەکەن وە ئیمانتان ئەمرتان پێ ئەکا، کە وابێ ئێوە ئیمانتان نییە. وە بەم شێوە دەرکەوت کە داوای ئیمانتان پڕوپووچە و راست نییە.

﴿قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْآخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٩٤﴾﴾

یانی لە لایەکی ترەوە ئەم بەنی‌ئیسرائیلیە داوا ئەکەن کە رۆژی قیامەت و بەهەشت هەر بۆ ئەوانە، جا ئەم داوایشیانە رەد بکەرەوە بەمە پێیان بڵێ: ئەگەر خانووی قیامەت و بەهەشت هەر بۆ ئێوەیە لە لای خوداوە، دەی ئارەزووی مردن بکەن بۆ ئەوە لەم کەشاکەشە دەرچن و لە بەهەشتا ئاسایش بکەن ئەگەر ئێوە راست ئەکەن لەم داوادا.

﴿وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾

کەچی لەگەڵ ئەوەدا بە قەتعی هەر لە ئێستە تا دێرزەمان داوای مردن ناکەن چونکی ئەمانە کردەوەیان خراپە و بیستوویانە لە پێغەمبەران هەرکەس کردەوەی خراپ بێ پاداشی خراپ ئەبێ، کە وابێ بە هۆی ئەو کردەوە خراپانەوە کە بە دەستی خۆیان کردوویانە و پێش خۆیان خستووە لە رۆژی قیامەت بێزارن.

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّـٰلِمِينَ﴾

هەڕەشەیە لەو کردەوە خراپانەی ئەو داواچییە هەوابازە ستەمکارانە، ئەڵێت: خودا ئاگادارە لەسەر کردەوە و ئەندیشەی ستەمکاران وە لە دەستی دەرناچن.

﴿وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ﴾

قەسەم ئەخۆم تۆ ئەمانەت دەس ئەکەوێ بە تیرەیەکی وەها کە هیوایان بە ژیانی دنیا زۆرترە لە هەموو تیرەیەکی ئادەمیزاد هەر نەوعە ژیانێ هەبێ.

﴿وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟﴾

هەتا حیرسیان لە کافرە موشریکە مادە پەرستەکانیش زیاترە.

﴿يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ﴾

هەرکام لەوان بە دڵ حەز ئەکا بەوە کە هەزار ساڵ لە دنیادا بژی.

﴿وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ﴾

وە ئەم عومرە زۆرەیش ئەگەر دەستیان بکەوێ ڕزگاریان ناکا لە عەزاب.

﴿وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾

وە خودا چاوی وا لە کردەوە نابارەکانیانەوە چی ئەکەن.

﴿قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُۥ نَزَّلَهُۥ عَلَىٰ قَلْبِكَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ ﴿٩٧﴾﴾

ئەی پێغەمبەری ڕەهبەر تۆ بڵێ: هەرکەسێ دوژمنی جوبرەئیلی ئەمینە ئەوە خوایش دوژمنی ئەو کەسەیە و ئەو کەسە هەر خۆی زیان ئەکا؛ چونکی جوبرەئیل فریشتەیەکی پاکە و خودا دایپەڕاندووە بۆ سەر دڵی تۆ لەگەڵ پەیامی حەقا بە فەرمانی خۆی، وە ئەو فریشتەیە یا ئەو پەیامەی کە هێناویەتی بۆ تۆ باوەڕ دەرئەبڕێ بەو کیتابانە کە لە پێشا هاتوونەتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەران وەکوو تەورات و زەبوور و ئینجیل و باقی کتێبەکان بێ، وە ئەو پەیامە ڕەهنومای گشتییە و موژدەدەرە بۆ هەموو ئەوانەی بە فەرمانی خودا ئەجووڵێنەوە.

﴿مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَٰفِرِينَ ﴿٩٨﴾﴾

وە ئەم هەڕەشەیە تەنیا لەسەر دوژمنایەتی جوبرەئیل نییە، بەڵکوو لەسەر دوژمنایەتی هەموو حەق و حەقیقەتێکە، وە هەر کەسێ دوژمنی بکا لەگەڵ خودادا و لەگەڵ فریشتەکانیا و لەگەڵ پێغەمبەرەکانیا وە بەتایبەتی لەگەڵ جوبرەئیلدا کە فرستادەی

خوایە بۆ لای پێغەمبەران، وە لەگەڵ میکائیل کە مەئمووری بەشکردنی رۆزی گیانلەبەرانە ئەوە خودایش دوژمنی ئەو کەسانەیە لە بەر ئەوە ئەوانە کافرن و لە فەرمانی خودا دەرچوون و خودایش دوژمنی کافرانە.

﴿وَلَقَدْ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ءَايَـٰتٍۭ بَيِّنَـٰتٍ﴾

وە بە راستی ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ سەر تۆ گەلێ ئایات و گەلێ دەلیلی دین کە هەموو رووناك و رەهنومان.

﴿وَمَا يَكْفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٩٩﴾﴾

وە کەس بێباوەڕی دەرنابڕێ بەرانبەر بەوانە ئیللا ئەو کەسانە نەبێ کە لە فەرمانی خودا دەرچوون.

﴿أَوَكُلَّمَا عَـٰهَدُوا۟ عَهْدًا نَّبَذَهُۥ فَرِيقٌ مِّنْهُم﴾

ئەم تیرە ئیسرائیلیە دڵرەشانە تیرەیەکن هەرکاتێ پەیمانێکیان لەگەڵ خودا و پێغەمبەرانی خودا بەستبێ چینێکیان ئەو پەیمانەیان فرەداوە و هەڵیان وەشاندووەتەوە.

﴿بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠٠﴾﴾

نەك چینێکی کەمیان بەڵکوو زۆربەیان ئیمان نایێنن بە پەیمانی خودا، وە ئەگەر بە زاهیر ئیمان بێنن بە دڵیان نییە و باوەڕیان پێی نییە، جا ئایا ئەم رەوشتە باشە؟ وە ئەم رەوشتە لەگەڵ عەقڵی ساغا رێ ئەکەوێ؟ حاشا!

﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ﴾

جا ئەم تیرە وەکوو لەگەڵ پێغەمبەرانی تیرەی خۆیان نابار و نافەرمان بوون ئێستە لەسەر ئەو رەوشتە ماون، وە لە کاتێکا پێغەمبەرێ لە لایەن خوداوە وەکوو «محمد المصطفی» ﷺ بێ هات بۆ لایان و باوەڕی دەربڕی بە ئایینی پێشووی ئەوان.

﴿نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ﴾

تاقمێ لەوانە کە کتێبیان پێدرابوو لە لایەنی خوداوە بۆ ئەوە رەفتاری پێ بکەن ئەو کتێبەیان خستە پشتەوە و رەفتاریان پێ نەکرد، وە هەرچی ناو و نیشانی ئەم پێغەمبەرەی تیابوو ونیان کرد.

﴿كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾﴾

وایان لەخۆ کرد وەك ئەوە ئەو نیشانانەیان نەزانیوە و نایانزانن.

بزانن! ئەم ئایەتانە ـ لە ئایەتی ﴿قل من كان عدواً لجبريل﴾ وە تا ئێرە ـ هاتوونەتە خوارەوە لە شانی عەبدوڵڵای کوڕی سوریای جوولەکە و هاوڕێکانیدا. ئەگێڕنەوە عەبدوڵڵا پرسیاری کرد لە حەزرەت ﷺ: کێ وەحییت بۆ دێنێ؟ ئەویش فەرمووی: جوبرەئیل. جا عەبدوڵڵا وتی: ئەم جوبرەئیلە دوژمنی بەنیئیسرائیلیە و چەن شتی ناباری هێناوە بۆ سەریان، هەروا جارێکی‌تر لە خزمەتی حەزرەتا ﷺ بە بێنەزاکەتییەوە وتی: تۆ شتێکی وات نەهێناوە لەلای خوداوە بۆ لای ئێمە کە بە ئەحکامی خودای بزانین! جا خودای تەعالا بەم ئایەتانەی پێشوو وەڵامی قسەکانی داوە و دوژمنایەتی و سەرکێشی ئیسرائیلیەکانی دەربڕی بەرابەر بە پێغەمبەرانی پێشووی خۆیان و بەرابەر بە پێغەمبەری ئاخرزەمانیش.

﴿وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَٰنَ ۖ﴾

ئەم جوملەی «واتبعوا»ە بەسراوە بە جوملەی «نبذ»وە لە پێشەوە، یانی: ئەم ئیسرائیلیە بەدبەختانە کتێبی خودایان فڕەدایە پشتەوە و کەوتنە دوای ئەو واتە پڕوپووچە بەتاڵانە کە شەیاتینی ئادەمیزاد و شەیاتینی ئەیانخوێندەوە بە سەر خەڵکا لە کاتی سەرۆکی و سەرداری حەزرەتی سولەیمانی کوڕی حەزرەتی داوودا ﷺ وە ئەو قسە بەتاڵانە

بە نەوعێ بڵاو بووبووەوە بە ناویانا ئەو ئادەمیزادە بەد نیهادانە ئەیانوت: سولەیمانی کوڕی داوود سیحر بەکار دێنێ و جادووگەرە و تەلیسمزانە بۆیە وا دنیای داگرتووە! جا خودای تەعالا رەدیان ئەکاتەوە و ئەفەرموێ:

﴿وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَٰنُ﴾

سولەیمان سیحر باز و جادووگەر نەبووە و باوەڕی بەو شتانە نەبووە، بەڵکوو تابیعی فەرمانی خودایی بووە و یەکێ باوەڕی بە هێزی سیحر و سیحربازان ببێ و نیسبەتی ئاسار لە خودا نەدا کافر ئەبێ، وە سولەیمان کافر نەبووە بەڵکوو یەکێ بووە لە رەهبەرە گەورەکان خودا بە فەزڵی خۆی عالەمی بۆ رام کردووە.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُوا۟﴾

بەڵام شەیتانی ئادەمیزاد و شەیتانی جینی کافر بوون و باوەڕیان بە هێزی خودا نەبووە.

﴿يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ﴾

فەنی جادووگەرییان بە ئادەمیزاد فێرئەکرد و ئێستەیش هەر فێریان ئەکەن.

﴿وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَ ۚ﴾

وە پیشانی خەڵکیان ئەدا ئەو سیحر و جادووە کە لە وەختی خۆیا خودا ناردوویە بۆ دوو فریشتەی پاك و مەعسووم لە وڵاتی «بابل»دا کە ناویان «هاروت» و «ماروت» بووە.

﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ﴾

وە ئەو دوو فریشتە نێررابوون بۆ ئەوە عیلمی سیحر بە خەڵك بڵێن، هەتا سیحر لە موعجیزە جیابکرێتەوە، وە خەڵك بزانن سیحر و جادوو فەننە هەرکەسێ بیانخوێنێ

فێریان ئەبێ بەڵام موعجیزەی پێغەمبەران فەیزی خوداییە و بە کەسب و خوێندن نییە. ئەوانیش هیچ کاتێ ئەو سیحرەیان فێری کەس نەدەکرد هەتا لە پێشا ئامۆژگاری ئەو کەسەیان نەکردایێ، وە ئامۆژگارییەکەیشیان ئەمە بوو ئەیانوت: هاتنی ئێمە بۆ ئەم شوێنە و نیشاندانی فەننی جادووگەری بە ئادەمیزاد هۆی دڵتێکچوونی ئەوانە، وە ئەگەر ئینسان خاوەن بیری پاك و دڵی رووناك نەبێ وا ئەزانێ ئەم جادووە زاتەن خۆی تەئسیری هەیە و بەم باوەڕە ئینسان کافر ئەبێ. کە وابێ ئەوەمان ئەوێ لە تۆ کە خۆت کافر نەکەی، وە هێز و تەئسیر لە خوداوە بزانی، جا پاش ئەم ئامۆژگارییانە جادوویان پیشانی خەڵك ئەدا.

﴿فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ﴾

جا ئەوانیش فێر ئەبوون لەوانەوە هەندێ بەند و فەننی وا کە بە هۆی ئەوانەوە جیاییان ئەخستە ناوبەین ژن و مێردەوە.

﴿وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ﴾

وە ئەو جادووگەرانەیش نەیان ئەتوانی زیان بە کەس بگەیەنن بە هۆی ئەو جادووەوە ئیللا بە خواستی خوا نەبوایێ؛ چونکی ئیجاد و تەئسیر هەر بۆ زاتی خودایە و ئەسباب شتێکی عادەتییە.

﴿وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ﴾

وە خەڵك فێر ئەبوون لەوانەوە شتێکی وا کە زیانیان پێ بدا و سوودیان پێ نەدا؛ چونکی بە دەگمەن هەڵئەکەوێ ئینسانێ فەننێکی وا بزانێ و لەتاوان و تاوانکاریدا بەکاری نەهێنێ.

﴿وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ۚ﴾

وە بە راستی ئەو ئیسرائیلیانە رەفتار بە جادوو و وەرگرتنی ئادابی جادووگەرانیان کرێ بە ئەحکامی کتێبی خودا و ئەمانیان هاویتە پشتەوە و ئەوانیان وەرگرت هەرچی بەش و بارەیان بێ هەر لە دنیادایە و لە رۆژی پاشەرۆژدا بەش و بارەیەکی سوودمەندیان نییە.

﴿وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْۚ﴾

وە زۆر خراپ بوو ئەو ئارەزووی نەفسە کە پیرۆزی نەبڕاوەی نەفسی خۆیان پێ فرۆشت.

﴿لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ١٠٢﴾

ئەگەر بە عیلمێکی لە دڵادامەزراو ئەمەیان بزانیایە ئەم مامەڵەیان نەدەکرد.

﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟﴾

ئەگەر ئەم ئیسرائیلیە بەدبەختانە ئیمانیان بهێنایێ بە پێغەمبەری ئاخرزەمان و لە عەزابی خودا و نافەرمانی ئەو خۆیان لابدایێ.

﴿لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌۖ﴾

ئەوە جەزایەکی گەورە و پاداشێکی باشیان دەس ئەکەوت لە دنیا و قیامەتا، وە دیارییە پاداشی باشی خودایی چاکە نەك عاجزبوون و قاری ئەبەدی.

﴿لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ١٠٣﴾

جا ئەگەر ئەمانە عیلمیان ببوایێ بەم شتانە بە عیلمێکی وا کە ئاگاداری و هۆشیاری و پارێزگاری لە دڵیانا پەیدا بکا لەم ئادابە نابارانە و لەم ئەندیشە و کێشە لارە لایان ئەدا.

لەم شوێنەدا چەن باسێکی بە نرخ هەیە:

یەکەم: سیحر لە زمانی عەرەبا بە کاردێت بۆ «سی»ی ئینسان کە پارچە گۆشتێکە لە ناو سنگدا. هەروا بە کاردێت بۆ هەر ئیشێ ورد بێ و هۆکەی نەزانرێ و ئادەمیزاد سەرگەردان بکا. وە هەندێ کەس ئەڵێن: سیحر بریتییە لەوە کە شتی پڕوپووچ و بەتاڵ ببرێتە شێوەی شتی راستەوە. وە هەندێ ئەڵێن: سیحر شتێکە ئینسان دەردەستی ئەکا بە هۆی نزیك کەوتنەوە لە شەیتان و لەو شتانەی کە ئینسان دەستەڵاتی نییە بە سەریا. وە «ابن‌خلدون» لە «مقدمە»دا ئەڵێت: سیحر عیلمە بە کەیفیەتی ئیستیعداداتێکی وا کە نفووسی ئادەمیزاد بە هۆی ئەوەوە ئەتوانێ تەئسیر بکا لە عالەمی عەناسیرا هەر خۆبەخۆ یا بە هۆی یارمەتی وەرگرتن لە مەوادی ئاسمانییەوە. بەشی یەکەم «سیرڕە»، وە بەشی دووەم «تەلیسمات»ە، وە لەبەر ئەوە ئەم فەننە بە لای شەریعەتی ئاسمانییەوە ناپەسەندە چونکی زیانی تیایە بۆ بەکار هێنەری و بۆ ئەو کەسانەیش لە سەریان بەکار ئەهێنرێت، وە گەلێ شەرائیتی وای تیایە کە بە هۆی گوناه و تاوانەوە پەیدا ئەبن لە ئەستێرە و غەیری ئەستێرە. کتێبە سیحرەکان لە عالەمی ئیسلاما ئاساریان گوم بووە، وە لە ناوا گوم بوون، مەگەر هەندێ لەو کتێبە کۆنانە کە لە زەمانی قەدیمان لە پێش هاتنی حەزرەتی مووساداعليه السلام بوون وە دائیر بوون لەناو تیرەی «نبط» و «کلدان»یەکان.

وە ئەم فەننی سیحرە لە ناو میللەتی «بابل»دا لە سرەیانییەکان وە کلدانییەکانا وە لە ناو میللەتی «میسر»دا لە «قیبتی»یەکان و غەیری ئەوانیش زۆر بوون. وە گەلێ کتێب لە فەننی سیحرا عائید بەو میللەتانە لە وەختی خۆیا نووسراون و ئەو کتێبانە تەرجومە کراون ئیللا شتێکی کەمی نەبێ وەکوو «فەلاحەی نەبتیە»کە لە دانراوی ئەهلی بابل بووە.

جا ئیتر خەڵك لەسەر ئەساسی ئەو کتێبە گەلێ کتێبیان نووسیوەتەوە وەکوو «مصاحف الكواكب السبعة» و کتێبی «طمطمی هندی» کە قسە ئەکا لە سوورەت و دەرەجات و ئەستێرەکانا

پاش ئەمانە لە میللەتی ئیسلاما جابیری کوڕی حیببان گەورە جادووگەر پەیدا بوو، وە کەوتە تەماشای کتێبی ساحیران و گەلێ شتی وەرگرت لە سیناعەی سیحرا، وە گەلێ کتێبی تیادا نووسی، هەروا گەلێ کتێبی نووسی لە سنعەتی «سیمیا»دا کە لە هاوپەیوەندی فەننی سیحرە، چونکی سیمیا عیبارەتە لە وەرسووڕاندنی سوورەتی جیسمێ بۆ سوورەتی جیسمێ‌تر، ئەمەیش زۆربەی بە هێزی نەفسە نەك بە هۆی سیناعەی عیلمییەوە. وە لە پاش جابیری کوڕی حیببان ئەمجار ئەحمەدی میجریتی پێشەوای میللەتی «ئەندەلووس» لە فنوونی سیحر و جادوا پەیدا بوو، وە تەماشای کتێبە کۆنەکانی کرد و پوختەکەیانی نووسییەوە لە کتێبێکا ناوی‌نا بە (غاية الحكيم) ئیتر پاش ئەو کەس لەم عیلمەدا کتێبی نەنووسی.

لە پاش ئەمە «ابن خلدون» ئەڵێت: با لێرە موقەدیمەیەك بڵێین و حەقیقەتی سیحری پێ دەرخەین. ئەڵێت: نفووسی ئینسانییە هەرچەند یەك نەوعە بەڵام ئەسنافی زۆری هەیە و هەر سنفێ خاسییەتێکی تیایە لە غەیری خۆیا نییە. مەسەلا نفووسی پێغەمبەران خاسییەتێکی تیایە بەو خاسییەتە موستەعید بووە لە بۆ مەعاریفی ئیلاهییە و قسە کردن لەگەڵ فریشتەدا، وە نفووسی کاهینەکان خاسییەتێکی تیایە بەو خاسییەتە موستەعید بووە لە بۆ قسەکردن لەگەڵ شەیاتین و ئەرواحی خەبیسەدا. هەروا هەر سنفێ لە ئادەمیزاد خاسییەتێکی تایبەتی تیایە وە لە ئاساریانەوە ئەمە دەر ئەکەوێ.

وە ئەو نفووسانە کە ساحیر و جادووگەرن بە کورتی سێ بەشن:

یەکەم: ئەوانەیە کە هەر بە هیممەت و هێزی نەفس و ئیرادە بە بێ ئالات و بە بێ یارمەتی غەیرە، ئەم بەشەیانە لەلای فەلاسیفە ناوبراوە بە سیحر؛ چونکی زۆر بەهێزە و یارمەتی شتیتری تیا نییە.

دووەم: ئەوانەیە کە بە یارمەتی ئەستێرە و عەناسیر و دەرەجاتی ئاسمانییەوە ئیش ئەکەن، ئەم بەشە لە یەکەم زەعیفترە، وە مەشهوورە بە «تەلیسمات» هەروا لەم بەشەیە ئەوەی کە ئەکرێ بە هۆی خەواسی ئەعداد و حورووفەوە.

سێهەم: ئەوانە کە ئەتوانن هەندێ شتی بێئەساس بخەنە خەیاڵی خەڵکەوە، مەسەلا وەکوو ترساندنی ئەوانە لە دوژمنی نابوود و دانانی دۆستی بە دوژمن یا بە پێچەوانەوە، یا سوود و زیانی بەعزێ شتی غەیرە واقیعی. ئەم بەشەیان پەستترینی سیحرە و لەسەر واقیع نییە، وە تەئسیریان لە نەفسی زەعیفانایە و بەس. وە ئەمە شەعوەزەیە، جا دوو بەشە پێشووەکانی سیحر ئاساری راست و واقیعییان هەیە، وەکوو ئەوە دوژمنێ لە ناو بچێ یا نەخۆشێ خۆش بێتەوە، وە یا سوورەتی جیسمێ هەڵسووڕێ بۆ سوورەتی نەوعە جیسمێکیتر، بەڵام بەشی سێهەمیان ئاساری واقیعی نییە جا ئەو کەسانە کە ئەڵێن سیحر تەئسیری هەیە قسەکەیان راستە لەسەر ئەو دوو بەشە پێشووەکان، ئەو کەسەیش کە ئەڵێت سێحر هەر تەخەییولاتە قسەکەی راستە لەسەر بەشی سێهەم، کە وابێ نیزاع لە بەینی عالمانا لە تەئسیری سیحرا نیزاعی لەفزییە.

وە ئەم خاسییەتانە کە لە نفووسی ئینسانا هەن هەر ئیستیعدادن وە لە کاتێکا دێتە عالەمی وجوود و فیعلەوە کە کابرای خاوەن نەفس لەسەر یاسای تایبەتی ساحیران گەلێ ریازەتی نەفس بکێشێ و گەلێ رووبکاتە قوای عولوییە وە لە ئەفلاك و کەواکیب و لە ئەرواحی خەبیسی شەیاتینەوە، وە گەلێکیان پێویستە بە خۆڕام کردن بۆ غەیری

زاتی باری تەعالا و عیبادەتی ناحەق کە بە ئاشکرا لەسەر یاسای شەریعەت کوفر و بێئیمانییە (العیاذ باللّه). جا لەبەر ئەمەیە مەشهوورە ئەڵێن: سیحر بە بێ کوفر پەیدا نابێ. وە فوقەهای شەریعەت ئیختیلافیان هەیە لەوەدا ئایا کوفری ساحیر لەبەر باوەڕ و ئەندیشەکەیەتی کە بە هۆی ئەوانەوە ئەبێ بە ساحیر یا بە هۆی کردەوەی سیحرەکە و ئیفسادی ئادەمیزادە، وە حەقیقەتیش ئەوەیە کە تەکفیری ساحیر لەبەر هۆی یەکەمە ئەگەرنا کردەوە ئەگەر باوەڕی کوفری لەگەڵا نەبێ کوفر نییە. بەهەر حاڵ فەننی جادووگەری لە ئایینی ئاسمانیدا ناڕەوایە چونکی لە هۆی باوەڕ بە تەئسیری غەیری خوداوە کوفرە، وە لە هۆی ڕەفتارەوە تاوانە و دینی ئیسلام دوورە لە کوفر و تاوان و تاوانباری.

فەرقی موعجیزەی پێغەمبەران لەگەڵ سیحری جادووگەران:

بە دەلیلی عەقڵی قەتعی دەرکەوتووە کە پایەی پێغەمبەرایەتی و ڕەهنومایی و ڕەهبەری بۆ ئادەمیزاد هەر بە میهرەبانی و بەخششی خودای گەورەیە. ئەو خۆی ئەزانێ کێ ئەکا بە ڕەهبەر و ئەم ڕەهبەرانە دوور بوون لەتەمێ و دانشگا و دەرس و دەرس وەرگرتن لە مامۆستاوە. بە تایبەتی پێغەمبەری ئاخرزەمان حەزرەتی موحەممەدی عەرەبی ﷺ لە دنیاوە دیارە کە بە قەتعی پەیوەندی لەگەڵ خوێندن و دەرس وەرگرتن نەبووە، وە هەتا لە وڵاتەکەیا خوێندەواری زۆر کەم بووە. جا کاتێ کە خودا ویستی ئەم زاتە بکا بە ڕەهبەر فریشتەی پاکی ڕەوانە کردە سەری و دڵی ڕووناك کردەوە بە پەیامی خودا، وە سەرتەختەی سینەی کرد بە سەر چاوەیەکی سافی نەبڕاوە کە هەتا هەتایە هەرچی زانست و بارەی خێرە لێی هەڵبقوڵێ هێشتا وەکوو خۆی وایە، هەتا هەرکەس هاوڕێی ئەویش بووبێ لەگەڵ نەخوێندەواریا بووە بە خاوەن دانش

و تەمێ و تەربییە. وە هەر موعجیزەیێ بۆ ئەم زاتانە دەرکەوتبێ لە ئادەمەوە تا خاتەم هەموو بە بێ ئیختیار و کەسبی ئەم رەهبەرانە بووە و هەر خودا بە خواستی خۆی بە موناسبی زەمان خەلقی ئەو ئیشانەی کردووە، مەسەلا: لە زەمانی حەزرەتی مووسادا جادووگەری باو بووە خودای تەعالا عاساکەی مووسای کردووە بە ماری مارخۆر و ئەژدەهای جیهان ترسێن.

وە لە چەرخی عیسادا «طب» و دوکتۆری باو بووە خودای تەعالا هێزی وا بەرزی پیرۆزی دا بە عیسا کە کوێری سکوما و بەڵەك و گولی خۆش ئەکردەوە و مردووی زیندوو ئەکردەوە. وە لە چەرخی حەزرەتی موحەممەدا ﷺ فەساحەت و بەلاغەت و شیعر خوێندنەوە و وتاردان باو بووە خودا کتێبی وەها بەرزی نارد بۆ حەزرەتی موحەممەد ﷺ کە هەموو فەسیحەکانی عەرەبی سەرسام کرد. وە بێجگە لەو باسە پەنامەکییانە کە دەری بڕیوە، وە بێجگە لە باسی مانگ و رۆژ و ئەستێرە و چەرخی ئاسمان و دەریا و وشکی و ئەم شتانە کە خوێندەوار نەبێ کەس تێی ناگا هەم رشتەی وتارەکەی کە هەموو وتارزانی سەرگەردان کردووە، وە بە قەتعی لە مانەدا مەیدانی کەسب وەرگرتن لە کەسەوە نەبووە، بەڵام فەننی جادووگەری هەمووی دەرسە و کەسبە، وە هەرکەسێ خەریکی بێ وەری‌ئەگرێ و ئەیزانێ.

هەروا پایەی ویلایەت و سەفای رۆحانیەتی ئەولیاکان، با بە هۆی کەسب و ریازەی نەفسەوە پەیدا ببێ بەڵام کەرامەت و ئومووراتی خاریج لە یاسای عادەتیان کەسبی نەبووە وە ئیختیاری ئەوانی تیا نەبووە. بێجگە لە مانە ئاسار و کردار و رەفتاری پێغەمبەران سەراسەر موافیقی پیرۆزی ئادەمیزاد و رەوشتی بەرز و عیفەت و شەرم و پیاوەتی و دڵسۆزی بووە. هەروا پیاوانی دڵڕووناکی ئوممەتەکەیشیان کە ناویان ئەبرێ بە «وەلی» ئەوانیش لەسەر رێگەی بەرزی پیرۆزی و رەوشتی پاك و

ڕێکی شەریعەت و ئایینی ئاسمانی بووە و نەبێ، وە هەر کەسێ لەم شێوە دەرچووبێ و ڕەفتاری پاك نەبووبێ و لە سەر یاسای ئایینی پاك نەبووبێ ئەم کەرامەت و کردەوەی خاریقی عادەتییە لێوە دەرنەکەوتووە. وە ئەگەر کەسێ بە جیاوازی لەم ئاداب و یاسایە کارێکی «خارق العادە»ی لێ‌سادر ببێ بە کەرامەت ناناسرێ، وە هەرچەن خاوەنی ئەو ئیشە سیحرباز و جادووگەر نەبێ ئاسارەکەیان لە بابی سیحر و ئیستیدراج ئەژمێرێ، وە بە قەتعی جێگەی ئیحتیرام و تەقدیس نییە.

دووەم: ﴿ما تتلوا الشياطين﴾: دوو بەشە یەکەم ئەو شتە پڕ و پاڵاتە و وتارە پڕوپووچانەیە کە لەوان دەرچووە، وە ڕێگەی خوێندنەوەی شەیاتینی جین خوێندنەوە بووە بەسەر دڵی کاهین و جادووگەران و هەرزەڕەفتارانا، وە ڕێگەی خوێندنەوەی شەیاتینی ئینس عیبارەتە لەو شتە خەرافاتە و لەو یاسای بێ‌دینی و بێ‌ئەخلاقی و سیحر بازی و جادووگەری و گومڕاکارییە کە لە ئادەمیزادانی ناپاك و هەوا پەرست و بێ‌ئەخلاق و بەدڕەوشتانەوە گەیشتووە بە باقی ئادەمیزادێ کە شوێن تەمێ و تەربییەی ئەوان کەوتوون.

سێهەم: ﴿وما أنزل على الملكين﴾، وشەی «الملكين» بە دوو جۆر خوێنراوەتەوە، یەکەم باریان: بەفەتحەی لام، یانی دوو فریشتە. وە ئەم بارە موتەواتەرە و جێگەی شوبهە نییە. دووەم باریان «مِلكين» بە کەسرەی لام، یانی دوو پادشاه، وە ئەم بارە لە خوێندنەوەی «ابن‌عباس» و «حسن» و «ابوالاسود» و «ضحاك» وەرگیراوە. وە زانایانی تەفسیر فەرموویانە: ئەگونجێ فریشتە بووبن بەڵام لەبەر ئەوە زۆر بەسەر دڵی ئادەمیزادا بە حورمەت و خاوەن شان بوون وەکوو دوو پادشا تەماشا کراون، وە ئەگونجێ دوو پادشا بووبن، بەڵام لەبەر ئەوە زۆر ڕەوشتیان بەرز بووە بە فریشتە ناو براون. وە ئێمە لەسەر باری یەکەمیان دڵمان دامەزراوە؛ چونکی خوێندنەوەکەی

موتەواتەرە و پێویستی [بە] تەئویل نییە، وە نازڵ کردنی سیحر لەسەر ئەو دوو فریشتە مەعنای ئەوە نییە کە مەقامی ریسالەت و پێغەمبەرایەتییان بووە، چونکی بە قەتعی پێغەمبەر ئەبێ لە ئادەمیزاد بێ، بەڵکوو مەعنای ئیلهام و حاڵی کردنیانە لە فەنی سیحر و جادووگەری.

وە هۆی ناردنی ئەو فریشتانەیش ئەوە بووە لەو چەرخەدا ئەوەندە جادووگەری باو بووە خەڵك گومرِا بوون و باوەرِیان وابووە کە ریسالەت و پێغەمبەرایەتیش هەر فەننی جادووگەرییە. جاخودای تەعالا ئەو فریشتانەی ناردووە و فەننی سیحریان بە خەڵك نیشان داوە بۆ ئەوە بزانن کە نوبووەت و ریسالەت و پێغەمبەرایەتی بارەی بەخشش و فەیزی خودایییە و پەیوەندی بە خوێندنەوە نییە، بەڵام جادووگەری فەننە هەر کەسێ بیخوێنێ ئەیزانێ و دوورە لە فیووزاتی ئیلاهییەوە و هەرکەس باوەرِی وانەبێ، ئەوە گومرِایە و بەهەڵەدا چووە.

وە ئەو شتانە کە مەشهوورن لە ناودا لە بابەتی ئەم دوو فریشتەوە کە گیرۆدەی گوناه و تاوان بوون و خودای تەعالا خاترخۆی کردوون لە بەینی عەزابی دنیا یا عەزابی قیامەتا، وە ئەوانیش عەزابی دنیایان ئیختیار کردووە و ئەوانە ئێستا لە چاڵێکا هەڵاوەسراون لە «بابل»دا، وە تا قیامەت بەو جۆرە ئەمێننەوە، لەسەر فەرموودەی زانایانی تەفسیر ئەساسیان نییە، وە لە ئەحادیسی سەحیحدا نییە و موخالیفی نەسسی قورئانە؛ چونکی خودا لە باسی فریشتەدا ئەفەرموێت: ﴿لا یعصون اللّٰه ما أمرهم و یفعلون ما یؤمرون﴾.[1] وە تەفسیری بەیزاوی رەدی ئەم شتانە ئەکاتەوە، هەروا تەفسیری فەخری رازیش بەو قسانە رازی نییە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقُولُواْ رَٰعِنَا وَقُولُواْ ٱنظُرْنَا ﴾

١. التحریم؛ ٦.

ئەی کەسانێ کە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خودا و بە پێغەمبەری خودا! لە کاتێکا ئەتانەوێ داوا بکەن لە پێغەمبەری خودا ﷺ چاودێریتان بکات، وە بە مۆڵەت یاسای ئایینتان حاڵی بکا جوملەی «راعنا» بەکار مەهێنن، با جوولەکەکان ئەو جوملە بەکار نەهێنن لەگەڵ حەزرەتا ﷺ بە مانایەکی ناموناسب، وە لە باتی ئەوە «انظرنا» بەکار بێنن کە ئەو مەبەستەی ئێوە ئەگەیێنێ و بۆ مەعنای ناشیرینیش بەکار ناهێنرێت.

﴿وَٱسْمَعُوا۟﴾

باش گوێبگرن بۆ حەزرەت ﷺ لەو کاتانەدا تەمێتان ئەکات با ناچار نەبن بۆ داوای دووبارە کردنەوەی تەمێکان.

﴿وَلِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٠٤﴾﴾

وە بۆ ئەو کافرانە کە جوملەی «راعنا» بە مەبەستی خراپ بەکار ئەهێنن لەگەڵ پێغەمبەرا وە بە سووکی تەماشای ئەکەن عەزابێکی سەخت و ئێش‌گەیێن هەیە لە دونیا و لە قیامەتا.

زانایان فەرموویانە، لە کاتێکا پێغەمبەر ﷺ یاسای دینی ئەفەرموو بە یارانی خۆی لەبەر ئەوە جارجار باش حاڵی نەدەبوون و ئەیانویست حەزرەت ﷺ قسەکەی دووبارە بکاتەوە ئەیانوت «راعنا» یانی ئەی پێغەمبەری خودا چاودێریمان بکە، وە بە مۆڵەت تەمێمان بفەرموو با حاڵی ببین. جوولەکەکانیش ئەم هەلەیان بۆ هەڵکەوت و عەینی جوملەی «راعنا»یان بەکار ئەهێنا لەگەڵ حەزرەتا بە مانای بێ‌عەقڵ و عەقڵ سووك! جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە و فەرمانی دا بە موسوڵمانەکان لە باتی ئەو جوملە جوملەی «انظرنا» بەکار بێنن کە ئەو مەعنا ئەدا و مەعنای خراپیش ناگەیەنێ. یانی ئەی پێغەمبەری خودا بڕوانە بۆمان و تەماشای پایەی حاڵی بوونمان بفەرموو، وە ئەوانەمان حاڵی نابین قسەکانمان بۆ دووبارە بکەرەوە.

﴿مَا يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ وَلَا ٱلْمُشْرِكِينَ أَن يُنَزَّلَ عَلَيْكُم مِّنْ خَيْرٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾

بە قەتعی ئەو کەسانە کە باوەڕیان بە دینی ئیسلام نییە (لە کافرە کیتابییەکان و کافرە بت پەرستەکانیش) حەز ناکەن و دڵخوازییان ئەوە نییە کە خێرێ لە لایەنی خوداوە بێت بە سەرتانا.

﴿وَٱللَّهُ يَخْتَصُّ بِرَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾

خودایش بە دڵخوازی ئەوان ناکا، هەرکەسێ بیەوێ و مەیلی لەسەر بێ سەربەرز و سەرفرازی ئەکا بە میهرەبانی خۆی.

﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٠٥﴾﴾

خودای تەعالا خاوەنی فەزڵ و زیادە میهرەبانییەکی بێ‌ئەندازەیە. ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە بۆ بەدرۆخستنەوەی کۆمەڵێ لە جوولەکە کە بەرابەر بە موسوڵمانەکان دۆستی و خۆشەویستییان دەرئەبڕی و لەوانە بوون کە موسوڵمانەکان هەڵبخەڵەتێن بۆیان. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەمانە ڕاست ناکەن لەگەڵتان، وە نە ئەم جوولەکانە و نە بت پەرستەکان حەز ناکەن بەوە کە ئێوە تووشی خێر و پیرۆزی ببن کەوابوو پێویستە ئاگاداری خۆتان بن.

﴿مَا نَنسَخْ مِنْ ءَايَةٍ﴾

ئەو ئایەتەی حوکمەکەی نەسخ بکەینەوە و لەفزەکەی بهێڵینەوە.

﴿أَوْ نُنسِهَا﴾

وە ئەو ئایەتە کە لەفزەکەی لە بیری تۆ ببەینەوە و حوکمەکەی بمێنێ، وە یاخود لەفز و حوکمیان نەمێنێتەوە.

﴿نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَآ﴾

ئایەتێ لە باتی ئەو دێنین کە سوودی لە خوێندنەوە و پاداشی قیامەتا، وە یا لە ڕێکەوتن لەگەڵ سوودی ئێوەدا چاتر بێ لەوەی کە لامان بردووە.

﴿أَوْ مِثْلِهَآ﴾

یا دێین بە ئایەتێ کە وەکوو یارۆی لابراو وابێ لە ڕەفتار پێ کردنا و لە سوودی دنیا و قیامەتا.

﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٦﴾﴾

ئایا تۆ نازانی و نەتزانیوە کە خودای تەعالا بەسەر هەموو شتێکا تەوانایە؟

نەسخ؛ لە زمانی عەرەبا بە مانا «نقل»ە، خوای نەقڵ و گۆڕینی شتەکە بێ وەکوو ئەڵێن: «نسخت الشمس الظل» یانی ڕۆژ ئەو سێبەرەی گوێزاوە لەو شوێنە بۆ شوێنێکی‌تر. وە یاخود نەقڵی وێنەکەی بێ وەکوو ئەڵێن: «نسخت الكتاب» یانی وێنەکەم گوێزاوە بۆ شوێنی‌تر و لە کتێبی‌ترا نووسیمەوە.

وە نەسخی ئایەت لە عورفا: بریتییە لە لابردنی حوکمەکەی با خۆی بمێنێتەوە، وە یا لابردنی خوێندنەوەکەی با حوکمەکەیشی مابێ، وە یا لابردنی لەفز و حوکمی بەیەکەوە.

وە ئیحتیمالات لەم شوێنەدا چوارە:

یەکەم: ئایەتەکە خۆی و حوکمەکەی بمێننەوە،

دووەم: خۆی و حوکمەکەی هەردووکیان لاببرێن. وەکوو ئایەتی «رضاع» ـ کە بڕیاری دە جاری داوە ـ ئێستە نە خۆی و نە حوکمەکەی نەماونەتەوە،

سێهەم: لەفزەکەی بمێنێتەوە و حوکمەکەی نەمێنێتەوە؛ وەکوو ئایەتی وجووبی وەسییەت بۆ باوك و دایك و باقی میراتگرە نزیکەکان،

چوارەم: حوکمەکەی بمێنێتەوە بەڵام لەفزەکەی نەمێنێتەوە، وەکوو ئایەتی بەردەباران کردنی پیاو و ژنێ زینا بکەن لە پاش ژنهێنان و شووکردن. ئەم سوورەتانە هەموو هەن لە قورئانا.

وە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە هۆی ئەوەوە گەلێ لە جوولەکەکان ئەیانوت: ئەمە چییە ئەم پێغەمبەرە گەلێ جار فەرمان ئەدا بە شتێ کەچی لە پاشان مەنعی ئەکا، وە گەلێ جار مەنعی شتێ ئەکا و لە پاشان فەرمانی پێ ئەدا؟ جا خودای تەعالا لە وەڵامی ئەوانا ئەفەرموێت: وەزعی ناردنی قورئان و دامەزراندنی یاسا بۆ موسوڵمانان لەسەر تەماشاکردنی سوودە بۆ موسوڵمانان هەتا حوکمێ سوودی تیا هەبێ موافیقی رۆژ بێ ئەمری پێ ئەکەین، وە کاتێ کە وەزع گۆڕا و ئەو حوکمە سوودی تیا نەما ئەیگۆڕین بە حوکمێکیتر. هەروا ئەبێ لە ماوەیەکدا فەرمان ئەدەین بە خوێندنەوەی ئایەتێ و لە پاشا ئەو ئایەتە لە بیر ئەبەینەوە و ئایەتێتر لە شوێنیا نازڵ ئەکەین.

وە هەر وەکوو ئایینی ئیسلام بە شوێن دینی عیسادا هاتووە و گەلێ ئەحکامی ئەوی لابردووە و ئایینی عیسا بە شوێن ئایینی مووسادا هاتووە و گەلێ ئادابی ئەوی لابردووە، و ئایینی مووسا گەلێ ئەحکامی دینە پێشووەکانی لابردووە، وە زانایانی کتێبی ئاسمانی ئەمە ئەزانن، هەروا لە دینی ئیسلامیشا قابیلە گەلێ لەو حوکمانە کە لە ئەوەڵەوە بڕیاردراوە لە پاش ماوەیێ بگۆڕێ بە حوکمێکیتر کە بۆ رۆژ و چەرخ موناسب و رێکە. کەوابوو کەس لەم هۆوە حەقی رەخنەی نییە.

﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾

ئایا نازانی کە خودای تەعالا فەرماندارە لە ئاسمانەکانا و لە عەرزا، وە فەرمان هەر فەرمانی ئەوە؟ ئەوە ئەتوانێ هەر فەرمانێ بدا و هەر فەرمانێ بگۆڕێ.

﴿وَمَا لَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٠٧﴾﴾

وە نییە بۆ ئێوە بێجگە لە خودا کەسێکی وا کە چاودێری ئیشتان بکات و یارمەتیتان بدات، مەعلوومە ئەمەت زانیوە و ئەمەیش رابگەیەنە بە ئادەمیزادا تا ئەوانیش بیزانن و هەموو ئیشێکی خۆیان بسپێرن بە خودا.

﴿ أَمْ تُرِيدُونَ أَن تَسْـَٔلُوا رَسُولَكُمْ كَمَا سُئِلَ مُوسَىٰ مِن قَبْلُ ﴾

ئەم ئایەتە یا خیتابە لەگەڵ کیتابییەکانا لە کاتێکا کە داوای ئەوەیان ئەکرد خودای تەعالا کتێبێ لە ئاسمانەوە بنێرێ بۆ لایان لەو کتێبەدا بەیانی ئەوە بکا کە پێغەمبەری ئاخرزەمان رەوانە کراوە بۆ لای ئەوانیش. وە یا خود خیتابە لەگەڵ بتپەرستەکان کە ئەیانوت: باوەڕ ناکەین بە پێغەمبەرایەتی تۆ هەتا لە پێش چاومانا سەرنەکەوی بۆ ئاسمان، وە ئەگەر سەریش بکەوی هەر باوەڕ بە سەرکەوتنەکەت ناکەین هەتا کتێبێ نەیەتە خوارەوە نووسرابێ بۆمان کە فەرمانی تۆ وەربگرین!

جا ئەفەرموێت: یاخود ئێوە ئەی ئیسرائیلیەکان ئەتانەوێ داوا بکەن لەم پێغەمبەرە کە هاتووە بۆ لای ئێوە لەگەڵ عەرەب و باقی ئادەمیزادا کتێبێك بێنێ بە تایبەتی بۆتان، وە یا ئەی موشریکەکانی عەرەب ئەتانەوێ داوا بکەن لە پێغەمبەری خۆتان کتێبێکی تایبەتیتان بۆ بێنێ وەکوو لەمەوپێش داوا کرا لە مووسا؟! وە ئەم داواکردنەیش هەر سەرکێشی و نافەرمانییە لەگەڵ فەرمانی خودادا؛ چونکی پاش ئەوە کە خودا پێغەمبەرێکی نارد بە ئایات و موعجیزاتەوە حەق نییە بۆ کەس غەیری فەرمانبەرداری داوای شتیتر بکا لەو پێغەمبەرە، وە ئەگەر کەسێ وا بکا ئەوە ئەو ئیمانە کە بە ئەسبابەوە بۆی ئامادە بووە ئەیگۆڕێتەوە بە کوفر و بێباوەڕی.

﴿وَمَن يَتَبَدَّلِ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١٠٨﴾﴾

[وە] هەرکەسێکیش کوفر وەربگرێ لە باتی ئیمان و سەر لەخۆی بشێوێنێ ئەوە رێگای راستی ونکردووە و بە دەستی خۆی خۆی سەرگەردان کردووە.

﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا﴾

جا خودای تەعالا روو ئەکاتە موسوڵمانەکان و بە ئامۆژگاری ئەفەرموێت پێیان: گەلێ کەس لە زانایانی کیتابی ئارەزوو ئەکەن و خواستیان وایە کە ئێوە بگێڕنەوە بۆ سەر کوفر و بێ‌ئیمانی لە پاش ئەوە ئیمانتان هێناوە.

﴿حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ﴾

لە بەر حەسوودی بردن بە پایەی ئێوە بە حەسوودییەك کە لە کانگەی نەفسیانەوە دەرئەچێ، [دوای ئەوەی کە حەقیان بۆ رووناك بووەتەوە].

﴿فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ﴾

جا ئێوە لەم چەرخەدا چاوپۆشی بکەن لەوانە و سەرفی نەزەریان لێ‌بکەن هەتا خودای تەعالا فەرمانی خۆی دێنێ و ئەمرتان پێ ئەکا بە جیهاد.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾﴾

بە راستی خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا و ئەتوانێ چەرخ بگۆڕێ بە نەوعێ خواستی لەسەربێت.

﴿وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ﴾

نوێژەکانتان بە باشی بە جێ بێنن، وە زەکاتیماڵیشتان بدەن بە خاوەن حەق.

﴿وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ﴾

هەر چاکەیێ بخەنە پێشەوە بۆ خۆتان تۆڵەتان دەس ئەکەوێتەوە بە لای خوداوە و جەزای باوەڕ و کردەوەتان زایە نابێ.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١١٠﴾﴾

بە راستی بە هەرچی لە ئێوەوە دەربکەوێ لە ئەحواڵی دەروونی و بیروونیتان خودا بینایە.

﴿وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ﴾

ئەم کیتابییانە وەکوو هەموویان دوژمنی موسوڵمانانن و حەزئەکەن موسوڵمانەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر کافرێتی، لە ناو خۆیشیانا هیچ تیرەیێکیان دان نانێ بە باشی ئەوی تریانا؛ ئەوانەی جوولەکەن باوەڕیان وایە کە غەیری جوولەکە کەس ناچێتە بەهەشت، وە ئەوانەیش کە گاورن باوەڕیان وایە کەس ناچێتە بەهەشتەوە گاور نەبێ.

﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ﴾

ئەم باوەڕە هەڵە و ئەم واتە ناڕەوایە وەکوو باقی وتە پڕوپووچەکانیان لەسەر هەوا و ئارەزووی بەتاڵی ئەوانە و شتێ نییە لەسەر راستی دامەزرابێ.

﴿قُلْ هَاتُواْ بُرْهَٰنَكُمْ﴾

جا ئەی پێغەمبەری رەهبەر تۆ بڵێ بەو دوو تیرە کە: دەلیلتان بێنن و دەری‌بخەن لەسەر ئەم داوایانەتان.

﴿إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ١١١﴾

ئەگەر ئێوە راست ئەکەن.

﴿بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ﴾

نە، نە، وانییە، بەهەشت هەر بۆ تاقە تیرەیێ نییە، بەڵکوو هەر کەسێ نەفسی خۆی پاك کردبێتەوە بۆ رەزای خودا و پەیڕەوی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودای کردبێ لە فەرمانی پێغەمبەرانی پێشوودا یا پەیڕەوی پێغەمبەری ئاخرزەمان بکا لە پاش هاتنی ئەو.

﴿وَهُوَ مُحۡسِنٞ﴾

وە ئەو کەسەیش کردەوەی باش و ڕێکی ئایین بێ.

﴿فَلَهُۥٓ أَجۡرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ﴾

ئەوە پاداشی خۆی هەیە لەلای خوای خۆی.

﴿وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ١١٢﴾

وە لە ڕۆژی قیامەتا ترسیان لەسەر نییە و دڵگران و زویر نابن. کەوابێ هەر جوولەکەیێ لەسەر ئایینی حەزرەتی مووسا بووبێ تا کاتی هاتنی حەزرەتی عیسا و لە پاش هاتنی ئەو پەیڕەوی عیسای کردبێ، و هەر گاورێ پەیڕەوی عیسای کردبێ تا هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان ئەمجار لەسەر ئایینی ئەو بووبێ وە هەرکام لەمانە پاش هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان تابیعی پێغەمبەر بێ ئەمانە هەموو ئەهلی بەهەشتن. هەروا ئوممەتی پێغەمبەرانی پێشوویش هەرکەس بە ڕاستی پەیڕەوی ئەوانی کردبێ ئەهلی بەهەشتن، وە بەهەشت بۆ هەموو کەسێکە باوەڕی بە خودا و پێغەمبەران ببێ.

﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ لَيۡسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيۡءٖ﴾

جوولەکەکان ئەڵێن: نەسرانییەکان لەسەر ئایین و دینێکی ڕاست نین؛ چونکە هەموو کەس لە پاش هاتنی مووسا تا قیامەت ئەبێ لەسەر تەورات بڕوا.

﴿وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ لَيۡسَتِ ٱلۡيَهُودُ عَلَىٰ شَيۡءٖ﴾

وە گاورەکانیش ئەڵێن: جوولەکەکان هەموو لەسەر هیچ ئایینێ نین.

﴿وَهُمۡ يَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۗ﴾

لەگەڵ ئەمەیشا ئەمانە ئەهلی کیتابن و کتێبی خودای تەعالا ئەخوێننەوە و زانان بە گەلێ شتی ڕاست و حەق نەبوو وا بڵێن.

وە پێویست بوو جوولەکەکان بڵێن ئەو گاورانەی ئیمانیان بە عیسا هێناوە لەسەر حەق بوون، وە گاورەکانیش بڵێن ئەو جوولەکانەی لە پێش چەرخی عیسادا پەیڕەوی حەزرەتی مووسایان کردووە لەسەر حەق بوون.

﴿ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ مِثۡلَ قَوۡلِهِمۡۚ ﴾

هەروا ئەو کەسانەیش کە کتێب نازانن، وەکوو بتپەرستەکان، وێنەی قسەی ئەوان ئەڵێن بەو دوو تیرەیە و بە موسوڵمانانیش و دان نانێن بە راستی ئایینا.

﴿ فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ١١٣ ﴾

جا وازیان لێبێنە خوای تەعالا لە رۆژی قیامەتا فەرمانی خۆی دەرئەبڕێ لە ناو ئەمانا لە هۆی ئەم باسانەوە کە نیزاعیان هەیە تیایانا. ئیتر پێویست نییە کە تۆ دڵی خۆت ماندوو بکەی بە هۆی ئەمانەوە!

﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذۡكَرَ فِيهَا ٱسۡمُهُۥ ﴾

کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە مەنعی مزگەوتانی خودا بکا لەوە کە ناوی خودای تیا ببرێ و ئیتاعە و فەرمانی تیا بە جێ بهێنرێت!

﴿ وَسَعَىٰ فِي خَرَابِهَآۚ ﴾

وە کۆشش بکا لە وێران بوونیانا و یا لە ماتڵ کردنیان لە ناو بردنی خودا!

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ مَا كَانَ لَهُمۡ أَن يَدۡخُلُوهَآ إِلَّا خَآئِفِينَۚ ﴾

ئەو کەسانە کە ئەوە ئەکەن حەقی ئەوەیان نییە بچنە ئەو مزگەوتانەوە ئیللا بە حاڵی ترس لە خودا و خۆکزکردن بۆ گەورەیی خودا نەبێ، چ جای ئەوە کە بێشەرمی بکەن و مەنعی خەڵك بکەن لەوە بڕۆن لە ناویانا عیبادەتی خوا بکەن.

﴿لَهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا خِزۡيٞ﴾

ئێستە مادام لە واجبی خۆیان لائەدەن و مەنعی مزگەوتەکان ئەکەن لە پاداشی ئەم کردەوە خراپەدا رسوایی دنیایان هەیە.

﴿وَلَهُمۡ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١١٤﴾

وە بۆ ئەوانیش هەیە لە قیامەتا عەزابێکی گەورە.

ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی رۆمییەکانا کە هاتن غەزای قودسیان کرد و «بیت المقدس»یان وێران کرد، وە مەنعی کیتابییەکانیان لەوە کرد عیبادەتی خودای تیا بکەن. وە هەندێ لە موفەسسیران ئەڵێن: لە شانی بتپەرستەکانا هاتووەتە خوارەوە کاتێ مەنعی پێغەمبەریان کرد بڕوا ئادابی عومرە لە مەککە بەجێ بێنێ لە ساڵی واقیعەی حودەیبییەدا. بە هەرحاڵ هەرچەن لە شانی ئەوانا هاتبێتە خوارەوە هەموو کەسێکی وا ئەگرێ کە کۆشش بکا بۆ تێکدانی مزگەوت و مەنعی موسوڵمانان بکا لە عیبادەتکردن تیایا.

وە بەعزێ موفەسسیرین لە مەعنای ﴿ما كان لهم أن يدخلوها إلا خائفين﴾دا فەرموویانە: حەقی ئەو کافرانە وابوو کە نەچنە ئەو مزگەوتانەوە ئیللا بەترسەوە لە موسوڵمانان کە مەنعیان بکەن؛ کەچی ئیمڕۆ وەزع وەهایە ئەوان مەنعی موسوڵمانان ئەکەن لە چوونە ناو مزگەوتەوە!

وە بەعزێ فەرموویانە: لە عیلمی خودادا وا رابوردووە کە ئەم کافرانە واکز و داماو ئەکەون کە نەتوانن بڕۆنە ناو ئەو مزگەوتانە ئیللا بە پەنامەکی و بە ترسەوە لە موسوڵمانان. وە لەسەر ئەم تەفسیرە ئەبێ بە موژدەی زاڵ بوونی موسوڵمانان بەسەر کافرانا لەمەولا، واتە حاڵیان وای لێ دێ ناتوانن بڕۆنە مزگەوتی موسوڵمانانەوە مەگەر بە ترس و دڵەلەرزێوە.

وە بەعزێ فەرموویانە: ئەم جوملە لە سوورەتا ئیخبارە و لە حەقیقەتا نەهیە و ئینشایە، یانی مەیەڵە ئەو کافرانە بێنە مزگەوتەوە مەگەر بە دزییەوە و بە ترسەوە خۆیان بکەن بە مزگەوتا.

بەڵام موجتەهیدەکان لەناو خۆیانا ئیختیلافیان بووە لەوەدا کافر بڕواتە ناو مزگەوتەوە:

ئیمامی ئەبووحەنیفە ﷺ رەوای داوە موتڵەقا، بە چەن دەلیل؛

یەکەم: وەفدی یەسریب هاتن بۆ خزمەت حەزرەت ﷺ ئەویش داینان لە مزگەوتا.

دووەم: لە ساڵی فەتحی مەککەدا ئەمری فەرموو جاڕیان دا: هەرکەس بڕواتە خانووی ئەبووسوفیانەوە ئەمینە، وە هەر کەس بڕواتە کەعبەوە ئەمینە. وە ئیمامی مالیك ﷺ ئەفەرموێت: دروست نییە کافر بڕۆنە ناو هیچ مزگەوتێکەوە: چ «مسجد الحرام» لە دەوری کەعبەدا، وە چ باقی مزگەوتەکانی وڵاتی ئیسلام، وە ئەفەرموێت: ئەو حەدیسانە کە ئەبووحەنیفە فەرمویەتی لە ئەووەڵی ئیسلامەوە بوون لە پاشا بە ئایەت ئەو حوکمە نەسخ کرایەوە.

وە ئیمامی شافیعی ﷺ ئەفەرموێت: دروست نییە بڕۆنە ناو کەعبەوە (مسجدالحرام) و باقی حەرەمی مەککەوە، بەڵام دروستە بڕۆنە ناو باقی مزگەوتەکانەوە.

﴿وَلِلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾

خۆرهەڵات و خۆرنشین لە زەوی هەموو بۆ خودایە، یانی عەرز بەڵکوو عالەم هەمووی موڵکی خودایە.

﴿فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا۟ فَثَمَّ وَجْهُ ٱللَّهِ﴾

لە هەر شوێنێکا رووی خۆتان هەڵسووڕێنن رووبەڕووی قیبلە ئەوە لەویا ئەو مەقسەدە (کە روو لە قیبلە کردنە) حاسڵ ئەبێ بۆ ئێوە، ئیتر وە نەبێ رووکردنە قیبلە

بەسرابێ بەوەوە كە لە مزگەوتا بن. یاخود لەهەر شوێنێكا رووبكەنە قیبلە خودای تەعالا بە زانست و تەوانایی خۆیەوە لەویا هەیە و زانایە بە كردەوە و ئەندیشەی دەروونتان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا عیلمێكی گوشادی هەیە و هەموو شتێ ئەگرێ و زانایە بە هەموو شتێكی كوللی و جوزئی و دیاری و پەنهانی. ئەمە زاهیری ئایەتەكەیە وەكوو لە بەیزاویدایە. بەڵام ریوایەت كراوە ئیبنوعومەر ﵄ فەرموویە: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە نوێژی سەفەریدا بەسەر وڵاخەوە، بینا لەسەر ئەمە تەفسیری ئایەتەكە وایە: ئێوە لە كاتی ئەو نوێژا روو بكەنە هەر شوێنێ با قیبلەیش نەبێ هەر دروستە. بەڵام ئەبێ ئەمە ببڕرێ بەسەر نوێژی سوننەتا.

وە ریوایەت كراوە لە بەعزێكی‌ترەوە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی كەسانێكا قیبلەیان لێ‌ونبووبوو وە سەرگەردان بووبوون و هەركەسێ رووی كردە لایەكەوە، ئەم وەزعەیش لە شەوا بوو، كاتێ كە رۆژ بووەوە دەركەوت لە قیبلەدا هەڵەبوون. جا لەسەر ئەمە كەسانێ كە بە ئیجتیهاد لە قیبلەدا نوێژ بكەن و لە پاشان دەركەوێ قیبلەیان نەپێكاوە قەزای نوێژەكەیان لەسەر نییە.

وە گەلێ لە زاناكان فەرموویانە: ئەم ئایەتە تەوتیئەیە بۆ گۆڕاندنی قیبلە، وە خودا ئەفەرموێت: مەشریق و مەغریب هەموو موڵكی خودایە، وە هیچ تەرەفێ زاتەن شەئنێكی وای نییە هەر روو لەو بكرێت، وە خودا هەر شوێنێ بكا بە قیبلە و رووی لێ‌بكرێ رەوایە؛ چونكی قیبلە نیشانەی یەكێتی ئوممەت و یەكیەتی ئامانجیانە.

﴿وَقَالُوا۟ ٱتَّخَذَ ٱللَّهُ وَلَدًا ۗ سُبْحَٰنَهُۥ﴾

ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە رەدی جوولەکەکانا کە وتوویانە «عوزەیر» کوڕی خودایە، وە لە رەدی گاورەکانا کە وتوویانە «عیسا» کوڕی خودایە، ئەفەرموێ: ئەو دوو تیرە وتوویانە خودای تەعالا رۆڵەی بۆ خۆی بڕیارداوە، وە خودا گەلێ دوورە لەم وەزعە!

﴿بَل لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾

بەڵكوو هەرچی وا لە ئاسمان و عەرزا بێ‌گیان و گیاندار هەمووی هی خودایە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە.

﴿كُلّٞ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ١١٦﴾

وە هەموو موسەخەرو رام و فەرمانبەرداری فەرمانی خودان، وە شتێكی وا كە رام بێ بۆ هێزی پەروەردگار موناسەبەی نییە بە زاتی ئەوەوە تا ببێ بە ئەسڵ و نەتەوە بۆ زاتی ئەو.

﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾

خودا خاوەن تەوانایەكی وەهایە هەموو مەوادی بەرزو نزمی دروست كردووە لە نەبوون.

﴿وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ١١٧﴾

وە كاتێ خواستی لەسەر بوونی شتێ بێ زۆر بە چەسپانی و بێ‌مۆڵەت ئەو شتە پەیدا ئەبێ وەكوو ئەوە وشەیەكی زۆر كورت بوترێ و شتەكە جێ‌بەجێ ببێ. جا پەروەردگارێ خواستی لەسەر هەر شتێ ببێ گورج جێ‌بەجێ ببێ، ئەوە بە راستی خاوەن نەسڵ و نەتەوە نییە، وە ئەو قسانە پڕوپووچن.

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾

ئەو بت‌پەرستانە كە حەقیقەت نازانن ئەڵێن، یا ئەو كیتابییانە كە خۆیان نەزان ئەكەن ئەڵێن:

﴿لَوْلَا يُكَلِّمُنَا ٱللَّهُ﴾

ئەوە بۆچی خودا سەربەخۆ قسە لەگەڵ خۆمانا ناکا وەکوو قسە لەگەڵ فریشتەکانا ئەکا؟ یا خود بۆچی خۆی پێمان ناڵێ کە تۆ پێغەمبەری و لە لایەنی ئەوەوە کراوی بە رەهبەر هەتا پەیڕەویت بکەین؟

﴿أَوْ تَأْتِينَآ ءَايَةٌ﴾

یا بۆچی دەلیلێکی رووناك نایەتە لامان لەلایەنی خوداوە هەتا ببێ بە هۆی ئەوە کە باوەڕت پێ‌بکەین؟

﴿كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِم مِّثْلَ قَوْلِهِمْ﴾

هەر بە وێنەی ئەم وشەیان ئەوت بەرابەر بە پێغەمبەرەکانیان ئەوانیش کە لە پێش ئەم کافرانەدا بوون، ئەوەبوو کۆمەڵێ لە بەنی‌ئیسرائیلی داوای ئەوەیان ئەکرد لە مووسا کە خودایان پیشان بدا بە ئاشکرا.

﴿تَشَٰبَهَتْ قُلُوبُهُمْ﴾

دڵی ئەمان و ئەوان هاووێنەی یەکن بۆیە وەکوو یەك داوای شتی ناڕەوا ئەکەن، بێجگە لەوەیش لەگەڵ ئەم هەموو موعجیزاتەدا کە خودا داویەتی بە تۆ و ئەوانیش ئاگایان لە گەلێکی هەیە، ئیتر مەعنای چییە داوای موعجیزە ئەکەن؟!

﴿قَدْ بَيَّنَّا ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ ﴿١١٨﴾﴾

ئێمە بە راستی دەلیل و بورهانمان رووناك کردووەتەوە بۆ ئەو کەسانە و بۆ ئەو تیرەیە کە باوەڕیان بە حەق هەیە، ئەمانە باوەڕ بە حەق ناکەن بۆیە هێشتا داوای دەلیل ئەکەن.

﴿إِنَّآ أَرْسَلْنَٰكَ بِٱلْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾

تۆ حەقت بەسەر فیز و سەرکێشی ئەمانەوە نەبێ بزانە بە راستی ئێمە تۆمان رەوانە کردووە لەگەڵ ئایینی راستا و لەگەڵ موعجیزەی راست و رووناکا بە موژدەدەر بۆ خاوەن ویجدان و ئیمان و ترسێنەر بۆ بێزەمیران و بێباوەڕان.

﴿وَلَا تُسْـَٔلُ عَنْ أَصْحَٰبِ ٱلْجَحِيمِ ﴿١١٩﴾﴾

تۆ مەسئوول نیت و پرسیارت لێناکرێ لەوانە شیاوی عەزابی دۆزەخن بۆچی فەرمانی خودایان بە جێ نەهێنا.

﴿وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ﴾

تۆ گومانی ئەوە مەبە ئەگەر ئەم کیتابیانە داوای شتێکیان کرد و خودا بۆی کردن ئیتر پەیڕەوی تۆ ئەکەن و لە تۆ رازی ئەبن! حاشا! قەت جوولەکە و گاور لە تۆ رازی نابن هەتا نەکەویتە دوای ئایینی گۆڕراو و مەنسووخی ئەوان، کەوابێ:

﴿قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ﴾

تۆ ـ ئەی رەهبەری گەورە ـ بەوان بڵێ: بە راستی هەر دینی ئیسلام کە خوای تەعالا کردوویە بە رەهنومای عالەم هەر ئەوە شیاوی ئەوەبێ ببێ بە رەهنوما و ئینسان پەیڕەوی بکا.

﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ﴾

وە قەسەم ئەخۆم ـ خوا نەخواستە ـ ئەگەر تۆ بکەویتە دوای ئارەزووی پڕوپووچی ئەوان کە بە ئایینی خۆیانی ناو ئەبەن لە پاش ئەم ئایینە رووناکەی ئیسلام کە هاتووە بۆ تۆ و لە پاش ئەم زانست و ماریفەتە بە نرخە کە لە لایەنی خوداوە دەستت کەوتووە.

﴿مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴿١٢٠﴾﴾

بزانە خودا لێت زویر ئەبێ و عەزابت ئەدا و غەیری خودایش کەس نابێ بە دۆست و یارمەتی‌دەر بۆ تۆ کە دەفعی ئەو عەزابەت لێ‌بکا.

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ﴾

ئەو زانایانەی ئەوتۆ کە کتێبمان پێداون بە هۆی پێغەمبەرەکەیانەوە، وە حاڵ و شێوەیشیان وایە کتێبەکەیان ئەخوێننەوە بە خوێندنەوەیەکی راست: لەفزەکانی ئەدا ئەکەن بە بێ گۆڕین، مەعناکانی بە راستی وەرئەگرن، وە هەر شتێ بگەیەنێ باوەڕی پێ ئەکەن، وە وەعدەی بەهەر پێغەمبەر و ئوممەتێ دابێ قەبووڵی ئەکەن وەکوو عەبدوڵلای کوڕی سەلام و وێنەکانی.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦۗ﴾

هەر ئەوانەن کە بە راستی ئیمان و باوەڕیان هەیە بە کتێبەکەی خۆیان، یا باوەڕیان هەیە بەو «هدی» و بەو دینە هاتووە بۆ لای تۆ.

﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ١٢١﴾

وە هەر کەسێ بێ‌باوەڕی دەربڕێ بەرابەر بەو کتێبەیان، ئەوانە وان لە زیانی دونیا و قیامەتا. یا هەرکەسێ بێ‌باوەڕ بێ بە دینی تۆ ئەوانە وان لە زیانا.

﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ﴾

ئەی نەتەوەی یەعقووب! یادی ئەو نیعمەتانەم بکەنەوە کە دام بە باوك و باپیرەتان.

﴿وَأَنِّي فَضَّلۡتُكُمۡ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٢٢﴾

وە یادی ئەوە بکەنەوە کە من پایەم پێ‌دان بەسەر ئەهلی جیهانا لە چەرخی خۆتانا. وە پێویست بوو باوك و باپیرەی ئێوە سوپاسی ئەو نیعمەتانە بکەن و بەرابەر بەو پایە پێم‌دابوون لە سەر فەرمانی خودا بڕۆن بە رێدا، پێویستی ئێوەیش ئەوەیە کە

لە چەرخی خۆتانا فەرمانی خودا بەجێ بێنن و ناو و نیشانی پێغەمبەری ئاخرزەمان نەشارنەوە، وە خۆتان پەیڕەوی ئەو بکەن و خەڵکیش هان بدەن بۆ پەیڕەوی کردنی، نەك لەبەر ئارەزووی دنیایی ناو و نیشانەکانی ونبکەن و خۆتان پەیڕەوی نەکەن و ببن بە کۆسپ لەبەر ڕێگەی ئەوانەدا کە ئەیانەوێ پەیڕەوی ئەو بکەن.

﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا﴾

ئەی نەتەوەی یەعقووب! خۆتان بپارێزن لە ئازاری ڕۆژێکی وەها.

﴿لَا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا﴾

وە سوود نادا هیچ کەسێ بە هیچ کەسێ بە هیچ‌جۆرە سوودێ.

﴿وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ﴾

وە وەرناگیرێ لە هیچ تاوانبارێ تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە کردوویەتی لە باتی ئازاری لەو ڕۆژەدا.

﴿وَلَا تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ﴾

سوود نادا بە هیچ تاوانکارێ تکا لە لایەنی کەسەوە.

﴿وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿١٢٣﴾﴾

وە ئەو تاوانبارانە یارمەتی نادرێن لە لایەنی کەسەوە.

جا لە پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی بەنی‌ئیسرائیلی کرد و گەلێ باسی نیعمەتی خۆی کرد لەسەریان، ئەمجارە باسی ئیبراهیمی خەلیل ئەکا کە باوکی هەردوو تیرەی بەنی‌ئیسرائیل و بەنی‌ئیسماعیلە؛ چونکی بەنی‌ئیسرائیل ئەڕۆنەوە سەر حەزرەتی ئیسحاق، وە بەنی‌ئیسماعیل ئەڕۆنەوە سەر حەزرەتی ئیسماعیل، وە ئەم دوو زاتە کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمن، وە پێویستە بۆیان هەردوو تیرەکە لە ئامۆژگاری

و پەیڕەوی تاقانە باوکەکەیان لانەدەن، وە ئەویش دەرسی تەوحید و ئیسلامی بۆ بەجێ هێشتوون و ئەفەرموێت:

﴿وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَـٰتٍ﴾

ئەی پێغەمبەری رەهبەر! باسی ئەوە بکە کە خودای تەعالا وەکوو یەکێ یەکێ بەراورد بکا وەها ئیبراهیمی ئیمتیحان کرد بە چەن کەلیمەیێ و بە چەن فەرمانێ و بە چەن ئەمر و نەهیێ.

﴿فَأَتَمَّهُنَّ﴾

حەزرەتی ئیبراهیمیش ئەوانەی بەتەواوی بەجێ هێنا.

﴿قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا﴾

جا ئەگەر ئەپرسی کە خودای تەعالا چی فەرموو بە ئیبراهیم، بزانە ئەمەی پێ فەرموو وتی: ئەی ئیبراهیم من تۆ ئەکەم بە پێشەوا بۆ ئادەمیزاد و ئەتکەم بە پێغەمبەر و رەهبەر بۆیان بۆ ئەوە کە بانگیان بکەی بۆ دینی تەوحید.

﴿قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى﴾

ئیبراهیمیش وتی: خوایە هەندێ لە نەتەوەکانیشم بکە بە پێشەوای ئادەمیزاد.

﴿قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾

خودای تەعالا لە وەڵاما فەرمووی: پەیمانی من و پایەی ئیمامەت و پێشەوایی لە لایەنی منەوە ناگا بەوانەی کە ستەمکارن بە هۆی بێباوەڕی بە من. ئیتر نزیکە بۆ ئەوانەی کە خاوەن بیر و باوەڕی پاکن، وە ئەوانە شایستەی ئەوەن کە من لە ناویانا ئینسانی باش هەڵبژێرم و بیکەم بە ئیمام و پێشەوا بۆ ئادەمیزاد بۆ ئەوە کە کێشی خوداناسییان پێ نیشان بدات.

﴿وَإِذْ جَعَلْنَا ٱلْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ﴾

وە باسی ئەوە بکە کە خانووی کەعبەمان کرد بە شوێنێ کە ئادەمیزاد لە هەموو لایەکەوە رووی تێبکەن و بڕۆن بۆ زیارەتی.

﴿وَأَمْنًا﴾

وە ئەو خانووەمان کرد بە هۆی هێمنی ئادەمیزاد لە عەزاب و ئازاری پاشەڕۆژ بۆ ئەوانە کە لەسەر یاسای ئایینی راست بڕۆن بۆ زیارەتی، وە کردمان بە هۆی هێمنی ئەو کەسانە لە دەور و بەریا مەڵبەندیان کرد، وە هەرکەس دەستی بردبێ بۆیان ئەو کەسەمان لە ناوبردووە، وە کردمان بە هۆی هێمنی تاوانباران هەتا وان لە ناو ئەو خانووەدا، حەتا ئەگەر کەسێکیشیان کوشتبێ لە ناو ئەو خانووەدا تۆڵەیان لێوەرناگیرێ. (بەڵام ئەم مانا بەس لەسەر بیری ئیمامی ئەعزەمە).

﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى﴾

وە فەرمانی دا بە شێوەی خاترخۆیی بە ئێوە کە [مەقامی ئیبراهیم بە] جێگە نوێژ بۆ خۆتان وەربگرن و نوێژی سوننەتی تیا بکەن.

﴿وَعَهِدْنَآ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّآئِفِينَ وَٱلْعَٰكِفِينَ وَٱلرُّكَّعِ ٱلسُّجُودِ ﴿١٢٥﴾﴾

وە فەرمانمان دا بە ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی کە ئەم خانووە دەر و ناوی پاك بکەنەوە لە هەر شتێ موناسبی موناجاتی خودا نەبێ بۆ ئەو کەسانە کە بە شێوەی ئایین هەڵئەسووڕێن بە دەوریا، وە یا لە ناویا ئەمێننەوە بۆ عیبادەت و بەندەیی خودا، وە بۆ ئەو کەسانە کە نوێژی تیا ئەکەن و روکووع و سەجدە ئەبەن بۆ خودای پەروەردگاری عالەم.

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجْعَلْ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنًا﴾

باسی ئەوە بکە کە ئیبراهیم عەرزی خودای کرد و فەرمووی: خودایا ئەم شوێنە کە من ئەم عیبادەتخانەیە بۆ تۆی تیائەکەمەوە بیکە بە شارێکی هێمن و پارێزراو لە ئازار و بێزاری و لە بێدادی.

﴿وَٱرْزُقْ أَهْلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾

وە لە بەش و بارەی دونیا ڕۆزی بدە بەوانە کە تیا دائەنیشن.

﴿مَنْ ءَامَنَ مِنْهُم بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾

ئەوانەیان کە باوەڕیان بە خودایی و تەنیایی تۆ و ڕۆژی پاشەڕۆژ هەیە و لەسەر یاسای ئایین ڕەفتار ئەکەن.

﴿قَالَ وَمَن كَفَرَ﴾

بەڵام خودا لە وەڵاما فەرمووی: ڕۆزی ئەدەم بەوانەیش کە باوەڕیان نییە؛ چونکی خەزانەی ڕزق و ڕۆزی من لە بۆ هەموو گیانلەبەرێکە.

﴿فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلًا﴾

جا ئەو بێباوەڕانەیش ئەژیێنم و خۆشحاڵی و ژیواریان پێ ئەدەم لە ماوەیەکی کەمدا کە ماوەی ژیانی دنیایە.

﴿ثُمَّ أَضْطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِ﴾

لە پاش ئەوە ناچاریان ئەکەم بۆ عەزابی ناباری ئاگری دۆزەخ.

﴿وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿١٢٦﴾﴾

وە زۆر سەرەنجامێکی نابار و پڕ ئازارە عەزابی دۆزەخ!

﴿وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَٰهِـۧمُ ٱلْقَوَاعِدَ مِنَ ٱلْبَيْتِ وَإِسْمَٰعِيلُ﴾

وە باسی ئەوە بکە کە رووی‌دا لەو کاتەدا کە ئیبراهیم بە یارمەتی ئیسماعیلی کوڕی بناغەی خانووی کابەیان لە عەرز بەرزەوەکرد.

﴿رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّآ إِنَّكَ أَنتَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١٢٧﴾﴾

کە ئەپاڕانەوە لە خودا و ئەیانوت: خودایا ئەم کردەوە و ئەم زەحمەتەمان لێ قەبووڵ بکە وەکوو کردەوەی خاوەن ئیخلاسان، ئەی خودا بە راستی ئەتۆ شنەوای وتار و دانای پەنامەکی دڵی ئێمەی.

﴿رَبَّنَا وَٱجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ﴾

ئەی خودایە بە تایبەتی ئێمە بکە بە دوو ئینسانی بە راستی ملکەچ و فەرمانبەرداری خۆت بە پەنامەکی و ئاشکرا.

﴿وَمِن ذُرِّيَّتِنَآ أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّكَ﴾

وە هەندێ لە نەتەوەیشمان بکە بە کۆمەڵێکی فەرمانبەردار و ملکەچ بۆ خۆت.

﴿وَأَرِنَا مَنَاسِكَنَا﴾

وە بە رووناکی بۆمان روون بکەرەوە یاسای بەندەیی و عیبادەتکردن بۆ خۆت، وە ئەو شوێنانە کە لەم خانووەدا و لە دەور و بەریا شوێنی ئیتاعەی تۆیە بۆمان بەیان بکە.

﴿وَتُبْ عَلَيْنَآ﴾

وە هەرکاتێ لە بەجێ‌هێنانی فەرمانی تۆدا قوسوورێکمان کرد، وە یا بە هەڵەدا چووین چاوپۆشیمان لێ‌بکە، وە هەرکاتێ لە پاش تاوان روومان کرد لە بارەگای میهرەبانیت تۆیش بە میهرەبانی رووومان لێ‌بکە.

﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ﴿١٢٨﴾﴾

چونکی بە راستی هەر تۆی کە ئاوڕ بدەیتەوە بە میهرەبانی لە بەندەی خۆت وە هەر تۆی میهرەبان و چاوپۆشی کردوو.

﴿رَبَّنَا وَٱبْعَثْ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْهُمْ﴾

باری خودایا! رەوانە بکە لە پاش ئێمە لە ناو خۆیانا پێغەمبەرێکی رەهبەر.

﴿يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾

کە ئایەتی تۆ بخوێنێتەوە بەسەریانا، وە کتێبی تۆیان پیشان بدا، وە هەروا ئەو شتانەی کە هۆی ماریفەت و کەماڵی نەفسی ئادەمیزادن پیشانیان بدا بۆ ئەوە بەتەواوی لە یاسای ئایین و لە هۆی ژینی دنیایی پاك ئاگادار ببن.

﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾

وە ئەو پێغەمبەرە بە هۆی تەمێ و تەربییەوە و پیشاندانی خوو و رەوشتی جوان دڵیان نوورانی بکا و نەفسیان لە رەوشت و خووی پەست و سیفاتی نابار پاك بکاتەوە.

﴿إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١٢٩﴾﴾

باری خودایا! بە راستی تۆ پەروەردگارێکی وەهای دەسەڵاتت هەیە بەسەر هەموو شتێکا و خاوەن حیکمەتی لە کردەوەتا.

چەن باسێ لەم شوێنەدا:

[باسی] یەکەم: لەسەر نووسراوی مێژوونووسەکان حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل عليه السلام کوڕی «تارخ» کوڕی «ناحور» کوڕی «شاروخ» کوڕی «ارغو» کوڕی «فالغ» کوڕی

«عابر» کوڕی «شالخ» کوڕی «ارفخشذ» کوڕی «سام» کوڕی «نووح»علیه‌السلام، وە هەزار و دووسەد ساڵ لە پاش وەفاتی نووح و سێ‌هەزار ساڵ لە پێش میلادی عیسادا لە وڵاتی عێراقدا لە دایك بووە و هاوچەرخی پاشای ستەمکار «نەمروود» پاشای بابل بووە کە لە جنووبی عێراقەوە تا سنووری تورکیای ئیمڕۆ فەرمانڕەوا بووە. وە دەربارەی شوێنی لە دایك بوونی چەن ریوایەتێ هەیە؛ بەهێزتریان ئەمەیە کە لە «ورکاء» لە نزیکی «شەرقات»ی ئیمڕۆدا لە دایك بووە، وە هەندێ ئەڵێن لە «کوثی» کە ئەویش لە نزیکی شەرقات دایە. وە هەندێ ئەڵێن لە «سوس» لە نزیکی «عەقرە = ئاکرێ» لە شیمالی موسڵەوە لە دایك بووە. وە هەندێ ئەڵێن لە «سوس» لە «اَهواز» لە دایك بووە کە ئەو شوێنە ئێستە ناو ئەبرێ بە «شوشتەر» بەڵام ئەم ریوایەتە دوورە لە وەزعی ژینی حەزرەتی ئیبراهیمەوە.

بە هەر حاڵ ئەم زاتە کە خودای تەعالا پایەی ڕەهبەری پێدا چوو بەگژ بت‌پەرستەکانا و دوژمنایەتی لەگەڵ بت و بت‌پەرستیا دەربڕی و هەلی بۆ هەڵکەوت بتەکانی لە بتخانەی بابلدا شکاند جگە لە بتە گەورەکەیان، ئەوەی هێشتەوە و ئەو میلە کە بتەکانی پێ شکاند نای بەسەر شانی ئەو بتە گەورەوە بۆ ئەوە کە پیشانی بت‌پەرستەکانی بدا کە بتە گەورەکە زویر بووە لەوە لەگەڵ بوونی ئەودا بتی بچووك بپەرستن. وە لەم بیرەوە خەڵك تێبگەیەنێ کە لەگەڵ بوونی خودای تەعالادا، کە پەروەردگاری عالەمە و ئاسمان و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و عەرز و دەریای دروست کردووە چۆن عاقڵ باوەڕ ئەکا بەوە ئادەمیزاد بکەونە شوێنی بت‌پەرستی و خۆیان بت بتاشن و خۆیشیان سەری بۆ شۆڕ بکەنەوە؟

لەپاش دەربڕینی ئەم بیری خۆیە پاشای بابل ـ نەمروود ـ و میللەتی بابل رقیان گرت لە حەزرەتی ئیبراهیم و لە «ئۆرفە»دا (کە شارێکە لە سنووری کوردستانی

تورکیەی ئیمڕۆدا) ئاگرێکی قەبەیان کردەوە[١] وە بە «مەنجەنیق» ئیبراهیمیان هاویتە ناویەوە، وە لە پاش ئەوە ئەو ئاگرە قەبەیە کوژایەوە و سووتەمەنییەکەی هەموو سووتا حەزرەتی ئیبراهیم بە ساغی بە بێ زیان بە سەلامەتی رزگار بوو! وە ئەم موعجیزەیە دەنگی دایەوە لە هەموو ولاتەکانا.

جا کاتێ نەمروود ئەم کارەساتەی چاوپێکەوت لە بیمی تێکچوونی یاسای ولاتەکەی فەرمانی دا ئیبراهیم لەگەڵ خزم و دەستە و بەستەیا لە عێراق دەرچن.

جا حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ «هاران»ی برای و «لووت»ی برازای و «سارا»ی کەیبانوویا ـ کە ئامۆزای بوو ـ لە عێراق دەرچوون بۆ «حەڕان» لە جەنووبی شام، وە پاش ماوەیێ لەوێش دەرچوون بۆ فەلەستین، وە لەوێوە چوون بۆ میسر، وە پاش ماوەیێ لە میسرەوە گەڕایەوە بۆ فەلەستین، وە لەم سەفەرەدا لە لایەنی گەورەی میسرەوە جارییەیەکی «هاجەر» ناو بەخشرا بە سارە. کە هاتنەوە بۆ فەلەستین سارە ئەم جارییەی بەخشی بە ئیبراهیم، وە لە تەمەنی پیریدا خودا لەم جارییە کوڕێکی دا بە ئیبراهیم ناوی‌نا ئیسماعیل، وە چەن ساڵێ پاش لە دایك بوونی ئیسماعیل خودا کوڕێکی‌کەی دا بە ئیبراهیم ناوی نا ئیسحاق.

وە لەبەر حیکمەتێکی خودایی بە فەرمانی خودا حەزرەتی ئیبراهیم عليه السلام هاجەری حەرەمی لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیا لە فەلەستینەوە هەڵگرت و بردنی بۆ حیجاز لە عەرزی شاری مەککەی ئیمڕۆدا لە ناو قەبیلەی «جرهم» کە لە عەرەبی قەحتانی بوون بەجێی هێشتن و خۆی گەڕایەوە بۆ فەلەستین. وە لە پاش ماوەیێ کە ئیسماعیل گەورە بوو خودا ئەمری کرد بە ئیبراهیم رۆیشت بۆ مەککە و ئەم خانووی پیرۆزی

---

١. بازێ ئەڵێن: ئەو ئاگرە لە «بێتواتە» لە ژووری هەولێرەوە کراوەتەوە و لەسەر ئەم بیرە گەلێ بەڵگە هەیە و، لەمەولا ئەم باسە بە درێژی ئەنووسین.

«کعبة اللّٰه»یە بە یارمەتی ئیسماعیلی کوڕی دروست کرد و کردی بە عیبادەتخانەی هەموو موسوڵمانان و ئەمری فەرموو کە هەموو موسوڵمانەکان بڕۆن بۆ زیارەتی و ئادابی حەج و عومرەی ئیسلامی بەجێ بێنن.

باسی دووهەم: ئەم کەلیماتە کە خودا لە ئەم ئایەتەدا باسی کردوون دیاری نەکراوە کە چین، وە موفەسیرەکان لە ئەسحابە و تابیعین قسەیان زۆرە لەم بارەوە:

هەندێ کەس فەرموویانە: مەبەست لە «کلمات» بەعزێ زیکری تایبەتییە کە خودا ئیلهامی کردووە بە ئیبراهیم و ئەو خوێندوویەتیەوە. وە هەندێ کەس ئەڵێن مەبەست لە «کەلیمات» کردەوەیە. جا لەسەر بیری بەعزێ ئەو کردەوانە بریتین لە دە ئاداب کە ئیبراهیم دایمەرزاندوون؛ وەکوو: بەرسمێڵ کردن، وە ئاوڕادان لە دەم و لووت، وە سیواك کردن، وە نینۆك کردن، وە بەرتاشین، وە هەڵکەندنی مووی بن‌باڵ، وە مووی سەر بەشکردن بەلای ڕاست و چەپا، وە خەتەنەکردنی نێرینە، وە میوانداری کردنی هەژاران.

وە هەندێ زانا فەرموویانە: ئەو کەلیماتە مەبەست سی (٣٠) خەسڵەتە کە خودا لە ئایەتی: ﴿التائبون العابدون﴾[1] وە ئایەتی: ﴿إن المسلمين والمسلمات والمؤمنين والمؤمنات﴾[2] دا باسی کردوون.

وە هەندێ کەس تەفسیری کردوونەتەوە بە چەن قسەیەکی گەورە کە حەزرەتی ئیبراهیم بەرابەر بە کافرەکان فەرموویەتی. یەکەم: ئەوەیە فەرمووی بە باوکی و قەومەکەی: ﴿ماذا تعبدون﴾[3]؟ دوو فەرمووی: ﴿هل يسمعونكم إذ تدعون أو ينفعونكم أو يضرون﴾[4]؟ سێ فەرمووی: ﴿فإنهم عدو لي إلا رب العالمين﴾.[5] چوار فەرمووی: ﴿و

١. التوبة؛ ١١٢. ٢. الأحزاب؛ ٣٥. ٣. الصافات؛ ٨٥
٤. الشعرا؛ ٧٢. ٥. الشعراء؛ ٧٧.

تاللّٰه لأكيدن أصنامكم بعد أن تولوا مدبرين﴾.[١] پێنج فەرمووی: ﴿بل فعله كبيرهم هذا فاسئلوهم إن كانوا ينطقون﴾.[٢] شەش فەرمووی: ﴿وجهت وجهي للذي فطر السموات و الأرض حنيفاً وما أنا من المشركين﴾.[٣] حەوت فەرمووی: ﴿أتحاجوني في اللّٰه وقد هدان﴾[٤]؟ هەشت فەرمووی بە نەمروود: ﴿ربي الذي يحي ويميت﴾.[٥] نۆ فەرمووی پێی: ﴿فإن اللّٰه يأتي بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب﴾.[٦] هەروا لەم بیچمە وتارە بەنرخانە کە بەرابەر بە کۆمەڵێکی بەدڕەوشت و ستەمکارێکی خوڵك زشتا دەری بڕین. وە هەندێ کەس فەرموویانە: هەڵئەگرێ ئەو کەلیماتە بریتی بن لە چەن کردەوەیێکی گران کە بە پیاوی لە خۆبوردوو نەبێ ناکرێن. وەکوو جاڕدانی بە ناشایستەیی بتپەرستی و شکاندنی بتەکانی، وە بەربەرەکانێ لەگەڵ قەومەکەی وە لەگەڵ نەمروودی ستەمکارا و ڕۆیشتن بە ڕێگەی ڕاستا لەگەڵ بوونی دوژمنی زۆرا و دەست بەردار بوون لە گیان و ڕازی بوون بە سووتان لە ئاگرا، وە بەجێ‌هێشتنی نیشتمان و دارایی و خزم و خوێش و دەرچوون بۆ وڵاتی بێگانە، وە هەڵگرتنی باری غەریبی، وە خۆگرتن لەبەر باری ئازاری ستەمکاران لە وڵاتی بێگانەدا، وە دوورخستنەوەی کوڕی جگەرگۆشەی خۆی بۆ وڵاتی دوور، وە بڕیاری سەربڕینی بە قوربانی بۆ خودا، وە زەحمەتکێشان لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا، وە دروستکردنی عیبادەخانەی حەق بۆ ئادەمیزاد، وە بانگکردنی خەڵك بۆ هەڵسووڕان بەدەوری ئەو پەرستشخانەدا، وە ڕووناککردنەوەی یاسای زیارەتی خانەی خودا و غەیری ئەمانەیش لەو ئیشە ئێشگەیێنە گەورانە کە ئەو لە ڕێگەی ڕەزای خودادا کردوونی.

---

١. الأنبياء؛ ٥٧. ٢. الأنبياء؛ ٦٣. ٣. الأنعام؛ ٧٩.
٤. الأنعام؛ ٨٠ ٥ و ٦. البقرة؛ ٢٥٨.

وە هەڵئەگرێ کە ئەو کەلیماتە بریتی بن لە چەن شتێ کە لە بەینی خۆی و خودادا بووبێ و بۆ خەڵك رووناك نەکرا بووبێتنەوە.

باسی سێهەم: پایەی «ئیمامەت» یانی پێشەوایی بۆ ئادەمیزاد لە کێش و ئایینی راستا پایەیەکی زۆر بەرزە و ئەمە پێویستە بەوە خاوەنەکەی لە ژینی خۆی و لە دارایی و خوێش و نەتەوە ببوورێ ئەگەرنا بە بێ مایە ئینسان ناگا بە پایە. هەروا ئەو کەسانەیش کە ستەمکار بن خوای بە هۆی بیر و باوەڕی ناڕاستەوە، وە یا بە هۆی زیاندانی نارەوا لە ئادەمیزاد بەم پایەی پێشەواییە ناگەن، وە هەر کەسێ بە بێ راستی بە پایە بگا ئەوە پایەکەی لە ماوەیەکی کەم و کووڕا ئەبێ و پایەدار نابێ، وە لاپەڕەی مێژوو رووناك ناکاتەوە و چاکەی نەبڕاوەی بە دەست ناگا.

باسی چوارەم: رەوایە بۆ ئەو کەسانە کە لەبەر رەزای خودا تێ‌ئەکۆشن و تەمێ و تەربییەتی ئادەمیزاد ئەکەن داوای ئەوە بکەن کە لە نەتەوەی خۆیانا چەن کەسێکی بەرجەستە و هەڵکەوتوو پەیدا ببن بۆ ئەوە خێر لە وەجاخیانا پایەدار و دەوامدار بێ.

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی کردەوە بەرزەکانی حەزرەتی ئیبراهیمی کرد، سەلامی خوای لێ‌بێ، فەرمووی:

﴿ وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَٰهِـۧمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُۥ ﴾

کێیە ئەو کەسە لابدا لە دین و ئایینی ئیبراهیم مەگەر کەسێ کە نەفسی خۆی سووك بکا؟

﴿وَلَقَدِ ٱصْطَفَيْنَٰهُ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَإِنَّهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ لَمِنَ ٱلصَّٰلِحِينَ ﴿١٣٠﴾﴾

وە بە راستی ئێمە ئیبراهیممان هەڵبژارد لە جیهانا لە زەمانی خۆیا و لە ناو کۆڕی ئادەمیزادی ئەو چەرخەدا بۆ هەڵگرتنی پایەی رەهبەری، وە بە هەموو هێزی هەڵی‌گرت و گەیاندی بە ئادەمیزادا. وە بە راستی ئەو زاتە لە رۆژی پاشەڕۆژیشا لە ناو سەربەرزەکانا

بە یەکەمەردی بۆ خودا سوڵحاو حسێب ئەکرێ، وە هەموو کەس لەو ڕۆژەدا دان ئەنێ بە پایە و مایەی ئەودا. وە ئەساسی ئەم هەڵبژاردنەیش هەر لەو کاتەوە بوو:

﴿إِذْ قَالَ لَهُۥ رَبُّهُۥٓ أَسْلِمْ﴾

کە لە پێش ئەوەدا ببێ بە ڕەهبەر خودا پێی فەرموو بە ئیلهام و خستنەناو دڵیەوە: کە ملکەچ ببە بۆ خودای خۆت بە هەموو مەعنایێ.

﴿قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٣١﴾﴾

ئەویش فەرمووی: ئەوا ملکەچ بووم بۆ پەروەردگاری عالەم بە هەرچی وا لە تاقەتدا بە نەفسی خۆم و نەتەوەم و داراییم.

ئەمجارە خودای تەعالا لە بەیانی بەرزی پایەی ئیبراهیمدا ئەفەرموێت:

﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبْرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعْقُوبُ يَٰبَنِىَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٣٢﴾﴾

یانی ئیبراهیم وە نەبێ تەنیا خۆی لەسەر فەرمانی خودا بووبێ، بەڵکوو ئەوەندە دڵی دڵسۆزی دینی بە نووری خوداناسی برژابوو وەسییەتی کرد بە چاودێری و خزمەتی دینەکەی بۆ هەرچوار کوڕەکەی؛ بۆ: ئیسماعیل و ئیسحاق و «مدین» و «مدان»، وە بۆ یەعقووبی کوڕەزایشی وە بە گەرمی بانگیان کردن و فەرموویان: ئەی ڕۆڵەکان! خودای تەعالا ئێوەی لە ناو ئادەمیزادا جیا کردووەتەوە بۆ ئەوە کە بتانکا بە خانەدانی ڕەهبەری و بڵاوکردنەوەی خودا پەرستی، وە ئەم دینی ئێوەیشە پاڵاوترە لە هەموو دینە پێشووەکان، وە ئەو یاسایە کە بۆ ئەم چەرخی ئێوە دەستبدا داویەتی پێتان مادام وایە ئێوە مەمرن مەگەر بە حاڵی ئیسلامییەتەوە، واتە ئیسلامییەت وەربگرن بە هەموو تواناتانەوە بابێ بە خوو و ڕەوشتی دامەزراوتان تا کاتێ کە مردن بە موسوڵمانی بمرن.

فەرموودەی خودا ﴿ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ ﴾

ئیمامی واحیدی فەرموویەتی: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە کاتێ کە جوولەکەکان وتیان بە حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ: وەختی خۆی حەزرەتی یەعقووب وەسییەتی کردووە بۆ کوڕەکانی کە لەسەر ئایینی یەهوودییەت دەوام بکەن کە وابێ مومکین نییە ئێمە تەرکی دینی خۆمان بکەین و تابیعی تۆ ببین! جا خودای تەعالا قسەکەیان رەد ئەکاتەوە ئەفەرموێ: ئێوە کەی حازر بوون لەو کاتەدا کە ئاکامی یەعقووب هات و هێشتا گیانی تێدامابوو کوڕەکانی گرد کردەوە پێی‌فەرموون: پێم بڵێن لە پاش مردنی من کێ ئەپەرستن؟ ئەوانیش عەرزیان کرد: ئەو خودا ئەپەرستین کە تۆ و باوك و باپیرەی تۆ ـ کە بریتین لە ئیسماعیل و ئیسحاق و ئیبراهیم ـ پەرستوویانە کە خودایەکی تاق‌و تەنیایە، وە ئێمە مل‌کەچین بۆ ئەو خودایە، وە ئەو کوڕانە ئیعتیرافیان کرد بەوە کە دینی یەعقووب و ئیسحاق راستە و دینی ئیسماعیل و ئیبراهیم راستە، وە بەوە کە ئیبراهیم ـ باپیریان ـ دوعای کردووە لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیا کە خودای تەعالا لە نەتەوە و تیرەی ئیسماعیل پێغەمبەرێکیان بۆ بنێرێ کە ئایەتی خودایان بەسەرا بخوێنێتەوە، وە لە کوفرو تاوانباری پاکیان بکاتەوە و ئەو کوڕانە ئەیانزانی بەوە کە لە نەتەوەی ئیسماعیلدا پێغەمبەرێکی وا پەیدا ئەبێ. وە ئەم باسە پشت بەپشت لە ناوتانا مەشهوور بووە و خۆتان دانتان پیا ناوە و ئێستە ئەم درۆیانە بە دەمی یەعقووبەوە ئەکەن!

وە لە ریوایەتێ‌ترا هەیە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتووەتە خوارەوە بە خیتاب و قسەکردن لەگەڵ ئوممەتی پێغەمبەرا ﷺ بەیانی ئەوەیان بۆ ئەکا کە رەهبەرەکان هەموو لە کاتی خۆیا وەسییەتیان کردووە بۆ ئەولاد و نەتەوە و پەیڕەوانیان کە لەسەر دین دەوام بکەن، وە بە هۆی فیتنەی دنیاوە لە دین هەڵنەگەڕێنەوە، وە ئەفەرموێت:

﴿أَمْ كُنتُمْ شُهَدَآءَ إِذْ حَضَرَ يَعْقُوبَ ٱلْمَوْتُ إِذْ قَالَ لِبَنِيهِ مَا تَعْبُدُونَ مِنۢ بَعْدِى قَالُوا۟ نَعْبُدُ إِلَٰهَكَ وَإِلَٰهَ ءَابَآئِكَ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿١٣٣﴾﴾

واتە: ئایا ئێوە حازر و ئاگادار بوون لەو کاتەدا کە مردن بەڕاسەری حەزرەتی یەعقووبەوە بوو و نزیکی وەفات بوو کە فەرمووی بە کوڕەکانی: ئێوە لە پاش مردنی من کێ ئەپەرستن؟ ئەوانیش عەرزیان کرد: ئەو خودایە ئەپەرستین کە تۆ ئەیپەرستی و باوك و باپیرت ئەیانپەرست، وەکوو ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق کە ئەو خودایە تاقو تەنیایە وە ئێمە هەموو ملکەچی ئەوین.

کە مادام ئەو رەهبەرە خاوەن مەقامانە هەموو لەسەر حاڵی وەسییەت و ئامۆژگاری نەتەوەیان بوون پێویستە ئێمەیش لەسەر ئەم دین و ئایینی خوداپەرستی و راستخواهییە دەوامدار بین و بە هیچ فیتنە و تەماعی دنیا لانەدەین هەتا خوا بە میهرەبانی خۆی پایەدارمان بکا. جا پاش ئەمانە خودای تەعالا ئیشارە ئەکا بۆ حەزرەتی ئیبراهیم و ئەولادەکانی و پەیڕەوانی ئەوان و ئەفەرموێت:

﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ﴾

ئیبراهیم و پەیڕەوانی کۆمەڵە بەختیارێ بوون رابوردن لە دنیا دەرچوون و گەڕانەوە بۆ عالەمی بەرزەخ.

﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ﴾

بە سوودی ئەوانە ئەو بیر و باوەڕە باشە و ئەو کردەوە پەسەندانە کە بوویانە. وە بۆ سوودی ئێوەیشە ئەوەی کە ئێوە جێبەجێی ئەکەن لە کردەوەی باش.

﴿وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٣٤﴾﴾

پرسیار ناکرێ لە ئێوە لەو کردەوانە کە ئەوان کردوویانە هەرچۆن بووبێ و کردەوەی خۆیان عائیدی خۆیانە.

جا ئەگەر لە جوملەی ﴿تلك أمة قد خلت﴾ مەبەست ڕەهبەرەکان و پەیڕەوەکانیشیان بێ لەبەر ئەوە کە لە باسی گەورەوە تابیعیش دێت بە خەیاڵا ئەوە مەعنای ئایەتەکە ڕووناکە؛ چونکی پەیڕەوەکانیان وەکوو کردەوەی باشیان بووە خراپەشیان بووە و خودا ئەڵێت: ئێوە مەسئوول نین لە گوناه و تاوانی ئەوان. وە ئەگەر هەر ئیشارە بێ بۆ گەورەکان ئەوە پێویستە بڵێین ئەم جوملە کینایەیە لەوە کە ئێوە بە کردەوەی باشی ئەوان ڕزگار نابن.

﴿وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ تَهْتَدُواْ﴾

واوی «قالوا» زەمیری جەمعی موزەکەری غائیبە ڕاجیعە بۆ ئەهلی‌کیتاب لە جوولەکە و گاورەکان. وە ئەم ئایەتە وەکوو ئیبنوعەباس فەرموویەتی: هاتووەتەخوارەوە دەرحەق بە کۆمەڵێ لە جوولەکە گەورەکان وەکوو کەعبی کوڕی ئەشرەف و مالیکی کوڕی سەیف و وەهەبی کوڕی یەهووزا و ئەبوویاسیری کوڕی ئەحتەب و لە کۆمەڵێ لە گاورەکانی خەڵکی شاری نەجران.

ئەم ئەهلی کیتابە هەموو لایەکیان دوژمنی ئەهلی ئیسلام بوون، وە تەنها دانیان بە دینەکەی خۆیانا ئەنا: جوولەکەکان گومانیان وابوو هەر ئەوان خاوەنی دینی ڕاستن و مووسا لە هەموو پێغەمبەرێ گەورەترە، وە ئینکاری عیسا و ئینجیل و موحەممەد و قورئانیان ئەکرد، وە گاورەکانیش گومانیان وا بوو کە هەردینی ئەوان ڕاستە و عیسا لە هەموو پێغەمبەرێ گەورەترە و ئینکاری باقی پێغەمبەرانیان ئەکرد. جا جوولەکەکان ئەیانوت بە موسوڵمانەکان: بێنە سەر دینەکەی ئێمە هەتا بگەن بە دینی ڕاستی، وە گاورەکانیش هەم پێیان‌ئەوتن: بێنە سەر دینەکەی ئێمە ئەگەن بە دینی

راست و لە عەزاب رزگار ئەبن. وە لە ریوایەتی «ئیبنوئیسحاق» و «ئیبنوجەریر» و غەیری ئەمانەدا ئەڵێ عەبدوڵڵای کوڕی سووریای یەکچاو هات وتی بە حەزرەت ﷺ: یا موحەممەد دین هەر دینی ئێمەیە بکەوە سەر دینی ئێمە هەتا ڕێگەی راستت دەس کەوێ! وە گاورەکانیش هەر هاتن قسەیەکی وایان کرد لەگەڵ حەزرەتا ﷺ جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە وە فەرمانی دا بە پێغەمبەری نازدار:

﴿قُلْ بَلْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِـۧمَ حَنِيفًاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٣٥﴾﴾

ئەی خۆشەویستی من بڵێ بەو جوولەکەو گاورانە: ئێمە ئەکەوینە سەر بیر و باوەڕی حەزرەتی ئیبراهیمی باوکمان و با پیرەگەورەمان کە حاڵی وا بوو لای دابوو لە هەرچی بیر و باوەڕی پڕوپووچ و بەتاڵە، وە بە قەراری قەتعی شەریك و هاوڕێی بۆ خودا قەرار نەدا، ناکەوینە شوێن جوولەکەی لە دینی حەق لادەری ڕێون کردوو کە ئەڵێن: «عوزەیر» کوڕی خودایە و لە ئیجادا شەریك و هاوڕێی خودایە! وە ناکەوینە شوێن گاورە خودا غەزەب لێ گرتووەکان کە عیسا بە کوڕی خودا دائەنێن! وە دینی ئێوە لە ئەساسا دینی تەوحید بوو و ئێوە ئەو دینەتان تێکدا، وە ئێستا یاسای راست و خاوێنتان لەلا نەماوە ئیعتیقاد و بیر و باوەڕتان فاسید بووە و کردەوەکەتان ناپەسەندە.

وە هەموو بە جارێ ئەی موسوڵمانەکان،

﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا﴾

بڵێن: ئیمان و باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری جیهان، وە باوەڕ و ئیمانمان هێنا بەو کیتابەی کە لە لایەنی خودای تەعالاوە هاتە خوارەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەمان بۆ ئەوە بیگەیەنێ بە ئێمە و تەربییەتی ئێمەی پێ بکا.

﴿وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ﴾

وە ئیمانمان هەیە بەو سەحیفانە کە خودای عالەم ناردنیە خوارەوە بۆ سەر حەزرەتی ئیبراهیم و کردیشی بە شەریعەت و ئایین بۆ حەزرەتی ئیسماعیل و حەزرەتی ئیسحاق و حەزرەتی یەعقووب و بۆ نەتەوەکانی.

﴿وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ﴾

وە ئیمانمان هەیە بە تەورات کە خودا ناردیەخوارەوە بۆ سەر مووسا عليه السلام وە بەو ئینجیلە ناردیەخوارەوە بۆ سەر عیسا عليه السلام.

﴿وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ﴾

وە بەو سەحیفانە کە دران بە پێغەمبەران لە لایەنی خودای خۆیانەوە.

﴿لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ﴾

هیچ جیاوازی ناکەین لە ناو ئەو رەهبەرانەدا کە خودای تەعالا ناردوونی بۆ تەمێی ئادەمیزاد، لە سیفەتی رەهبەریدا: هەموویان رەهبەر بوون، وە لە ئیمان و باوڕیشدا ئیمانمان بە هەموویان هەیە.

﴿وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦﴾

وە ئێمە کە کۆمەڵی ئوممەتی ئیسلامین ملکەچ و فەرمانبەرداری خودای تەعالاین.

﴿فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ﴾

ئەگەر وشەی «مثل» زیاد نەبێ ئەوە ئەم ئایەتە بۆ بەربەرەکانێیە لەگەڵ جوولەکە و گاورەکانا. واتە: ئەگەر ئیمانیان ببێ بە وێنەی ئەو کتێبە کە ئێوە ئیمانتان پێی هەیە ئەوە بە خاوەن روشد و شارەزایی ئەناسرێن، بەڵام وێنەی کتێبی ئێوە لە کوێ دەس کەوێ؟! دیارە کتێبی وایان نییە کەوابێ هیدایەت و شارەزایی و رێگەی راستیان نییە.

وە ئەگەر وشەی «مثل» زیاد بێ ئەوە مەعنای ئایەتەکە ئەمەیە: ئەگەر ئەو کافرانە لەم عەناد و شۆرە لادەن و ئیمان بێنن بەوەی ئێوە ئیمانتان پێ هێناوە و بێنە ریزی موسوڵمانانەوە ئەوە بە راستی گەیشتوون بە مەتلووبی حەق.

﴿وَإِن تَوَلَّوْا﴾

وە ئەگەر پشت هەڵئەکەن لە ئیمان و ئیمان ناهێنن بە شێوەیەکی ساغ و ساف لە خیلاف.

﴿فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ﴾

ئەوە بزانن بە راستی ئەوانە هەر وان لە ناو بەربەرەکانێ و دوژمنایەتی موسوڵمانانا و موبالاتیان پێ مەکەن و لێیان مەترسن.

﴿فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ﴾

بە راستی خودا بەسە و بەشی تۆ و کۆمەڵەکەت ئەکا لە هۆی ئەوانەوە، وە چاریان ئەکا و زیانیان لائەدا لێتان.

﴿وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴿١٣٧﴾﴾

وە خودا هەموو قسە و باسێ ئەبیێ و زانایە بە هەموو فرو فێڵێکی دیاری و پەنامەکیی ئەو کافرانە.

﴿صِبْغَةَ اللَّهِ﴾

ئەی رەهبەری نازدار بڵێ: خودا ئێمەی رەنگ کردووە بە رەنگی ئیمان و باوەڕ.

﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً﴾

کێیە ئەو کەسە کە جوانتر و دامەزراوتر بێ لە خودا لە هۆی ئەو رەنگەوە کە دڵی بەندەکانی خۆی پێ رەنگ ئەکا بە بیر و باوەڕی رووناك و کار و کردەوەی چاك؟

﴿وَنَحۡنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ ١٣٨﴾

وە ئێمە ـ واتە هەموو موسوڵمانان ـ رەهبەری ئیسلام و پەیڕەوەکانی هەر بۆ خودای عالەم عیبادەت و بەندەیی ئەکەین، وە قەت شەریك و وێنەی بۆ دانانێین. بەڵام ئێوە ئەی کۆمەڵی جوولەکە و گاور بیر و باوەڕتان ساف نییە؛ چونکی شەریك دائەنێن بۆ خودا، وە کردەوەتان چاك نییە؛ چونکی کتێبی خوداتان گۆڕی و هەڵتان سووڕان لەو مەعنایە کە بۆی دانراوە، وە دڵتان لەگەڵ باقی موسوڵمانان و باقی ئادەمیزادا خراپە.

﴿قُلۡ أَتُحَآجُّونَنَا فِي ٱللَّهِ﴾

ئەی پێغەمبەری من! بڵێ بەو خاوەن کتێبانە کە بە ناحەق شۆڕئەنگێزی و جیدال ئەکەن لەگەڵتانا: بۆچی موجادەلە ئەکەن لەگەڵمانا لە هۆی کاری خوداوە. وە ئەڵێن خودای تەعالا هەر لە نەتەوەی ئیسرائیل پێغەمبەر رەوانە ئەکا بۆ سەر ئادەمیزاد، وە ئەگەر تۆ پێغەمبەر بوویتایێ لە ئێمە ئەبووی، وە ئەڵێن لە پاشە رۆژا بەهەشت هەر بۆ ئێمەیە.

﴿وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡ وَلَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ﴾

لەگەڵ ئەوەدا خودای تەعالا بێ‌فەرقە بۆ ئێمەو ئێوە وەکوو خودای ئێوەیە خودای ئێمەیشە و پەروەردگاری عالەمە، وە تۆڵەی کردەوەی ئێمە هەر بۆ ئێمەیە و تۆڵەی کردەوەی ئێوەیش هەر بۆ ئێوەیە.

﴿وَنَحۡنُ لَهُۥ مُخۡلِصُونَ ١٣٩﴾

زیاد لەمانە بە راستی ئێمە ساغ بۆ خودای تەنیا عیبادەت و بەندەیی ئەکەین و وەکوو ئێوە نە عوزەیر و نە عیسا بە خودا نازانین. دەی پێمان بڵێن ئەم داوا پووچانە

لەسەر چ یاسایێ ئەکەن؟ ئەگەر لەسەر میهرەبانی خودایە ئەوە خودا خودای هەموومانە و بۆ ئێمە و ئێوە بێ‌فەرقە: وەکوو پێغەمبەر لە نەتەوەی ئیسرائیلدا رەوانە ئەکا لە نەتەوەی ئیسماعیلیشا رەوانەی ئەکا، وەکوو لە نەتەوەکانی‌تریشا هەر رەوانەی کردووە. وە وەکوو لەسەر ئەساسی کردەوە و ئیستیعدای خزمەتکاری خودا پێغەمبەری لە ئێوە رەوانە کردووە ئەو ئیستیعدادە لە ئێمەیشا هەیە، بەڵکوو ئێمە لە ئێوە باشترین؛ چونکی شەریکمان بڕیار نەداوە بۆ خودا. وە ئەگەر لەسەر ئەساسی تاعەت و کردەوەی باش خودا پێغەمبەری لە ئێوە ناردووە و بەهەشت ئەدا بە ئێوە ئێمەیش کردەوەی باشمان زۆرە، بەڵکوو کردەوەی ئێمە مەقبووڵە؛ چونکی لە شیرك و ناهەمواری پاکە.

﴿أَمْ تَقُولُونَ إِنَّ إِبْرَٰهِـۧمَ وَإِسْمَـٰعِيلَ وَإِسْحَـٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطَ كَانُوا۟ هُودًا أَوْ نَصَـٰرَىٰ ۗ﴾

یا خود ئەو کیتابییانە ئەڵێن: ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەتەوەکانیان هەموو جوولەکە و گاور بوون؟! کە وابێ ئەبێ هەموو پێغەمبەرێ هەر لە یەهوودی و نەسرانی بن و هەر ئەمانە بڕۆنە بەهەشتەوە.

﴿قُلْ ءَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ ٱللَّهُ ۗ﴾


ئەی رەهبەر بڵێ پێیان: ئایا ئێوە زاناترن بەشتی راست یا خودای تەعالا کە پەروەردگاری هەموو شتێکە؟ ئایا لە ناو هەموو خاوەن کیتابێکدا مەشهوور نییە کە ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب لە پێش داهاتنی ئایینی جوولەکە و گاورا بوون؟ دەی بۆچی ئێوە ئەم شتە راستانە ئەشارنەوە؟

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَـٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ﴾

کێیە ستەمکارتر بێ لەوانە کە ئەو شادەتی خودایە لەلایە و ئەیشارێتەوە، چ لە ئێوە کە لەو کتێبانەدا هاتووەتە خوارەوە بۆتان ئەحواڵی ئیبراهیم و ئەولادەکانی بەیان‌کراوە

بۆتان کە دوور بوون لە یەهوودییەت و نەسرانییەت هەتا ئەم دینانە پاش چەن قەڕن بە هۆی تەورات و ئینجیلەوە کەوتوونەتە ناو و پێغەمبەرە پێشووەکان لەم حاڵانە دوور بوون و ئەو ناوەیان نەبووە؛ بەڵکوو دینی یەهوودییەت و نەسرانییەت بەم جۆرە کە لە ناو ئێوەدا هەیە کە پڕە لە گۆڕینی شتی ڕاست و شیرکی تێدایە و ئادەمیزادیان کرد بە شەریکی خودا، وە ئەحبارو ڕوهبانەکانیان کرد بە خاوەن شەریعەت ئەوە هیچ پێغەمبەرێ، وە هیچ ڕەهبەرێ، وە هیچ ئادەمیزادێکی هۆشیار پەسەندی ناکا و وەری ناگرێ، وە چ ئەو شادەت گومکەرە لە موسوڵمانەکان بێ کە لە کیتابەکەیانا هەیە خودا فەرموویەتی: ئیبراهیم نە یەهوودی بووە و نە نەسرانی بووە بەڵکوو ڕەهبەرێکی بەرز و پاك و خاوێن و لە پڕوپووچ لادەر بووە بۆ لای ڕاستی وە لە ئەهلی شیرك نەبووە و تەورات و ئینجیل لە پاش ئەو بە چەن قەڕن هاتوونەتە خوارەوە؛ چونکی ئادەمیزادی بەرز لە هەر چەرخێکا ببێ ئەوەیە کە بیر و باوەڕی ڕووناك و کردەوەی چاك بێ و قسەی ڕاست بێ و خیانەت و ناپیاوی لەگەڵ ئادەمیزادا نەکا و شەهادەت و وەسییەت و ئامۆژگاری گوم نەکا.

هەروا ئەوەی ئەهلی کیتابە لە کتێبە ڕاستە دینییەکانی ئێوەدا هەیە کە پێغەمبەری ئاخرزەمان لە نەتەوەی ئیسماعیل و لە کێوانی وڵاتی حیجازەوە دەرئەکەوێ و نیشانەی خۆی و ئوممەتەکەی لەو کتێبانەدا بەیان کراوە و ئێوە ئەوانەتان بیستووە و زانیوتانە و پەیمانتان لێ‌وەرگیراوە کە ئەوانە گوم نەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ئێستە گومیان ئەکەن، بەڵکوو دوژمنایەتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ نەفسی ئەو ڕەهبەرە پیرۆزە و لەگەڵ ئوممەتەکەیا ئەکەن.



ئەوەندەیش بزانن کە پەروەردگار بێ‌ئاگا نییە لەوەی ئێوە ئەیکەن.

﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُم مَّا كَسَبْتُمْ وَلَا تُسْـَٔلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٤١﴾﴾

ئەو کۆمەڵە رەهبەرانە و پەیڕەوە باشەکانیان ئوممەتێك و کۆمەڵێك بوون رابوردن و چەرخ و رۆژی خۆیانیان تەواو کرد، کردەوەی خۆیان بۆ خۆیانە و کردەوەی ئێوەیش بۆ ئێوەیە، کردەوەی ئەوان بۆ خۆیان سوودی بووە و بۆ ئێوە سوودی نابێ مادام ئێوە ئیمانتان نەبێ و رێگەی راست نەگرنەبەر، وە ئێوە پرسیارتان لێناکرێ لە کردەوەی ئەوان. واتە رەفتار و یاسای خودا وەهایە هەرکەس پەیوەندی بە بیر و باوەڕ و رەفتاری خۆیەوە هەیە، نە خێری کەس بۆ کەس و نە شەڕی کەس لە سەر کەس ئەنووسرێ. وە خودا عادڵ و دادگەرە، وە خودا دوو دادگای هەیە: دادگایێ لەم جیهانەدا کە تۆڵەی ئەو کەسانەی پێ ئەداتەوە دوایان ناخا. وە دادگایێ لە پاشەڕۆژا بۆ ئەو کەسانە کە تۆڵەی بیر و باوەڕ و کردەوەیان دوا ئەخا، وە ئەم یاسا دامەزراوە هەتا هەتایە.

﴿سَيَقُولُ ٱلسُّفَهَآءُ مِنَ ٱلنَّاسِ﴾

لەمەولا عەقڵ سووکەکانی جوولەکە ئەڵێن.

﴿مَا وَلَّىٰهُمْ عَن قِبْلَتِهِمُ ٱلَّتِي كَانُوا عَلَيْهَا﴾

چی بوو هۆی ئەوەی کە موسوڵمانەکانی هەڵسووڕان لە رووکردنی ئەو قیبلەیە روویان تێئەکرد؟

﴿قُل لِّلَّهِ ٱلْمَشْرِقُ وَٱلْمَغْرِبُ﴾

تۆ بڵێ ئەی رەهبەری ئیسلام: وڵاتی خۆرهەڵات و خۆرنشین هەر بۆ خودایە، وە خودا دروستی کردوون، وە خودا خواستی لەسەر نرخ و حورمەتی هەر لایەکیان بێ دێتە جێ.

﴿يَهْدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿١٤٢﴾﴾

وە خودای تەعالا شارەزا ئەکا هەرکەسێ بیەوێ بۆ رێگەی راست کە عیبادەت کردنە و رووکردنە لە قیبلە و غەیری ئەوەیش کە فەرمانی پێ بدا. ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتەخوارەوە لە پێش گۆرانی قیبلە لە «بیت المقدس»ەوە بۆ کەعبە، وە پێش‌نیهادە بۆ موسوڵمانەکان کە ئەو رووداوە لە بەرچاوی جوولەکەکانا گەورەیە و دڵیان تێك‌ئەدا، وە ئەیان‌هێنێتە وتوویژ و قسەی پووچ بڵاوکردنەوە لەناودا.

لەم شوێنەدا هەندێ شت هەیە بە موناسەبە باسی ئەکەین:

یەکەم: زاناکانی دین فەرموویانە: کە پێغەمبەر ﷺ لە پێش ئەوەدا ببێ بە پێغەمبەر بە ئایینی هیچ پێغەمبەرێکی پێشوو رەفتاری نەکردووە. ئەنا ئەبوو بە تابیع و پەیرەو نەدەبوو بە مەتبووع و رەهبەر، وە ئەگەر وابوایێ ئەهلی ئەو دینە ئەیان‌گێڕایەوە بۆ خەڵك و خۆیان پێ‌گەورە ئەکرد.

دووهەم: لە پاش وەرگرتنی پایەی نوبووەت و رەهبەری عیبادەتی پێغەمبەر ﷺ هەر تەوحید و خودا بەیەکناسین و بیرکردنەوە بووە لە گەورەیی خودادا، وە لە دروستکردنی ئەم بارەگای جیهانەدا. بەڵام بازێ لە زاناکان فەرموویانە کە لە پێش فەرزبوونی پێنج‌فەرزەی نوێژا شەونوێژ فەرزبووە لەسەری بە بێ بڕیاری ئەندازەی رکات. هەروەها سبەینێ دوو رکات و ئێوارە دوو رکات نوێژ فەرز بووە لەسەری، وە ئەو دوو رکاتە نوێژە کە لەشەوی ئیسرادا بە ئیمامەت کردی بۆ پێغەمبەران ئەمەبووە. بەڵام کاتێ پێنج فەرزە دامەزران ئەو نوێژانە لەسەری نەمان.

سێهەم: پێنج فەرزەی نوێژ فەرز کران لەسەر خۆی و ئوممەتەکەی لەشەوی ئیسرا و میعراجدا لە بیست و حەوتی مانگی رەجەبدا بە ماوەی سێ ساڵ لە پێش کۆچکردنیا بۆ شاری مەدینەی مونەووەرە، وە لە ئەووەڵی نیوەڕۆی پاش ئەو شەوە

حەزرەتی جوبرەئیل ﷺ هاتە خوارەوە و لە ئەووەڵی کاتا نوێژی نیوەڕۆی کرد بە ئیمامەت بۆ پێغەمبەر ـ سەلامی خوای لەسەر بێ ـ وە پێغەمبەریش ئیمام بوو بۆ ئەو یارانەی کە حازر بوون بۆ نوێژ بەڵام ئەوان هەر پێغەمبەریان ئەبینی و جوبرەئیلیان نەدەبینی.

هەروا لە ئەووەڵی کاتی عەسرا کاتێ کە سێبەری هەر شتێ بە قەی خۆی لێ‌هات جوبرەئیل حازر بوو وە نوێژی عەسری کرد بە ئیمامەت بۆ حەزرەت، وە لە پاش رۆژ ئاوا بوون جوبرەئیل هاتەخوارەوە نوێژی مەغریبی بۆ کرد، وە لە کاتێکا رووناکی سووری کەناری ئاسمان گوم بوو هاتەخوارەوە نوێژی عیشای کرد بە ئیمامەت بۆ حەزرەت، وە لە ئەووەڵی سەحەرا بەرەبەیانی جوبرەئیل هاتەخوارەوە نوێژی سبەینێی بە ئیمامەت کرد بۆ پێغەمبەر. ئەمە پێنج فەرزەی نوێژ بە ژمارەی رکاتەکانیانەوە و بەو شێوە کە ئێستە ئەکرێن بە ئیمامەت کردی بۆ حەزرەت ﷺ.

وە بۆ جاری دووهەم لە ئاخری وەختی نیوەڕۆدا ئەو کاتە کە سێبەری هەر شتێ بە قەی خۆی لێ‌دێ جوبرەئیل هاتەخوارەوە نوێژی نیوەڕۆی کرد بە ئیمامەت بۆ حەزرەت ـ سەلامی خوای لەسەر بێ ـ وە بۆ نوێژی عەسر لە کاتێکا هاتەخوارەوە کە سێبەری هەرشتێ بە قەی دووقاتی خۆی بوو، وە بۆ نوێژی مەغریب هاتەخوارەوە لە کاتێکا رۆژووەوان لە نان خواردن بووبێتەوە. وە بۆ نوێژی عیشا هاتەخوارەوە لە کاتێکا سێیەکی شەو رابوردبوو، وە بۆ نوێژی سبەینێ هاتەخوارەوە لە کاتێکا کە رووناکی بە سەر عەرزا داهاتبوو. وە حەزرەتی جوبرەئیل فەرمووی، ئەوە دوو جار ئەم پێنج فەرزە نوێژانەم لەگەڵا کردی: جاری یەکەم لە ئەووەڵی کاتەوە، وە جاری دووەم لە ئاخرەوە، وە بزانە وەختی هەر نوێژێ لەم نوێژانە وا لە بەینی ئەم وەختانەدا کە نوێژەکانم تیاداکرد. وە بەم نەوعە وەختی ئەووەڵ و ئاخری پێنج‌فەرزە دیاری کران.

وە لە ئەووەڵی فەرزبونی ئەم نوێژانەدا حەزرەت ﷺ لە نوێژا رووی ئەکرد لە ماڵی کەعبەی موعەزەمە، بەڵام وەها رووی تێ‌ئەکرد کە رووی لە «بیت المقدس» بێ لە شاری قودسا، وە سێ ساڵ بەم جۆرە دەوامی کرد.

کاتێ کە کۆچی کرد بۆ مەدینەی مونەووەرە لە نوێژەکانا رووی ئەکرد لە «بیت المقدس» هەتا ماوەی حەڤدە مانگ؛ چونکی حەزرەت ﷺ لە رۆژی دوو شەممەی دوازدەهەمی «ربیع الاول»دا گەیشتە مەدینە، وە لەو کاتەوە هەتا رۆژی سێ‌شەممەی پازدەهەمی شەعبان هەر رووی لە «بیت المقدس» ئەکرد، بەڵام زۆر خواستی لەسەر ئەوە بوو کە خودا قیبلەی بۆ بگۆڕێ بە کەعبەتوڵلا لە مەککەی موعەزەمەدا، وە لەو رۆژەدا لە کاتێکا لە مزگەوتی «بنی‌سلمه»دا لە خواری مەدینەی مونەووەرەوە نوێژی نیوەڕۆی ئەکرد، پاش دوو رکات لەو نوێژەدا وەحی هات بە گۆڕینی قیبلە و رووکردن لە کەعبەی موعەزەمە. جا حەزرەت ﷺ لەو ئانەدا هەڵسووڕا بەرەو رووی کەعبە و ریزی پیاوان و ژنان جێگایان گۆڕییەوە، وە ئەم نوێژی نیوەڕۆیە تەواو بوو لەگەڵ روو کردن لە دوو قیبلە؛ یەکەم: بەیتولمەقدیس، دووەم: کەعبەتوڵلا لە مەککەی موعەزەمەدا، وە ئەم مزگەوتە مەشهوور بوو بە «مسجد القبلتين».

بێداری! بازێ لە زانایان ئەڵێن: ئەم رووداوە لە نوێژی عەسرا بووە. وە رووکردنی حەزرەت ﷺ بۆ «بیت المقدس» و هەڵسووڕانەوەی بۆ کەعبە بە رووداوێکی موهیم ئەژمێررێ لە دینی ئیسلاما. وە قیبلەی یەکەم بە سوونەتی نەبەوییە بووە؛ ئایەتی لەسەر نییە، وە دووهەمیان بە ئایەتە وەکوو لەمەولا ئاگادار ئەبی.



هەر وەکوو قیبلەکەم بۆ گۆڕین بە قیبلەیەکی وەها کە پێی رازی بن.

﴿جَعَلْنَـٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾

ئێوەیشم کرد ـ ئەی ئوممەتی موحەممەد ﷺ ـ بە ئوممەتێکی بیر و باوەڕ باش و کردەوە پەسەند، وە ئێوەم کرد بە ئوممەتێکی میانە لە بەینی ئوممەتی مووسا و ئوممەتی عیسادا: نە وەك ئوممەتی مووسا بە تەواوی مەشغوڵی مادەخواهی بن، وە نە وەکوو ئوممەتی عیسا زاهید و تاریکی دونیا بن.

﴿لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾

هەتا لە پاشەڕۆژا لەو کاتەدا کە ئوممەتی پێغەمبەرەکان بێباوەڕی نیشان ئەدەن بە پێغەمبەرەکان لە حوزووری خودا و ئینکاری گەیاندنی دین ئەکەن، ببن بە شاهید لە سەریان بۆ ئیسباتی فەرموودەی پێغەمبەرەکان.

﴿وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ۗ﴾

وە پێغەمبەری ئێوەیش کە حەزرەتی موحەممەدە ﷺ ببێ بە شاهید لەسەر راستی ئێوە.

﴿وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ﴾

وە کاتی خۆی کەعبەم نەکردبوو بە قیبلەیەکی وا کە تۆ رووی لێبکەی و بەرەورووی نوێژ بکەی.

﴿إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ﴾

مەگەر بۆ ئەوە نەبێ کە بزانین کە قیبلەمان لە کەعبەوە گۆڕی بۆ «بیت المقدس» کام کەس لە موسوڵمانان ئەکەوێتە شوێنی پێغەمبەر لەو قیبلە تازەدا کە «بیت الحرام»ە لەوانە کە لەسەر بیر و باوەڕ لائەدەن و یا خود خۆ ئەگرن و دەوام ئەکەن.

وە یاخود مەعنای ئایەتەکە وایە: ئێمە لە پاش کۆچکردنت لە مەککەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە بەیتولمەقدیسمان نەکردبوو بە قیبلەیێکی وا کە تۆ لەسەری بی و رووی لێبکەی مەگەر بۆ ئەوە کە بزانین کێ ئەکەوێتە شوێنی پێغەمبەر لەو قیبلە تازەدا کە بڕیاری ئەدەین بۆ ئوممەتی موسوڵمان وەکوو کەعبەتوڵلا بێ. واتە: بزانین کام کەس لە ئەهلی کیتاب و لە میللەتی عەرەب تابیعی پێغەمبەر ئەبن، وە قیبلە پێشووەکە تەرك ئەکەن، وە لەسەر فەرمانی خودا تابیعی پێغەمبەر ئەبن لە رووکردن بۆ قیبلەی تازە؟

﴿وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ﴾

هەرچەند ئەم قیبلە گۆڕانە کارێکی گەورەیە لەسەر ئەوانە نەبێ کە خودا یارمەتی داون و هیدایەتی داون.

﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ﴾

وە خودای تەعالا لەوانە نییە کە پایەی ئیمان و باوەڕتان و پاداشی چاکەتان زایە بکا. یاخود ئەو نوێژانە کە بەرەو قیبلەی پێشوو بەجێتان هێنا زایەی بکا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِٱلنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٤٣﴾﴾

بە راستی خودای پەروەردگار بە بەزەیی و رەحمە بۆ ئادەمیزاد.

لەم مەقامەدا چەن شتێ هەیە پێویستە باسیان بکەین:

یەکەم: ئەم ئایەتە و ئایەتی: ﴿كنتم خير أمة أخرجت للناس﴾ لە سوورەتی «آل‌عمران»دا [ئایەتی: ١١٠] خیتابن بۆ هەموو ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ لە زەمانی خۆیەوە هەتا هەتایە. بە دەلیلی ئەوە پێغەمبەری ئاخر زەمان خودا جیای کردووەتەوە بە گەلێ نیشانە کە بۆ هیچ رەهبەرێ نەبووە؛ وەکوو ئەمە کە پێغەمبەرە بۆ سەر هەموو پەری

و ئادەمیزاد هەتا رۆژی قیامەت، وە دینی ئەو هەموو دینێکی نەسخ کردووەتەوە بەڵام دینیتر نایێ بە دوای دینی ئەوا و پێغەمبەریتر نایێ لە پاش ئەو.

وە یەکێ[تر] ئەمە کە ئوممەتەکەی لە هەموو ئوممەتێ باشترە لە هۆی راگرتنی بیر و باوەڕ و کردەوە و رەفتاری پێغەمبەر ﷺ.

دووهەم: مەعنای ئەو ئایەتانە ئەوە نییە کە هەموو یەکێ لە ئەفرادی ئوممەتی پێغەمبەر ﷺ باشترە لە هەموو یەکێ لە ئوممەتی باقی پێغەمبەران، بەڵکوو بەم مەعنایەتە کە عاممەی ئەم ئوممەتە لە باقی ئوممەتەکان باشترە لە بیر و باوەڕ و کردەوەدا، بەم مەعنا کە گردنابنەوە لەسەر گومڕاهی، وە ئەگەر زانایێ لە زاناکانی ئەم دینە بیر و باوەڕێکی نابار، وە یا کردەوەیەکی ناهەموار بکا لێی قەبووڵ ناکرێ و لەلایەنی باقی زاناکانەوە بەتاڵ ئەکرێتەوە. بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق حتى يأتي أمر الله» وە فەرموویەتی: «لا تجتمع أمتي على الضلالة» وە فەرموویەتی: «من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الإيمان».

سێهەم: مەبەست لەم شەهادەتە کە ئوممەتی حەزرەت ﷺ بیدەن لەسەر باقی ئوممەتەکان شەهادەتێکە لە رۆژی قیامەتا ئەبێ لەسەر میزانی ئەو ئایەتە کە لە ئاخری سوورەتی حەجدا [ئایەتی: ٧٨] خودا فەرموویەتی: ﴿ليكون الرسول شهيداً عليكم و تكونوا شهداء على الناس﴾. وە موونافی ئەم مەعنایە نییە ئەوەی کە لە سوورەتی نەحل [ئایەتی: ٨٩]دا هەیە: ﴿ويوم نبعث في كل أمة شهيداً عليهم من أنفسهم وجئنا بك شهيداً على هؤلاء﴾. چونکی ئەو شاهیدە کە لە نەفسی ئوممەتەکەیە لەسەر خۆیان؛ خواه پێغەمبەرەکانیان بێ یاخود پیاوە باشەکانیان بێ. هەر ئوممەتە بەدکردەوەکانیان ئەڕۆن بەگژیانا. جا بۆ نیشاندانی پایەی ئوممەتی ئیسلام خودای تەعالا ئوممەتی ئەم

پێغەمبەری ئێمە بانگ ئەکا بۆ ئەوە شەهادەت بدەن لەسەر ناباری ئەو ئوممەتە بەدکردەوەیە و رەدیان بکەنەوە و ئیسباتی راستی پێغەمبەرەکانیان بکەن، جا لەو کاتەدا ئەوانیش ئەڵێن: ئێوە کە لە زەمانی ئێمەدا نەبوون چۆن ئاگاتان لە ئەحواڵی ئێمە هەیە؟ ئەوانیش لە وەڵامیانا ئەڵێن: ئەحواڵی خراپی ئێوەمان لە پێغەمبەری خۆمانەوە بیستووە و ئەویش راستە.

﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾

بە راستی ئەبینین هەڵسووڕاندنی رووت لە بەرەوڕووی ئاسمانا بە هیوای هاتنی مژدەی گۆڕینی قیبلەیێ کە خۆت پێت باش بێ.

﴿ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ﴾

دڵنیابە کە هەڵت ئەسووڕێنین بەرەو لای قیبلەیێ کە خۆت پێی رازی بی.

﴿ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ﴾

دەی‌سا رووی خۆت هەڵسووڕێنە بۆ لای ئەو مزگەوتە کە حورمەتمان پێ‌داوە، وە شتی نابارمان بە شیددەت حەرامکردووە تیایا.

﴿ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ﴾

نەك هەر تۆ بە تەنیا، بەڵکوو خۆت و پەیڕەوانت لە هەر شوێنێك ببن لە کاتی نوێژەکانا رووی خۆتان هەڵسووڕێنن بۆ لای مزگەوتی حەرەمی کەعبە.

﴿ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ﴾

وە بە راستی ئەو زانایانە کتێبیان پێ‌دراوە لە جوولەکە و گاورەکان بە بێ‌گومان ئەزانن کە هەڵسووڕانی ئێوە لە رووی بەیتولمەقدیسەوە بۆ لای کەعبە حەقە و راستە، وە لەناو کتێبەکانیانا هەیە و مژدە دراوە کە هەر وەکوو جیلوەی میهرەبانی خودا

لە کێوی تووری سیناوە دەرکەوت و رووناکی رەحمەتی لە بەرزییەکانی وڵاتی «تین» و «زەیتوون»ەوە دەرچوو وەهایش جیلوەی ئەنواری خودایی لە کێوەکانی «فاران»ەوە ـ واتە حیجاز ـ دەرئەکەوێ، وە دینی خودا لەسەر دەستی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای هاشمییەوە بڵاو ئەبێتەوە بە جیهانا. وە لە کاتی عیبادەت و نوێژکردنا روو ئەکەن لە کەعبەتوڵڵا. هەروا ئاگادارن لەوە کە هەر ئوممەتێ قیبلەیەکی هەیە و پێویست بوو کە ئەم ئەمانەتە بگەیەنن بە عالەما، وە ملکەچ بن بۆ حەق، نەك حەق ون بکەن و پەشێوە بخەنە وڵاتەوە.

﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ١٤٤﴾

ئێستە کە بە پێچەوانەی ئەوە پەشێوە ئەکەن خودا بێ‌ئاگا نییە لەوەی ئەوان ئەیکەن.

﴿وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ﴾

وە بە راستی ئەگەر تۆ بێیت بەهەر بورهانێ و هەر موعجیزەیێ بۆ لای ئەوانە کە کیتابیان پێ‌دراوە، وە ئیسباتی راستی دینەکەت و قیبلەکەت بکەی ئەوان تابیعی قیبلەی تۆ نابن و ناکەونە شوێنت لەبەر ئەو عەنادە کەوا لە دڵیانا.

﴿وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٖ قِبۡلَتَهُمۡۚ﴾

وە دیارییە مادام ئەوان دەستبەرداری دین و قیبلەی مەنسووخی خۆیان نەبن تۆیش ناکەویتە شوێنی ئەوان و تەرکی ئایینی تازەی راست و ساغی خۆت ناکەیت، وە روو ناکەیتە قیبلەی ئەوان.

﴿وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖۚ﴾

وە جوولەکە و گاورەکانیش ئەگەر چی لە دوژمنایەتی تۆدا یەکن، بەڵام لە ناو خۆیانا جیان لە یەك و بازێکیان تابیعی قیبلەی ئەو بازەکەی‌تریان نابێ.

جوولەکەکان لە هەر ولاتێکدا بن روو ئەکەنە سەخرە (بەیتولمەقدیس). و گاورەکان روو ئەکەنە خۆرهەلات، وە ئەم موخالەفە کە لە قیبلەی جوولەکە و گاورا هەیە لە دوژمنایەتی خۆیانەوە بووە؛ چونکی حەزرەتی عیسا ـ سەلامی خودای لێ بێ ـ هەتا لە عەرزابوو لە عیبادەتا هەر رووی لە بەیتولمەقەدیس کردووە، وە قیبلەی ئەو هەر قیبلەی پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلی بووە. بەلام پاش ئەوە کە خودای تەعالا شوبهەی وێنەی حەزرەتی عیسای خستە سەر کابرای جوولەکە و جوولەکەکان کوشتیان زانا گەورەکانی نەسارا وتیان: عیسا لەو کاتەدا هەلاوەسرا رووی کردبوو لە خۆرهەلات، وە خۆرهەلات سیرڕێکی تیایە بۆیە لە کاتی وەلادەتی عیسادا حەزرەتی مەریەم ﷺ رۆیشت بۆ شوێنێ لە خۆرهەلاتی ئەهلەکەیەوە، جا ئەو زانایانە بڕیاریان دا کە لە عیبادەتا هەرچی گاورە روو بکەنە خۆرهەلات و روو نەکەنە بەیتولمەقدیس. وە دوور نییە ئەم جیا بوونەوەیانە هەر لە دوژمنایەتی جوولەکەکان بووبێ. وا لێرەوە دەرکەوت قیبلەی هیچ کامیان راست نییە و هەوایە: ئەمما قیبلەی جوولەکەکان ئەوە لەبەر ئەوە کە دینێ نەسخ بووەوە ئیعتیبار بە شیعاراتی نامێنێ، وە ئەمما گاورەکان لەبەر ئەوە کە لایان دا لە قیبلەی حەزرەتی عیسا و بە ئارەزووی خۆیان خۆرهەلاتیان کرد بە قیبلە.

﴿وَلَئِنِ ٱتَّبَعۡتَ أَهۡوَآءَهُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡعِلۡمِ إِنَّكَ إِذٗا لَّمِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٤٥﴾

وە بە راستی ئەگەر تۆ تابیعی هەوای نەفسی ئەوان ببی پاش ئەوەی هاتووە بۆت لە عیلم و زانستی قەتعی بە هۆی وەحیەوە لە قیبلەدا یا لە غەیری قیبلەدا بە راستی تۆ لەو کەسانە ئەبی کە ستەمیان کردووە و بە ناڕەوا جوولاونەتەوە، وە حاشا بۆ رەهبەرێکی وەکوو تۆ کە کارێ بکەی مەگەر بە رەزای پەروەردگار و فەرمانی ئەو!

﴿ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ﴾

وە بە راستی ئەو زانایانە کە کیتابمان پێ داون لە جوولەکە و گاور حەزرەتی موحەممەدی عەرەبی قورەیشی هاشمی ئەناسن وەکوو چۆن کورەکانی خۆیان ئەناسن، وە بە هۆی ئەو موژدە و بەشارەتانە کە لە کتێبەکانی خۆیانا هەیە و ئەو نیشانانە بۆ خۆی و بۆ یارەکانی نووسراوە و وەزعی دینەکەی و گۆڕانی قیبلەیشی ئەزانن.

﴿وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ ٱلْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤٦﴾﴾

وە بە راستی بەشی گەورەی ئەم کیتابیانە حەق ون ئەکەن لە عالەما، وەلحاڵ، ئەیشزانن بەوە کە بە ناحەق وا ئەکەن.

﴿ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ﴾

فەرمانی راست و دینی راست و قیبلەی راست ئەوەیە کە لە لایەنی خودای خۆتەوە پێت بگا، نەك ئەوەیە کە زاناکانی کیتابییەکان بە هەوای نەفس و ئارەزووبازی لە سەری بڕۆن.

﴿فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُمْتَرِينَ ﴿١٤٧﴾﴾

قەت نەبی بەوانە خاوەنی گومان و دوودڵین لە ئیشی خۆیانا. وە قەت بە هۆی دڵدانەوە و فڕوفێڵی ئەوانەوە یا بە هۆی دیعایە و پڕوپاڵانتەی ئەو ساختەچییانە نەکەویتە شکەوە؛ چونکی دوودڵی شێوەی مەردی عالەمی نییە.

﴿وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ﴾

بۆ هەر ئوممەتێ قیبلەیەکی تایبەتی هەیە.

﴿هُوَ مُوَلِّيهَا﴾

کە ئەو بەشە لە ئوممەت رووی خۆی هەڵئەسووڕێنێ بۆ لای ئەو. یاخود خودای تەعالا رووی ئەو ئوممەتە هەڵئەسووڕێنێ بەرەورووی ئەو قیبلەیە.

﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِۚ﴾

دەی ئەی ئوممەتی ئیسلام بکەونە پێشکەوتن بۆ گەیشتن بە کردەوەی باش و رەفتار بە تاعەت و فەرمانبەرداری خودا. واتە: بوونی قیبلە موهیم نییە بەڵکوو کردەوەی باش موهیمە.

﴿أَيۡنَ مَا تَكُونُواْ يَأۡتِ بِكُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًاۚ﴾

لە هەر شوێنێکدا ببن و بژین هەتا ئەمرن خودا لە رۆژی خۆیا زیندووتان ئەکاتەوەو هەمووتان دێنێ بۆ مەیدانی پرسیار و حسێبی کردەوە. جا تا تەواناتان هەیە لە ماوەی ژیانا کارێ بکەن کە لەو رۆژەدا سەربەرز و سەرفەراز بن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١٤٨﴾

بە راستی خودا بەسەر هەموو ئیشێکا تەوانایە ئەتوانێ پێغەمبەر هەڵبژێرێ. وە ئوممەتێکی بۆ ئامادە بکا و ئایینێکی بۆ دابمەزرێنێ. وە یارمەتی خاوەن دینەکان بدا، وە بیانمرێنێ، وە لەپاش مردن زیندوویان بکاتەوە، وە حسێبیان لەگەڵا بکا، وە ئازاری تاوانبار و پاداشی باشی کردەوە باشەکان بداتەوە.

﴿وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۖ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! لەهەر شوێنێك دەرچووی بۆ سەفەر و کاتی نوێژ هات، رووی خۆت هەڵبسووڕێنە بۆ جانیبی «مسجد الحرام» کەوا بە دەوری کەعبەدا.

﴿وَإِنَّهُۥ لَلۡحَقُّ مِن رَّبِّكَۗ﴾

وە بە ڕاستی ئەم ڕووکردنتە لە «مسجد الحرام» دینێکە ڕاست و دامەزراو لەلایەنی خودای خۆتەوە.

﴿وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ١٤٩﴾

وە خودا بێئاگا نییە لەو کردەوەیە ئەیکەن لە چاك و لە خراپ.

﴿وَمِنۡ حَيۡثُ خَرَجۡتَ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ﴾

وەکوو بەیانمان کرد ئێستە.

﴿وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥ﴾

وە لە هەر وڵاتێکدا بوون (ئەی موسوڵمانان) هەر ڕووی خۆتان هەڵسووڕێنن بۆ لای «مسجد الحرام» مزگەوتی بە حورمەتی دەوری کەعبەتوڵڵا.

﴿لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَيۡكُمۡ حُجَّةٌ﴾

هەتا باقی ئوممەتەکان زاڵ نەبن بە سەرتانا بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە قیبلەی تایبەتیتان نییە، بەڵکوو ئێوەیش خاوەنی قیبلەی سەربەخۆ بن.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنۡهُمۡ﴾

بەڵام ئەو ئوممەتە ستەمکارە لە کیتابییەکان بە دەلیل ملکەچ نابن بۆ حەق، وە هەمیشە ئاشووب ئەنێنەوە و دڵی عالەم تێکئەدەن لە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام و ڕووکردن لە قیبلەی ئەوان.

﴿فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ﴾

دەی مادام ئەوانە ستەمکار و نابار و ناهەموارن و بێنرخن لە لای خودا، قەت لێیان مەترسن.

﴿وَٱخْشَوْنِي﴾

وە لە من بترسن ئەگەر بێفەرمانی بکەن؛ چونکی بەهەموو جۆرێ دەستم ئەڕوا بە سەرتانا.

﴿وَلِأُتِمَّ نِعْمَتِي عَلَيْكُمْ﴾

وە من بۆیە قیبلەم بۆ گۆڕین هەتا نیعمەتی ئیسلامییەت تەواو و رەسا بکەم بۆتان؛ چونکی ئەهلی دینێ قیبلەی سەربەخۆی نەبێ و روو بکا لە قیبلەی ئوممەتێکی‌تر بە دواکەوتوو ئەناسرێ.

﴿وَلَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٠﴾﴾

وە تکایە ئێوە بە هۆی ئەم نیعمەتی ئیسلامەوە بگەن بە مەتلووبی بەرزتان کە رەزای خودایە.

﴿كَمَآ أَرْسَلْنَا فِيكُمْ رَسُولًا مِّنكُمْ﴾

واتە نیعمەتی قیبلەی سەربەخۆم پێ دان وەکوو چۆن پێغەمبەرێکمان رەوانە کرد بۆ سەرتان لە رشتەی خۆتان.

﴿يَتْلُوا۟ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ﴾

کە ئایەتەکانی منتان بەسەردا ئەخوێنێتەوە و هەمیشە تێ‌ئەکۆشێ بە چاودێری و تەمێ کردن و ئامۆژگاری کردن بۆ ئەوە پاکتان بکاتەوە لە ریشەی بیر و باوەڕی ناهەموار و لە خوو و رەوشتی ناپەسەند.

﴿وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾

وە ئایەتی کەلامی خواتان پێ نیشان ئەدا و سوننەت و رەفتار و وتاری خۆیتان بۆ دەرئەبڕێ.

﴿وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا۟ تَعْلَمُونَ ﴿١٥١﴾﴾

وە نیشانتان ئەدا ئەو دەرسانە لە هۆی سەربەرزی دین و دونیاوە کە ئێوە لەوانە نەبوون بە بێ هاتنی رەهبەر بیزانن.

﴿فَٱذْكُرُونِىٓ أَذْكُرْكُمْ﴾

دەی لە بەرابەری ئەم نیعمەتە گەورانەوە ناوی من ببەن بە زمان، وە یادم بکەن بە دڵ، وە فەرامۆش مەبن لێم هەتا منیش ناوی ئێوە ببەم.

﴿وَٱشْكُرُوا۟ لِى وَلَا تَكْفُرُونِ ﴿١٥٢﴾﴾

وە سوپاسی نیعمەتەکانم بکەن کە پێمداون، وە بێباوەڕی و ناسوپاسی نیشان مەدەن هەتا هەموو ئەو نیعمەتانەتان بۆ پایەدار و زیاتر بکەم.

بزانن لەم جێگەدا چەن باسێکی بەسوود هەیە:

یەکەم: «شطر» لە قامووسا ئەڵێ: «الشطر نصف الشيء وجزؤه. والجهة والناحية» واتە: لەفزی شەتر هاتووە بە مانای نیوە لە هەر شتێ، وە بە مانا بازێ لە هەر شتێ، وە بە مانا جانیب و تەنیشت. لەسەر ئەم مەعنایانە ئیمامەکان بیری خۆیان بە چەن جۆر دەربڕیوە:

ئیمامی شافیعی ـ خوای لێ رازی بێ ـ ئەڵێ: پێویستە ئینسانی موسوڵمان لە نوێژا رووبکاتە ناوەڕاستی «مسجد الحرام» هەتا عەینی کەعبەتوڵڵا بگرێتەوە، بەڵام ئەم رووکردن لە عەینی کەعبەیە بۆ ئەوانە کە وان لەلایا ئەبێ بە یەقین و راستی بێ، وە بۆ ئەو کەسانە کە غائیبن بە شێوەی «زەن»، واتە باوەڕی بەهێز بێ. وە ریوایەت کراوە لە ئیمامی شافیعییەوە فەرموودەیێ‌تر کە شەتر بە مانا جیهەت و جانیبە. وە رووکردن لە جیهەتی کەعبە کافییە. وە ئیمامی غەزالی لە «احیاء العلوم»دا ئەم واتەیە بە خاوەن

هێز داناوە لەبەر ئەوە کە رووکردن لە عەینی کەعبەتوڵڵا ئەبێ بە هۆی زەحمەت بۆ موسوڵمانان و دینی ئیسلام دوورە لە شتێ کە لە تەوانا و تاقەت دوور بێ.

وە ئیمامی ئەبووحەنیفە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل [رەزای خوایان لێ‌بێ] لایان وایە کە شەتر بە مانا جیهەت و جانیبە لەگەڵ ئەوەشدا کابرا حازری کەعبە بێ واجبە روو بکا لە عەینی کەعبە بە ئیجماعی هەموویان. جا ئەگەر غائیب بوو روو بکا لە جیهەتی کەعبە بە جۆرێ کە رووی لە سەمتی کەعبەوە بێ. وە زۆربەی عولەمای شافیعی خۆراسانی لەسەر ئەم بیر و باوەڕەن.

وە ئیمامی مالیك فەرموویەتی: کەعبە قیبلەی ئەهلی «مسجد الحرام»ە، وە «مسجد الحرام» قیبلەی ئەهلی مەککەیە، وە شاری مەککە قیبلەی ئەهلی عەرزی حەرەمە لە ئەترافی مەککە، وە عەرزی حەرەم قیبلەی ئەهلی کورەی عەرزە لە هەر شوێنێ ببن وەکوو لە تەفسیری «روح المعانی»دا بەیان کراوە.

وە لەسەر رووناکی ئەم واتە ئەتوانین بڵێین کورەی عەرز هەمووی قیبلەی ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانا لەسەر کام لە ئەستێرەکان جێ‌گیر بێ و بمێنێتەوە، چونکی دینی ئیسلام بۆ هەموو رۆژێ و لەگەڵ هەموو تەتەوورێکی عیلمیدا بەردەوامە. وە حەدیسی ئیبنوعەباس رضي الله عنهما تەئییدی بیر و باوەڕی ئیمامی مالیك ئەکا.

جا لەسەر فەرموودەی شافیعی موسوڵمانێ بتوانێ روو بکا لە عەینی کەعبە واجبە رووی تێ‌بکا، وە ئەگەر خۆی بە یەقین نەیزانی کەعبەتوڵڵا [لە] کوێیە، وە یەکێ بوو لە نزیکی چاوی لە کەعبەوە بوو، واجبە تابیعی قسەی ئەو کەسە بێ، وە ئەگەر یەکێکی وای دەس نەکەوت بەڵام خۆی ئەیتوانی ئیجتیهاد بکا لە قیبلەدا، واتە بەرچاو رووناك بوو، وە ئەیتوانی ئیستیدلال بکا بە نیشانە و عەلامات ئەوە خۆی ئیجتیهاد بکا. وە روو بکا لە قیبلە و لەم کاتەدا رەوا نییە تابیعی موجتەهیدێکی‌تر ببێ،

وە ئەگەر خۆی عەقڵ و هۆشی ئیجتیهادی نەبوو واجبە تابیعی بیری موجتەهیدێ ببێ، وە ئەگەر موجتەهیدی دەس نەکەوت و سەرگەردان بوو ئەوە روو بکاتە هەر شوێنێ دروستە. جا ئەگەر لە پاشانا دەرکەوت رووی لە قیبلە نەبووە واجبە ئەو نوێژە قەزا بکاتەوە ئەگەرنا لەسەری نییە، کەوابوو پلەکانی رووکردن لە قیبلە پێنجە؛ یەکەم: یەقین و زانستی تەواو. دووهەم: تابیع بوون بە خاوەن زانستی تەواو. سێهەم: ئیجتیهاد کردن بە هۆی عەلامات. چوارەم: تابیع بوون بە موجتەهید. پێنجەم: رووکردن لە قیبلە بە هەرچۆن ببێ.

وە واجبە لەسەر موسوڵمان ئاگادار بێ لە واجباتی دینی خۆی. بە کورتی ئاگادار بێ لە قیبلە و نیشانەکانی بزانێ. لە وڵاتی عێراقدا و خۆرهەڵاتی عێراق هەتا «هەمەدان» هەر کاتێ ئینسان راوەستا و رووی کردە باکوور و بەلا کردنەوەی بە لای راستا ئەستێرە بچکۆلانەکەی حەوتەوانانی ئەبینی کە پێی ئەڵێن: ئەستێرەی «قوتب» ئەوە ئەو کەسە رووی لە قیبلەیە، وە ئەم نیشانە هەتا سنووری سووریا بەکار دێ.

وە «قوتب نوما»یش باوەڕی پێ ئەکرێ بەڵام واجبە ئینسان رووبکاتە غەربی دەرزییەکەوە لە وڵاتی خۆمانا.

سێهەم: بە ئیجماعی ئیمامانی دین قیبلە خانووی کەعبەتوڵڵایە و لە ئیبنو عەباسەوە ﵄ ریوایەت کراوە: حەزرەت ﷺ لە پاش فەتحی مەککە رۆیشتە ناو خانووی کەعبەوە و لە پاش ئەوە کە هاتەدەرەوە دوو رکات نوێژی کرد بەرەوڕووی کەعبە «وقال: هذه هي القبلة» واتە: ئەم خانووە کە من لەم نوێژەدا رووم لێ‌کرد ئەوەیە قیبلە کە موسوڵمانان رووی لێ‌بکەن.[1]

---

[1]. بڕوانە «إرشاد الساري» شەرحی سەحیح بوخاری، بەرگی یەك، لاپەڕەی ٤١٤.

وە سیرِی ئەوە کە لە ئایاتەکەدا ئەفەرموێت روو بکەن لە «مسجد الحرام» ئەمەیە ئیشارە بێ بۆ لای ئاسانی روو کردن لە قیبلە، واتە: کەعبە (بالذات) یەك خانووە، وە ئیلزامی رووکردن لەو تاقە خانووە (بالعین) گرانە، مادام کە خودا ناوی مەسجیدولحەرامی هێنا مانای وایە بۆ یەکێ کە دوور بێ لەو شوێنە رووکردن لەو مزگەوتانە بەدەوری کابەدا کافییە، وەکوو ساحیبی «روح المعانی» ئەفەرموێت.

وە مەبەست لەم کەعبە کە برِیار دراوە بۆ قیبلە ئەو تاقە بینا تایبەتییە نییە کە وا لە بەرچاودا، بەڵکوو ئەو سەمتی کەعبە لەسەرەوە هەتا بەرزی ئاسمان، وە لە خوارەوە هەتا «ما تحت الثری» ئیعتیبار ئەکرێ بە قیبلە. کەوابوو ئەگەر «لاسمح اللّٰه» خانووی کەعبە لە عەرزا هەڵبگیرێ کافییە بۆ ئێمە رووبکەین لە جێگەکەی، هەروا لە دوورەوە موسوڵمانان کاتێ رووئەکەنە کەعبە ئەوە رووئەکەنە خەتێکی عەموودی کە لەسەر خانووی کەعبەوە بەرز ئەبێتەوە بۆ ئاسمان و ئەو خەتە وەکوو بەشێك وایە لە کەعبە ـ خودا پایە بڵندی کا ـ

وە ئەو نوێژە کە حەزرەت ﷺ رووی تێدا کردە کەعبە لە یەکەم جارا لەسەر ریوایەتی بوخاری شەریف یا نوێژی نیوەرِۆ بووە، وە یا نوێژی عەسر بووە لە مزگەوتی حەزرەتا ﷺ لە مەدینەدا. وە لەسەر ریوایەتێکی تر نوێژی نیوەرِۆ بووە لە مزگەوتی بەنیسەلەمەدا لە خواری مەدینەوە کە مەشهوور بووە بە «مسجد القبلتین».

حاسڵی بوخارییەکە ئەمەیە: کە حەزرەت ﷺ پێی خۆش بوو رووی هەڵسوورِێ بۆ لای کەعبە، وە خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ئێمە ئەزانین بە رووهەڵچەرخانی تۆ بۆ ئاسمان لە چاوەرِێ‌کردنی وەحیا، وە ئێمە هەڵت ئەسوورِێنین بۆ قیبلەیێ کە تۆ پێی رازی بی. دەی سا رووی خۆت هەڵسوورِێنە بۆ جانیبی «مسجد الحرام».

جا پاش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە حەزرەت ﷺ لە نوێژا رووی کرد لە کەعبە، وە جوولەکە عەقڵ سووکەکان کەوتنە باسکردنی ئەوە کە چی بوو بە هۆی ئەوە کە رووی پێغەمبەر و موسوڵمانەکانی هەڵسووڕان لەو قیبلە پێشووە کە روویان تێ ئەکردا! تۆیش ئەی خۆشەویست بڵێ: خۆرهەڵات و خۆرنشین موڵکی خوایە هەر کوێ بکا بە قیبلە ئەتوانێ. وە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ شارەزای ئەکا بۆ رێگەی راست. جا حەزرەت ﷺ پاش نازڵ بوونی ئەم ئایەتە یەکەم نوێژ کە نوێژی نیوەڕۆ بوو بەجێی هێنا لەگەڵ کۆمەڵێ موسوڵمانانەدا و لە ناو ئەوانا پیاوێ کە ناوی «عباد»ی کوڕی «بشر» بوو، یاخود «عباد»ی کوڕی «نهیك» بوو پاش ئەوە کە نوێژی نیوەڕۆی کرد دەرچوو لە مزگەوت و رابورد بەلای کۆمەڵێ لە ئەنسارا لە نوێژی عەسرا کە نوێژیان ئەکرد بەرەوڕووی بەیتولمەقدیس لەوێ شەهادەتی بۆ دان کە لەگەڵ حەزرەتا نوێژی نیوەڕۆی کردووە بەرەو کەعبە. جا ئەوانیش روویان لە بەیتولمەقدیس هەڵسووڕان بەرەو کەعبە.

وە لەلای ئیبنوسەعد لە کتێبی «تەبەقات»دا نووسراوە کە حەزرەت ﷺ دوو رکات نوێژی نیوەڕۆی کرد لە مزگەوتی خۆیا بەرەو بەیتولمەقدیس جا وەحی بۆ هات و لە دوو رکاتەکەی ئاخری نیوەڕۆدا رووی هەڵسووڕان بەرەو رووی کەعبە و هەموو نوێژکەرەکانیش روویان هەڵسووڕان بۆ لای کەعبە، وە ژنان و پیاوان بە دوای حەزرەتا سەفی خۆیان گۆڕی.

وە ریوایەتێ تر هەیە کە حەزرەت ﷺ رۆیشت بۆ زیارەتی «أمبشر» کچی «براء» کوڕی «مەعرور» لە ناو تائیفەی بەنیسەلەمەدا و ئەو ژنە خواردەمەنی دروست کردبوو بۆ حەزرەت، وە کاتی نوێژی نیوەڕۆ داهات. جا حەزرەت ﷺ دوو رکات نوێژی نیوەڕۆی کرد لەگەڵ ئەوانا کە نوێژیان ئەکرد لەگەڵیا بەرەو بەیتولمەقدیس،

جا وەحی بۆ هات و لە دوو رکاتە ئاخرەکەیا هەڵسوورڕا بەرەو رووی کەعبە، وە خەڵکەکەیش ـ پیاوان و ژنان ـ ریزی خۆیان گۆڕی، وە حەزرەت لەم رووکردنی کەعبەیە رووی کردە میزابی کەعبەی موعەزەمە، وە ئەم مزگەوتە ناوبرا بە: «مسجد القبلتين».

«ئیبنوسەعد» ئەڵێ: «واقیدی» وتوویە: ئەم ریوایەتە لەلای ئێمە دامەزراوتر و ثابت‌ترە و مونافات نییە لە بەینی ئەم ریوایەتە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەڵێ «عبادی» کوڕی «بشر» رابورد بە لای قەومێکی ئەنسارا لە نوێژی عەسرا، وە لە بەینی سوبووتی ریوایەتی ئیبنوعومەرا کە قیبلە گۆڕاوە لە «قبا»دا لە نوێژی بەیانیدا کە ریوایەت کراوە لەلای بوخاری و موسلیم و نەسائیدا؛ چونکی ئەو نوێژە عەسرێ بووە پاش ئەوە لە بەنی‌سەلەمەوە هاتنەوە روویان کرد لە مەدینە و نوێژی بەیانیش بۆ ئەهلی قوبا نوێژی دوایی بووە کە بیستوویانە.

وە لە «نیل الأوطار»دا شەوکانی ئەڵێ: ئیبنوسەعد لە تەبەقاتا ئەگێڕێتەوە لە بەعزێکەوە ئەم رووداوی گۆڕانی قیبلە لە مزگەوتی مەدینەدا بووە. جا فەرموویە: وتراوە کە حەزرەت دوو رکات نوێژی نیوەڕۆی لە مزگەوتی خۆیا کرد لە مەدینە. جا ئەمری پێ کرا کە روو بکاتە «مسجد الحرام» وە هەڵسوورڕا بۆ ئەوێ و موسوڵمانەکانیشی لەگەڵا هەڵسووڕان. وە مەبەست لە ریوایەتی بوخاری کە ئەو نوێژە قیبلەی تێدا گۆڕا نوێژی عەسر بووە ئەوەیە: یەکەم نوێژێ کە بە تەواوی رووی تێداکرایە «مسجد الحرام» نوێژی عەسر بوو.

وە لەلای «عەلی شەوکانی» ریوایەتی روودانی ئەم واقیعە لە نیوەڕۆدا زەعیفە؛ چونکی یەکێ لە ریجالی ئیسنادەکەی مەروانی کوڕی عوسمانە ئەویش ئیختیلاف هەیە لە قەبووڵی ریوایەتیا.

من خۆم کە ئەم کتێبە ئەنووسم لە پاش تەماشاکردنی بوخاری شەریف و گەلێ کتێبی حەدیس و تەفسیر لەم مەوزووعەدا ئەوەم بۆ دەرکەوتووە:

کە یەکەم: نوێژێ قیبلەی تێداگۆڕاوە لە بەیتولمەقدیسەوە بۆ مەسجیدولحەرام نوێژی نیوەڕۆ بووە، وە ئەو مزگەوتەیش کە نوێژەکەی تێدا گۆڕاوە مزگەوتی «بەنی‌سەلەمە» بووە کە ناوبراوە بە «مسجد القبلتين»، وە یەکەم نوێژێ کە بە تەواوی کرابێ بەرەوڕووی «مسجد الحرام» نوێژی عەسر بووە و مزگەوتەکەیش مزگەوتی حەزرەت ﷺ بووە لە مەدینەی مونەووەرەدا. وە ئەو «عوباد» ناوەیش کە لە پاش نوێژەکەی لەگەڵ حەزرەتا رابورد بەلای گەلێ ئەنسار لە کاتی عەسرا رۆیشت خەبەر بدا بەوانە کە حازر نەبوون لەگەڵ حەزرەتا لە نوێژی عەسرا بۆ ئەوە نوێژەکانیان بەرەو کەعبە بکەن. وە هەر عەینی پیاو بوو سبەینێ رۆیشت بۆ قوبا لە کاتی نوێژی سبەینێدا و خەبەری دا بە ئەهلی قوبا. وە روویان لە بەیتولمەقدیسەوە هەڵچەرخان بۆ لای کەعبەی موعەزەمە. وە بەم جۆرە ئەم مەوزووعە بڕایەوە.

پێنجەم: لە باسی گۆڕینی قیبلەدا سێ‌جار خودای تەعالا ئەم باسەی کردووە. وە بۆ سیرڕی ئەم وەزعە ئیمامی رازی لە تەفسیرەکەیا گەلێ جوابی نووسیوە. وە من بازێکیان ئەنووسم:

یەکەم سیرڕەکەی ئەمەیە: ئینسانی نوێژکەر یا لە «مسجد الحرام»دا ئەبێ یا لە مەککەدا و خاریجی «مسجد الحرام»، وە یا لە خاریجی مەککەدا ئەبێ لە باقی وڵاتانی سەرزەوی. جا باسی یەکەم بۆ ئەوانەیە وان لە «مسجد الحرام»دا، وە باسی دووەم بۆ ئەوانەیە کە وان لە شاری مەککەدا، وە باسی سێهەم بۆ ئەوانەیە وان لە باقی وڵاتەکانا لەسەر عەرزا.

دووەم: خودای تەعالا ئەم باسەی سێ‌جار باس کردووە هەر جارێ لەگەڵ فائیدەیەکی تایبەتیدا. یەکەم جاریان خوداباسی ئەمەی کردووە کە ئەهلی کیتاب خۆیان ئەزانن

بە ریسالەتی حەزرەتی موحەممەد و بە گۆڕینی قیبلە لە «بیت المقدس»ەوە بۆ کەعبە، کەوابێ ئەم گۆڕینی قیبلە حەقە؛ چونکە لە کتێبە پێشووەکانا باسی کراوە. وە لە جاری دووهەما باسی ئەوەی کردووە کە خودای تەعالا شەهادەتی داوە ئەم گۆڕینی قیبلە حەقە و لە مناسباتی ریسالەتی پێغەمبەرە و هەر شتێ خودا شەهادەتی لەسەر بدا ئیتر کەس حەقی نییە لەو شتەدا. وە لە جاری سێهەمدا ئەمەی فەرمووە بۆیە قیبلەکەم گۆڕی هەتا کیتابییەکان حوججەتیان نەمێنی لەسەر موسوڵمانان و نەتوانن بڵێن ئێمە ئەسڵین چونکە ئێوە قیبلەی تایبەتیتان نییە.

جوابی سێهەم ئەمەیە: باسی قیبلە گۆڕین زۆر باسێکی بە نرخ و گەورەیە و پێویستە بەوە کە تیکرار بکرێتەوە و زۆر باسی بکرێ هەتا لە دڵی هەموو کەسێکا دابمەزرێ.

شەشەم ئەمەیە: لە ئایەتی: ﴿الذين آتيناهم الكتاب يعرفونه كما يعرفون أبنائهم﴾ ەوە دەرئەکەوێ کە تەنیا مەعریفەت و ناسینی ئینسان و سیفاتی ئینسانی و تەسدیق کردن بەوانە کافی نییە بۆ بەجێ هاتنی ئیمان؛ چونکی جوولەکەکان و گاورەکان بە هۆی ئەوەوە کە لە تەورات و ئینجیلدا موژدە دراوە بە هاتنی پێغەمبەری ئاخرزەمان (موحەممەدی عەرەبی ﷺ) ئاگادار بوون لەسەر ئەوە کە دینەکەی و ریسالەکەی راستە، بەڵام چونکی لە دڵدا عەنادیان بووە لەگەڵیا و ئەو نیشانە بۆ خۆی و ئوممەتەکەی بووە ونیان کردووە و بەربەرەکانێیان لەگەڵدا کردووە. خودا بە کافر و ستەمکاری ژماردوون. کەوابێ ئیمان تەنیا عیلم و تەسدیق نییە بە دڵ بەڵکوو پێویستە لەگەڵ ئەو تەسدیق و مەعریفەتە کە لە دڵدا هەیە ئینسان ئینقیاد و گەردن کەچی و ڕەزا و مەیلی دەروونیشی ببێ کە مەشهوورە بە ئیزعانی فیعلی. بە کورتی ئیمان هەر تەنیا ئیزعانی عیلمی نییە بەڵکوو ئیزعانی عیلمییە لەگەڵ ئیزعانی فیعلیدا. بەڵام لەبەر

ئەوە کە پێویستی موسوڵمانە بە زمان ئیقرار بکاو ئەمەیش دەربڕینی ئیتاعە و ئینقیادە بە زاهیر لە دینا ئیکتیفا کراوە بەوە بە هیوای ئەوە کە ئەگەر لەو کاتەیشا ئیزعانە فیعلییەکە نەبێ بە تەدریج پەیدا ئەبێ.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱلصَّبْرِ وَٱلصَّلَوٰةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٥٣﴾ ﴾

ئەم ئایەتە وەکوو ئیمامی رازی ئەڵێت لەسەر فەرموودەی بازێ زاناکان وا لەگەڵ ئایەتەکانی دواوەدا، وە لە مانگی رەمەزانی ساڵی دووهەمی کۆچیدا لە پاش جەنگی بەدر هاتوونەتە خوارەوە. وە خودای تەعالا پێشنیهادی دەرسی خۆگرتن ئەکا لە جەنگی کافرانا، وە دوور نییە ئیشارەت بەوە بێ کە مادام لەم رووداوەدا ئێوە زاڵ بوون بەسەر کافرەکاندا و چەند کەستان لەوان کوشت، وە چەند کەستان ئەسیر کرد وا مەزانن کە ئەوان دەستبەردار ئەبن بەڵکوو دێنەوە سەرتان و جەنگتان لەگەڵدا ئەکەن پێویستە ئێوە ئامادە و خۆگر و روو لە خودا بن هەتا خوا یارمەتیتان بدا.

واتە ئەی کەسانێ کە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خودا بەو جۆرە کەوا پێغەمبەر تێی‌گەیاندوون یارمەتی داوابکەن لە خودا لەسەر گەیشتن بە مەبەستی پیرۆزی خۆتان بە دوو شت؛ یەکەمیان مادییە کە بریتییە لە خۆگرتن لەسەر تەرکی تاوان؛ چونکی تاوان لەسەر ئارەزووی نەفسە و نەفس زۆری پێ‌خۆشە و لادانی لەو تاوانە زۆر پێ‌ناخۆشە، وە پێویستە ئێوە زۆر دڵ ئەستوور بن لەسەر تەرکی گوناه لە کاتێکا کە دڵتان هاتە سەر کوشتنی بێ‌تاوانێ یا داگیر کردنی ماڵێ یا شکاندنی ناموسێ. وە هەروا سەبر بگرن لەسەر ئازاری تاعەتی خودا وەکوو رۆژووگرتن و نوێژکردن و جیهاد کردن و سەرفی دارایی خۆتان و قەبووڵی سەرما و گەرما و دووری لە ماڵ و منداڵ و خێزان.

وە دووهەمیان مەعنەوییە کە پەیوەندییە بە خوداوە بە نوێژ کردن؛ چونکی نوێژ دوعا و پاڕانەوەی تیایە، وە پاڕانەوە لە خودا مۆخی عیبادەت و بەندەیی و فەرمانبەرداری خودایە، وە نوێژ کردن ئەبێ بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ خودادا و ڕۆحی ئینسانی موسوڵمان لە ناو نوێژا بەرز ئەبێتەوە بۆ لای خودا و غەیری خودا فەرامۆش ئەکا. وە دڵ ڕووناك ئەکاتەوە و ئیمان بەهێز ئەبێ و ئەبێ بە هۆی دوورکەوتنەوە لە کاری نابار و ناهەموار، وە ئەبێ بە هۆی ئەوە کە خودا بێت بە هاواری ئینسانەوە بۆیە هەرکاتێ حەزرەت ﷺ ئیشێکی ناباری بهاتایە بەسەرا دەستی ئەکرد بە نوێژ کردن و فەرمانی ئەدا بە خێزانی کە نوێژ بکەن. بزانن کە ئێوە وەها سەبرتان کرد خودا وا لەگەڵتانا و هەرکەسێ خودای لەگەڵدابێ لە هەموو ئازارێ ڕزگار ئەبێ.

﴿وَلَا تَقُولُوا۟ لِمَن يُقْتَلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتٌۢ ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ وَلَٰكِن لَّا تَشْعُرُونَ ﴿١٥٤﴾﴾

وە مەڵێن لە حاڵی ئەو کەسانەدا کە ئەکوژرێن لە ڕێگەی ڕەزای خودادا مردوون بەڵکوو ئەوانە زیندوون بەڵام ئێوە شوعوورتان ناگا بەو نەوعە زیندووییە.

ئیمامی رازی ئەڵێ: ئیبنوعەباس رضي الله عنه فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بوو لەو موسوڵمانانەدا کە کوژران لە ڕووداوی بەدردا کە چواردە کەس بوون شەشیان لە موهاجیرین (عوبەیدەی کوڕی حەرسی کوڕی عەبدولموتەلیب، وە عومەری کوڕی ئەبووەقاس و «ذوالشمالین» و عەمری کوڕی نوفەیل و عامری کوڕی بەکر و مەهجەعی کوڕی عەبدوڵڵاهـ).

وە هەشتیان لە ئەنصار بوون: (سەعید کوڕی خەیسەمە و قەیسی کوڕی عەبدولمەنزەر و زەیدی کوڕی حەرس و تەمیمی کوڕی هومام و رافعی کوڕی مەعلی و حارسەی کوڕی سوراقە و موعەوزی کوڕی عەفرا و عەوفی کوڕی عەفرا) ـ خودایان لێ

رازی بێ ـ جا لە پاش ئەوە ئەمانە شەهید کران خەڵکی ئەیانوت: ئای فلان مرد و فلان مرد.

جا ئەم ئایەتە بەرزە بەرێزە هاتەخوارەوە و خودا مەنعی کردن لە بەکارهێنانی وشەی «مردوو» بۆ ئەم جۆرە شەهیدانە و ئیعلانی کرد لە جیهانا کە شەهیدانی جەنگی کافران، زیندوون و ئێوارە و بەیانی رۆزی خۆیان لەلای خوداوە وەرئەگرن و لە عالەمی سەربەرزیدا رائەبوێرن.

هەروا لە ئایەتی (١٦٨) لە سوورەتی «آل عمران»دا: ﴿ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله أمواتاً بل أحياء عند ربهم يرزقون﴾. واتە: گومان مەبەن ئەو کەسانە کە کوژراون لە رێگەی بەرز کردنەوەی دینی خودادا کە مردوون، بەڵکوو ئەوانە زیندوون و لەلایەنی خوداوە پایەو مایە و شانیان هەیە و رزق و رۆزییان بۆ حەواڵە ئەکرێ، وە دڵشادن بەوەی کە خودا پێی داون بە فەزڵ و میهرەبانی خۆی زیاد لەوەی کە بە خۆ فیداکردن شایستەی بوون و هەمیشە خۆش ئامایی ئەکەن بۆ ئەو شەهیدانە کە هێشتا نەگەیشتوون و پاش ماوەیەکیتر شەهید ئەکرێن و پێیان ئەڵێن: هەرکاتێ گەیشتن بە ئێمە بیم و ترستان لە هیچ ئازارێ نییە؛ چونکی خودا ئازادی کردوون لە هەموو ئەو حوقووقانەی لەسەرتانە و زویریش نابن لەوەی کە لە دەستان دەرچووە؛ چونکی بەو پایە و مایە کە دەستان ئەکەوێ سەرخۆش و دڵخۆش ئەبن و هیچ ئازارێ لە دڵتانا نامێنێ.

وە ئەم ئایەتانە بە رووناکی ئینسان شارەزا ئەکەن بۆ ئەوە کە ئینسان تەنیا ئەم قەوارە و ئێسك و پروسکە نییە کە مرد بڕزێ و با بیبا و ئاساری نەمێنێ، بەڵکوو ئینسان جەوهەرێکی خاوەن دەرك و شتزانە، وە خۆشی و ناخۆشی وەرئەگرێ. وە لە پاش مردن ئەمێنێتەوە، وە ئینسانی شەهید لە پاش ئەوە گیانی دەرچوو دڵشاد و

ئازاد و سەربەست و سەرمەستە. وە هێز ئەدا بە مەعنای ئەم ئایەتانە ئەو فەرموودانە کە لە لایەنی ئیبنوعەباس و غەیری ئەویشەوە ریوایەت کراون لە حەزرەتەوە ﷺ کە ئەرواحی شەهیدان وەکوو چۆلەکەی سەوز ئەفڕن بە بەهەشتا و ئەنیشنەوە لە عەرشا، وە لە جۆباری بەهەشت ئاو ئەخۆنەوە و لە میوەی بەهەشت ئەخۆن، وە بە خۆشی رائەبوێرن هەتا رۆژی خۆی کە حەشری عالەم ئەکرێ و لە بەهەشتا بە شێوەی دنیا دائەمەزرێن.

براکان! ئەو کەسانە کە موسوڵمانن ئەزانن ئینسان لەم جیهانەدا ژیانێکی هەیە بەم قەوارە و شێوە کە هەیە، وە لە پاشەڕۆژیشا هەموو زیندوو ئەکرێنەوە بە ساغی و رێکی حەتا خەتی سەرپەنجەکانیان دروست ئەکرێتەوە و لە پاش حیساب و کیتاب جێگەی خۆیان ئەگرن، وە لەم دوو ژیانەدا لەلای ئینسانی موسوڵمان قسەو باس نییە.

وە قسە کە ببێ وا لەحەیاتی پاش گیان دەرچوون لەدنیادا خواه ئینسان بخرێتە گۆڕەوە، یا ئاو بیبا، یا بسووتێ، لەم مردوانەدا مەزهەب و بیر و باوەڕی جومهووری ئەسحابە و تابیعین و موسوڵمانانێ کە رێگەی راستیان گرتووە ئەمەیە کە: ئەمانە لە پاش مردنیان حەیاتیان بۆ دێتەوە بە حەیاتی بەرزەخی، واتە ژیانی ناوەندی لە بەینی ژیانی دنیا و ژیانی پاشەڕۆژا، وە گەلێ ئایەت و حەدیس دەلالەت ئەکەن لەسەر ئەم نەوعە بۆ ئینسان لە پاش مردن.

خودا لە قورئانا لە باسی قەومی نووحدا ئەڵێ: ﴿أغرقوا فأدخلوا ناراً﴾[1] بە تۆفان غەرق بوون و خرانە ناو ئاگرەوە. دیارە ئەو ئاگرە ئاگری دۆزەخ نییە؛ چونکی هێشتا بە دۆزەخ نەچوون و لە قیامەتا ئەبرێن بۆ دۆزەخ.

---

١. نوح؛ ٢٥.

وە لە باسی قەومی «فیرعەون»دا ئەفەرموێت: ﴿النار يعرضون عليها غدواً و عشياً ويوم تقوم الساعة أدخلوا آل فرعون أشد العذاب﴾[1] واتە: ئەو قەومی فیرعەونە رائەنوێنرێن بەسەر ئاگرا سبەینێ و ئێواران، وە لە رۆژی قیامەتیشا ئەڵێم بە مەئموورەکانی دۆزەخ دەستە و بەستەی فیرعەون بهاونە ناو عەزابێکی زۆر نابار و ناهەموارەوە.

وە لە بوخاریدا ریوایەت ئەکا کە حەزرەت ﷺ رابورد لەگەڵ ئەسحابەکانا بەلای دوو قەبرا و فەرمووی: ئەمانە عەزاب ئەدرێن لە جەزای تاوانێکدا کە گران نییە لەلای خەڵك، بەڵام لەلای خودا گەورەیە؛ یەکێ لەمانە خۆی پاك نەدەکردەوە لە گمیز لە کاتی چوونە سەر ئاودا! وە ئەویشیان قسەی ئاشووبی بە ناو خەڵکدا ئەگێڕا.

وە فەرموودەیەکی تری هەیە کە گۆڕی مردوو یا ئەبێ بە باخێ لە باخەکانی بەهەشت، وە یا ئەبێ بە چاڵێ لە چاڵەکانی دۆزەخ!

هەروا مەعلوومە کە حەزرەت ﷺ لە پاش نوێژەکانی پەنای ئەگرت بە خودا لە عەزابی جەهەننەم و لە عەزابی قەبر، وە لە بەسەرهاتی ناباری ماوەی ژیان و کاتی مردن.

هەروا مەعلوومە کە فەرموویەتی بە رەفیقەکانی لە پاش دەفن کردنی موسوڵمانێ: دوعای بۆ بکەن کە خودا زمانی سابت بکا لە جوابدانەوەی فریشتەکانا. ئێستە ئەم شەخسە پرسیاری لێ ئەکرێ.

ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە کە پاش مردن رۆحی ئینسان پەیوەندی هەیە بە لەشەوە چ بۆ موسوڵمان چ بۆ کافر، قسە کردنی حەزرەت ﷺ لەگەڵ کافرە کوژراوەکانی بەدرا مەشهوورە لە ناو ئەهلی زانستان.

---

١. غافر؛ ٤٦.

وە مونافی نییە بۆ ئەم مەبەستە ئەوە کە لەشی ئینسان ئەڕزێ لە قەبرا، وە یا ماسی ئەیخوا لە دەریادا، وە یا ئەسووتێ و ئەدرێ بە بادا؛ چونکی ئێمە قسەمان لە حەیاتی بەرزەخییە، یانی شێوەی ئەم ژیانە وەکوو شێوەی ئینسانی نوستوو وایە کە ئەنوێ و خەو ئەبینێ و لە خەوا هاوار ئەکا و لە بەرزییەوە ئەیهاوێنە خوارەوە، وە کابرا بە قەتعی لە بەرچاوی ئێمەدا ناجووڵێتەوە. یانی ژیانی بە ڕۆحە لەگەڵ لەشێکدا کە بە لەشی بەرزەخی ناو ئەبرێ. وەکوو لەشێ بە شێوەی «دوحیە» کە حەزرەتی جوبرەئیل جارجار لە شێوەی ئەوا ئەهات بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆ ئەهێنا، وە مەعلوومە کە جوبرەئیل فریشتەیە و ئادەمیزاد نییە.

جا کە ئەمانەتان بیست بزانن ئەم حەیاتە بۆ هەموو ئینسانێ هەیە لە پاش مردن چ موسوڵمان و چ کافر، وە مردوو لە ئەحواڵی خۆی ئاگادارە: بە ئازار بێ یاخود شادمان بێ، وە لە ئەحواڵی ئەو کەسانەیش کە لە پاش مردن ئەڕۆن بۆ سەر قەبرەکەیان. بە تایبەتی ئەگەر مردووەکە خاوەن پایە و خاوەن سەعادەت بێ. بۆیە حەزرەت ﷺ لە مەوزووعی کافرەکانی کوژراوی بەدرا فەرمووی بە حەزرەتی عومەر ﷺ: وەڵڵاهی ئێوە لەوان باشتر نابیسن، بەڵام ناتوانن جوابمان بدەنەوە وەها کە گوێمان لێ بێ!

کەوابێ ئەبێ حەیات و ژیانی شەهیدان حەیاتێکی تایبەتی و بەرزتر بێ لە حەیاتی ئەوانە کە پایەیان لە خواری شەهیدانەوەیە، وە کەمتر بێ لە پایەی ژیانی پێغەمبەران ﷺ وە ڕەهبەران بەرزترن لە شەهیدان.

وە پێویستە ئینسانی موسوڵمان بە دڵێکی شاد و گوشادەوە و بە سینەیەکی سافەوە ئەم بیر و باوەڕە وەربگرێ، وە پایەی ژیان لە قەبرا بۆ پێغەمبەران و ڕەهبەران و شەهیدان و زانیارانی خزمەتکاری ئیسلام و موسوڵمانان و خێرۆمەندان و گەورە دادپەرستە باش خوو و ڕەوشتەکان چین چین هەرکام بەقەی خۆی رابگرێ ئەمەیە ڕێگەی پیرۆزی و بەختیاری.

﴿ وَلَنَبۡلُوَنَّكُم بِشَيۡءٖ مِّنَ ٱلۡخَوۡفِ وَٱلۡجُوعِ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَنفُسِ وَٱلثَّمَرَٰتِۗ ﴾

واتە: بە راستی بەراوردتان ئەکەین بە تووشبوونی کەمێ لە بیم و ترس و کەم و کووڕی لە دارایی و لە نەفس و لە بەش و بارە و دەسکەوتا. وە ئەم مەینەتانە لەم ئایەتەدا نەبەسراون بە شتێکی تایبەتییەوە، واتە نەیفەرمووە ترس لە چی و برسێتی لە چ کاتێکا و لە بەر چ هۆیێ؛ چونکی ئادەمیزاد لە ماوەی ژیانا وا لە مەیدانی سوود و زیانا، وە ئەم کارەساتانە دەس ئەدەن بە گەلێ هۆوە. یانی ترس لە دوژمن بێ یا لە ستەمکاری و برسێتی بەنەهاتی بێ یا بە هۆی تاراج و تالآنەوە بێ. وە یا لەبەر هەر قەزاو قەدەرێ بێ.

وە ریوایەت کراوە لە ئیمامی شافیعییەوە ﷺ کە ترس ترسە لە خودا، وە برسێتی لە بەر رۆژووی رەمەزان و، نوقسانی دارایی لەبەر زەکات‌دان، وە نوقسانی بەش و بارە مردنی ئەولادە لە کوڕ و کچ بۆ خۆی و نەتەوەی.

بە هەر حاڵ مەبەست لە ئایەتەکە ئەمەیە کە موسوڵمانی و بەندەیی خودای تەعالا قەید و شەرتی نییە و ئەبێ ئینسان ئامادە بێ بۆ هەموو قەزایێ سوودی ببێ بە زاهیر یا زیانی ببێ، وە خودای تەعالا هەر شتێ مەیلی لەسەر بێ ئەیکا، وا ئەبێ نیعمەت ئەدا بە دۆست و دوژمنی، وە وا ئەبێ زەحمەت ئەنێرێ بۆ دۆست و دوژمنی، وا ئەبێ زەحمەت ئەدا بە دۆستانی و نیعمەت ئەدا بە دوژمنانی وە وا ئەبێ زەحمەت ئەدا بە دوژمنانی و نیعمەت ئەدا بە دۆستانی، وە لە هیچ بارێ لەم چوار بارەدا رەخنە لە کاری خودا ناگیرێ:

١. لەبەر ئەمە کە خۆی خاوەنی جیهان و ئەهلی جیهانە، هەرچی بکا ملکی خۆیەتی و کەس رایەی ناکەوێ قسە بکا.

٢. پەروەردگاری عالەمە؛ وەکوو موسوڵمانان پەروەردە ئەکا کافرانیش پەروەردە ئەکا.

٣. یاسایەکی داناوە لە جیهانا لەسەر ئەوە ئیش ئەکا: هەرکەسێ، وە یا هەر کۆمەڵێ بەختیار و هۆشیار بن و خاوەن کردەوە و تێکۆشان بن ئەنجام بۆ ئەوانەیە، وە هەر کۆمەڵێ نەزان و تەمەڵ و بێ‌رەوشت بن بەدبەختی بۆ ئەوانەیە. ﴿إن الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم﴾[1] ئەوەندە هەیە لەسەر یاسای عەداڵەت و دادگەری خۆی حەقی حەقدار ون ناکا، وە لەم جیهانەدا یا لە پاشەڕۆژا حەق ئەسێنێ لەو کەسە بە ناحەق ئەڕوا، وە هەر موسوڵمانێ هەر ئازارێ رووی تێ‌بکا یا ئەیکا بە کەفارەتی تاوانی، وە یا ئەیکا بە بەرزی پایەی پاشەڕۆژی.

وە موسوڵمان پێویستە راست و دامەزراو بێ لەسەر دین، وە نابێ بە بایێ سارد و بایێ گەرم بێ، وە پێویستە هەر ئازارێ خودا بۆی ئەنێرێ بە دیاری و میهرەبانی دابنێ، تەماشای قورئان و حەدیس و مێژووی جیهان بکەن چەندەها لە پێغەمبەران و لە رەهبەرانی پاك و لە زانایانی دڵڕووناك بە دەستی دوژمن ئازاردران و کوژران، وە چەن لە پێغەمبەران بە دەستی یەهوودەوە فەوتان.

وە پێویستە موسوڵمان هەمیشە هۆشیار و ئاگادار بێ و تێکوشێ بۆ زانیاری بە سوود و کردەوەی خاوەن قازانج و لەسەر خوو و رەوشتی بەرز وەکوو راستی و پاکی و دڵسۆزی و ئینساف و میهرەبانی پایەدار بێ، وە هەمیشە سوپاسی نیعمەتی خودا بکا و حوقوقی خاوەن حوقوق رابگرێ. جا ئەمجارە لەسەر نیعمەت دەوامدار ئەبێ و لەسەر زەحمەت پایەی پێ‌ئەدرێ، وەکوو فەرموویەتی:

---

١. الرعد؛ ١١.

﴿وَبَشِّرِ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿١٥٥﴾ ٱلَّذِينَ إِذَآ أَصَـٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُوٓاْ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّآ إِلَيْهِ رَٰجِعُونَ ﴿١٥٦﴾ أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَٰتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُهْتَدُونَ ﴿١٥٧﴾﴾

موژدە بدە، ئەی رەهبەری عالەم، بەوانەی کە خۆگرن لەبەر باری خودادا و لەو کاتەدا مەینەتێکیان پێ ئەگا ئەڵێن: ئێمە هەموو عەبد و موڵکی خوداین و ئەگەڕێینەوە بۆ لای ئەو، کە ئەوانە رەحمەت و پایە و مایەی خێر لەلایەنی خوداوە دێتە خوارەوە بۆ سەریان، وە ئەوانەن گەیشتوون بە مەقسوودی بەرز.

حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: هەر شتێ ئازاری موسوڵمان بدا ئەوە موسیبەتە. وە لە ریوایەتی موسلیمدا فەرموویەتی: هەرچی تووشی موئمین ببێ لە ماندووبوون و لە نەخۆشین و لە دەردی گران و زویری هەتا دڵمەلوولی کە بەسەریابێ، ئەبێ بە هۆی کەفارەتی تاوان و گوناهەکانی. وە فەرموویەتی: کاتێ کە موسوڵمانێ کوڕێکی بمرێ خودا ئەفەرموێ بە فریشتەکان: گیانی کوڕەکەتان کێشا؟ ئەڵێن: بەڵێ. ئەفەرموێت: بەش و بارەی دڵتان لێوەرگرت؟ ئەڵێن: بەڵێ. ئەفەرموێ: باوکەکەی چیوت؟ ئەڵێن: حەمد و سەنای تۆی کرد. ئەفەرموێت: هۆدەیەکی لە بەهەشتا بۆ بکەنەوە، وە ئەو هۆدە ناوی هۆدەی حەمدە.

ئەی برایان! ئەم جەزای بەرزە بۆ ئەوانەیە کە بە زمان و دڵ رازین بە قەزای خودای تەعالا، وە رەزا بە قەزا چەن پلەیە لایکەمی ئەوەیە کە ئینسان باوەڕی ببێ بە خودا و بزانێ کە خودا لەسەر مەینەتەکە جەزای ئەداتەوە.

﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ﴾

تەپۆڵکەی سەفا و تەپۆڵکەی مەروە عەلامەت و نیشانەی عیبادەتی خودان لە کاتی حەج و عومرەدا.

﴿فَمَنْ حَجَّ ٱلْبَيْتَ أَوِ ٱعْتَمَرَ﴾

دەی هەر موسوڵمانێ حەجی کەعبەتوڵلا بکا لە مانگی قوربانا و یاخود عومرە بکا و تەوافی بەیتوڵلا بکا لەهەر کاتێکا بێ.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ﴾

ئەوە تاوانی نایەتە سەر بەوە کە هاتوچۆ بکا لە بەینی ئەوانا وەکوو لە دینا بڕیار دراوە.

حەج لە زمانی عەرەبا: قەسد و مەبەست کردنە، وە لە عورفی شەرعا: زیارەتی کەعبەتوڵلایە لە مانگی قوربانا. وە عومرە لە زمانی عەرەبا: زیارەت کردن و ئاوەدان کردنەوەیە، وە لە عورفی شەرعا: زیارەتی بەیتوڵلایە بە یاسای شەرعی. وەختی خۆی عەرەبەکان کە دەستیان کرد بە بت پەرستی و یاسای حەج و عومرەی حەزرەتی ئیبراهیمیان تێکدا، بتی «اساف»یان لەسەر تەپۆڵکەی سەفا دانا، وە بتی «نائله» ناویان لەسەر تەپۆڵکەی مەروە دانا. جا کاتێ کە موسوڵمانان دینی خوایان ناسی و بت پەرستی لە جیهانا هەڵگیرا پێیان ناخۆش بوو تەوافی سەفا و مەروە بکەن، لەبەر ئەوە کە لە زەمانی بت پەرستیدا بتیان بەسەرەوە بووە. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە کە سەفا و مەروە نیشانەی بەجێهێنانی شیعاری دینن و بەوەی کە کافرەکان بتیان لەسەر دانان خراپ نابن، وە ئێستە کە بتەکان نەماون تەوافیان بکەن بە یاسای دین.

بزانن! تەواف لە بەینی سەفا و مەروەدا بۆ بەجێهێنانی حەج و عومرە سونەتە لەلای ئیمامی ئەحمەد، وە لای ئەبوحەنیفە واجبە ئەگەر تەرك کرا بە فیدیە چار ئەکرێ، وە لای ئیمامی مالیك و ئیمامی شافیعی فەرز و روکنە و بە تەرکیان حەج و عومرەکە بە تاڵ ئەبێتەوە.

﴿وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ١٥٨﴾

وە هەرکەسێ تاعەتێ بکا فەرز بێ یا نە، ئەوە خودا پێی ئەزانێ و وەری ئەگرێ.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلْنَا مِنَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلْهُدَىٰ﴾

بە راستی ئەو زانایانە کە ئەشارنەوە ئەوەی ئێمە نازڵمان کردووە لە ئایاتی رووناك و لە ئایاتێ کە هۆی شارەزاکردنی ئادەمیزادن بۆ رێگەی دین.

﴿مِنۢ بَعْدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِى ٱلْكِتَٰبِ﴾

پاش ئەوە کە رۆشنمان کردنەوە بۆیان بە کورتی یا بە درێژە پێ دانیان.

﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَلْعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ١٥٩﴾

ئەوانە هەموویان خوای تەعالا لەعنەت و نەفرینیان لێ ئەکا، وە هەموو ئەو کەسانەیش کە خاوەن شوعووری دینین.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟﴾

مەگەر ئەو کەسانەیان کە پەشیمان بوونەوە لەو شاردنەوەیە.

﴿وَأَصْلَحُوا۟ وَبَيَّنُوا۟﴾

وە خوو و رەوشتی خۆیان چاك کرد، وە ئەوەی کە شاردبوویانەوە دەریان بڕی.

﴿فَأُو۟لَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ ۚ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٠﴾

ئەمانە تەوبە و پەشیمانبوونەوەکەیان لێ قەبووڵ ئەکەم؛ چونکی هەر منم ئەگەڕێمەوە بۆ سەر بەندەی تاوانبار بە چاوپۆشی، وە منم میهرەبان بۆیان.

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ كُفَّارٌ أُو۟لَٰٓئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ ٱللَّهِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ١٦١﴾

بەڵام ئەو کەسانەی کە دینیان شاردەوە و پەشیمان نەبوونەوە و بە کافری مردن ئەوە لەعنەت و نەفرینی خودای تەعالا دێتەخوارەوە بەسەریانا، وە نەفرینی فریشتەکان و ئادەمیزادە باشەکانیش بە گشتی.

﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ ٱلْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ ﴿١٦٢﴾﴾

وە حاڵیان وایە ئەمێننەوە لەو نەفرینەدا و لە جەزای ئەو تاوانانەدا کە بوون بە هۆی نەفرین هەتا هەتایە. ئەو عەزابەی بۆیان بڕیاردراوە سووك ناکرێ لە سەریان. وە بە قەتعی لە هیچ ماوەیەکدا مۆڵەت نادرێن و عەزابیان دوا ناخرێ.

چەن باسێك:

[**باسی**] **یەکەم**: ئیمامی رازی ئەڵێ: ئەم ئایەتە: ﴿إن الذين يكتمون﴾ وتارێکی سەربەخۆیە و هاتووەتە خوارەوە و هەموو ئەو زانایانە ئەگرێتەوە کە باسێ لە دین ئەشارنەوە. وە بازێ ئەڵێن: نەخەیر، هاتووەتە خوارەوە لە بارەی ئەو زانا جوولەکانەوە کە لە لایەنی کۆمەڵێ لە ئەنسارەوە پرسیاریان لێ‌کرا لەو سیفات و نیشانانەی حەزرەتە کە لە تەوراتا هەن ئەوانیش ئینکاریان کرد و شاردیانەوە. وە بازێ ئەڵێن: ئەم ئایەتە هاتووە لە شانی ئەو جوولەکە و گاورانەدا کە نیشانەی پێغەمبەریان لە عالەم شاردەوە.

بەڵام قسەی یەکەم راستە لەبەر چەن شت؛ **یەکەم**: لەفزی ئایەتەکە عامە و پێویستی بە لادان لە مانای خۆی نییە. **دووەم**: بە یاسای ئوسوول مادام عیللەتی لەعنەتەکە ونکردنی دینە هەرکەسێ دین ونبکا بەر ئەو هەڕەشە ئەکەوێ. **سێهەم**: گەلێ لە ئەسحابەکان ﷺ ئەم ئایەتەیان لەسەر مەعنای عوموم ئیعتیبار کردووە؛ لەوانە: ئەبووهورەیرە ﷺ کاتێ کە عیتابی لێ‌گیرا لەسەر زۆر ریوایەت کردنی ئەحادیس فەرمووی: ئەگەر دوو ئایەتی قورئان نەبوایەن من حەدیسم بۆ ریوایەت نەدەکردن.

یەکەم ئایەتی: ﴿إن الذین یکتمون ما أنزلنا من البینات والهدی﴾ دووەم: ئایەتی ﴿وإذ أخذ اللّه میثاق الذین أوتوا الکتاب لتبیننه للناس ولا تکتمونه﴾ (١٨٧ آل عمران).

لە واقیعا دین و شارەزایی بۆ ڕێگای ڕاست بە زانیاری دێتە جێ، وە دیارە هەموو کەسێ زانیار نییە جا ئەگەر زانیارەکان زانستەکەیان بشارنەوە ئەوە ئادەمیزاد هەموو گومڕا ئەبن و ئەکەونە چاڵی تاریکستانەوە بۆیە بڕیار دراوە کە دەربڕینی زانیاری و بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری بازێ جار فەرزی عەینە لەسەر هەموو زانیارێ، وە بازێ جار فەرزی کیفایەیە و لەسەر وەزعی ڕۆژ ئەگۆڕێ.

باسی دووەم: ئەو بەیانەی کە خودا کردوویەتی لە کیتابا بازێکی بە تەفسیل و درێژەدارە وەکوو ئەو ئایەتانە کە ئەبن بە هۆی ڕووناکی ئایەتە کورتەکان، یانی بۆ بەیانی قەیدی موتڵەق یا تەخسیسی عام یا جێگەی ڕەفتار کردن بەو ئایەتە؛ ئایا ماوەتەوە یا مەنسووخە!

وە بازێکیان بە ئیجمالن وەکوو ئەوە کە لەکیتابا بەیانی قورئان حەواڵە کراوە بە پێغەمبەر ﷺ وە یا باسی ئەوە کراوە کە ڕێگای گشتی موسوڵمانان ڕاستە یانی ئیجماع حەقە و وەکوو ئەوە ئەمر کراوە بە ئیعتیبار یانی قیاسێ موجتەهید و زانای ڕەسا بیکا بە کارە، وە یا دەلیلێ ئینسانی خاوەن زانست سەوقی بکا هۆی ڕزگارییە. یانی پوختەی شوێنەکە ئەمەیە کە بەیانی خودای تەعالا دەس ئەدا بۆ بەیانێ کە بە ئاشکرا بێ، وە بۆ بەیانێ کە بە شێوەی ئیستینبات ئیستیفادە کردن بە هۆی یاسای موجتەهیدەکانەوە بێ.

باسی سێهەم: لە جوملەی «وهم کفار» کە حاڵە لە «فاعل»ی «وماتوا» دەرئەکەوێ لەعنەت لە کاتێکا ڕەوایە بزانرێ ئەو کەسە بە کافری کۆتایی ژیانی هاتووە. کەوابێ دروست نییە لەعنەت کردن لە کافرێکی دیاری تا نەمرێ بە کافری؛ چونکە ئەنجامی

دیار نییە، وە بە «طریق الأولی» دروست نییە لەعنەت کردن لە موسوڵمانی دیاری؛ چونکی زاهیری حاڵی ئەم موسوڵمانە ئەوەیە کە لەسەر ئیسلامییەت ئەمرێ. بەڵام لەعنەت لە کۆمەڵەی کافران بە ئیجمال دروستە، واتە موباحە و ڕەوایە، ئەنا لەعنەت کردن لەوانەیش نە واجبە و نە مەندووبە، وە حەقی ئینسان وایە کە زمانی خۆی رام نەکا بۆ واتەی نابار و ناشیرین.

هەروا لەعنەت لە ستەمکاران و شەرابخۆران و دز و درۆزنان بە کۆمەڵ و بە ئیجمال ئەوە لە ئایەت و حەدیسا هەیە و ڕەوایە، وەکوو مەعلوومە بۆ ئەوانە کە ئاگادارن.

جا لە کاتێکا خوای تەعالا هەڕەشەی کرد لە زانایان لەسەر شاردنەوەی وتاری راست ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە بۆ ئەمە بانگیان بکا بۆ ئیعلانی تەوحید و بەیانی یەکیەتی پەروەردگار لە جیهانا؛ چونکی تەوحیدی پەروەردگار بناغەی هەموو پیرۆزی و بەختیارییەکە بۆ ئادەمیزاد و بۆ هەموو خاوەن هۆشێ، وە فەرمووی:

﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ﴾

پەروەردگاری ئێوە پەروەردگارێکی تاق و تەنیایە.

﴿لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾

هیچ کەسێ نییە کە «واجب الوجود»بێ و عیبادەتی بۆ بکرێ و پەروەردگار بێ ئیللا ئەو.

﴿الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾

کە میهرەبان و بەخشندەیە بە هەموو جۆرە بەخششێ لەم جیهانە. وە لە جیهانی ئایندەدا کە پایەدارە هەتا هەتایە.

فائیدەیەك:

ئیمامی ئەحمەد و ئەبوداوود و ترمزی بە سەنەدێكی سەحیح ریوایەتیان كردووە لە حەزرەتەوە ﷺ كە ئیسمی ئەعزەم وا لەم دوو ئایەتەدا؛ یەكەم: ﴿وإلهكم إله واحد لا إله إلا هو الرحمن الرحيم﴾.

دووەم: ئایەتی ئەووەڵی ئالیعیمران: ﴿الم، الله لا إله إلا هو الحي القيوم﴾. وە تەبەرانی و حاكم ریوایەتیان كردووە بە سەنەدێكی حەسەن لە حەزرەتەوە ﷺ كە ئەو ئیسمی ئەعزەمەی ئەوتەو پاڕانەوەی پێ بكرێ لە خودا قەبووڵی ئەكا وا لە سێ سوورەت لە قورئانا: «البقرة»، «آلعمران»، «طه».

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَـٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلْفُلْكِ ٱلَّتِي تَجْرِي فِي ٱلْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ﴾

بە راستی هەیە لە دروستكردنی عاسمانەكان و عەرز و لە جیاوازی شەو و رۆژدا بە كورتی و درێژی، وە لە ئیلهامی دروستكردنی ئەو كەشتیانەدا كە ئەڕۆن لە دەریادا و ئەبن بە هۆی دەسكەوتنی ئەوەی سوودی هەیە بۆ ئادەمیزاد.

﴿وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٍ فَأَحْيَا بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ﴾

وە لە باراندنی ئەو ئاوەی كە خودا ئەیبارێنێتە خوار لە عاسمانەوە جا ئەم عەرزە وشكە مردووە بێسوودەی پێ زیندوو ئەكاتەوە لە پاش مردنەكەی و ئەنواعی گیانلەبەری تێدا بڵاوئەكاتەوە.

﴿وَتَصْرِيفِ ٱلرِّيَـٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلْمُسَخَّرِ بَيْنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ﴾

وە لە گۆڕان و شەپۆلدان بە باكان بەسەر عەرزا بۆ نەشەدان بە گیا و دار و گیاندار و لە هەورا كە رام ئەكرێ لە بەینی عەرز و عاسمانا.

﴿لَأَيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٦٤﴾

گەلێ عەلامەت و دەلیل هەیە لەسەر ئەوە كە ئەم جیهانە پەروەردگارێكی زیندووی زانای بە تەوانا و خواستی هەیە، بەڵام ئەم ئایاتە و ئەم دەلیلانە لەلای ئەو ئادەمیزادانە هەن كە خاوەن زانستن و هۆشیار و بیرەوەرن.

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

یەكەم: ئەگێڕنەوە كاتێ كە ئایەتی پێشوو هاتە خوارەوە و كافرەكان بیستیان وتیان بە حەزرەت: دەلیلت چییە لەسەر ئەمە كە ئێمە خودایەكی تاق و تەنیامان هەیە؟! جا ئەم ئایەتانە هاتنەخوارەوە.

دووەم: خودای تەعالا قورئانی نازڵ كردووە بۆ ڕێنومایی لەسەر پایە و هۆشیاری ئەوانە كە ئەیبینن، وە هەركەس بە قەی پایەی هۆشیاری خۆی سوودی لێوەرئەگرێ. مەسەلا ئەو كەسانە كە زانان و ئاگادارن لە سیفاتی مەوجوودات ئەوانە لەم ئایەتانەدا بەیان كراون لە جیهەتی ئیمكان و حودووس و یاسا و نیزام تەماشا ئەكەن و ئەڵێن: هەرچی لەم جیهانەدا هەیە بە ئاشكرا لە ئیمكان دەرناچێ، وە مومكین بوون و نەبوونی بە بێ تەرجیح و هێزی خاریجی نابێ و ئەو هێزە خاریجەیش نابێ وەكوو ئەمان لەلایەنی مومكینەوە بێ و پێویستە لە زاتی واجبەوە بێ كەوابوو بە ڕووناكی ئیمكانی ئەم جیهانە دەلیلە لەسەر وجوودی پەروەردگارێكی «واجب الوجود» كە ئەم عالەمە و ئەو ئەوزاعە ئیحداس بكا و بیخاتە مەیدانی وجوودەوە.

وە لە لایەكی‌تریشەوە قابیل نییە زاتی «واجب الوجود» موعاریزێكی ببێ كە لە ئیمكانا ببێ موخالەفەی ئەم زاتە «واجب الوجود»ە بكا، كەوابێ پێویستە ئەم زاتە

«واجب الوجود»ه کە خالیقی جیهانە یەك زات بێ. بەم جۆرە ئیسباتی بوونی خالیق و تەنیایی خالیق ئەکا.

وە ئەو کەسانەیش کە پایەی هۆشیارییان پایەی عەوامی ئادەمیزادە کە تۆزێ بیری کردەوە لەم جیهانەدا و لەو عەرز و عاسمانەدا و لەم شەو و رۆژەدا کە کورت ئەبن و درێژ ئەبن و ئەم فەسڵانە رێك ئەخەن و هەر مەوسیمێ بۆ نەوعە ژیوارێ بە کاردێ و تەماشای عەقڵی ئادەمیزاد ئەکا کە چین بە چین بەرز ئەبێتەوە و ئەسبابی ژیوار و بەرزی خۆی پەیدا ئەکا و کەشتی دروست ئەکا و ئەڕواتە ناو دەریای بێ‌پەی، وە بە هۆی چەن شتێکەوە سوود لە دەریا وەرئەگرێ، وە کاتێ تەماشای ئەوە ئەکا ئەم جیهانە بە وشکی گیاندار ناژی بەسەریەوە، وە خوای تەعالا هەور رێك ئەخاو باران ئەبارێنێ و ئەنواعی گیا و داری بە سوود و سەمەر ئەڕوێنێ و ئەنواعی گیانلەبەرێ لەسەر عەرز دروست ئەکا کە سوودیان لێ‌وەرئەگیرێ، وە هەروا بە درێژایی چەرخی شەو و ڕۆژ ئەم با و باران و هەورە بە قەی پێویست پەیدا ئەبێ و ئەنواعی رووداو لە جیهانا ئەبینێ بە جۆرێ کە ئەم جیهانە وەکوو دادگاییێکی بە یاسا وا دێتە بەرچاوی کە بەسەرە ئادەمیزاد راکێشن بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ستەمکار. کاتێ بیری کردەوە لەم رووداوانە و لەم یاسا رەسایە کە هەروا دەوام ئەکا باوەڕێکی بەهێز لە دڵ و دەروونیا دائەمەزرێ کە ئەم جیهانە پەروەردگارێکی نیگاهبانی بەتەواناای هەیە و زاڵە بەسەر هەموو خواستێکی خۆیا و کەس لە دائیرەی هێزی دەرناچێ، وە ئەو پەروەردگارەیش یەك زاتی تاق و تەنیایە. ئەگەرنا ئەم دنیا ئەبوو بە خانووی خاوەن زۆر: رۆژێ ئاسمان ئەڕووخا و رۆژێ مانگ دائەکەوتە خوارەوە و رۆژێ هەتاو بێ رووناکی ئەبوو و رۆژێ دەریاکان وشك ئەبوونەوە... مادام کە هەموو ئەمانە لەسەر یاسایەکی جوانی رەسا دەوام ئەکەن ئەزانی کە ئەو پەروەردگارە تەوانایە هەر یەکێکە و بە دڵ و زمان ئەڵێی: «لا إله إلا هو الرحمن الرحيم».

سێهەم: موفەسیرەکان گەلێ بیریان دەربڕیوە دەربارەی ئەم تەرتیبە کە لەم ئایەتەدایە، پێویست نییە بە بەیانیان، وە جوانتریان ئەمەیە گەورەترینی مەوجوودات لە جیهانا گیانلەبەرە و گەورەترین گیانلەبەران ئینسانە، وە ئینسان و باقی گیانلەبەران پێویستیان بە چوار شت هەیە؛ یەکەم: شوێنی تیابوون (زەرفی مەکان). دووەم: ماوەیێ سوودی لێوەربگیرێ (زەرفی زەمان) بۆ کاسبی و ئاسایش وەرگرتن. سێهەم: رزق و ڕۆزی کە ژیواری پێ بکەن. چورامم: دەوامدان بەو وەزعە.

بۆیە بەم پێیە خودای تەعالا بەر لە هەموو شتێ باسی خەلقی عاسمان و عەرزی کرد، لەبەر ئەوە کە عەرز زەرفی مەکانە بۆ ئینسان و گەلێ گیاندار، وە عاسمانیش جێگەی هەڵسووڕانی گیانداری باڵندەیە، وە عاسمانی خستە پێش عەرز لەبەر ئەوە کە عاسمان کانگەی رژاندنی نوور و رووناکییە بەسەر جیهانا و بە بێ رووناکی گیانلەبەر جێگەی خۆی نادۆزێتەوە.

پاش ئەمە باسی ئیختیلافی شەو و ڕۆژی کرد؛ چونکی بە بێ ئیختیلافی شەو و ڕۆژ، یانی بە بێ ئەوە بێن بە شوێن یەکا، کاتی کارکردن و کاتی ئاسایش بۆ ئینسان دەس ناکەوێ بە شێوە و یاسای دامەزراو. جا باسی کەشتی کرد؛ چونکی رزق و ڕۆزی بۆ ژیوار گەلێکی لە دەریادا دەسئەکەوێ بە تایبەتی بۆ ئەوانە وان لە قەراخی دەریادا و جەواهیراتی ناوی دەریا بە هۆی کەشتییەوانییەوە دەست ئەکەوێ، هەروا گەیشتن بە وڵاتە دوورەکان و سوود وەرگرتن لەوانە بە هۆی کەشتیرانییەوە بە ئاسانی دێتەجێ. جا باسی بارانی ئاسمانیکرد؛ چونکی بارانە ئەبێ بە هۆی سەرچەشمە و کانیاو و کارێز و رووبار و ئەبێ بە هۆی دەرچوونی گیا و داری بارەدار و کشتوکاڵ و ژیواری گیانلەبەر، جا باسی جووڵان و شەپۆلی بای کرد، وە باسی هەوری چین بەستووی هەوای کرد؛ چونکی ئاوی دەریا و هێزی گیا و دار لەسەر عەرز و ژیواری

هەموو گیانلەبەران هەتا هەتایە و دنیا دنیایە لەسەر با و بارانە. وە لە واقیعا ئەم شتانە کە باس کراون لەم ئایەتەدا نیشانەی وجوودی پەروەردگار و تەنیایی ئەون، وە دامەزراندنی یاسای ژیان بۆ گیانلەبەر و قانوونی ئەسباب و موسەبیبات لە رووی سەربساتا و رێگە دۆزینەوە بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن و زاڵ بوون بەسەر داخوازی ئادەمیزادا بەوانەیە. جا خۆزگە بەوانە هۆشیار و خاوەن دەسەڵاتن و موەفەق ئەبن لەسەر سوود لێوەرگرتنیان!

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾

لەگەڵ ئەم دەلیلانە کە هەن لەسەر ئەوە پەروەردگاری عالەم تاقە زاتێکی «واجب الوجود»ە کە هەر ئەو تەوانایی هەیە بەسەر جیهانا و پێویستە هەر لەبۆ ئەو عیبادەت بکرێ و هەموو سوود و زیانێ لەوەوە بزانرێ. بازێ کەسی وا هەن کە لەبەر ئارەزووکاری و خۆپەرستی لەم دەلیلانە لائەدەن و بێجگە لە خودای تەعالا چەن هاووێنەیێ بۆ خودا بڕیار ئەدەن، وەکوو ئەو «بتانە» کە ئەیانپەرستن، یا وەکوو ئەو «مالووم» و «قەشانە» کە لەگەڵ وجوودی پێغەمبەرا ﷺ و دەرکەوتنی موعجیزات و ئینتیساراتی ئیسلام و ئاشکرایی دەعوەتەکەیا ئەکەونە شوێنیان و هەر حوکمێ ئەوان بڕیاری بدەن بەجێی دێنن و ئەو بتانە کە بە دەست تاشراون، وە یا ئەو قەشە و مالوومانە کە بە خاوەن شەرع بڕیار دراون خۆشەویستن و ئەم هەواخواهانە خۆشیان ئەوێن وەکوو چۆن خودای پەروەردگاریان خۆش ئەوێ.

﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾

بەڵام ئەو کەسانە ئیمانی ساغیان هەر بە خودا هەیە ئەوە مەحەببەتیان بۆ خودا زۆرترە لە مەحەببەتی ئەوان بۆ بتەکان یا بۆ قەشە و مالوومەکان لەبەر ئەوە موسوڵمانەکان هەر خودایان خۆش ئەوێ، وە ئەوان خودا و بتەکان، یا خودا و قەشە و مالوومەکانیشیان

خۆش ئەوێ، وە لەبەر ئەوە کە مەحەببەتی موسوڵمانی ساغ لەبەر خودا و هەتا هەتایە، بەڵام مەحەببەتی ئەوان لەبەر دونیایە و لەبەر بازێ هیوایە کە ئەو هیوایانە نەمان مەحەببەتەکە نامێنێ، وە لەبەر ئەوە کە مەحەببەتی خودا لەسەر ئەساسی حەقیقەتە، وە مادام عەقڵ و هۆشی بمێنێ ئەو محەببەتە ئەمێنێ، بەڵام مەحەببەتی ئەوان لەسەر ئیشتیباه و شوێن کەوتنە هەرکاتێ ئیشتیباهەکە نەما مەحەببەتەکە نامێنێ وەکوو راکردن بۆ لای (سەراب = بەردەخوێ)، کە پێی گەیشت و تێی گەیشت بە نائومێدی بەجێی ئەهێڵێت.

﴿وَلَوْ يَرَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُوٓاْ إِذْ يَرَوْنَ ٱلْعَذَابَ أَنَّ ٱلْقُوَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا وَأَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعَذَابِ ﴿١٦٥﴾﴾

ئەگەر بیانزانیایێ ئەو کەسانە کە ستەمیان لە خۆیان کرد بەو بیر و باوەڕە نابارە لە کاتی چاوپێکەوتنی عەزاب و ئازاری دۆزەخا کە هەرچی هێزە هەر بۆ خودایە هەمووی، وە خودای تەعالا تۆڵەسەندنەوەی زۆر بەشیددەت و سەختە، ئەیانزانی کە وان لە خەسارەت و زیانا.

﴿إِذْ تَبَرَّأَ ٱلَّذِينَ ٱتُّبِعُواْ مِنَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ ٱلْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴿١٦٦﴾﴾

ئەو کاتی چاوپێکەوتنی عەزابە کاتێکە کە بتەکان و قەشە و مالوومەکان یەخەی خۆیان هەڵئەتەکێنن لەو کەسانە کە کەوتوونەتە شوێنیان، وە هەموو عەلاقە و پەیوەندییەك لە بەینیانا ئەپچڕێ، وە لە باتی مەحەببەت و پەیوەندی رق و کینە و دوژمنایەتی دەرئەکەوێ!

﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُواْ لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُواْ مِنَّا﴾

وە لە ڕۆژی دیتنی عەزابا و لەو کاتی یەخەهەڵتەکاندنی سەرۆکانەدا ئینسانە خەڵەتاوە شوێنی هەواکەوتووەکان بە داخ و ئاخەوە ئەڵێن: کاشکی گەڕانەوەیەکمان ببوایە بۆ جیهانی ژیانی پێشوو هەتا لە بەرەوڕووی ئەهلی دنیادا ئێمەیش یەخەی خۆمان لەو سەرۆکە پووچەڵانە هەڵبتەکاندایە وەکوو ئەوان لەم جیهانی پاشەڕۆژەدا یەخەیان لە ئێمە هەڵتەکان، وە هەر وەکوو ئەوان ئابڕووی ئێمەیان بردووە و ئێمەیان شەرمەسار کردووە ئێمەیش ئەوانمان شەرمەسار بکردایە و ئابڕوومان ببردایەن.

﴿كَذَٰلِكَ يُرِيهِمُ ٱللَّهُ أَعْمَٰلَهُمْ حَسَرَٰتٍ عَلَيْهِمْ﴾

ئا بەو جۆرە کە تووشی عەزابی ئاگری دۆزەخ و تووشی شەرمەساری ڕۆژی قیامەت ئەبن خودای تەعالا جەزایان ئەداتەوە و کردەوەکانیان دێنێتە بەرچاو بە شێوەی حەسرەت و غەمباری بەسەردڵیانا.

﴿وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٦٧﴾﴾

وە تەنیا ئەوە نییە کە ئەو عەزاب و شەرمەسارییەیان نیشان بدات و ببڕێتەوە، بەڵکوو هەتا هەتایە لە ئاگری دۆزەخیش دەرناچن.

پێویستە بزانن تەفسیر کردنەوەی کەلامی خودا بە هەوا نابێ، وە واجبە لەسەر رووناکی دەلیلی عەقڵی و نەقڵی بێ.

جا لەسەر ئەم ئەساسە «ئەنداد» هاووێنەیەکی وایە موقاوەمەی دینەکەی بکا و بەرانگاری ببێ و مەنعی بکا لە خواستی خۆی، وە بە قەتعی «ئەنداد» بەم مەعنایە بۆ خودا نییە و کەس دانی بە شتی وادا نەناوە مەگەر گەلی بتپەرستەکان کە بە هەوای پووچی خۆیان بتەکانیان بە خودای سەرزەوی داناوە و مەگەر کیتابییە هەواپەرستەکان کە لەبەر ئارەزووبازی کەوتوونەتە دووی مالووم و قەشەکانیان، وە لەگەڵ وجوودی پێغەمبەری نازارا و لەگەڵ دەرکەوتنی «موعجیزات»دا و لەگەڵ تێگەیشتن لە خوو

و رەوشتی ئەهلی ئیسلام لە رێگای راست لایان داوە و بە درۆ و دەلەسە و فرِوفێڵ مەنعی خەڵکیان کردووە لەوە کە موسوڵمان ببن و نیشانە و عەلامەتی راستی پێغەمبەری نازاریان شاردووەتەوە.

ئیتر تەفسیر کردنەوەی ئەنداد بە هەموو سەرۆکێکی دینی لە عالەمی ئیسلاما و بە هەموو زانایێ کە موسوڵمانان بکەونە شوێنی، وە یا تەفسیر کردنەوەی بە ئیمامێکی موجتەهیدی خاوەن تەئلیف و تەدوین کە عالەمی عولەما ملیان بۆ شۆڕ بکەن ئەمە تەفسیرێکی هەڵە و بیدعەت و بەتاڵە، بەڵکوو ئەم نەوعە بەیانە لە بانگکردنی ئادەمیزاد ئەچێ بۆ ئەوە کە جومهووری موسوڵمانان بە گومڕاھ دابنێن و موجتەهیدەکان کە خزمەتی قورئان و سوننەتی پێغەمبەریان کردووە بە «ئەنداد» و پیاوی بەدکار و تاوانبار دابنێن «والعیاذ باللّٰه» لەم بیر و باوەڕە پووچە بەتاڵە کە بێجگە لە ئیبلیس کەس پێی رازی نابێ.

هەروەها تەفسیری ئەنداد بکرێتەوە بە گەلێ لەو موسوڵمانە پاکانە کە بە پەیڕەوی پێغەمبەر ﷺ و زوهد و تەرکی دنیا و دووری لە هەوای نەفس دڵیان نوورانی بووە و بە زیکری خودا و قورئان خوێندن و شەونوێژ و تاعەت دڵیان رام و ئارام بووە. ئەمەیش هەر بەدبەختی و لادانە لە رێگەی ئیسلام؛ چونکی لە قورئانا خودا تاریفی دۆستانی خۆی لە چەن ئایەتا کردووە و نیشانە و عەلامەتی بۆ داناون و پوختەی نیشانەیان ئەمەیە کە وان لەسەر خوو و رەوشتی پێغەمبەر ﷺ وە ئیعلانی کردووە: ﴿ألا إن أولياء الله لا خوف عليهم ولا هم يحزنون ﴿٦٢﴾ الذين آمنوا وكانوا يتقون ﴿٦٣﴾﴾.[1]

وە ئەم کۆمەڵە دائیما بە زمان و بە نووسین جاڕ ئەدەن بە جیهانا کە رێگەی ئێمە رێگەی قورئان و حەدیسی پێغەمبەرە ﷺ وە هەرکەس لەو رێگە لادا ئەوە گومڕایە.

---

١. یونس: ٦٣ ـ ٦٢.

ئەم زاتانە و ئەو ئیمامە عالمە گەورانە هەموو وەکوو چرای رووناکن لە مەیدانی تاریکستانی جیهانا و دونیا بەمانە رووناك ئەبێتەوە و دڵی هۆشیار بە سوحبەتی ئەمانە پاك ئەبێتەوە و بەختیار ئەو کەسەیە کە بە پەیڕەوی شەرعەوە هاوڕێی پاکانە و لەسەر خۆشەویستی ئەوان ئەمرێ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي ٱلْأَرْضِ حَلَٰلًا طَيِّبًا﴾

ئەی ئادەمیزاد بخۆن لەو خواردەمەنییانە کە دەستان پێی ئەگا لە ئەرزا بە مەرجی ئەمە کە حەڵاڵ و رەوا بێ خواردنی، واتە ماڵی خەڵك نەبێ، وە «طیب»بێ، واتە بە تەبیعەتی ئینسانی سەلیم قیزەون نەبێ.

﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِۚ﴾

وە مەکەونە دووی هەنگاوەکانی شەیتان: حەرام لە بۆ خۆتان حەڵاڵ مەکەن، وە حەڵاڵ لەسەر خۆتان حەرام مەکەن.

﴿إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾﴾

بە راستی شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی دیارییە.

﴿إِنَّمَا يَأْمُرُكُم بِٱلسُّوٓءِ وَٱلْفَحْشَآءِ﴾

شەیتان فەرمانتان پێ نادا مەگەر بە شتێ کە نابار بێ و بیر و باوەڕ و کردەوەیێ کە زۆر لە ئەندازە لای‌دابێ، وەکوو شەریکدانان بۆ خودا و دەسبردن بۆ گیان و نامووس و ماڵی خەڵك و وتاری ناشیرین.

﴿وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٦٩﴾﴾

وە فەرمانتان پێ ئەدا بەوە کە هەڵبەستن لەسەر خودا ئەو شتانەی کە نایزانن وەکوو حەرامکردنی حەڵاڵ و حەڵاڵکردنی حەرام.

لێرەدا دوو باس هەیە:

[**باسی**] **یەکەم:** ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە بە هۆی ئەوەوە کە هۆزی «سەقیف» و «خەزاعە» و «بەنی‌مودلج» چوار شتیان حەرام کرد لەسەر خۆیان: «بحیرة»، «سائبة»، «وصیلة»، «حام». یەکەم: وشترێ کە پێنج سك بزایێ و سکی ئاخری نێر بوایێ گوێچکەیان هەڵئەقڵیشان و بەرەڵڵایان ئەکرد نە سواری ئەبوون و نە ئەدۆشرا، بەم پێیە «بحیرة» یانی گوێ‌هەڵقڵیشاو. دووهەم: «سائبة» نەخۆشێ ئەیگوت: ئەگەر لەم ناساغییە خۆشەوە بووم ئەو وشترەم بەرەڵڵا ئەبێ کاتێ خۆش ئەبووەوە وشترەکەی وەك «بحیرة» بەرەڵڵا ئەکرد، نە سواری ئەبوو و نە ئەیدۆشی. واتە «سائبة» بەرەڵڵاکراو. سێهەم: «وصیلة» ئەگەر وشترەکەیان بە مێچکە بزایێ وەریان ئەگرت بۆ خۆیان و ئەگەر بە نێر بزایێ دایان ئەنا بۆ بتەکان و ئەگەر نێر و مێیەکی ببوایە ئەیانوت: وا مێچکە گەیشت بە برای خۆی، ئیتر لەبەر خاتری ئەو مێچکە نێرەکەیان سەرنەدەبڕی. واتە «وصیلة»: یانی مێچکەی بە نێرەگەیشتوو. چوارەم «حام»: ئەو وشترەیە کە دە سك بزێ لە نێرەیێ جا پاش ئەوە سواربوونی ئەو وشترەیان حەرام ئەکرد و ئەیانوت: ئەو وشترە «حامية» واتە پشتی خۆی پاراستووە لە سواری. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەم حەرامکردنە هەمووی لە کەوتنە دوای شەیتانە و خودا بە شتی وا رازی نییە.

باسی دووهەم: زاناکان فەرموویانە: خودای تەعالا ئادەمیزادی جیا کردووەتەوە لە گیانلەبەران بە سوورەتی جوان و خەلاتی «نەفسی ناتیقە» واتە: رۆحی هۆشیار، وە ئەم نەفسی ناتیقە سێ هێزی پێ‌دراوە، **یەکەم**: قووەی عەقلییە کە هۆی تێگەیشتن و زانست و زانیارییە. **دووەم**: قووەی شەهەوییە، واتە: هێزی ئارەزوو، ئەویش بۆ جەلب و راکێشانی شتی بە سوود و دوورخستنەوەی شتی زیاندارە. **سێهەم**: قووەی

غەزەبییە، واتە: هێزی تووڕەبوون و دەست وەشاندن بۆ ئەوە کە ئەگەر دوژمنێ هێرشی هێنایە سەر تێکۆشێ بۆ چارکردنی.

جا ئەم سێ هێزە هەر یەکێ سێ پلەی هەیە، هەر ناوەڕاستەکانیان فەزیلەیە و پەسەندە ئیتر ئەولا و ئەملایان «رەزیلە»یە و ناپەسەندە. وەکوو: هێزی ناوەڕاستی قووەی عەقڵییە حیکمەتە کە عیبارەتە لە زانستی شت بە شێوەی راستی، وە پەڕی ئەولای جەربەزەیە کە تێپەڕکردنە بەسەر شتا، وە پەڕی ئەملا «غباوە»یە بە مانا تێنەگەیشتن. وە هێزی ناوەڕاستی قووەی شەهەوییە «عیفەتە» کە عیبارەتە لەوە کە «جەزب» و «دەفع»ەکەی بە قەی پێویست بێ، وە پەڕی ئەولای «فجور» و داوێن پێسییە، وە پەڕی ئەملای «خمود»ە کە کوژانەوەی ئارەزووە.

وە هێزی ناوەڕاستی قووەی غەزەبییە شەجاعەتە کە عیبارەتە لەوە ئینسان دەسبەرداری حەقی خۆی نەبێ و هێزی ئەوپەڕی «سبع»یەتە، واتە: دڕندەیی و ستەمکردن، وە هێزی ئەملایشی جەبانەت و ترسنۆکییە.

جا ئینسانی بەختیار بەو ئینسانە ئەڵێن کە هەمیشە هێزی حیکمەت بکا بە پێشەوای خۆی، هەتا پرس نەکا بەو هیچ شتێ ئیختیار نەکا. مادام وای کرد ئەگا بە پێڕەوی هەرچی حەقە، ئەگەر رەهبەرێکی چاو پێکەوت و لە وتارە راستەکەی و لە رەوشتەکەی تێگەیشت، وە ئەگەر رێبڕێکی دی کە بانگی ئەکرد بۆ بەدبیری و بێباوەڕی لەو نزیك بکەوێتەوە و لەم دوور بکەوێتەوە.

وە ئەگەر چەن شتێ لە ئارادا بوون بۆ خوێندن و فێر بوون کامیان سوودی زۆرە ئەوەیان بخاتە پێشەوە و کامیان بێسوودە تەرکی بکا. وە ئەگەر ئارەزووی شتێکی کرد پرس بکا بە هێزی حیکمەت: ئایا ئەو ئارەزووکراوە باشە و پەسەندە و لەسەر یاسای هۆشە و لەسەر دەستووری کێشە بیکا ئەنا تەرکی بکا. وە ئەگەر شتێ هاتە

پێش کە جوان نەبوو و مایەی زیان بوو ئەوە هاوار بەرێ بۆ قووەی حیکمەت کە چۆن بەرانگاری ببێ. وە یا ئەگەر سوود لەوەدا بوو دەسبەرداری ببێ، وازی لێ بهێنێ و دەسبەرداری ببێ، وە مادام وابوو هەمیشە نووری خودا یارمەتی ئەدا: ﴿يؤتي الحكمة من يشاء ومن يؤت الحكمة فقد أوتي خيراً كثيراً﴾[1].

وە ئینسانی بەدبەخت بە قەتعی موراجەعەی حیکمەت ناکا و گیرۆدەی تاریکی نەفس ئەبێ و شەیاتینی ئینس و جین زاڵ ئەبن بەسەریا، وە ئەم نەوعە تابیعی هەنگاوی شەیتانن. پەنا بە خودای میهرەبان! یانی نەکەونە دوای ئەو خەیاڵاتە کە شەیتان ئەیخاتە دڵیانەوە.

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُواْ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ﴾

هەرکاتێ بوترێ بەو کافرە موشریکانە: کە بکەونە دووی ئەو قورئانە خودا ناردوویەتیە خوارەوە بۆ سەر حەزرەتی موحەممەد ﷺ.

﴿قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾

ئەو کافرانە لە وەڵاما ئەڵێن: تابیعی ئەو قورئانە نابین، بەڵکوو ئەکەوینە شوێنی ئەوەی کە باوك و باپیرەی خۆمانمان دیوە لەسەری، وە تەرکی یاسای دین و ئایینی ئەوان ناکەین. جا خودا بە هەڵەیان ئەداتە قەڵەم و ئەفەرموێت:

﴿أَوَلَوْ كَانَ ءَابَآؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَهْتَدُونَ ﴿١٧٠﴾﴾

واتە: ئەوە ئەگەر باوك و باپیرەکانیان شارەزای حەق بوونایە و هۆشیار بوونایە باش بوو. ئایا ئەگەر باوك و باپیرەکانیان هیچنەزان بووبن و ئاگایان لە دینی راست و رێگەی رەزای خودایش نەبوو بێ هەر ئەکەونە شوێنیان؟!

---

١. البقرة؛ ٢٦٩.

واتە: ئەگەر ئادەمیزاد بکەوێتە شوێن کێش و پیشەی پێشینانێکی هۆشیاری زانیاری خاوەن دین و دەستوور و لەسەری بڕوا زۆر باشە، وەکوو حەزرەتی ئیبراهیم وەسییەتی کرد بۆ ئەولادەکانی کە لەسەر دینی ئیسلامییەت بمێننەوە. وە وەکوو حەزرەتی یەعقووب وتی بە کوڕەکانی: لە پاش من چی ئەپەرستن؟ ئەوانیش وتیان: دینی تۆ ئەپەرستین و خودای تۆ و باوك و باپیری تۆ ئەپەرستین. بەڵام ئەگەر هەروا بکەوێتە سەر دووکەوتنی کوێرانە و ڕێگەی نەزانی و نەفامی، و شانازی کردن بە ڕێگەی هۆزی پڕ لە نەزانی، وە نامەردی بکا ئەمە گەلێ نابار و ناهەموارە.

بەڵام ئەی ڕەهبەری نازار! لە ئامۆژگاری ئەم جۆرە کەسانە کە وشکەوەبوون لەسەر چاولێگەری و کەوتنەدووی تەقلیدی بێدەلیل کەم هەڵئەکەوێ سوودێکتان دەس بکەوێ.

﴿ وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾

وێنەی ئەو کافرانە کە بە تەقلیدی رووت کەوتوونەتە شوێن باوك و دایکیان بەرابەر بەو ڕەهبەرانە کە ئامۆژگارییان ئەکەن و بانگیان ئەکەن بۆ ڕێگەی ئیسلام.

﴿ كَمَثَلِ ٱلَّذِى يَنْعِقُ بِمَا لَا يَسْمَعُ إِلَّا دُعَآءً وَنِدَآءً ﴾

وەکوو حاڵی شوانێ وایە کە رانێکی بزن و مەڕی لەبەردەستا بێ و پیرکە بکا بە ناو حەیواناتەکەیدا و هیچ شتێ نەبیسێ ئیلا بانگ و هاوارێکی رووتی وانەبێ لە مەعناکەی تێنەگەن.

ئەم ئایەتە تەشبیهێ زۆر بەمانای بەرزە؛ لە لایەنی «مشبَه» و «مشبَهبِهِ»یەوە هەیئەتێکی تێکەڵ لە مەعانی موختەلیفە هەیە و وەجهی تەشبیهەکەیش هەم هەیئەتێکی تێکەڵە. ئەوەتە لە لایەنی موشەبەهەوە تەماشای ڕەهبەری دڵسۆزی پاکی کردووە کە بە بێ داوا کردنی موزد و منەت بانگ بکا لە گەلێ لە ئادەمیزادی دوور لە هۆش و

لە زانیاری دوور کەوتووی سوودوەرنەگرتوو لە ئامۆژگاری. وە لە جانیبی (مشبەبە)وە هەم تەماشای شوانێکی زانای فامیدەی دڵسۆزی کردووە کە گەلێ مەڕ و بزنی لە بەردەستابێ و پیرکەیان بەناوا بکا بۆ ئەوەی بڵاوە نەکەن و بێنەوە سەر لەوەڕگای خۆیان و بگەڕێنەوە بۆ لەوەڕی خۆیان، وە ئەو حەیوانانەیش غەیری دەنگەکە هیچ تێ نەگەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە حەیوانەکان سوودێ وەرئەگرن لە دەنگی شوانەکەیان و گردئەبنەوە و لە زیانی گورگ و درەندە و دز رزگار ئەبن، بەڵام ئەو کافرانە بە کەم و زۆر لە بانگ کردنەکەیان سوود وەرناگرن.

بێداری! سەری ئەم ئایەتە مەجازی حەزفی تیایە و ئیمامی رازی و بەیزاوی فەرموویانە، وە موزاف مەحزووفە لەسەر میزانی: «واسئل القرية» و «وجاء ربك» یەعنی «واسئل أهل القرية» و «وجاء أمر ربك» تەقدیری ئێرەیش: «ومثل داعي الذين كفروا» الآية.

﴿صُمٌّۢ بُكۡمٌ عُمۡيٞ فَهُمۡ لَا يَعۡقِلُونَ ١٧١﴾

واتە: ئەو کافرانە کە بانگ ئەکرێن بۆ حەق پەرستی وەکوو کەڕ و لاڵ و کوێر وانە، واتە وەکوو کەڕ سوود وەرناگرێ لە گوێچکەی و لاڵ سوود وەرناگرێ لە زمانی و کوێر هیچ نابینێ بە چاوی، ئەو کافرانەیش سوود لەو مەشاعیرانە وەرناگرن کەوابێ عەقڵی ئیکتیسابییان نییە. یانی ئەو عەقڵە کە لە حەواس وەرئەگیرێ لای ئەوان نییە. وە مەعلوومە ئەگەر عەقڵی ئیستیدلال بە مەعقوولاتیشیان ببوایە هەر سوودێکیان لە ریسالەتی حەزرەت ﷺ وەرئەگرت. کەوابێ دەربارەی دەعوەتی حەزرەت ﷺ نە عەقڵی موکتەسەب لە حەواس و نە عەقڵی موکتەسەب لە عەقڵیاتیان نییە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ١٧٢﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خوا! بخۆن لەو خواردەمەنییە باشانە کە ئێمە کردوومانن بە ڕۆزی ئێوە و سوپاسی خودا بکەن ئەگەر عیبادەت و بەندەیی بۆ خودا ئەکەن.

ئەم ئایەتە وەکوو ئایەتی سەد و شەست و هەشت وایە لە ڕەواکردنی خواردەمەنیدا، بەڵام لەوێ باسی ئەوەیش ئەکا کە خواردەمەنییەکە حەلاڵیش بێ، وە ئەو سیفەتە لێرەیشا مەقسوودە؛ چونکی موتڵەق و موقەیەدەکە یەك ڕیزن.

وە پاش ئەمە خودا لە ئایەتی سەد و حەفتا و سێدا باسی خواردەمەنی پیس ئەکا بۆ ئەوە کە پاکیش باشتر دەرکەوێ ئەفەرموێت:

﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةَ وَٱلدَّمَ وَلَحْمَ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ بِهِۦ لِغَيْرِ ٱللَّهِ﴾

واتە: خوای تەعالا حەرامی نەکردووە لەسەر ئێوە، ئەی موسوڵمانەکان، ئیللا مردارەوەبوو و خوێن و بەراز و هەر سەربڕاوێکی وەها کە لە کاتی سەربڕینەکەیا دەنگ بەرزکرابێتەوە بە ناوی غەیری خودا. واتە باسی ناوی بتەکانیان، وە یا ناوی خودا و بتەکانیان بردبێ و ئەمانەیش لەسەر ئەو کەسانە حەرام کراون کە ناچار نەبووبن بۆ خواردنیان.

﴿فَمَنِ ٱضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ﴾

دەی هەرکەس ناچار بووبێ بۆ خواردنی ئەمانە لە حاڵێکا دەس درێژ نەکا بۆ حەقی غەیری خۆی و لایش نەدا لەو ئەندازەیە کە پێویستە بۆی.

﴿فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾

ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نییە لە خواردنی ئەوانا.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٧٣﴾﴾

بە راستی خودا تاوانپۆشە و میهرەبانە بۆ بەندەکانی و شتی گران ئاسان ئەکا لەسەریان.

وە لە ئایەتی «یەك» لە سوورەتی مائیدەدا فەرموویەتی: ﴿يا أيها الذين آمنوا أوفوا بالعقود أحلت لكم بهيمة الأنعام إلا ما يتلى عليكم غير محلي الصيد و أنتم حرم إن الله يحكم ما يريد﴾ واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە خودا! لەسەر خەتی راستی پەیمانی خۆتان برۆن بەرێوە، وە لە جوملەی پەیمانی خودایە لەگەڵ پێغەمبەرا ئەمە کە حەلاڵ کراوە بۆ ئێوە گیانلەبەری بێتەمییز لە وشتر و گا و مەڕ و بزن، وە ئەوانەیش کە ئێوە بەخێویان ناکەن لە گیانلەبەری کێوی، ئیللا ئەو گیانلەبەرانە و ئەو خواردەمەنییانە کە ئەخوێنرێنەوە بەسەرتانا لە حاڵێکا رەوا نەدەن بۆ خۆتان نەچیر کردن لە کاتی ئیحرام بە حەج یا بە عومرەدا، وە بە راستی خودا فەرمان ئەدا بەوەی خواستی لەسەری بێ.

وە لە ئایەتی(٣)ی سوورەتی «مائدە»دا بۆ رووناککردنەوەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: ﴿حرمت عليكم الميتة والدم ولحم الخنزير وما أهل لغير الله به والمنخنقة والموقوذة والمتردية والنطيحة وما أكل السبع إلا ما ذكيتم وما ذبح على النصب وأن تستقسموا بالأزلام ذلكم فسق﴾ واتە: حەرام کراوە لەسەر ئێوە مردارەوەبوو، وە خوێن، وە گۆشتی بەراز، وە هەر سەربڕاوێ کە دەنگ بەرزکرابێتەوە لەسەری بۆ غەیری خودا، وە هەر حەیوانێ خنکاو بێ یا بە کوتەك کوژرا بێ یا لە بەرزییەوە هەڵدێرابێ، وە ئەوەی دڕندە خواردبێتی ـ ئیللا ئەوەی لە کاتی ژیانی دامەزراودا بە چەقۆدا بگا و سەری ببڕن ـ وە ئەو حەیوانەی لەسەر بتەکان سەربڕابێ، وە هەر حەیوانێ گۆشتەکەی لە ناو خۆتانا بە «ئەزلام» بەش بکەن؛ چونکی ئەو نەوعە بەشکردنە لادانە لە حەق.

وە لە ئایەتی(٥)ی سوورەتی مائیدەدا فەرموویەتی: ﴿اليوم أحل لكم الطيبات و طعام الذين أوتوا الكتاب حل لكم وطعامكم حل لهم﴾ واتە: ئیمڕۆ حەلاڵ کرا بۆ ئێوە

هەموو خواردەمەنییە پاکەکان، وە تەعامی ئەو کافرانە کیتابیان پێدراوە حەلاڵە بۆ ئێوە و تەعامی ئێوەیش حەلاڵە بۆ ئەوان، وە بە حوکمی ئەم ئایەتە گۆشتی حەیوانی سەربڕراوی جوولەکە و گاور حەلاڵە؛ چونکی لە عورفی ئیسلاما بە کیتابی ئەناسرێن بەڵام گۆشتی سەربڕراوی مەجووسی ناخورێ؛ چونکی حەزرەت فەرموویەتی: «سنوا بهم سنة أهل الكتاب غير ناكحي نسائهم و لا آكلي ذبائحهم» واتە: ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن وەکوو ئەهلی کیتاب بەڵام ژنیان مارە مەکەن و گۆشتی سەربڕاویان مەخۆن.

وە لە ئایەتی(٩٦)ی سوورەتی مائیدەدا فەرموویەتی: ﴿أحل لكم صيد البحر وطعامه متاعاً لكم وللسيارة، وحرم عليكم صيد البر ما دمتم حرماً واتقوا اللّٰه الذي إليه تحشرون﴾ واتە: حەلاڵ کراوە بۆ ئێوە [ڕاوکردنی] نەچیرێ کە هەر لە دەریادا بژی و خواردنی گۆشتی ئەو نەچیرە بۆ ئێوە و بۆ کاروانی، وە حەرام کراوە لەسەرتان نەچیری وشکان مادام لە ئیحرامی حەج یا عومرەدا بن، وە خۆتان بپارێزن لەعەزابی ئەو خودایە کە بۆ لای ئەو ئەگەڕێنەوە.

وە لە ئایەتی سەد و نۆزدەی سوورەتی «انعام»دا فەرموویەتی: ﴿وما لكم ألا تأكلوا مما ذكر اسم اللّٰه عليه وقد فصل لكم ما حرم عليكم إلا ما اضطررتم عليه﴾ واتە: چیتان بۆ ئەبێ لەوەدا کە نەخۆن لەو حەیوانە سەربڕاوانە کە ناوی خودایان لەسەر براوە و خودا بە ڕاستی بەیانی کردووە بۆتان ئەوەی کە حەرامی کردووە لەسەرتان ئیللا لە کاتی ناچاری و خواردنی حەرامێکا کە ناچار بووبن بۆی!

هەروا لە ئایەتی سەد و بیستی ئەم سوورەتەدا فەرموویەتی: ﴿ولا تأكلوا مما لم يذكر اسم اللّٰه عليه و أنه لفسق﴾ واتە: مەخۆن لە گۆشتی ئەو حەیوانە سەربڕاوانە کە ناوی خودایان لەسەر نەبراوە، وە بە ڕاستی خواردنی ئەوانە دەرچوونە لە ڕێگەی ئیسلامییەتی. وە لە ئایەتی (١٤٥)ی هەمان سوورەتدا ئەفەرموێ: ﴿أو دماً مسفوحاً﴾.

وە لە ئایەتی(١٥٧)ی ئەعرافدا ئەفەرموێ: ﴿ويحل لهم الطيبات و يحرم عليهم الخبائث﴾ واتە: ئەوانەی پەیڕەوی ئەو پێغەمبەرە ئەکەن کەوا حەڵاڵ ئەکا بۆ ئەوان خواردنی هەرچی شتێ کە پاکە، وە حەرام ئەکا لەسەریان ئەو شتانەی کە پیسن.

وا لەم ئایەتە پیرۆزانەدا بە کورتی دەرکەوت هەر گۆشتێ لە تەبیعەتی میانەدا باش بێ، ئەوە ئەخورێ وە هەر گۆشتێ لە تەبیعەتی میانەدا ناپەسەند بێ و قیزەون بێ، ناخورێ. جا لەم پاك و پیسەدا قابیلە بیر و ڕای بازێ کەس لەگەڵ بازێ کەسا جیا بێ.

وە ئەوەیش کە دیاری کرابێ بۆ نەخواردن ئەوە حەرامە بە بێ خیلاف. وە لەوانەدا کە دیاری نەکراون بیر و باوەڕی بازێ پێشەوا گەورەکان لەگەڵ بازێکا ناکەوێتە یەك. وەکوو لە کتێبە ئایینییەکانا ئەمانە باس کراون، لەوانە: خواردەمەنی گۆشتی حەیوانی سەربڕراوی کیتابییەکان کە جوولەکە و گاورن لەلای ئیمامی ئەبوحەنیفە حەڵاڵن موتڵەقا بە مەرجێ ناوی خودای لەسەر برابێ. وە لەلای ئیمامی شافیعی بەو مەرجە ئەخورێ کە ئەو حەیوان سەربڕە ئەگەر لە ئەولادی حەزرەتی یەعقووب بێ، سەلامی خوای لەسەربێ، نەزانرێ بەوە کە یەکێ لە باوك و دایکی لە پاش نەسخی دینەکەی، وە یا گۆڕانی ئەو دینە داخڵی ئەو دینە بووبن، وە ئەگەر لە ئەولادی ئەو نەبووبێ ئەبێ بە ڕاستی بزانی کە باوك و باپیرەی ئەو شەخسە داخڵی دینەکە بوون لە پێش نەسخ بوونەوەی ئەو دینەدا و لە پێش تەحریف و گۆڕینیا، وە عیلم بەم وەزعە وەکوو مەحاڵ وایە، کەوابێ گۆشتی حەیوانی سەربڕراوی جوولەکە و گاور لەلای ئێمە کە شافیعی مەزهەبین ناخورێ، مەگەر بە تەقلیدی ئیمامی حەنەفی ﵀.

وە بە مەزهەبی ئیمامی مالیك ﵀ و ئیمامی ئەبووحەنیفە ﵀ هەر حەیوانێ بە عەمدی تەرکی ناوی خودای لەسەر کرابێ حەرامە؛ چونکی ئەو مەنعە کە لە ئایەتەکە

وەرئەگیرێ لەلای ئەوان تەحریمە. بەڵام لەلای ئیمامی شافیعی ئەو نەهیە کە لەو ئایەتەدا بۆ کەراهەتە و ئەو حەیوانە کە ناوی خوای لەسەر نەبراوە ئەخورێ؛ خواه بە عەمدی تەرکی کردبێ یا بە نیسیان؛ چونکی گەلێ لە موسوڵمانان هاتنە خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزیان کرد: ئێمە لە دەشتەوە گۆشتمان بۆ دێت و نازانین لە کاتی سەربڕینیا ناوی خوایان بردووە یان نە ! فەرمووی: ئێوە ناوی خودای لەسەر ببەن و بیخۆن.

وە لە جێگەی بڕینی ملی حەیواندا دوو فەرموودەی حەزرەت ریوایەت کراوە؛ یەکەم لە رافیعی کوڕی خەدیجەوە ریوایەت کراوە فەرموویەتی: «ما أنهر الدم و ذكر اسم الله عليه فكل» واتە: ئەوەی خوێن رەوان ئەکاو ناوی خوای لەسەر ئەبرێ بیخۆ.

دووهەم: لە ئەبوونەمامەوە ریوایەت کراوە فەرموویەتی: «ما فرى الأوداج فكلوا ما لم يكن رض ناب أو نحر ظفر» واتە: ئەو شتەی کە شاڕەگەکانی ملی حەیوان ئەبڕێ لە گۆشتەکەی بخۆن بە مەرجێ کوتانی دان یا کۆڵینی نینۆك نەبێ.

جا ئیمامی مالیك لە مەشهووری مەزهەبیا ئەڵێ: پێویستە بڕینی قوڕقوڕاچکە و هەردوو شاڕەگەکانی. وە لە ریوایەتێکا وتوویە: هەرچواریان یانی دوو شاڕەگەکە و قوڕقوڕاچکە و سووریچکەی. وە لە ریوایەتێکا بەس بڕینی دوو شاڕەگەکەی ملی.

وە لەلای ئیمامی ئەبووحەنیفە ئەبێ سێ رەگ لەو چوارە ببڕێ، خواه دوو شاڕەگ و قوڕقوڕاچکە یا شاڕەگێك و قوڕقوڕاچکە و سووریچکە، یاخود دوو شاڕەگ و سووریچکەکەی.

وە لەلای ئیمامی شافیعی واجبە هەر قوڕقوڕاچکە و سووریچکەی بەتەواوی ببڕین؛ چونکی خوێنی لەش بە بڕینی ئەم دوو رەگە بەتەواوی رەوان ئەبێ و زوو بەزوویش حەیوانەکە گیانی دەرئەچێ و ئازاری کەم ئەبێ.

جا لەبەر ئەوە ئێمە شافیعی مەزهەبین لەسەر ئیجتیهادی ئەو قسە ئەکەین و ئەڵێین ئەوەی گیانلەبەرە سێ‌بەشە؛ یا هەر دەریاییە، واتە هەر لە ئاوا ئەژی و لە دێما ناژی. وە یا هەر لە وشکیدا ئەژی، کەوتە ناو ئاوەوە ئەمرێ. وە یاخود لە هەردوو لا ئەژی. جا ئەو حەیوانە کە دەریایی بێ، واتە لە دێما نەژی ئەوە هەمووی حەڵاڵە. خودا فەرموویەتی: ﴿أحل لكم صيد البحر وطعامه متاعاً لكم وللسيارة﴾ واتە: حەڵاڵ کراوە بۆ خواردنی ئێوە ئەو گیانلەبەرە لە دەریادا بێ بۆ رابواردنی ئێوە و کاروانی. وە حەزرەت ﷺ لە باسی دەریادا فەرموویەتی: «هو الطهور ماؤه الحل ميتته» واتە: دەریا ئاوەکەی شت پاك ئەکاتەوە و مردارەوەبوویشی حەڵاڵە.

وە ئەوەی کە دێمییە هەرکامی مردارەوەبووە حەرامە، واتە بە یاسای دین سەرنەبڕابێ. هەروا حەیوانی خنکاو و بە قۆچ یا بە کوتەك کوژراو، وە یا لە بەرزییەوە هەڵدێراو، وە یا حەیوانێ لە کاتی سەربڕینیا ناوی غەیری خودای لەسەر برابێ، وە بەراز حەرامە و خوێنی رەوان حەرامە. ئەمانە هەموو لە ئایەتی قورئانا هەن.

وە غەیری ئەمانە چەن بەشە:

[**بەشی**] **یەکەم**: هەر حەیوانێ کە حەزرەت فەرمانی بە کوشتنی دابێ حەرامە، بە ریوایەتی ئیبنوعەباس، خوایان لێ رازی بێ، فەرموویەتی: «خمس يقتلن في الحل والحرم: الحية، والفأرة، والغراب الأبقع، والحدأة، والكلب العقور» واتە: پێنج حەیوان ئەکوژرێن لە خاکی حەرەمی مەککە و لە غەیری حەرەمی مەککەدا: مار و، مشك و، قەلەباچکە و، کۆللارە و سەگێ بگەزێ. (وە لە ریوایەتێکا لە باتی سەگ «عقرب» هەیە) ئەمانە گۆشتیان حەرامە.

وە بە قیاس لەسەر مار و دووپشك هەر حەیوانێ ژاری بێ حەرامە، وەکوو: هەنگ و، مێش و، مێشوولە و، زەردەواڵە و مارمێلکە و قومقومە و قۆڕی و کیسەڵ و رەقە و قرژانگ و بۆق و.... وێنەی ئەمانە لە گیانلەبەر.

وە بە قیاس لەسەر مشك هەرچی گیانلەبەری عەرزە وەکوو گڵخۆرکە و قۆڵانچە و رزق و مشکەکوێرە و گۆڕەکەنە و.... وێنەیان حەرامن.

وە بە قیاس لەسەر کۆلارە و قەلەباچکە، هەر پەلەوەرێ پیسی بخوات وەکوو لەکلەك و سیسارکەکەچەڵە و قەلەڕەشە گەورەکان کە دائەپەڕێ بۆ سەر مردارەوە بوو.

بەشی دووەم: هەر حەیوانێ کەڵبەی بەهێزی راوی بێ وەکوو سەگ و گورگ و ورچ و فیل و مەیموون و کەرگەدەن و شێر و پڵنگ و بەور و وێز و چەقەڵ و پشیلە. هەموو ئەمانە حەرامن. وە حەزرەت ﷺ لە باسی پشیلەدا فەرموویەتی: «الهرة سبع» واتە: پشیلە دڕندەیە. وە فەرموویەتی: «الكلب خبيث خبيث ثمنه» واتە: سەگ پیسە، وە قیمەتەکەیشی پیسە. یانی فرۆشتنی نییە.

بەشی سێهەم: ئەو پەلەوەرەی کە دەنووکی قولاپی بێ و چنگاڵی نەچیر گرتنی بێ حەرامە، وەکوو: باز و شینەشاهۆ و هەڵۆ و کونەبوو هاووێنەی ئەمانە. بەڵام ئەو حەیوانە کە کەڵبەی بەهێز نییە وەکوو کەمتیار و رێوی و دەڵەك و سەگلاو و سمۆرە و هەر پەلەوەرێ چنگی راوکردنی نەبێ وەکوو ئەمانە حەلاڵن، وە لە مەسئەلەی «کلب الماء»دا خیلاف هەیە و «یافعی» و بازێ‌تر بیریان لەسەر ئەوەیە ئەخورێ.

بەشی چوارەم: حەیوانی چوارپێی خانەکی وەکوو گا و وشتر و مەڕ و بزن و ماین هەموو حەلاڵن، بەڵێ هێستر و کەری خانەکی حەرامن. جابیر ﷺ ریوایەت ئەکا ئەڵێ لە رووداوی «حونەین»دا ماین و هێستر و کەرمان سەربڕی جا حەزرەت مەنعی کردین لە گۆشتی کەر و هێستر بەڵام لە گۆشتی ماین مەنعی نەکردین.

بەشی پێنجەم: حەیوانی چوارپێی کێوی وەکوو گا و مەڕ و بزن و ئاسك و باقی حەیوانی کێو وەکوو کەری کێوی ئەمانە هەموو حەلاڵن.

بەشی شەشەم: پەلەوەر غەیری ئەوانە کە باسمان کردن چ خانەکی وەکوو: مریشك و مراوی و قاز و قەلەموون، یا کێوی وەکوو: قاز و کەو و پۆڕ و قولەنگ و کۆتر

و قەلەڕەشە وردەکان و قەتە و ریشۆڵە و چۆلەکە بە هەموو نەوعێکیانەوە حەلاڵن، وە هەرحەیوانێ کە ناوی دیار نەبێ حوکمی وەکوو هاووێنەی خۆی وایە، وە ئەگەر هاووێنەی نەبوو ئەوە گەلێ لە ئینسانی خاوەن تەبعی میانە بە باشیان ئەزانی گۆشتی ئەخورێ، ئەگەرنا ناخورێ؛ چونکی بە یاسایەکی عام هەرچی لە خواردەمەنییە پاکەکانە، خودا حەلاڵی کردووە. وە هەرچی لە پیسەکانە، خودا حەرامی کردووە، کەوابێ ئیختیلاف لە شتێکی نەناسراوا کە حەرامە یا حەلاڵە لە ئیختیلافە لەوەدا کە ئەم شتە لە «طیبات»ە یا لە «خبائث»ە.

جا پاش ئەم بەیاناتە خودای تەعالا بە یاسای هەڕەشە لەو زانایانە کە یاسای راست ون ئەکەن فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ﴾

ئەو کەسانە کە ون ئەکەن و ئەشارنەوە لە خەڵکی ئەوەی خودا ناردوویەتە خوارەوە لە فەرمان.

﴿وَيَشۡتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنٗا قَلِيلًا﴾


وە بەرانبەر بە شاردنەوەی ئەوە سوود و نرخێکی دنیایی بێبایەخ وەرئەگرن.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ مَا يَأۡكُلُونَ فِي بُطُونِهِمۡ إِلَّا ٱلنَّارَ﴾

ئەوانە ناخۆن پڕ بە سکیان ئیللا ئاگری دۆزەخ.

﴿وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ﴾

وە خودا قسەیان لەگەلا ناکا لە رۆژی قیامەتا.



﴿وَلَا يُزَكِّيهِمۡ﴾

وە تاریفیان ناکا.

﴿وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٤﴾﴾

وە هەیە بۆیان عەزابێکی ئێشگەیێن بە دڵ و گیان.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشۡتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلۡهُدَىٰ﴾

ئەو کەسانە کە لە بەرابەری ئارەزووی نەفس و ماڵی دنیاوە حەق ئەشارنەوە لە عالەما، کەسانێکن ماڵی گومڕاهییان کڕیوە بە نەختی هیدایەت و ڕووناکی دڵ.

﴿وَٱلۡعَذَابَ بِٱلۡمَغۡفِرَةِۚ﴾

وە عەزابی دۆزەخیان وەرگرتووە لە موقابیلی کەرەم و سەماحەتی خودادا.

﴿فَمَآ أَصۡبَرَهُمۡ عَلَى ٱلنَّارِ ﴿١٧٥﴾﴾

زۆر جێگەی تەعەجوبە! چی ئەوانەی خۆگر کردووە لەسەر ئاگری دۆزەخ؟

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ نَزَّلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّۗ﴾

ئەو عەزابەیان لەبەر ئەوەیە کە خودای تەعالا کتێبی تەوراتی بە حەق ڕەوانە کردووە کە ڕەفتاری پێ بکەن و ئەوەی لەوا هەیە نەیشارنەوە کەچی شاردیانەوە.

﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخۡتَلَفُواْ فِي ٱلۡكِتَٰبِ﴾

وە ئەو کەسانە کە ئیختیلاف و نیزاعیان هەیە هەستان و باوەڕیان کرد بە بازێ ئایەتی و ئینکاری بازێکیان کرد، وە یا مەعناکەیان بە خیلافی حەق دەربڕی.

﴿لَفِي شِقَاقِۭ بَعِيدٖ ﴿١٧٦﴾﴾

وان لە خیلافێکدا کە زۆر لە حەقەوە دوورە و تا لەسەر ئەو حاڵە بن نایێنەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست.

کاتێ کیتابییەکان زۆر باسی قیبلەیان ئەکرد و دڵی خەڵکیان تێك ئەدا لە ئیسلامییەت خودای تەعالا ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە فەرمووی:

﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ ﴾

هەموو کارێکی چاك هەر ئەوە نییە کە رووی خۆتان هەڵسوورێنن بەرەو خۆرهەڵات و خۆرنشین.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾

بەڵام کاری زۆر باش ئیمان و باوەڕی ئەوانەیە کە ئیمانیان هەیە بە خودای عالەم و پەروەردگاری جیهان بەو شێوە کە خودایەکی «واجب الوجود»ە و خالیقی هەموو شتێکە و مەعبوودی هەموو کەسێکە و هەرچی سیفەتی شیاوی خودایەتییە هەیەتی و لە هەرچی سیفەتی نابارە دوورە، وە بە رۆژی پاشەڕۆژ کە رۆژی قیامەتە، واتە: باوەڕی وابێ لە پاش مردن زیندوو ئەبنەوە و پرسیاری بیر و باوەڕ و کردەوەی چاکە و خراپەیان لێ ئەکرێ و هەرکەسێ بە تۆڵەی خۆی ئەگا. وە باوەڕکردنە بە فریشتەکانی خودا بەو شێوە کە پێغەمبەر ـ سەلامی خودای لێبێ ـ باسی کردوون، واتە باوەڕ بەوە کە فریشتەکان ئەجسامی لەتیفەن و لە نوور دروست کراون و نێر و مێیان نییە، بەس بە فەرمانی خودا پەیدا بوون، وە هەرکەسێ لەوان پایە و نیشانەیەکی دیاری هەیە لەو پایەیە لانادا. ﴿لا يعصون الله ما أمرهم ويفعلون ما يؤمرون﴾.[1]

وە باوەڕکردنە بەو کتێبانە کە خودا رەوانەی کردوون بۆ پێغەمبەران و کردوویە بە دەستوور بۆ بیر و باوەڕ و کردەوەیان، وە باوەڕی وابێ ئەوانە کەلامی خودان، وە دوورن لە هەڵە و فەرامۆشکاری، وە بە ساغی گەیشتوون بە پێغەمبەران ـ سەلامی خودایان لەسەربێ ـ وە باوەڕکردنە بەو پێغەمبەرانە کە خودا ناردوونی بۆ تەربییەتی

---

١. التحريم: ٦.

ئادەمیزاد و باوەڕی وابێ پیاون و لە ئادەمیزادن و خودا دروستی کردوون بە پاکی و پاك کرداری و هەڵی بژاردوون لە ناو ئادەمیزادا، وە راستن لە وتارا، وە بێ خەیانەتن لە وتار و کردەوەدا، وە خاوەن هۆش و زیرەکن.

﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ﴾

وە چاکە چاکەی ئەو کەسانەیە لەگەڵ ئەو ئیمان و باوەڕەیان کە باسمان کرد ماڵی خۆیان بدەن، لەگەڵ خۆشەویستی ماڵەکەدا، بە خزم و خوێشی خۆیان و بەو کەسانە کە لەبەر گەدایی داکەوتوون و بەو مووسافیرانە و ڕێڕەوانە کە بێمەسرەف ماونەتەوە و بەو کەسانە کە گەدایی و نەبوونی ناچاری کردوون بە داواکردن لە خەڵك و ماڵی خۆیان ئەدەن بۆ ئازادکردنی گەردنی ئادەمیزاد لە بەندەیی، وە یا بۆ ئازادکردنیان لە دیلی و گرفتاری.

﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾

وە لەگەڵ ئەم سیفەتە باشانەدا باسمان کردن نوێژەکەی جێبەجێ بکا بە یاسای دین، وە یا بەو جۆرە کە حەزرەت ﷺ بەجێی هێناوە. هەتا پەیوەندی لەگەڵ خودادا بەهێز ببێ و هێزی لەسەر کردەوەی باش زۆر بێ بە نەوعێ واجباتی خۆی بەجێ بێنێ و لە کاری ناهەموار خۆی بپارێزێ بەدەوام.

﴿وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ﴾

وە بێجگە لەو خێرات و سەدەقاتە و لەو دەست و دەهەندە لەگەڵ خزم و بێگانەدا هەیەتی زەکاتی ماڵی دەرکا بیدا بە خاوەن حەقەکان، چی لە حەیوانات و کشتوکاڵ و پارەی دانراو و بازرگانی و گەنجی نیهانی.

﴿وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا﴾

واتە: خەیر خەیری وەفاکارییە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە پەیمانیان لەگەڵا کردووە کاتێ پەیمانێکیان بەست، چ لەگەڵ خوێش، چ لەگەڵ بێگانە، چ لەگەڵ موسوڵمان، چ لەگەڵ کافر.

﴿وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ﴾

واتە: خێر بریتییە لە خۆگرتنی ئینسان لە کاتی گەدایی و نەبوونی و قاتەساڵیدا، وە لە کاتی ناساغی و نەخۆشیدا، وە لە کاتی جەنگ و هێزی بەیەکاچوونا.

﴿أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾﴾

ئەم نەوعە کارە خێرە خێری بە نرخن و ئەم نەوعە کسانەن کە لەگەڵ خودا و بەندەکانی خودادا راست ئەکەن، وە ئەو کەسانەن کە خاوەن تەقوان و پارێزگارن لە کوفر و لە گوناهی گەورە و لە تێکەڵبوون بە کاری تاریکی دنیایی.

ئەم ئایەتە گەورە و بەنرخە وا بڕیاردراوە کە هەموو بناغە و فرووعی دین و خوو و رەوشتی تیایە، بۆیە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «من عمل بهذه الآية فقد استكمل الإيمان» واتە: هەر موسوڵمانێ رەفتار بکا بەم ئایەتە ئەوە ئیمانی تەواو کردووە بە ئەسڵ و فەرعەوە؛ چونکی کەماڵاتی ئینسانییە ـ لەگەڵ زۆریدا ـ لە سێ شتا ئەبڕێتەوە: بیر و باوەڕی باش، وە پوختە کردنی نەفس، وە رەفتاری باش لەگەڵ عالەما. یەکەم وا لە ئیمانا، دووەم نوێژی رەسا، سێهەم سەرفی ماڵ و بەخشش.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَى بِالْأُنْثَى﴾

لە بوخاری شەریفا ئەفەرموێ: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە دوو هۆز لە هۆزی عەرەبەکان کە جەنگیان کرد لە ناو خۆیانا ئەیانوت: لە باتی بەندەیەکمان فلانی کوڕی فلان ئەکوژین و لە باتی جارییەمان فلانە ژنی وا ئەکوژین.

کە وابوو مەبەست لەم ئایەتە ئەمەیە هیچ لایێ لە حەقی خۆیان لانەدەن و زیادەڕەوی نەکەن، واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا فەرزکراوە لە سەرتان تۆڵە لە هۆی کوژراوەکانەوە، واتە پێویستە لەسەر بکوژ ملکەچ بکا بۆ ئەوە سەرۆکی موسوڵمانان بیکوژێتەوە لە تۆڵەدا، وە پێویستە بۆ خاوەن حەق لە ئەندازەی تۆڵەی خۆی لانەدا. ئادەمیزادی ئازاد لە باتی ئادەمیزادی ئازاد و بەندە لە باتی بەندە و مێیینە لە باتی مێیینە و لەوە بەولاوە ڕەوا نییە لە ئایینی ئیسلاما.

جا مادام ئەم ئایەتە بۆ لابردنی تەجاوزاتی خەڵکی هاتووە لە حەق سەندنەوەدا ئیتر ئەوە ناگەیەنێ کە ئازاد لە تۆڵەی بەندەدا ناکوژرێت و پیاو لە تۆڵەی ژندا ناکوژرێت. وە ئەم حوکمانە حەواڵەی پێشەواکانن بە ئەندازەی ئەو دەلیلانە دەستیان کەوتووە، وە لە مەزهەبی ئێمەدا پیاو ئەکوژرێ لە خوێنی ژنا، وە ئەگەر دوو سێ پیاو پیاوێکیان کوشت هەموو ئەکوژرێنەوە.

جا ئەم فەرزبوونی قیساسە بەم مەرجەیە خاوەن حەق بیەوێ قیساس وەربگرێتەوە، ئەگەر ویستی عەفوی بکا بە خوڕایی، وە یا لە موقابیلی «دیة»دا واتە لە بەرانبەری ماڵێکی تایبەتیدا ئەتوانێ وەکوو خودای تەعالا فەرموویەتی:

﴿فَمَنْ عُفِيَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ﴾

واتە ئەگەر ئادەمی‌کوژێ عەفو و چاوپۆشی بۆ هات لەلایەنی برای خۆیەوە بە ئەندازەیێ لە عەفو، واتە هەر حەقی خۆی عەفو بکا ئەگەر حەقدار زۆربن، وە یاخود هەموو حەقەکە هەر عائیدی ئەو بێ.

﴿فَٱتِّبَاعُۢ بِٱلْمَعْرُوفِ وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍ ۗ﴾

ئەوە واجبە لەسەر ئەو کەسەی عەفوەکە ئەکا بە پیاوەتی و چاککردەوەیی داوای ئەو ماڵە بکا کە بڕیاری داوە، وە واجبە لەسەر کابرای پیاوکوژ ئەو ماڵە پێشکەش بکا بە بێ ماتڵ کردن و کەم کردنەوە.

﴿ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ ۗ﴾

دامەزرانی یاسای چاوپۆشی لە «قیساس» بارسووککردنە لەلایەنی خوداوە و میهرەبانییە.

﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٨﴾﴾

دەی هەرکەسێ تەجاوز بکا لە پاش چاوپۆشی لە قیساس و وەرگرتنی ماڵەکە ـ واتە ئەگەر کابرای ماڵوەرگر بڕوا کابرا بکوژێ، وە یا ماڵدەر ماڵەکە نەدا ـ ئەوە لەلایەنی خوداوە عەزابێکی گرانی ئێشگەیەنی هەیە.

﴿وَلَكُمْ فِى ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾﴾

واتە بۆ ئێوە هەیە لە دامەزرانی یاسای قیساسدا (وەکوو باسمان کرد) حەیات و زیندەگییەکی گەورەی بە نرخ ئەی خاوەن عەقڵە ساغەکان. جا رجامان وایە خۆتان بپارێزن؛ چونکی پیاوکوژ لە ترسی قیساس ناوێرێ کەس بکوژێ وا حەیاتی کوژراوەکە ئەپارێزێ. وە مادام ئەو نەکوژرا ئەمیش ناکوژرێ لە قیساسا وا حەیاتی ئەمیش مایەوە. وە لەلایەکی ترەوە کاتێ یاسای قیساس دامەزرا خەڵك لەبەر تائیفەگەری لە باتی پیاوێ چەن پیاو ناکوژن وا ئەم نەوعە حەیاتەیش هەم دەس کەوت.

وە مانای رجای خۆپاراستنی موسوڵمانەکان لەسەر دوو شێوەیە؛ یەکەم: ئەمەیە خوا رجا ئەکا لە موسوڵمانەکان بە گشتی و لە دەسڕۆیشتووەکان بە تایبەتی کە لە

خوا بترسن و یارمەتی یاسای دین بدەن و بە هەموو نەوعێ تێکۆشن بۆ لابردنی ئەو بەدکارییە نامەردانە پێشووە؛ چونکی دیعایە بە زمان و هێزدان بە حەق بە لایەنگرتنی زۆر بە نرخە و ئەبێ بە هۆی دامەزراندنی یاسای قیساس.

دووهەم: ئەمەیە کە ئەم تەقوا و خۆپارێزییە وەکوو ئەنجام و نەتیجە وابێ بۆ ئەو یاسایە؛ چونکی مادام یاسای قیساس دامەزرا خەڵك ناوێرن یەکتر بکوژن و هەرکەس بە هێمنی لە ماڵی خۆیا خەریکی دنیا و ژینی خۆی و عیبادەت و دینی خۆی ئەبێ و ئەگا بە تەقوا، وە لەلایێترەوە کاتێ قیساس دامەزرا دەرگای فیتنە دائەخرێ و موسوڵمانان گیرۆدەی ستەم و تەجاوز لە حەق نابن و بە ئەهلی تەقوا ئەبن.

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلْمَوْتُ إِن تَرَكَ خَيْرًا ٱلْوَصِيَّةُ لِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٨٠﴾﴾

واتە: واجب کراوە لەسەر ئێوە لە کاتی سەرەمەرگا کە مردن بەڕاسەری یەکێ لە ئێوەوە بێ ـ ئەگەر خێرێکی لێبەجێ ئەما ـ واتە لەوانەبوو لە پاش مردن خێرێ بەجێ بێڵێ، واجب کراوە وەسییەت بکا بۆ باوك و دایك و خوێشە نزیکەکانی بە ئەندازەیێ کە موافیقی ماڵ و حاڵی بێ، وە ئەم وەسییەتمانە بڕیارداوە بە یاسایەکی ئایینی دامەزراو بەسەر ئەو کەسانەوە کە لە خوا ئەترسن و خۆیان لە عەزابی خودا ئەپارێزن و ئەیانەوێ لە ئەهلی تەقوا بن.

لەم جێگەدا چەن باسێ هەیە:

یەکەم: ئەم ئایەتە ئایەتی وەسییەتە و لە قورئانا باسی وەسیەت تەنها لەم ئایەتە و لە ئایەتی «من بعد وصية، الاية»ی سوورەتی «نساء» و لە ئایەتی «حين الوصية»ی سوورەتی «مائيدە»دا هەیە، بەڵام ئەم ئایەتە لە هەموویان ڕەساترە.

دووهەم: ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە سەدری ئیسلاما بۆ تێکدانی ئادابی جاهیلییەکان لەو کاتەدا ئەو جاهیلانە عادەتیان وا بوو لە کاتێکا نزیکی مردن ئەبوونەوە وەسییەتیان ئەکرد بە میقدارێ لە ماڵی خۆیان بۆ بێگانە لەبەر خۆ بەزل گرتن و دەمارکردن بەسەر خەڵکدا، جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد هەتا موسوڵمانەکان نەکەونە شوێنیان و ئەو جۆرە وەسییەتە نەکەن بەڵکوو وەسییەت بۆ باوك و دایکیان و بۆ خزمە نزیکەکانیان بکەن هەتا لەو ماڵە بێبەش نەبن؛ چونکی لە یاسای جاهیلییەدا ماڵی مردوو هەر کوڕەکانی داگیریان ئەکرد، وە هەتا بەشی باوك و دایکی مردووەکەیان لێنەئەدا، وە خودای تەعالا هێنانیەوە بۆ باری مووساعەدە و یارمەتی باوك و دایکیان و خزمە نزیکەکانیان لە باتی بێگانە و خەڵکی دوورەپەیوەند. وە ئەم وەزعە دەوامی کرد هەتا عالەمی ئیسلام تەتەووری کرد خوای تەعالا ئایەتی ناردەخوارەوە بۆ بەشکردنی میرات، جا پێغەمبەر ﷺ بە سواری وشترەکەیەوە فەرمووی: «إن اللّٰه قد قسم لكل إنسان نصيبه من الميراث فلا تجوز لوارث وصية» واتە: خوای تەعالا بە راستی بەشی هەر ئینسانێکی میراتبەری دا لە میرات ئیتر وەسییەت بۆ میراتبەر رەوا نییە وەکوو لەمەوپێش.

هەروا حەزرەت ﷺ لە حەجی ئاخری حەیاتیا کە مەشهوورە بە «حجة الوداع» لە ناو خوتبە و وتاری ئامۆژگاری ئەسحابەکانا فەرمووی: خوای تەعالا بەشی هەموو خاوەن حەقی دا بە قەی حەقی خۆی ئیتر لەمەولا وەسییەت بۆ واریس نییە.

وە ئەم حەدیسانە ئوممەتی ئیسلام وەریگرتوون و گەیشتوونەتە پایەی ئەحادیسی موتەواتەرە لەوەدا کە ببن بە ناسیخی قورئان، واتە بۆ ئەو حوکمی وەسییەت بۆ باوك و دایك و خزمانە.

وە ئەیشتوانین بڵێین ئەم حەدیسانە ناسیخ نین بۆ ئەو حوکمی وەسییەت بۆ باوك و دایك و خزمانە بەڵکوو ئایەتەکانی سوورەتی «نساء» کە تەواوی میراتی مردوو

بەش ئەکەن لە ناو میراتبەرەکانا ئەوانە ناسیخن بۆی؛ چونکە ئیتر ڕێگەی بەشی باوك و دایك و خزمان نەماوە لەو بەشە زیاتر کە بۆیان بڕیار دراوە. وە ئەو وەسییەتە کە لە ئایەتی میراتا ئەفەرموێت: ﴿من بعد وصية يوصى بها أو دين﴾[١] ئەم وەسییەتی باوك و دایك و خزمانە نییە. ئەگەرنا بە لامی تەعریفی عەهدەوە ئەیفەرموو: «من بعد الوصية التي وصى بها» بەڵکوو وەسییەتێکە لە بۆ جیهاتی خێرات و سەدەقات کردوویەتی.

سێهەم: کەلیمەی «خیر» لەم ئایەتەدا تەفسیر کراوەتەوە بە ماڵی زۆر بە پێی وەزعی ڕۆژی کابرا، واتە لەو کاتەدا کە ئەو وەسییەتە فەرز کراوە لەسەر کەسێ فەرز بووە کە ماڵی زۆر بووبێ.

چوارەم: پاش ئەوە کە ئەو وەسییەتی باوك و دایك و خزمانە لاچووە وەسییەتکردن لە ئایینی ئیسلاما دوو بەشە، بەشێکی خێرە و بەشێکی شەڕ و تاوانبارییە. لە بەشی یەکەمە وەسییەتێ کە واجبە بۆ یەکێ قەرزار بێ یا ماڵی ئەمانەتی خەڵکی لەلا بێ، یا قەرزی بەسەر خەڵکەوە بێ و ئەگەر باسی نەکا میراتگرەکان نائومێدی ببن. وە وەسییەتێ کە سوننەتە بۆ یەکێ وەسییەت بکا بۆ ڕێگەی ئیحسان وەکوو مزگەوت و مەدرەسە و فەقیر و هەژار و ئەمانە. وە لە بەشی دووهەمە وەسییەت بە تاوان، وەکوو پارە سەرفکردن بۆ درێژەدان بە دوژمنایەتی موسوڵمانان یا بۆ کردەوەیەکی حەرام، وە یا بۆ هەرکەسێ کابرا بزانێ هەتا ئەو کەسە ماڵی زۆرتر بێ زیاتر تاوانباری ئەکا. وە ئەمانە هەموو لە کتێبی شەرعدا بەیان کراون.

﴿فَمَنۢ بَدَّلَهُۥ بَعۡدَ مَا سَمِعَهُۥ فَإِنَّمَآ إِثۡمُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ١٨١﴾



---

[١] النساء: ١١.

جا هەرکەسێ ئەو وەسییەتە بگۆڕێ لە شاهید و وەسیی و زۆردار لە پاش ئەوەی کە بیستی و حاڵی بوو ئەوە تاوانی جێ نەگرتنی ئەو وەسییەتە لەسەر ئەوانەیە ئەیگۆڕن و خودای تەعالا بە راستی هەموو قسەیێ ئەبیسێ و بە هەموو شتێ ئەزانێ.

﴿فَمَنْ خَافَ مِن مُّوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا﴾

وە هەرکەسێ باوەڕی وابێ کە ئەو وەسییەتکەرە لائەدا لە وەسییەتەکەیا بۆ لای تاوانباری و ناحەقڕەوی و زیاد لەئەندازە ئەو وەسییەتە ئەکا، یا خود مەبەستی نائومێد بوون و بێبەشبوونی بازێ میراتبەرە بەناحەق.

﴿فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلَآ إِثْمَ عَلَيْهِ﴾

ئەویش کەوتە ناو بەینەوە و ئامۆژگاری کابرای وەسییەتکەری کرد کە بگەڕێتەوە بۆ سەرباری باش ئەوە تاوانی لەسەر نییە، وە وەها نەزانێ کە تاوانبارە لەبەر ئەوەی نەیهێشتووە ئەو ماڵەزۆرە بدرێ بەو کەسە کە وەسییەتەکەی بۆ ئەکرێ. بەڵکوو خێری ئەگات؛ چونکی مەنعی ئاشووب و فیتنەی کردووە لە موسوڵمانان و میانەی باش کردوون.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٨٢﴾﴾

خودا تاوانبەخشە و میهرەبانە.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾

ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خودا فەرزکراوە لەسەرتان رۆژوو بە یاسای دیاری وەکوو فەرزکراوە لەسەر ئەو ئادەمیزادانە کە لە پێش چەرخی ئێوەدا بوون.

﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾﴾

بە هیوای ئەوە کە خۆتان بپارێزن بە هۆی ئەم عیبادەتە پیرۆزەوە لە عەزابی پەروەردگار.

﴿أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ﴾

ئەو ڕۆژووەیش وا لەچەن ڕۆژێکی هەڵژمێراودا، یاخود ڕۆژووی چەن ڕۆژێکی هەڵژمێراو.

﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا﴾

جا هەرکەسێ لە ئێوە نەخۆش بوو بە نەخۆشینێکی وا ڕۆژووگرتن گران بێ لەسەری بە عادەت.

﴿أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ﴾

یا لەسەر سەفەر بوو بە وەزعێ ڕۆژووگرتن زەحمەت بێ لەسەری و لە عەینی کاتا ڕۆژووی نەگرت.

﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾

ئەوە فەرزە لەسەریان [گرتنەوەی] ڕۆژووی ژمارەی ڕۆژانێ کە بەڕۆژوو نەبوون تیایانا.

﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ﴾

وە فەرزە لەسەر ئەو کەسانە کە ساغن و لە شوێنی خۆیانن بەڵام لەبەر پیری و ناتەوانایی بە خەرج کردنی هەموو تەوانایی نەبێ ناتوانن ڕۆژوو بگرن.

﴿فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾

تۆڵەی ئەو ڕۆژووەی بدا بۆ هەر ڕۆژێ بە ئەندازەی خواردەمەنی گەدایەك.

﴿فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا﴾

دەی هەرکەسێ بە پیاوەتی خۆی زیاتر لە خواردەمەنی گەدایەك بدات. واتە بەشی دوو کەس یا زیاتر یا کەمتر لەوە.

﴿فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُۥ﴾

ئەوە سوودی زۆرترە بۆی؛ چونکی خێر هەتا زۆرتر بێ باشترە.

﴿وَأَن تَصُومُوا۟ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٤﴾﴾

بەڵام رۆژوو گرتنەکەتان باشترە بۆ ئێوە و ئەگەر ئێوە بزانن بەم خێرە تەرکی ناکەن.

جا لەبەر ئەوە ئەو رۆژانە دیاری نەکرابوون خودای تەعالا فەرمووی:

﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٍ مِّنَ ٱلْهُدَىٰ وَٱلْفُرْقَانِ﴾

ئەو رۆژانە بریتین لە مانگی رەمەزانی پیرۆز ئەو مانگەی کەوا قورئانی پیرۆزی تیا نازڵ کراوە بۆ سەر حەزرەتی موحەممەد ﷺ، وە حاڵی ئەو قورئانە وەهایە رێنومای عاقڵانە بۆ بیر و باوەڕی باش و بۆ کردەوەی چاك، وە ئەبێ بە شاهید و دەلیل لەسەر ئەوەی کە حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەری خودایە و هەر وتارێکی دینی هەیە راستە، وە ئەو قورئانە ئەبێ بە هۆی شارەزایی هۆشیاران بۆ گەلێ شتی بە نرخ، وە ئەبێ بە هۆی جیا کردنەوەی راست لە ناڕاست و حەق لە ناحەق.

جا پاش ئەم رووناککردنەوەیە هێزی دا بە فەرزبوونی رۆژووی رەمەزان و فەرمووی:

﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ﴾

دەی هەرکەسێ حازری ئەو مانگی رەمەزانەیە با رۆژووی بگرێ مادام عوزری نەبێ.

﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ﴾

وە هەرکەسێ کە نەخۆش بێ، یا لەسەر سەفەر بێ، وە بەرۆژوو نەبێ ئەوە لەسەریانە رۆژووی ژمارەی پێشوو لە رۆژانی پاش خۆشەوە بوون لە ناساغیو پاش تەواو کردنی سەفەرەکەیان.

﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾

خوای تەعالا خواستی ئاسانی عیبادەتی بۆ ئێوە هەیە، وە خواستی گرانی نییە بە ئێوە.

﴿وَلِتُكۡمِلُواْ ٱلۡعِدَّةَ﴾

وە خواستی وایە کە ئێوە ئەو ژمارەیە فەرز کراوە لەسەرتان تەواوی بکەن.

﴿وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ﴾

وە خواستی وایە کە تەکبیری خوا بکەن و «اللّه اکبر» بکەن لەسەر ئەوە کە شارەزای کردوون بۆ ئەم عیبادەتە پیرۆزە و یارمەتی داون بۆ کردنی.

﴿وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ١٨٥﴾

وە رجا وایە سوپاسی خوای تەعالا بکەن لەسەر نیعمەتی ئەم عیبادەتە کە هۆی رەزای خودایە، وە لەسەر ئەم ئاسانکردنەی بە روخسەتدان بۆ ئەوانە کە عوزریان هەیە.

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] **یەکەم**: رۆژوو لە عورفی شەرعدا: بریتییە لە خۆگرتن لە خواردن و خواردنەوە و بازێ شتی‌تر لە بەرەبەیانەوە هەتا رۆژئاوابوون بەو یاسایە کە لە دینا رووناك کراوەتەوە. وە مەرجی واجب بوونی رۆژوو لەسەر هەرکەسێ چوار شتە: ئیسلامییەت، باڵغ‌بوون، عەقڵ، تەوانایی لەسەر بەجێ‌هێنانی.

وە واجباتی رۆژوو چوار شتە؛ یەکەم: نیەت هێنان لە هەموو شەوی مانگی رەمەزانا بەم یاسا: نیەتم هەیە سبەینێ بەرۆژوو ئەبم رۆژووی فەرزی رەمەزانی ئەم ساڵە. دووەم: خۆگرتن لە خواردن و خواردنەوە. سێهەم: خۆگرتن لە جیماع کردن. چوارەم: خۆگرتن لە خۆرشاندنەوە. وە ئەم سێ شتە لە بەرەبەیانی هەموو رۆژێکەوە هەتا بەتەواوی رۆژ ئاوا ئەبێ.

وە ئەوانەیش رۆژوویان پێ بەتاڵ ئەبێتەوە نۆ شتن:

یەکەم: هەرشتێ بگا بە بۆشایی عورفی لەشی ئادەمیزاد وەکوو: قورگ و، سنگ و، سك و، ریخۆڵە و، مێزەڵدان و، دەماخ.

دووهەم: شاف هەڵگرتن لە پاشەوە یا لە پێشەوە یا هەر شتێ وەکوو ئەوە بێ.

سێهەم: خۆرشاندنەوە بە عەمدی.

چوارەم: گان کردن بە عەمدی.

پێنجەم: دەرکردنی ئاوی پیاوەتی بە دەستی خۆی یا دەستی غەیری خۆی یا بە لکاندنی بە پێستێکەوە.

شەشەم: دەرچوونی خوێنی حەیز.

حەوتەم: دەرچوونی خوێنی زەیسانی.

هەشتەم: شێت بوون.

نۆهەم: وەرگەڕانەوە لە دین. ـ پەنا بە خوا! ـ

بەڵام مادام رۆژووی رەمەزان روکنێکە لە پێنج روکنەی ئیسلام و ئیسلامییەت بە بێ ئەو تەواو نابێ، ئەبێ بزانن ئەم ئادابی واجبات و سوننەت و موبتیلاتی رۆژووە شتێکن کە بە هەموو کەس جێبەجێ ئەکرێن. وە ئەتوانێ دووریش بکەوێتەوە لێیان، ئەگەرنا بە راستی پێویستە رۆژوو لەسەر یاسای رۆژووی حەزرەتی پێغەمبەر ﷺ بێ. لە نیەت هێنانەوە: لە ئیخلاسی نیەتا، وە لە مەشغووڵ بوون بە موراقەبەی خوداوە، واتە وا بزانێ دائیما خودا چاوی لەو کەسەوەیە، وە لە کەم خواردنا، یانی ئەوەندە نەخوا ببێ بەبار بەسەریەوە و پەکی بخا لە عیبادەتی شەو یا عیبادەتی رۆژ، وە لە مەنع کردنی دڵی لە نیەتی خراپ و قەسدی کردەوەی تاوانباری، وە مەنعی زمانی لە وتاری غەیبەت و بوختان و درۆکردن و جنێودان، وە مەنعی دەستی بکا لە ئازاردانی خەڵك بە ناحەق، وە مەنعی دەمی بکا لە خواردنی حەرام. وە عەلاوەی ئەمانە تێکۆشێ بە قەی حاڵ بەشی داماو و گەدا بدا و بەخششی ببێ و چێشت و نان بدا بەوانە بەرِۆژوون، وە لەگەڵ ئەمانەشدا دڵی هەمیشە لە خودا بترسێ نەکا خوا رۆژووەکەی لێوەرنەگرێ. ئەم حاڵە کەوتنە شوێنی پێغەمبەرە ﷺ، خوا فەرموویەتی: ﴿لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة﴾[1] واتە: بە راستی بۆ ئێوە بڕیاردراوە کە بکەونە شوێن رەفتار و وتار و بیر و باوەڕی پێغەمبەر ﷺ.

جا ئەگەر رۆژووی ئینسان بەم شێوە تەواوبێ ئەوە ئینسان ئەکەوێتە بەر ئەو فەرموودە بەرزە کە حەزرەت فەرموویەتی! کەسێ رۆژووی رەمەزان بگرێ لەبەر ئیمان و باوەڕ بە خودا و ساغ لەبەر خودا لە تاوانەکانی چاوپۆشی ئەکرێ.

---

١. الأحزاب: ٢١.

باسی دووهەم: رۆژوو عیبادەتێکە و خوا پەرستییەکە خوا فەرزی کردووە لەسەر هەموو پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرە پێشووەکان و لەسەر ئوممەتەکەیان لە زەمانی حەزرەتی ئادەمەوە هەتا زەمانی حەزرەتی موحەممەد ﷺ؛ چونکی ئەم رۆژووە دەوری بەرزی هەیە لە پێگەیاندنی ئادەمیزادا لە ناحییەی پاککردنەوەی نەفسی و پێگەیاندنی بۆ سوودگەیاندن بە خۆی و باقی هاوسەرانی.

باسی سێهەم: رۆژووی رەمەزان فەرزکرا لەسەر حەزرەتی موحەممەد ﷺ وە لەسەر ئوممەتەکەی لە مانگی شەعبانا لە ساڵی دووهەمی کۆچیدا. وە لە رەمەزانی ئەو ساڵەوە ئەم واجبە جێبەجێ کراوە، هەروا جێبەجێ ئەکرێ هەتا قیامەت.

باسی چوارەم: حیکمەت لە رۆژوودا گەلێ شتە:

یەکەم [لە حیکمەتی رۆژوو]: ئادەمیزاد بە هۆی ئەم ریازەوە بەم برسێتی و تینوێتی و خۆگرتن لە ئارەزووی نەفسەوە هێزی ئارەزووبازی کەم ئەبێ و دڵی پاك ئەبێتەوە و رۆحی نوورانی ئەبێ و ئیمان و بیر و باوەڕی بەهێز ئەبێ و زۆرتر لە جاران سوود لە جیلوەی رەحمەتی خودا وەرئەگرێ و لە خوا پەرستی نزیك ئەبێتەوە و لە کوفر و بێباوەڕی دوور ئەکەوێتەوە. وە ئەم حاڵەتە مەعنای تەقوایە لە کوفر و بێئیمانی.

دووهەم لە حیکمەتی رۆژوو: رۆژووگرتن مەعنای بەگژاچوونی ئارەزووی نەفسە و هەرکەسێ توانای ئەوەی بوو کە بڕوا بەگژی ئارەزوودا و بەرانگاری ببێ ئەتوانێ خۆی مەنع بکا لە شوێنکەوتنی غەزەب و باقی سیفاتی ناشیرینی نەفس، وە دوور ئەکەوێتەوە لە کردەوەی ناهەموار و خۆی ئەپارێزێ لە گوناح کردن و تاوانباری. ئەمەیش نەوعێکە لە تەقوا.

سێهەم لە حیکمەتەکانی رۆژوو: ئینسان کاتێ برسی و تینوو بوو ئاگادار ئەبێ لە حاڵی ئەوانەی کە برسی و تینوون و میهرەبانی ئەجووڵێتەوە بۆیان و چاکەیان

لەگەڵدا ئەکا و غەمیان ئەخوا و بە هۆی ئەم چاکە کردنەوە ئەجر و پاداشی باشی لەلایەنی خوداوە دەست ئەکەوێ، وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «**في كل كبد رطبة أجر**» واتە: لە چاکەکردن لەگەڵ هەموو خاوەن جگەرێکی تەڕا ئەجرێ هەیە و جەزایەکی گەورەی دەست ئەکەوێ. بەم حاڵەتەیش دوورئەکەوێتەوە لە دڵڕەقی و بەدحاڵی لەگەڵ ئادەمیزادا. ئەمەیش نەوعێکە لە تەقوا.

چوارەم لە حیکمەتەکانی ڕۆژوو: خودای تەعالا لە دامەزراندنی دینی ئیسلاما ئەوەی ئەوێ کە ئادەمیزاد مەردێکی تەوانا و خۆگر بێ لە سەرما و گەرمادا لە خۆشی و ناخۆشی لە گەدایی و داراییدا. بە کورتی ببێ بە ئادەمیزادێکی بە کار، وە ئەمەیش دەس نادا بۆ ئینسانێ کە هەمیشە لە ناز و نیعمەتا بێ، بەڵکوو پێویستە بە مەشقی دامەزران لەسەر زەحمەت و ڕاهاتن بە نەخواردن و نەخواردنەوە و خۆ بە وشك ڕازی کردن. تەماشا ناکەی منداڵی دەشتەکی و کێوی بەسەر دارو بەرد و دڕك و داڵا ڕائەکا بە قەتعی بە خۆی نازانێ، بەڵام ئینسانێ کە بە ناز پەروەردەبووبێ ناتوانێ بە شوێنی نابارا بڕوا بەڕێدا. هەر لەبەر ڕاهاتنە لەسەر زەحمەت کە لە جیهانا یاسای مەشق بۆ سوپا دامەزراوە و ئەڕۆنە ناو ئاو و ئاگر و کەند و دڕك و هەموو نەوعە گیانلەبەرێ ئەخۆن!

وە بە تەبیعەت دینێ وەکوو دینی ئیسلام زۆر جیهاد و زەحمەت کێشانی وا لە ڕێگادا ئەگەر بە زەحمەت ڕانەیێ چۆن ئەتوانێ وڵاتی بپارێزێ و خۆی بباتە ڕیزی کۆمەڵە بەهێزەکانی دنیا؟

ئێمە کە تەماشای نووسراوی خوو و ڕەوشتی پێغەمبەر ئەکەین ﷺ لە هەموو مانگێکا میقدارێ ـ کەم و زۆر ـ بەڕۆژوو بووە، وە هەرگیز تەماشای ئەوەی نەکردووە کە خواردەمەنی خۆش بخوا؛ چۆنی بۆ هەڵکەوتووە قەناعەتی پێ کردووە، وە فەرموویەتی بەسە بۆ ئادەمیزاد چەن تیکەیێ کە هێزی پشتی ڕابگرێ.

وە ئەسحابەکانیشی لەسەر رەفتاری ئەو رۆیشتوون بەرێدا، ئەمەیش لەبەر تابیع بوون بە رەفتاری پێغەمبەر ﷺ هەر نەوعێکە لە تەقوا.

پێنجەم [لە حیکمەتەکانی رۆژوو]: بە هۆی رۆژووی مانگی رەمەزانەوە ئەگەر لەسەر یاسای واقیعی دین بێ لە ماوەی ئەو مانگەدا گەلێ لەو باری موزاعەفاتی خواردەمەنی قەدیمە لە سکیا ئەفەوتێ و میعدە و خوێن و لەشی نەوعە ساغی و هێزێ پەیدا ئەکا. بۆیە حەزرەت ﷺ فەرموویە: بە رۆژوو بن ساغ ئەبنەوە و ساغی بۆ لەشتان وەرئەگرن. وە بە هەموو ئەم باسانە مانای ﴿لعلکم تتقون﴾ دەرئەکەوێ بۆ کەسێ ئینسافی ببێ و بە راستی تەماشای مەوزووع بکا.

باسی پێنجەم: ئەمەیە نەخۆشی ئینسان هەرچەن لە ئایەتەکەدا بێمەرجە، بەڵام لەسەر تەماشا کردنی رەفتاری حەزرەت ﷺ دەرئەکەوێ کە ئەبێ لەوانە بێ بەهۆی رۆژوو گرتنەوە، کابرا ناهەمواری بەسەر حاڵیا بێ. جا ئەگەر گەیشتە پایەی ئەوە کە رۆژووەکە زیان بدا لە ساغی و تەندروستی کابرا ئەوە شکاندنی رۆژووەکە، واتە بەرۆژوو نەبوون، گەورەترە، وە ئەگەر وانەبوو ئەوە رۆژووگرتن گەورەترە.

وە ماوەی سەفەرێ کە رۆژووی تێدا ناگیرێ پێویستە شازدە فرسەخ بێ، یانی ماوەی چل و هەشت میل کە ئەکاتە حەفتاو دو کیلۆمەتر. یانی ماوەی دوو مەنزڵ بۆ کاروانی، هەروا پێویستە سەفەرەکەیش حەڵاڵ بێ.

لە بوخاریدا ریوایەت ئەکا ئەفەرموێت: ئیبنوعومەر ﵄ و ئیبنوعەباس ﵄ لە سەفەرێکا مەسافەی چوار بەرید بوو بێ رۆژوویان نەگرتووە. وە ئەو چوار بەریدە شازدە فرسەخە وەکوو بەیانمان کرد.

باسی شەشەم: لە تەفسیری قورتوبیدا بەرگی (٢) لاپەرەی (٢٨٨) ئەفەرموێت: ئەبوداوود ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە کە فەرموویەتی: ﴿وعلى الذين يطيقونه﴾ هاتووەتە خوارەوە بۆ حوکمی ژنی سکپڕ و شیردەر.

وە هەم ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﴿وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين﴾ هاتووە بۆ نیشاندانی روخسەت بۆ ژن و پیاوی پیری وا تەوانایان ببێ لەسەر رۆژوو گرتن و بۆیان رەوا کراوە کە بەرِۆژوو نەبن و لەباتیی هەموو رۆژێ خواردەمەنی گەدایێ بدەن،[١] وە ژنی حامیلە و شیردەر کاتێ بیمیان ببێ لە خۆیان یا لە منداڵەکەیان ئەتوانن رۆژوو نەگرن و خواردەمەنی بدەن بە گەدا.

وە دارەقوتنی هەم ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ فەرموویەتی ئیجازە دراوە بۆ پیری گەورە بە رۆژوو نەبێ، وە لە باتیی هەموو روژێ خواردەمەنی بدا بە میسکینێ و قەزای رۆژووەکەیشی لەسەر نییە و ئیسنادی ئەم ریوایەتە سەحیحە.

هەروا ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ فەرموویەتی: ﴿وعلى الذين يطيقونه فدية طعام﴾ مەنسووخ نییە، وە عیبارەتە لە پیاو و ژنی پیر کە ناتوانن بە ئاسانی رۆژوو بگرن لە باتی رۆژووی هەر رۆژێ خواردەمەنی میسکینێ بدەن. وە ئەم ئیسنادەیش سەحیحە.

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە فەرموویەتی بە جاریەیێ کە «أم الولد»ی خۆی بوو، وە حامیلە بوو یا شیری ئەدا بە منداڵەکەی، تۆ لەوانەی ناتوانن بەرِۆژوو بن و فیدیەت لەسەرە و قەزات لەسەر نییە. وە ئیسنادی ئەمەیش سەحیحە.

وە لە ریوایەتێکی ترا «ام الولد»ێکی شیری ئەدا بە منداڵ و بێتاقەت بوو لەبەر رۆژوو، ئەمری پێ کرد بیشکێنێ و قەزای نەکاتەوە. وە ئیسنادی ئەمەیش سەحیحە.

پاش ئەمانە قورتوبی ئەفەرموێت: من ئەڵێم: وا بە ئەسانیدی سەحیحە لە ئیبنوعەباسەوە سابت بوو کە ئەم ئایەتە مەنسووخ نییە و موحکەمە و ماوەتەوە و نازڵ بووە دەرحەق بەوانە کە وتمان.

---

[١]. واتە: مادام پیر بوون و زەعیفن هەرچەن تەوانایان هەیە بەڵام مەئزونن فدیە بدەن لە باتی رۆژوو.

لەگەڵ ئەوەدا ریوایەتێ هەیە لە بوخاری شەریفدا لە عائیشەوە رضي الله عنها کە ئەم ئایەتە وارید بووە لە ئەووەڵی فەرزکردنی رۆژووەوە بۆ ئیختیاری خەڵك لە رۆژوودا، وە لە پاشان مەنسووخ بووە بە ئایەتی «شهر رمضان». الآية.

بەڵام جومهووری زاناکان لەسەر ئەوەن کە ئەم ئایەتی ﴿وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين﴾ سابیتە و مەنسووخ نییە و مەعنای «يطيقونه» ئەوەیە کە بە سەرفی هەموو تاقەتی خۆیان جا ئەتوانن بە رۆژوو بن کە ئەوانەیش ئەو پیرە ناتەوانانەن بێهێزن، وە یا ئەو نەخۆشانەن کە چارەیان ناکرێ و بە ناساغی ئەمێننەوە تا ئەمرن، وە دەلیلە لەسەر ئەم مەعنایە قیرائەتی «يطوَّقونه» لەسەر سیغەی موزاریعی مەجهوولی جەمعی موزەککەری غائیبی بابی تەفعیل. وە قیرائەتی «يتطوقونه» لەسەر سیغەی موزاریعی بینا فاعیلی جەمعی موزەککەری بابی «تَفَعُّل»؛ چونکی مەعنای یەکەم ئەمەیە رۆژووەکە ئەکرێ بەگەردن بەندی ناچاری بۆیان، وە مەعنای دووەم ئەمەیە کە بە زەحمەت و کولفەت تاقەتی رۆژووەکەیان هەیە.

بێجگە لەمانە دانانی وشەی: ﴿كتب عليكم﴾ لە ئەووەڵەوە و جوملەی: ﴿وأن تصوموا خير لكم﴾ و ئایەتی: ﴿يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر﴾ هەموو دوورن لە ئیعتیباری نەسخەوە وەکوو زاناکان فەرموویانە.

بە گوێرەی ئەمانە ئایەتی: ﴿شهر رمضان الذي أنزل فيه القرآن﴾ هاتووە بۆ رووناککردنەوەی: ﴿أياماً معدودات﴾ وە جوملەی: ﴿ومن كان منكم مريضاً أو على سفر﴾ هاتووە بۆ هێزدان بە حوکمی وجووبی رۆژووی رەمەزان لەسەر موسوڵمانی غەیرە مەعزوور و جیا کردنەوەی خاوەن عوزرەکان لە وجووبی بەجێهێنانی رۆژوو لەو کات و ساتانەدا. وە جوملەی: ﴿يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر﴾ بۆ تەقریری عوزرە بۆ مەعزوورەکان کە موسافیر و نەخۆش و پیری ناتەوان و ژنی شیردەر و

سکپڕ و ئەوانەن کە خاوەنی کاری زۆر نارەحەتن و ناچارن کە دەوام بکەن لەسەر کارەکەیان وەکوو لەمەولا (إنشاءالله) باسیان ئەکەین.

باسی حەوتەم: دامەزرانی رۆژووی رەمەزان بەوە ئەبێ کە مانگی شەعبان بە سی (٣٠) رۆژە تەواو ببێ، وە یاخود پیاوێکی ئازادی خاوەن کردەوەی باش مانگ ببینێ و لەلای قازی وڵاتەکەدا شەهادەت بدا بەوە کە چاوی کەوتووە بە مانگ، وە قازی بڵێت سابیت بوو بەلامەوە چاوپێکەوتنی مانگی یەك شەوەی ئەم رەمەزانە. یاخود بڵێت: وا حوکمم کرد بە هاتنی مانگی رەمەزانی ئەمساڵ، وە ئەم حوکم کردنەیش پێویست نییە بە نیزاع و دەعوا. وەکوو لە کتێبی توحفەدا شێخی ئیبنوحەجەرﷺ فەرموویەتی. وە کاتێ چاوپێکەوتنی هیلالی رەمەزان لە شوێنێکا سابیت بوو ئەو حوکمە سیرایەت ئەکا بۆ ئەو وڵاتانە کە لەگەڵ ئەو شوێنەدا هاومەتلەعن، واتە بە یەکەوە مانگیان تێدا دەرئەکەوێ، وە ئەو وڵاتانە کە هاومیزانن وەکوو لە توحفەدا ئەفەرموێت پێویستە ماوەیان لەخۆرهەڵات و خۆرنشیندا لە (٢٤) فەرسەخ یانی حەفتاو دوو میل ـ کە ئەکاتە صەدو هەشت کیلۆمەتر ـ کەمتر نەبێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا لە «بغیة»دا نەقڵ ئەکا ئەفەرموێت: دوو شار کە ماوەیان لە هەشت دەرەجەی فەلەکی کەمتر بێ، یانی ماوەی نیوسەعات تولووع و غورووبیان کەمتر بێ قەت ئیختیلافی واقیعی لە مەتلەعیانا نابێ، وە ئەگەر لە یەکێکیاندا مانگ ببینرێ. وە لەوی‌تردا نەبینرێ ئەوە هۆی بازێ رووداوە، وەکوو تۆز و گەردی کەناری ئاسمان، وە یا شوێن نەزانین، وە یا هەر لەبەر ئیهمال و موبالات نەکردنە بۆ تەماشا کردنی مانگی تازە، ئەگەرنا لە پێش وادەدا جاڕ بدرێ بە ناو خەڵکا بۆ تەماشا کردنی مانگ بەتایبەتی، ئەگەر خۆ ئیکرامییەت بدرێ بەوەی لە پێشا مانگی چاو پێ‌ئەکەوێ مانگ ئەدۆزنەوە.

وە پێویستە بزانن لە ناو چوار ئیمامە موجتەهیدەکانا ﷺ تەنها ئیمامی شافیعی ﷺ ئیعتیبار بە ئیختیلافی مەتالیع ئەکا و ئەفەرموێت ڕۆژوو عیبادەتێکی زەمانییە وەکوو نوێژ، دەی هەر وەکوو چۆن لە پاکستانا نوێژی سبەینێ دادێ و لە عێراقدا پاش ماوەیێ نوێژ ئەبێ ڕۆژوویش کە بەسراوە بە چاوپێکەوتنی مانگەوە وەهایە؛ رێ ئەکەوێ لە وڵاتێکدا ئەبینرێ و لە وڵاتێکی کەدا نابینرێ، وە زۆربەی ئەمە وایە کاتێ لە وڵاتی خۆرهەڵاتا ببینرێ لە وڵاتی خۆرنشیندا ئەبینرێ بە بێ عەکس. وە واقیعەکەی «کریب» ﷺ کە لە مەدینەوە ڕۆیشت بۆ شام و هاتەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە و لەلای ئیبنوعەباس باسی دیتنی مانگی کرد لە شامدا و ئیبنوعەباس موبالاتی پێ نەکرد ئەبرێتە سەر ئەم یاسایە؛ چونکی شام غەربییە بە نیسبەت بۆ خەتی مەدینەی مونەووەرە، قابیلە لەوێ مانگ ببینرێ نە لە مەدینەدا.

بەڵام ئیمامی ئەبووحەنیفە و مالیك و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئیعتیباریان نەکردووە بە ئیختیلافی مەتالیع و فەرموویانە لە هەر وڵاتێ، شەرقی یا غەربی، مانگ ببینرێ و بەڕێگەی شەرعی سابت ببێ واجب ئەبێ هەموو موسوڵمانێ لە هەموو وڵاتێکدا بە ڕۆژوو بێ و لەهەر وڵاتێکدا جەژن دابێ واجبە هەموو موسوڵمانان جەژن بکەن و ڕۆژوو گرتن و شکاندنی یەك ئەگرن لە هەموو وڵاتەکانا.

گەلێ جار هەڵئەکەوێ کە قازی لە شاری بەغدادا ئیعلانی ئەوە ئەکا کە سابت بووە لەلام هیلالی مانگی ڕەمەزانی ئیمساڵ، بەڵام خەڵکی وڵاتی شیمال یا جەنووبی بەغدا مانگیان نەدیووە و حوکمی قازی بەغداد لەلایان دوورە لە ڕاستییەوە! ئەم نەوعە گومانە ڕاست نییە؛ چونکی قازی ئیعلان ئەکا کە خەڵك بگەڕێن بۆ مانگ و زۆر نزیکە لە کەرکووکا یا لە موسڵدا یا لە یەکێ لە دێهاتی ئەترافا مانگیان دیبێ و ئەم وڵاتانە بە ڕاستی مەتڵەعیان موختەلیف نییە؛ چونکی وەکوو وتمان، ئەو قسەیە کە ئەڵێن بە سەد و هەشت کیلۆمەتر ئیختیلافی مەتڵەع ئەبێ ئیعتیرازی لێ گیراوە و

لای موحەقیقین بە هەشت دەرەجەی فەلەکی کەمتر ئیختیلافی مەتلەع نابێ کەوابێ تابیع بوون بە حوکمی قازی بەغدا لەم سوورەتەدا رەوایە و شتێکی شەرعییە.

وە ئەگەر زانیمان کە حوکمی قازی لەسەر موخابەرەی ولآتانی دوور بووە ئەمجار بۆ ئەو شارانە کە وان لە ئیدارەی موحافیز و قایمقام و مدیرناحیەدا ئەگەر تەقلیدی قەولی یەکێ لە سێ ئیمامەکە ـ بە تایبەتی ئیمامی ئەبووحەنیفە ـ بکەن لەوەدا کە ئیختیلافی مەتالیع تەئسیری نییە لە داهاتنی فەرزی رۆژوو و جەژن کردنا گەلێ باشە؛ چونکی ئێمە باوەڕمان وایە ئەو ئیمامانە هەموو موجتەهیدن و خاوەن پایەن لە دینی ئیسلاما و تەقلیدیان دروستە.

باسی هەشتەم: لە هاتنەخوارەوەی قورئان لە مانگی رەمەزانا دوو قسە هەیە؛ یەکەم ئەمەیە: هەموو قورئان لە «لیلة القدر»دا لە «لوح المحفوظ»ەوە هاتووەتە خوار بۆ شوێنێکی تایبەتی لە ئاسمانی یەکەمدا کە مەشهوورە بە «بیت العزة» وە لە پاشان بە بەش بەش لەسەر پێویست نازڵ بووە بۆ سەر فەخری عالەمﷺ. دووهەم ئەمەیە: دەستکردن بە هاتنەخوارەوەی قورئان لەو شەوەدا لە واقیعا یەکەمجار چەن ئایەتێ لە قورئان نازڵ بووە بۆ سەر پێغەمبەرﷺ کە بریتین لە ئایەتەکانی ئەووەڵی سوورەتی «علق».

وە لە دیاری کردنی شەوی نازڵ بوونی قورئانا گەلێ ریوایەت هەیە، لەلای ئیمامی شافیعیﷺ لە شەوی (٢١)ی رەمەزانا بووە.

باسی نۆهەم: خودای تەعالا مانگی رەمەزانی کردووە بە کات بۆ رۆژوو کە روکنێکە لە ئەرکانی ئیسلام، وە هێزی دا بە پیرۆزی مانگی رەمەزانیش بەوە کە قورئانی پیرۆزی تێدا نازڵ کردووە.

وە لە واقیعدا ئەم تەئییدە زۆر مەعقوول و بە جێیە؛ چونکی چاکترینی کیتاب ئەوەیە راست و باوەڕ پێکراو بێ، وە لەگەڵ ئەمەیشا دەستووری هەموو یاسای

بیر و باوەڕی باش و کردەوەی باش و ئەخلاق و خوو و ڕەوشتی باشی تێدا بێ. وە بێجگە لەمانە ئەو کیتابە بۆ هەموو چەرخێ سوودی دینی و دونیایی لێوەربگیرێ، وە قورئانی پیرۆز دارای ئەم شتانەیە:

یەکەم: ئیعجازەکەی دەلیلە لەسەر ئەوە ئەم کەلامە کەلامی خودایە و وتراوی غەیری ئەو نییە و ڕاستە. وە ئیعجازەکەی سابتە بە گەلێ دەلیل، لەو دەلیلانەیە کەس نەیتوانیوە موعارەزەی بکا و وتارێك لەسەر وێنەی ئەو بڵێ. وە لەو دەلیلانەیە جیاوازی شێوەی دارشتنی لە شێوەی دارشتنی وتاری ئادەمیزاد. وە لەوانەیە ئیخباردانی بە گەلێ ئوموری پەنامەکی رابوردوو و گەلێ پەنامەکی داهاتوو کە بە ڕاستی وادەرچوون. وە لەو دەلیلانەیە کە پڕە لە نیکتەی وردی بەلاغە و بەرزی وتار بە نەوعێ کە زانا سەری سوڕئەمێنێ لەوانە. وە لەو دەلیلانەیە کە لەگەڵ ئەو هەموو نوکتە جوانە تیایا هەیە درۆی تێدا نییە و بە درۆ نەڕازاوەتەوە. وە لەو دەلیلانەیە ئەو باسانە لە قورئانا هەیە لە کاتی نازڵ بوونیا عەقڵی مەخلووقی «جزیرة العرب» بەڵکوو مەخولووقی وڵاتانی‌تری پێ نەگەیشتووە ئێستەیش خەڵك ماندوون لە کەشفی ئەسراری قورئان و هەتا زانستی بەرزبێتەوە قورئان بەرزتر دەرئەکەوێ لای زاناکان.

وە لەو دەلیلانەیە کە قورئان لەگەڵ ئەو هەموو باسانەدا کە باسی کردوون بە قەتعی دوورە لە خۆپەرستی و گەل‌پەرستی و فیز و دەمار و میقیاسی ئادەمیزادی کردووە بە بیر و باوەڕی باش و کردەوەی باش. وە لەو دەلیلانەیە ئەو تەئسیرە تایبەتییە کە هەیەتی لە دڵی کەسێکدا تێ‌بگا و دڵی دوور بێ لە عەناد و بەرانبەرکێ. ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە کە قورئان ڕاست و باوەڕ پێکراوە.

وە دووهەم: سابتە بە تەماشا کردنی ئایەتەکانی کە باسی ئوسوول و کوللییاتی هەموو بابەتێکی کردووە، وە ئەوەی کە بە ئاشکرا تێدا نییە حەواڵەی کردووە بە بیر و زانستی زانا بەرزەکان لە هەر زەمانێکدا.

سێهەم: ئەگەر بە ئینساف تەماشا بکرێ ئەوەی کە سوودێکی پاك لە زیانی هەبێ قورئان رەوای داوە بۆ ئادەمیزاد، وە ئەوە کە زیانی هەبێ مەنعی کردووە و ئەمەیش بۆ هەموو چەرخێ بە کاردێ.

باسی دەهەم: بزانن کە نوێژی تەراویح سوننەتە لە پاش نوێژی عیشا لە مانگی رەمەزانا. ریوایەت کراوە لە ئەبووهورەیرەوە ﵁ ئەیفەرموو: حەزرەت ﷺ تەرغیبی ئەسحابەکانی ئەدا لە قیامی رەمەزانا (واتە: لە نوێژی سوننەتی شەوەکانیا) بە بێ ئەوە کە بە هێز فەرمانیان پێ بدا. وە حەزرەت ئەیفەرموو کەسێ قیامی رەمەزان جێبەجێ بکا بە ئیمان و باوەڕەوە لە بەر رەزای خودا، گوناهەکانی لەوەوپێشی عەفو ئەکرێ بۆی. جا بازێ لە زاناکان فەرموویانە گوناهی گەورە و بچووك، وە بازێکیان فەرموویانە هەر گوناهە بچووکەکانی.

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عائیشەوە ﵂ فەرمووی: حەزرەت ﷺ شەوێ لە شەوەکانی رەمەزان[1] دەرچوو لە ماڵ بۆ مزگەوت و لە مزگەوتا نوێژی کرد و ئەسحابەکان بە نوێژەکەی ئەو نوێژیان ئەکرد (واتە: ئیقتیدایان پێ ئەکرد) جا کاتێ رۆژبووەوە خەڵك ئەم وەزعەیان گێڕایەوە، وە خەڵك زۆر گردەوە بوون بۆ شەوی دووەم. وە بۆ سبەینێ ئەم باسە بڵاوە بوو، وە بۆ شەوی سێهەم خەڵك زۆر گردەوە بوون و نوێژیان کرد لەگەڵ حەزرەتا ﷺ، وە لە شەوی چوارەما ئەوەندە ئەسحابە گردەوە بوون مزگەوت نەیئەگرتن، وە حەزرەت ﷺ لەم شەوەدا دەرنەچوو بۆ مزگەوت هەتا نوێژی سبەینێ دەرچوو بۆ ناویان و نوێژی سبەینێی بۆ کردن.

جا رووی تێکردن و حەمد و سەنای خودای کرد و فەرمووی، من ئاگادار بووم لە هاتنی ئێوە بۆ مزگەوت بەڵام دەرنەچووم بۆ ناوتان لە ترسی ئەوە کە ئەو نوێژە

---

[1]. لە ریوایەتی ئەبووزەڕا ئەم شەوە بیست و سێی ڕەمەزان بوو.

فەرز بکرێ لەسەرتان و ئێوەیش نەتوانن بیکەن ئیتر تا حەزرەت ﷺ وەفاتی کرد هەرکەس بۆ خۆی بە ئارەزوو چەندێ ئارەزووی لێ‌ئەبوو نوێژی تەراویحی ئەکرد.

لە ئەبووزەڕی غەفارییەوە ریوایەت کراوە ئەڵێ: رۆژووی رەمەزانمان گرت لەگەڵ حەزرەتا ﷺ وە لە هیچ شەوێ لە شەوەکانیا لەگەڵمانا نوێژی نەکرد هەتا کاتێ حەوت رۆژێ لە رەمەزان مابوو حەزرەت ﷺ هەستا هاتە ناومان نوێژی کرد و نوێژمان لەگەڵدا کرد هەتا سێیەکی شەو رۆیشت، وە لە شەوی بیست و چواری مانگا هەڵنەستا و لە شەوی بیست و پێنجدا هەستا نوێژی کرد لەگەڵمانا هەتا نیوەی شەو، جا وتم یا رەسولەڵڵا خۆزگا تا ئاخری شەو هەر نوێژت بکردایێ پێمان! فەرمووی: ئینسان کاتێ نوێژی کرد لەگەڵ ئیماما هەتا ئیمام ئەڕواتەوە بۆ جێگەی خۆی ئەوە نوێژی هەموو ئەو شەوەی بۆ حسێب ئەکرێ. جا لە شەوی بیست و حەوتی مانگدا حەزرەت عائیلە و ئەهلی خۆی گردکردەوە و خەڵك گردبوونەوە و لە مزگەوتا نوێژی پێ کردن هەتا ترسی ئەوەمان پەیدا کرد کە پارشێومان بۆ نەکرێ ئیتر لە باقی شەوەکانا نەهاتەدەرەوە. ئەم حەدیسە ئەسحابی سونەن ریوایەتیان کردووە بە سەنەدی سەحیح.

وە ریوایەت کراوە لە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی قارەوە ئەڵێ دەرچووم لەگەڵ عومەری کوڕی خەتاب رضي الله عنه بۆ مزگەوت لە شەوێ لە شەوەکانی رەمەزانا تەماشای کرد خەڵك کۆمەڵ کۆمەڵ نوێژی تەراویح ئەکەن ـ واتە لە چەن شوێنەوە جەماعەت ئەکەن ـ وا بوو بازێ کەس بە تەنیا نوێژی ئەکرد و بازێ بە جەماعەت و حەزرەتی عومەر فەرمووی: ئەگەر ئەمانە گردبکەینەوە لە پشتی یەك ئیمامەوە باشترە! پاش ئەوە پیاوەکانی گردکردەوە لەسەر ئیقتیدا بە ئوبەی کوڕی کەعب، جا شەوێکی‌تر رۆیشتینەوە بۆ مزگەوت تەماشای کرد ئەسحابەکان بە جەماعەت لە پشتی ئوبەی

کوڕی کەعبەوە نوێژ ئەکەن فەرمووی: چاك کردەوەیەکی تازەدامەزراوە ئەم شێوە نوێژە، وە ناوبردنی بە شێوەی تازەدامەزراو لەبەر ئەوەیە کە لە پاش ئیقتیدای ئەسحابە بە حەزرەت ئەم شێوە نەبووە، ئەگەرنا دیارییە کە نوێژی تەراویح جەماعەتەکەی لەلایەنی حەزرەتەوە کراوە و سوننەتە و هەرکەس بڵێ ئەمە سوننەت نییە ئەوە نەزانە.

وە لە ریوایەتی باوەڕپێکراوا سابت بووە کە حەزرەتی عومەر ﵁ لە ساڵی چواردەی هیجریدا شەوێ دەرچوو بۆ مزگەوت تەماشای کرد ئەسحابەکان نوێژی تەراویح ئەکەن بەڵام بازێ کەس بۆ خۆی بە تەنیا و بازێ کەس بە ئیقتیدا بە ئیمامێ لەگەڵ چەن کەسێکا، ئەویش ئەسحابەکانی گردەوەکرد و راوێژی لەگەڵ کردن بۆ ئەوە ئەم نوێژە بکەن بەیەك جەماعەت ئەوانیش موافەقەیان کرد و بوو بە «ئیجماع».

کەوابوو بێ‌شوبهە لە دینا دامەزرا و ئوبەی کوڕی کەعبی کرد بە ئیمام بۆ پیاوان؛ چونکی لە ناو ئەسحابەکانا زۆر قاری بوو قورئانی هەموو لە زەمانی حەزرەتا لەبەر کردبوو، وە تەمیمی داری یا سولەیمانی کوڕی ئەبوحەشمەی کرد بە ئیمام بۆ ژنان، وە ئەم نوێژی تەراویحە لە ناو ئەسحابەکانا زۆر خۆشەویست بوو، وە هەموویان پێی رازی بوون، حەتا حەزرەتی عوسمان دوعای کرد بۆ حەزرەتی عومەر و فەرمووی: خودا قەبری عومەر نوورانی بکا وەکوو مزگەوتەکانی نوورانی کرد بەم نوێژە.

ئەمما ژمارەی نوێژی تەراویح: ئەوە مەعلوومە کە حەزرەت ﷺ هەشت رکاتی کردووە لە مزگەوتا لە ناو ئەسحابەکانا، وە «بەرماوی» ریوایەت ئەکا لە عائیشەوە ﵂ کە حەزرەت ﷺ ئەو تەراویحەی لە ماڵی خۆی کردووە هەتا وەفاتی کردووە، وە ئەگەر دەلیلیان نەبوایە لەسەر ئەوە کە بیست رکاتی تەواو کردووە ئەسحابەکان لەسەر ئەم بیست رکاتە رێك نەئەکەوتن. زیاد لەوە ئێمە کە تەماشای ریوایەتی ئەبووزەڕ ئەکەین کە حەزرەت ئەوەندە مایەوە لە مزگەوتا لەسەر نوێژ کردن هەتا

ترسی ئەوەمان بوو فریای پارشێو نەکەوین، بۆمان دەرئەکەوێ کە درێژەدان بە نوێژ لە شەوانی رەمەزانا زۆر مەقسوودە.

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: خودای تەعالا رۆژووی رەمەزانی فەرزکردووە لەسەرتان و منیش شەو نوێژەکەم بۆ کردوون بە یاسای دین. بەم پێیە ئینسان ئەگەر هەر لە پاش نوێژی عیشاوە تا تولووعی سوبح نوێژ بکا لە قانوونی سوونەتی نوێژی شەوی رەمەزان دەرناچێ.

وە ئەم نوێژی تەراویحە زۆر خێرە و کردنەکەی سوننەتی پێغەمبەرە و ئەسحابەکان ئیتیفاقیان کردووە لەسەر ئەم عیبادەتە، وە لە هەموو شار و دێهاتی ئیسلاما تا ئیمرۆ رەفتاریان پێ کردووە، وە پێویستە ئێمەیش بە رێگەی ئەوانا برۆین بەرێدا (إن شاء اللّٰه تعالى).

باسی یازدەهەم: وتمان سەفەری رۆژوو ئەشکێنێ و لە پاش سەفەرەکەی، لە غەیری رەمەزانا قەزای رۆژووەکەی ئەکاتەوە، هەروا نەخۆش کە نەخۆشینی دەوامدار نەبێ، وە ئەمانە کەفارەتیان لەسەر نییە، بەڵام نەخۆش بە نەخۆشینی دەوامدار ئەوە بەس فیدیەی لەسەرە و قەزای نییە؛ چونکی عوزرەکەی دەوامدارە، وە ژنی عوزردار بە حەیز و زەیسانی ئەویش نابێ بەرۆژوو بێ و لە پاش عوزرەکەی قەزای ئەکاتەوە، وە ژنی شیردەر و سکپڕ ئەگەر ترسیان لە منداڵەکەیان بوو ئەوە قەزایشیان لەسەرە و ئەبێ فیدیەیش بدەن. وە پیاو و ژنی پیر بەس فیدیەیان لەسەرە؛ چونکی تەوانای قەزایان نییە، وە هەرکەسێ قەرزاری رۆژووی رەمەزان بێ و قەزای نەکاتەوە تا رەمەزانی داهاتوو ئەوە قەزای رۆژووەکەی لەسەرە و بۆ هەموو رۆژێکیش تەعامی میسکینێکی لەسەرە، واجبە بیدا، وە ئەگەر موەفەق نەبوو لەسەر قەزای رۆژووەکەی تا مرد ئەوە مادام ماڵی هەبێ دروستە لە باتی هەر رۆژێ تەعامی میسکینێ بدرێ

لە کەفارەتی ئەو رۆژووە فەوتاوەدا هەروا دروستە رۆژووەکەیشی بۆ بگێرنەوە، خواه لەلایەنی خزمی خۆیەوە یا لەلای بێگانەوە.

وە ئەگەر کەسێ رۆژووی بە جیماع شکاند ئەوە رۆژووەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە و واجبە قەزای ئەو رۆژووە بکاتەوە، وە کەفارەتیشی ئەکەوێتە سەر کە عیبارەتە لە رۆژووی دوو مانگ لەسەر یەك، وە ئەگەر گیرۆدەی دەردی وابوو نەیتوانی بە رۆژوو بێ واجبە خواردنی شەست میسکین بدا هەر میسکینێ «موددێ».

باسی دوازدەهەم: جوملەی: ﴿ولتكبروا الله على ما هداكم﴾ تەرغیبە بە «اللّٰه أكبر» کردن لە پاش تەواو کردنی ژمارەی رۆژووەکانی رەمەزان، وە ئەم تەکبیرە لە مەزهەبی شافیعیدا سونەتە و لە پاش غورووبە لە شەوی جەژنا؛ چونکی خودا ئەفەرموێت: ﴿ولتكملوا العدة ولتكبروا الله على ما هداكم﴾، وە دەوام ئەکا هەتا ئیمام دەس ئەکا بە نوێژی جەژن پاش ئەوە ئیتر ئەبڕێتەوە.

وە لە پاش ئەوە کە رۆژ بەقەی رمێ بەرزەوەبوو ئیمام و مەئمووم نوێژی جەژن ئەکەن دوو رکات؛ لە رکاتی یەکەما لە پاش «اللّٰه أكبر»ی نیەت هێنان حەوت «اللّٰه أكبر» ئەکەن و لە بەینیانا ئەڵێن «سبحان اللّٰه والحمد للّٰه ولا إله إلا اللّٰه واللّٰه أكبر»، وە لە رکاتی دووەما لە پاش «اللّٰه أكبر»ی هەستانەوە لە سوجدە پێنج جار «اللّٰه أكبر» ئەکەن، وە لە پاش سەلامدانەوەی ئیمام سونەتە کە دوو خوتبە بخوێنێتەوە لە ئەووەڵی خوتبەی یەکەمەوە نۆ جار و لە ئەووەڵی خوتبەی دووەمەوە حەوت جار «اللّٰه أكبر» بکا و لە خوتبەدا ئادابی سەرفیترە بەیان بکا.

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ ﴾

ئەی پێغەمبەری من! کاتێ بەندەکانم پرسیار بکەن لە تۆ، ئایا من نزیکم لەوانەوە یا دوورم تۆ پێیان بفەرموو: بە راستی من نزیکم لەوانەوە، ئاگام لە هەموویانە: لە حاڵیان، لە راز و نیازی دڵیان، وە هەموو شتێکم پێ ئەکرێ بۆیان.

﴿أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾

دوعا و سکالاّ و لالّە و پالّەی دوعاکەر وەلاّم ئەدەمەوە کاتێ لێم پاڕایەوە.

﴿فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِى﴾

دەبا ئەوانیش بە فەرمانی من بکەن.

﴿وَلْيُؤْمِنُواْ بِى﴾

با ئیمان و باوەڕیان بە من ببێ.

﴿لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾﴾

ڕجا وایە بەو فەرمانبەرداریيە و بەو ئیمان و باوەڕە ڕێگەی مەبەستی ڕاستی خۆیان بگرن، وە مادام ڕێگەی ڕاستیان گرت ئەگەن بە ئامانجی خۆیان.

لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەوە چەن شتێ وتراوە: ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ کە جوولەکەکان وتیان: ئەی موحەممەد خوا چلۆن دوعای ئێمە ئەبیسێ، وە تۆ ئەلّێیت بەینی عەرز و ئاسمانەکان ئەوەندە ئەوەندەیە؟ جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە.

وە حەسەن فەرموویەتی: کۆمەلّێ هاتن وتیان: ئایا خودا نزیکە قسەی لەگەلّدا بکەین، وە یا دوورە بانگی لێبکەین؟ جا ئەم ئایەتە نازلّ بوو. وە بازێ شتی غەیری ئەمانەیش وتراوە.

وە موناسەبەی لەگەلّ شوێنەکەدا ئیشارەتە بۆ لای ئەوە کاتێ کە بەندەکانم ڕۆژووی ڕەمەزانیان گرت کاتی ئەوە دادێت کە من جەزایان بدەمەوە دوعایان قەبوولّ بکەم، وە من نزیکم لەوانەوە جا با داوای مەبەستی خۆیان بکەن هەتا لێیان قەبوولّ بکەم.

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەکەم: وارید بووە کە دوعا و پاڕانەوە لە خودای تەعالا مۆخی عیبادەتە، وە هەرکەس بە سۆزی دڵ لە خودای خۆی پاڕایەوە مەعنای ئەوەیە خودای خۆی بە ڕاستی خۆش ئەوێ و پاڕانەوەکەی بە عیبادەت بۆ ئەنووسرێ.

[باسی] دووەم: هەرچەن لە ئایەتەکەدا باسی قەید و شەرت نەکراوە بەڵام لە فەرموودەی حەزرەتەوە ﷺ دەر ئەکەوێ کە دوعای ڕاست چەن مەرجێکی هەیە:

مەرجی یەکەم: ئەوەیە ئەو کەسە دوعا ئەکا لە ناو حەراما نەبێ، خواردن و خواردنەوەی حەرام نەبێ. وەکوو ڕیوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ بازە کەسێ درێژە ئەدا بە سەفەر و تۆزاوی و تووکن ئەبێ و دەستەکانی بەرزئەکاتەوە بۆ لای خودا ئەڵێ: یارەببی، یارەببی، لەگەڵ ئەوەدا نان و ئاوی حەرامە و بەرگەکەی حەرامە. دەی ئەوە چۆن دوعای لێ قەبووڵ ئەکرێ؟!

مەرجی دووەم: ئەمەیە کابرای دوعاکەر شتێکی گوناح یا ڕەحم بڕین و خزمایەتی تێکدان داوا نەکات. ئەبوو سەعیدی خدری رضي الله عنه ئەڵێ: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: هەر موسوڵمانێ دوعایێ بکا کە گوناحی تیا نەبێ و ڕەحمی خۆی نەبڕێ خودای تەعالا یەکێ لە سێ شتی پێ ئەدا: یا دوعاکەی زوو لێ قەبووڵ ئەکا، یا بۆی هەڵئەگرێ بۆ قیامەت، وە یا بە قەی ئەو نیاز و دڵخوازەی مەنعی فیتنە و ئاشووبی لێ ئەکا.

مەرجی سێهەم ئەمەیە: کابرا دوعا بکا بە حوزووری دڵ و عەزمی ساغ و باوەڕی وەهابێ کە خودا دوعاکەی لێ قەبووڵ ئەکا. وەکوو ڕیوایەت کراوە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: کاتێ داوای شتێکتان کرد لە خودا ئەبێ بە عەزم داوای بکەن و وەها بزانن بۆتان ئەکا؛ چونکی خودا ئەتوانێ هەموو شتێ بکا و هیچ شتێ لە خودا عاسی نابێ.

وە ئیبنوعەتا فەرموویەتی: دوعاکردن ئەرکانی هەیە، باڵی هەیە، سەبەبی هەیە، کاتی تایبەتی هەیە. ئەرکانەکانی حوزووری دڵ و خۆکزکردن و پاڕانەوەیە بە سۆزی دڵ. وە باڵەکانی راستییە لەگەڵ خودادا، وە سەبەبی قەبووڵەکەی سەڵاواتدانە لە حەزرەت ﷺ لە ئەووەڵی دوعاکە و ئاخریەوە؛ چونکی خودا سەڵاواتەکان وەرئەگرێ، وە لە میهرەبانی خوداوە دوورە ئەملا و ئەولای دوعاکە وەربگرێ و ناوەڕۆکەکەی وەرنەگرێ.

وە هەموو زانایەکی دین ئەزانێ کە نوێژی «صلاة الحاجة» سوننەتی پێغەمبەرە ﷺ وە بەجێهێنانی ئەو نوێژە دەوری گەورەی هەیە لە قەبووڵی دوعادا. یەکێ بیەوێ بە تەفسیل ئەمە بزانێ تەماشای کتێبی شەرع بکا ـ بە تایبەتی مەکتووباتی مەرحووم کاك ئەحمەدی شێخ ﵀ ـ و بەو شێوە نوێژەکەی و ئەورادەکەی بەجێبێنێ.

باسی سێهەم ئەمەیە: ئەگەرچی ئەم ئایەتە لە دوعادا بێقەید و شەرتە بەڵام لە گەلێ ئایەت و حەدیسا قەید و شەرت دەرئەکەوێ، بۆ وێنە، لە ئایەتی: ﴿أمن يجيب المضطر إذا دعاه﴾[1] دا دەرئەکەوێ کە خودا دوعای ئینسانی موحتاج و ناچار وەرئەگرێ.

وە لە ئایەتی: ﴿ادعوا ربكم تضرعاً و خفية إنه لا يحب المعتدين﴾[2] وە دەرئەکەوێ کە مەرجی قەبووڵی دوعا نزا و لاڵە و پاڵە و پەنامەکی بوون و تێکەڵ نەبوونی دوعاکەیە بە تاوان و لادان بۆ سەر حوقووقی خەڵك، ئەگەرنا قەبووڵ ناکرێ.

وە لە ئایەتی: ﴿فيكشف ما تدعون إليه إن شاء﴾[3] وە دەرئەکەوێ کە قەبووڵی دوعا بەسراوە بە خواستی خواوە، وە ئەمە شتێکی راست و بێگومانە؛ چونکی خودای

---

١. النمل؛ ٦٢.

٢. الأعراف؛ ٥٥.

٣. الأنعام؛ ٤١.

تەعالا لە هەموو شتێکا موختارە و خاترخۆیە؛ ئەوەی خواستی لەسەری بێ ئەیکا و ئەوەی خواستی لەسەری نەبێ نایکا.

زیاد لەمانە ئەو ئایەتانە هاتوونەتەخوار لەم بابەتەوە هیچ یەکێکیان بە حوکمی کوللی وارید نەبوون، هەتا یەکێ بڵێ پێویستە لە هەموو کەسێکەوە و لە هەموو کاتێکا و لە هەموو شوێنێکا خودا دوعا قەبووڵ بکا، بەڵکوو مەعنای هەموویان دێتە سەر ئەوە کە هەر خودایە دوعا قەبووڵ ئەکا، وە «في الجملة» قەبووڵی ئەکا و مەوزووعەکە دوورە لە هەموو شوبهەیێ.

بەڵێ بۆ دوعاکردن کات و شوێنی تایبەتی بەیان کراوە لە کتێبەکانا، وەکوو کاتی بەرەبەیان و کاتی باران بارینی سەر لە پایز و سەر لە بەهار، وە کاتی بانگدان لە بەینی جوملەی «حي على الصلاة» و «حي على الفلاح»دا، وە کاتی گەیشتن بە پیاو چاکان، وە کاتی دەرکەوتنی گومەزی حەزرەتی فەخری عالەمﷺ لە مەدینەدا بۆ ئەوانە ئەڕۆن بۆ زیارەت. وە کاتی دڵ گەرم بوون لە باسی سیرەتی حەزرەتاﷺ یا لە باسی پیاوچاکانا. وە لە کاتێکا خەتیب لە مینبەر دێتە خوارەوە لە ڕۆژی جومعەکانا. وە لە کاتی گەیشتنی دۆستانی دوور لە مەنزڵ بەیەك بە تایبەتی دایك و ئەولادی دووری خۆی. وە شوێنەکان وەکوو: مەککەی موکەڕڕەمە و حەرەمی مەککە و خانووی کەعبە و مەقامی ئیبراهیم، و لە نزیکی «مولتەزەم»دا، وە لە عەرەفات و ڕەوزەی حەزرەتاﷺ وە لە مەشاهیدی ئەولیا و پیاوچاکانا. وە لە هەر شوێنێکا ئینسان کەوتە دڵیەوە دوعا بکا ئەوە شوێنی قەبووڵی دوعایە (إن‌شاءالله).

باسی چوارەم: وەکوو دوعای ئینسان سوودی هەیە بۆ خۆی دوعای موسوڵمانان بازێکیان بۆ بازێکیان سوودی هەیە، بە تایبەتی لە پاش‌ملە، حەزرەتﷺ فەرموویەتی: «أرجى الدعوات دعاء الأخ لأخيه بظهر الغيب» واتە: نزیکترینی دوعا لە قەبووڵەوە دوعای برای دینییە بۆ برای خۆی لە پاش ملەدا.

هەروا سونەتە ئینسان داوا بکا لە موسوڵمانێ دوعای بۆ بکا؛ بچووك بۆ گەورە و گەورە بۆ بچووك، مەشهوورە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی بە عومەری کوڕی خەتاب لەو کاتەدا چوو بۆ حەج: «لا تنسنا من دعائك يا أخي» واتە: فەرامۆشمان مەکە لە دوعای خۆت ئەی برای خۆشەویستم. هەروا مەشهوورە حەزرەت ﷺ فەرمووی بە عومەر کاتێ چاوت کەوت بە «ئووەیس»ی قەرەنی سەلامی لێبکە و داوای دوعای لێبکە بۆ خۆت. وە هەروا هاتە جێ.

وە داوا کردنی موسوڵمانان بازێکیان لە بازێکیان ئیجماعی عەمەلی لەسەر هەیە و ئوممەت گردنابنەوە لەسەر گومڕاهی.

هەروا دوعای زیندوو بۆ مردوو دوعای پێغەمبەران بۆ موسوڵمانان لە نەسی قورئانا زۆرە، وە دوعای موسوڵمانان بۆ مردوان واریدە لە ئایەتی: ﴿والذين جاؤا من بعدهم يقولون ربنا اغفر لنا ولإخواننا الذين سبقونا بالإيمان﴾.[1] وە دوعای ئەولاد بۆ باوکیان لە نەسی حەدیسی شەریفا واریدە. ئەمانە هیچیان شوبهەیان تیا نییە.

باسی پێنجەم: پاڕانەوەیە لە خودا بە هۆی غەیرەوە، خواه نەفسی ئینسانێ بێ وەکوو سابتە کە حەزرەتی عومەر ﷺ لە کاتی بێبارانیدا تەوەسولی کرد بە عەباسی مامی حەزرەت و فەرمووی: «اللّٰهم إنا كنا نتوسل إليك بنبيك محمد ﷺ فتسقينا، و إنا نتوسل إليك بعم نبيك فاسقنا!» واتە: خودایا لە کاتی ژیانی پێغەمبەری تۆدا داوێن‌گیری ئەبووین کە بپاڕێتەوە لێت و ئەپاڕایەوە و بارانت بۆ ئەبارانین، وە ئێستە داوێن‌گیری مامی پێغەمبەر ئەبین یاڕەبی هەتا دوعا بکاو بارانمان بۆ ببارێنێ، دەی بە میهرەبانی خۆت بارانمان بەسەرا ببارێنە! وە حەزرەتی عەباس دوعای کرد و بارانیان بۆ باری. وە کەسێ نابێ بڵێ عەباس زیندوو بووە بۆیە داوای دوعا لەو کراوە؛ چونکی ئەگەر

---

١. الحشر: ١٠.

شەرەفی حەزرەت ﷺ نەبوایە عومەر نەیئەفەرموو «بعم نبيك»، وە ئەیفەرموو: «بعباس بن عبدالمطلب».

هەروا واقیع بووە تەوەسول بە زاتی حەزرەت ﷺ لە ژیانیا وەکوو لە واقیعەی ئەو کەسەدا کە کوێر بوو بوو، وە هات داوێن‌گیری حەزرەت ﷺ بوو، وە حەزرەت فەرمووی: دوو رکات نوێژ بکا ئەوسا دوعا بکا بڵێ «اللّهم إني أتوسل إليك بنبيك محمد ﷺ أن ترد إلي بصري» واتە: خودایە من بە وەسیلەی بەرزی پایەی خۆشەویستتەوە داوا ئەکەم رووناکی چاوەکانم پێ بدەیتەوە. وە خودا ئەو پاڕانەوەیە لێ قەبووڵ کرد، وە راوی ئەڵێ: ئێمە لە عەینی شوێنا بووین کابرا بە چاو ساغی هاتەوە بۆ لامان.

هەروا واقیع بووە تەوەسول بە جاه و پایەی ئەو رەهبەرانە کە لەلای خودا پایەدار بوون، وە بە پایەی کردەوەی خۆیان.

«ئیبنوماجە» ریوایەت ئەکا بە ئیسنادێکی سەحیح لە ئەبوسەعیدی خدرییەوە رضي الله عنه ئەڵێ: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: کەسێ لە ماڵی خۆی دەرچێ بۆ نوێژ و بڵێت: «خوایە من داوات لێ‌ئەکەم بە حەقی ئەو کەسانە کە لە تۆ پاڕاونەتەوە و بە حەقی ئەم هاتنەم بۆ مزگەوت کە ماڵی تۆیە، وە من دەرنەچووم لەسەر حیرس و بایی بوون و یا لەسەر کردەوە نیشاندان بە خەڵك و لەبەر ئەوە کە ناوی خۆم بە چاك ببیسمەوە، دەرچووم لەبەر ترسی عاجزبوونی تۆ لە من، وە لەبەر داواکردنی رەزامەندی تۆ، داوات لێ‌ئەکەم پەنام بدەی لە ئاگری دۆزەخ، وە تاوانەکانم بپۆشی چونکی کەس تاوان ناپۆشێ تۆ نەبێ. مادام ئەو بەندە ئەمەی وت خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی رووی لێ‌ئەکا و حەفتا هەزار فریشتە داوای عەفوی تاوانی بۆ ئەکا». وە «جەلالەددینی سیووتی» ئەمەی بەم مەفهوومە ریوات کردووە لە «الجامع الكبير»دا.

هەروا «طبرانی» لە «کبیر و اوسط»دا و «ابن‌حبان» و «حاکم» ریوایەتیان کردووە بە ئیسنادی سەحیح لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ئەڵێ: کاتێ فاتیمەی کچی ئەسەد

(دایکی عەلی رضي الله عنه) مرد و ئەو ژنە خزمەتی حەزرەتی زۆر کردبوو حەزرەت چووە ناو قەبرەکەی و ئەڵحەدەکەی بڕی بە دەستی خۆی، جا لە ناویا راکشا و فەرمووی: «اللّٰه الذي يحيي ويميت وهو حي لا يموت اغفر لأمي فاطمة بنت أسد و وسع عليها مدخلها بحق نبيك و الأنبياء الذين من قبلي فإنك أرحم الراحمين».

هەروا سابت بووە تەوەسول بە ئەعمالی سالیحە و کردەوەی چاکان. ریوایەت کراوە لە بوخاری و موسلیمدا سیٚ کەس لە ئەشکەوتێکا بوون و بە هۆی لافاوەوە دەرگای ئەو ئەشکەوتەیان لیٚ گیرا، وە هەر یەکیٚ لەوان تەوەسولی کرد بە کردەوەیەکی باشی خۆی؛ یەکیٚ لەوان کاسەییٚ شیری راگرتبوو لەشەوا بۆ باوك و دایکی هەتا لەخەو هەستان. وە یەکیٚ لەوان خۆی لادا بوو لە تاوانباری لەگەڵ ژنێکی خاوەن جەمالا. وە یەکیٚ لەوانماڵێکی کەمی کرێکارێکی لەلا بوو وە زۆر بوو بە هۆی «زەوەرزێوە» وە هەموو ئەو ماڵەی داوە بە کرێکارەکە. جا خودای تەعالا بە دوعای هەرکام لەوان ئەندازەییٚ لە دەمی ئەشکەوتەکەی کردەوە هەتا هەموو رزگار بوون.

وە پیرۆزی کراسەکەی حەزرەتی یوسف عليه السلام وە بوونی بە هۆی گەڕانەوەی رووناکی چاوەکانی حەزرەتی یەعقووبی باوکی نەسی قورئانە: ﴿اذهبوا بقميصي هذا فألقوه على وجه أبي يأت بصيراً﴾.[1] لە هەموو ئەمانەوە حەق دەرئەکەویٚ بۆ هۆشیاران.

لە بوخاری شەریفا ریوایەت ئەکا لە «براء»ەوە رضي الله عنه ئەڵیٚ: کاتیٚ کە رۆژووی رەمەزان فەرزکرا موسوڵمانەکان لە رەمەزانا نزیکی ژنەکانیان نەدەکەوتن، وە چەن کەسیٚ لەوان کەوتنە ناو ئیشەوە جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە:

﴿أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمْ﴾

ڕەوا درا و حەڵاڵ کرا بۆ ئێوە لە شەوی رەمەزانا چوونەلای ژنەکانتان، لەبەر ئەوە.

---

١. یوسف؛ ٩٣.

﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾

ئەو ژنانە وەکوو بەرگ ئەپێچرێن بەدەوری ئێوەدا. وە ئێوەیش وەکوو بەرگ ئەپێچرێن بەدەوری ئەوانا، وە دوو هاونەوعی حەلاڵی یەك وەها نزیك ببنەوە لەیەك زۆرگرانە بە عادەت لە ئارەزووی نەفس بپارێزرێن.

﴿عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ﴾

خوای تەعالا ئاگادارە بە راستی کە ئێوە خەیانەتتان کرد لەگەڵ نەفسی خۆتانا و خۆتان پێ رانەگیرا لەبەر ئەوە تەوبەی ئێوەی قەبووڵ کرد لەوەی بەسەرتانا هاتووە و عەفوی کردوون.

﴿فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ﴾

لە ئێستەوە ئیجازەدرا بۆتان بڕۆنە لای ژنەکانتان، وە داوا بکەن لە خودای خۆتان ئەوەی کە خودا بۆی نووسیون لە ئەولاد و نەتەوەی سوورەت پاك و سیرەت چاك، وە رابواردن و ئولفەت و دامەزراندنی خانەدانی بەشەرم و شکۆ.

هەروا ریوایەت کراوە لە «براء»ەوە ﷺ: یاسای ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ وابوو لە پاش مەغریب خواردن و خواردنەوەیان بۆ حەلاڵ بوو هەتا نوێژی عیشا، وە ئەگەر رۆژووەوانێ شێوی بۆ ئامادە بکرایە و بنوستایە لە پێش بەربانگدا ئیتر ئەو شەوە هیچی نەدەخوارد. وە بە رۆژیش هەر بەرۆژوو ئەبوو تا ئێوارە، وە قەیسی کوڕی «صرمە» ئەمەی بەسەراهات و لە سبەینێدا لە پەرێشانیدا بێهۆش کەوت، وە ئەم باسەیان بۆ حەزرەت گێڕایەوە، جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە:

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ﴾

واتە: بخۆن و بخۆنەوە هەتا کاتێ کە شتێ کە وەکوو دەزووی سپی وایە ـ کە بریتییە لە سفیدەی بەیانی ـ بۆتان جیائەبێتەوە لە شتێ کە وەکوو دەزووی رەش وایە ـ کە خەتی تاریکی شەوە ـ.

﴿ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيْلِ ۚ﴾

پاش دەرکەوتنی سفیدەی بەیانی رۆژووەکەتان تەواو بکەن هەتا شەو دایێ.

﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَٰجِدِ ۗ﴾

یانی: ئەی موسوڵمانان موباشەرەی ژنەکانتان مەکەن بە جیماع کردن لەگەڵیانا، وە یا بە لکاندنی پێستتان بە پێستیانەوە بەشەهوەت و ئارەزووی نەفس لە کاتێکا کە ئێوە ئیعتیکاف ئەکەن لە ناو مزگەوتا. جا ئەگەر جیماع کردنەکە لە ناو مزگەوتا بوو ئەوە جیماعەکە حەرامە و ئیعتیکافەکەیش بەتاڵ ئەبێتەوە، هەروا لکاندنی پێستی خۆی بە پێستی ژنەوە بە ئارەزووی نەفس. وە ئەگەر جیماعەکە، وە یا موباشەرەی بە شەهوەت لە غەیری مزگەوتا بوو ئەوە ئەگەر ئیعتیکافەکە فەرزبێ ـ واتە کابرا نەزری کردبێ لەسەر خۆی ـ ئەوە ئیعتیکافەکە بە تاڵ ئەبێتەوە ئیشەکەیشی حەرامە، بەڵام ئەگەر ئیعتیکافەکە سوننەت بێ ئەوە عەمەلەکەی حەرام نییە بەڵکوو لەو کاتە بەولاوە ئیعتیکافەکەی بەتاڵە. ئەمما ئیعتیکافە پێشووەکەی تا کاتی عەمەلەکە دروست بووە و زیانی پێ ناگا.

وە دەلیلی مەنعکردنی خاوەن ئیعتیکاف لە موباشەرەی بە شەهوەت و جیماع کردن ئەمەیە ئیعتیکاف عیبادەتە و جیماع و موباشەرەی بە شەهوەت ئارەزووبازییە و ئەمانە ناکەونە یەك، وە زیاد لەوە مادام جیماعەکە لە مزگەوتا بێ ئەوە ئەبێ بە هۆی مانەوە لە مزگەوتا بە لەش پیسی ئەوەیش لە گوناهە گەورەکانە.

﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ﴾

ئەم ئەمر و نەهیانە لەم ئایەتانەدا ناردم بۆتان حودوودی خودان، شتێکن کە لەلایەنی خوداوە موخالەفە و بە گژاچوونیان مەمنووعە بە قەتعی.

﴿فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾

نزیك مەکەونەوە لێیان بە نیازی دەس بۆ بردن و بە گژا چوونیان.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ ﴿١٨٧﴾﴾

ئاوەها خودای تەعالا بەیان ئەکا و رووناك ئەکاتەوە ئەحکامی خۆی بۆ موسوڵمانان بە رجای ئەوە کە خۆیان لە نافەرمانی خودا بپارێزن.

بزانن! ئیعتیکاف لە عورفی دینا بریتییە لە مانەوەی موسوڵمانان لە مزگەوتا بەنیەتی عیبادەت کردن بۆ خودا، وە ئیعتیکاف سوننەتە بۆ ژن و پیاو بەڵام ژنێ کە مێردی ببێ دروست نییە بە بێ ئیجازەی مێردەکەی ئیعتیکاف بکا.

وە بە ریوایەتی حەزرەتی عائیشە و ئوبەیی کوڕی کەعب حەزرەت ﷺ لە دەی ئاخری مانگی رەمەزانا ئەڕۆیشتە مزگەوتەوە ئیعتیکافی ئەکرد تا ئاخری مانگی رەمەزان وە لەسەر ئەم حاڵە دەوامی کردووە تا وەفاتی کردووە.

وە لای ئیمامی شافیعی ئیعتیکاف دروستە بۆ رۆژووەوان و بێ‌رۆژوو، وە لە کاتی کەم و زۆرا، وە لە هەموو مزگەوتێکا، بەڵام لە مزگەوتی «جامعە»دا خێری زۆرترە.

ریوایەت کراوە کە عەبدانی حەزرەمی داوای پارچە عەرزێکی لە «امرىء القيس کندی» کرد بەڵام شایەتی نەبوو و حەزرەت ﷺ فەرمووی: مادام شایەتت نییە پێویستە «امرىء القيس» سوێند بخوا لەسەر ئەوە کە عەرزی خۆیەتی ئەویش ویستی سوێند بخوات، بەڵام حەزرەت ﷺ ئەم ئایەتەی بەسەرا خوێندەوە: ﴿إن

الذین یشترون بعهد اللّه و أیمانهم ثمناً قلیلاً﴾[1] (الآیة). ئەویش پەشیمان بووەوە لە سوێند خواردن و عەرزەکەی داوە بە عەبدان جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ﴾

ماڵی یەکتر لە ناو خۆتانا مەخۆن بە شێوەی ناحەق.

﴿وَتُدْلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ﴾

وە مورافەعەی ئەموالْ مەبەن بۆ لای حاکمەکان و فەرمانڕەواکان.

﴿لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ﴾

هەتا بەم هۆوە ئەندازەیێ لە ماڵی خەڵك بخۆن بە تاوانباری و بە ناڕەوایی.

﴿وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾﴾

وەلحاڵ، ئێوەیش باش ئاگادارن و ئەزانن کە ئەو ماڵە ماڵی ئێوە نییە.

پێویستە بزانن، لە جوملەی: ﴿ولا تأکلوا أموالکم بینکم بالباطل﴾ وە بە تەنیا دەرئەکەوێ کە خواردنی ماڵی خەڵك بە بێ موقابیل و بە شێوەی ناحەق حەرامە. خواه بەزۆر بێ، یا بە روو بێ. یا بە دزی بێ، یا بە غەش، یا بە هۆی فەرمانداری دنیاییەوە یا فەرمانداری دینی وەکوو قازی و حاکمی شەرعی. کەوابێ جوملەی: ﴿وتدلوا بها إلی الحکام﴾ دەس ئەدا کە عەتف بێ لە سەر «تأکلوا» و ئەمەیش حوکمی سەربەخۆ بێ جیا کرابێتەوە لەبەر ئیهتیمام بەم شێوە؛ چونکی بەزۆری ماڵی خەڵك خواردن بە هۆی هێزی فەرمانڕەواکانەوەیە سا خوای بە دەستە و بەستە بێ یا بە بەرتیل و ماڵدان بێ ئەگەرنا ئەمەیش بەر ﴿ولا تأکلوا أموالکم بینکم بالباطل﴾ ئەکەوێ.

---

١. آل عمران؛ ٧٧.

وە هەڵئەگرێ «وتدلوا» مەنسووب بێ بە حەزفی نوون و تەقدیری حەرفی ناسیب وە مەجمووعی «ولا تأکلوا» هەتا ئاخری ئەم جوملەیشە یەك حوکم بێ، وە مانای وا بێ کە ئەی موسوڵمانان ماڵی یەکتر لە ناو خۆتانا بە نارەوایی مەخۆن بە هۆی ئەوەوە کە مورافەعەی بگەیەنن بە فەرمانڕەواکان. ئەو وەختە ئەڵێن هۆی باسی تەنیا ئەم حوکمە ئەمەیە کە ئەم شێوە زۆر موهیممە و زۆر کەس گیرۆدەی بووە پێیەوە بەڵکوو لەوە دەسبەردار ببن.

وە ریوایەت کراوە: کە مەعازی کوڕی جەبەل و سەعلەبەی کوڕی غەنەم هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ پرسیاریان کرد لە هۆی ئیختیلاف و جیاوازی شێوەی مانگ لە هەر شەوێکدا دەرئەکەوێ لەگەڵ شەوی پێشوویا بە زیادی یا بە نوقسانی، جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە:

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ۗ﴾

جا ئەگەر پرسیاریان کردبێ لەوە فائیدەی ئەم جیاوازی شێوەی مانگە چییە لە شەوەکانا ئەوە ئایەتەکە جوابێکە رێك لەسەر پرسیاری ئەوان. واتە: ئەی پێغەمبەری من! پرسیارت لێ‌ئەکەن لە فائیدە و سوودی گۆڕانی شێوەی مانگ لە شەوەکانا بە زیاد بوون و نوقسان بوون، تۆیش پێیان بڵێ: ئەو شێوە جیاوازانە نیشانە و عەلامەتن بۆ ئادەمیزاد بۆ زانینی وەخت و وادەی کشتوکاڵ و کار و کاسبی و ئاڵوویر و کاروان کردن و هاتنی وادەی قەرز و قۆڵەی ناوخۆ. ئەگەر مانگ لە هەموو شەوێکدا یەك شێوەی ببوایە وەکوو رۆژ خەڵك ئەوانەیان نەدەزانی.

وە ئەگەر پرسیارەکانیان لە سیرڕی جیاوازی شێوەکان بێ کە عائیدە بە عیلمی ریازییات وەکوو وتوویانە هۆی ئەوانە نزیکی مانگە لە رۆژ و دوورکەوتنەوەیەتی لێی ئەوە جوابەکەی لەسەر یاسای «الأسلوب الحکیم» وارید بووە؛ کە کەسێ لە

شتێ ئەپرسێ و یارۆی پرسیار لێ‌کراو جوابی بەوە ناداتەوە کە ئەو ئەیەوێ، بەڵکوو جوابی بە نەوعێ‌تر ئەداتەوە کە فائیدەی زۆرتر بێ بۆی.

ئەو کاتە مەعنای ئایەتەکە ئاوایە: ئەی پێغەمبەری من! پرسیارت لێ‌ئەکەن لە ئەسباب و عەلامەتی گۆڕانی شێوەی مانگ لە شەوەکانا تۆیش پێیان بفەرموو: ئەو ئەسبابانە بە ئاسانی بۆ ئێوە نازانرێن، بەڵام بزانن کە مانگ بە هۆی جیاوازی شێوەوە ئەبێ بە نیشانەی ناسینی وەخت و وادە. وەکوو ئێستە بەیانمان کرد. وە بۆ ئێوە زانینی ئەمە باشترە لە ناسینی سیرڕەکەی.

وە بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە ئەنسار عادەتیان وا بووە کاتێ کە حەجیان ئەکرد و ئەگەڕانەوە و ئەگەیشتنەوە شوێنی خۆیان لە دەرگایماڵەکەیانەوە داخڵ نەدەبوون و لە پشتی ماڵەوە بە پلەکانە ئەڕۆیشتنە سەربان و لەوێوە ئەچوونە ژوورەوە، جا بە خیلافی ئەم یاسا شەخسێ لە ئەنسار حەجی کرد و کاتێ کە گەڕایەوە لە دەرگای ماڵەکەیەوە رۆیشتە ماڵەوە و خەڵك لۆمە و سەرزەنشیان کرد، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو و خودا فەرمووی:

﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا﴾

واتە: کردەوەی خێر ئەوە نییە کە ئێوە بێنەوە بۆ ماڵی خۆتان و لە پشتەوە بچنە ژوورەوە.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنِ ٱتَّقَىٰ﴾

بەڵام چاکە و ئیحسان، کردەوەی چاکە و تەقوای ئەوانەیە کە تەقوای خودا ئەکەن و لە خودا ئەترسن.

﴿وَأْتُوا۟ ٱلْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَٰبِهَا﴾

ئیتر بڕۆنەوە خانووەکانتان لە دەرگاکانیانەوە.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ١٨٩﴾

لە خودا بترسن و پارێز بکەن لەو بیر و باوەڕە و لەو کردەوانە کە خودا حەرامی کردوون بەڵکوو لە عەزابی خودا رزگار ببن.

بزانن! ئەم جوملەی: «وأتوا البیوت من أبوابها» جوملەیەکی زۆر بە نرخە و لە حیکمەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەژمێررێ، بێجگە لەو مانایە کە وتمان ئەمە ئەگەیەنێ کە: بڕۆن بۆ هەر مەبەستێ لە دەرگا و رێگەی عادەتی خۆیەوە، وە بەو ئەسبابانە کە خودا بۆی داناون: ئەگەر نەخۆش کەوتن بڕۆن بۆ لای دوکتۆر و دەرمان وەربگرن، وە سەدەقە و خێر بکەن بۆ دەفعی بەڵا، وە لە خودا داوا بکەن چاری ئەو نەخۆشییە بکا. وە ئەگەر ئیشتان لەلای پیاوێکی گەورە بوو سەربەخۆ قسەی لەگەڵا مەکەن بەو یاسا کە دامەزراوە لە رۆژا قسەی لەگەڵا بکەن، وە هەنگاو بەسەر مەرجەع و جێگای هانا و هاواری خۆتانا مەنێن، وە بە ئوسووڵی کات موراجەعە بکەن، هەروا بەم یاسا بڕۆن بۆ مەبەست بەڵکوو ناجیح ببن.

﴿وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمْ﴾

جەنگ بکەن بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام لەگەڵ ئەو کافرانەدا کە شەڕتان لەگەڵا ئەکەن.

﴿وَلَا تَعْتَدُوٓاْ﴾

بەڵام لە حەق لامەدەن؛ لە خۆتانەوە دەس مەکەن بە جەنگ هەتا کافرەکان دەس نەکەن بە جەنگ، وە جەنگ لەگەڵ هاوپەیمانتانا مەکەن هەتا پەیمانەکەیان تێك ئەدەن، وە کاتێ لە دەستەی دوژمنتان کوشت ئەتکیان مەکەن؛ لووت و گوێ و عەورەت و دەست و پێیان مەبڕن پاش کوشتن. ئەم نەوعە کارانە بێجگە لەوە کە

نامەردییە ئەبێ بە هۆی نامەردیکردنی دوژمنەکانیش لەگەڵ ئێوەدا، وە ئەبێ بە هۆی ئەوە کە فیتنەی بێ‌سامان لە ناو ئادەمیزادا پەیدا ببێ. وە منداڵ و ژن و پیاوی پیر ـ ئەوانەیان کە لە دەست و پێ کەوتوون ـ مەیان کوژن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿١٩٠﴾﴾

خودای تەعالا ئەو کەسانەی خۆش ناوێ کە لە یاسای حەق لا ئەدەن و ئەم کارە نابارانە ئەکەن.

بە ریوایەتی گەلێ لە زاناکان وەکوو رەبیعی کوڕی ئەنەس و غەیری ئەو ئەم ئایەتە یەکەم ئایەتێکە لە قیتال و جەنگ کردن لەگەڵ کافرانا پاش کۆچی حەزرەت ﷺ لە مەککەوە بۆ مەدینە نازڵ بووە. وە لە مەککەدا هەر ئەمر بە سیلم و مودارا بوو. وە بازێ ئەفەرموون: یەکەم ئایەت کە نازڵ بووە لە جەنگدا ئەم ئایەتەیە کە خودا فەرموویەتی: ﴿أذن للذين يقاتلون بأنهم ظلموا﴾[1] بەڵام قسەی ئەووەڵ راستترە؛ چونکی ئەو ئایەتە نازڵ بووە لە ساڵی حەوتا لە کاتی «عمرة القضا»دا، وە ئایەتی: ﴿أذن للذين يقاتلون﴾ لە پاش ئەو نازڵ بووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ کافرانا بە شێوەی گشتی.

ریوایەت کراوە پاش ئەوە کە حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەسحابەکانیا لە ساڵی حەوتا هاتەوە بۆ مەککە بۆ بەجێ‌هێنانی «عمرة القضا» ترسیان لەوە بوو کە ئەگەر کافرەکان ئیمساڵیش مەنعیان بکەن لە عومرە ئەمان چی بکەن و چۆن لە مەککەدا و لە خاکی حەرەما شەڕبکەن لەگەڵیانا ئەم ئایەتانە نازڵ بوون.

﴿وَٱقۡتُلُوهُمۡ حَيۡثُ ثَقِفۡتُمُوهُمۡ﴾

کافرەکان بکوژن لە هەر شوێنێکا زاڵ بوون بە سەریانا.

---

١. الحج: ٣٩.

﴿وَأَخۡرِجُوهُم مِّنۡ حَيۡثُ أَخۡرَجُوكُمۡۚ﴾

وە دەریان بکەن لەو شوێنە (مەککە) کە ئێوەیان لێ دەرکرد.

﴿وَٱلۡفِتۡنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلۡقَتۡلِۚ﴾

کوفرەکەی ئەوان و بتپەرستی ئەوان زەحمەتتر و ناهەموارترە لەوە کە ئێوە بیانکوژن.

﴿وَلَا تُقَٰتِلُوهُمۡ عِندَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِيهِۖ﴾

بەڵام شەڕیان لەگەڵ مەکەن لەلای مزگەوتی خاوەن پایەدا هەتا ئەوان لە پێشا شەڕ ئەکەن لەگەڵ ئێوەدا.

﴿فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ﴾

ئەگەر ئەوان لە پێشا دەسیان کرد بە جەنگ کردن لەگەڵ ئێوەدا ئێوەیش جەنگیان لەگەڵدا بکەن و بیانکوژن.

﴿كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ١٩١﴾

بە کوشتن ئەبێ جەزادانەوەی ئەو کافرانە کە دەستیان کردووە بەشەڕ لەگەڵ ئێوەدا.

﴿فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٩٢﴾

جا ئەگەر دەسبەرداربوون و وازیان لەشەڕ و ئاژاوە هێنا ئەوە خودای تەعالا لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ﴾

جەنگیان لەگەڵدا بکەن هەتا بتپەرستی و لادان لە ئایینی حەق نەبێ لە وڵاتا و فەرمانبەرداری و بەندەیی هەر بۆ خودا بێ.

﴿فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ١٩٣﴾

جا ئەگەر ئەوان دەستبەردار بوون لە جەنگ کردن ئیتر ستەمکاری و تاوانباری نییە ئیللا لەسەر ئەوانە کە ستەمکاری ئەکەن. خواھ ئەوان بن و دەست بکەنەوە بە جەنگ یا کافرانێکی‌تری غەیری ئەوان بێنە مەیدانەوە یا ئێوە بن و شەڕیان پێ بفرۆشن.

جا لەبەر ئەوە کە موسوڵمانەکان لە ساڵی «عمرة القضا»دا لە مانگی «ذي القعدة»دا حازری مەککە بوون و پێیان ناخۆش بوو لەم مەوسیمی ئیحرامەدا و لە مانگی حەراما جەنگ بکەن لەگەڵ کافرانی مەککەدا خودا فەرمووی:

﴿ٱلشَّهۡرُ ٱلۡحَرَامُ بِٱلشَّهۡرِ ٱلۡحَرَامِ﴾

ئەم مانگی حەرامی ئیمساڵە لەبەرابەری مانگی حەرامی ساڵی پار، ئەوان بۆچی پار مەنعی ئێوەیان کرد لە عومرە ئێوەیش ئیمساڵ جەنگ لەگەڵ ئەوانا بکەن. یاخود ئێوە شەڕ ناکەن لەگەڵ ئەوانا هەتا ئەوان دەس نەکەن بەشەڕ لەگەڵ ئێوە. دەی مانگی حەرام بۆ ئێوە و بۆ ئەوان یەك مانگە؛ مانگەکە بۆ ئێوە وەکوو مانگەکەیە بۆ ئەوان، کە ئەوان حورمەتیان نەگرت و دەستیان کرد بەشەڕ ئێوەیش ناچارن پارێزی خۆتان بکەن و شەڕ بکەن لەو مانگەدا لەگەڵ ئەوانا.

﴿وَٱلۡحُرُمَٰتُ قِصَاصٞۚ﴾

وە هەموو شتێ کە حەرام بێ دەستی بۆ ببرێ و واجب بێ پاراستنی لەو شتانە کە مەعنەوییاتی ئایینن قیساسیان تیایە.

ئەوان کە حورمەتی مانگی حەرامی پارەکەیان برد ئێوەیش ئەتوانن حورمەتی مانگی حەرامی ئیمساڵ ببەن ئەگەر شەڕیان لەگەڵ کردن. یاخود ئەوان کە حورمەتی

مانگی حەرامیان نەگرت ئیمساڵ ئێوەیش ئەتوانن حورمەتی نەگرن، بە تایبەتی ئێوە ناچارن.

﴿فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُوا۟ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ﴾

دەی هەرکەسێ تەجاوزی کرد لەسەر ئێوە ئێوەیش تەجاوز بکەن لەسەر ئەوان بەوێنەی ئەو تەجاوزەی کردوویەتییە سەرتان.

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٩٤﴾﴾

لە خودا بترسن و بیر و باوەڕتان وابێ کە بە ڕاستی خودا بە یارمەتیدان لەگەڵ ئەوانەیە کە لەخودا ئەترسن.

﴿وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

ماڵی خۆتان سەرف بکەن لە ڕێگەی بەرز کردنەوەی دینی ئیسلاما.

﴿وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾

بەڵام خۆتان مەهاوێنە ناو نەمان و زایەبوون بە هۆی ئەوەوە کە هەرچیتان هەیە هەمووی خەرج ببێت.

ئەم مەعنایە لەسەر ڕیوایەتی بوخارییە لە حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە کە فەرموویەتی: ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە بابەتی ماڵ سەرفکردن لە ڕێگەی خودادا بۆ جیهاد، وە ئەبوونەییووبی ئەنساری ئەڵێت: ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە ئێمەدا کۆمەڵی ئەنسار؛ چونکی کاتێ کە خودای تەعالا یارمەتی موسوڵمانەکانی دا و دینی بەهێز کرد ئێمەیش وتمان: با ئیتر مەشغووڵی باخ و ئەوزاعی خۆمان ببین. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و فەرمووی: ماڵی خۆتان سەرف بکەن لە ڕێگەی دینی خودادا مەکەونە تەمەڵی لە جیهادا و بە هۆی خۆشەویستی ماڵەوە خۆتان مەفەوتێنن بە هێرشی دوژمن

و تەرکی غەزا مەکەن؛ چونکە هەمیشە دوژمن خۆی ئامادە دەکات بۆ لە ناو بردنتان و زاڵ بوون بەسەرتانا:

﴿وَأَحۡسِنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ١٩٥﴾

ئێوە کردەوە و خوو و رەوشتی خۆتان چاك بکەن هەتا پەیوەندیتان بە خوداوە بەهێز ببێ نەك بە ماڵی دنیا و رابواردن و خۆشحاڵی ژیان؛ چونکی جانیبی خودا نابڕێتەوە بەڵام جانیبی دنیا ئەبڕێتەوە، بە راستی خودا موحسینەکانی خۆش ئەوێ.

﴿وَأَتِمُّواْ ٱلۡحَجَّ وَٱلۡعُمۡرَةَ لِلَّهِۚ﴾

ئەی موسوڵمانەکان! واجبی حەج کە زیارەتی کەعبەیە لەسەر یاسای دین لە مانگی شەوال و زیلقەعدە و دەی ئەووەڵی زیلحەجەدا، وە واجبی عومرە، کە ئەویش زیارەتی کەعبەیە لەهەر مانگێکدا بێ، تەواو بکەن، وە ئەرکان و واجباتیان بەجێ بێنن هەر بۆ خودا و باسی بت و مەعبوودی بەتاڵیان تیامەکەن، وە هەر لەبەر ئەمرو فەرمانی خودا بیانکەن لەبەر ناو و شۆرەت و خۆنیشاندان بە خەڵك مەیانکەن.

﴿فَإِنۡ أُحۡصِرۡتُمۡ فَمَا ٱسۡتَيۡسَرَ مِنَ ٱلۡهَدۡيِۖ﴾

ئەگەر مەنع کران ـ لە پاش ئیحرام بەستن ـ لە تەواو کردنیان لەلایەنی دوژمنەوە وەکوو ئەوە کە حەزرەت ﷺ و ئەسحابەکانی مەنع کران لە تەواو کردنی عومرەکەیان، ئەوە واجبە لەسەرتان سەربڕینی ئەوەی بۆتان رێئەکەوێ بە ئاسانی لە حەیوان: وشتر بێ، یا گا، یا مەڕ، یا بزن.

﴿وَلَا تَحۡلِقُواْ رُءُوسَكُمۡ حَتَّىٰ يَبۡلُغَ ٱلۡهَدۡيُ مَحِلَّهُۥۚ﴾

وە ئیحرامەکەتان مەشکێنن و سەرتان مەتاشن هەتا ئەو حەیوانە سەرئەبڕرێ لە جێگەی خۆیدا. کاتێ حەیوانەکەتان سەربڕی جا ئیحرامەکەتان بشکێنن.

﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا﴾

دەی ئەگەر کەسێ لە ئێوە نەخۆش بوو بە نەخۆشینێکی وەها کە ناچار بوو لە بۆ سەرتاشین لە پێش ئیمکانی سەربڕینی حەیوانەکەیا:

﴿أَوْ بِهِۦٓ أَذًى مِّن رَّأْسِهِۦ﴾

یا ئازارێ لەسەریا بوو بە هۆی برینەوە یا بە هۆی جانەوەرەوە و بە ناچاری سەری تاشی.

﴿فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾

ئەوە لەسەریەتی، بە واجبی، فیدیەیێ بدا لە باتی ئەو سەرتاشینەی کە بریتییە لە ڕۆژووی سێ ڕۆژ یا خواردەمەنی شەش میسکین بدا یا حەیوانێ سەربڕێ.

﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ﴾

کاتێ هێمن بوونەوە و ڕزگار بوون لە دوژمن و نەجاتتان بوو لە نەخۆشی و ئازارەکان.

﴿فَمَن تَمَتَّعَ بِٱلْعُمْرَةِ إِلَى ٱلْحَجِّ فَمَا ٱسْتَيْسَرَ مِنَ ٱلْهَدْيِ﴾

هەرکەسێ لە ئێوە خۆشی وەربگرێ بە نزیك بوونەوە لە خودا بە هۆی عومرەوە ئەوسا بگات بە عیبادەتی حەج، وە یا خود خۆشی وەربگرێ بۆ خۆی بەوە کە عومرە بەجێبێنێ و ئیحرامەکەی بەتاڵ بکاتەوە ئەوسا حەج بکا و ئیحرامی بۆ ببەستێ ئەوە واجبە لەسەری ئەوەی بۆی دەس ئەدا لە حەیوان سەریبڕێ لە باتی پێشخستنی عومرە لەسەرحەجەکەی.

﴿فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ فِي ٱلْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ﴾

دەی کەسێ حەیوانی دەس نەکەوێ بۆ سەربڕینی ئەوە واجبەکەی ڕۆژووی سێ ڕۆژە لە کاتی حەجدا و ڕۆژووی حەوت ڕۆژیش کاتێ بگەڕێنەوە بۆ ناو ئەهلی خۆتان.

﴿تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ﴾

ژمارەی ئەو ڕۆژانە کە بەڕۆژوو ئەبن دە ڕۆژی تەواوە، خەیاڵ نەکەن کە ژمارەیان سێ ڕۆژە ئەگەر لە ڕۆژانی حەجدا بەڕۆژوو بن، وە حەوت ڕۆژە ئەگەر لە ناو ئەهلی خۆتانا بن.

﴿ذَٰلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ﴾

ئەم حوکمە ـ کە واجب بوونی فیدیەیە لەسەر ئینسانێ تەمەتوع بکا ـ بۆ کەسێکە کە ئەهلی نزیکی «مسجد الحرام» نەبێ بە کەمتر لە مەسافەی قەسر.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿١٩٦﴾﴾

ئەی موسوڵمانەکان! لە خوابترسن و بزانن بە ڕاستی کە عەزاب و تۆڵەسەندنەوەی خودا لەو کەسانە لائەدەن لە فەرمانی خودا زۆر گرانە.

﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ﴾

وەختی مەشغووڵ بوون بە ئادابی حەجەوە چەن مانگێکی مەعلووم و دیاری کراون لە دینا، کە عیبارەتن لە مانگی شەوال و زیلقەعدە و سیازدە لە ئەووەڵی مانگی زیلحەجە. ئەگەر تەماشای مەناسیك و ئاداب بکەین، ئەگەرنا ئەگەر حسێبی خۆڕێخستن و گەڕانەوەی ئەهلی خاریجی حەرەم بکەین ئەوە بە ئەغڵەب مانگی زیلحەجەیش بە تەواوی کاتی موناسەباتی حەجە.

﴿فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ﴾

دەی کەسێ بڕیار بدا لەسەر خۆی بەجێهێنانی حەج بە هۆی ئیحرام بەستن بە حەج.

﴿فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلْحَجِّ﴾

ئەوە بۆی دروست نییە جیماع بکا لەگەڵ خێزانی خۆیا، وە بۆی نییە دەرچێ لە یاسای دامەزراوی ئادابی حەج، وە جەدەل کردن لەگەڵ خەڵکدا و قسە بەزۆراندان نییە لە کاتی حەجدا.

﴿وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ ٱللَّهُ﴾

وە ئەوەی بیکەن لە کردەوەی خێر لە خاکی حەرەمدا یا لە غەیری حەرەمدا خودا پێی ئەزانێ جەزاکەیتان ئەداتەوە.

﴿وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ ٱلزَّادِ ٱلتَّقْوَىٰ﴾

توێشەی ڕێگەی دوور و درێژی قیامەت هەڵبگرن بەم کردەوە چاکانە، بە ڕاستی کە چاکتر لە هەموو توێشەیێ بۆ ئینسان توێشەی تەقوایە و کردەوەیەکە بە هۆی ئەوەوە بپارێزرێ لە عەزابی خودا.

﴿وَٱتَّقُونِ يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ١٩٧﴾

لە من بترسن ئەی خاوەن هۆشە ساغەکان.

شێخی بوخاریﷺ ڕیوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوەرضي الله عنه کە ئەهلی یەمەن ئەهاتن بۆ حەج و توێشە و خەرجییان لەگەڵ خۆیان نەدەهێنا و ئەیانوت: ئێمە تەوەکولمان لەسەر خودایە. کاتێ ئەگەیشتنە مەککەی موکەڕڕەمە داوای خواردەمەنی و خەرجییان لە خەڵك دەکرد. جا خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و فەرمانی دا بەوە کە توێشە و خەرجی ڕێگەی حەج بە تەواوی بۆ هەردوو سەرەکەی هەڵبگرن وە لەمەولا نەبن بەبار بەسەر خەڵکەوە.

جا لەم ئایەتە پیرۆزە ئەمە وەرئەگیرێ ئەوەی کە حەجی لەسەر واجب نییە بە سواڵ و سەدەقە نەڕوا بۆ حەج مەگەر موسوڵمانێ بە ئارەزووی خۆی پارەی پێبدا و توێشە و مەسرەفی بۆ تەواو بکا. وە کەسێ حەجی لەسەر واجبە مادام خودای تەعالا ماڵی پێداوە پێویستە بە قەی خۆی خەرجی هەڵبگرێ بۆ ئەوە کە موحتاج نەبێ بەکەس، وە سوننەتە زیادەیش هەڵبگرێ بۆ خێرات و بەخشش بە داماوان، وە حەزرەت ﷺ وشتری باری لەگەڵدا بوو کە خواردەمەنی و رزقی لەسەر بوو، وە لە سەفەری حەجدا سێسەد کەس لە قەبیلەی «مزینة» هاتن بە میوانی بۆ خزمەتی و خزمەتی کردن، وە کاتێکیش رۆیشتن ئەمری فەرموو بە حەزرەتی عومەر: یا عومەر توێشە بدە بەم کۆمەڵە بۆ رێگەیان.

مەبەست ئەمەیە ئەم سەفەری حەجە و سەفەری عومرە، پیاوی مەرد ئەوەیە بە مەردی ئەم سەفەرەی بکا و بێتەوە.

وە ریوایەت کراوە لە بوخاریدا لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنه کە لە زەمانی پێش ئیسلاما بازاڕەکانی «عکاظ» و «مجنه» و «ذوالمجاز» لە مەوسیمی حەجدا ئەکرانەوە و خەڵك بەیع و موعامەلە و تیجارەتیان تیا ئەکردن. کاتێ دینی ئیسلامی پیرۆز هات موسوڵمانەکان پێیان ناخۆش بوو کە لەو وادەدا تیجارەت بکەن، جا لەلایەنی خوداوە ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿ لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُوا فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ ﴾

واتە هیچ نەوعە گوناحێکتان لەسەر نییە کە لە مەوسیمی حەجدا بگەڕێن بە شوێنی ماڵی دنیادا بە تیجارەت و ئاڵ وێڵ، وە داوای کەرەمی باش بکەن لە خودای خۆتان و دینی ئیسلام دینی ئیعتیدال و میانەکارییە و مەنعی شتی حەڵاڵ لە کەس ناکا.

بەڵام ئاگاداربن، حەرامە بۆ موسوڵمان ـ بە تایبەتی بۆ حاجی ـ تیجارەت بکا بە ماڵی قاچاخ موتڵەقا: یەکەم بە یاسای گشتی تیجارەت بە ماڵی قاچاخ خەتەری سەر و ماڵی تیایە بۆ تاجیرەکە، وە هەر موعامەلەیێ ئەو خەتەرەی تێدا بێ حەرامە. دووەم: بۆ حاجی دڵی ئەخاتە خەیاڵاتەوە و زیاد لەوەیش ئەگەر پێیان زانی خۆی تووشی ئازاری حەپس ئەبێ و قافڵەکەیشی ماتڵ ئەکا لە سەفەر و گەڕانەوە بۆ ماڵ یا گەیشتن بە مەککە، وە مەئموورەکانی حوکوومەت بێباوەڕ ئەکا بەرابەر بە «حجاج» و بە چاوی سووکی و تاوانباری بۆیان ئەڕوانن. جا دەخیلە خۆتان لەم موعامەلە ناشیرینە ئابڕووبەرە بپارێزن.

﴿فَإِذَآ أَفَضۡتُم مِّنۡ عَرَفَٰتٖ﴾

کاتێ لە ئیستگای عەرزی پیرۆزی «عەرەفات» داڕژان و هاتنە خوارەوە لە پاش ڕۆژئاوا بوون.

﴿فَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ عِندَ ٱلۡمَشۡعَرِ ٱلۡحَرَامِۖ﴾

زیکری خودا بکەن بە «لبیك» کردن و «لا إله إلا اللّٰه» خوێندن و دوعا و پاڕانەوە بۆ دین و دنیا لە خوای پەروەردگار لەلای «المشعر الحرام» لەلای موزدەلیفەدا و نوێژی مەغریب بە «جمع التأخیر» لەگەڵ نوێژی عیشادا بکەن لەو شوێنەدا.

﴿وَٱذۡكُرُوهُ كَمَا هَدَىٰكُمۡ﴾

وە بە ئیخلاس زیکری خودا بکەن لەبەر ئەوە کە شارەزای کردن بۆ خودا پەرستی و دینداری ڕاست.

﴿وَإِن كُنتُم مِّن قَبۡلِهِۦ لَمِنَ ٱلضَّآلِّينَ ١٩٨﴾

هەرچەن لە پێش بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلاما ئێوە لەوانە بوون کە ڕێگەی خودا پەرستی و دینداری و دنیاداری پاکتان ون کردبوو.

﴿ ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ ٱلنَّاسُ ﴾

پاش زیکر و دوعا و نوێژ کردن لەلای «مشعر الحرام» لە عەرزی موزدەلیفەدا برژێنە خوارەوە لە موزدەلیفەوە بۆ «منی» بۆ نزیکی «کۆگای گەورە»ی مەشهوور بە «جمرة العقبة» بۆ رەجمکردنی شەیتان لە سبەینێدا، وەکوو چۆن رەهبەرە گەورەکان و پێغەمبەرەکان: ئادەم و، ئیبراهیم و، ئیسماعیل و غەیری ئەوانیش لە موزدەلیفەوە داپەڕیون بۆ مینا بۆ بەجێهێنانی ئاداب.

جا لەسەر ئەم مەعنایە خیتابەکە عامە بۆ هەموو موسوڵمانان، وە بازێ لە موفەسسیرەکان فەرموویانە: ئەو خیتابە بۆ قەبیلەی قورەیش و چوار قەبیلەی‌تره کە وەختی خۆی ئەوان لەو کاتەدا خەڵك لە عەرەفاتا رائەوەستان ئەوان لە خاکی «جمع» لە مینادا رائەوەستان لەبەر دەمار و خۆبەزلگرتن ئەیانوت: ئێمە ئەهلی حەرەمی مەککەین و لە خاکی حەرم دەرناچین! جا خودا ئەمری پێ فەرموون: کە ئێوەیش وەکوو باقی موسوڵمانان هەر لە خاکی عەرەفاتدا راوەستن، جا کاتێ هاتنەخوارەوە بۆ موزدەلیفە ئێوەیش لەو شوێنەوە بێنەخوارەوە کە خەڵکی لێی دێنە خوارەوە کە عەرەفاتە. واتە ئێوەیش هەر وەکوو خەڵك لە خاکی عەرەفاتدا راوەستن و هەر لەوێوە بێنەخوارەوە.

﴿وَٱسْتَغْفِرُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ١٩٩﴾

کاتێ هاتنەخوارەوە داوای چاوپۆشی و تاوانبەخشی بکەن لە خودا، چ لە تاوانەکان بە گشتی، چ لە تاوانی ئادابی جاهیلییەت ئەی قورەیش و هاوڕێی قورەیش؛ چونکی بە راستی خودای تەعالا تاوانبەخش و میهرەبانە.

﴿فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَٰسِكَكُمْ فَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَذِكْرِكُمْ ءَابَآءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًاۗ ﴾

جا کاتێ کە ئادابی حەجتان بەجێ‌هێنا ئیتر لە سوپاسی ئەم نیعمەتی یارمەتی خودادا زیکری خودا بکەن بە سۆزی دڵ و بەرزی و خۆشەویستییەوە وەکوو چۆن ناوی باوك و باپیری خۆتان ئەبەن و سیفاتی چاکەیان لە ناو کۆمەڵدا ئەگێڕنەوە، یاخود بەهێزتر لەو ناوبردنی باوك و باپیرە؛ چونکی باوك و باپیرە ئەوەیان پێ ناکرێ کە خودا پێی ئەکرێ بۆ ئێوە لە ماوەی ژیانتانا و لەپاش مردنتان.

ریوایەت کراوە: عەرەبەکان لە پاش تەواو کردنی حەج گردئەبوونەوە لە خاکی مینادا لە بەینی مزگەوت و کێوەکەدا و هەڵیان ئەخوێندەوە بە باوك و باپیرەی خۆیاندا. خودای تەعالایش بە شێوەی موجامەلە هاتووە مەنعی کردوون لەو پیاهەڵوتنەدا کە قەتعی سوودێکی دامەزراوی نییە مەگەر خۆهەڵنان لە ناو خەڵکا.

﴿فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ﴿٢٠٠﴾﴾

جا بزانن لە ئادەمیزادە کەسێ کە ئەڵێ: خودایا هەر لە دنیادا بەشمان بدە و یادی پاشەڕۆژ ناکا، وە ئەم نەوعە کەسە لە پاشەڕۆژا هیچ بەش و بارەی نییە.

﴿وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾﴾

وە لە ئادەمیزادیشە کەسێ کە لە کاتی پاڕانەوەدا ئەڵێ: خودایا لە دنیادا بەشمان بدە لە بەشی جوان، وەکوو: لەش ساغی و، عائیلە و، منداڵی ڕێك و پێك و، هێمنی لە ئاشووبی ستەمکار و، دراوسێی ناهەموار و، ژیواری بە قەی حاڵ... وە لە پاشەڕۆژیشا بەشی چاکمان بدەرێ، وەکوو: مردن لەسەر ئیمان و، ئاسانی وەزعی گۆڕ و، ئاسانی حسێب لە مەیدانی حسێبا، وە بمانپارێزە لە عەزابی ئاگری دۆزەخ.

﴿أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾﴾ ۞

ئەم کەسانە کە لە خودا ئەپارێنەوە بۆ دنیا و بۆ قیامەت بە یەکەوە بەشێکی باشیان هەیە لە جەزای ئەم دوعایانا، وە بزانن خودای تەعالا ئەتوانێ بە ماوەیەکی کەم حسێبی عالەم بکا؛ چونکی زانایە بە هەموو چاکە و خراپەیێ.

﴿وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ فِيٓ أَيَّامٖ مَّعۡدُودَٰتٖۚ﴾

کاتێ کە ئەرکانی حەجتان تەواو کرد زیکری خودا بکەن لە رۆژانی جەژن و پاش جەژنا بە «اللّٰه اکبر» کردن لە پاش نوێژەکانا و بە سەربڕینی قوربانی و بە سەنگەسار کردنی شەیتان لە سێ رۆژەی پاش جەژنا.

﴿فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوۡمَيۡنِ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلَآ إِثۡمَ عَلَيۡهِۚ لِمَنِ ٱتَّقَىٰۗ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُمۡ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ٢٠٣﴾

جا ئەگەر کەسێ پەلەی کرد بۆ گەڕانەوەی لە دوای دوو رۆژ لە رۆژانی پاش جەژن ئەوە تاوانی لەسەر نییە لەگەڕانەوەدا ئەگەر لە پێش مەغریبی رۆژی دووەما بێ.

ئیمامی ترمزی ریوایەت ئەکا بە سەنەدێکی سەحیح لە عەبدورڕەحمانی کوڕی یەعموورەوە ﵁ ئەویش لە حەزرەتەوە ﷺ «قال: الحج عرفات، الحج عرفات، أيام منى ثلاث؛ فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه، و من تأخر فلا إثم عليه، و من أدرك عرفة قبل أن يطلع الفجر فقد أدرك الحج» واتە: گەورەترینی ئادابی حەج و زۆرتریان لە هۆی ئەجر و سەوابەوە راوەستانە لە عەرزی عەرەفاتا، چونکی ئەو راوەستانە گشتییە لە راوەستانی هەموو ئادەمیزاد ئەچێ لە حوزووری خودادا لە رۆژی قیامەتا، وە لەم عەرەفاتەدا خوای تەعالا کەرەم و میهرەبانی و بەخششی جیلوە پێ‌ئەدا بەسەر ئەوانەدا کە راوەستاون و لێیان ئازاد ئەکا لە ئاگری دۆزەخ ئەو ژمارەیە کە لە رۆژی‌ترا نایکا، وە هەرکەس فریای راوەستانی عەرەفات بکەوێ لە پێش بەرەبەیانی رۆژی جەژنا ـ با ئەندازەیەکی کەمیش بێ ـ ئەوە ئەو راوەستانەی دروستە و بە حەجەکەیا گەیشتووە؛

چونکی هەر راوەستانی عەرەفاتە کە وەختی ئەڕوا. ئەگەرنا تەواف و گەڕانی بەینی سەفا و مەروە وەختیان نافەوتێ، هەرچەن زۆریش پاش بکەون. ئەوەندە هەیە، بێعوزر، باش نییە بکەونە پاش رۆژانی «أيام التشريق»ەوە.

وە ئەفەرموێت: مانەوەیش لە خاکی مینادا پاش رۆژی سێڕۆژە، ئەگەر کەسێ هەر سێ رۆژەکە لەوێدا بمێنێتەوە و هەموو رۆژێ، پێش زەواڵ، رەجمی هەرسێ کۆگاکانی تیا بکا ئەوە تەواوە، وە ئەگەر یەکێ پەلە بکا و پاش رەجمی شەیتان لە رۆژی دووەما دەرچێ ئەوە دروستە و تاوانی لەسەر نییە مادام لە پێش مەغریبدا دەرچێ.

بزانن! ئەسڵی مەزهەبی ئیمامی شافیعیﷺ ئەوەیە کە واجبە لەم سێڕۆژەدا رەجمی شەیتان لە هەر سێ کۆگاکانا لە پاش زەواڵ بێ، وە لەلای ئیمامی ئەسنەوی، کە یەکێکە لە زاناکانی مەزهەبی شافیعی، ئەم سێ رەجمە لە پێش زەواڵیشا دروستن، واتە هەر لە بەرەبەیانەوە دەس بکا بە رەجمی شەیتانەکان دروستە. وە ئەم فەرموودە دروستە بۆ رەفتاری ئینسان بە نەفسی خۆی و بۆ ئیرشادی موسوڵمانان دروستە، بە تایبەتی لە بۆ کەسێ ناساغ بێ یا لاواز و بێهێز بێ، یا بۆ ژنێ کە بە هۆی حەملەوە یا پیرییەوە لە کۆڕی خەڵکا تووشی ئازار ببێ، وە یاخود بیمی فیتنەی لێبکرێ لەبەر جوانی. وە لام وایە ئەم فەرموودە بۆ ئەم چەرخە کە قەرەباڵغ ئەگاتە ملیۆن زۆر باشە. وە ئەم باسە لە توحفەدا هەیە.

لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەکەم: حەج روکنێکە لە پێنج روکنەی ئیسلام و واجبێکە لە واجباتی دین بە دەلیلی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرﷺ وە ئیجماعی زانایانی دین، وە واجب بووە لە ساڵی شەشی هیجریدا.

وە ئەرکانی حەج لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیداﷺ پێنج شتە:

یەکەم: ئیحرام، یانی قەسد و نیەتی داخڵ بوون لە بەجێهێنانی ئادابی حەج بەو یاسایە کە لە دینا دامەزراوە لە دینی ئیسلاما لە مانگی شەوال یا زیلقەعدە یا لە دەی ئەووەڵی زیلحەجەدا، لە یەکێ لەو شوێنانەوە کە دیاری کراون بۆ ئیحرام بەستن کە عیبارەتن لەم شوێنانە:

بۆ یەکێ لە مەدینەی مونەووەرەوە بڕوا بۆ حەج «ذو الحليفة» کە ئێستە مەشهوورە بە «بیری عەلی»، وە بۆ ئەهلی شام «جحفة». وە بۆ ئەهلی نەجد «قرن»، وە بۆ ئەهلی یەمەن «يلملم». وە بۆ ئەهلی عێراق «ذات عرق». ئەم شوێنانە هەموو بە فەرموودەی حەزرەتﷺ بوون بە جێگەی ئیحرام بەستن بە ئیتیفاقی زانایانی دین ئیللا «ذات عرق» کە میقاتی ئەهلی عێراقە ئەوە لەسەر ریوایەتێ بە فەرموودەی حەزرەتە و لەسەر ریوایەتێ حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب بۆی دیاری کردوون. وە لە پاش ئەوە ئیجماعیان لەسەر دامەزراوە، وە بۆ کەسێ کە لەو خەتانەوە نەیەت ئەندازەی مەسافەی قەسر بگرێ ئیحرام ببەستێ.

[**دووەم:** تەوافە، واتە: گەڕان بە دەوری ماڵی کەعبەدا حەوت جار.[١]]

سێهەم لە ئەرکانی حەج: گەڕانە لە بەینی «سەفا» و «مەروە»دا کە دوو شوێنن لە نزیکی کەعبەدا بەو مەرجە کە لە سەفاوە دەس پێ بکا، وە ڕۆیشتن لە سەفاوە بۆ مەروە جارێکە و گەڕانەوەیش لە مەروەوە بۆ سەفا جارێکیترە. وە بەو مەرجە ئەم هاتوچۆیە لە پاش تەوافی کەعبە بێت. وە سونەتە پاکی لە بێدەسنوێژی و لەشپیسی و سەتری عەورەت.

[١. ئەم بەندە لە نوسخەپێشووەکەدا بە هەڵەی پیتچین تەرککراوە ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان].

چوارەم لە ئەرکانی حەج: راوەستانە لە خاکی عەرەفاتدا، بە پیادە یا بە سواری، لە پاش کاتی زەواڵی رۆژی عەرەفە کە رۆژی نۆهەمی زیلحەجەیە هەتا تولووعی سوبحی رۆژی جەژنی قوربان.

پێنجەم لە ئەرکانی حەج: سەرتاشینە یا کورت کردنەوەی چەن موویێ لە مووەکانی سەر، خۆی بیتاشێ یا شەخسێکی غەیری خۆی، بەڵام بە فەرموودەیەکی شافیعی حەلق یا تەقسیر لە ئەرکانی حەج نین بەڵکوو لە واجباتن.

وە واجباتی حەج زیاد لەم ئەرکانانە پێنج شتە:

ئیحرام بەستنە لە یەکێ لەو میقاتانەوە. شەومانەوەیە لە موزدەلیفەدا، رەجمی شەیتانی گەورەیە لە سبەینێی رۆژی جەژنا. رەجمی شەیتانە لە هەرسێ کۆگاکانا لە سێ رۆژی پاش جەژنی قوربانا. سەرتاشین یا کورتکردنەوەی مووی سەر ئەگەر بە روکن حسێب نەکرێن. شەو مانەوە لە میندا لەم شەوانەدا. تەوافی ویداع «علی الراجح».

وە سوننەتەکانی پێنج شتە:

یەکەم: ئیفراد. واتە:پێشخستنی حەج لەسەر عومرە.

دووەم: تەلبییە، یانی «لبیك»ە کردن لە غالبی ئەحوالا، وە لەفزەکەی ئەمەیە بلێ: «لبيك اللّهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك لاشريك لك». وە سوننەتە کە تەلبییەی تەواکرد سەلاوات بدا لەسەر حەزرەت ﷺ وە داوای بەهەشت بکا لە خودا و بپارێتەوە بۆ رزگارکردنی لە ئاگری دۆزەخ.

سێهەم: «طواف القدوم»ە. واتە: حەوت جار هەڵسووڕان بە دەوری کەعبەدا لە کاتی گەیشتنی بە کەعبە، وەکوو باسمان کرد، بەڵام ئەمە بۆ ئەو حاجییەیە کە لە پێش راوەستانی عەرەفاتا هاتبێتە مەککەوە.

چوارەم: دوو ركات نوێژی تەوافە لە پاش تەواو كردنی حەوت تەوافەی كەعبەتوڵڵا. وە ئەم دووركاتە نوێژە لە پشتی مەقامی حەزرەتی ئیبراهیمەوە عليه السلام بكا.

پێنجەم: شەومانەوە لە عەرزی مینادا كاتێ رۆیشت بۆ عەرەفات.

ئەمە بە كورتی باسی حەج بوو.

وە ئەمما عومرە: ئەویش لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا واجبە بەچەن دەلیل؛

یەكەم: زاهیری ئایەتی: ﴿وأتموا الحج والعمرة للّٰه﴾؛ چونكی ئەمر بە زاهیر بۆ دەلالەت كردنە لەسەر وجووب.

دووەم: ریوایەت كراوە لە موحەممەدی كوڕی سیرین لە زەیدی كوڕی سابیت، لە حەزرەتەوە ﷺ كە فەرموویەتی: «إن الحج والعمرة فريضتان لا يضرك بأيهما بدأت».

سێهەم: شەخسێكی «صبي» ناو هاتە خزمەتی حەزرەتی عومەری كوڕی خەتاب و عەرزی كرد: من گاور بووم و موسوڵمان بووم و ئاگادار بووم كە حەج و عومرە واجبن لەسەرم و ئیحرامم بەست بە هەردووكیان بەیەكەوە. ئەویش فەرمووی: «هديت لسنة نبيك».

چوارەم: «دارەقوتنی» ریوایەتی كردووە لە «ئیبنوجورەیج» ئەڵێ: نافیع خەبەری پێدام كە عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ئەیفەرموو:

«ليس من خلق اللّٰه أحد إلا عليه حجة و عمرة واجبتان من استطاع إلى ذلك سبيلاً، فمن زاد بعدها شيئاً فهو خير وتطوع». واتە: لە موسوڵمانان كە خودا دروستی كردوون كەسێ نییە حەج و عومرەیەكی لەسەر فەرز نەكرابێ مادام تەوانای رێگەی ببێ، وە ئەگەر لەوانە زیاد بكا ئەوە خێرە بۆ خۆی كردووە.

پێنجەم: «ابن جريج» ئەڵێ: خەبەرم پێدرا لە عەكرەمەوە كە ئیبنوعەباس فەرموویە: «العمرة واجبة كوجوب الحج من استطاع إليه سبيلاً»: واتە عومرە واجبە وەكوو حەج لەسەر ئەو كەسە تەوانای رێگەی ببێ.

شەشەم: پرسیار کرا لە زەیدی کوڕی سابت ﷺ لە عومرە کردن لە پێش حەجدا، فەرمووی: «صلاتان لا يضرك بأيهما بدأت»[١].

وە هەرچی ئەرکان بێ بۆ حەج ئەرکانە بۆ عومرە ئیللا ئەوە نەبێ کە راوەستانی عەرەفات نییە لە عومرەدا، وە هەر کاتێ بەجێبهێنرێ لە ساڵا دروستە.

وە بەهەر حاڵێ لە ماوەی ئیحرام بەستن بە حەج یا بە عومرە، حەرام ئەبێ لەسەر ئینسان: جیماع کردن، وە ماچ کردنێ کە ئارەزووی نەفس بجووڵێنێ، وە لێکدانی پێستی لەش بە رووتی لە پێستی ژن، وە ئاوهێنانەوە، وە ژن مارە کردن، وە بێنخۆشیدان لە لەشی یا لە بەرگی بە وێنەی میسك و کافوور و زەعفەران و گوڵباخ و وەنەوشە و رۆنی ئەمانە. وە پۆشینی دەست کێش، وە پۆشینی نێرینە، بەتایبەتی هەر بەرگێ بەدرووماندووراب‌ێ، مێزەر و کڵاو و خوف و گۆرەوی، وە راوکردن و نەچیر گرتن و نەچیر کوشتن. هەتا ئەگەر لە ماڵی خۆیا کەو یا تووتی ببێ لەقەفەسدا بەر لەوە ئیحرام ببەسێ یا بەرەڵلایان بکا، یا بیانبەخشێ بە کەسێ تا لە موڵکی دەرچن. هەروا شارەزاکردنی بۆ سەر نەچیر و خواردنی گۆشتەکەی و، لابردنی موو لە سەر و ریش و سمێڵ و باقی لەش بەعەمدی، وە نینۆك کردن و رۆن دان لەسەر یا لە ریش. ئەگەر شتێ لەمانە بکا بە عەمدی ئەوە فیدیەی ئەکەوێتە سەر موتڵەقا، وە ئەگەر بە بێ ئاگایی بوو؛ ئەوە هەر شتێ فەوتاندن بوو وەکوو تاشینی مووی سەر و ریش، یا کوشتنی نەچیر فیدیەی لەسەر واجب ئەبێ، وە هەرچی لەززەت وەرگرتن بێ وەکوو رۆن دان لەسەر ئەوە قەی ناکا.

باسی دووەم: بزانن کە ئوممەتی ئیسلام هاوبیرن لەوەدا دروستە بەجێهێنانی حەج و عومرە بە سێ جۆر:

---

١. تەفسیری قورتوبی: ج ٢، لاپەڕەی: ٣٦٨.

یەکەم [جۆر]: «ئیفراد» کە بریتییە لەوە ئینسان ئیحرام ببەسێ بە حەج و لە پاش ئەوە کە حەجەکەی تەواوکرد و رەجمی شەیتانی کرد لە رۆژانی رەجما ئەوجار لە مەککە دەرچێ بڕوا بۆ خاریجی حەرەم و لەوێوە ئیحرام ببەسێ بە عومرە و بێتەوە بۆ مەککە و تەوافی کەعبە تەواو بکا، پاش ئەوە سەعی بکا لە بەینی سەفا و مەروەدا حەوت جار، پاش ئەوە سەری بتاشێ یا چەن موویێ کورت بکاتەوە لەسەری، وە بەمە رزگار ئەبێ لە عومرەکەیش.

دووەم جۆریان: «تەمەتوع»ە کە عیبارەتە لەوە لە مانگەکانی حەجدا ـ کە شەوال و زیلقەعدە و دەی ئەووەڵی زیلحەجەیە ـ ئیحرام ببەستێ بە عومرە، کاتێ کە عومرەکەی تەواوکرد تەحەلول بکا و بە حاڵی عادەتی بمێنێتەوە، جا لەگەڵ حاجییەکانا ئیحرام ببەستێ بە حەج لە مەککەوە ـ لە عەینی ساڵا ـ وە حەجەکەی تەواو بکا. وە ئەو کەسە کە بە تەمەتوع حەج ئەکا واجبە لەسەری حەیوانێ وەها بۆ قوربانی بە کار بێ سەر ببڕێ، وە دروستە لە پێش ئیحرام بە حەجدا سەری ببڕێ؛ چونکە ئەمە فیدیەی عومرەکەیەتی، وە دروستە لە ئەییامی تەشریقدا، یانی لە رۆژی جەژنا، یاخود لە یەکێ لە سێ رۆژەکانی دواییدا یا پاش ئەوان سەری ببڕێ، وە واجبە بیدا بە گەدای حەرەمی مەککە، وە دروست نییە خۆی لێی بخوا، وە دروست نییە بیدا بە دەوڵەمەندەکانیش.

سێهەم جۆر: «قیران»ە، وە ئەم شێوە ئەمەیە کە ئیحرام ببەستێ بە نیەتی حەج و عومرە و ئادابی حەج تەواو بکا وەکوو حاڵەتی ئیفراد، یاخود ئیحرام ببەستێ بە عومرە و لە پێش ئەوەدا کە دەست بکا بە تەوافی کەعبە حەجی بخاتە پاڵ بە نیەت. ئەمەیش هەر قیرانە. وە ئەم کەسەیش هەم حەیوانێکی لەسەرە کە سەری ببڕێ لە فیدیەی ئەوەدا بە تەنیا ئادابی حەج بە جارێ حەج و عومرەی کردووە. ئەم حەیوانەیش

وەکوو حەیوانی فیدیەی عومرە وەهایە، بەڵام لە پێش جەژنا دروست نییە سەری ببڕێ.

وە لەم بەجێهێنانی مەناسیکەدا ئەمەیش هەیە کە ئینسان تەنیا ئیحرام ببەستێ بە عومرە، واتە عومرە بکا و حەج نەکا، ئەمەیش لە هەرکاتێکا بێ دروستە و هیچی لەسەر نییە ئیللا لە کاتێکا لە ناو ئیحرامی حەجدا بێ و هێشتا حەجەکەی تەواو نەکردبێ ئەمە ئیحرامی بە عومرە دروست نییە؛ چونکی ئیحرام بە زەعیف گرد نابێتەوە لەگەڵ ئیحرام[١] بە شتی خاوەن هێز وەکوو حەج. هەروا دروست نییە ئیحرام بە عومرە لە پاش هەردوو تەحەلول لە ئیحرامی حەج بەڵام هێشتا رەجمی شەیتانی لە دوو رۆژ لە رۆژەکانی «أيام التشريق» تەواو نەکردبێ. واتە لە رۆژی جەژنا پاش تەواف، یا لە رۆژی یازدەی مانگدا، یا لە رۆژی دوازدەی مانگدا پێش زەواڵ کە هێشتا رەجمی شەیتانی نەکردووە، بەڵام ئەگەر لە رۆژی دوازدەدا پاش زەواڵ رەجمی شەیتانی کرد و دەرچوو لە مینا ئەمجار ئیحرامی بەست بە عومرە لە خاکی خاریجی حەرەمدا ئەوە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا دروستە بەڵام کەراهەتی هەیە و باش وایە لەپاش سێ‌رۆژەی «أيام التشريق» ئیحرام بە عومرە ببەستێ.

هەروا سوننەتە تەوافی کەعبەتوڵڵا بە بێ ئەوە کە تەوافی حەج بێ یا تەوافی عومرە بێ بە قەسدی عیبادەت، سا تەوافەکانی جارێ یا دوو جار بن یا زیاتر. بەڵکوو بازێ لە فوقەها ئەم تەوافەیان لەلا لە نوێژ کردنی سوننەت گەورەترە. وەکوو لە حاشیەی شێخ سولەیمانی جەمەل لەسەر شەرحی مەنهەج و لە شەرحی «ئیبنوحەجەر» بۆ ئیزاحی نەوەوی‌دا نووسراوە.

---

[١]. ئەو شێوە لە خاسەی حەزرەت بووە لە «حجة الوداع»دا. هەروا نەسخی حەج و کردنی بە عومرە بۆ ئەسحابەکان.

باسی سێهەم لە باسە موهیممەکانی ئەمەیە: زانایانی ئیسلام لە موحەدیسین و فوقەها ئیختیلافیان لەمەدا هەیە کام شێوە لە سێ شێوەی حەج کردن گەورەترە: بازێکیان وەکوو ئیمامی شافیعی لە وتاری بەهێزیا و مالیك فەرموویانە: ئیفراد گەورەترە. بازێتریان وەکوو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: تەمەتوع گەورەترە. وە بازێ وەکوو ئەبووحەنیفە فەرموویەتی: قیران گەورەترە. وە ئەو خیلافە دامەزراوە لەسەر ئیختیلافیان لە حەجی حەزرەتا ﷺ لە سالی دەی کۆچی کە مەشهوورە بە «حجة الوداع» ئایا کام لەو سێ جۆرە بووە، وە هەرکام تەرجیحی یەکێکیان داوە.

بەڵام شێخی نەوەوی ﷺ لە شەرحی سەحیحی موسلیمدا ﷺ فەرموویە: راستەکەی ئەوەیە کە حەزرەت ﷺ ئەووەڵ جار کە ئیحرامی بەست هەر ئیحرامی بە حەج بەست و «موفرید» بوو، بەڵام پاش ئەوە ئیحرامی بە عومرەیش بەست عومرەی خستە سەر حەجەکەی و حەجەکەی بوو بە قیران.

وە ریوایەتەکانی ئەسحابەی پێغەمبەر ﷺ لە سیفەتی حەجی حەزرەتا موختەلیف بوون، ئایا بە شێوەی قیران بووە، یا بە ئیفراد، یا بە تەمەتوع؟ وە دوو ئیمامانی حەدیس، بوخاری و موسلیم ﷺ ریوایەتی ئەسحابەکانیان وەها گێڕاوەتەوە.

وە رێگەی جەمع لە بەینی ئەو ریوایەتانەدا ئەوەیە باسم کرد: حەزرەت ﷺ لە ئەووەڵەوە «موفرید» بووە دوایی بوو بە «قارین»، جا هەرکەسێ ریوایەتی ئیفرادی کردووە ئەوە لەسەر ئەسڵە، وە هەرکەسێ ریوایەتی قیرانی کردووە ئیعتیمادی داوەتە سەر ئەنجامی شێوەی حەجەکە. وە کەسێ ریوایەتی تەمەتوعی کردووە مەبەستی تەمەتوعێ بە گوێرەی لوغەت و زمانی عەرەبی بووە کە بریتییە لە سوود وەرگرتن و ئاسایش گرتن. وەکوو ئاسایشی ئەو کەسە کە لەسەر شێوەی تەمەتوع حەج ئەکا لەگەڵ زیادەیێکا کە حەزرەت ﷺ ئیقتیسادی کردووە لەسەر یەك عەمەلییە وەکوو یەکێ بە قیران حەج بکا. وە بەم یاسا حەدیسەکان هەموو رێك ئەوەستن.

وە بزانن کە ئەبووموحەممەد (ئیبنوحەزمی زاهیری) جەمعی کردووەتەوە لە بەینی ئەو حەدیسانەدا لە کتێبێکا تەسنیفی کردووە لە باسی «حجة الوداع»دا و داوای ئەوەی کردووە کە حەزرەت «قارین» بووە و حەجەکەی بە شێوەی قیران بووە، وە باقی حەدیسەکان، کە موخالیفی ئەمە بوون، تەئویلی کردوون. بەڵام راستەکەی ئەوەیە کە من لە پێشەوە بەیانم کرد کە حەجەکەی لە ئەووەڵەوە ئیفراد بووە پاشان بووە بە قیران. وە ئەمەم روون کردووەتەوە لە شەرحی «مهذب»دا بە دەلیلەکانەوە، وە بە هۆی رێگەی ئیسنادی حەدیسەکەوە و بە فەرموودەی زاناکانەوە ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەم باسەوە.

وە ئیمامی شافیعی‌ رحمه الله و رەفیقەکانی ـ واتە تیلمیزەکانی ـ دەلیلیان هێناوەتەوە لەسەر بەهێز کردنی شێوەی ئیفراد لە حەجی حەزرەتا ﷺ بەوە کە ئەم شێوە سابت بووە بە بێ گومان لە ریوایەتی جابیر و ئیبنوعومەر و ئیبنوعەباس و عائیشەوە (رضي الله عنهم). وە ئەم زاتانە ئیمتیازیان بووە لە باقی ئەسحابەکان لە «حجة الوداع»دا. ئەمما جابیر ئەوە بزانن کە جوانترینی ئەسحابەکان بووە لە ریوایەتی حەدیسی «حجة الوداع»دا؛ چونکی ئەو باسی ئەم حەجەی کردووە لەکاتی دەرچوونی حەزرەت ﷺ لە مەدینەوە هەتا ئەنجامی ئەو حەجە، کەوابوو دەرکەوت کە جابیر زۆر باش زەبتی ئەو سەفەرەی کردووە لە غەیری خۆی.

وە ئەمما ئیبنوعومەر رضي الله عنهما ئەوە سابت بووە کە لەغاوی وشترەکەی حەزرەتی بەدەستەوە بووە لە سەفەری «حجة الوداع»دا، وە ئینکاری قسەی ئەو کەسانەی کردووە کە تەرجیحی قسەی ئەنەسیان داوە بەسەر قسەی ئەوا، وە فەرموویەتی: ئەنەس هاتوچۆی ناو ژنانی ئەهلی حەجی ئەکرد و من لە ژێر ملی وشترەکەی حەزرەتا ﷺ بووم، لیکی دەمی وشترەکەی ئەیدا لە گیانم و لە حەزرەتم ئەبیست «لبيك»ەی ئەکرد.

وە ئەمما عائیشە ﵂ ئەوە نزیکی لە حەزرەتەوە ﷺ مەعلووم بووە، هەروا ئاگاداریشی لەسەر ئەحواڵی حەزرەت ﷺ چ ئەوەی پەنامەکی بووە و چ ئەوەی دیاری بووە لەگەڵ شارەزایی و زانایی زۆری بە ئەحکامی دین و زیرەکی بێئەندازەی.

وە ئەمما ئیبنوعەباس ﵄ ئەوە پایەی لە عیلم و زانستی ئەحکامی دینا و لە زیرەکی دیارییە، لەگەڵ ئەمەیشا کە زۆر باسی ئەحواڵی حەزرەتی ﷺ کردووە بە نەوعێ کەس بە قەی ئەو بازە ئەحواڵێکی وەرنەگرتووە هەروا ئەحواڵی حەزرەتی لەگەورەی ئەسحابەکان ﷺ وەرگرتووە.

وە لە دەلایلی تەرجیحی ئیفراد ئەمەیە کە خولەفای راشیدین لە پاش وەفاتی حەزرەت ﷺ هەرچی حەجیان کردووە بە شێوەی ئیفراد کردوویانە، وە دەوامی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان هەر لەسەر ئیفراد بووە، بەڵام عەلی بە ئیفراد و غەیری ئیفراد حەجی کردووە. جا ئەگەر ئیفراد گەورەتر نەبوایە و نەیان زانیبایێ کە حەزرەت ﷺ ئیفرادی کردووە وەها دەوامیان لەسەر ئیفراد نەدەکرد. وە چلۆن ئەگونجێ بۆ خولەفای راشیدین دەوام بکەن لەسەر خیلافی رەفتاری حەزرەت ﷺ؟! وە ئەمما ئەو موخالەفەیە کە لە شێوەی حەجدا ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە ﵁ و لە غەیری ئەویشەوە لە ئەسحاب، ئەوە هەر بۆ نیشاندانی دروستی غەیری ئیفرادیشە. وە لە سیحاحدا هەیە ئەوەی ئەم قسانە رووناك ئەکاتەوە بە جۆرێ گومان نەمێنێ.

وە لە دەلیلی تەرجیحی ئیفرادە کە بە ئیجماع پێویست نییە بە حەیوان سەربڕین وە ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە شێوەیەکی تەواوە و بێنوقسانە. بەڵام حەیوان سەربڕین واجبە لە شێوەی تەمەتوع و قیراندا ئەو خوێنەیش خوێنی تۆڵەی نوقسانە؛ چونکی لە تەمەتوعدا میقاتی ئیحرامی حەج ئەفەوتێ، وە لە قیراندا دوو عیبادەت واتە: حەج و عومرە بە یەك عەمەلییە تەواو ئەکرێن. وە دیارە شتێ تۆڵەی نەوێ گەورەترە لە شتێ تۆڵەی پێویست بێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەر سێ شێوەکە دروستن و حەزرەت ﷺ

ئیعلانی کرد بۆ ئەسحابەکان بەڵام لەبەر ئەوە کە قورەیش لە مانگەکانی حەجدا عومرەیان پێ خۆش نەبوو، وە حەزرەت ویستی ئەو یاسا هەڵبگرێ لە ناودا کاتێ گەیشتن ئەمری کرد بە ئەسحابەکان هەرکەسێ کە حەیوانی دیاری نەهێناوە لەگەڵ خۆیا حەجەکەی فەسخ بکاتەوە بە عومرە. وە ئەمەیش هەر لە ئیختیساسی ئەسحابەی پێغەمبەر بووە. وە بۆ کەس لە پاش ئەوان دروست نییە. وە ئەوە کە حەزرەت لە پاش ئەوە پرسیاری لێکرا: ئەمە هەر بۆ ئیمساڵە یا هەتا هەتایە؟ ئەویش فەرمووی: هەتا هەتایە. ئەوە ئیمامی نەوەوی ئەفەرموێت: مەعنای دروست بوونی عومرەیە لە مانگی حەجدا دروستە هەتا هەتایە نەك فەسخ کردنەوەی حەج و کردنی بە عومرە؛ چونکی ئەوە هەر لە بۆ ئەو ساڵە بووە.

وە حەزرەت ﷺ خۆیشی مەیلی لەسەر ئەوە بووە حەجەکە بکا بە عومرە بەڵام لەبەر ئەوە نەیکردووە کە حەیوانی«هەدی»ی هێنا بوو لەگەڵ خۆیا، وە بە نەسی ئایەت کەسێ هەدیی هێنابێ نابێ وەزعی خۆی بگۆڕێ هەتا ئەعمالی ئەو ئیحرامەی تەواو ئەکا و حەیوانەکەی سەرئەبڕێ. وە هەر لەم ریواتەیشەوە دەرئەکەوێ کە حەزرەت ﷺ حەجەکەی ئیفراد بووە و تەمەتوع نەبووە وەکوو ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا فەرموویەتی.

وە ئەو تەمەتوعە کە حەزرەتی عومەر و عوسمان مەنعیان کردووە ئەم نەوعە تەمەتوعە بووە کە فەسخی حەج بکەنەوە بە عومرە وەکوو ئەسحابەکانی حەزرەت ﷺ لە ساڵی«حجة الوداع»دا؛ چونکی ئەوە لە خاسەی ئەوان بووە لەو ساڵەدا وەکوو بەیانمان کرد.

وە بازێ فەرموویانە: ئەگەر هەر تەمەتوعی مەشهووریش بێ هەڵئەگرێ لەبەر ئەوە مەنعی کردبن کە دەرکی کردووە حاجییەکان بۆیە بە شێوەی تەمەتوع حەج

ئەکەن لەو ماوەی بەینی عومرە و حەجەدا رابوێرن و بە عیبادەتکردنەوە مەشغووڵ نەبن. وە ئەم شێوەیشی بە موناسبی ئەسحابەی حەزرەت ﷺ نەدیوە لەو سەرەتای ئیسلامەدا؛ چونکی مادام هەر لە سەرەتای ئیسلامدا شێوەی عیبادەت باش راگیرنەکرێ بۆ قەرنی دوای ئەوان، خەڵکی بە جارێ بەرەڵا ئەبن، وە ئیمامی ئیسلام رەوایە بۆی لەسەر ئیجتیهادی دینی بازێ وەزعی موباح مەنع بکا. حەتا باسوننەتیش بێ لەبەر ئەوە مەنعەکە لەبەر ریعایەتی حودوود و یاسا و کەرامەتی دینی ئیسلامە.

ئاگادار بن! لە پاش فەرزکردنی حەج و عومرە لە دینی ئیسلاما حەزرەت ﷺ سێ عومرەی کردووە هەموویان لە مانگی زیلقەعدەدا بوون؛ یەکەم: «عمرة القضا» کە لە ساڵی حەوتی هیجریدا حەزرەت ﷺ و یارانی بەجێیان هێنا. دووەم: عومرەی ساڵی هەشتی هیجری لە پاش فەتحی مەککەی موکەڕەمە و لە پاش جەنگی حونەین و بەشکردنی غەنایم کە گەڕایەوە بۆ شاری مەککە لە «جعرانە» ئیحرامی بەست بە عومرە. **سێهەم**: ئەو عومرەیە کە لە ساڵی حەجی وەداعدا لەگەڵ حەجەکەیا کردی، بینا لەسەر ئەوە کە حەجەکەی بە شێوەی ئیفراد بووە، وە ئەگەر ئەو عومرەی حودەیبییەیش حسێب بکەین کە قورەیش نەیانهێشت تەواوی بکا و حەزرەت و یارانی حەیوانیان سەربڕی و تەحەللولیان کرد. ئەوە عومرەکان ئەبن بە چوار.

وە ئەمما حەجی حەزرەت ﷺ لە پاش فەرز بوونی حەج ئەوە یەك حەج بووە لە ساڵی دەی هیجریدا کە مەشهوورە بە «حجة الوداع» لەبەر خواحافیزی کردنی لە بەیتوڵڵا. وە ئەمما حەجی یا عومرەی لە پێش هیجرەتدا و لە پێش فەرزبوونیاندا ئەوە زاناکان ئەڵێن زۆر جار بوون. والله أعلم.

باسی چوارەم: باسی فیدیەیە کە واجب ئەبێ لەسەر ئەهلی حەج و عومرە بە هەڵکەوت. بزانن ئەم فیدیە بە سێ شێوەیە:

یەکەم: یەك موددە لە قووت، ئەمەیش فیدیەیە بۆ کوشتنی نەچیرێ لە ماوەی ئیحراما، یا لە حەرەما، یا بۆ بڕینی گیایێ. بەم مەرجە قیمەتەکەی لە موددێ زیاتر نەبێ. وە بۆ لابردنی یەك مووە، یا بازێك لە موویەك. وە بۆ بڕینی نینۆك یا بازێکی لە ئیحراما بەم مەرجە مانەوەیان زیانی نەبێ، وەکوو مووی ناوچاو یانزیکی چاو یا نینۆکی شکاو، ئەمانە فیدیەیان نییە. وە بۆ تەرکی مانەوەی شەوێ لە شەوانی ڕۆژانی پاش جەژن لە خاکی مینادا بە بێ عوزر، وە بۆ تەرکی فڕەدانی تاقە بەردێ لە حەوت بەردەکانی ڕەجمی شەیتان.

دووهەم: دوو موددە، ئەمەیش بۆ لابردنی دوو مووە یا بازێکیان یا بڕینی دوو نینۆکە یا بازێکیان. وە بۆ کوشتنی نەچیرێ لە ماوەی ئیحراما یا لە خاکی حەرەمدا، وە بڕینی دار بەم شەرتە کە قیمەتەکەیان لە دوو مورد زیاتر نەبێ، وە بۆ تەرکی مانەوەی دوو شەو لە شەوەکانی «ایام التشریق» لە مینادا، وە بۆ تەرکی فڕەدانی دوو بەرد لە بەردەکانی ڕەجمی شەیتان.

سێهەم: خوێنە، واتە حەیوان سەربڕین. ئەمەیش بۆ کوشتنی نەچیرێ لە حەرەما یا لە ماوەی ئیحراما، وە بۆ شێوەی تەمەتتوع و شێوەی قیران لە حەجا، وە بۆ تەرکی ئیحرام بەستن لە میقاتا، وە بۆ لابردنی سێ موو یا زیاتر، وە بۆ بڕینی سێ نینۆك یا زیاتر بە جارێ. ئەنا ئەگەر ناو بەناو بوون ئەوە بۆ هەر موویێ یەك مود، وە دوو موو یا دوو نینۆك دوو مود واجبە نەك حەیوان سەربڕین.

وە بۆ خۆ بۆنخۆش کردن. وە بۆ بەرگی دووراو لەبەر کردن، وە داپۆشینی جێگەیێ کە واجب بێ ڕووت بێ وەکوو دەست و دەموچاوی ژن. جا ئەگەر هات چەن بەرگی بە جارێ کردەبەر ئەوە ئەگەر لە درێژی و کورتیدا وەکوو یەك بوون هەر حەیوانێکی ئەکەوێتە سەر، ئەگەرنا بۆ هەر بەرگێ حەیوانێ ئەکەوێتە سەری. وە بۆ تەرکی مانەوەی موزدەلیفە هەرچەن یەك دەقیقەیش بێ لە نیوەی دووهەمی شەودا،

وە بۆ تەرکی رەجمی شەیتان لە رۆژی جەژنا، وە تەرکی رەجمی هەرسێ کۆگاکان لە ئەییامی تەشریقا هەرسێ رۆژەکان یا دوو رۆژ بۆ ئەوانە ئەیانەوێ پەلە بکەن. خواه هەموویان تەرك بکا، یا یەکێکیان، یا سێ بەرد لە یەکێکیان، یا لە هەموویان؛ چونکی هەموو وەك یەك رەجم حسێب ئەکرێن. وە بۆ بڕینی دارێکی گەورە لە ئیحراما کە قیمەتی لە دوو مود زیاتر بێ. وە بۆ فەوتانی حەج بە هۆی لە دەس دەرچوونی راوەستانی عەرەفە، وە یا بە هۆی جیماعەوە. ئەمانە پێویستە حەیوانێ سەربڕن و تەحەللول بکەن. وە بزانن خوێنی جیماعی ئیفسادی حەج «بدنە»یە، واتە وشترێکی پێنج ساڵ. وە فیدیەی نەچیر ئەبێ میسلی ئەو بێ. وە بۆ داری گەورە ئەبێ گایەکی دووساڵ بێ. وە باقییەکان هەر حەیوانێ بێ بۆ قوربانی بشێ.

باسی پێنجەم ئەمەیە: سوننەتە بۆ کەسێ دەستی بڕوا حەیوانی هەدی لەگەڵ خۆیا ببا و لە حەرەمی مەککەدا سەری ببڕێ بۆ موسوڵمانان. وە ئەمە گەدا و دەوڵەمەند دروستە لێی بخوا، وە کاتی سەربڕینی وەکوو قوربانی وایە شوێنەکەی حەرەمی مەککەیە؛ شار بێ یا غەیری شار بەڵام خاکی مینا باشترە.

وە غەیری ئەمەیش حەیوان سەربڕینی واجب هەیە، ئەمە دوو بەشە:

[**بەشی**] **یەکەم**: مەنزوورەیە؛ یانی کابرا نەزری کردووە لەسەر خۆی کە سەری ببڕێ لەویا. وە ئەمە دروست نییە نە دەوڵەمەند لێی بخوا و نە کابرا خۆی، وە نە ئوسووڵ و فورووعی، وە کاتی سەربڕینی وەکوو قوربانی وایە، وە شوێنەکەیشی حەرەمی مەککەیە کە بریتییە لە شاری مەککە و چەن کیلۆمەترێ لە خاریجی شاری مەککە. وەکوو لە شەرعا بەیان کراوە.

بەشی دووهەم: فیدیەیە؛ واتە سەری ببڕێ لە کەفارەتی کردنی کردەوەیێ لەوانە کە لە ماوەی ئیحرامدا حەرامن. وە یا لە کەفارەتی تەرکی واجبێ لە واجباتی ئەم حەج و عومرەیە کە لە پێشەوە باسمان کردن، وە ئەم خوێنانە چوار نەوعن:

١. خوێنی تەرتیب و تەقدیر، واتە هەتا مومکین ببێ حەیوان سەرببڕێ دروست نییە بڕوا بۆ شتیتر، وە ئەو شتەیتر نابێ بگۆڕێ. ئەمە خوێنی تەمەتتوع و قیران و فەوتانی حەجە، وە خوێنی تەرکی واجبێکە لە واجباتی حەج یا عومرە پێویستە کابرا حەیوانێ سەربڕێ، وە ئەگەر لەوێ بۆی رێنەکەوت هەرچەن لە ولاتی خۆیشیا دەوڵەمەند بێ ئەبێ سێڕۆژ لەوێ بەڕۆژوو بێ غەیری ئەییامی تەشریق، وە حەوت رۆژیش کاتێ گەڕایەوە بۆ ولاتی خۆی.

٢. خوێنی تەرتیب و تەعدیلە؛ واتە هەتا بۆی مومکین بێ ئەبێ حەیوان سەرببڕێ، کە مومکین نەبوو پێویستە دوو پیاوی عادڵ و زانا قیمەت دانێن بۆ ئەو حەیوانە و بەو قیمەتە خواردەمەنی بسێنێ بۆ گەداکانی حەرەمی مەککە، وە هەر گەدایێ موددێکی پێدا. وە ئەگەر ئەم قیمەتەی پێنەدرا لەبەر گەدایی لە باتی هەر موددێ لەو موددانە رۆژێ بەڕۆژوو بێ ئەمە خوێنی جیماعێکە ئیفسادی حەج یا عەمرە بکا و خوێنی تەحەللولی ترسی دوژمنە.

٣. خوێنی تەخییر و تەقدیرە؛ واتە خوێنەکە واجب نییە بە هەموو حاڵێ، بەڵکوو ئەتوانێ حەیوانێ سەربڕێ، وە یا قیمەتی ئەو حەیوانە بدا بە خواردەمەنی بۆ گەداکانی حەرەمی مەککە، وە ئەگەر ئەمەی نەکرد لە باتی هەر موددێ رۆژێ بە رۆژوو بێ. ئەمە خوێنی پۆشینی بەرگە لە ئیحراما، وە یا خۆ بێنخۆش کردن، وە یا سەر چەورکردن یا ریش چەورکردن یا تاشین، وە یا لابردن و کورتکردنەوەی موو و نینۆك کردن، وە یا جیماعێ کە ئیفسادی حەجەکە نەکا وەکوو جیماعێ لە پاش جیماعی یەکەمی موفسید. وە یا جیماع لە بەینی تەحەللولی ئەووەڵ و دووەم لە حەجدا یا موقەددیماتی جیماع وەکوو ماچکردنی ژن بە بێ پەردە لە بەینی کابرا و رووی ژنەکەدا و هێنانەوەی ئاوی خۆی بەدەستیخۆی یا دەستی غەیری خۆی پەردە لە بەیندا ببێ یا نەبێ.

٤. خوێنی تەخییر و تەعدیله ئەمەیش نەچیر کردنه له ماوەی ئیحراما و خوێنی بڕینی داری حەرەمی مەککەیە.

وە لە مەزهەبی شافیعیدا ﷺ هەر حەیوانێ سەری ببڕن له فیدیەی کردنی حەرام یا تەرکی واجبێ له واجباتی حەج یا عومرە، ئەوە شوێنی سەربڕینیان خاکی حەرەمی مەککەیە، بەڵام وەختیان مەحدوود نییە، هەرکاتێ بێ باشە، بەڵام له ئەییاموتتەشریقدا خێری زۆرترە.

وە ئەم حەیوانی فیدیە کە سەری بڕی ـ خۆی یا بە وەکیل ـ دروست نییە بەجێی بێڵێ وەکوو ئێستە کراوە بە عادەت. بەڵکوو واجبە تەسلیمی فەقیری بکا، یا هەمووی یا پارچە پارچە. جا ئەگەر لە مەوسیمی حەجدا گەدا نەبوو وەری‌بگرێ واجبە ئەو حاجییە پارە بدا بە کەسێکی ئەمین و بیکا بە وەکیل کە لە پاش مەوسیمی حەج حیوانەکە بسێنێ و سەری ببڕێ و بیدا بە داماوانی خاکی حەرەمی مەککەی موکەڕڕەمە (زادها الله شرفاً).

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يُعۡجِبُكَ قَوۡلُهُۥ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا ﴾

لەم کۆمەڵە ئادەمیزادەیە کە هاتوچۆ ئەکەن بۆ لای تۆ ئینسانی وا کە ئەوەندە واتە شیرین و ڕەوانە کاتێ قسەئەکا لە بابەتی دنیا و ژیانی دنیاوە قسەکانی تۆ ئەخاتە تەعەجوبەوە!

﴿ وَيُشۡهِدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا فِي قَلۡبِهِۦ ﴾

وە خودا ئەکا بە شاهیدی خۆی لەسەر ئەوەی وا له دڵیا بەرابەر بە پێغەمبەر و یارانی، وە داوای ئەوە ئەکا کە ئێوەی خۆش ئەوێ و موسوڵمانە و ساغە لەگەڵتانا.

﴿ وَهُوَ أَلَدُّ ٱلۡخِصَامِ ٢٠٤ ﴾

وەلحاڵ ئەو کەسە لە هەموو دوژمنەکانتان سەختتر و نابارترە و دوژمنایەتییەکەی لەگەڵتانا زۆر زۆر سەختە.

﴿ وَإِذَا تَوَلَّىٰ سَعَىٰ فِي ٱلْأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ ٱلْحَرْثَ وَٱلنَّسْلَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٠٥﴾ ﴾

وە کاتێ پشتی هەڵکرد و دوور کەوتەوە لێتان تێئەکۆشێ بە ئەنواعی رێگەی فڕوفێڵ بۆ ئەوە ئیفساد بکا لە عەرزا و رێ بگرێ لە خەڵك و کشتوکاڵ بفەوتێنێ، وە نەتەوەی ئادەمیزادی بێدەست نەیەڵێ، وە بە راستی ئاگادار بن خوای تەعالا کردەوەی فەسادی خۆش ناوێ و خاوەن فەسادەکەیش زیاتر.

﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُ ٱتَّقِ ٱللَّهَ ﴾

کاتێ لە لایەنی خێر خواهێکەوە پێی بوترێ: لە خودا بترسە و دەس لەم کردەوە نابارانە هەڵبگرە.

﴿ أَخَذَتْهُ ٱلْعِزَّةُ بِٱلْإِثْمِ ۚ ﴾

خۆپەرستی دەماری نەفسی ناپاکی بە گوناهکردن ئەیگرێ، واتە: زیاتر شێتگیر ئەبێ لەسەر کرداری ناشیرین.

﴿ فَحَسْبُهُۥ جَهَنَّمُ ۚ وَلَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿٢٠٦﴾ ﴾

دەی با بەسی بێ دۆزەخ و ئاگری دۆزەخ، و خراپ ئارامگایەکە دۆزەخ.

سودەی و غەیری ئەو لە موفەسسیرەکان فەرموویانە: ئەم ئایەتانە نازڵ بوون لە شانی «أخنس بن شريق»دا کە پیاوێکی قسەشیرین و شێوە جوان بوو، وە لە پاش واقیعەی «بەدر» هات بۆ حوزووری پێغەمبەر ﷺ ئیسلامییەتی خۆی دەربڕێ،

وە ئەیوت: خودا ئەزانێ کە راستم لەگەڵتانا! پاش ماوەیێ رایکرد و رابورد بەلای بازێ کشتوکاڵ و بازێ حەیوانا کشتوکاڵەکەی سووتاند و حەیوانەکانی پەی کردا!

وە ئیبنوعەباس فەرموویەتی: نازڵ بوون لەو یارانەدا کە شەهیدکران لە غەزای «رەجیع» وەکوو عاسمی کوڕی سابت و خوبەیب و غەیری ئەوان. مونافقەکان وتیان: ئەی هاوار ئەو داماوانە نە فریای ئەوە کەوتن خزمەتی دینەکەیان بکەن و نە لەناو ماڵ و منداڵی خۆیانا دانیشتن! مەبەستیان ئەوە بوو کە دڵی موسوڵمانەکان بشکێنن و ساردیان بکەنەوە لە جیهاد کردن و خزمەتی دین.

وە بازێ موفەسسیرین ئەڵێن: نازڵ بوون لە شانی هەموو کەسێکدا کە ئەو سیفەتانەیان تێدابێ.

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْرِي نَفْسَهُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٢٠٧﴾ ﴾

لە ئادەمیزادیشە کەسێکی وا کە رۆحی خۆی ئەکڕێ[١] لەبەر داوا کردنی ئەوە کە خودای لێ‌رازی بێ و خودای تەعالا میهرەبانە بە بەندەکانی خۆی، بە تایبەتی بە موخلیسەکانیان.

وتراوە: ئەم ئایەتە نازڵبووە لە شانی «سوهەیب»ی کوڕی سینانْدا کاتێ کۆچی کرد لە مەککە ویستی بڕوا بۆ مەدینەی مونەووەرە، مەککەیی ڕێگەیان لێ‌گرت و هەڕەشەیان لێ‌کرد و وتیان: نایەڵین بڕۆی بۆ مەدینە هەتا پێمان نەڵێیت کە پارە و ماڵەکەت لە کوێ شاردووەتەوە، ئەویش هەرچی هەبوو پێیدان لەسەر پەیمانی

---

١. مادام کافرەکان زاڵ بوون بەسەر سوهەیبا، وا رۆحی کەوتە دەستی ئەوان، وە مادام سوهەیب بە پارە و ماڵەکەی رزگار بوو وا رۆحی کڕییەوە لەو کافرانە بەو پارە و ماڵە.

ئەوە رزگاری بکەن بڕوا بۆ مەدینەی مونەووەرە (زادها الله شرفاً). جا کاتێ ئەو لە رێگەدا بوو ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی ئەو و وێنەی ئەوا. وە کاتێ گەیشتنە مەدینەی مونەووەرە ئەبووبەکر و عومەر و گەلێ لە ئەسحابەکان ئیستیقبالیان کرد، وە ئەبووبەکر پێی فەرموو: موعامەلەکەت سوودی زۆری پێدایت. وە ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە. (مع العلم) عومومی ئایەتەکە رووئەکاتە هەموو ئەوانە گیانبازی ئەکەن لە رێگەی خودادا، خواه بە غەزا کردن، وە یا بە ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە و بە دەسبەرداربوون لەماڵی دنیا لەبەر رەزای خودای تەعالا و بەرزکردنەوەی دین.

وە بازێ فەرموویانە: هۆی نازڵ بوونی ئەم ئایەتە ئەمە بوو کافرەکانی قورەیش داوایان کرد لە حەزرەت ﷺ کە چەن کەسێ لە یارانی رەوانە بکا بۆیان قورئانیان فێر بکەن، ئەمیش خوبەیبی کوڕی عەدی و زەیدی دیسینە و عەبدوڵڵای کوڕی تاریق و مەرسەدی کوڕی ئەبوومەرسەدی غەنەوی و خالیدی کوڕی بەکر و عەبدوڵڵای کوڕی تاریقی شەهابی بەلەوی و سێ کەسیتری نارد بۆلایان، وە عاسمی کوڕی سابیت ـ باپیری عاسمی عومەری کوڕی خەتاب لە دایکەوە ـ ی کرد بە ئەمیر لەسەریان.

ئەوانیش رۆیشتن تا گەیشتن بە «فەدفەد» لەوێدا کۆمەڵێ لە بەنیتەی کەوتنە شوێنیان کاتێ پێیانگەیشتن تەئمینیان کردن پاش ماوەیێ غەدریان کرد و هەموویان کوشتن ئیللا خوبەیب و زەید. ئەم دوانەیان هێنا بۆ مەککە. خوبەیبیان فرۆشت بە کوڕەکانی حارسی کوڕی عامیر؛ چونکی خوبەیب لە بەدردا حارسی کوشتبوو، وە زەیدیشیان فرۆشت بە سەفوانی کوڕی ئومەییە؛ چونکی باوکی کوژرابوو ئەویش زەیدی تەسلیم کرد بە خزمەتکارەکەی هەتا بیبا لە «تەنعیم»دا ـ کە خاریجی عەرزی حەرەمە ـ بیکوژێ، وە تاقمێ لە قورەیش هاتن بە دەوریانا حازر بوون کە ئەبووسوفیان

لە ناویانا بوو، جا بانگی کرد لە زەید، لەو کاتەدا کە هێنایان بۆ کوشتن: قەسەمت ئەدەم بە خودا! حەز ئەکەی کە موحەممەد ئێستە لە جێگەی تۆدا بوایە و تۆ رزگار بوویتایە و لە ناو ماڵ و منداڵی خۆتا بوویتایێ؟ ئەویش وتی: وەڵڵاهی حەز ناکەم درکێ بدا لە پێی موحەممەد لە جێگەی خۆیدا و من لە ماڵی خۆما بوومایە! ئەبووسوفیان وتی: کەسم نەدیوە وەکوو موحەممەد کە ئەسحابەکانی خۆشیان بوێ! جا «فسطاط» (خزمەتکاری سەفوان) زەیدی شەهید کرد.

وە کاتێ کە خوبەیبیان هێنا بۆ کوشتن و بیکەن بە دارا ئیزنی خواست لە کافرەکان تا دوو رکات نوێژ بکات و ئەوسا بیکوژن، وە پاش نوێژەکەی وتی: ئەگەر ئێوە نەتانوتایە لە ترسی کوشتن نوێژەکەی درێژ ئەکا حەزم وابوو نوێژەکەم درێژتر بێ. ئەمە ئەووەڵ کەسێکە لە پێش کوشتندا نوێژی کردووە، وە لە پێش کوشتنیا وتی: یارەببی کەسم دەس ناکەوێ کە سەلامم بگەیەنێ بە موحەممەد، خودایە تۆ سەلامی منی پێ بگەیەنە وە ئەم شیعرەی خوێندەوە:

و لست أبالي حين أقتل مسلماً   على أي شق كان في الله مضجعي

جا عەقەبەی کوڕی حارس بە دەستی خۆی کوشتی. وە کچی حارس وتوویەتی: لەو کاتەدا خوبەیب لە ماڵی ئێمەدا کۆت کرا بوو خورمای ئەخوارد لە کاتێکا لە شاری مەککەدا خورما نەبوو. وەلحاسڵ لە پاشا هەڵیاناوەست بە دارا و بڕیاریان دا کەس نەیهێنێتە خوارەوە. حەزرەت ﷺ ئەمەی بیست فەرمووی: کێ ئەتوانێ بڕوا لەشی خوبەیب بێنێتەوە بۆ مەدینە؟ زوبەیر فەرمووی: من، لەگەڵ میقدادا رێکەوت تا هات بۆ ئەو شوێنە و شەو بەدزییەوە لەشەکەی داگرت و خستییە پاشکۆی خۆی تا ماوەیێ ئەوسا دوژمن مەجبووریان کرد بەجێی بێڵێ و لەپاشا جەنازەکەی نەدۆزرایەوە.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ﴾

ئەی موسوڵمانانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام! هەمووتان باش بڕۆنە ناو بەرگی فەرمانبەرداری و گەردن کەچی بۆ خودا، وە دینی ئیسلام بە راستی ببەن بەڕێوە بە گشتی.

﴿وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ﴾

وە مەکەونە شوێنی ئەو هەنگاوانە کە شەیتان ئەینێ، واتە مەکەونە دووی وەسواسە و خەیاڵاتی پڕوپووچ لەوانەی کە شەیتان ئەیهاوێتە دڵتانەوە.

﴿إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٢٠٨﴾

بە راستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ ئێوە.

هەموو موسوڵمانێ وا لەبەر رەشەبای فیتنەی جیهانا، وا ئەبێ زیانێ ئەکا، یا منداڵێکی ئەمرێ، یا هاوچەشمانی ئەو لە رێگایەکی نارەواوە ماڵێکیان دەس دەکەوێ وە ئەم بێبەشە لەم کاتانەدا ئیبلیس ئەکەوێتە هاتوچۆ لە دەروونیا و خەیاڵی نابار ئەخاتە دڵیەوە، جا خودا ئەفەرموێ: ئاگاداری خۆتان بن تەفرەتان نەدا.

﴿فَإِن زَلَلۡتُم مِّنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡكُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ﴾

جا ئەگەر لابدەن لە رێگەی راست لە پاش ئەم هەمووە ئایاتی رووناکە کە هاتوون بۆتان.

﴿فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ٢٠٩﴾

بە راستی بزانن کە خودای تەعالا دەسەڵات دارە بەسەر هەموو شتێکا و خاوەن حیکمەتە لە کردەوەکانیا.

﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن يَأۡتِيَهُمُ ٱللَّهُ فِي ظُلَلٖ مِّنَ ٱلۡغَمَامِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ٢١٠﴾

واتە ئەو کەسانە کە بە ساغی و پاکی داخڵی ئیتاعەی خودا نابن و گەردن کەشی و ستەمکاری ئەکەن ئەوانە نارِوانن و چاوەڕێ نین ئیللا بۆ ئەوە کە قار و ئازاریان لە لایەنی خوداوە بۆ بێ لە ناو هەورێکی سپی ئاسکدا کە سێبەر ئەکا بەسەریانا، لەگەڵ فریشتەی مەئمووری عەزابەکەدا. وە بزانن ئەمری عەزابدانی ئەوان بڕاوەتەوە لە عیلمی خودادا، وە هەر بۆ لای خودا ئەگەڕێتەوە هەموو ئیش و کارێ.

جا ئەگەر مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە هاتنی ئەمر و عەزابی خودا بێ لە دنیادا ئەوە پێویست نییە بڵێین کەی ئەو کافرانە چاوەڕێی ئەوەیان کردووە کە عەزابی خودایان لە ناو هەورێکی سپیدا بۆ نازڵ بێ لەگەڵ فریشتەدا! هەتا خودا ئەمە بفەرموێت؛ چونکی خودای تەعالا هەڕەشەیان لێ ئەکا و ئەوەیان نیشان ئەدا گەلێ جار کە ویستوویەتی عەزابێ بنێرێ بۆ قەومێکی نامەرد لە کاتێکا چاوەڕێی بارانیان کردووە خودای تەعالا هەورێکی ئاسك و سپی ناردووە لە ئاسمانا و فریشتەی عەزابیشی لەگەڵدا ناردووە. وە لەو کاتەدا ئەوان چاوەڕێی بارانیان کردووە خودا بەردی بەسەردا باراندوون، وە یا دەرد و بەڵا و نەخۆشی بۆ حەواڵە کردوون و باش حەقی لێ سەندوون. وە ئێستەیش ئەفەرموێت: ئەم نامەردانەیش هەر چاوەڕێی شتێکی وائەکەن. وە لە عیلم و زانستی منا ئەمری عەزابی ئەمانە هەرچۆن بێ؛ ئایا عەزابیان نەدەم یا عەزابیان بدەم، وە لە دنیادا یا لە رۆژی قیامەتا ئەوە بڕاوەتەوە و هەرچی قەراردرابێ ئەبێ.

وە ئەگەر مەبەست لەم ئایەتە عەزابی رۆژی قیامەت بێ ئەوە ئایەتەکە چونکی لە ئایاتی سیفاتە موتەئەخیرین هەر تەئویلی هاتنی خودا ئەکەن بە تەئویلێ کە موافیقی گەورەیی خودا بێ. وە پێشینەکان ئایەتەکە ئەهێڵنەوە لەسەر ئەو مەعنایە کە

خودا هەر خۆی ئەیزانێ، وە ئەڵێین ئێمە باوەڕمان وایە خودا چی فەرمووە راستە، بەڵام ئێمە مەعنای نازانین و خودایش تەنزیهـ ئەکەین لە هەر شتێ کە لایەقی «واجب الوجود» نەبێ، وە لە سیفاتی مومکینات و موحدەسات دوورە. (تعالی عنها علواً کبیراً).

﴿سَلۡ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ كَمۡ ءَاتَيۡنَٰهُم مِّنۡ ءَايَةِۭ بَيِّنَةٖۗ﴾

ئەی پێغەمبەری من! پرسیار بکە لە زانایانی بەنیئیسرائیل کە من لە کاتی خۆیا چەن موعجیزەی گەورەم دا بە پێغەمبەرەکانیان بۆ ئەوە ببن بە دەلیل لەسەر راستی ئەوان و ریسالەتیان. یاخود لێیان بپرسە: چەن نیعمەت و میهرەبانیم کرد لەگەڵ بەنیئیسرائیلا، وەکوو: رزگارکردنیان لە عەزابی فیرعەون، وەکوو رامکردنی نیل بۆ هاتوچۆی ئەوان، وەکوو داباراندنی گەزۆ و پەلەوەری شەلاقە بە سەریانا، وە وەکوو دەرکردنی دوازدە چەشمەی ئاو بۆ ئەوان. وە لێیان بپرسە ئەوانەیان کە لە ئەمری پێغەمبەرەکان دەرچوون، وە ئەوانەیان کە سوپاسی نیعمەتەکانیان نەکرد چیم بەسەرا هاوردن؟ وە یاسای من لە جیهانا بەرابەر بە پێغەمبەرەکانم و ئادەمیزاد وەکوو خۆیەتی نەگۆڕاوە، وە هەرکەسێ بێشەرمی بکا لەگەڵ پێغەمبەرەکانا عەزابی ئەدەم، ئیتر با لەمە زیاتر ئەم نیعمەتی رەوانەکردنی پێغەمبەرە و ئەم ئایات و موعجیزاتە حورمەت بگرن و سوپاسی من بکەن لەسەریان و ئەو نیعمەتانە نەکەن بە نەهاتی بۆ خۆیان و لە باتی سوپاسی من ناسوپاسی بکەن.

﴿وَمَن يُبَدِّلۡ نِعۡمَةَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢١١﴾

وە هەرکەسێ نیعمەتی خودا بگۆڕێ بە نەهات و نەگبەت، وە لە باتی سوپاسی خودا ناسوپاسی بکا ئەوە با بزانێ کە خودا عەزابی زۆر ناهەموار و گرانە و بەو عەزابە عەزابیان ئەدا.

﴿ زُيِّنَ لِلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا ﴾

جوانکراوە لە پێش چاوی کافرەکانا ژیانی دنیا بە جۆرێ کە پاشەڕۆژ نایەتە خەیاڵیانەوە بۆیە وا خۆیان لەسەر ژیان و پێشکەوتن لە ئارەزووکاریدا ئەدەن بە کوشت.

﴿وَيَسۡخَرُونَ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾

وە گاڵتە ئەکەن بەوانە کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و بە پێغەمبەری خودا، بە تایبەتی ئەوانەیان کە ماڵی دنیایان نییە وەکوو بیلال و عەممار و سوهەیب چونکی گەدان.

﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ فَوۡقَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ ﴾

وەلحاڵ ئەو خاوەن ئیمانە پاکانە و ئەو خاوەن تەقوایانە کە لە خودا ئەترسن و بە ڕاستی ئەژین وان لە ژووری ئەو کافرانەوە لە ڕۆژی قیامەتا؛ چونکی ئەمان وان لە بەهەشتی باڵادا و ئەوان وان لە «أسفل السافلین»دا.

﴿وَٱللَّهُ يَرۡزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ٢١٢﴾

واتە: خودای تەعالا پایەی قیامەت ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ، وە یا ڕۆزی ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ لە دنیادا بێ‌ژمارە. لەبەر ئەوە خەزێنەی ڕەحمەتی خودا ئەوەندە زۆرە ئەو ڕزق و ڕۆزییە قیمەتی وای نییە نیسبەت بە خەزێنەی ڕەحمەت تا بڵێین بۆچی ڕزقی زۆر ئەدا بە کافرەکان لە دنیادا.

جا خودای تەعالا ویستی دڵخۆشی حەزرەت و ئەسحابەکانی بداتەوە بۆ ئەوە موبالات و پاپایی نەکەن بە عەنادی موشریکەکان و ئاشووب نانەوەی کیتابییەکان. وە فەرمووی: لە ماوەیەکی کەمدا نەبێ ئادەمیزاد هەر شێوەیان ئاشووب‌سازی بووە لەگەڵ پێغەمبەرەکانا ئەوانیش هەر خۆیان گرتووە و ئەم ئایەتەی ناردەخوارەوە:

﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً﴾

ئادەمیزاد لە زەمانی حەزرەتی ئادەمەوە تا زەمانی حەزرەتی شیس، وە لە زەمانی ئەوەوە هەتا پاش زەمانی ئیدریس و نزیکی زەمانی نووح ـ سەلامی خودایان لەسەر بێ ـ هەموو یەك چین و یەك دین بوون و ئیختیلافیان لە حەقدا نەبوو، حەقیان لە بەتاڵ جیا ئەکردەوە و لەسەر فەرمانی پێغەمبەرەکانیان ئەڕۆیشتن بە ڕێگادا، مەگەر بازە تاوانێ لە کردەوەدا وەکوو ئەوە کە قابیل هابیلی کوشت، واتە ئەگەر تاوانیان بکردایە بە تاوانیان ئەزانی بەڵام پاش ئەوە کە ئادەمیزاد زۆر بوون و پەرەیان گرت و ئارەزووبازی و شەهوەتڕانی هێزی گرت ئیتر حەقیان لێ‌تێکچوو و ئیختیلاف کەوتە ناویانەوە لە خوداپەرستی و دینداریدا، وە گەلێ ئادەمیزاد لە دین دەرچوون و ئاشووب لە ناویانا پەیدابوو، وە هەر کۆمەڵێ داوای ئەوەی ئەکرد کە حەق وا لەلای ئەودا.

﴿فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ﴾

جا خودای تەعالا پێغەمبەرانی بە زۆری نارد، وە ناوی گەلێکیانی باس نەکردووە بۆ تۆ، وە ئەو پێغەمبەرانە موژدەیان دا بەوانە کە حەق پەرستن بە بەهەشت و ترسیان ئەنایە بەر حەق نەپەرستەکان بە عەزابی دۆزەخ، وە کتێبیشی لەگەڵیانا نارد کتێبێکی پڕ لە بەیانی حەق و حەقیقەت و نیشاندانی ڕێگەی ژین و دین بۆ ئەوە ئەو کتێبە فەرمان بدا لە ناو ئادەمیزادا لەوەدا کە ئیختلافیان تیا ئەبوو، وە فیعلەن ئادەمیزاد زانا بوون بە دین و ئاشنا بوون لەگەڵ حەقدا، وە لەو کاتەدا وا چاوەڕوان ئەکرا کە زاناکان بە دڵێکی ساف دان بنێن بە حەقدا و یارمەتی بدەن، ئەوە نەبوو.

﴿وَمَا ٱخۡتَلَفَ فِيهِ إِلَّا ٱلَّذِينَ أُوتُوهُ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَتۡهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۖ﴾

کەچی هەر ئەو کەسانە کە کتێبەکەیان پێدرا پاش ئەوە کە شاهیدی موعجیزەی خودا و نیشانەی راستی پێغەمبەرەکانیان بۆ هات کەوتنە ئیختیلاف و ئاشووب کردن لەبەر دەوامدان بەو بەغی و ستەمکارییە کە لە ناویانا توولی کێشا بوو و بووبوو بە خوو بۆیان.

﴿فَهَدَى ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِ مِنَ ٱلۡحَقِّ بِإِذۡنِهِۦۗ﴾

جا خودای تەعالا بە میهرەبانی خۆی یارمەتی ئەو ئادەمیزادانەی دا کە ئیمان و باوەڕیان هەبوو بۆ راگرتنی ئەو حەقە کە وەختی خۆی ئیختیلافی ئادەمیزاد هەبوو تیایا، وە دڵی دامەزراندن لەسەری.

﴿وَٱللَّهُ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٍ ﴿٢١٣﴾﴾

ئەمەیش شتێکی تازە نییە لە ئیشەکانی خودا؛ چونکی خودا هەمیشە هیدایەتی ئەوکەسانە ئەدا کە خواستی هەبێ بۆ لای رێگای راست و تەوفیقیان ئەدا بۆ ئەوە بە سەریا بڕۆن تا ئەگەن بە ئەنجامی خێر و پیرۆزی لە هەردوو دنیادا.

کەوابوو ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تۆیش لەسەر خوو و رەوشتی ئەو پێغەمبەرانە برۆ، بەڵکوو پێویستە تۆ بە قەی هەموویان دڵت بەهێز بێ؛ چونکی ئەوان هەر یەکی بۆ گەلێ و بۆ ماوەیەکی تایبەتی رەوانە کرا بوون، بەڵام تۆ رەوانە کراوی بەڕەحمەت بۆ عالەم هەتا هەتایە.

ئاگادار بن: لەسەر ئەم شێوە ئێمە نووسیمان مەقسەد لە «ناس» حەزرەتی ئادەم و ئەولادەکانی بوو تا پاش زەمانی حەزرەتی ئیدریس، وە وەحدەتی ئوممەتەکەیش ئەوە بوو کە لەسەر حەق بوون و ئیمان و باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەر هەبوو.

وە لەم ئایەتەدا چەن بیری‌تر هەیە:

یەکەم: ئەوەیە مەبەس لە «ناس» ئوممەتی حەزرەتی نووحە پاش ئەوە کافرەکان لە تۆفانا فەوتان و تا ماوەیێ لەسەر حەق مانەوە، جا ئەوانیش کەوتنە ئیختیلافەوە و گەلێکیان لە دین دەرچوون، جا خودای تەعالا پێغەمبەرانی نارد بۆ سەریان بە کتێبەوە وەکوو لە پێشەوە دەرکەوت.

دووەم: ئەوەیە کە مەبەست لە «ناس» ئەهلی کیتابە لەوانە کە ئیمانیان هێنا بە مووسا. واتە ئەوانە کە ئیمانیان هێنا بە مووسا یەك ئوممەت بوون و لەسەر یەك دین بوون، جا پاش ئەوە بە هۆی ستەمکارییەوە ئیختیلاف کەوتە ناویان و لە دین دەرچوون. جا خودای تەعالا پێغەمبەرانی رەوانە کرد بۆ سەریان لەگەڵ کیتابا وەکوو باقی پێغەمبەرانی بەنی‌ئیسرائیل تا گەیشتە زەمانی حەزرەتی موحەممەد ﷺ.

سێهەم: بیری ئەبوومسلیم و قازییە کە فەرموویانە: مەبەست لە «ناس» ئادەم و ئەولادی ئادەمە پێش ئەوە کە حەزرەتی ئادەم ببێ بە پێغەمبەر، وە مەبەست لە تەنهایی ئوممەتەکەیشی ئەوە بووە کە لەسەر یاسای تەمەسوك بوون بە عەقڵ و فیترەت و غەریزە، وە هەموو پاك و پاك‌کردار بوون هەتا پەشێوە کەوتە ناویانەوە جا خودای تەعالا حەزرەتی ئادەمی رەوانە کرد بۆ سەریان و حەقی پێ نیشان دان لەگەڵ ئەوەیشا بازێکیان هەر موسوڵمان نەبوون، وە بازێکیان ئیمانیان هێنا و پیرۆزییان وەرگرت بە هۆی دینەوە هەتا هەتایە.

﴿أم حسبتم﴾ الآية: گەلێ لە موفەسسیرەکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە غەزای خەندەقدا لەوکاتەدا کە موسوڵمانەکان کەوتنە مەینەتەوە لە زۆری سوپای دوژمنەکەیان و لە کەمی ژیوار و تانەی موونافەقەکان و غەیری ئەمانەیش.

وە بازێ ئەفەرموون: هاتەخوارەوە لە غەزای «أحد»دا، وە بازێ ئەفەرموون: هاتووەتە خوارەوە بۆ دڵخۆشی دانەوەی موهاجیرەکان لە کاتێکا خانوو و دارایی

خۆیان بەجیٚهێشت لە مەککەدا و کەوتە دەستی موشریکەکان و ئیختیاری رەزای خودایان کرد بەسەر هەموو شتێکا، بە هەرحاڵ وەکوو بەیزاوی ئەفەرمویٚت خودا بەم ئایەتە خیتاب و فەرمایش ئەکا لەگەڵ حەزرەتا ﷺ و یارەکانیا و هێز ئەدا بە دڵیان لەسەر خۆگرتن و دەوام لەسەر غایەی خۆیان هەرچەن دوژمنیان زۆرە و گەلێ ئاشووب ئەگێڕن و گەلێ ئەمان گیرۆدەی زیان ئەکەن. وە ئەفەرمویٚت:

﴿أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوْا۟ مِن قَبْلِكُم﴾

واتە: یا بەڵکوو ئێوە گومان ئەبەن کە بڕۆنە بەهەشت و هێشتا رووداوی نابار و ناهەمواری واتان پیٚ نەگەیشتووە وەکوو ئەو رووداوانە هاتوون بەسەر پێغەمبەران و پەیڕەوانیٚ کە لە پێش ئێوەدا رابواردوون.

﴿مَّسَّتْهُمُ ٱلْبَأْسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ﴾

گەدایی و نەبوونی و ترس و بیمی دوژمنەکانیان هات بەسەرا.

﴿وَزُلْزِلُوا۟ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصْرُ ٱللَّهِ﴾

وە ئەو پێغەمبەرە و ئوممەتەکەی تەنگاو کران هەتا حاڵیان گەیشتە ئەوە ئەیانوت: خودایە ئەزانین تۆ وەعدەت راستە و یارمەتی خزمەتکارانی دینی خۆت ئەدەی. بەڵام نازانین لە چ کاتێکا ئەو یارمەتیەت ئەگا پێمان؟ دوورە ئەو کاتە هەتا لەم ئازارەدا زۆر گیرۆدە ببین، وە یا نزیکە هەتا ئومێدی رزگاری نزیکمان بیٚ! خودایش بە میهرەبانی خۆی وەحی نارد بۆ پێغەمبەرەکە و فەرمووی.

﴿أَلَآ إِنَّ نَصْرَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ ﴿٢١٤﴾﴾

ئاگادار بە بە خۆت بزانە و رابگەیەنە بە رەفیقەکانیشت، کە بە راستی یارمەتی خودا بۆ ئێوە نزیکە و پیٚتان ئەگا و رزگار ئەبن.

فەرموودەی خودا (جل جلاله) ﴿ يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ﴾ **الاية.**

لە باسی کات و هۆی نازڵ بوونیا ئیبنوعەباس ﵄ فەرموویەتی: هاتەخوارەوە لە کەسێکا عەرزی حەزرەتی کرد دینارێکم هەیە، فەرمووی: سەرفی بکە لە نەفسی خۆتا، وتی: دوو دینارم هەیە، فەرمووی: سەرفیان بکە لە ئەهل و منداڵتا، وتی: سێ دینارم هەیە، فەرمووی: سەرفی بکە لە خزمەتکارەکەتا. وتی: چوار دینارم هەیە فەرمووی: سەرفی بکە لە باوك و دایکتا. وتی: پێنج دینارم هەیە، فەرمووی: سەرفی بکە لە خزمەکانتا. وتی: شەش دینارم هەیە، فەرمووی: سەرفی بکە لە رێگەی خودادا لە جیهادا. وە ئەم دینارە لە هەموویان جوانترە. لەمەوە دەرئەکەوی کە لە غەیری جوابی یەکەما هەرچی فەرمووی سەرفی بکە مەبەستی ئەوە بووە کە زیادە لە کاتی پرسیاری پێشوو.

وە دووبارە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە «عەمری کوڕی جەموح» کە پیاوێکی پیری دەوڵەمەند بوو ـ وە ئەوە بووە کە لە رۆژی ئوحودا شەهید کراوە ـ عەرزی حەزرەتی کرد ﷺ: ئەم ماڵی خۆمانە لە چیدا سەرف بکەین؟ جا نازڵ بوو:

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست موسوڵمانەکان پرسیارت لێ ئەکەن: چی سەرف بکەن لە ماڵی خۆیان؟

﴿قُلْ مَآ أَنفَقْتُم مِّنْ خَيْرٍ فَلِلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾

هەرچی سەرف بکەن لە ماڵی خۆتان کەم بێ یا زۆر کە لە خۆتان زیاد بوو لە پێشا سەرفی بکەن لە باوك و دایکتانا لەبەر ئەوە گەلێ حەقیان هەیە لەسەرتان: هۆی وجوودتان بوون و بە دڵ بەخێویان کردوون و داوای پایەداری و پارێزراوی و شان و نانی ئێوەیان کردووە و تەمێی ئێوەیان کردووە بۆ رێگەی چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە. جا ئەگەر زیادەتان بوو سەرفی بکەن لە خزمەکانا کە وەکوو خەڵك ئینسانن و موسوڵمانن داماون و ئاگاتان لە ئەحواڵیان هەیە، وە عەلاقەی خزمایەتیشتان هەیە. جا ئەگەر زیاد بوو لەمە سەرفی بکەن لە منداڵە وردە نابالغە بێباوکەکانا، کوڕ یا کچ؛ چونکی کەس نییە خزمەتیان بکا. جا ئەگەر زیادەتان بوو سەرفی بکەن لەوانەدا کە گوزەرانیان باش نییە و هیچیان نییە یا ئەو دەستکەوتەیان بەشیان ناکا. جا ئەگەر زیادەتان بوو بیدەن بەو رێبوارە کە بۆ ئیشێکی باش دەرچووە و خەرجی پێ نەماوە.

﴿وَمَا تَفۡعَلُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٞ ٢١٥﴾

هەر چاکەیەك بکەن لەلای خودای تەعالا ون نابێ و بەزایە ناچێ.

لەم ئایەتەدا پرسیارێ هەیە ئەمەیە: کە موسوڵمانەکان پرسیاریان کردووە چی سەرف بکەن لە ماڵی خۆیان و خودا جوابی داونەتەوە بە باسی ئەوکەسانە کە سەرفەکەیان بۆ ئەکرێ؟

وەلامی ئەمە بە چەن جۆرە:

یەکەم: خودا جوابی ئەوانی دایەوە بە ﴿ما أنفقتم﴾ واتە هەرچی سەرف بکەن کەم بێ یا زۆر بە قەی حاڵ. وە زیاد لەوە باسی جێگەی سەرفەکەیشی کردووە چونکی مەسرەف ئەگەر جێگەی خۆی نەگرێ بەزایە ئەچێ.

دووەم: ئەمەیە ئەو پرسیارە بە زاهیر ئەگەرچی لە ماڵەکە بوو بەڵام ئەوانە مەبەستیان ئەوە بوو بە کێی بدەن و چۆن سەرفی بکەن، وە خودایش جوابی دانەوە بەو تەرتیبە جوانە کەوا لە غایەتی مەعقوولیدا.

سێهەم: ئەمەیە ئەم نەوعە وەڵامانە لەسەر «ئەسلووبی حەکیم» واقیع بووە؛ چونکی ئەوە نرخی ببێ ئەوەیە کە بزانن ماڵەکەیان لە کوێدا سەرف بکەن، ئەگەرنا باسی نەوعی ماڵی موناسب نییە؛ چونکی هەر ئەندازەیێ لەهەر نەوعێ بڵێت وا ئەبێ بۆ بازێ کەس دەس نادا، کە وابێ حەق وایە مەسرووف موتڵەق بێ هەرچەن بێ، وە مەسرەف دیاری بێ بۆیە وەها جوابی دانەوە.

وە پێویستە بزانن ئەم ئایەتە نەسخ نەکراوەتەوە بە ئایەتی زەکات و حوکمێکی تیا نییە کە موونافی واجب بوونی زەکات بێ، وە ئەم ئایەتە باسی مەسرەف کردن و نەفەقەی واجبە ئەکا، وەکوو خەرج کردن بۆ ژیانی باوك و دایك، وە باسی سەدەقات و خێراتێ ئەکا کە سوننەت بن، وەکوو مەسرەف کردن بۆ خزمان و هەتیوان و گەدایان و مووسافیران...

خودا ئەفەرموێت:

﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ﴾

ئەی پێغەمەری خۆشەویست و ئەی پەیڕەوانی پێغەمبەر! فەرز کراوە لەسەر ئێوە جەنگ کردن، لەگەڵ کافرانا، وەلحاڵ ئەو جەنگ کردنە گرانە لەسەر شانی ئێوە؛ چون ئەبێ بە هۆی دوورکەوتنەوە لە ژن و منداڵ و دۆستان. وە ئەبێ بە هۆی ماڵ سەرف کردن و بریندار بوون و کوشتن و غەیری ئەمانە.

﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ﴾

وە هەڵئەکەوێ کە حەز نەکەن لە شتێ لەگەڵ ئەوەدا ئەو شتە سوودی زۆر بێ بۆ ئێوە.

﴿وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۗ﴾

وە هەڵئەکەوێ حەز لە شتێ بکەن و ئەو شتە خراپ بێ بۆتان و زیانی تیابێ.

﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦﴾

خودای تەعالا سوود و زیان ئەزانێ و ئێوە نازانن.

بزانن! بازێ لە موفەسسیرەکان فەرموویان: ئەم نووسینە لە ئایەتەکە دا مەعنای فەرزی عەینە، وە ئەو فەرزە عەینەیش بەس لەسەر حەزرەت ﷺ بووە و لەسەر ئەسحابەکانی؛ چونکی حەزرەت هەتا لە مەککەدا بوو فەرمانی جەنگ کردنی پێ نەدرابوو، وە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە ئیزنی ئەوەی پێدرا کە جەنگ بکا لەگەڵ هەرکەسێ کە دەست بکا بە جەنگ لەگەڵیا، وە پاش ئەوە ئیزنی پێدرا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موشریکەکانا بە شێوەی گشتی، لەسەر ئەم شێوە لە ئەوەڵەوە جەنگ فەرزی عەین بووە لەسەر حەزرەت و ئەسحابەکانی، بەڵام لەسەر باقی موسوڵمانەکان فەرزی کیفایەیە: ئەگەر بازێ لە موسوڵمانەکان شەڕ بکەن لەگەڵ کافرەکانا ئەوە کافییە و تاوان لەسەر کەس نابێ.

بەڵام جومهووری موفەسسیرین لەسەر ئەو بیرەن کە جەنگ لەگەڵ کافرانا بۆ ئەوان و بۆ پاش زەمانی ئەوان فەرزی عەینە ئەگەر کافر داخڵی وڵاتی موسوڵمانەکان ببن. وە لە غەیری ئەو حاڵەدا فەرزی کیفایەیە. ئەوەندە هەیە لە وەختی خۆیا کاتێ حەزرەت ﷺ هەرکەسی بانگ بکردایە بۆ جیهاد ئەوە واجب ئەبوو لەسەر ئەو کەسە ئامادە ببێ بۆ جیهاد و ئیتاعەی حەزرەت بکا.

هەروا بزانن، کە مەعنای ئەم ئایەتە پیرۆزە سەرمەشقە بۆ بەختیاری ئادەمیزادی موسوڵمان و هەرکەس رەفتاری پێ کردبێ بەختیار بووە، وە هەرکەس رەفتاری پێ نەکردبێ بەدبەخت و داماو بووە.

وە هەتا موسوڵمانان ئازاد و ئامادە بوون بۆ جیهاد و مەردانە رۆیشتوونەتە ناو کۆڕی جەنگەوە سەربەرز بوون لەچەن لاوە؛

یەکەم: خوویان گرتووە بە جەنگەوە و لە رۆژی رەشا چاویان لە چوونە مەیدان نەترساوە.

دووەم: لە بەرچاوی هەموو دوژمنەکانا خاوەن هەیبەت بوون و بە مەترسییەوە تەماشایان کردوون.

سێهەم: لە زۆربەی کاتا دەسکەوتی دنیاییان زۆر بووە و شارەکانی کافرەکانیان دەردەست کردووە.

چوارەم: لە هەمووی گەورەتر جەزای بەهەشت و پایەی شەهادەتیان دەس کەوتووە.

وە «بالعكس» هەر ئوممەتێ حەربی نەبووبێ ئەوەندەی پێ نەچووە دوژمن داگیری کردوون و بە ئارەزووی خۆی لێی کوشتوون، وە ئەگەر کەسێکیشیان رزگار بووبن لە کوشتن کراون بە بەندە و بە وێنەی حەیوانات دایما لە سوخرەی دوژمنا ژیاون و حاشا لەو ژیانە کە بۆ ئادەمیزادی بێپایە و بێشانە...

فەرموودەی خودا:

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ﴾

پرسیارت لێئەکەن لە حوکمی جەنگ کردن لە جینسی مانگێ لەو مانگانە کە خودا جەنگی تێدا حەرام کردوون وەکوو «ذي القعدة، ذي الحجة، محرم، رجب»: ئایا جەنگ کردن لەم مانگانەدا دروستە یانە؟

﴿قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ﴾

تۆ ئەی خۆشەویست! لە وەلاما بڵێ: جەنگ کردن لە مانگی حەراما گوناحی گەورەیە.

﴿وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

وە هۆی مەنع کردنی خەڵکە لە حەج کردن و عیبادەت کردن لە ڕێگەی خودادا.

﴿وَكُفْرٌۢ بِهِۦ﴾

وە هۆی کوفرکردن و کافربوونە بە خودا؛ چونکی ئینسان دەوامی کرد لەسەر گوناه دڵی ڕەش ئەبێتەوە و جێگەی نووری ئیمانی تیا نامێنێ.

﴿وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ﴾

وە هۆی باوەڕ نەکردنە بە حورمەتی مزگەوتی مەککە.

﴿وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِ ۚ﴾

بەڵام دەرکردنی ئەهلی ئەو مزگەوتە و نیشتەجێکانی دەوروبەری مزگەوت وەکوو پێغەمبەرﷺ و باقی یارەکانی لە موهاجیرین ئەوە گوناهی گەورەترە لە شەڕ کردن لە مانگی حەرامدا؛ چونکە ئەو جەنگ کردنە وا ئەبێ کەسی تێدا ناکوژرێ، یا چەن کەسی مەحدوودی تێدا گیرۆدە ئەبێ. بەڵام دەرکردنی قەرەباڵغێ لە ئەهلی مەککە و دەربەدەر کردنیان کە بکەونە وڵاتان بە برسێتی و داماوی و ملکەچی، گەلێ کەسی پێ گیرۆدە ئەبێ.

﴿وَٱلْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ ٱلْقَتْلِ ۗ﴾

وە هێزدان بە فیتنە، کە دڵلادانی ئادەمیزادە لە ئیمان هێنان بە خودا، گەلێ گەورەترە لە کوشتنی کەسێ یا چەن کەسێ!

﴿وَلَا يَزَالُونَ يُقَـٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَـٰعُوا۟ ۚ﴾

وە ئەو کافرانە کە موسوڵمانەکان جەنگیان لەگەڵ کردوون بە دەوام جەنگتان لەگەڵ ئەکەن هەتا هەڵتان ئەگێڕنەوە لە دینە ڕاستەکەی خۆتان ـ ئەگەر بتوانن ـ .

﴿وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأٓخِرَةِ﴾

وە هەرکەسێ هەڵگەڕێتەوە لە دینی ئیسلام لە ئێوە و بەو حاڵی کافرێتیە دەوام بکا و بمرێ، ئەوە هەموو ئەوانە کردەوەی چاکەیان هەرچی بووبێ لە پێشا بێ‌نرخ ئەکەوێ لە دنیادا؛ چونکی ئەو کەرامەتە و ئەو پایە و مایە کە تەسەووری ئەکرد بۆ خۆی لە دنیا لە دەستی دەرئەچێ، وە لە قیامەتیشا؛ چونکی هیچ جەزایەکی خێری لەسەر ئەو کردەوانە دەست ناکەوێ.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢١٧﴾﴾

وە ئەوانە ئەهلی عەزابی ئاگری دۆزەخن و لەو ئاگرەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

ریوایەت کراوە لە هۆی نازڵ بوونی ئەم ئایەتەدا ئەمە: کە پێغەمبەر ﷺ کاتێ گەڕایەوە لە تەعقیبی کورزی کوڕی جابیر، کە ئەو رووداوە مەشهوورە بە بەدری ئەووەڵ لە مانگی «جمادي الثانية»دا مایەوە لە مەدینەدا باقیماندەی ئەو مانگە و مانگی رجەب تا نزیکی ئاخری و لە ئاخری ئەم مانگەدا عەبدوڵڵای کوڕی جەحش پوورزای خۆی بوو، لەگەڵ هەشت کەسا ناردنی بۆ دەوروبەری مەککە کە هەر هەشتیان لە موهاجیرین بوون، ئەمانە: ئەبووحوزەیفەی کوڕی عوتبە، عوکاشەی کوڕی «محصن»، عوتبەی کوڕی غەزوان، سوهەیلی کوڕی بەیزای فەهری، سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس، عامیری کوڕی رەبیعە، واقیدی کوڕی عەبدوڵڵای تەمیمی، خالدی کوڕی «بکیر»ی لەیسی. وە کاغەزێکی نووسی و دای بە عەبدوڵڵای پوورزای و ئەمری پێ کرد تەماشای نەکا هەتا ماوەی دوو رۆژ ئەڕۆن بەڕێدا ئەوجار تەماشای بکا و رەفتاری پێ بکا، وە زۆریش نەکا لەکەس لە هاوڕێکانی کە لەگەڵیا بڕۆن، وە

ئەو سەرۆکیان بوو. جا عەبدوڵلا لەگەڵ ئەو هەشت کەسەدا رۆیشت دوو رۆژ جا تەماشای نامەکەی کرد نووسرا بوو. «هەروا برۆ تا ئەگەیتە «نەخلە» لە بەینی مەککە و تائیفدا لەویا بمێنەوە و چاوەڕوانی قورەیش بکە و ئەخباریان بزانە مەشغوولی چین و بە زۆر کەس لە رەفیقەکانت مەبە».

ئەویش نامەکەی خوێندەوە بەسەریانا هەموویان وتیان: ئامادەین بێین لەگەڵتا. وە رۆیشتن مەگەر سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوان، وشترێکیان بوو بەنۆبە سواری ئەبوون رایکردبوو، ئەوان کەوتنە شوێنی ئەو وشترە و باقی رۆیشتن هەتا گەیشتن بە نەخلە.

زۆری پێ نەچوو کاروانێکی قورەیش هاتن رابوردن بەسەریانا ماڵی تیجارەت و مێوژی هێنا بوو، وە لە ناو قافڵەکەدا عەمری کوڕی حەزرەمی و عوسمانی کوڕی عەبدوڵلا و نەوفلی برای و حەکەمی کوڕی کیسانی تێدا بوو، وە زەمانیش ئاخری مانگی رەجەب بوو.

جا موسوڵمانەکان لە ناو خۆیانا راوێژیان کرد وتیان: ئەگەر دەستیان بۆ ببەین و شەڕیان لەگەڵدا بکەین ئەوە حورمەتی مانگی رەجەب ئەڕوا، وە ئەگەر دەستیان بۆ نەبەین ئیمشەو ئەگەن بە عەرزی حەرەمی مەککە و نابێ لەوێ دەستیان بۆ ببەین، وە لە ئەنجاما بڕیاریان دا کە بۆیان بڕۆن. جا واقیدی کوڕی عەبدوڵلای تەمیمی تیرێکی هاوێشت بۆ عەمری حەزرەمی کوشتی، جا عوسمانی کوڕی عەبدوڵلا و حەکەمی کوڕی کیسانیان بە دیل گرت و نەوفلی برای عوسمان رای کرد.

جا عەبدوڵلای کوڕی جەحش کاروانەکەی بەرەو مەدینە هەڵسووڕاند، وە وتی بە رەفیقەکانی: خومسی ئەم غەنیمەیە جیا بکەنەوە بۆ حەزرەت ﷺ وە جیایان کردەوە. ئەم خومسە یەکەم خومسێکە لە دینی ئیسلاما. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو:

﴿واعلموا أن ما غنمتم من شيء فإن لله خمسه وللرسول﴾[١] وە حەزرەت ﷺ ئەم کردەوەی عەبدوڵلایە تەقریر کرد، و دامەزرا بۆ ئوممەتی ئیسلام تا ڕۆژی قیامەت، وە عەبدوڵلای کوڕی جەحش یەکەم سەرۆك بووە لە ئیسلام و عەمری کوڕی حەزرەمی یەکەم کوژراو بووە لە کافراندا. بەڵام حەزرەت ﷺ ناڕەزایی خۆی دەربڕی لە کوشتنی عەمری کوڕی حەزرەمی لە مانگی ڕەجەبدا کە لە مانگە حەرامەکانە. بەڵام واقیعەکە تازە قۆمی بوو. لەم کاتەدا خودا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿یسئلونك عن الشهر الحرام قتال فیه﴾ هەتا ﴿هم فیها خالدون﴾ وە پرسیارکەر لە موسوڵمانەکان بوو.

پاش ئەوە سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس و عوتبەی کوڕی غەزوان بە ساغی گەیشتنەوە مەدینەی مونەووەرە و حەزرەت لە باتی عوسمان و حەکەم فیدیەی وەرگرت و بەرەڵای کردن. جا عوسمان لە مەککەدا بە کافری مرد و حەکەم موسوڵمان بوو، وە لەگەڵ حەزرەتا بوو هەتا شەهید کرا لە ڕووداوی «بیری مەعوونە»دا.

ڕیوایەت کراوە: کاتێ ئەم سریەی عەبدوڵلای کوڕی جەحشە گەڕایەوە و قسە و باس زۆر بوو لە جەنگ کردن لە مانگی حەرامدا، عەبدوڵلا و ڕەفیقەکانی کەوتنە خەیاڵەوە و گومانیان وا بوو لەم حادیسەدا ئەگەر لە تاوان بپارێزرێن ئیتر جەزای خێریان نییە. خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد و ئیسباتی ئەجری کردن:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرْجُونَ رَحْمَتَ ٱللَّهِۚ ﴾

ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا، وە ئەو کەسانە کە لە وڵاتی خۆیانەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینەی مونەووەرە و جیهادیان کرد لەبەر بەرز کردنەوەی ئیسلام ئەوانە ڕجایان هەیە لە خودا کە ڕحمەتی خۆی بڕێژێ بە سەریانا بە کەرەم.

---

١. الأنفال: ٤١.

﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢١٨﴾﴾

وە لە واقیعا خودایش رجاکەی ئەوان وەرئەگرێ؛ چونکی خودا غەفوور و تاوانبەخشە لەوەی کە ئەو شەڕەیان لەو مانگەدا کرد، وە میهرەبانیشە، کەوایە جەزای خێریان ئەداتەوە لە قیامەتا.

فەرموودەی خودا ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ﴾ **(الآية).**

ریوایەت کراوە: کاتێ لە مەککەدا ئایەتی: ﴿ومن ثمرات النخيل والأعناب تتخذون منه سكراً ورزقاً حسناً﴾[1] هات موسوڵمانەکان شەرابیان ئەخواردەوە، پاش ئەوە عومەری کوڕی خەتاب و مەعاز و چەن کەسێ لە یاران عەرزی حەزرەتیان کرد: فەرموودەیەکی رووناکمان پێ بفەرموو لە خواردنەوەی شەرابدا کە مەشرووبێکە عەقڵ و هۆش ناهێڵێ و دارایی ئەفەوتێنێ. جا ئەم ئایەتی ﴿يسئلونك عن الخمر والميسر﴾ە هاتە خوارەوە و گەلێ لە یاران پاش ئەم ئایەتە تەرکیان کرد، وە بازێکیان هەر ئەیانخواردەوە.

پاش ئەوە رۆژێ عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف کۆمەڵێ لە یارانی دەعوەت کرد و نان و چێشتی پێدان و بازێکیان شەرابیان خواردەوە و سەرخۆش بوون، کاتی نوێژ یەکێکیان بوو بە پێشەوا و خوێندیەوە: «قل يا أيها الكافرون أعبد ماتعبدون».

لە پاش ئەم واقیعەیە ئایەتی: ﴿لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى﴾[2] هاتە خوارەوە، جا شەرابخۆر کەم بوونەوە. پاش ئەمە عوتبانی کوڕی مالیك سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس و چەن کەس لە یارانی بانگ کرد بۆ ماڵی خۆی، وە لەوێ خواردیانەوە و دەستیان کرد بە شیعر خوێندنەوە و بەیانی تائیفەی خۆیان و سەعدی کوڕی ئەبیوەقاس

١. النحل؛ ٦٧.

٢. النساء؛ ٤٣.

شیعرێکی خوێندەوە زەمی ئەنسارییەکانی تێدا بوو، جا یەکێ لە ئەنسارییەکان دای لە سەعد و سەری شکاند، ئەویش رۆیشت لە خزمەتی حەزرەتا شکاتی کرد. لەوێدا حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب دوعای کرد و فەرمووی: «اللّٰهم بين لنا في الخمر بياناً شافياً» جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿يا أيها الذين آمنوا إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحون ﴿٩٠﴾ إنما يريد الشيطان أن يوقع بينكم العداوة والبغضاء في الخمر والميسر ويصدكم عن ذكر اللّٰه وعن الصلاة فهل أنتم منتهون ﴿٩١﴾﴾[1] جا عومەر ﷺ فەرمووی: «انتهينا يارب». ئیتر خواردنەوە بڕایەوە. وە بزانن «میسر» لە ئەسڵا ناوە بۆ ئەو وشترە کە قومارەکەی لەسەر کراوە و لە ئەنجاما سەریان بڕیوە و گۆشتەکەیان بەش کردووە لە بەینی خۆیانا بە یاسای قومارەکەیان.

وە لە کاتی خۆیا یازدە پارچە داریان دروست کردووە بۆ بەشکردنی گۆشتی وشترەکە حەوتیان بەشیان لەسەر بووە و چواریان بەشیان لەسەر نەبووە. ئەو حەوتەکە بەشیان لەسەر بووە فەرقیان بووە، دارێکیان یەك نیشانەی لەسەر بووە ئەوە یانێ تاقە بەشێکی لەسەرە. دارێکیان دوو بەش. دارێکیان سێ بەش، دارێکیان چوار بەش، دارێکیان پێنج بەش، دارێکیان شەش بەش، دارێکیان حەوت بەش. وە پاش تەواو بوونی قومارەکە وشترەکەیان سەرئەبڕی و ئەیانکرد بە بیست و هەشت بەشەوە و لە بەینی خۆیانا بەشیان ئەکردەوە: خاوەنی داری یەکەم یەك بەش و خاوەنی داری دووهەم دوو بەش. وە گەیشتنی یەکێ لەو دارانە بە هەرکەسێ لەسەر یاسای قوڕعە بووە. وە ئەو چوار دارەکەشیان بەشیان لەسەر نەبووە بەر هەرکەسێ کەوتوون بێبەش بوون، وە ئەم نەوعە قومارە گەلێ فیتنە و ئاشووب رووی داوە تیایا.

جا خودای تەعالا ئەو ئایەتەی نازڵ کرد کە فەرموویەتی:

---

١. المائدة: ٩١ ـ ٩٠.

﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! موسوڵمانەکان پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی شەرابخواردنەوە و قومار کردن بە مەیسەر، تۆ لە وەڵامیانا بڵێ: خودا ئەفەرموێت: لەم شەرابخواردن و قومار کردنەدا تاوانێ گەورە هەیە، وە چەن سوودێکیشیان تیا هەیە. جا تاوان و زیانی شەراب خواردن؛

یەکەم: سەرفی ماڵە لەپەیدا کردنیا.

دووەم: تێکدانی عەقڵ و حەواسە.

سێهەم: ئاشووب کردنە لەگەڵ خەڵکدا، خواه بێگانە یا خزم و خەڵکی ناو ماڵی خۆی یا دەرەوە.

چوارەم: خۆ دەرخستنە بۆ زیان کردن؛ وا ئەبێ یارۆی سەرخۆش رووت ئەکرێتەوە و هەر پارە و شتێکی هەبێ ئەیبەن.

پێنجەم: دوژمن فرسەتی لێ‌دێنێ و گیرۆدەی ئەکا بە کوشتن یا بریندارکردن.

شەشەم: ناموس چوونە بەو واتە ناشیرینانە کە لە سەرخۆشیدا لە دەمی دەرئەچێ.

حەوتەم: فەوتانی واجباتی دینییە.

هەشتەم: ئاساری سەرئێشە کە پەیدا ئەبێ لە خواردنەوەی.

نۆهەم: موقەییەدبوون و خووگرتنە بەو ئیشە نابارەوە لە کاتێکا شەرابی دەس نەکەوێ نزیکە بمرێ.

دەهەم: ئەو ناساغییانە کە لە خواردنەوەی پەیدا ئەبن.

وە سوودەکانی بریتییە: لە تیجارەت کردن تیایا بۆ ئەو کەسانە دروستی ئەکەن یا ئەیهێنن لە دوورەوە، وە شادمانی و بێ‌پەیوەندی ئەو کەسە کە ئەیخواتەوە بە میحنەت و غەم تا ماوەیێ.

وە تاوان و ناباری قومار بریتییە لەمانە؛

یەکەم: لات کەوتن و ئیفلاسی گەلێ کەس بە هۆی قومارەوە! زۆر جار هەڵئەکەوێ یەکێ لە قومارچییەکان رق ئەیگرێ و چەن ماڵ و دارایی هەیە لە یەك شوێنا دای ئەنێ و بە لاتی ئەڕواتە دەرەوە.

دووەم: نەهێشتنی عەلاقە و پەیوەندی دۆستی؛ لە کاتی ئەو قومارکردنەدا گەلێ کەس لە حاڵی تەبیعی دەر ئەچێ و چەن ئاشووب ئەگێڕێ و زۆر جار ئەبێ بە بەکارهێنانی خەنجەر و کارد بۆ بریندار کردنی موقابیلەکەی.

سێهەم: زایە کردنی کات بە بێ سوود،

چوارەم: دوورکەوتنەوە لە بەجێ‌هێنانی واجباتی دینی یا دنیایی خۆی.

پێنجەم: تووش بوونی بە مەراق بە هۆی زیان کردنەوە.

وە سوودەکەی ئەو پارەیەتە کە دەستی ئەکەوێ ئەگەر لە قومارەکەدا سەرکەوێ.

جا لە واقیعا وەکوو خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾

تاوان و زیانی ئەمانە زۆرتر و گەورەترە لە سوودەکەیان.

وە سیرڕی ئەوە کە خودا فەرموویەتی «أكبر» و نەیفەرمووە «أكثر» ئەمەیە: کە زیانەکانیان با کەمیش بن زۆر خەتەریان هەیە.

لەسەر ئەمەیە کە حەزرەتی عوسمان فەرموویەتی: «اجتنبوا الخمر فإنها أم الخبائث» واتە: خۆتان دوور بگرن لە شەرابخواردنەوە؛ بە راستی شەراب دایکی گەلێ شتی ناباری ناهەموارە. هەتا وتوویانە: هەرکەسێ نوێژ بکا ئەنجامی خراپ نابێ، وە یەکێ شەراب بخوا ئەنجامی باش نابێ.

وە لەگەڵ ئەوەدا کە «خمر» ئەوەیە دروست بکرێ لە ئاوی ترێ، هەر مەشرووبێ ئینسان سەرخۆش بکا ئیمامە موجتەهیدەکان وەکوو خەمر بە حەرامیان داناوە. وە

زیاد لە ئیجتیهادی ئەوان حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: هەرشتێ ئینسان سەرخۆش بکا ئەوە وەکوو خەمرە و واجبە موسوڵمان لێی دوور بکەوێتەوە.

وە «مەیسەر» ئەگەرچی بریتی بووە لەو قومارە تایبەتییە هەرچی ئەو شێوەیە بێ و لەسەر ماڵ بێ، وەکوو: پشکیلان و گۆرەوی بازی و لاربایی و یانسیب و گاڵتەی شێر و خەت... هەموو ئەمانە حەرامن، وە سوودی ئەمانە بە مەعنا خواردنی ماڵی خەڵکە بە بەتاڵ، وە پێویستە ئینسانی موسوڵمان خۆی دووربکاتەوە لێیان. خودای تەعالا عەقڵی داوە بە ئادەمیزاد هەتا ببن بە ئێشکچی و حاریس و چاودێر لەسەر حاڵ و ماڵ و ساغی و بەرزی و سەربەرزی دنیا و قیامەت. زۆر زۆر هۆی ئەسەفە کە ئینسان ئەم حاریسە بە هێزە مەنع بکا لە ئیش کردن و خۆی بەرەڵا بکا بۆ کاری ناڕەوا و شەرمهێنەر.

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ﴾

ریوایەت کراوە کە خاوەنی ئەم پرسیارەیش هەر عەمری کوڕی جەمووح بوو کە جاری پێشوو پرسیاری کرد، بەڵام جاری پێشوو پرسیاری لە مەسرەف کرد، یانی ماڵەکەی بەکێ بدا. وەکوو لە یەکێ لە وەڵامەکاندا باسمان کرد. وە لەم جارەدا پرسیار لە ئەندازەی ماڵەکە ئەکا هەتا بزانێ کەمە یا زۆرە. وە ئەگەر جاری پێشوویش هەر پرسیاری لە ئەندازەی ماڵەکە بووبێ لەبەر ئەوە کە وەڵامەکەی بە شتیتر بوو هەر پێویستی بوو بە پرسیار بۆ دیاری کردنی ئەندازەی ماڵەکە. جا خودای تەعالا فەرمووی: ﴿ويسألونك ماذا ينفقون﴾: پرسیارت لێئەکەن: چی سەرف بکەن لە ماڵی خۆیان؟ نەوعی ماڵەکە چی بێ؟ وە ئەندازەی چەندێ بێ؟

﴿قُلِ ٱلْعَفْوَ﴾

تۆیش بڵێ ـ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست ـ: ئەو ئەندازەیە سەرف بکەن کە بۆتان دەس بدا، بە ئاسانی و بە خۆشی دڵ؛ چونکی خەرجکردنی ماڵ بۆ ئیحسان

و جەزایە و شتێ بە ناخواستی دڵ بیدا بە داماو نیەتی باش و ئیخلاسی لەگەڵدا نییە و کابرا خێری پێ ناگا. بەڵێ بازێ جار کابرا بە ئیخلاسی دڵماڵێکی زۆر سەرف ئەکا بەڵام چونکی خۆی داماوە بۆ ماڵ خودا ئەم سەرفەی پێ خۆش نییە، وەکوو ئیبنوسەعد ریوایەتی کردووە لە جابیرەوە ﷺ ئەڵێت: ئەبووحسەینی سەلەمی جارێ هات بۆ خزمەتی حەزرەت و بە قەی هێلکە کۆترێ ئاڵتوونی پێ بوو، وتی: یا رەسوولەڵڵا ئەم ئاڵتوونەم دەس کەوتووە لە غەنیمە و غەیری ئەمە هیچ ماڵم نییە، وا هێناومە بۆ خزمەتت سەرفی بکە. وە حەزرەت ئیعرازی ناو جوابی نەداوە تا سێ جار، لە جاری دواییدا حەزرەت ئاڵتوونەکەی بۆ فرەدا، ئەگەر لێی بکەوتایە بریندار ئەکرد! وە بە زویرییەوە فەرمووی: چۆن ئەبێ یەکێ لە ئێوە هەرچی هەیە بە جارێ ئەیهێنێ و ئەیکا بە خێر و لە پاشا ئەڕوات داوای شت لە خەڵك ئەکات؟! خێری وەها خێر نییە، خێر ئەوەیە کە لەسەر دەس رۆیشتن و بێنیازی بێ، وە بەر لە هەموو شتێ پێویستە دەس بکەی بە سەرف بۆ ئەوانە کە ژیواریان واجبە لەسەرت، وەکوو: خۆت و، ژنەکەت و، منداڵی نابالغت.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْأَيَٰتِ﴾

بەم جۆرە کە بەیانی کرد سەرفی ئەندازەی ئاسان باشە وەها خودا بەیانی ئایاتی خۆی ئەکا بۆ ئێوە.

﴿لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾﴾

بەڵکوو ئێوە بیر بکەنەوە لە ئایاتی مندا و ئەحکامی دینیان لێ‌دەربێنن.

﴿فِي ٱلدُّنْيَا وَٱلْأَخِرَةِ﴾

وە بیر بکەنەوە لە کار و باری دنیا و ئاخیرەتا.

﴿ویسألونك عن الیتامی﴾ «الآیة». ئەبووداوود ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە (رضي الله عنهما) پاش ئەوە کە ئایەتی: ﴿ولا تقربوا مال الیتیم إلا بالتي هي أحسن﴾[1] نازڵ بوو ئەو کەسانە کە هەتیویان لەلابوو رۆیشتنماڵی هەتیوەکانیان جیاکردەوە لە ماڵی خۆیان و بە جیاوازی خواردەمەنییان بۆ ئامادە ئەکردن. ئەمەیش زۆر زەحمەت بوو لەسەریان. جا رۆیشتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حاڵی خۆیان بۆ گێڕایەوە جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە فەرمووی:

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَـٰمَىٰ﴾

موسوڵمانان پرسیارت لێئەکەن لە یاسای رابواردنیان و رەفتاریان لەگەڵ ئەو هەتیوانە کە وان لە لایان.

﴿قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ﴾

تۆ بفەرموو رێکخستنی ئەحواڵیان و خزمەتکردنیان بە تەمێ کردنیان لەسەر چاکە و مەنعی رەوشتی خراپ لێیان و راگرتنی پاکی لەشیان و پاراستنیان لە هەموو زیانێ ئەمە زۆر کارێکی باش و بەسوودە بۆ دنیا و قیامەتتان.

﴿وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَٰنُكُمْ﴾

وە ئەگەر بە ماڵ و رۆزی و خواردەمەنیش تێکەڵیان ببن و بەیەکەوە بخۆن و بخۆنەوە ئەوە بزانن وەکوو برا و خوشکی ئێوەن لە دنیا، چۆن رەفتار ئەکەن لەگەڵ برا و خوشکی خۆتانا لەو ماڵەدا کە تێکەڵە و بە یەکەوە ئەیخۆن وەها لەگەڵ ئەوانیشا بژین و بە عەمدی زیانیان لێمەدەن و ئاگاتان لە خۆتان بێ.

﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ ٱلْمُفْسِدَ مِنَ ٱلْمُصْلِحِ﴾

---

١. الأنعام: ١٥٢.

خودای تەعالا زانایە بە هەموو شتێ، وە پیاوی خراپەکار لە ئینسانی چاك ئیشکەر و چاری‌زیان‌کەر جیائەکاتەوە. ئەوسا هەرکەسێ کردەوەی باش بێ جەزای ئەداتەوە بە کەرەم، وە هەرکەسێ کردەوەی خراپ بێ حەقی لێ‌ئەسێنێ.

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ﴾

وە ئەگەر خودا بیویستایە کە گیرۆدەی ئازارتان بکا و تەکلیفی ئەوەتان لێ‌بکا بە دەوام نان و ئاویان بۆ جیا بکەنەوە ئەوە بە راستی ئازاری ئەدان و تووشی زەحمەتی ئەکردن.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ٢٢٠﴾

خودای تەعالا بە راستی زاڵە بەسەر خواستی خۆیا. وە هەر شتێ بکا بە حیکمەت ئەیکا، بۆیە گیرۆدەی ئازاری نەکردن و ئیجازەی دا کە لەگەڵ هەتیوەکانا وەکوو برا بژین.

جا ئەم ئایەتە پیرۆزە دەلیلە لەسەر ئەوە ئەگەر کەسێ دوو سەر خێزانی بوو و هەتیوێکی ماڵداریشی لەلابوو مەسرەفی ئەو ماڵە لە خواردەمەنیدا لەسەر چوار بەش تەماشا بکا: دیناری لە ماڵی منداڵەکە و سێ دینار لە ماڵی خۆی بدا بە خواردەمەنی و بە یەکەوە بێخۆن. وە ئەگەر کابرا موعەددەل رۆژی دوو میوانی ئەهات ئەوە مەسرەف لەسەر شەش بەش دابنێ، دیناری لە ماڵی هەتیوەکە و پێنج دینار لە ماڵی خۆی بدا بە رزق و بەیەکابیخۆن. وە ئەگەر شتێ کەم یا زیاد هەڵکەوت لە ماڵی هەتیوەکە کەوتە لای کابرا ئەوە بە شتێکی‌تر تۆڵەی بۆ بکاتەوە و لە بازێ شتی زۆر کەمیش خودا میهرەبانە و چاوپۆشە.

°ولا تنکحوا المشرکات°. «الآیة» ریوایەت کراوە کە حەزرەت ﷺ کەنناز‌ی کوڕی حسەینی غەنەوی بە پەنامەکی نارد بۆ مەککەی موکەڕڕەمە کە لە شەودا یەکێ لە

ئەسحابەکانی لە مەککەدا بەجیٚمابوو بیهێنیٚ بۆ مەدینە، کاتیٚ گەیشت بە مەککە ئەم کەننازە دۆستی ژنێك بوو ناوی «عەناق» بوو عەناق پێی زانی و هات بۆ لای کەنناز، وە داوای رابواردنی لیٚکرد، ئەویش پێی وت: وەختی خۆی من کافر بووم و ئێستە دینی ئیسلامم وەرگرتووە و ناتوانم لەگەڵ ژنی بێگانە رابوێرم! جا عەناق داوای کرد کە مارەی ببڕیٚ و بە شەرع ببیٚ بە حەلاڵی، ئەویش وتی: با بڕۆمەوە بۆ مەدینە و پرسیار بکەم لە حەزرەت ئەگەر ئیجازەی پێدام باشە. کاتیٚ رۆیشتەوە مەدینەی مونەووەرە پرسیاری لە حەزرەت کرد بۆ ئەم کارە، وە ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

﴿وَلَا تَنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ ۚ﴾

ژنی کافری شەریك بۆ خودا دانەر مارە مەکەن، ئەی موسوڵمانەکان هەتا ئیمان دێنن و موسوڵمان ئەبن.

﴿وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ ۗ﴾

بە راستی جارییەکی خاوەن ئیمان باشترە بۆ ئێوە لە ژنێکی حورڕەی ئازادی موشریکە، با ئەوەندەیش جوان بیٚ یاماڵدار بیٚ کە ئێوە بخاتە تەعەجوبەوە.

﴿وَلَا تُنكِحُوا۟ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُوا۟ ۚ﴾

وە ژن مارەمەبڕن لە پیاوی کافری شەریك بۆ خودا دانەر هەتا ئیمان دێنن و موسوڵمان ئەبن.

﴿وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ ۗ﴾

بە راستی بەندەیەکی موسوڵمان زۆر باشترە لە حورڕێکی کافری شەریك بۆ خودا دانەر ئەگەرچی بە ماڵ یا بە جوانی ئێوە بخاتە تەعەجوبەوە.

﴿أُو۟لَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ ۖ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱلْجَنَّةِ وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦ ۖ﴾

ئەو کافرانە خەڵك بانگ ئەکەن بۆ لای ئاگری دۆزەخ؛ چونکی خەڵك بانگ ئەکەن بۆ کوفر، وە کوفریش ئینسان ئەبا بۆ ئاگری دۆزەخ هەتا هەتایە. وە خودای تەعالا بە هۆی دینی ئیسلامەوە ئێوە بانگ ئەکا بۆ بەهەشت و بۆ عەفو کردنی تاوانێ کە زوو کردووتانە لەبەر میهرەبانی خۆی و بە سەرفی کەرەمی خۆی.

﴿وَيُبَيِّنُ ءَايَـٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٢١﴾﴾

خودای تەعالا ئایاتی خۆی نازڵ ئەکا، وە ئەحکامی دینی خۆی کە ئیسلامە رووناکی ئەکاتەوە بۆ ئەوانە ئەکەونە دووی رووناکی، بەڵکوو بیر بکەنەوە و لە بیر و باوەڕی ناهەموار لادەن و کردەوەی ناشیرین تەرك بکەن.

بزانن: کە نیکاح لە زمانی عەرەبا بریتییە لە: پێکەوە لکان و گردەوە بوونی دوو شت یا چەن شت، وە لە عورفی شەرعا عیبارەتە: لە عەقدێ کە ببێ بە هۆی حەڵاڵ بوونی چوونە لای ژنێ بە لەفزی «ئینکاح» یا «تەزویج» یا تەرجومەی ئەمانە.

وە ئەرکانی نیکاح لەلای ئیمامی شافیعی پێنجە: زەوج = مێرد، زەوجە = ژن، وەلی = ئەو کەسەی کە حەقداری ژنەکەیە و ئەتوانێ مارەی ببڕێ، وە دوو شاهید کە حازر بن بۆ بیستنی ئەم عەقدە، وە لەفزی جاری لە عەقدەکەدا وەکوو «ئیجاب» و «قەبووڵ».

وە دەلیل لەسەر ئیعتیباری وەلی چەن ئایەتە وەکوو ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێت: ﴿ولا تنكحوا المشركين حتى يؤمنوا﴾ بە «زەممەی» تێی «تنكحوا» کە نەسە لە خیتاب لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە حەقداری ژنەکانن، وە ئایەتی: ﴿فانكحوهن بإذن أهلهن﴾ ئایەتی (٢٥) لە سوورەتی «نیساء»، وە ئایەتی: ﴿وأنكحوا الأيامى منكم والصالحين من عبادكم وإمائكم﴾ ئایەتی (٣٢) سوورەتی «نوور» بە فەتحی هەمزەی (أنكحوا) کە بۆ ئەمرە بە ئەولیای ژنەکان، وە حەدیسی: «لا نكاح إلا بولي وشاهدي عدل». هەروا ئەم فەرموودە ئەبێ بە دەلیل لەسەر ئیعتیباری دوو شاهیدی عادیل لە عەقدی نیکاحدا.

وە سیغەی ئیجاب و قەبووڵ عیبارەتە لەو چەن کەلیمە کە عەقدەکەی پێ جێبەجێ ئەبێ کە ئیجاب لەلایەنی وەلیی ژنەکەوە و قەبووڵ لەلایەنی تالیبی ژنەکەوە خۆیان یا وەکیلیان، بەم مەرجە ئەو لەفزە نە شەرتی تەعلیق نە تەوقیتی تیا نەبێ.

وە ریزی وەلییەکان: باوکە و باپیرەیە و برای باوك و دایکی، جا برای باوکی، جا کوڕیان بە ریز، جا مامی باوك و دایکی، جا مامی باوکی، جا کوڕی مامی باوك و دایکی، جا کوڕی مامی باوکی، هەروا مامی باوکی ژنەکە. وەلحاسڵ وەلی: پیاوێکە لە رشتەی عەسەبەی نەسەبدا لە ئوسوول یا لە حاشییەدا. کە ئەمانە نەبوون، جا سوڵتانی ئیسلام، وە یا جێگەداری.

وە ئەو ژنە کە مارەئەکرێ یا کچە یا بێوەژنە، وە ئەم دوانە یا منداڵ و نابالغ، وە یا باڵغەن، وە ئەمانە یا ژیرن یا شێت و نەفامن، جا با لەسەر ئەم ریزە باسیان بکەین.

یەکەم: کچی منداڵی ژیر، ئەمە کەس مارەی نابڕێ ئیللا باوك یا باپیرە ئەگەر باوکی نەبوو بەم شەرتە تالیبی کچەکە هاووێنەی بێ لە: دین و نەسەب و پیشە و سەلامەتی لە عەیب و دارای «مهر المثل»ی کچەکە بێ و عەداوەت لە بەینی وەلی کچەکە و کچەکەدا نەبێت.

دووەم: کچی منداڵی شێت، ئەمەیش کەس مارەی ناکا ئیللا باوك و باپیرە بەڕیزە ئەگەر سەڵاح و خێر دەرکەوێ لە مارەبڕینا بۆ ئەو کچە.

سێهەم: کچی باڵغەی ژیر، ئەمە ئەگەر ئیجازەی دا بۆ مارە کردن دروستە وەلییەکەی بە ئارەزووی خۆی مارەی بکا لەو کەسە کە مەیلی هەیە، وە ئەگەر ئیجازەی نەدا ئەوە بە قەتعی دروست نییە کەس مارەی ببڕێ ئیللا باوك و باپیرە، بەو مەرجانە کە ئێستە وتمان.

چوارەم: کچی باڵغەی شێت، ئەمە دروستە باوك و باپیرەی مارەی ببڕێ بەم مەرجە ئەو مارەبڕینە سوودی دیاری تیابێ بۆ کچەکە، خوای کابرا هاوکوفئی کچەکە

بێ یا نە، بەڵام دروست نییە بۆ باقی وەلییەکان کە مارەی ببڕن ئیللا بە شەرتی ئەوە ئەو کەسە بۆی مارە ئەکەن هاوکوفئی بێ. هەروا بۆ قازی دروست نییە مارەی بکا بە بێ ئەم شەرتە. بەڵام ئیمامی غەزالی و بازێ لە زانا شافیعییەکان فەرموویانە: دروستە بۆ غەیری باوك و باپیرە مارەی بکا لە غەیری هاوکوفئی ئەگەر فەسادێ پەیدا ببێ لە مانەوەیا.

پێنجەم: بێوەژنی نابالغەی ژیر، ئەمە بۆ کەس دروست نییە مارەی ببڕێ هەتا بالغ ئەبێ. ئەوسا مارەبڕینی بەسراوە بە ئیزنی خۆیەوە بە هەموو حالێ بە بێ ئیزنی خۆی مارە ناکرێ.

شەشەم: بێوەژنی بالغەی ژیر، ئەمەیش بۆ کەس دروست نییە مارەی ببڕێ ئیللا بە ئیزنی خۆی.

حەوتەم: بێوەژنی نابالغەی شێت، ئەمە دروست نییە کەس مارەی ببڕێ ئیللا باوك و باپیرە. بەو مەرجە سوود لە مارەبڕینیا دیاربێ.

هەشتەم: بێوەژنی بالغەی شێت، ئەمە بۆ باوك و باپیرە دروستە مارەی ببڕن بەم مەرجە سوود دیاربێ لە مارەبڕینیا، بەڵام بۆ باقی وەلییەکان و بۆ قازی دروست نییە مەگەر لە هاوکوفئی.

بەڵێ لەسەر فەرموودەی ئیمامی غەزالی دروستە مارەی ببڕن ئەگەر ترسی فەسادیان هەبێ، یا پێویستی بۆ نەفەقە ناچارمان بکا.

وە شەرتی مارە بڕینی ژن ئەمەیە: خالّی بێ لە نیکاحی غەیر و لە عیددەی غەیر: چ عیددەی تەڵاق، چ عیددەی فەسخ، چ عیددەی وەفات.

هەروا بە شەرت گیراوە کە نە داواکەر و نە داواکراو و نە وەلی لە ئیحرامی حەجدا نەبن، وە لە بەینی داواکەر و داواکراودا شیرخواردنی مانیع نەبێ.

زاناکانی دین فەرموویانە: پاش کۆڵینەوەی مەوزووعی مارەبڕینی کچی بچکۆلە لەلایەنی باوکەوە یا باپیرەوە دەرکەوتووە کە بە شاز نەبێ شەرتەکانی نایەتە جێگە. وە ئەگەر شەرتەکانی بێنەجێ، بەم نەوعە مارەی ببڕێ بۆ کوڕێکی نابالّغ و باقی مەرجەکانیش بێنە جێگە ئەوە ئەغلەب جار بەڵکوو لە هەموو مادەکانا ـ بەشاز نەبێ ـ لە کاتی شووکردن و ژن هێنانی عادەتیدا یا لایەك یا هەر دوو لایان بەو مارەبڕینە رازی نین و یەخە لە یەك دائەدڕن. وە ئەم نەوعە مارەبڕینە ئەبێ بە هۆی ئاشووب لە ناو موسوڵمانانا و زۆر زۆر مەقسوودە بۆ ئەوانە کە قسەیان ئەڕوا مەنعی بکەن.

هەروا مەسەلەی «ژن بە ژن» ئەویش بەراورد کرا [وە] بە شاز نەبێ لە ئەنجاما ئەبێ بە هۆی بەدبەختی ژنەکان لە هەردوو لاوە، وە ئەبێ بە هۆی زایە بوونی ماڵی هەردوو لا، وە ئەبێ بە هۆی بڵاو بوونەوەی فیتنە و ئاشووبی زۆر لە ناو کۆمەڵی موسوڵمانانا. زۆر زۆر موهیمە بۆ ئەو کەسانە دەستەڵاتیان هەیە مەنعی ئەمانە بکەن.

بزانن! ئەم ئایەتی ﴿ولا تنكحوا المشركات﴾ە دەلیلی قەتعییە لەسەر ئەوە کە دروست نییە بۆ موسوڵمانێ ژنی خاوەن ئیشراك مارە ببڕێ هەتا موسوڵمان ئەبێ، خواه ئەو موشریکە ئاگر پەرست بێ، یا بتپەرست بێ، یا گاپەرست بێ.

وە لەسەر ئەم یاسا ئەبوا مارەبڕینی ژنی گاور و جوولەکەیش مەمنووع بوایە؛ چونکی گاورەکان ئەڵێن: عیسا کوڕی خودایە (پەنا بە خودا!) و ئەیپەرستن، وە جوولەکەکانیش ئەڵێن: عوزەیر کوڕی خودایە (معاذ الله!) بەڵام ئایەتی: ﴿والمحصنات من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم﴾[1] ژنی گاور و جوولەکەی جیاکردووەتەوە، وە دروستە بۆ موسوڵمان مارەیان ببڕێ لە پێش ئەوەدا کە ئیسلام ببن ئەگەر مەرجی مارەبڕینەکەیان

١. المائدة: ٥.

بێتە جێ. مەسەلا بە دوو شاهیدی عادڵ سابت بێ کە باوك و باپیرەی ئەو ژنە لە پێش نەسخی دینەکەیانا داخڵی ئەو دینە بوون، هەروا لە پێش ئەوەدا کە دەستیان برد بۆ دینەکەیان بە گۆڕین و تێکدان. ئەم شەرتە بۆ ژنێکە لە ئەولادی حەزرەتی یەعقووب نەبێ، وە ئەگەر لەم نەتەوە بوو ئەوە کافییە بۆ مارە کردنی کە نەزانین لە پاش گۆڕین و نەسخی دینەکەیان داخڵی ئەو دینە بووە. بەڵام پێویستە بە شاهیدی عادڵی موسوڵمان سابت بێ کە لە رشتە نەسەبی (ئیسرائیل)ە و ئەم شەرتە نایەتە جێگە. «بناء علیه» لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا مارەبڕینی ژنی جوولەکە و گاور مەمنووعە هەتا موسوڵمان ئەبن، کاتێ کە موسوڵمان بوون دروستە.

وە بزانن! لەسەر ئیستینادی ئیمامی شافیعی ﷺ پێویستە ئەو حەقدارە کە کچەکە مارە ئەبڕێ، وە ئەو دوو شاهیدە کە حازر ئەبن بۆ بیستنی وتاری عەقدەکە عادڵ بن. یانی خاوەنی تاوانی گەورە نەبن وەکوو حەرام خواردن و نوێژ نەکردن و رۆژوو نەگرتن، وە دەوامیان لەسەر تاوانی بچووك نەبێ، بەڵام تاوانی بچووك کاتێ ئەبێ بە مانیع کە کابرا رووهەم رەفتە تاعەت و عیبادەتی لەسەر تاوانە بچووکەکانیا زیاد نەبێ ئەنا دەوام لەسەر تاوانی بچووك مەنعی ویلایەت و شەهادەت ناکا. جا ئەم عەداڵەتە بە شاز دەست ئەدا، لەبەر ئەوە گەلێ لە زاناکانی شافیعی مەزهەب ئیختیاری فەرموودەیەکی دووهەمی شافیعییان کردووە کە ئینسانی فاسق ئەبێ بە وەلی، وە مادام بوو بە وەلی دروستە ببێ بە شاهیدیش.

«بناء علیه» بۆ دروست بوونی عەقدی نیکاح واجبە لەسەر حەقدارەکە و شاهیدەکانی و ژنەکە و پیاوەکە ئەگەر لە حەددی بلووغدا بن تەقلیدی ئەم فەرموودەی دووهەمی ئیمامی شافیعییە بکەن کە ئەمە زانایانی شافیعییە ئیختیاریان کردووە و هەرچەند ئەم فەرموودەیە زەعیفە بەڵام بۆ عەمەل پێکردنی دروستە و بە تایبەتی بە ئیختیاری

زاناکان بەهێز بووە، هەروا دروستە تەقلیدی نەفسی ئەم زانایانە بکرێ کە خۆیان رازین بە ویلایەت و شەهادەتی ئینسانی فاسق؛ چونکی ئیمامی غەزالی و ئەمسالی ئەو تەقلیدیان لە ئەحکاما رەوایە و تەقلید بریتییە لەوە ئەو کەسە کە پەیوەندی هەیە بەم عەقدەوە بزانێ ئەم عەقدە لەسەر فەرموودەی فلاّن ئیمامە بە دیاری کردن یاخود فەرموودەی ئەو ئیمامانە کە رازین بەم عەقدە. وە ئەگەر تەقلید نەکەن ئەو عەقدە بەتاڵە.

ئەم باسانە هەرچەن لە کتێبی شەرعا هەن بەڵام بۆ زیادە بڵاوکردنەوەی ئەحکامی دین لەم مەقامەدا نووسیمان، رجایە موسوڵمانان و خۆیشمان لە دنیا و قیامەتا سوودیان لێوەربگرین. وە تا ئێستە قسەمان لە نیکاح بوو و وتمان: ئایەتی ﴿ولا تنكحوا المشركات﴾ مانیعە لە مارەکردنیان، وە ئەمما چوونەلای جارییەی موشریکە ئەوە بازێ وتوویانە دروستە و دەلیلیان بەوە هێناوەتەوە کە ئەسحابەکان پاش ئیستیلا و داگرتنی «هەوازین» و دەسکەوتنی جارییە چوونەتە لایان لە کاتێکا ئەوانە موشریکە بوون! بەڵام ئەم دەلیلە تەواو نییە. لە تەفسیری «قورتوبی» بەرگی سێ لاپەڕەی (٧١)دا ئەڵێت: ئیمامی ئەوزاعی فەرموویەتی: پرسیارم لە «زوهری» کرد: کاتێ موسوڵمانێ جارییەیەکی مەجووسییە بسێنێ دروستە بڕواتە لای؟ ئەویش وتی: کاتێ کە شەهادەتی دا بە «لا إله إلا الله» دروستە بچێتە لای. وە ریوایەت کراوە کە یوونسی کوڕی شەهاب فەرموویەتی: بە قەتعی دروست نییە بڕواتە لای هەتا موسوڵمان ئەبێ. وە یوونس لە هەموو تابیعینەکان زاناتر بووە بە رووداوەکانی غەزاکان و سیرەتی حەزرەت ﷺ و یارانی.

جا ئەبووعومەر ئەڵێ: قەولی یوونسی کوڕی شەهاب دەلیلی قەتعییە لەسەر ئەوە کە هەرکەسێ بڵێ سەبایای «ئەوتاس» لە پێش ئیسلامبوونا چوونەتە لایان

قسەکەی غەڵەت و هەڵەیە. وە هەروا لە حەسەنی بەسرییەوە ﷺ ریوایەت کراوە فەرموویەتی ـ پاش چەن ئیسنادێ ـ :

«حدثنا هشام عن يونس عن الحسن قال: قال رجل له: يا أبا سعيد كيف كنتم تصنعون إذا سبيتموهن؟ قال: كنا نوجهها إلى القبلة ونأمرها أن تسلم و تشهد أن لا إله إلا اللّٰه و أن محمداً رسول اللّٰه، ثم نأمرها أن تغتسل، و إذا أراد صاحبها أن يصيبها لم يصيبها حتى يستبرئها».

واتە: پیاوێ فەرمووی: ئەی ئەبووسەعید چیتان ئەکرد کاتێ ئەو ژنە موشریکانەتان دەست ئەکەوت لە تەقسیمی غەنائیمدا؟ ئەویش فەرمووی: ڕوومان ئەکردنە قیبلە و ئەمرمان پێ ئەکردن بڵێن: «أشهد أن لا إله إلا اللّٰه و أشهد أن محمداً رسول اللّٰه» جا ئەمرمان پێ ئەکرد خۆی بشۆرێ، جا پاش ئەمە ئەگەر خاوەنەکەی بیویستایە بڕواتە لای نەئەڕۆیشتە لای هەتا ئەو جارییە ئیستیبراء ئەکرا بە دوو حەیز، یانی ئەمایەوە لەلای تا دوو جار حەیزی پیا ئەهات و پاك ئەبووەوە، ئەو جار ئەڕۆیشتە لای.

وە زاهیر وایە وەکوو چۆن سەبایا هەتا موسوڵمان نەبووبن و ئیستیبرا نەکرابن نەچوونەتە لایان، هەروا ئەو ژنانەیش کە بە نیکاحی موتعە مارەبڕاون لە فەتحی مەککە و لە غەزای ئەوتاسدا ئەوانیش موسوڵمان بوون ئەوسا بڕیاری جۆریان لەگەڵا دراوە؛ چونکە مادام لەگەڵ مەملوکەدا، هەرچەن موڵك بەهێزە، ئیسلام بوونیان شەرتی جەوازی موباشەرەیان بووبێ ئەبێ لە مەنکووحەی موتعەیشا وا بووبێ. هەرچەن ئەگونجێ بڵێن موتعە شتێکی وەختی و کەم ماوە بووە و تەڵاق و عیددە و نەسەب و میرات و باقی ئەحکامی نیکاحی تیا ئیعتیبار نەکراوە، بەڵکوو چوونە لایێ بووە کە بۆ زەروورەت و ناچاری عوزووبەت و دەغەدەغەی مەنی بووە، موبالات نەکراوە بە موسوڵمان بوونی ژنەکان، بەڵام سەبایای مەملووکەی مەوتووئەی «بالملك» لەبەر دەوامەکەیان پێویستیان بووە بە ئیسلام «واللّٰه أعلم».

فەرموودەی خودا ﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ﴾ الآية.

ریوایەت کراوە لە ئەنەسەوە رضي الله عنه فەرموویەتی: یاسای جوولەکەکان وا بووە کاتێ ژنیان ئەکەوتە ناو خوێنی حەیزەوە ئیتر خواردەمەنییان لەگەڵا نەدەخوارد، وە لە خانوودا لە هۆدەیەکدا لەگەڵیا نەدەبوون. جا لەم هۆوە ئەسحابەکان لە حەزرەتیان پرسی و لە وەڵاما ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە. جا حەزرەت ﷺ فەرمانی دا بە ئەسحابەکان کە تێکەڵی ژنەکانیان بکەن لە خواردن و خواردنەوەدا و لە هۆدەیەکدا لەگەڵیانا دانیشتن و هەموو شتێ بکەن لەگەڵیانا ئیللا جیماع نەبێ.

کە جوولەکەکان ئەمەیان بیست وتیان: موحەممەد نایەوێ یاسایێ لە یاساکانی ئێمە رابگرێ، وە ئەیەوێ موخالەفەیان بکا بۆ ئەوە ئاساری یاسای ئێمە نەمێنێ! جا عوببادی کوڕی بیشر و ئوسەیدی کوڕی حوزەیر هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و ئەم باسەیان بۆ گێڕایەوە و وتیان: بۆ ئیجازەمان پێ نادەی هەتا لە کاتی حەیزا جیماعیش بکەین لەگەڵ ژنەکانمانا؟ حەزرەت رووی گرژ کرد و عاجز بوو، هەتا ئەوان گومانیان برد کە حەزرەت دڵی زویر بووە لەوان و هەستان و رۆیشتن، پاش رۆیشتنی ئەوان بازێ شیریان بە دیاری هێنا بۆ حەزرەت ﷺ وە حەزرەت بازێ لەو شیرەی نارد بۆیان و خواردیانەوە و تێگەیشتن کە حەزرەت دڵی زویر نەبووە لێیان. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت:

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست رەفیقەکانت پرسیارت لێ ئەکەن لە حوکمی حەیزی ژنانە: کە چۆنە و چی لێ پەیدا ئەبێ؟

﴿قُلْ هُوَ أَذًى﴾

ئەی خوشەویست بفەرموو پێیان: کە خوێنی حەیز شتێکی قیزاوییە و بێنی ناخۆشە مادەکەی پیسە.

﴿فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ﴾

دەی کەنار بگرن لە ژنەکان لە کاتی حەیزا.

﴿وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ﴾

نزیکیان مەبنەوە بە جیماع‌کردن هەتا خۆیان ئەشۆن غوسڵی لەشپیسی ئەکەن.

﴿فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ﴾

جا کاتێ کە خۆیان پاك کردەوە بە غوسڵی لەشپیسی بچنەلایان و جیماعیان لەگەڵا بکەن لەو شوێنەوە کە خودا فەرمانی دا لێی دوور بکەونەوە، یا لەو شوێنەوە خودا ئەمری کردووە بە چوونەلای و حەڵاڵی کردووە بۆتان.

﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾

بە راستی خودا ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ کە تەوبە ئەکەن لە گوناھ و ئەو کەسانەیش کە خۆیان پاك ئەکەنەوە لە شتی پیس و نارەوا و دوور ئەکەونەوە لە کاری فەحشی ناهەموار و لە خوێن و پێسی نابار و نارۆنە لای ژنەکانیان لە کاتی حەیزا و رائەوەستن لەسەر فەرمانی خودا.

بزانن! زاناکانی دین لەوەدا یەکیان گرتووە کە ژن سێ حوکم رووی تێ ئەکا لە چاوپێکەوتنی خوێندا کە جاری بێ و بێتە خوارەوە لە فەرجیەوە؛ یەکێ لەمانە خوێنی حەیزە کە لە کاتی تایبەتیدا دێت و رەنگی رەش‌بامە و سووریشی بەسەرا دێ و لەم کاتەدا واجبە تەرکی نوێژ و رۆژوو بکا، بەڵام قەزای رۆژووەکەی واجبە و نوێژەکەی قەزای نییە. هەروا حەرامە لەم ماوەدا بۆی خوێندنی قورئان بە قەسدی قورئان، وە چوونە مزگەوت و گەڕان بە دەوری کەعبەدا و گەلێ ئەحکام کە لە شەرعا روونکراونەتەوە.

وە لە جوملەی ئەو حوکمانەیە کە حەرامە بۆ ژن: تەمکینی مێردەکەی بکا بۆ چوونەلای. وە حەرامە بۆ مێردەکەی لەزەت وەربگرێ لە مابەینی ناوك و ئەژنۆکانی بە رووتی بە جیماع و غەیری جیماع، وە ئەگەر بیانەوێ بەیەکەوە بنوون واجبە کە ئەو ژنە دەرپێیەك لە پێ بکا مابەینی ناوك و ئەژنۆی داپۆشێ. وە ئەگەر مێردەکەی رۆیشتەلای لە ئەووەڵی کاتی حەیزەکەوە سوننەتە دیناری ئاڵتوونی ساغ، وە ئەگەر لە ئاخرا بوو نیو دینار ئاڵتوونی ساغ بدا لە کەفارەتی ئەو کردەوەدا بە گەدا و بێنەوا.

وە لای کەمی ماوەی حەیز یەك شەو و رۆژە و لای ژووروی پانزە شەووڕۆژە، وە زۆربەکەی شەشە یا حەوت و لەسەر یاسا و شێوەی ژنان ئەگۆڕێ، وە لای کەمی پاکی لە بەینی حەیزەکانا پازدە شەو و رۆژە و دەلیلی ئیمامی شافیعی لەمەدا زۆرە:

یەکەم: فەرموودەی حەزرەت ﷺ کە فەرموویەتی: «تمكث إحداهن شطر دهرها لا تصلي ولا تصوم»: واتە: رائەوەستێ یەکێ لەو ژنانە لە نیوەی کاتیا نە نوێژ ئەکا و نە رۆژوو ئەگرێ، وە «شطر» لەلای ئیمام بە مانا نیوەیە.

دووەم: ئەمەیە کە عیددەی ژنێ حەیزی هەبێ سێ حەیز و پاکییە و ژنێ کە حەیزی نەبووبێ سێ مانگە، ئەمە نەسی ئایەتە و مەعنای ئەمە وایە کە هەر مانگێ ماوەی حەیز و پاکییەکە؛ کەوابێ ئەگەر ماوەی پاکی کەم بێ ماوەی حەیز زۆر ئەبێ، وە ئەگەر ماوەی پاکی زۆر بێ ماوەی حەیز کەم ئەبێ.

سێهەم: لە حاڵی بوون لە ئەحواڵی ژنانەوە.

دووەم (لەو سێ جۆرە خوێنە کە ئافرەت ئەیانبینێ): خوێنی منداڵ بوونە، کە پاش دەرچوونی منداڵەکە رەوان ئەبێ، ئەم خوێنەیش لە حوکمی شەرعا وەکوو خوێنی حەیز وایە، وە لای کەمی ماوەی ئەم خوێنە یەك لەحزەیە و لای زۆری

دوو مانگە و ئەغڵەب چل رۆژە و ئەمەیش لەسەر یاسای ژنان ئەگۆڕێ. یانی وا ئەبێ دە رۆژ یا پازدە رۆژ یا کەمتر یا زیاتر لە چل رۆژ ئەبێ.

سێهەم خوێنی «استحاضة»: کە خوێنی نەخۆشی و ناساغییە و ئەم خوێنە مەنعی رۆژوو و نوێژ ناکا و واجبە ئەو ژنە خۆی بپارێزی لە هاتنی خوێن لە کاتی نوێژا بەو یاسا لە شەرعا بەیان کراوە.

فەرموودەی خودا: ﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ﴾ الآية.

زاناکان لە هۆی نازڵ بوونیا چەن شتێکیان فەرمووە:

یەکەم: جوولەکەکان ئەیانوت: هەرکەسێ جیماعی عادەتی بکا لەگەڵ ژنەکەیا بەڵام لە لای پشتیەوە ئەوە منداڵێ لەو جیماعە ببێ «خوێل» ئەبێ! بڵاو بوو لە ناو مەدینەدا جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە بۆ ئەوە کە جوولەکەکان بەدرۆ بخاتەوە.

دووەم: ئەمەیە ئەنسارەکان لە مەدینەی مونەووەرەدا لە قەدیمەوە ئەو یاسای جوولەکانەیان بیستبوو کە نابێ لە پشتەوە ئینسان جیماع بکا لەگەڵ ژنەکەیا و پێویستە هەر لە پێشەوە جیماع بکا لەگەڵیا.

جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە و ئەنسارەکانی ئاگادار کردەوە لەوە جیماع لەگەڵ ژندا، مادام لە جێگەی عادەتییەوە بێ، ئیتر لە پێشەوە کابرا بۆی بڕوا یا لە لاوە یا لە پشتەوە مانیعی تیا نییە و ئەو یاسای قەدیمەیان تێکدا.

سێهەم: ئەمەیە کە قورەیش لەلایان باش نەبوو یەکێ جیماع بکا لەگەڵ ژنەکەیا لە پێشەوە نەبێ. وە جارێ عومەری کوڕی خەتاب لەلای پشتەوە چووە لای ژنەکەی، بە خیلافی یاسای قورەیش، جا کە رۆژی لێ بووەوە هات بۆ خزمەت حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: بە هیلاکا چووم! فەرمووی: بۆچی؟ وتی: ئیمشەو ژنەکەم هەڵسووڕاند

و لەلای پشتەوە جیماعم لەگەڵا کرد. جا پاش ئەوە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە بۆ ئەوە کە ئەو کارە زیانی نییە. جا هۆی نوزوولی ئایەتەکە یەکێ لەوانە بێ یا هەموویان بێ خودای تەعالا فەرمووی:

﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ﴾

ژنەکانتان کێڵگەن بۆ ئێوە وەکوو عەرزێکی موناسب بۆ تۆم تیاوەشاندن.

﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾

دەی کێڵگەی خۆتان بکێڵن هەرچۆن ئەتانەوێ: لە لاوە، یا لە پشتەوە، یا لە پاشەوە. وەکوو چۆن ئینسانی جووتیار عەرزێ بکێڵێ لە خوارەوە هێڵی لێ بدا یا لە ژوورەوە یا لە لاوە هەر مەبەست جێبەجێ ئەبێ. مادام تۆوەکەت وەشاند لە عەرزێکدا بێ لە کەشا بێ و تۆو سەوز بکا هەرچۆن بیوەشێنی باشە.

﴿وَقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُمْ﴾

بەڵام خێرێ بخەنە پێش خۆتانەوە لەم تۆو وەشاندنا ناوی خودای لەسەر ببەن. وە مەبەستان پاراستنی خۆتان و ژنەکانتان بێ لە فیسق و شەرواڵ پیسی و نیەتتان رجای نەتەوەیەکی راساڵی بە سوود بێ بۆ ژین و بۆ دینتان. وە تەنیا ئارەزووڕانی تەماشا مەکەن.

﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ﴾

لە خودا بترسن لەمەدا کە هەر ئارەزووبازی لە دڵتانا بێ؛ چونکی ئینسانی موسوڵمان نابێ وتار و رەفتارێ بکا ئیللا بۆ دەسکەوتنی پیرۆزی هەردوو دنیای. وە خۆتان بپارێزن لە لادان بۆ جێگەی غەیرەعادەتی کە پاشی ژنەکانە؛ چونکی ئەو لادانە ناڕەوایە.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُ﴾

وه به راستی بزانن ئێوه له پاشەڕۆژا ئەگەن بە خودا و حسێبی هەموو کردەوەیەکتان لەگەڵ ئەکا.

﴿وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢٢٣﴾﴾

ئەی پێغەمبەری خۆشەویست موژدەی سەواب بدە بەو موسوڵمانانە کە لەسەر ڕێزی فەرمانەکانی من ئەڕۆن بەڕێدا و لە خراپە خۆ ئەپارێزن و کردەوەی چاکە ئەکەن.

جا لێرەدا بزانن ئەو کەسانە کە گومانیان وایە لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ دروستە بۆ پیاو بڕواتە لای ژنی خۆی لە «قنگ»ەوە، گومانەکەیان بەتاڵ و پووچە بە چەن دەلیل:

یەکەم: لە ئایەتەکەدا ئەفەرموێت: ﴿نساؤكم حرث لكم﴾ واتە: ژنەکانتان جێگەی تۆو چاندنن بۆ ئێوە، وە مەعلوومە کە پێشی ژن تۆو ئەڕوێنێ نەك پاشی! کەوابێ بەکارهێنانی پاشی ژن دروست نییە.

دووەم: ئایەتی پێش ئەم ئایەتە کە مەنعی ئەوە ئەکا ئینسان بڕواتە لای ژنەکەی لە کاتی حەیزا فەرموویەتی: خوێنی حەیز شتێکی پیس و قیزەونە و دروست نییە ئینسان تۆمی خۆی بخاتە شوێنێکەوە خوێنی پیسی تیابێ، جا مادام وابێ بە «طريق الأولى» دروست نییە پیاو بچێتە لای ژنی خۆی لە پاشەوە؛ چونکی پیسی پاشی ئینسان هەمیشە و دائیمە و جێگەکەیشی تۆم ناڕوێنێ و پیسی پێشی ژن جارجارە و تۆم ئەڕوێنێ. کەوابوو چوونەلای ژن لە پاشەوە نابارترە لە چوونەلای کاتی خوێنی حەیزا؛ چونکی پیسی پاش نابارترە و بۆگەنترە و بە دەوامترە و هیچیش سەوز ناکا.

سێهەم: ئەم ئایەتە نازڵ بووە بۆ بەیانی چلۆنیەتی چوونەلای ژن، وەکوو وتمان جوولەکەکان ئەیانوت: نابێ ئینسان لەلای دواوە بڕواتە لای ژنی خۆی ئەگەرنا منالّەکەی خوێل ئەبێ. وە ئایەتەکە جوابی ئەوە ئەداتەوە کە ئەو گومانە راست نییە، وە ئەگەر وەهایش بڕواتە لای ژنەکەی قەت بەوە مندالّەکەی زیانی پێ ناگا و خوێل نابێ، ئیتر بۆ ئەوە نازڵ نەبووە کە پاشی ژن حەلاّلە و ئیستیعمالی دروستە.

چوارەم: خودا فەرموویەتی: «فأتوهن من حیث أمركم الله»، وە زاهیری ئەمر بۆ وجووبە، وە ئەگەر تەنازول بکەین لە مەعنای وجووب ئەڵێین بۆ نەدبە و کەس نەیوتووە لە ئەسحابی زانست و شعوور کە چوونە لای ژن لە پاشەوە واجبە یا مەندووبە، کەوابێ مەعلووم بوو جێگەکە کە خوا ئەمری پێ کردووە مەعلوومە ئەبێ پێشی ژنەکە بێ کە بۆ لەزەت بە سوودە و بۆ رواندنی رۆڵەیش بە کارە.

پێنجەم: خوزەیمە ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموویەتی: «إن الله لا یستحي من الحق لا تأتوا النساء في أعجازهن» واتە: خودا تەرکی بەیانی حەق ناکا، پێتان ئەڵێم: مەچنەلای ژنەکانتان لە قنگیانەوە.

هەروا دارەمی بە ئیسناد ریوایەتی کردووە لە ئەبووهورەیرەوە رضي الله عنه کە حەزرەت ﷺ فەرموویە: «من أتی امرأته في دبرها لا ینظر الله إلیه یوم القیامة» واتە: کەسێ لە دواوە بڕواتە لای ژنی، خوای تەعالا بۆی نارِوانێ لە رۆژی قیامەتا. جا لە پاش فەرموودەی حەزرەت ﷺ ئیتر دەلیل ئەبێ چی بێ؟

فەرموودەی خودا: ﴿وَلَا تَجْعَلُواْ ٱللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَٰنِكُمْ﴾.

ریوایەت کراوە ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی ئەبووبەکری سەدیقا رضي الله عنه لەو سەردەمەدا کە سوێندی خوارد: لەمەوپاش مالّی خۆم خەرج ناکەم بۆ «مسطح»ی پوورزام. وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوجورەیجەوە کە نازڵ بووە لە شانی عەبدوڵلای

کوڕی ڕەواحەدا لەو کاتەدا کە سوێندی خوارد: ئیتر قسە نەکا لەگەڵ بەشیری کوڕی نوعمان کە زاوای بوو خوشکی پێدابوو. جا لەسەر ئەم یاسا خودا فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَجْعَلُوا۟ ٱللَّهَ عُرْضَةً لِّأَيْمَـٰنِكُمْ ﴾

واتە ناوبردنی خودا لە سوێندەکانتانا مەکەن بە مانیعی ئەوە:

﴿ أَن تَبَرُّوا۟ وَتَتَّقُوا۟ وَتُصْلِحُوا۟ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ﴾

کە خێر و چاکە بکەن لەگەڵ فەقیرانا، وە یا خۆتان بپارێزن لە عەزابی خودا، وە میانەی موسوڵمانان باش بکەن.

یانی ئەگەر جارێ سوێندتان خوارد بە ناوی خودا لە سوێندەکەتانا کە چاکە نەکەن لەگەڵ فلانکەسدا، وە وەختی ئەوە هات خێری پێ بکەن مەڵێن: سوێندمان خواردووە و ناتوانین خێری پێ بکەین، بەڵکوو سوێندەکە بشکێنن و خێرەکە بکەن و کەفارەتی سوێندەکەتان بدەن. وە ئەگەر سوێندتان خوارد بە ناوی خودا لە سوێندەکەتانا کە ئەدەم لە فلان و ئەیکوژم؛ وەیا ئەو شتەی بە زۆر لێ ئەسێنم و، تکاکار پێی وتی: رجا ئەکەم ئازاری مەدە، وە یا مەیکوژە، وە یا ئەو شتەی لێ مەسێنە، تۆ مەڵێ: سوێندم خواردووە و ناوی خودا مانیعە لە تەرکی ئەو شتەو خۆپاراستن لە خودا بەڵکوو سوێندەکەت بشکێنە و تەقوای خودا بکەو کەفارەتی ئەو سوێندە بدە و ئەگەر سوێندت خوارد بە زیکری ناوی خودا کە من ئیسلاحی ناو بەینی ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە دوژمنایەتییان هەیە نایکەم و حەقم نییە بە سەریانەوە، ئەوە مادام کە تۆ ئیسلاحت پێ ئەکرێ ئیسلاحەکەیان بکە و سوێندەکەت بشکێنە و کەفارەتی سوێندەکە بدەو ناو بردنی خودا لە ناو سوێندەکەدا مەکە بە مانیع لە کردنی ئەو ئیسلاحە. وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: کەسێ سوێندی خوارد لەسەر شتێ و لە ئەنجاما تەماشای کرد غەیری ئەو شتە باشترە ئەوە سوێندەکەی بشکێنێ و کەفارەتی سوێندەکەی بدا.

﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٤﴾﴾

خودا قسەی ئێوە ئەبیسێ و زانایە بە رازو نیازتان.

جا لەسەر ئەم تەفسیرە «عرضة» یانی مانیع، وە لامی «لأيمانكم» بە مانا «في»یە و «أن تبروا» بەسراوە بە «عرضة»وە.

وە مەعنایەتر هەیە بۆ ئەم ئایەتە وەکوو ئیمامی رازی لە ئەبوومومسلیمەوە نەقڵی کردووە ئەمەیە: کە ناوی خودای تەعالا دەرمەخەن و مەیهێنن بۆ هەموو سوێندێکتان! واتە: کەم سوێند بخۆن بە خودا و ئەو ناوە موقەددەسە گەورە بپارێزن بەڵکوو بە هۆی ئەم ئیحتیرام گرتنی ناوی خودایەوە ببن بە ئینسانێکی خێرۆمەندی لە خودا ترسی وا کە بتوانن میانەی موسوڵمانان چاك بکەن و خودا رەواج بدا بە قسەتان. وە بزانن خودا هەموو سوێندێ، بەڵکوو هەموو وتارێ، ئەبیێ و زانایە بە هەموو شتێ جا ئاگاداری دەم و دەروونی خۆتان بن.

﴿لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَٰنِكُمْ﴾

خودا ناتانگرێ و عەزابتان نادا بەو سوێندانە کە دێن بە دەمتانا بە بێ مەبەست و بە بێ ئەوە کە قەسدی دڵی لەگەڵا بێ، وەکوو ئەوە لە کاتی وتار لەگەڵ کەسێکدا ئەڵێیت: نەوەڵڵا وانیە، نەوەڵڵا وتاری من راستە، وەڵڵا ئەڕۆم بۆ فلانە شوێن. بە هۆی عادەت گرتنەوە بەمانە.

﴿وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا كَسَبَتْ قُلُوبُكُمْ﴾

بەڵام خودا ئەتانگرێت بە هۆی ئەو سوێندە درۆیانەوە کە دڵتان وەری ئەگرێ و ئەیدا بە زمان.

﴿وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٢٥﴾﴾

خودا چاو پۆشی ئەکا لە شتی لەغو و بە حیلمە بۆ عیباد.

لەم ئایەتە پیرۆزەوە دەرئەکەوێ هەر سوێندێ ئینسان بیخوات بە بێ هۆشی، وە یا بە زۆری ستەمکارێ و ئەگەر سوێندەکە نەخوات ئازاری بدات؛ وەکوو ئەوە بلّێ: سوێند بخۆ ئەو کارەت نەکردووە و ئەویش بە ناچار سوێندی بۆ بخوا. ئەوە با سوێندەکەی بکەوێ، بەلاّم لەم سوێندە درۆدا گوناحی پێ ناگا.

ناگادار بن! هەر سوێندێ ئینسان لەسەر باوەڕی خۆی بیخوا؛ وەکوو بلّێ: فلاّن کەس لە هەموو خەلّکی ئیمڕۆ باشترە ئەوە هەرچەن موخالیفی واقیع بێ نە گوناهی ئەگا و نە سوێندەکەی ئەکەوێ؛ چونکی مادام کابرا باوەڕی وەهایە ئەوە سوێندی لەسەر باوەڕەکەی خۆی خواردووە و لە واقیعا باوەڕەکەی وەهایە با شتەکەیش وەها نەبێ.

بزانن «أیمان» جەمعی «یمین»ە، کاتی خۆی کەسێ پەیمانی لەگەلّ کەسێکا ببەستایە بە دەستی راستی خۆی دەستی راستی ئەوی ئەگرت و لەوەوە عەهد و سوێند ناونرا بە «یمین».

﴿ لِّلَّذِينَ يُؤْلُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ تَرَبُّصُ أَرْبَعَةِ أَشْهُرٍ ﴾

بۆ ئەو کەسانە هەیە کە سوێند ئەخۆن لە ژنەکانیان جیماعیان لەگەلّدا نەکەن حەقی ماتلّ بوون چوار مانگ. وە لەو ماوەدا ژنەکەی بۆی نییە داوای چوونەلای لێ بکا یاخود داوای تەلاّقدانی لێ بکا.

﴿ فَإِن فَآءُو فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢٦﴾ ﴾

جا ئەگەر پیاوە سوێندخۆرەکان گەڕانەوە بۆ سەر حەق و چوونە لای ژنەکانیان لەو ماوەدا ئەوە خودای تەعالا تاوانبەخشە، تاوانی سوێندخواردنەکەی و سوێندشکاندنەکەی ئەبەخشێ. بەم مەرجە کەفارەتی ئەو سوێندەی بدا.

﴿ وَإِنْ عَزَمُوا۟ ٱلطَّلَـٰقَ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٢٧﴾ ﴾

وە ئەگەر عەزمیان کرد لەسەر تەڵاقدانی ژنەکە و تەڵاقی دا ئەوە بە راستی خودا قسەکەی ئەبیێ و زانایە بە حاڵی.

بزانن! «ئیلاء» لە زمانی عەرەبا: سوێندخواردنە هەرچۆن بێ. وە لە عورفی شەرعا: سوێندخواردنی مێردی ژنە لە نەچوونەلای ژنەکەی ماوەی زیاتر لە چوار مانگ؛ خواه سوێندەکەی بە ناوی خودا و سیفاتی خودا بێ، یاخود بە شێوەی تەعلیق کردنی شتێکی دڵ نەخواز بێ بە چوونەلای ژنەکەیەوە، وەکوو ئەوە بڵێ: ئەگەر لە ماوەی پێنج مانگدا هاتمە لات فلان بەندەم ئازاد بێ. یا سەد رکات نوێژ یا رۆژووی دە رۆژم لەسەر بێ.

ئەم سوێندخواردنە لەسەر ماوەی کەمتر لە چوار مانگ بێ یا زیاتر بە گوناهی گەورە دائەنرێ؛ چونکی ئەبێ بە هۆی ئازاردان بە دڵی ژنەکەی.

جا ئەگەر کابرای سوێندخۆر لەم سوێندەدا بەزی و شکاندی و رۆیشتە لای ژنەکەی ئەوە باشە. وە ئەگەر نەچووە لای ئەوە هەتا چوار مانگ تەواو ئەبێ ژنەکەی حەقی موراجەعەی حاکمی شەرعی نییە.

وە لە چوار مانگ لایدا ژنەکەی بۆی هەیە بڕوا دەعوا بکا لەسەری لەلای حاکم و داوای ئەوە بکا یا بگەڕێتەوە بۆ سەر یاسای ژن و مێردی وەکوو عادەت یا تەڵاقی بدا. جا ئەگەر کابرا گەڕایەوە بۆ سەریاسای عادەتی ئەوە باشە، وە ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوە ئەبێ تەڵاقی ژنەکەی بدا، ئەگەر تەڵاقیشی نەدا ئەوە دروستە بۆ حاکمی شەرع تەڵاقێکی بدا بۆ ئەوە ژنەکە لەم ئازارە رزگار ببێ.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿وَٱلْمُطَلَّقَٰتُ يَتَرَبَّصْنَ﴾ **الآية.**

لە کاتێکا خودای تەعالا باسی مەنعی موسوڵمانانی کرد لە مارەکردنی ژنانی موشریکە، وە فەرمووی جارییەیەکی خاوەن دین باشترە لە موشریکەیێ، وە باسی


ئەوەی کرد کە ژنەکانتان و جارییەکانتان مەزرەعەن بۆ ئێوە و لەزەتیان لێ وەربگرن لەو شوێنەوە کە خودا ئەمری پێ کردوون، وە باسی مەنعی موسوڵمانانیشی کرد لە نزیککەوتنەوەی ژن لە کاتی عوزری شەرعیدا و لە پاش ئەوانە باسی سوێندخواردنی مێرد (ئیلاء)ی کرد لە چوونەلای ژنەکەی لە ماوەی زیاتر لە چوار مانگدا و هەڵئەکەوێ کە پاش ئەو ماوەیشە کابرا ژنەکەی تەڵاق ئەدا، بەم موناسەبانەوە باسی ماوەی ماتڵ بوونی لە شووکردن (عیددەی ژن)ی کرد. وە فەرموویانە:[١] ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لە شانی ئەسمای کچی یەزیدی کوڕی سەکەن. ئەسما ئەڵێت: من تەڵاق درام لەو کاتەدا ماوەی ماتڵ بوونی ژن لە پاش تەڵاق دیاری نەکرا بوو. جا خودای تەعالا فەرمووی.

﴿ وَٱلۡمُطَلَّقَٰتُ ﴾

واتە ئەو ژنانە کە مێردەکانیان تەڵاقیان ئەدەن لە پاش چوونەلایان و حامیلە نین و حەیزیشیان پیادێ ئەوانە:

﴿ يَتَرَبَّصۡنَ بِأَنفُسِهِنَّ ﴾

واجبە کە نەفسی خۆیان رابگرن لە شوو کردن.



تا ماوەی سێ قورء.

بزانن! کە «قورء» لە زمانی عەرەبا موشتەرەکە لە بەینی مانای حەیز و توهردا. وە لەم ئایەتە پیرۆزەدا بازێ لە ئەسحابەکان و تابیعین تەفسیریان کردووەتەوە بە حەیز و بازێکیان تەفسیریان کردووەتەوە بە توهر، وە ئیمامی شافیعی ئەمەی ئیختیار

---

[١]. ئەبووداوود و بەیهەقی لە کتێبی «سونەن»دا ئەمەیان ریوایەت کردووە.

کردووە و مەبەستیشی لەو توهرە توهرێکە کە ژن لەو توهرە بگوێزێتەوە بۆ حەیز. ئەنا پاکی ژن لە پێش ئەوەدا کە حەیزی پێدابێت یا لە پاش ئەوە کە نائومێد بوو لە حەیز ناوی نابا بە «قورء». وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە: کە مەبەستی ئیمام گوێزانەوەی ژنە لە توهرەوە بۆ حەیز. وە دەلیل لە مەعقوول بۆ ئەم مەبەستە ئەمەیە کە مەقسوود لە عیددە ئەوەیە کە منداڵدانی ژن پاك ببێتەوە لە ئاوی مێردەپێشووەکەی ئەوەیش کە ببێ بە نیشانە بۆ ئەم پاکبوونەوە ئینتیقالە لە توهرەوە بۆ حەیز لەبەر ئەوە ئەمە دەلیلە لەسەر کرانەوەی دەمی منداڵدان و هیچ تۆمی پیاو نەگرساوە لە ناو منداڵداندا ئیتر دەرگاکەی دێتەوەیەك و ئەبەسرێ. بەڵام ئینتیقال لە حەیزەوە بۆ توهر ئەبێ بە نیشانە لەسەر بەسراوی دەرگای منداڵدان و نیشانەی گرسانی تۆمی پیاو و ژن.

وە دەلیلی نەقڵی وەکوو ئایەتی: ﴿فطلقوهن لعدتهن﴾[1] چونکی مەعنای وایە ژنەکانتان تەڵاق بدەن لە کاتێکا دەست ئەکەن بە عیددە بەم مەعنا پاش وەختی تەڵاقدانەکە لە وەختی عیددە بژمێررێ وەکوو ئەو تەڵاقانە کە لە کاتی پاکی ژنانەوە ماوەی پاکی ئەمێنێتەوە لە پاش تەڵاقەکە، وە یا گورج دەست بکەن بە حەیز وەکوو ئەوە لە پێش لەحزەی ئاخری پاکیدا تەڵاقی بدا. وە بە ئاشکرا ئەمە دەس نادا بۆ تەڵاقدان لە کاتی حەیزا، وە تەڵاقدان لە حەیزا ناشەرعییە. لەبەر ئەوە کە بوخاری و موسلیم رحمهما الله ریوایەتیان کردووە کاتێ ئیبنوعومەر رضي الله عنهما ژنەکەی لە کاتی حەیزدا تەڵاق دا و باوکی ئەم باسەی عەرزی حەزرەت کرد ئەویش زویر بوو و فەرمانی دا بە عومەر کە ئەمر بکا بە عەبدوڵڵای کوڕی ژنەکەی رجووع بکاتەوە بۆ لای خۆی لە لای خۆی رای بگرێ هەتا پاك ئەبێتەوە و لەو پاکییەیش ئەڕوا بۆ حەیز و لەو حەیزەیش پاك ئەبێتەوە، لە پاشان ئەگەر مەیلی لەسەری بوو رای بگرێ لای خۆی و ئەگەر مەیلی

---

١. الطلاق: ١.

لێ نەبوو تەڵاقی بدا لە پێش ئەوەدا کە بڕواتە لای و جیماعی لەگەڵ بکا، وە ئەمەیە ئەو عیددە کە خودا ئەمری کردووە ژن تەڵاق بدرێت لەگەڵیا.

﴿وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ ٱللَّهُ فِىٓ أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۚ﴾

واتە: مادام ئێمە حورمەتی ئەو ژنانە رائەگرین و کەس نانێرین بۆ حاڵیبوون لە حەملیان و لە حەیزیان بۆیان دروست نییە ئەوەی خودا دروستی کردووە لە منداڵدانیانا لە خوێنی حەیز و لە حەمل بیشارنەوە لە حاکمی شەرع؛ کاتێ حەیزیان بەسەرا هات دەری‌ببڕن و ونی نەکەن بۆ ئەوەی کە نەفەقە لە مێردەپێشووەکەیان بسێنن، وە ئەگەر حەیزیان نەبوو نەڵێن: حەیزمان پیاهاتووە بۆ ئەوە کە حەقی رەجعەتیان لە لایەنی مێردەکانیانەوە نەمێنێ، وە یا شوو بکەن بە کەسێکی‌تر. هەروا ئەگەر حەملیان پەیدا بوو دەری ببڕن بۆ ئەوە حەقی رەجعەیان بمێنێ هەتا دانانی منداڵەکە و زیان لە کابرای پێشوو نەکەوێ، وە یا خود شوو نەکەن بە پیاوێکی‌تر، وە کاتێ منداڵەکەی لێ بوو بە ماوەی شەش مانگ یا زیاتر بدرێ بەم پیاوە دووهەمە. کە ئەمانە هەموو گوناهن دەس نادەن بۆ ئەو ژنانە کە باوەڕیان هەیە بە خودا و حسێب و کتێبی رۆژی قیامەت.

﴿وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِى ذَٰلِكَ﴾

وە مێردی ژنە تەڵاقدراوەکان موناسبترن بۆ گەڕانەوەی ژنەکان بۆ لای لەو ماوەی ماتڵ بوونی «عیددە»دا لەوە کە وازیان لێ بێنن و پاش عیددە شوو بکەن بە شەخسێکی‌تر.

﴿إِنْ أَرَادُوٓا۟ إِصْلَـٰحًا ۚ﴾

ئەگەر مێردەکان خواستیان لەم گێڕانەوەیانە رێکخستنی ناوبەین و چاکە کردن لەگەڵ ژنەکانا بێ.

﴿وَلَهُنَّ مِثْلُ ٱلَّذِى عَلَيْهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

بڕیار دراوه له لایەنی ئێمەوه له حوقووق بۆ ژنەکان لەسەر پیاوەکان وێنەی ئەو حوقووقانه که بۆ پیاوەکان هەیه لەسەر ژنەکان.

ئیمامی ترمزی و نیسائی و ئیبنوماجه ریوایەتیان کردووه له عەمری کوڕی ئەحوەس که حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: ئاگاداربن که بۆ ئێوه حەق هەیه لەسەر ژنەکانتان، وه بۆ ژنەکانیشتان حەق هەیه لەسەر ئێوه؛ جا حەقی ئێوه لەسەر ژنەکان ئەوەیه که ڕێگەی کەسێکی وا نەدەن بۆ چوونەماڵی ئێوه که ئێوه حەزی لێ نەکەن، وه نەیەڵن کەسێکی وا لەسەر جێگەی ئێوه دابنیشێ که ئێوه حەزی لێ نەکەن. واته ئەو کەسانه که بەدخوو و بێئەخلاقن له نامەحرەمەکان ئیزنیان نەدەن بڕۆنه خانوویان، وه یا لەسەر فەرشی ئەوان دانیشێ. وه حەقی ژنەکانیش لەسەر پیاوەکان ئەمەیه که پیاوەکان ڕووخۆش بن و ڕەفتاریان لەگەڵا بکەن به شێوەیێ به شەرع و عاداتی موسوڵمانان ڕەوابێ. وه له حوقووقی ژنه لەسەر پیاو خۆی به پاکی ڕابگرێ له بەرگ و پۆشاکدا، وەکوو له حوقووقی پیاوه لەسەر ژن که خۆی به پاکی ڕابگرێ و هەرکاتێ مێردەکەی بانگی کرد بۆ لای خۆی ـ به بێ عوزرێکی شەرعی ـ موخالەفەی نەکا. هەروا واجبه لەسەر ژنەکه به بێ ئیزنی مێردەکەی جێگه و ماڵی خۆی بەجێ نەیەڵێ و سەفەر نەکا و مەسرەفێ نەکا له عادەت دەرچێ.

﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾

وه بۆ پیاوەکان هەیه لەسەر ئەوان پله و پایەیێ؛ چونکی پیاوەکان مارەیی ئەدەن به ژنەکان و مەسرەفیان ئەکێشن وخانوویان بۆ ئەگرن و ئەیانپارێزن له شتی نابار. کەوابوو پێویسته لەسەر ژنەکان به چاوی گەورەیی و حورمەت بڕوانن بۆ مێردەکانیان و بڕیاری ئەوه بدەن که واجبه ئیتاعەیان بکەن و له ئەمری شەرعیی ئەوان دەرنەچن.

﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٢٨﴾﴾

بزانن خودا غالّبه و زالّه بهسهر بهجیّهیّنانی ههرچی خواستی لیّ بیّ، وهکوو تۆڵهسهندنهوه لهو میّردانه که کردهوهیان لهگهڵ ژنهکانا خراپه و لهو ژنانه که رهفتاریان باش نییه و میّردهکان ناچار ئهکهن بۆ تهڵاقدانیان. وه خاوهن حیکمهته لهوهدا که غالّبا مۆڵهتی ههیه و به کوتوپڕ تۆڵه ناسیّنیّتهوه. ئهنا وهها مهزانن که خودا موبالات به حهق ناکا!

فهرموودهی خودای تهعالا: ﴿ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ﴾ الآية.

ریوایهت کراوه له حهزرهتی عائیشهوه ﵂ که له ئهووهڵی ئیسلاما عادهتْ وابوو میّرد ژنهکهی خۆی تهڵاق ئهدا ههرچهن خواستی بوایێ: یهکیّ، دوان، سیان یا زیاتر. وه ئهو ژنهیشی ههر به ژنی خۆی ئهزانی ههتا له ماوهی عیددهدا بوایێ ههرچهن سهد تهڵاقیشی بدایێ. ههتا جاریّ پیاویّ وتی به ژنهکهی: وهڵڵاهی تهڵاقت نادهم وا که جیاببیتهوه لیّم، وه له لای خۆیشم جیّگهت ناکهمهوه وهکوو ژن لهگهڵ پیاوا! ژنهکهی وتی: ئهمه چۆن ئهبیّ؟ پیاوهکه وتی: تهڵاقت ئهدهم و بهرهڵات ئهکهم ههتا کاتیّ نزیك بیّ عیددهکهت تهواو ئهبیّ جا ئهتهیّنمهوه، ههروا ههتا ههتایه.

جا ئهو ژنه رۆیشت بۆ لای حهزرهتی عائیشه و باسهکهی عهرز کرد، ئهویش گیّڕایهوه بۆ حهزرهت ﷺ جا ئهم ئایهته هاتهخوارهوه. ئهمه ریوایهتی ترمزی و حاکمه ﵏.

وه ریوایهت کراوه له ئیبنوعهباسهوه ﵄: عادهت بوو که پیاو ماڵی ژنی خۆی ئهخوارد، چ لهو مارهییه که پیّی دابوو، وه چ له غهیری ئهوه، وه ئهمهی به تاوان نهدهزانی ههتا: ﴿ولا يحل لكم﴾ هاته خوارهوه.

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوجورەیجەوە کە ئایەتی: «ولا يحل لكم أن تأخذوا» تا ئاخر، نازڵ بوو لە شانی حەبیبەی کچی سەهلی ئەنساریدا کە ژنی سابیتی کوڕی قەیس کوڕی شەمماس بوو، وە ژنەکە حەزی لەو نەدەکرد، بەڵام ئەو ژنەکەی زۆر خۆش ئەویست. جارێ قسەیێ کەوتە بەینیانەوە و ژنەکە هات بۆ لای باوکی شکاتی کرد لە قەیس و وتی: لێم ئەدا و جنێو بە باوکم ئەدا، ئەویش پێی وت: بڕۆرەوە بۆ لای مێردی خۆت. تا دوو سێ جار ئەم ژنە ڕۆیشت بۆ لای باوکی و باوکی ئەیناردەوە بۆ ماڵی مێردەکەی.

کە حەبیبە حاڵی بوو باوکی موبالاتی پێ ناکا ڕۆیشت بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و ئاساری لێدانیش لە لەشیا دیاربوو و شکاتی مێردەکەی کرد. جا حەزرەت ناردی بە شوێن سابیتا هات و عەرزی کرد: قەسەم بەو کەسەی تۆی ناردووە بە ڕەهبەر لە جیهانا لە دوای تۆ کەسم لەم ژنە خۆشتر ناوێ! جا حەزرەت فەرمووی بە حەبیبە: تۆ چی ئەڵێیت؟ ئەویش عەرزی کرد: یا ڕەسوولەڵڵا سابیت ڕاست ئەڵێ منی زۆر خۆش ئەوێ بەڵام من دڵم زۆر دوورە لەوەوە! جا سابیت وتی: باخچەیەکەم پێداوە لە مارەییدا بیداتەوە پێم بەرەڵڵای ئەکەم. حەزرەت فەرمووی بە حەبیبە: باخچەکەی پێ ئەدەیتەوە هەتا بەرەڵڵات بکا؟ عەرزی کرد: بەڵێ. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی بە سابیت: باخچەکەی لێ وەربگرەوە و بەرەڵای بکە. ئەویش ئیتاعەی کرد.

لە بوخاریدا ئەفەرموێت: حەبیبە عەرزی حەزرەتی کرد: یا ڕەسوولەڵڵا وەڵڵاهی من هیچ عیتابی لێ ناگرم لە ئەخلاق و لە دینا، بەڵام حەزناکەم لە پاش ئیسلام خۆم کافر بکەم! جا حەزرەت فەرمووی: ئەو باخچەی پێی داوی ئەیدەیتەوە؟ عەرزی کرد بەڵێ. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: سابیت باخچەکەی لێ وەربگرەوە و تەڵاقی بدە بە تاقە تەڵاقێ. ئەویش وای کرد.

جا بینا لەسەر ئەم بەیانە دەرئەکەوێ کە جوملەی: «الطلاق مرتان فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان» بەسراوە بە ئایەتی: «وبعولتهن أحق بردهن في ذلك إن أرادوا إصلاحاً»وە. واتە: ئەو تەڵاقەی کە بۆ کابرا هەیە ژنەکەی بهێنێتەوە بۆ لای خۆی لە پێش تەواو بوونی ماوەی عیددەدا دوو جارە و بەس. واتە: هەتا دوو جار کابرا ئەتوانێ ژنەکەی یەك تەڵاقە بدا و لە ماوەی عیددەدا بیهێنێتەوە بۆ لای خۆی. پاش ئەمە کابرا هەر حەقی ئەوەی هەیە رای بگرێ بە راگرتنی پیاوانە بە یاسای شەرع و ئازاری نەدا، وە یا خود وازی لێ بێنێ وەکوو مەرەخەسی کردووە بە پیاوانە حوقووقی چی هەیە پێی بدا و بڕوات.

وە لەسەر ئەم شێوە ئەم ئایەتی «الطلاق مرتان»ە ئەبێ بە بەیان بۆ ئایەتی پێشوو؛ چونکی لە ئایەتی پێشوودا خودای تەعالا فەرمووی: مێردی ژنەکان لە پاش تەڵاقدانیان ـ بە تەڵاقی ریجعی ـ حەقی موئەکەدیان هەیە بۆ هێنانەوەیان ئەگەر خواستیان ئیسلاح بێ. بەڵام نەیفەرموو ئەو حەقە هەتا هەتایە یاخود تا کاتێکی دیارییە، وە ئەمە پێویستە بە رووناك کردنەوە.

﴿ ٱلطَّلَٰقُ مَرَّتَانِۖ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖۗ ﴾

جا خودای تەعالا لەم ئایەتەدا فەرمووی: ئەو تەڵاقەی کە حەقی هێنانەوەی ژنی تێدا هەیە ئەوە تا دوو جارە. ئیتر لە پاش ئەو دوو جار تەڵاقدان و هێنانەوە حەقی کابرا نییە هەم جاری سێهەم تەڵاقی بدا و لە پاشا لە موددەی عیددەدا بیهێنێتەوە. بەڵکوو ژنەکە بەرەڵایە و ناگەڕێتەوە بۆ لای ئەو کابرا، بەڵکوو لە ئایەتی: «فإن طلقها» دا بەیانکراوە.

وە دەلیل لەسەر ئەم تەفسیرە چەن شتێکە:

[دەلیلی] یەکەم: ئایەتی: «وبعولتهن أحق بردهن» ئەگەر عام بێ بۆ هەموو حاڵێ ئەوە پێویستە بە تەخسیس و جیا کردنەوەی بازە حاڵێ، وەکوو حاڵی ئەوە کە کابرا

بە شێوەی خولع و موعاوەزە ژنەکەی تەڵاق بدا، ئەوە بە ئیجماع کابرا ئیتر حەقی هێنانەوەی ژنەکەی نییە، بەڵکوو پێویستە بە عەقدی تازە ئەگەر مەجال بمێنێ. کەوابوو ئەبێ: «الطلاق مرتان» موخسەس بێ. وە ئەگەر عام نەبێ ئەوە بە شێوەی موجمەل ئەبێ؛ چونکی بەیانی شەرتی گەڕانەوەی ژنەکەی تێدا نییە، کەوابێ موحتاجە بە بەیان و ئەم ئایەتی «الطلاق مرتان»ە ئەبێ بە بەیان بۆ ئەو شەرتە. وەکوو باسمان کرد.

[دەلیلی] دووەم: ئەگەر ئایەتی: «الطلاق مرتان» کەلامی سەربەخۆ بێ ئەوە مەعنای «الطلاق مرتان» ئەبێ بە هۆی حەسری هەرچی تەڵاقە لە دوو جارا ئەمەیش بە ئیجماع بەتاڵە؛ چونکی تەڵاق تا سێ جارە و بە دوو جار تەواو نابێ.

ئەگەر بڵێیت: خودای تەعالا باسی تەڵاقی سێهەمی کردووە لە فەرموودەی خۆیا: «أو تسريح بإحسان» وە لەسەر ئەوە مەعنای ئایەتەکە ئەبێ بەمە کە هەرچی تەڵاق هەیە دوو جارە و جارێکی‌تریشە کە تەسریح و بەرەڵاکردنی ئاخر جارە. ئەڵێم: لەفزی: «أو تسريح بإحسان» بەسراوە بە فەرموودەی: «فإمساك بمعروف»ەوە و دەلالەت ناکا لەسەر تەڵاقدانێکی سێهەم و مەبەست هەر تەسریحێکە لە جاری دووهەمدا بوو وەکوو زوو وتمان مەعنای وایە پاش تەڵاقی دووهەم یا کابرا ژنەکە بێنێتەوە و رای بگرێ بە چاکە و ئینسانییەت، وە یا وازی لێ‌بێنێ وەکوو بەرەڵای کردووە با بەرەڵا بێ، ئەوسا شوو بە کێ ئەکا بیکا. وە ئیللا ئەگەر مەعنای «أو تسريح بإحسان» تەڵاقە سێهەمەکە بێ ئەوە بە هۆی ئایەتی «فإن طلقها بعد»ەوە لازم ئەکا تەڵاقی ژن چوار بێ، ئەوەیش بەتاڵە بە ئیجماع.

دەلیلی سێهەم ئەمەیە ئەم ئایەتی «الطلاق مرتان»ە هاتەخوار لە شانی ئەو شەخسە ئەنسارییەدا کە ئەیوت بە ژنەکەی: هەتا ماوی هەر تەڵاقت ئەدەم و پاش ماوەیێ

کەم ئەتهێنمەوە و پاش ماوەیێ تەڵاقت ئەدەمەوە، هەروا نایەڵم نە وەکوو ژنی عادەتی رابوێری لەگەڵ منا، وە نە شوو بکەی بە کەسێکی تر.

وە خودا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد بۆ تەحدیدی حەقی گەڕانەوەی ژنەکە، کەوابێ ئەم ئایەتە بەسراوە بە پێشەوە، وە بە ئیجماع نابێ سەبەبی نوزوول خاریج بکرێ لە عوموومی عام کەوابێ ئەم ئایەتە بۆ باسی ماوەی گەڕانەوەی ژنی تەڵاقدراوە بە تەڵاقی ریجعی، وە بەسراوە بە ئایەتە پێشووەکەوە. وە ژنی ئەنسارییەکەیش بە یەقین داخڵە لەم حوکمەدا. وە بازەکەسێ باوەڕیان وابووە کە ئایەتی: ﴿الطلاق مرتان﴾ ئایەتێکی سەربەخۆیە و نەبەسراوە بە ئایەتە پێشووەکەوە، وە هاتووەتە خوارەوە بۆ بەیانی تەڵاقی شەرعی، وە ئەبێت تەڵاقدان جار لە پاش جار بێ و گردکردنەوەی سێ‌تەڵاقە بە جوملەیەك وەکوو ئەوە کابرا بڵێت بە ژنەکەی «هەر سێ تەڵاقەت کەوتبێ» حەرامە و بەو جوملە تاقە تەڵاقێکی ئەکەوێ و ئەمە بیر و باوەڕی ئەوانەیە و چوار دەلیلیان لەسەر ئەمە هێناوەتەوە:

[دەلیلی] یەکەم: ئەو حەدیسەیە کە ئیبنوئیسحاق ریوایەتی کردووە لە داوودی کوڕی حسەین لە عەکرەمەوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷛ کە «ڕەکانە»ی کوڕی عەبدو یەزید ژنەکەی تەڵاق دا لە یەك مەجلیسدا بە سێ تەڵاقە لە پاشان پەشیمان بووەوە و زۆر دڵی زویر بوو، جا هات بۆ حوزووری حەزرەت ﷺ بۆ پرسی حوکمی تەڵاقەکەی، حەزرەت ﷺ فەرمووی: چۆنت تەڵاق داوە؟ وتی: سێ‌تەڵاق لە یەك مەجلیسدا. ئەویش فەرمووی: «إنما هي واحدة» واتە: ئەو تەڵاقانە بە یەك تەڵاق ئەژمێررێن. برۆ ژنەکەت بێنەرەوە ئەگەر مەیلت هەیە. ئەویش ژنەکەی هێنایەوە بۆ لای خۆی.

وە موحەدیسین رەدی ئەم دەلیلەیان کردووەتەوە بە سێ جۆر:

١. هیچ دەلیلێ نییە لە عیبارەتی رەکانەدا کە لەفزەکەی یەك جوملە بووە وەکوو «أنت طالق ثلاثا»، وە بۆ ئەو رووداوە لە یەك مەجلیسدا مومکینە بەوە بووبێ سێ جار وتوویەتی: «أنت طالق» وە لەو تەکرارە ئەگەر مەبەست تەئکید بێ، یا هیچ مەبەستێکی نەبووبێ، حوکم بە یەك تەڵاق ئەکرێ.

٢. رەدی دووهەم بەمەیە کە راوی ئەم واقیعە کە داوودی کوڕی حسەینە جێگەی باوەڕ نییە لە ریوایەتکردنی لە عەکرەمەوە، وە راوی کە جێگەی باوەڕ نەبوو ئیستیدلال بە ریوایەتی ناکرێ.

٣. رەدی سێهەم بەمەیە کە موحەدیسی مەشهوور ئەبووداوود تەرجیحی ئەوەی داوە کە «رەکانە» ژنەکەی بەعیبارەتی «أنت طالق ثلاثا» تەڵاق نەداوە، بەڵکوو بە عیبارەتی «أنت طالق ألبتة» کە ئەو جۆرە یاسا بووە لەو زەمانەدا و پێیان وتووە تەڵاقی «بەتتی» واتە: تەڵاقی قەتعی و زۆربەی لە مەعنای سێ‌تەڵاقەدا بەکار هێنراوە، (مع العلم) کە ئەو لەفزە هەڵئەگرێ یەك تەڵاقە یا دوو تەڵاقەی لێ مەبەست بێ. وە ئەم بەیانی ئەبووداوودە زۆر بەهێزە؛ چونکی قابیلە ئەو شەخسە لەبەر یاسای رۆژ «ألبتة»ی گۆڕیبێ بە «ثلاثة». وە دەلیلە لەسەر ئەم ریوایەتە کە حەزرەت ﷺ پرسیاری کردووە لە «رەکانە» چ مەبەستێکت بوو لە «ألبتة»؟ ئەویش وتی: مەبەستم بەس تەڵاق بووە نەك سێ‌تەڵاقە. وە حەزرەت فەرموویەتی: ئەتوانی سوێند بخۆی لەسەر ئەم مەبەستەت؟ وە سوێندی بۆ خوارد، جا حەزرەت ﷺ حوکمی کرد بە کەوتنی یەك تەڵاق و فەرمووی: ژنەکەت بگەڕێنەوە بۆ لای خۆت ئەگەر ئەتەوێ، وە ئەویش هێنایەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆی. چونکی ئەگەر عیبارەتی «ثلاثة» بوایە ئەوە جێگەی ئیحتیمالات نەدەبوو، وە ئەگەر بە لەفزی «ألبتة»یش بە هەموو نەوعێ سێ‌تەڵاقە بکەوتایە ئەوە ئیتر سوود نەدەبوو لە سوێند خواردنی رەکانەدا.

دەلیلی دووەم لە دەلیلی ئەوانە کە ئەڵێن سێ‌تەڵاقە بە یەك تەڵاق دائەنرێ ئەمەیە کە: لە بازێ ریوایەتا هەیە «ابن عمر» ژنەکەی بە سێ‌تەڵاقە تەڵاق دا لە کاتی حەیزا و حەزرەتی عومەر ئەم رووداوەی گێڕایەوە بۆ حەزرەت ئەویش فەرمووی: ئەمر بکە بە عەبدوڵڵا ژنەکەی بێنێتەوە بۆ لای خۆی تا لە حەیزەکە پاك ئەبێتەوە. جا ئەکەوێتە پاکییەوە جا ئەکەوێتەوە حەیز جا پاك ئەبێتەوە ئەوسا یا رای بگرێ لەلای خۆی، وە یا تەڵاقێکی بدا. ئەڵێن: ئەگەر سێ‌تەڵاقە بە تەڵاقێك حسێب نەکرایە چۆن حەزرەت ﷺ ئەمری ئەفەرموو کە ژنەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی؟!

وە ئەم دەلیلە بەتاڵە بەوە کە وەکوو «قورتوبی» لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی ئەوەی لەلای ئەهلی حەدیسدا مەحفووز بێ ئەوەیە کە ئیبنوعومەر یەك تەڵاقی ژنەکەی دا، وە ئەو تەڵاقدانەی لە کاتی حەیزدا بوو.

وە ساڵحی کوڕی کیسان و مووسای کوڕی عەقەبە و ئیسماعیلی کوڕی ئومەییە و لەیسی کوڕی سەعد و ئیبنوئەبی‌زیئب و ئیبنوجورەیج و جابیر و ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عەقەبە، هەموو ئەم موحەددیسانە ریوایەتیان کردووە لە نافیعەوە کە: ئیبنوعومەر بە یەك تەڵاقە ژنەکەی تەڵاق دا لە حەیزا.

وە عەبدوڵڵا ئەڵێ: ئیبنوعومەر ژنەکەی لە حەیزا تەڵاق دا بە یەك تەڵاقە، وە لەبەر ئەوە کە تەڵاقدانی ژن لەحەیزدا باش نییە حەزرەت ئەمری فەرموو ژنەکەی بێنێتەوە بۆ لای خۆی تا ئەو ماوە کە باس کراوە، جا ئەگەر ویستی دوایی تەڵاقی بدا.

هەروا زوهری بە ریوایەت لە سالم لە باوکییەوە و یوونسی کوڕی جوبەیر و شەعبی و حەسەنی بەسری. کەوابێ ئیستیدلال بەو ریوایەتە بەتاڵە.

دەلیلی سێهەم بۆ ئەوانە کە سێ‌تەڵاقە بە تەڵاقێ دائەنێن ئەوەیە، کە ئەبوداوود لە «سونەن»دا ریوایەتی کردووە بە چەن ئیسنادێك لە ئیبنوعەباسەوە ئەڵێ: عەبدویەزید[1]

---

[1]. ئەم قەزییە غەیری قەزییەکەی رەکانەیە، وە دەرئەکەوێ کە حەزرەت ناوی گۆڕیوە بە عەبدوڵڵا.

باوکی ڕەکانە و براکانی، دایکی ڕەکانەی تەڵاق دا و ژنێکی لە هۆزی «مزینە» مارەکرد بۆ خۆی. جا ئەو ژنە هاتە خزمەت حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: ئەبوورەکانە سوودی نییە بۆ من بە قەی موویێ (واتە پیاوەتی نییە) جیامان بکەرەوە لە یەك، لەوێدا حەزرەت ﷺ نەوعە حاڵەتێکی غیرەتی بەسەرا هات و ئەمری کرد: کوڕەکانی عەبدویەزید ـ کە ڕەکانە و براکانیە ـ بانگ بکەن بۆم! جا بانگیان کردن و حەزرەت فەرمووی بە دانیشتوانی خزمەتی: تەماشا ئەکەن کە فلانەکوڕ لەم کوڕانە شێوەی لەسەر شێوەی باوکیەتی؟ عەزریان کرد: بەڵێ، وە فلان کوڕ لە باوکی ئەچێ؟ عەرزیان کرد: بەڵێ. یانی بۆ ئیسباتی ئەوە کە عەبدویەزید پیاوەتی هەیە و ئەم کوڕانە کوڕی ئەون و لەو ئەچن، وە ئەم ژنە بۆچی ئەڵێ عەبدویەزید پیاوەتی نییە!

جا فەرمووی بە عەبدویەزید: ئەم ژنە تەڵاق بدە، ئەویش تەڵاقی دا، جا فەرمووی: دەی ژنە پێشووەکەت ـ ئوممو ڕەکانە ـ بێنەرەوە بۆ لای خۆت. ئەویش وتی: «طلقتها ثلاثاً یا رسول اللّٰه!» ، قال: «قد علمتُ راجِعها». عەرزی کرد بە سێ‌تەڵاقە تەڵاقم داوە! فەرمووی: ئەزانم بەڵام بیهێنەرەوە. وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿یا أیها النبي إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن وأحصوا العدة﴾[1] الآیة

وە دەلیل هێنانەوە بەم ڕیوایەتە سوودی نییە؛ چونکی یەکێ لە ڕاوییەکانی ئەو حەدیسە ناوی ئیبنوجورەیجە و لە ڕیوایەتی حەدیسەکەدا فەرموویەتی: «أخبرني بعض بني أبي‌رافع»، وە مەعلووم نییە ئەو بازە لە ئەولادی ئەبوورافیع کێیە و ناوی چییە.

وە ڕیوایەت لە شەخسی مەجهوولەوە بێ‌ئیعتیبارە. وە گومان نییە لەوەدا کە ئەو حەدیسە ئەبوداوود ڕیوایەتی کرد و لە پێشەوە باسمان کرد کە تەڵاقەکەی عەبدویەزید بە لەفزی «ثلاثة» نەبووە و بە لەفزی «البتة» بووە ئەوە حەدیسێکی مەقبوولە، وە لەو

---

[1] الطلاق: ١.

حەدیسەدا بەیانمان کرد کە حەزرەت ﷺ ئەبوورەکانەی سوێند دا کە مەبەستی یەك تەڵاق بووە.

دەلیلی چوارەمی ئەو کەسانە کەسێ‌تەڵاقە بە یەکێ دائەنێن ئەو حەدیسەیە کە موسلیم لە سەحیحەکەیا ئەڵێ: «حدثنا إسحاق بن إبراهيم ومحمد بن رافع ـ واللفظ لابن‌رافع ـ قال إسحاق أخبرنا وقال ابن‌رافع: حدثنا عبدالرزاق، أخبرنا معمر عن ابن‌طاوس عن أبيه عن ابن‌عباس قال: كان الطلاق على عهد رسول الله ﷺ وأبي‌بكر وسنتين من خلافة عمر رضي الله عنه طلاق الثلاث واحدة فقال عمر بن الخطاب أن الناس قد استعجلوا في أمر كانت لهم فيه أناة، فلو أمضيناه عليهم! فأمضاه عليهم».

«حدثنا إسحاق بن إبراهيم بن إبراهيم، أخبرنا روح بن عبادة أخبرنا ابن‌جريج، وحدثنا ابن‌رافع ـ واللفظ له ـ حدثنا عبدالرزاق. أخبرنا ابن‌جريج، أخبرني ابن‌طاوس عن أبيه أن أباالصهباء قال لابن‌عباس: أتعلم إنما كانت الثلاث تجعل واحدة على عهد النبي ﷺ وأبي‌بكر، وثلاثا من إمارة عمر؟ رضي الله عنه فقال ابن عباس: نعم».

«وحدثنا إسحاق بن إبراهيم أخبرنا سليمان بن حرب عن حماد بن زيد عن أيوب السختياني عن إبراهيم بن ميسرة عن طاوس أن أباالصهباء قال لابن‌عباس: هات من هناتك ألم يكن الطلاق الثلاث على عهد رسول الله ﷺ و أبي‌بكر واحدة؟ فقال: قد كان ذلك، فلما كان في عهد عمر تتابع الناس في الطلاق، فأجازه عليهم». هذا لفظ مسلم في صحيحه.

«وهذه الطريق الاخيرة أخرجها أبوداود و لكن لم يسم إبراهيم بن ميسرة، وقال بدله: عن غير واحد. ولفظ المتن: أما علمت أن الرجل كان إذا طلق امرأته ثلاثاً قبل أن يدخل بها جعلوها واحدة على عهد رسول الله ﷺ و أبي‌بكر و صدرا من إمارة عمر رضي الله عنه؟ قال ابن‌عباس: بلى، كان الرجل إذا طلق امرأته ثلاثاً قبل أن يدخل بها جعلوها واحدة على عهد رسول الله ﷺ و أبي‌بكر وصدرا من إمارة عمر. فلما رأى الناس (يعني عمر) قد تتابعوا فيها قال أجيزونا عليهم».

وە بۆ جوابدانەوەی ئەم حەدیسی ئیبنوعەباسە ﵄ جومهووری عالمەکان گەلێ جوابیان هەیە:

[**جوابی**] **یەکەم**: ئەم لەفزی «ثلاث»ە کە ئیعتیبار کراوە بە یەك تەڵاق لە هیچ ریوایەتێکا نییە کە بە یەك لەفز بووبێ، وەکوو «أنت طالق ثلاثا» وە لەفزی «طلاق الثلاث» نە بە یاسای زمانی عەرەب، نە بە عەقڵ، نە بە شەرع لازم نییە کە بە یەك جار و بە یەك لەفز واقیع بووبێ. کە وابوو ئەگەر کەسێ بڵێ بە ژنەکەی: «أنت طالق، أنت طالق، أنت طالق» سێ جار لە یەك شوێنا پێی ئەوترێ تەڵاقی سێ‌بەسێ؛ چونکی سێ جار ناوی تەڵاقی بردووە.

وە ئەگەر کەسێ داوای ئەوە بکا کە هەر بە یەك لەفز بووە پێی بڵێ: ئەمەت لە کوێ وەرگرتووە؟ ئایا لە لەفزێ لە ئەلفازی حەدیسەکەتدا هەیە کە بە یەك لەفز بووە؟ وە ئایا مانیعێ هەیە لەوە کە «طلاقی ثلاث» بە کار بێت بۆ وێنەی عیبارەتە پێشووەکە کە سێ جار تەکراری تەڵاقی تیا کراوەتەوە؟

ئەگەر وتی: لەفزی «طلاق الثلاث» بە کار ناهێنرێ ئیللا بۆ ئەوەی کە بە یەك لەفز بێ، ئەوە گومان نییە لەوەدا کە ئەم قسەیە راست نییە، وە ئەگەر ئیقراری کرد بە حەق و وتی: دروستە ئیستیعمالی «طلاق الثلاث» بکرێ بۆ ئەوەی کە بە یەك کەلیمە بێ و بۆ ئەوەی کە بە سێ جوملە بێ کە موناسبتریشە بۆ لەفزی «طلاق الثلاث» ئەمجارە پێی بڵێ: کەوابوو جەزمی تۆ بەوا کە بە یەك کەلیمە بووە هیچ رێگەی نییە، وە کاتێ دیاری نەبوو لە حەدیسەکەوە ئەو «طلاق الثلاث»ە بە یەك لەفز بووە ئیستیدلال بەو لەفزە ئەساسەن ئیعتیباری نەما؛ چونکی «إذا ظهر الاحتمال سقط الاستدلال».

وە لەو شتانەیە کە تەئییدی ئەمە ئەکا ئەو «طلاق الثلاث»ە لە حەدیسەکەدا لازم ناکا بەیەك کەلیمەی تەنیا بێ، ئەمە کە ئیمام ئەبووعەبدوڕەحمانی نەسائی لەگەڵ

جەلالەتی قەدریا و زۆری زانست و فامیا لەو حەدیسی ئیبنوعەباسە هەر ئەوەی فام کردووە کە موراد بە «طلاق الثلاث» تەکراری «أنت طالق، أنت طالق، أنت طالق» بێ تا سێ جار بە تەفریقی تەڵاقەکان؛ چونکی لەفزی «ثلاث» زۆر زاهیرە لە ئیستیعمالی لەفزی تەڵاقدا سێ جار. بۆیە لە کتێبەکەی خۆیا ـ یانی «سنن النسائي» ـ عینوانی داناوە بۆ ریوایەتی ئەبووداوود لەم حەدیسەدا و فەرموویەتی: «باب طلاق الثلاث المتفرقة قبل الدخول بالزوجة».

وە لە پاشا ئەفەرموێت: «أخبرنا أبوداود ـ سليمان بن سيف ـ قال: حدثنا ابوعاصم عن ابن‌جريج، عن ابن‌طاوس، عن أبيه أن أباالصهباء جاء إلى ابن‌عباس ﵄ فقال يا ابن‌عباس! ألم تعلم أن الثلاث كانت على عهد رسول الله ﷺ و أبي‌بكر وصدرا من خلافة عمر ﵁ ترد إلى الواحدة؟ قال: نعم».

تۆ کە تەماشای عینوانی ئیمامی نەسائی ﵀ بکەی بۆ ئەم مەوزووعە بۆت مەعلووم ئەبێ بە یەقین کە فەرموویەتی بە سەراحەت: «طلاق الثلاث» لەم حەدیسە شەریفەدا بە لەفزێکی واحید نەبوو، بەڵکوو ئەلفازی موتەفەڕریقە بووە. وە دەلاڵەت ئەکا لەسەر راستی فامی ئیمامی نسائی ﵀ لە حەدیسەکەدا ئەوەی کە عەللامە «ابن‌القيم» ﵀ فەرموویەتی لە «زاد المعاد»ا لە رەدی ئیستیدلالی ئەو کەسە کە داوای کەوتنی «ثلاثە»ی کردووە بە یەك جار و دەلیلی هێناوەتەوە بە حەدیسی عائیشە ﵂ کە پیاوێ ژنەکەی بە «ثلاثە» تەڵاق دا و لە پاشان شووی کرد. تەماشا بکە ئیبنولقەییم ئەفەرموێت: «ولكن أين في الحديث أنه طلق الثلاث بفم واحد؟»

ئەمە دەلیلێکی رووناکە بۆ راستی فام و حاڵیبوونی ئیمامی نەسائی ﵀ لە حەدیسەکە؛ چونکی لەفزی «الثلاث» لە هەموو ریوایەتەکانا زۆر زاهیرە لەوەدا کە سێ تەڵاق، یەك لە دوای یەك بوون، وەکوو ئیبنولقەییم ﵀ لە حەدیسی عائیشەدا ئێستە روونی کردەوە.

وە لەوانەیە کە فەرموویەتی: مەبەست لە «ثلاث» لە حەدیسی تاوسا سێ تەڵاقی جیاجیایە بە سێ لەفز وەکوو: «أنت طالق، أنت طالق، أنت طالق» وە وەختی خۆی لەبەر دڵسافی خۆیان لێیان قەبووڵ کراوە کە مەبەستیان تەئکید بووە. جا کە خەڵك زۆر بوون لە زەمانی حەزرەتی عومەردا و حیلە لە ناویانا زۆر بوو بە نەوعێ کە داوای تەئکیدیان لێ قەبووڵ نەکرێ حەزرەتی عومەر ﷺ سێ لەفزەکانی ئەخستە سەر زاهیری تەکرار و بە جارێ حوکمی ئەدا بە کەوتنی سێ تەڵاقەی کابرا. ئەم قسەیە «ابن حجر»ﷺ لە «فتح الباري»دا فەرموویەتی وە فەرموویەتی: ئەم جوابە قورتوبی پێی رازی بووە و هێزیشی پێ داوە بە فەرموودەی حەزرەتی عومەر ﷺ کە فەرمووی: «إن الناس استعجلوا في أمر كانت لهم فيه أناة»

وە ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا فەرموویەتی: «و أما حديث ابن عباس فاختلف الناس في جوابه: فالأصح أن معناه أنه كان في أول الأمر إذا قال لها أنت طالق، أنت طالق، أنت طالق. ولم ينو تأكيداً ولا استئنافاً يحكم بوقوع طلقة لقلة إرادتهم الاستيناف بذلك. فحمل على الغالب الذي هو إرادة التأكيد. فلما كان في زمن عمر ﷺ كثر استعمال الناس لهذه الصيغة و غلب منهم إرادة الاستيناف بها حملت عند الإطلاق على الثلاث عملاً بالغالب السابق إلى الفهم في ذلك العصر».

جا «مقيد» ئەڵێ: ئەم وەجهە کە شێخی نەوەوی فەرموویەتی ئیشکاڵی تێدا نییە «لأن الأعمال بالنيات. ولكل امرىء مانوى»، وە زاهیری لەفزیش دەلالەت ئەکا لەسەر ئەمە، وەکوو باسمان کرد.

بە هەرحاڵ جەزمنان بەوەدا کە مەعنای حەدیسی تاوس ئەمەیە: ئەو سێ تەڵاقە بە یەك لەفز بووە، داوایەکی بێدەلیلە.

جا با لە خودا بترسێ ئەو کەسە کە جەسارەت ئەکا لەسەر نیسبەت دانی ئەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ ریوایەتێ لە ریوایاتی حەدیسی تاوسدا

نییه که «ثلاث»، ناوبراو به یەك لەفز بووە، وە ئەو مەعنا دەرناکەوێ نه به لوغەت و نه به شەرع و نه به عەقڵ، وەکوو تەماشا ئەکەی.

وە دەلاڵەت ئەکا لەسەر ئەوە که «ثلاث» ناوبراو به یەك لەفز نەبووە، ئەوەی که رابورد لە حەدیسی ئیبنوئیسحاق به نەقڵ لە داوودی کوڕی حسەین لە عەکرەمەوە لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ، وەکوو سابت بووە ئەو ریوایەتە لەلای ئیمامی ئەحمەد و ئەبوویەعلاوە به لەفزی «طلق امرأته ثلاثاً في مجلس واحد»، وە فەرموودەی حەزرەت ﷺ: «كيف طلقتها؟ قال: ثلاثاً في مجلس واحد». لەبەر ئەوە تەعبیریان به لەفزی «مجلس» لێ فام ئەکرێ که به یەك لەفز نەبووە، ئەگەرنا ئەیوت؛ «بلفظ واحد» وە پێویست به زیکری مەجلیس نەدەبوو؛ چونکی داعی نییه بۆ زیکری وەسفی «عام» و تەرکی «خاس» به بێ باعیس و مووجیب وەکوو دیارە. یانی «في مجلس واحد» مومکینه به یەك لەفز بووبێ، وە یاخود به سێ لەفز بووبێ، بەلام «بلفظ واحد» خاسه و ئیحتیمالی شتیتری نییه.

جوابی دووەم لە حەدیسی ئیبنوعەباس ﷺ بەمەیە: یانی ئەو تەلاقە که لە زەمانی عومەردا ﷺ به لەفزی «ثلاثة» ئەیدەن لە پێش زەمانی ئەودا ـ یانی زەمانی حەزرەت و زەمانی ئەبووبەکری سەدیق و تا دوو ساڵیش لە زەمانی عومەر رابورد ـ به یەك تەلاقە ئەیان دا، لەبەر ئەوە به قەتعی سێ‌تەلاقەیان به دەما نەدەهات. مەگەر به‌شاز، وە ئەمما پاش دوو ساڵ لە زەمانی عومەر ئیتر زۆر جار سێ‌تەلاقەیان به کار ئەهێنا و مەعنای «فأمضاه عليهم» لەسەر ئەم جوابه ئەوەیە: فەرمانی ئەدا به کەوتنی تەلاقەکان بەو نەوعه که لە پێشانا فەرمانی ئەدا.[1]

---

[1] یانی ئێسته حوکم ئەکرێ بەسەریانا به خستنی سێ تەلاقە؛ چونکی سێ تەلاقیان داوە. وە لە پێشا حوکمی به یەك تەلاق ئەدا؛ چونکی یەك تەلاقیان ئەوت.

وە «ئیبنوعەرەبی» تەرجیحی ئەم جوابەی داوە و نیسبەتیشی داوە بۆ لای ئەبووزەرعەی رازی. هەروا واریدی کردووە بەیهەقی بە ئیسنادی سەحیح بۆ لای ئەبووزەرعە کە فەرموویەتی: مەعنای ئەم حەدیسە بە لای منەوە: ئەو سێ‌تەڵاقە کە ئێستە ئێوە ئیستیعمالی ئەکەن لەمەوپێش بەو شێوە ئیستیعمالیان نەدەکرد، بەڵکوو هەر بە یەك تەڵاقە تەڵاقی ژنەکانیان ئەدا.

ئیمامی نەوەوی ﷺ فەرموویەتی: کەوابێ حەدیسی ئیبنوعەباس ﷺ باسی گۆڕانی یاسای خەڵکی کردووە بە تایبەتی. نەك باسی گۆڕانی حوکمی شەرع لە یەك مەسئەلەدا.

واتە ئەوسا یاسایان بەکارهێنانی یەك تەڵاقە بووە و ئێستە یاسایان بەکارهێنانی سێ تەڵاقەیە.

وە ئەم جوابە دووهەمە «قورطبي» لە تەفسیری «الطلاق مرتان» دا نەقڵی کردووە لە قازی «أبوالولید باجی» و لە قازی «عبدالوهاب»ەوە لە «اِلْکِیا»ی[1] تەبەرییەوە.

جوابی سێهەم لە حەدیسی ئیبنوعەباس ﷺ ئەمەیە: ئەو حوکمە کە ئیبنوعەباس گێڕاویەتیەوە مەنسووخە و بازێ لە ئەسحابەکان ئاگادار نەبووە لەسەر نەسخەکە ئیللا لە زەمانی عومەردا ﷺ.

بۆ رووناککردنەوەی ئەمە ئیمامی بەیهقی لە «السنن الکبری»دا لە بابی «من جعل الثلاث واحدة»دا نەقڵی کردووە لە ئیمامی شافیعییەوە ﷺ عیبارەتێ کە ئەمە نەسەکەیەتی:

«فان کان معنی قول ابن‌عباس أن الثلاث کانت تحسب علی عهد رسول اللّه ﷺ واحدة یعني أنه بأمر النبي ﷺ. فالذي یشبه ـ واللّه أعلم! ـ أن یکون ابن‌عباس علم إن کان شیئاً فنسخ».

«فإن قیل فما دل علی ما وصفت قیل لا یشبه أن یکون ابن‌عباس یروی عن رسول اللّه ﷺ شیئاً ثم یخالفه بشيء لم یعلمه کان من النبي ﷺ فیه خلاف».

---

[1]. بە کەسرەی همزە وە سکوونی لام وە کەسرەی کاف بە مەعنای گەورە.

«قال الشيخ: ورواية عكرمة عن ابن‌عباس قد مضت في النسخ و فيها تأكيد لصحة هذا التأويل».

«قال الشافعي: فإن قيل فلعل هذا شيء روي عن عمر فقال فيه ابن‌عباس بقول عمر رضي الله عنه. قيل قد علمنا أن ابن‌عباس رضي الله عنه يخالف عمر رضي الله عنه في نكاح المتعة، وفي بيع الدينار بالدينارين، و في بيع أمهات الأولاد وغيره. فكيف يوافقه في شيء يروى عن النبي صلى الله عليه وسلم فيه خلاف ما قال؟! انتهى محل الحاجة من البيهقي بلفظه».

«وقال الحافظ ابن‌حجر في فتح الباري ما نصه: الجواب الثالث دعوى النسخ. فنقل البيهقي عن الشافعي أنه قال يشبه أن يكون ابن‌عباس علم شيئاً نسخ ذلك. قال البيهقي ويقويه ما أخرجه من طريق يزيد النحوي عن عكرمة عن ابن‌عباس، قال كان الرجل إذا طلق امرأته فهو أحق برجعتها ـ وإن طلقها ثلاثا ـ فنسخ ذلك».

«والترجمة التي ذكر تحتها أبوداود الحديث المذكور هي قوله: (باب نسخ المراجعة بعد التطليقات الثلاث) وقال ابن‌كثير في تفسير قوله تعالى: ﴿الطلاق مرتان﴾ الآية. بعد أن ساق حديث أبي‌داود المذكور آنفاً مانصه. ورواه النسائي عن زكريا بن يحيى عن اسحاق بن إبراهيم عن علي بن الحسن به».

«وقال إبن‌أبي‌حاتم حدثنا هارون ابن إسحاق حدثنا عبدة (يعني ابن‌سليمان) عن هشام بن عروة عن أبيه أن رجلاً قال لإمرأته لا أطلقك أبدا. ولا آويك أبدا! قالت: وكيف ذلك؟ قال: «أطلق حتى إذا دنا أجلك راجعتك! فأتت رسول الله صلى الله عليه وسلم و ذكرت له ذلك. فأنزل الله ـ عزوجل ـ ﴿الطلاق مرتان﴾». قال فاستقبل الناس الطلاق من كان طلق و من لم يكن طلق»[1].

[1] أي فاستقبل الناس طريقاً جديداً في الاكتفاء بالطلاق و المراجعة إلى مرتين سواء الذين طلقوا قبل على غير ذلك الطريق و غيرهم ممن لم يطلقوا إلى نزول الآية.

«وقد رواه أبوبكر بن مردويه من طريق محمد بن سليمان عن يعلى بن شبيب مولى الزبير. عن هشام عن أبيه مرسلاً و قال: أصح. ورواه الحاكم في مستدركه من طريق يعقوب بن حميد بن كليب عن يعلى بن شبيب به، وقال صحيح الأسناد. ثم قال ابن‌مردويه حدثنا محمد بن أحمد بن إبراهيم، حدثنا إسماعيل بن عبدالله، حدثنا محمد بن حميد، حدثنا سلمة بن الفضل عن محمد بن إسحاق عن هشام ابن عروة عن أبيه عن عائشة قالت لم يكن للطلاق وقت؛ يطلق الرجل امرأته ثم يراجعها ما لم تنقض العدة، وكان بين رجل من الأنصار و بين أهله بعض ما يكون بين الناس، فقال: والله لأتركنك لا أيما ولا ذات زوج؛ فجعل يطلقها حتى إذا كادت العدة أن تنقضي راجعها، ففعل ذلك مراراً. فأنزل الله عزوجل: ﴿الطلاق مرتان فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان﴾ فوقعت الطلاق ثلاثاً لا رجعة فيه بعد الثالثة حتى تنكح زوجاً غيره. وهكذا روي عن قتادة مرسلاً. ذكره السدي، و ابن‌زيد، وابن‌جرير كذلك. واختار هذا تفسير هذه الآية من ابن‌كثير بلفظه. وفي هذه الروايات دلالة واضحة لنسخ المراجعة بعد الثلاث».

«وأوضح دليل يزيل الإشكال عن القول بالنسخ المذكور: وقوع مثله واعتراف المخالف به في نكاح المتعة. فان مسلماً روى عن جابر رضي الله عنه أن متعة النساء كانت تفعل في عهد النبي ﷺ وأبي‌بكر وصدراً من خلافة عمر. قال: ثم نهانا عمر عنها فانتهينا. وهذا مثل ما وقع في طلاق الثلاث طبقاً».

ومن أجاز نسخ نكاح المتعة وأحال نسخ جعل الثلاث واحدة يقال له: مالبائك تجر وبائي لا تجر؟ فان قيل: نكاح المتعة صح النص بنسخه قلنا: قد رأيت الروايات المتقدمة بنسخ المراجعة بعد الثلاث».

وممن جزم بنسخ جعل الثلاث واحدة الإمام أبو داود رحمه الله رأى أن جعلها واحدة إنما هو في الزمن الذي كان يرتجع فيه بعد ثلاث تطليقات وأكثر. قال في سننه: «باب نسخ المراجعة بعد التطليقات الثلاث» ثم ساق بسنده حديث ابن عباس رضي الله عنهما.

ويؤيد هذا: أن عمر لم ينكر عليه أحد من أصحاب رسول الله ﷺ إيقاع الثلاث دفعة واحدة مع كثرتهم وعلمهم و ورعهم. ويؤيده أن كثيراً جداً من الصحابة الأجلاء العلماء صح عنهم القول بذلك: كابن عباس، وعمر، وابن عمر، وخلق لا يحصى.

والناسخ الذي نسخ المراجعة بعد الثلاث قال بعض العلماء أنه: قوله تعالى: «الطلاق مرتان» كما جاء مبينا في الروايات المتقدمة. ولا مانع عقلاً. ولا عادة من أن يجهل مثل هذا الناسخ كثير من الناس إلى خلافة عمر ﷺ. وكما جهل كثير من الناس نسخ نكاح المتعة إلى خلافة عمر مع أنه ﷺ صرح بنسخها و تحريمها إلى يوم القيامة في غزوة الفتح و في حجة الوداع أيضا كما جاء في رواية عند مسلم. ومع أن القرآن دل على تحريم غير الزوجة والتسرية بقوله: «والذين هم لفروجهم حافظون إلا على أزواجهم أو ما ملكت أيمانهم».

ومعلوم إن المرأة المتمتع بها ليست بزوجة ولا سرية كما يأتي تحقيقه ـ إنشاءالله ـ في سورة النساء في الكلام على قوله تعالى: «فما استمتعتم به منهن» الآية.

جوابی چوارهم له حهدیسی ئیبنوعهباس ﷺ ئهمهیه: که ریوایهتی تاوس له ئیبنوعهباسهوه موخالیفه بۆ ئهوهی که موحهدیسین و حوففاز له رهفیقهکانی ئیبنوعهباس ریوایهتیان کردووه لێیهوه. ئهوهته سهعیدی کوڕی جوبهیر و، عهتای کوڕی ئهبوورهباح و، موجاهید و، عهکرهمه و، عهمری کوڕی دینار و، مالیکی کوڕی حارس و، موحهممهدی کوڕی ئهیاس و، موعاوییهی کوڕی ئهبی عهیاشی ئهنساری ـ وهکوو بهیهقی له کتێبی «السنن الکبری»دا نهقڵی کردووه ههروا قورتوبی و غهیری ئهوانیش ـ ئهمانه ههموو ریوایهتیان کردووه له ئیبنوعهباسهوه که فهرموویهتی: سێ تهڵاقه به یهك لهفز وهکوو «أنت طالق ثلاثاً» ئهبێ به هۆی کهوتنی ههرسێ تهڵاقی کابرا.

بۆیه ئیمامی بهیهقی له «السنن الکبری»دا ئهفهرموێت: که ئیمامی جهلیل بوخاری ﷺ ئهم حهدیسی ئیبنوعهباسهی ریوایهت نهکردووه له سهحیحی بوخاریدا

لەبەر ئەوە ئەم کۆمەڵە زۆرە لە ئەسحابی ئیبنوعەباس رضي الله عنه موخالەفەی تاوسیان کردووە لەم ریوایەتا کردوویەتی لە ئیبنوعەباسەوە.

«اثرم» فەرموویەتی: پرسیارم کرد لە ئەبووعەبدوڵلا ـ یانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ـ وتم: چۆن جوابی حەدیسی ئیبنوعەباس ئەدەنەوە کە فەرموویەتی: «كان الطلاق الثلاث على عهد رسول الله ﷺ و أبي‌بكر، و عمر رضي الله عنه طلاق الثلاث واحدة»؟ ئەویش فەرمووی: جوابی ئەدەینەوە بەوە کە کۆمەڵی موحەدیسین خیلافی ئەو شێوەیانە نەقڵ کردووە لە ئیبنوعەباسەوە «وكذلك نقل عنه ابن‌منصور. قاله العلامة ابن القيم رحمه الله» واتە بە ریوایەتی قەرەباڵغی ئیمامەکان لە نەفسی ئیبنوعەباسەوە کە سێ تەڵاقەی بە سێ تەڵاقە داناوە و حوکمی کردووە بە کەوتنی هەرسێ تەڵاقەکە.

بزانن: کە بە شێوەیەکی راست سابت نەبووە کە ئیبنوعەباس رضي الله عنه سێ تەڵاقەی بە یەك جوملە وەکوو «أنت طالق ثلاثاً» بە یەك دانابێ. وە ئەوەی کە ئەبووداوود لە رێگەی حەمادی کوڕی زەیدەوە لە ئەییوب لە عەکرەمەوە نەقڵی کردووە کە ئیبنوعەباس فەرموویەتی: کاتێ یەکێ بە ژنەکەی بڵێ: «أنت طالق ثلاثاً» بە یەك جوملە. ئەوە بە یەك ئەژمێررێ. موعارەزەی ئەکرێ بەوە کە نەفسی ئەبووداوود خۆی لە رێگەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم لە ئەییوب لە عەکرەمەوە کە ئەو قسە قسەی عەکرەمە بووە و قسەی ئیبنوعەباس نەبوو.

وە رێگەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم راجیحە بەسەر رێگەی حەمادی کوڕی زەیدا بەمە کە هەموو حافزەکانی حەدیسی شەریف موافیقن لەگەڵ ئیسماعیلدا کە ئیبنوعەباس رضي الله عنه سێ تەڵاقەی لە یەك جوملەدا بە سێ تەڵاقە حسێب کردووە.

جوابی پێنجەم: لە حەدیسی ئیبنوعەباس رضي الله عنه ئەمەیە: کە فەرموویانە ئەو ریوایەتە زەعیفە و، لەوانەیە کە موحاوەڵەی کردووە بۆ زەعیفی ئەو ریوایەتە: «ابن‌العربي المالكي» و «ابن‌عبدالبر» و قورتوبی. «ابن‌العربي المالكي» فەرموویەتی: چەن کەسێ لە

ئاخر زەمانا کەوتوونەتە زەللەوە و وتوویانە: سێ تەڵاقە لە یەك لەفزدا، تەئسیری نییە ئیللا بۆ یەك تەڵاق و ئەمەیان نیسبەت داوە لە ئیمامە پێشینانە زۆر پێشکەوتووەکان، ئەو نیسبەتەیشیان داوە بۆ لای حەجاجی کوڕی ئەرتات کە «ضعیف المنزلة» و کەم پایەیە لە ناو موحەدیسەکانا، وە لەو هۆوە حەدیسێکیان ریوایەت کردووە کە ئەسڵی نییە. وە کۆمەڵێك بەو هۆوە گومڕا بوون.

وە من گەڕام بەشارانی ئیسلامدا و گەلێ کەسم چاوپێکەوت لە عولەمای ئیسلام و زانا خاوەن مەزهەبەکان بە قەتعی باسی ئەمەم نەبیست کە سێ تەڵاقە بە تەڵاقێ دائەنرێ. وە بە راستی زانایانی ئیسلام و خاوەن پایەکان لە ئەهلی حەلل و عەقدی ئەحکام هەموو یەك واتەن کە سێ تەڵاقە لە یەك کەلیمەدا ـ با حەرام بێ لە بیر و باوەڕی بازێکیانا و بیدعە بێ لە بیری بازێ زانای‌تردا ـ بە سێ تەڵاقە دائەنرێ.

جا ئەو بازەکەسە لە کوێ و زانای دین و ئاڵای ئیسلام موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری لە کوێ کە لە سەحیحەکەیا فەرموویەتی: «باب جواز الطلاق الثلاث لقوله تعالى: ﴿الطلاق مرتان﴾»؟

وە باسی واقیعەی لیعانی کردووە کە کابرایێ ژنەکەی سێ‌تەڵاقە دا لە پێش ئەوەدا کە حەزرەت ﷺ ئەمری پێ بکا. وە بە قەتعی حەزرەت ﷺ زویر نەبوو لێی، وە حەزرەت ﷺ قەت تەقریری کەس ناکا لەسەر بە تاڵ. وە لە واقیعا ئەوە بۆ کابرا دروستە لە تەڵاق گردی کردوونەتەوە و شەریعەتیش حوکمی پێ ئەکاو هەرچی غەیری ئەمە کە نیسبەتی ئەدەن بۆ لای ئەسحابەی حەزرەت ﷺ درۆیەکی رووتە و ئەسڵی نییە لە کیتابا و ریوایەتی دامەزراوی باوەڕپێکراوی نییە لە کەسەوە.

وە ئیمامی مالیك داخڵی کتێبی«الموطأ»ی کردووە بە نەقڵ لە حەزرەتی عەلییەوە ـ كرم الله وجهه ـ کە جوملەی «الحرام ثلاث» لە یەك کەلیمەدا ئیعتیباری پێ ئەکرێ. دەی «أنت طالق ثلاثاً» باشترە لەوە؛ چونکی بە سەراحەت باسی هەر سێ تەڵاقەکەی

تێدا کردووە. وە ئەمما حەدیسی حەجاجی کوڕی ئەرتات ئەوە لە میللەتی ئیسلامدا مەقبووڵ نییە و لەلای هیچ کەسێ لە ئیمامەکان ئیعتیباری نییە.

ئەگەر بوترێ: لە سەحیحی موسلیمدا هەیە لە ئیبنوعەباسەوە ریوایەتەکەی لە «أبوالصهبا»وە کراوە، ئەڵێین: ئەمە نابێ بە دەلیل لەبەر چەن وەجهـ:

یەکەم: ئەو حەدیسە ئیختیلاف هەیە لە سیحەتیا، چۆن پێش ئەخرێ لەسەر ئیجماعی ئوممەت؟ وە خیلاف لەو ئیجماعەدا نەبینراوە لەو حوکما ئیللا لە لایەنی بازەکەسێکەوە کە لە پایەی تابیعین دواکەوتووترن، وەلحاڵ عەسری حەزرەت و عەسری ئەسحابەکان رابوردووە بە ئیتیفاق لەسەر وقووعی سێتەڵاقە ئەگەر هات و ریوایەتێکی موخالیفیان کرد لە یەکێ لەو ئەهلی عەسرە دواییینە ئێوە لێیان قەبووڵ مەکەن ئیللا ئەوەی کە ئەوان لە ئێوەی قەبووڵ ئەکەن بە نەقڵی عادیل لە عادیلەوە. وە بە راستی ئەم مەسئەلە نابینی نیسبەت بدرێ بۆ لای یەکێ لە سەلەف هەتا هەتایە.

دووەم: ئەم حەدیسە ریوایەت نەکراوە ئیللا لە ئیبنوعەباسەوە ﷺ و کەسیش ریوایەتی نەکردووە لەوەوە ئیللا لە رێگەی تاوسەوە. دەی چلۆن قەبووڵ ئەکرێ حەدیسێ کە ریوایەتی نەکردبێ لە سەحابییەکان ئیللا یەکێکیان، وە ریوایەتیشی نەکردبێ لەو سەحابییەوە ئیللا یەك کەس؟ وە چلۆن ئەو حەدیسە ون ئەبێ لە جەمیعی سەحابە ئیللا لە یەکێکیان نەبێ؟ وە چلۆن مەخفی بووە لەسەر ئەسحابی ئیبنوعەباس ئیللا تاوس نەبێ؟ «انتهى محل المقصود من كلام ابن‌العربي المالكي».

وە «ابن‌عبدالبر» فەرموویەتی: ریوایەتی تاوس هەڵەیە کەس ریوایەتی نەکردووە لە فوقەهای شارانی ئیسلام لە: حیجاز و، شام و، عیراق و. مەشریق و، مەغریب. وە وتراوە کە «ابو الصهباء» ناناسرێ لە ناو ئازاد کراوەکانی ئیبنوعەباسدا ﷺ.

وە بەهێزتر لەم وەجهە ئەمەیە: بڵێین: ئەم حەدیسە لە ریوایەتی ئاحادە و ریوایەتی ئاحاد لە بۆ حەدیسێ کە باعیس زۆر هەبێ بۆ ریوایەتی بە شێوەی تەواتور دەلیلە

لەسەر ئەوە ئەو ریوایەتە سەحیح نییە. وە سیرڕەکەی ئەوەیە هەر واقیعەیێ باعیس زۆر بێ بۆ گێڕانەوەی، وەکوو ئەحکامی عامە پێویستە بە شێوەی تەواتور و ئیشتیهار نەقڵ بکرێ. مادام وەها ریوایەت نەکرا ئەوە دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەو شتە واقیع نەبووە، چونکی نەبوونی لازم دەلیلە لەسەر نەبوونی مەلزووم، وە ئەمە یاسایەکە دامەزراوە لە ئوسوولدا.

کەوابێ ئەتوانین بڵێین بینا لەسەر قەوڵ بەمە کە مەعنای حەدیسی تاوس ئەوەتانێ سێ تەڵاقە بە یەك لەفز، دائەنرا بە یەك تەڵاق لە زەمانی حەزرەتا ﷺ و ئەبووبەکر و لە ئەووەڵی زەمانی عومەرەوە ﵁. ئەمجار بڕیاربدەین کە عومەر هات ئەو یاسایەی گۆڕی کە حەزرەت ﷺ لەسەری بوو، وە موسوڵمانان لە زەمانی ئەبووبەکرا لەسەری بوون، وە زۆربەی سەحابەکان بەمەیان زانی. لەم کاتەدا داعی و باعیس بۆ گێڕانەوەی یاسای زەمانی حەزرەت ﷺ و زەمانی ئەبووبەکر ﵁ زۆر بوو هەتا بیکەن بە هۆی بەتاڵکردنەوەی ئەو کردەوە کە عومەر کردی. دەی بێدەنگ بوونی جەمیعی سەحابە لەم کردەوە و بەس تاقەکەسێ حەدیسێ ریوایەت بکا و، لەو کەسەیشەوە هەر تاقە کەسێ ریوایەت بکا، دەلالەت ئەکا بە دەلالەتێکی رووناك لەسەر یەکێ لە دوو شت؛ یەکەم: ئەمە کە حەدیسی تاوس کە ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە مەعنای وا نییە سێ تەڵاقە بە یەك لەفز بووە بەڵکوو بەسێ جوملە بووە وەکوو باسمان کرد. وە ئیمامی نەسائی جەزمی پێدا ناوە، وە شێخی نەوەوی و قورتوبی و ئیبنوجورەیج تەسحیحیان کردووە.

وە بینا لەسەر ئەم مەعنا ئیشکاڵ نامێنێ؛ چونکی گۆڕینی حەزرەتی عومەر بۆ ئەو حوکمە لەبەر گۆڕانی قەسد و نیەتی خەڵکەکە بووە، وەکوو حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «إنما الأعمال بالنيات و إنما لكل امرىء ما نوى». دەی کەسێ بڵێ بە ژنەکەی: «أنت طالق، أنت طالق، أنت طالق» وە نیەتی لەسەر تەئکیدی جوملەی یەکەم بێ

به جوملەی دووهەم و سێهەم ئەوە یەك تەڵاقی ئەکەوێ. وە ئەگەر نیەتی ئیستیئناف بێ لە جوملەی دووهەم و سێهەمدا ئەوە سێ‌تەڵاقی ئەکەوێ و گۆڕانی مەعنای لەفز لەبەر گۆڕانی نیەتی لافیز ئیشکاڵی تێدا نییە. دووهەم: کە ئەو حەدیسە حوکم بە سیحەتی ناکرێ لەبەر ئەوە کە داعی و باعیس بۆ نەقڵ کردنی بە تەواتور زۆر بووە کەچی بە ریوایەتی ئاحاد ریوایەت کراوە. کەوابێ وەکوو قورتوبی فەرموویەتی ئەم شێوە باعیسە بۆ جەزمنان بە بوتلانی. «کما نقله عنه ابن‌حجر العسقلاني في فتح الباري شرح البخاري، وهو قوي جداً بحسب المقرر في الأصول. كما ترى».

جوابی شەشەم لە حەدیسی ئیبنوعەباس ﷺ بەمەیە کە: حەملی لەفزی «ثلاث» کراوە لەسەر «ألبتة» واتە: لە زەمانی پێشوودا ئیستیعمالی «ألبتة» کراوە بە مەعنا «ثلاث» جا لەسەر ئەم ئەساسە ئەوەی لە حەدیسی ئیبنوعەباسدا هەیە لە کەلیمەی «ثلاث» وەختی خۆی «ألبتة» بووە، بەڵام لەبەر ئەوە کە جار بەجار لەفزی «ألبتة» بە مەعنا «ثلاث» ئیستیعمال کراوە بازێ لە راویانی ئەو حەدیسە کەلیمەی «البتة»یان گۆڕیوە بە «ثلاث» و بووە بە هۆی ئیشکاڵ.

ئیبنوحەجەری عەسقەلانی موحەدیس و حافز فەرموویەتی: ئەم جوابە بەهێزە و تەئییدی ئەمە ئەکا ئەوە کە ئیمامی بوخاری لەم بابەدا ئەو حەدیسانە کە بە لەفزی «ألبتة» وارید بوون تێکەڵی کردوون لەگەڵ ئەو حەدیسانە کە بە لەفزی «ثلاث» وارید بوون. «كأنه» ئیشارەی کردووە بۆ لای ئەوە کە فەرق لە بەینی «ألبتة» و «ثلاث»دا نییە و لەفزی «ألبتة» کە زیکر بکرێ حەمل ئەکرێتە سەر «ثلاث» مەگەر کابرای ژن‌تەڵاقدەر داوای ئەوە بکا کە مەقسەدی لە «ألبتة» یەك تەڵاق بووە.

جوابی حەوتەم لە حەدیسی ئیبنوعەباس ﷺ ئەمەیە: کە لەو حەدیسەدا کە تاوس ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعەباسەوە باسی ئەوە نەکراوە کە حەزرەت ﷺ

بەوەی زانیوە و تەقریری کردووە و دەلیل لە شتێکدایە کە حەزرەت پێی زانیبێ و تەقریری کردبێ نەك لە شتێکدایە پێی نەزانیبێ.

جوابی هەشتەم لە حەدیسی ئیبنوعەباس ﷺ ئەمەیە: کە ئەو حەدیسە وارید بووە لە ژنی «غیر مدخول بها»دا؛ چونکی ئەگەر مێردەکەی لە پێش ئەوەدا چووبێتە لای پێی بڵێ «أنت طالق ثلاثاً» هەر بە جوملەی «أنت طالق» ژنەکەی بائینە ئەبێتەوە ئیتر لەفزی «ثلاثا» بەبۆشی دەرئەچێ وە دەلیلی ئەم جوابە ئەمەیە کە بازێ لە ریوایەتەکان وەکوو ریوایەتی ئەبوداوود «مقید»ە بە «غیر مدخول بها»وە.

وە لە ئوسووڵدا بڕیار دراوە کە ئەگەر «مطلق» و «مقید» بکەونە یەك لە دوو ریوایەتا ـ مەسەلا ـ ئەوە حەملی «مطلق» ئەکرێ لەسەر«مقید»ەکە، بەتایبەتی ئەگەر حوکمیان و سەبەبیان یەك بێ وەکوو لەم جێگەدا.

جوابی نۆهەم لە حەدیسی ئیبنوعەباس ئەمەیە: کەلامی ئیبنوعەباس لە ریوایەتی ئەبوداوودا وارید بووە لەسەر سوئال و پرسیاری «ابوالصهباء» و ئەویش پرسیاری لە تەڵاقی غەیرە مەدخوولە کردووە. کە پرسیویەتی لە ئیبنوعەباس: ئایا تۆ نازانی کە لە زەمانی حەزرەتا ئاوا بووە. وە ئیبنوعەباس جوابی دایەوە بە تەسدیق. کە جوابیش لەسەر سوئال واریدبێ مەفهوومی موخالەفەی نییە و بە قەتعی لەو جوابەوە حوکمی تەڵاقی ژنێ کە «مدخول بها» بێ دەرناکەوێ نە بە بوون و نە بە نەبوون.

جوابی دەهەمین لە حەدیسی ئیبنوعەباس ئەمەیە: کە رابوورا ریوایەتی ئەبوداوود لە ئەییوبی سەختیانییەوە ئەویش لە چەن کەسێکەوە بووە کە نەناسراون، وە کەسێ نەناسرێت کێیە، حوکم بە ریوایەتی ناکرێ. بۆیە نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا فەرموویەتی: «وأما هذه الرواية التي لأبي داود فضعيفة؛ رواها أيوب عن قوم مجهولين عن طاوس عن ابن عباس فلا يحتج بها والله أعلم. انتهى بلفظه».

وە مونزیری لە موختەسەری سونەنی ئەبووداوودا لەپاش سەوقی ئەو حەدیسە پێشووە فەرموویەتی: ئەو راوییانە کە ریوایەتیان کردووە لە تاوسەوە نەناسراون: وە عەللامە ئیبنولقەییم لە «زاد المعاد»دا پاش سەوقی لەفزی ئەم ریوایەتە ئەڵێت: «وهو بأصح اسناد» انتهی.

جا تەماشای ئەوە بکە لە ریوایەتێکدا کە سەحیحترین ئیسنادی ئەوە بە چەن راوییەکی نەناسراوەوە بێ ئەبێ باقی ریوایەتەکانی تری چۆن بن؟

کەوابوو خولاسەی حەدیسی ئیبنوعەباس رضي الله عنهما یا لەسەر سێ تەڵاقەی جیاجیا بووە بە سێ جوملە، وە یا لە وەختی خۆیا حوکمێ بووە بەوە سێ تەڵاقە بە یەك جوملە بە یەکێ حسێب بکرێ، بەڵام ئەو حوکمە نەسخ بووەتەوە و، خەڵك هەموو بەو نەسخەیان نەزانیوە، هەتا حەزرەتی عومەر رضي الله عنه لەو کاتەدا نەسخەکەی مەشهوور بوو، وە ئەسحابەکان هەموو تەقریری حوکمەکەی عومەریان کرد.

وە موخالیفەکان شوبهەیەکی تریان هێناوەتە پێشەوە: گۆیا «أنت طالق ثلاثاً» بە یەك جوملە ئەگەر سێ تەڵاقی پێ‌بخەی ئەوە درۆیە؛ چونکی کابرا یەك لەفزی وتووە، وە ئەگەر ئەمە دروست بێ بۆ سێ تەڵاق ئەبێ شەهادەتی لیعانیش بە یەك شەهادەت جێ‌بەجێ ببێ بەم شەرتە لە ئاخری ئەو یەك شەهادەتەوە بڵێت: «چوارجار» وەکوو «ثلاثاً» لە تەڵاقا.

هەروا ئەگەر کابرا یەك سوێند بخوا و لە ئاخرا بڵێ: دە جار ئەوە ئەگەر ئەو سوێندەی کەوت ئەبێ کەفارەتی دە سوێند بدا.

هەروا ئەگەر جارێ کابرا «سبحان اللّٰه» بکا و لە ئاخرا بڵێ: سەد جار ئەبێ بە سەد تەسبیح دابنرێ. وە ئەگەر جارێ بدا لە کابرایێ یا جنێوێکی پێ بدا و لە ئاخرەوە بڵێت: سێ جار ئەبێ بە سێ جار.

ئەم شوبهەیە ئەوەندە بێنرخە ئەگەر لە ترسی گومڕا کردنی ئینسانی زەعیف نەبوایە پێویست بە جواب نەدەبووا!

ئەم خاوەن شوبهانە فەرقیان نەخستووە لە بەینی «إخبار» و «إنشاء» دا و لە «إنشاء»دا فەرقیان نەخستووە لە بەینی ئەو شتانە کە ژمارەیان مەعلووم نەکراوە وەکوو سوێند، وە ئەوانە کە ژمارەیان بۆ دانراوە، وە لەوانە کە ژمارەیان بۆ دانراوە بازێکیان واجب کراوە بە عەینی ژمارە بەکار بهێنرێن وەکوو سوێند لە مەوزووعی کوشتن و توهمەت کە واجبە پەنجا سوێند بێ، یا وەکوو شەهادەی بابی «لیعان» کە واجبە چوار شەهادەی جیا جیا بن، جا پاش ئەوانەیش یا دوعا بە لەعنەت بکا، وە یا دوعا بە نزوولی غەزەب بکا لەسەر ناڕاست، هەموو ئەمە لەبەر دەربڕینی زەجر و تەهدید بۆ ئەو کەسانە کە ئەکەونە ناو ئەو رووداوانەوە. وە بازێکیان بە جوملەیەکی تەنها جێبەجێ ئەکرێ، واتە بە جوملەی «أنت طالق» مەسەلا، ئەتوانێ ئیرادەی یەك تەلاق بکا یا دوو تەلاق، وە ئەگەر ژمارەکەیشی بە زمان بلێت باشترە. هەروا ئینکاح و نەزرو هاووێنەیان؛ وەکوو (مەسەلا) یەکێ دە جار جنێو بدا بە یەکێ و ئەم یەکە بە یەك جار بلێت لەو دە جنێوە ئازاد بە. (بناء علیه) ئەگەر وەلی بە جارێ دوو ژن مارە بکات لە شەخسێ یەکێکیان بە ئەسالەت و یەکێکیان بە وەکالەت دروستە. یاخود سێ کوڕەزای ببن و بیەوێ بە جارێ قەبووڵی نیکاحی ژنیان بۆ بکا دروستە. وە ئەگەر بە یەك جوملە دە دینار نەزر بکا دروستە. وە مادام عەقدی نیکاح بە دەست مێردەوەیە و ژمارەی تەلاق موڵکی ئەوە بۆی دروستە بە جارێ هەرسێ تەلاقەکە بخا یا بە سێ جار یا بە دوو جار. یانی جارێ یەکێ و جارێ دوان. وە ئەمما سوێند ئەوە ئینشایەکی ژمارەی تایبەتی نییە. کەوابێ هەر جوملەیێ بۆ سوێندێك ئیستیعمال ئەکرێ. هەروەها «سبحان اللّٰه» بۆ ئینشای تەقدیسە و ژمارەی دیاری نەکراوە، کەوابێ هەر جوملەیێ بە یەکێ حسێب ئەکرێ، وە ئەگەر

وتی: «سبعين مرة» ئەوە هەر زیادە سەواب بۆ کابرا دائەمەزرێ ئیتر نابێ بە هۆی ئەوە کە بڵێین حەفتا جار «سبحان اللّه»ی کردووە، وەکوو هەموو ئەمانە دەرئەکەون لە «فتح الباري» شەرحی سەحیحی بوخاری تەئلیفی ئیبنوحەجەری عەسقەلانیدا ﷫

پاش باسی دەلیلی موخالیفین بۆ جومهوور و جوابیان. باسی دەلیلی جومهوور لەسەر وقووعی تەڵاقی سەلاسە بە جوملەی واحیدە؛ وەکوو «أنت طالق ثلاثاً» بکەین. جا بزانە چەن دەلیلیان هەیە لەسەر ئەم مەقسوودە:

یەکەم [لە دەلیلەکانی جومهوور]: حەدیسی سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی کە لە سەحیحایە لە واقیعەی لیعانی عوەیمیری عیجلانی و ژنەکەیا. لەو حەدیسەدا ریوایەت ئەکا کاتێ کە کەلیماتی لیعانەکەیان تەواو کرد عوەیمیر عەرزی حەزرەتی کرد: یا رەسوولەڵلا ﷺ ئەگەر ئیتر من ئەم ژنە لەلای خۆم رابگرم بزانە من درۆم بۆ هەڵبەستووە و فەورەن سێ تەڵاقەی ژنەکەی دا لە پێش ئەوەدا کە حەزرەت ئەمری پێ بکا.

ئیبنوشەهاب ئەڵێ: ئەم جیابوونەوەی ژن و پیاوە بوو بە یاسای ئەوانە کە لیعان ئەکەن. ئیمامی جەلیل موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری ئەم حەدیسەی ریوایەت کردووە لە ژێر عینوانی «باب من جوز الطلاق الثلاث» وە رێگەی ئیستیدلال بەم حەدیسە ئەمەیە کە عوەیمیر لە یەك کەلیمەدا سێ تەڵاقەی ژنەکەی دا و حەزرەت ﷺ حازر بوو و بیستی و ئینکاری نەکرد وا بوو بە تەقریر لە لایەنی حەزرەتەوە ﷺ و بوو بە مەشرووع لە دینی ئیسلاما.

موخالیفەکان ئەڵێن: بە نەفسی لیعان کردنەکە زەوجەین لە یەك حەرام بوون کەوابێ ئەو تەڵاقدانە وەکوو تەڵاقدانی ژنی بێگانەیە، تەئسیری نییە بۆیە حەزرەت ﷺ ئینکاری نەکرد.

جومهوور جوابیان داوەتەوە کە ئیستیدلال بەم حەدیسە لەم ڕێگەیەوەیە کە حەزرەت ئینکاری سێ‌تەڵاقە خستن بە یەك کەلیمەی نەکردووە، ئەگەر جەمع مەمنووع بوایە ئینکاری ئەکرد هەرچەن بە نەفسی لیعانە کە لە یەك جیا ببنەوە.

بێجگە لەوە کێ ئەڵێ: بە نەفسی لیعان فیراق پەیدا ئەبێ بە بێ تەفریقی حاکم؟ ئەمە نە کیتاب و نە سوننەت و نە ئیجماع ئەمەی ئیفادە نەکردووە، بەڵکوو ئیمامەکان ئیختیلافیان هەیە تیایا؛ بازێکیان وەکوو مالیك و ئەحمەد لە ڕیوایەتێکا و شافیعی ئەفەرموون: بە نەفسی لیعانی زەوجەین فیراق پەیدا ئەبێ. وە سەحنوون ـ لە ئەسحابی مالیك ـ ئەڵێ: فیراق پەیدا ئەبێ بە ڕزگار بوونی زەوج لە کەلیماتەکەی. وە ئیمامی ئەبووحەنیفە ئەفەرموێت: فیراق لە بەینی زەوجەینا نابێ هەتا حاکمی شەرع تەفریقیان ئەکا، وە ئیستیدلالی کردووە بەوە کە لە ڕووداوەکانی لیعانا حەزرەت ﷺ تەفریقی کردووە لە بەینی زەوج و زەوجەدا.

وە جومهوور ئیستیدلالیان کردووە لەسەر ئەوە کە لیعان خۆی نابێ بە هۆی جیا بوونەوەی «متلاعنين» هەتا حوکم نەکرێ بە جیا بوونەوەیان لە لایەنی حاکمی شەرعەوە بە زاهیری ئەوەی کە واقیع بووە لە ئەحادیسی لیعانا. تەماشا بکە ئیمامی بوخاری رحمه الله ڕیوایەتی کردووە لە «الجامع الصحيح»دا لە ئیبنوعومەرەوە رضي الله عنهما کە حەزرەت ﷺ جیایی خستە بەینی پیاو و ژنێ کە پیاوەکەی قەزفی کردبوو، وە حەزرەت ئەیمانی لیعانی بە ژنەکەیش تەواو کرد.

هەروا بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە «الجامع الصحيح»دا لە ئیبنوعومەرەوە لە ڕێگەیێ‌ترەوە: کە حەزرەت ﷺ لیعانی کرد لە بەینی پیاو و ژنێکی ئەنسارییا و لە یەکی جیا کردنەوە.

وەلحاسڵ دەرئەکەوێ لەم ڕیوایەتە و لە گەلێ ڕیوایاتی‌تریشەوە کە حەزرەت لە پاش لیعانی زەوجەین تەفریقی کردووە لە بەینیانا، وەکوو واقیع بووە لە حەدیسی

ئەبووداوودا لە ڕێگەی عەیازی کوڕی عەبدوڵڵای فەهرییەوە لە ئیبنوشەهاب لە سەهلی کوڕی سەعدەوە ئەڵێ: «فطلقها ثلاث تطليقات عند رسول الله ﷺ فانفده رسول الله ﷺ و كان ما صنع عند رسول الله ﷺ سنة».

دووەم لە دەلیلەکانی جومهوور لەسەر کەوتنی سێ‌تەڵاقە بە یەك لەفز: حەدیسی حەزرەتی عائیشەیە ﵂ لە واقیعەی ڕەفاعەی قەرەزی و ژنەکەیا، عائیشە ﵂ ڕیوایەتی کردووە کە ژنەکە هات وتی: «يا رسول الله إن رفاعة طلقني فبت طلاقي» وە ئەم حەدیسە بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ژێر عینوانی پێشوودا. ئێستە لەفزی ئەو ژنە کە ئەڵێ: «فبت طلاقي» زاهیرە لەوەدا کە ڕەفاعە پێی وتبێ: «أنت طالق ألبتة» بەڵام بازێ لە زاناکان وتوویانە: ئەم حەدیسە نابێ بە دەلیل لەبەر ئەوە ئیحتیمالی هەیە کە مەبەستی لە جوملەی «فبت طلاقي» ئەمەبێ کە ئاخر تەڵاقی دابێ.

سێهەم لە دەلیلەکا[ی جومهوور] ئەوەیە کە: عائیشە (أم المؤمنين) ﵂ ڕیوایەتی کردووە و بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە ژێر عینوانی پێشوودا: کە پیاوێ ژنەکەی بە سێ‌تەڵاقە تەڵاق دا، جا شووی کرد بە کابرایێ و ئەویش تەڵاقی دا، جا پرسیار کرا لە حەزرەت ﷺ: ئایا ئەم ژنە ڕەوایە شوو بکاتەوە بە مێردی ئەووەڵ؟ حەزرەت فەرمووی: «لا، حتى يذوق عسيلتها كما ذاق الأول».

بازێ کەس ئیعتیرازی گرتووە کە ئەم ڕیوایەتە عەینی ڕیوایەتی پێشووە! وە جواب دراوەتەوە بەوە کە ئەم واقیعە غەیری واقیعەی سابیقە، وەکوو ئیبنوحەجەری عەسقەلانی فەرموویەتی: «وهذا الحديث إن كان محفوظاً فالواضح من سياقه أنها قصة أخرى و إن كلاً من رفاعة القرضي و رفاعة النضري وقع له مع زوجة له طلاق، فتزوج كلاً منهما عبدالرحمن بن الزبير فطلقها قبل أن يمسها، فالحكم في قصتهما متحد مع تغاير الأشخاص و بهذا يتبين خطأ من وحد بينهما ظناً أن رفاعة بن سمؤل هو رفاعة بن وهب.» انتهى

چوارەم لە دەلیلەکانی جومهوور ئەو حەدیسەیە کە نەسائی ریوایەتی کردووە لە مەحموودی کوڕی لەبید ئەڵێ: «أخبر النبي ﷺ عن رجل طلق امرأته ثلاث تطليقات جميعاً، فقام مغضباً، فقال: أيلعب بكتاب الله و أنا بين أظهركم؟!». ڕێگەی ئیستیدلال لەم حەدیسەدا ئەمەیە کابرای ژن تەڵاقدەر باوەڕی وابووە کە هەرسێ تەڵاقی کەوتووە. دەی ئەگەر ئەو سێ‌تەڵاقە نەکەوتایە حەزرەت ڕووناکی ئەکردەوە کە ئەم سێ‌تەڵاقە ناکەوێ؛ چونکە حەزرەت ﷺ تەئخیری بەیان ناکا لە کاتی پێویست.

وە ئیبنوکەسیر لەم حەدیسی مەحموودەدا ئەڵێ: ئیسنادەکەی باشە. وە ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە «بلوغ المرام»دا ئەڵێ: راویانی ئەم حەدیسە جێگەی بڕوان. وە لە «فتح الباري» دا ئەڵێ: راوییەکانی باوەڕپێکراون.

ئەگەر کەسێ بڵێ: غەزەبگرتن و زویر بوونی حەزرەت ﷺ و تەسریح کردنی بەمە کە ئەو گردکردنەوەی سێ‌تەڵاقە لە یەك کەلیمەدا گاڵتە کردنە بە «کتاب الله» دەلیلە لەسەر ئەوە کە ئەو تەڵاقانە ناکەون. ئەڵێین لە جوابی ئەم پرسیارەدا: بوونی شتێ بە مەمنووع و ناهەموار لە ئەووەڵەوە مونافی نییە بۆ ئەوە کە لە ئەنجاما ئیعتیباری پێ بکرێ، بە دەلیلی ئەوە لە ئیبنوعومەرەوە ریوایەت کراوە: فەرموویەتی بە کەسێ کە پرسیاری لێ کردووە لەم هۆوە: «وإن كنت طلقتها ثلاثاً فقد حرمت عليك حتى تنكح زوجاً غيرك، وعصيت الله في ما أمرك به من طلاق امرأتك».

وە بە تایبەتی حاکم ئەفەرموێت: ئەم فەرموودەی ئیبنوعومەرە مەوقووف نییە لەسەر خۆی، بەڵکوو مەرفووعە بۆ لای حەزرەت ﷺ. وە «دارقطني» ئەم حەدیسەی بەرز کردووەتەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ کە حەزرەت فەرموویەتی: «وان كنت طلقتها ثلاثاً كانت تبين منك وتكون معصية».

وە ئەمانە بەهێز ئەکا ئەوەی ریوایەت کراوە لە نەفسی ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما بە ئیسنادی سەحیح کە فەرموویەتی بە پیاوێ کە ژنەکەی بە جارێ سێ‌تەڵاقە داوە: «إنك لم تتق الله فيجعل لك مخرجاً! عصيت ربك و بانت منك امرأتك». وەلحاسڵ کابرا کە بە جارێ سێ‌تەڵاقەی داوە گوناحی کردووە و موناسب بۆ تاوانبارە غەزەب و عاجز بوونی حەزرەت ﷺ وە تەشدید کردنە لەسەری بە کەوتنی تەڵاقەکانی نەك تەخفیف و بار سووك کردنی بە نەکەوتنی تەڵاقەکانی.

پێنجەم لە دەلیلەکانی جومهوور لەسەر کەوتنی سێ‌تەڵاقە بە یەك لەفز: ئەو حەدیسەیە کە «دارقطني» ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعومەرەوە رضي الله عنهما کە عەرزی حەزرەتی کرد فەرمووی: «أرأيت لو طلقتها ثلاثاً أكان يحل لي أن اراجعها؟ قال: لا، كانت تبين منك وتكون معصية. وفي إسناده عطاء الخراساني وهو مختلف فيه وقد وثقه الترمذي».

خاوەنی تەفسیری «أضواء البيان» ئەفەرموێت: عەتای خوراسانی لەو ئیمامانەیە کە موسلیم لە سەحیحەکەیا ریوایەتی لێ کردووە.

وە ئەم ریوایەتی عەتا بەهێز ئەبێ بەو حەدیسی سەهلی کوڕی سەعدە کە رابورد، وە بەوە کە ئیمامی بەیهەقی ریوایەتی کردووە لە ئیمامی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە رضي الله عنهما وە لە پاش ناوبردنی راوییەکان ئەڵێ: عائیشە ناوی خەسعەمەیە حەرەمی حەزرەتی حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی بوو، کاتێ کە حەزرەتی عەلی رضي الله عنه شەهید کرا عائیشە عەرزی کرد: خەلافەت و جێگەداری عەلی موبارەکت بێ. ئەویش زۆر دڵگران بوو، فەرمووی: بە شەهید بوونی عەلی تۆ ئاوا خۆشحاڵی دەرئەخەی؟ وە موبارەکبایی من ئەکەی بە خەلافەت؟ «اذهبي فأنت طالق (يعني ثلاثاً)» عائیشە دوورکەوتەوە بۆ مەنزڵی خۆی و خۆی داپۆشی و مایەوە هەتا ماوەی عیددەی تەواو بوو، جا حەزرەتی حەسەن باقیاتی مارەییەکەی هەرچەن بوو بۆی

نارد لەگەڵ دەهەزاریش بە سەدەقە و ئیحسان، کە پارەکەیان بۆ دانا عائیشە وتی: «قالت: متاع قليل من حبيب مفارق» کاتێ ئەم قسەی عائیشە گەیشت بە حەزرەتی حەسەن گریا و فەرمووی: «لولا أني سمعت جدي، أو حدثني أبي سمع جدي يقول: أيما رجل طلق امرأته ثلاثاً عند الأقراء أو ثلاثاً مبهمة لم تحل له حتى تنكح زوجاً غيره، لراجعتها».

شەشەم لە دەلیلەکانی جومهوور: ئەو حەدیسەیە کە عەبدورڕەزاق لە کتێبەکەی خۆیا ریوایەتی کردووە لە عوبادەی کوڕی سامیتەوە ئەڵێ: «طلق جدي امرأة له ألف تطليقة. فانطلق إلى رسول الله ﷺ فذكرله ذلك، فقال النبي ﷺ: ما أتق الله جدك، أما ثلاث فله، و أما تسعمائة وسبع وتسعون فعدوان و ظلم إن شاءالله عذبه و إن شاء غفر له. و في رواية: إن أباك لم يتق الله فيجعل له مخرجاً بانت منه بثلاث على غير السنة و تسعمائة و سبع وتسعون إثم في عنقه».

وە ریوایەتی ئەم حەدیسەی کردووە بەعزێ موحەدیسین لە «صدقة ابن أبيعمران عن إبراهيم بن عبدالله ابن عبادة بن الصامت عن أبيه عن جده».

حەوتەم لە دەلیلەکانی جومهوور: ئەو حەدیسەیە کە ئیبنوماجە ریوایەتی کردووە لە شیعبی ئەڵێت: وتم بە فاتیمەی کچی قەیس باسی تەڵاقی خۆتم بۆ بگێڕەوە! وتی: مێردەکەم سێ‌تەڵاقەی دام لە کاتێکا ئەڕۆیشت بۆ وڵاتی یەمەن، وە حەزرەت ﷺ رای بوارد و تەنفیزی کرد.

هەشتەم لە دەلیلەکانی جومهوور ئەوەیە: کە ئەبوداوود و دارەقوتنی ریوایەتیان کردووە کە رەکانە کوڕی عەبدوڵڵا، ـ زاهیر وایە مەبەست لە عەبدوڵڵا عەبدویەزیدە کە ناوی زەمانی جاهیلی بووە و حەزرەت ﷺ گۆڕیویەتی بە عەبدوڵڵاـ «سهیمە» ناوی ژنی تەڵاق دا بە لەفزی «ألبتة» واتە پێی وت: «أنت طالق ألبتة». جا عەرزی حەزرەتی ﷺ کرد ئەویش فەرمووی: مەبەستت لە «ألبتة» چی بوو؟ عەرزی کرد:

قەسدی یەك تەلاق نەبێ هیچ مەبەستم نەبوو، ئەویش سوێندی دا کە غەیری یەك تەلاق هیچ مەبەستم نەبووە. وە حەزرەت ﷺ ژنەکەی پێدایەوە و جاری دووەم تەلاقی دا لە زەمانی عومەرا، وە جاری سێهەم لە زەمانی عوسماندا تەلاقی دا.

ئەم حەدیسە لەلای ئەبووداوود و ئیبنوحیببان و حاکم ئیسنادەکەی سەحیحە و شەوکانی ئەڵێ: ئیبنوکەسیر فەرموویەتی: ئەبووداوود لە ڕێگەیەکی تریشەوە ریوایەتی کردووە و چەن ڕێگەی تریش هەیە بۆ ریوایەتی، کەوابێ «إن‌شاءاللّه» پایەی حوسنی هەیە.

ئەم حەدیسی ڕەکانە نەسە بۆ ئەم مەوزووعە؛ چونکی «ألبتة» هەرچەن لە یاسای ئەو ڕۆژەدا لە باتی سێ‌تەلاقە ئیستیعمال کراوە بەڵام لە واقیعدا کینایەیە لە عەدەدا و دەست ئەدا بۆ یەك دوو وە سێ‌تەلاقە، جا ئەگەر سێ تەلاقە بە یەك تەلاق بکەوتایێ حەزرەت ﷺ سوێندی ڕەکانەی نەئەدا؛ چونکی فائیدەی ئەو سوێندە ئەوەیە کە تەلاقەکەی ببێ بە یەك تەلاق، ئەگەرنا سێ تەلاقەی ئەکەوت.

دەلیلی نۆهەم لە دەلیلەکانی جومهوور: ئەو حەدیسەیە کە دارەقوتنی ریوایەتی کردووە لە حەمادی کوڕی زەیدەوە ئەڵێ: «حدثنا عبدالعزیز ابن صهیب عن أنس قال: سمعت أنس بن مالك یقول: سمعت معاذ بن جبل یقول: سمعت رسول اللّه ﷺ یقول: یا معاذ من طلق للبدعة واحدة أو اثنتین أو ثلاثاً ألزمناه بدعته» واتە: ئەی مەعاز هەرکەسێ تەلاقی ژنی خۆی بدا بە تەلاقی بیدعی یەك تەلاق یا دوو تەلاق یا سێ تەلاق، تەلاقەکەی ئەخەین.

جا ئەم حەدیسانە بازێکیان ئیسنادەکەیان سەحیحە بە بێ خیلاف، وە بازێکیان سەحیحە لای بازێ موحەدیسین، وە حەسەنە لەلای بازێ‌تریان. وە بازێکیان قسە هەیە لە ئیسنادەکەیانا بەڵام ئەوەندە ڕێگەیان زۆرە یەك هێز ئەدا بە یەك و بە کۆمەڵەیی بۆ ئیستیدلال زۆر موناسبن و ئیستیدلالیان پێ ئەکرێ.

وە ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا فەرموویەتی: جومهوور ئیستیدلالیان کردووە بە ئایەتی: ﴿ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه لاتدري لعل الله يحدث بعد ذلك أمراً﴾. ئایەتی یەك لە سوورەی تەڵاق. فەرموویانە: مەعنای وایە کە ژن‌تەڵاقدەر وا ئەبێ پەشیمان ئەبێتەوە و مومکینیش نابێ تەدارەکی ئیشەکەی بکا و ژنەکەی بهێنێتەوە، جا ئەگەر سێ‌تەڵاقە نەکەوتایە ئیللا بە تەڵاقێکی ریجعی کابرا پەشیمان نەدەبووەوە لەبەر ئەوە کە مەجالی ریجعەی ئەبوو.

خاوەنی تەفسیری «أضواء البيان»ﷺ ئەڵێ: وە لەوانەیە کە تەئییدی ئەم ئیستیدلالە قورئانییە ئەکا ئەوەی کە ئەبوداوود بە ئیسنادێکی سەحیح لە رێگەی موجاهیدەوە ریوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: لە حوزووری ئیبنوعەباسا بووم رضي الله عنهما پیاوێ هات بۆ لای وتی: «یا ابن‌عباس طلقت امرأتي ثلاثاً». لەویا ئیبنوعەباس جوابی نەدایەوە هەتا گومانم برد کە ژنەکەی پێ ئەداتەوە، جا فەرمووی: «ينطلق أحدكم فيركب الأحموقة، ثم يقول: يا ابن‌عباس. إن الله قال: ﴿ومن يتق الله يجعل له مخرجاً﴾[1] و إنك لم تتق الله، فلا أجد لك مخرجاً: عصيت ربك و بانت منك امرأتك».

واتە یەکێکتان ئەچێ سواری سەفاهەت ئەبێ لە پاشا ئەڵێ: «یا ابن‌عباس»! خودا فەرموویەتی: هەرکەسێ لە خودا بترسێ خودا لە تەنگانەدا دەرووی بۆ ئەکاتەوە. وە بە راستی تۆ لە خودا نەترساوی و من هیچ دەروویێ بۆ تۆ نابینم: نافەرمانی خودای خۆتت کردووە لەوەدا ژنەکەت بە سێ‌تەڵاقە تەڵاق داوە، وە ژنەکەت جیابووەتەوە لێت بە جیابوونەوەی بەینوونە.

وە ئەبوداوود لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما چەن «موتابەعاتێ» واتە چەن ریوایەتێکی موناسبی ئەم ریوایەتەی گێڕاوەتەوە. وە ئەم عیبارەتی ئیبنوعەباسە تەفسیرە بۆ ئایەتی:

---

١. الطلاق؛ ٢.

﴿ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه﴾: وە هەرکەسێ تەقوای خودا بکا و سێ تەڵاقەکانی لەیەك کەلیمەدا گرد نەکاتەوە ئەوە خودا دەرووی ئەداتێ بە هۆی گێڕانەوەی ژنەکەی تا دوو جار، وە هەرکەسێ تەقوای خودا نەکا دەرووی نییە؛ چونکی ژنەکەی بائینە ئەبێتەوە بە بەینوونەی کوبرا.

ئەمەیە مەعنای کەلامەکەی ئیبنوعەباس بە نەوعێ کە ئیحتیمالی غەیری ئەمەی نییە. وە ئەم تەفسیر و بەیانە زۆر بەهێزە بۆ ئەم مەحەللی نیزاعە؛ چونکی ئیبنوعەباس موفەسسیری قورئانە و حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «اللّهم علمه التأويل» وە لەسەر ئەم بیر و باوەڕەیە کە سێ تەڵاقە بەیەك کەلیمە سێ تەڵاقەکە واقیع ئەکا. وە زۆربەی ئەسحاب و زۆربەی عولەمای موجتەهیدین، کە چوار ئیمامەن، لەوانەن و خەڵکێکی زۆر نەقڵی ئیجماعیان کردووە لە ئەسحابەوە لەسەر ئەمە؛ چونکی کاتێ حەزرەتی عومەر حوکمی کرد بەم قەزییە ئەکابیری ئەسحابەی پێغەمبەر ﷺ وەکوو عوسمان و عەلی و گەورەکانی موهاجیرین و ئەنسار ئاگادار بوون و کەس نەبوو کە موخالەفەی عومەر دەربڕێ لەم مەسئەلەدا، وە ئەوانیش ئەوانەن کە موباشەرەتەن خیتابیان لێکراوە لە لایەنی خوداوە بە (خير الأمة) و بە عینوانی موهاجیر و ئەنسار خودا ئیعلانی ڕەزامەندی خۆی لێ کردوون و حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «و إن من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين، عضوا عليها بالنواجذ». وە بە دەلیلی ئەو حەدیسە کە ئەبووداوود بە ئیسنادی سەحیح ڕیوایەتی کرد ئیبنوعەباسیش رضي الله عنهما لە کەوتنی سێ تەڵاقە بەیەك کەلیمە موافیقی حەزرەتی عومەر بووە، وە ئەم قەزییە بووە بە «ئیجماعی سکووتی»؛ چونکی هیچ سەحابەیەك ئیزهاری موخالەفەی نەکردووە و موخالەفەی ئەوان موخالەفەی ئیجماعە.

وە حاسڵی خۆڵاسەی ئەم مەسئەلە ئەمەیە کە قسە لێرەدا لە سێ جانیبەوەیە:

یەکەم: جانیبی نەسی قەولی یا فیعلی سەریح لەلایەنی حەزرەتەوە ﷺ. دووەم: بە سیناعەی عیلمی حەدیس. سێهەم: فەرموودەی ئەهلی عیلم و ئیجتیهادە.

ئەمما جانیبی نەس لەلایەنی حەزرەتەوە ﷺ: بە قەتعی سابت نەبووە نە لە فەرموودە و نە لە کردەوەی حەزرەت کە بڕیاری دابێ لە مادەیەکدا سێ تەڵاقە بە یەك حسێب بکا، وە بەهێزترین رووداو قەزییەی رەکانە بوو کە دەرکەوت بە لەفزی «ألبتة» بووە و حەزرەت ﷺ سوێندی دا کە لەیەك تەڵاق زیاتری قەسد نەکردووە، ئەگەر لە یەك تەڵاق زیاتر نەکەوتایە چلۆن حەزرەت ﷺ سوێندی ئەدا؟ وە سوودی ئەو سوێندە چی ئەبوو؟ وە ئەگەر فەرموودەیێ یا حوکمێ ببوایە لەسەر داوای موخالیف چۆن حەزرەتی عومەر بە بێ دەلیلی شەرعی موخالەفەی حەزرەتی ئەکرد؟ وە یا چۆن لە ناو کۆڕی گەورەکانی موهاجیرین و ئەنساردا ئەتوانێ موخالەفە بکا؟ وە چلۆن لێی قەبووڵ ئەکرێ لە ناو ئەو ئەسحابە عالمانە و لە ناو ئەو کۆمەڵە پاکانە وە لە ناو ئەو پاڵەوانانی دینە کە رۆح و ماڵیان سەرف کرد بۆ ئیسلام!

وە ئەمما لە جانیبی بیر و باوەڕی ئیمامانی موجتەهیدینەوە: ئەوە بە ئیتتیفاق لە پێش دەرکەوتنی ئەهوای نەفس و بیدعەتا هەموو بە ئیتتیفاق حوکمیان کردووە بە کەوتنی سێ تەڵاقە. مالیك و ئەبووحەنیفە و شافیعی و ئەحمەد رضي الله عنهم. جا پاش دامەزرانی ئیتتیفاق ئیتر موخالەفەی کەس زیان نادا.

وە ئەمما لە جانیبی عیلمی حەدیس و ریعایەتی ئوسوول: بەهێزترینی ئەحادیس لەوانە کە موخالیف ئیستیدلالی پێ کردوون حەدیسی تاوس بوو لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما وە باش تەماشای ئەو جوابانەتان کرد کە موحەددیسین رەددی ئیستیدلالەکەیان پێ کردووەتەوە.

کەوابێ حەق هەر ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلام و عولەمای ئەعلام دەوامیان لەسەر کردووە، وە واجبە لەسەر ئێمەیش بکەوینە شوێن ئەوان. «فإن الاقتداء بالكرام كرامة. و خير الكرامة في الاستقامة. نسأل الله الاستقامة على الحق إلى أن نلقى رب العالمين».

﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا مِمَّا ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا﴾

واتە: ئەی موسوڵمانانی خاوەن ژن ڕەوا نییە و دروست نییە لە دەستووری ئیسلاما بۆ ئێوە کە وەربگرن لە ژنەکانتان ئەندازەیێ لەوەی پێتان داون لە مارەیی و ماڵی دنیا، لەبەر ئەوە ئەوەی پێتان داون بە بەخشش بووە و بووە بە ماڵی ئەوان و ئەو مارەییە کە وەریانگرتووە لێتان لەبری لەزەت وەرگرتنی ئێوە بووە لەچوونەلایان و هەر وەکوو ئێوە بوون بە خاوەن بارە و لەزەتتان وەرگرتووە لەوان ئەوانیش بوون بە خاوەنی ئەو ماڵە.

﴿إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾

مەگەر کاتێ کە ترسی ئەوەتان ببێ کە حوقووقی خودا بەجێ نەیەنن بەرابەر بەیەك، واتە ژنەکان ئارەزوویان لە مانەوە لەگەڵتانا نەبێ و بەم هۆوە دەست بکەن بە نافەرمانی و لادان لە یاسای شەرع لە ژن و مێردیدا.

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾

جا ئەگەر ترستان بوو لەوە کە حوقووقی خودا بەجێ نەهێنن لە کاتێکا بەیەکەوە بن.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ﴾

ئەوە لەو کاتەدا گوناح نییە لەسەر کابرای خاوەن ژن لە وەرگرتنی ئەو ماڵەدا کە ژنەکەی ئەیدا پێی لەباتی بەرەڵلا کردنیا. وە گوناحیش نییە لەسەر ژنەکە ئەو ماڵە بدا بە مێردەکەی هەتا زیاتر گیرۆدەی نافەرمانی خودا نەبن.

﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾

ئەم فەرمانانە باسم کردن بۆتان فەرمانی خودای تەعالان لە سنووری ئەوانە لانەدەن و لە خەتیان دەرنەچن.

﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٢٢٩)﴾

وە هەرکەسێ لە سنووری فەرمانەکانی خودا لابدا و موخالەفەیان بکا ئەوە بە راستی ئەو کەسانە غەدار و ناپەسەندن لە لای خودا.

لێرەدا چەن قسەیێ هەیە:

یەکەم: بە زاهیری ئەم ئایەتە دروست نییە تۆڵە وەرگرتنی پیاو لە ژن و ماڵدانی ژنیش لەم هۆوە مەگەر لە کاتی بیمی لادان لە حوقووقی خودا و فەرمودەی حەزرەتیش تەئیدی ئەمە ئەکا، کە فەرموویەتی: هەر ژنێ داوای تەڵاق بکا لە مێردەکەی بە بێ بەهانەیەکی شەرعی راست ئەوە بێنی بەهەشت ناکا.

بەڵام جومهووری زاناکان ئەو جیا بوونەوەیانە بە «مەکرووه» داناوە نەك بە حەرام، وە ئەگەر رووی دا تەنفیزیان کردووە؛ چونکە مەنع و نەهی لە عەقد دەلالەت ناکا لەسەر فەسادی ئەو عەقدە. «مع العلم» هەرچەن ئەو جۆرە بەهانەیشە هەبێ بۆ جیابووەنەوەیان لەیەك ئەگەر ئەو جیابوونەوە ببێ بە هۆی زیاندان لە ژیانی منداڵیان، وە یا ببێ بە هۆی ئاشووب لە ناودا ئەوە ئەبێ بە هۆی تاوانباری بۆ ژن و پیاوەکە، بە تایبەتی بۆ ئەوەیان کە زۆرتر ئەبێ بە هۆی جیابوونەوەکە.

وە بازێ لە زاناکان ئەڵێن: لەبەر ئەوە ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە شانی حەبیبەی کچی سەهلی ئەنساری و سابتی کوڕی قەیسدا، وە حەبیبە ئەوەندە رقی لە سابت بوو ترسی ئەوەی هەبوو لە مانەوەیا لەلای گیرۆدەی تاوان ببێ. ئەم ئایەتە مەفهوومی

موخالەفەی نییە. واتە ئەوە ناگەیەنێ ئەگەر ترسی نافەرمانی خودایان نەبوو ئەوە جیابوونەوەکە گوناحە، وە بە هەرحاڵ کە هەردوولایان بڕیاری جیابوونەوەیان دا لە بەرانبەری ماڵەوە دروستە بۆیان.

دووهەم: ئەم نەوعە جیابوونەوەیە مەشهوورە بە «خولع» واتە جیابوونەوەی ژن و مێرد بە عیوەز. وە لە زاهیری ئایەتەکەدا لەسەر هەر ئەندازەیێ لە ماڵ بێ بە دڵخوازی هەردوولایان دروستە، هەرچەند لە کەرامەتی خۆی کابرایە کە میقداری مارەیی ژنەکەی زیاتر نەبێ.

سێهەم: لەسەر ئەو مەعنایە بەیانمان کرد خیتابی ﴿ولا يحل لكم﴾ بۆ ئەو مێردانەیە کە ژن تەڵاق ئەدەن، وە لادان لە خیتابەوە بۆ غائیب لە جوملەی ﴿إلا أن يخافا﴾، وە لە غائیبەوە بۆ موخاتەب لە جوملەی ﴿فإن خفتم﴾دا لەسەر یاسای ئیلتیفاتە وە تەعبیر بە جەمع و بە تەسنییە لەبەر تەماشاکردنی دامەزراندنی یاسا، وە تەماشای ئەو دوو کەسەیە کە خولعەکە بەجێ دێنن، واتە لە تەماشاکردنی یاسای خولع لە ناو موسوڵمانانا بە سیغەی جەمع خیتاب ئەکا، وە لە تەماشا کردنی ئەو دوو کەسەدا کە خولعەکە بەجێدێنن بە شێوەی تەسنییە تەعبیرئەداتەوە.

جا پاش باسکردنی تەڵاقی ژن لە موقابیلی ماڵەوە بۆ ئیفادەی ئەوە کە تەڵاق وەکوو بەخۆڕایی و لە موقابیلی ماڵیشەوە ئەبێ خودای تەعالا رووی کردەوە بەیانی ژمارەی تەڵاق و فەرمووی:

﴿ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥ ﴾

واتە ئەگەر لە پاش ئەو دوو تەڵاقە کە باسمان کردن ئەگەر مێردی ژنەکە جارێکی سێهەم ژنەکەی تەڵاق دا ـ خواه بەخۆڕایی بێ یا لەسەر ماڵ بێ ـ ئەوە ئیتر ئەو ژنە حەڵاڵ نابێتەوە بۆ ئەو کەسەو دروست نییە بگەڕێتەوە بۆ لای هەتا شوو ئەکا

بە مێردێکیتر غەیری مێردی پێشووی و ئەو مێردە دووهەمە ئەڕواتە لای ژنەکە و لەزەت لەیەك وەرئەگرن.

وە سیرڕی ئەم وەزعە ئەمەیە کە ئایینی ئیسلام داوای ئەوە ئەکا ژن و مێرد بە یەکەوە بەخۆشی و بەحورمەتەوە بە بێ ئاژاوە بژین هەتا ئەگەر نەتەوەیێ لەو پیاو و ژنە پەیدابوو لە ناو خانەدانێکی بە خۆشی و ئاوەدانا بژین و فێری زانست و خوو و رەوشتی بەرز ببن، وە بۆ رێخستنی خانەدانی وەها خودا رازی نییە هەتا هەتایە کابرا ژنەکەی تەڵاق بدا و بیهێنێتەوە و هەروا ئاژاوە دەوام بکا، بەڵکوو ئەم ئاژاوە تا دوو جار چاوپۆشی لێ ئەکرێ و لە جاری سێهەما ئەو ژنەی لێ حەرام ئەکرێ هەتا ئەبێ بەژنی پیاوێکیتر و حورمەتی ئەو مێردە پێشووە ئەشکێ بۆ ئەوە عیبرەت بگرێ و جارێکیتر ئەم ئاشووبە تازە نەبێتەوە.

ئەگەر کەسێ بڵێ: لە پێشەوە باسی تەڵاقی سێهەم لە کەلیمەی ﴿أو تسريح بإحسان﴾ دا کرا. «بناء عليه»، ﴿فإن طلقها﴾ ئەبێ بە تەڵاقی چوارەم، ئەمەیش مەردوودە! لە وەڵاما ئەڵێین: کەلیمەی ﴿أو تسريح بإحسان﴾ بۆ بەرەڵاکردنی ژنەکە بوو بە تەڵاقی دووهەم، وەکوو باسمان کرد. وە ئەگەر مەبەست لەوە تەڵاقی سێهەم بێ ئەوە تەڵاقی سێهەمە لە تەقدیرا و تەسویرا، وە جوملەی: ﴿فإن طلقها﴾ بۆ بەیانی تەڵاقی سێهەمە لە تەحقیق و بەجێهێنان. واتە: مەعنای ئایەتەکە وا ئەبێ کە: تەڵاقێ گەڕانەوەی لە پاشەوە ببێ دوو جارە، ئیتر پاش ئەم دووجارە تەڵاقە یا: راگرتنێکی پیاوانەی بۆ هەیە، وە یا تەڵاقێکی سێهەمی بۆ هەیە بیدا.

جا ئەگەر ئەو تەڵاقە سێهەمەی تەحقیق کرد و هێنایە جێ، یانی تەڵاقەکەی لە جاری سێهەما دا ئیتر ئەو ژنەی بۆ حەڵاڵ نابێ هەتا شوو ئەکا بە مێردێکیتر. وە بەم تەقریرە تەڵاق هەر سێ جار ئەبێ و نابێ بە چوار. وە جوملەی: ﴿فإن خفتم ألا يقيما حدود الله﴾ بۆ بەیانی ئەوەیە ئەو تەڵاقانە کە بە دەستی پیاون و بە جێگەیان

دێنێ، وەکوو ئەتوانێ بەخۆڕایی بە جێگەیان بێنێ ئەیشتوانێ لەسەر ماڵ بێ و ئیتر عەلاقەی بە زیاد کردنی تەڵاقەوە نییە.

﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ﴾

جا ئەگەر ئەم مێردی دووهەمە لە پاش ئەوە کە ئەو ژنەی بە مارەبڕینێکی شەرعی مارەکرد و ڕۆیشتەلای هات و بە ئارەزووی خۆی ئەو ژنەی تەڵاق دا بە تەڵاقی بائین لە موقابیلی ماڵەوە، وە یا بە تەڵاقی خۆڕایی، وە ئەو ژنە ماوەی عیددەی لەم تەڵاقەوە بەسەردا رابورد، ئەوە گوناح و تاوان ناکەوێتە سەریان لەوەدا بکەونەوە یەك و مێردی یەکەم ئەو ژنە مارەبکاتەوە.

﴿إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾

ئەگەر باوەڕی بەهێزیان وابوو کە پاش ئەم یەك گرتنەیان یاسای فەرمانی خودا لە ژن و مێردیدا بەجێ دێنن و بە یاسای شەرع بە یەکەوە رائەبوێرن. وە ئەگەر باوەڕیان وابوو کە پاش ئەم جارەیش هەر ئاشووب و فیتنە ئەنێنەوە ئەوە لە ئیقدامیان لەسەر ئەم مارەبڕینە تازەیە تاوانبار ئەبن هەرچەن نیکاحەکە بە زاهیری شەرع دروست بێ؛ چونکی ئینسان هەر ئیشێ بکا لەسەر باوەڕی پەیدا بوونی ڕووداوی نابار، ئەوە تاوانبار ئەبێ.

﴿وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾

ئەم ئەحکامە کە بەیانمان کردن یاسای دینی خودان.

﴿يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٢٣٠﴾﴾

خودا ڕۆشنیان ئەکاتەوە بۆ کۆمەڵە ئینسانێ کە لە یاسای خودا تێبگەن و ڕەفتاری پێ بکەن.

جا لەبەر ئەوە کە ئینسانی ئەو چەرخە خوویان گرتبوو بەوەوە کە بەدرێژی ڕۆژگار هەرکاتێ ڕقیان داهات لە ژنەکانیان تەڵاقیان بدەن و لە پێش تەواو بوونی ماوەی عیددەیانا بیانهێننەوە و ئەم خووە ناشیرینە لە دەماخیانا دامەزرابوو و بە ئاسانی لەسەریان دەرنەدەچوو، خودای تەعالا بۆ تەئکیدی فەرمانە پێشووەکەی دووبارە فەرمووی:

﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾

کاتێ ژنەکانتان تەڵاق دا و نزیك بوونەوە لە ئاخری ماوەی عیددەیان.

﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾

ئەو ژنانە بهێننەوە بۆ لای خۆتان و ڕایان بگرن لەسەر یاسای ناسراوی ئایینی ئیسلام.

﴿أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍۚ﴾

یا وەکوو بەرەڵاتان کردوون با بڕۆن، بەڵام بە شێوەیەکی پەسەند و حوقووقیان هەرچی هەیە پێیان بدەن.

﴿وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا۟ۚ﴾

ئیتر مەیانهێننەوە بۆ لای خۆتان لەسەر خواستی ئەوە کە زیانیان پێ بگەیەنن هەتا لەسەر ئەو خواستە بکەونە ستەمکردن لێیان و بەدخوویی و کاری ناشیرینیان لەگەڵا بکەن.

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥۚ﴾

هەرکەسێ ئەو ستەمە و ئەو کارە نابارانە بکا لەگەڵ ئەو ژنە داماوەدا کە هێناویەتیەوە بۆ لای خۆی، ئەوە لە ڕاستیدا ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە؛ چونکی خۆی ئامادەکردووە بۆ عیقابی خودا لە دنیا و قیامەتا.

﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوٗاۚ﴾

ئەی موسوڵمانەکان ئەم ئایەتی خودایە و ئەم ئەمرو نەهیی خودا کە دێنە سەرتان بە گاڵتە و گەپی بێشوعوورانە رایان مەبوێرن و ئیهمالیان مەکەن و رەفتاریان پێ بکەن. وە یاخود ئەو حەل و عەقدە کە خودا دایناون بۆتان بە گاڵتەیان دامەنێن. نەڵێن بەو تەڵاقە کە بە دەمتانا هاتووە: گاڵتەمان کردووە و دانامەزرێ! ئەمە گوناحێکی پووچە؛ چونکی خودا لەسەرتان ئەژمێرێ. وە فەرموودەی پێغەمبەرە: سێ شت هەن بە دڵنیایی بیانکەی ساغن و بە گاڵتەیش بیانکەی هەر ساغن: ژن مارەکردن و، ژن تەڵاقدان و، بەندەئازاد کردن.

وە زاناکان فەرموویانە حەزرەت ئەم سیانەی لەبەر ئیهتیمام جیا کردووەتەوە ئەنا هەموو حەل و عەقدێ هەر وەهایە، یانی کە بڕیاردران و بەدەما هاتن ئەوە هەرچۆن بێ بەتەواو ئەژمێررێن.

﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ﴾

ناوی نیعمەتەکانی خودا ببەن کە پێی داون بۆ ئەوە کە سوپاسی خودا بکەن لەسەریان. وە ئەو نیعمەتانە وەکوو لەش‌ساغی و، هۆشیاری و، رزق و رۆزی و، رزگاربوون لە تاریکستانی خودانەناسی و بت‌پەرستی. وە یاخود باسی ئەو نیعمەتە گەورەی خودایە بکەن کە دیارە لەلاتان وەکوو رەوانە کردنی حەزرەتی موحەممەد ﷺ و کردنی بە هۆی رەحمەت بۆتان.

﴿وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ﴾

وە باسی ئەوە بکەن کە خودا ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەرتان لە ئایاتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری نازدار کە بوون بە هۆی ئەوە لە تاریکستانی

نەزانین دەرچن بۆ ڕووناکی زانست و بیر و باوەڕی ڕاست و ڕەوان و پیرۆزی هەردوو دنیایان پێ وەربگرن.

﴿يَعِظُكُم بِهِۦ﴾

خودا ئامۆژگاریتان ئەکا بەو قورئان و فەرموودەی ڕەهبەرە.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾

لە خودا بترسن.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٣١﴾﴾

وە بزانن کە خودای تەعالا بە هەموو وتار و کردەوە و خەیاڵاتێکی دەروونتان زانایە و هیچی لێ ون نابێ.

زاناکان فەرموویانە: ئەمە کە قورئان هاتووەتە خوارەوە دیارە، وە ئەمەیش کە بڵێین فەرموودەی پێغەمبەریشﷺ هاتووەتە خوارەوە لەبەر ئەوەیە کە لەسەر فەرمانی خودا پێویستە بکەوینە دووی بەیاناتی حەزرەت و ڕەفتاریان پێ بکەین.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە مەعقەلی کوڕی یەسار، یا کوڕی سینان، کە خوشکێکی بوو مارەی بڕی بۆ ئامۆزایەکی خۆی و لە پاشان تەڵاقی دا و باسی نەکرد هەتا عیددەی تەواو بوو، جا خەڵکی داوایان کرد مارەی بکەن و مێردەکەیشی پەشیمانەوە بوو لە تەڵاقەکەی و داوای کرد مارەی بکاتەوە و مەعقەل سوێندی خوارد جارێکیتر بۆی مارەنەکاتەوە لەگەڵ ئەوەشا ژنەکەی حەزی ئەکرد بگەڕێتەوە بۆ لای، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾

کاتێ ژنەکانتان تەڵاق دا و مانەوە هەتا گەیشتن بەدوایی ماوەی عیددەیان.

﴿فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ﴾

مەنعیان مەکەن ـ ئەی حەقدارانی ئەو ژنانە ـ لەوە کە شووبکەنەوە بە مێردەکانیان.

﴿إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

کاتێ کە لەیەك رازی ببن بە یاسای دین.

﴿ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾

ئەم فەرمانە ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ ئەکرێ لە ئێوە کە ئیمانیان هەیە بەخودا و بە رۆژی قیامەت؛ چونکی کەسێ کە باوەڕی نەبێ بە فەرمانێ و بە ئەنجامی ئەو فەرمانە ئامۆژگاری کردنی بێسوودە.

﴿ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ﴾

ئەم یاسایە بە سوودترە بۆ ئێوە و پاکترە لە چڵکی تاوانباری.

﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٢﴾﴾

خودای تەعالا زانایە بەوەی کە سوودی دنیا و قیامەتی تێدایە و ئێوە زانا نین. وە پێویستە بۆ نەزان لەسەر فەرمانی زانا رەفتار بکا.

جا کاتێ کە مەعقەل ئەم ئایەتەی بیست وتی: «سمعاً لربي وطاعة» وە وتی بە ئامۆزاکەی: خوشکەکەم مارەئەکەمەوە بۆت و ئیکرامیشت ئەگرم. مەعقەل ئەڵێ: ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵ بوو، وە کەفارەتی سوێندەکەم دا و بۆم مارە کردەوە. ئەمە ئیمامی بوخاری و ئەبوداوود و ترمزی ریوایەتیان کردووە.

بزانن! لەسەر ئەم تەقریرە خیتابی ﴿فلا تعضلوهن﴾ بۆ حەقداری ژنەکانە و هەڵئەگرێ ئەو خیتابە بۆ نەفسی مێردەکان بێ کە تەڵاقی ژنەکانیان داوە. وە لەبەر ئەوە کە خاوەنـدەست بوون مەنعی ژنە تەڵاقدراوەکانیان کردووە لەوە کە شوو بکەن بەو کەسانە ئەیانەوێن.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەم غەدرە مەکەن! مادام تەڵاقتان داون و عیددەیان تەواو بووە و لە ناو خۆتانا ناکەونەوە یەك مەنعیان مەکەن لەوە کە شوو بکەن بەو کەسانە ئەیانەوێ شوویان پێ بکەن.

وە لە پاش باسی ئەحکامی تەڵاق باسی حوکمی ئەو ژنە تەڵاق دراوانە ئەکا کە لە مێردیان جیابوونەتەوە و منداڵیشیان لەو مێردانە هەیە و گومانی ئەوە ئەبرێ ئەو ژنانە لەبەر دوژمنایەتی مێردەکانیان منداڵەکان تەرك بکەن و شیریان پێ نەدەن. وە ئەفەرموێت:

﴿وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ۚ﴾

ئەو ژنانە کە دایکی منداڵن و تەڵاق دراون واجبە لەسەریان شیر بدەن بە منداڵەکانیان ئەگەر کەس نەبێ شیریان پێ بدا، وە یا منداڵەکان مەمکی ژنیتر نەگرن، یاخود ژنیتر ببێ بەڵام گومانی زایە بوونی منداڵەکانیان لێ بکرێ، وە یاخود لە کاتێکا باوك و حەقداری منداڵەکان لات بن و تەوانایان نەبێ دایەنێکیتر بگرن بۆ منداڵەکانیان. ئەم تەفسیرە لەسەر ئەساسی ئەوە کە ئەم جوملە ئیخبارییە لە جێگەی جوملەی ئینشائییەدا بێ و ئەمر بێ بە دایکەکانیان شیریان پێ بدەن. وە ئەگەر هەر لەسەر ئیخبار بێ ئەوە ئەبێ بە ئیخبار لە ژنەکان بەوە کە شیر ئەدەن بە منداڵەکانیان هەرچەن وجووب رووبکاتە باوکی منداڵەکان لە کاتێکا دایکەکەیان بەخۆڕایی شیربدا، وە یا بە کەمتر لە ئوجرەی عادەتی رازی بێ، وە یا هەر داوای ئوجرەی عادەتی بکا، وە

غەیری ئەو بەو ئوجرە رازی ببێ یا داوای زیاتر لە ئوجرەی عادەتی بکا بۆ ئەوەی منداڵەکان بدەن بە دایکیان. وە ئەمما بڕیاری ماوەی شیردانەکەیان بە دوو ساڵ ئەوە لەسەر شێوەی وجووب نییە لەبەر دوو شت:

یەکەم: لەبەر جوملەی: ﴿لمن أراد أن يتم الرضاعة﴾ واتە ئەم دوو ساڵە بۆ ئەو باوکانەیە یا بۆ ئەو باوك و دایکانەیە خواستیان لەسەر تەواو کردنی ماوەی شیردانە بە منداڵ. لەبەر ئەوە کە واجب بوون نابەسترێ بە خواستەوە.

دووەم: لەبەر ئایەتی: ﴿و إن أرادا فصالاً عن تراض﴾ کە زاهیرە لەوەدا مادام ئەو دایك و باوکە ویستیان لە کەمتر لە دووساڵ منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە ئەوە دروستە بۆیان. کەوابوو غایە لە ناوبردنی دوو ساڵدا قەتعی نیزاعە. واتە ئەگەر ژنەکە و پیاوەکە لە ماوەی شیرپێدانی منداڵەکەدا نەکەوتنە یەك ئەوە شەرع ئەو نیزاعە ئەبڕێتەوە بە ئیعتباری ماوەی دوو ساڵ.

﴿وَعَلَى ٱلْمَوْلُودِ لَهُۥ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

وە واجبە لەسەر ئەو باوکە کە منداڵەکە بۆ قازانجی ئەو لە دایك بووە، رزق و رۆزی ئەو ژنە شیردەرانە و بەرگ و پۆشاکیان پێ بدەن بە یاسای شەرعی و لەسەر عادەتی موسوڵمانانی ئەو شوێنە بۆ ئەوە کە ببێ بە ئوجرەی ئەو ژنە تەڵاق دراوانە هەتا بە تێری و پۆشتەیی و خاوەنشیری بتوانن شیر بدەن بە منداڵەکانیان. بە کورتی وەکوو زەمانی پێشوو کە لەژێر نیکاحی پیاوەکاندا بوون وەها نەفەقە وەربگرن تا منداڵەکان بە خۆشی بەخێو بکەن، وە ئەگەر وا هەڵکەوت ئوجرە زیاتر بوو لە ئەندازەی نەفەقە یا کەمتر بوو ئەوە ئەو قەزییە حەواڵە ئەکرێ بە ئیتتیفاقی خۆیان، وە ئەگەر نیزاعیان کەوتەناو قازی دەفعی ئەکا بە نەوعێ کە ئەو پیاو و ژنە کەسیان مەغدوور نەبن منداڵەکانیش باش پەروەردە ببن.

﴿لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا﴾

لە لایەنی خودای تەعالاوە داوا ناکرێ لە هیچ نەفسێ ئیللا ئەو ئەندازەیە کە وا لە تەوانایا؛ دەوڵەمەند بە پێی خۆی و گەدا بە پێی خۆی.

﴿لَا تُضَآرَّ وَالِدَةٌۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ﴾

قیرائەتی «حەفس» لەسەر فەتحەی «ر»ەکەیە لەگەڵ گرتنیا، جا لەسەر ئەم قیرائەتە ئینشایە یانی: با زیان نەدرێ لە دایکی ئەو منداڵانە بە هۆی منداڵەکانیانەوە، بەم نەوعە زۆریان لێ بکرێ لە خزمەتکردنی خاریج لە عادەت. وە زیان نەدرێ لە باوکی منداڵەکە بە هۆی ئەو منداڵەوە، بەم شێوە ژنەکان داوای زیادەمەسرفیان لێ بکەن.

وە خوێنراویشەتەوە بە بۆری «ر»ەکە لەگەڵ تەشدیدا، وە لەسەر ئەم قیرائەتە ئیخبارە. واتە: دایکی منداڵەکە زیان ناگەیەنێ بە منداڵەکەی لە شیرپێدان و خزمەتکردنیا، وە باوکی منداڵەکەیش زیان نادا لە منداڵەکەی بە ئیهمال کردنی خزمەتی دایکەکەی، وە یا بە نەدانی مەسرەفی منداڵەکە.

﴿وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ﴾

وە واجبە لەسەر میراتبەری ئەو خاوەن منداڵە، وەکوو باوکی باوکی، یا کوڕی ئەو باوکە، وێنەی ئەوە کە واجبە لەسەر باوکەکە. وە بازێ فەرموویانە: مەبەست لە واریسی خاوەن منداڵەکە نەفسی منداڵەکە خۆیەتی، وە مەعنای وایە ئەگەر خۆی ماڵی هەبوو لە ماڵی خۆی مەسرەف ئەکرێ بۆ خۆی و بۆ دایکەکەی کە شیری پێ ئەدا. وە بازێ ئەڵێن: مەبەست لە واریس ئەو کەسەیە لە پاش باوك و دایکەکە ئەمێنن. واتە ئەگەر باوکەکە مرد لەسەر دایکە مەسرەفی منداڵەکە، وە ئەگەر دایکەکە نەما واجبە لەسەر باوکەکە دایەن بگرێ بۆ منداڵەکە.

﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا﴾

ئەگەر باوکی منداڵ و دایکەکەی ویستیان لە پێش تەواو بوونی دوو ساڵەکەدا منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە بە دڵخوازی هەردوو لایان لەسەر ئەساسی راوێژ و خێرخواهی ئەوە تاوانیان لەسەر نییە، مادام زیانی منداڵەکەی تیا نییە.

﴿وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ﴾

وە ئەگەر ویستتان کە دایەن بگرن بۆ منداڵەکانتان.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ﴾

ئەوە گوناحتان لەسەر نییە کاتێ ئەو ئوجرەی دایەنە کە ئەتانەوێ پێی بدەن لە وەختی خۆیا تەسلیمی بکەن بە شێوەیەکی جوان بە نەوعێ ئەو دایەنە ئومێدەوار ببێ بە پیاوەتی ئێوە و خزمەتی منداڵەکەتان بە دڵ بەجێ بێنێ.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٢٣٣)﴾

جا لە خودا بترسن لە بەجێهێنانی ئەم یاسادا کە باسمان کرد، وە باوەڕتان وا بێ کە خودای تەعالا چاوی وا لە کردەوەکانتانەوە.

بزانن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] **یەکەم**: موفەسیرەکان بە زۆری بیریان لەسەر ئەوەیە مەبەست لە: «والدات» لە ئایەتی: ﴿والوالدات یرضعن﴾ دا عامە بۆ دایکێ کە تەڵاق درابێ و دایکێ لە ژێر نیکاحی باوکی منداڵەکەدا مابێ. ئەم مەعنایە ئەگەرچی بە نیسبەتی ژنی تەڵاقدراوەوە رووناك بێ، بۆ ژنێ کە تەڵاق نەدرابێ تاریکە؛ چونکی ئەو ژنانە شیریش نەدەن بە منداڵەکانیان نەفەقەیان بە هەموو جۆرێ واجبە لەسەر مێردەکانیان، کەوابێ ئەو

رزق و کیسوەتە ئەگەر ئەیکەی بە ئوجرەی شیرپێدانیان مەعقوول نییە؛ چونکی بە بێ شیرپێدان واجبە، وە ئەگەر نایکەی بە ئوجرە ئەوە باسی ئوجرەی دایکەکان نییە لە ئایەتەکەدا.

بۆیە قورتوبی لە تەفسیرەکەیا و، گەلێ لە ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوەن کە مەبەست لە «والدات» تەڵاقدراوەکانە. وە دەلیلیان هێناوەتەوە بە چەن دەلیل و حوجەتی مەعقوول:

یەکەم: ئایەتە پێشووەکان باسی ژنی تەڵاقدراو و ئەحکامی تەڵاقیان ئەکەن. کەوابێ موناسب وایە ئەم والیداتەیش لە تەڵاقدراوەکان بن.

دووەم: خودا بە هۆی شیردانیان بە منداڵەکان واجبی کردووە کە پیاوەکان رزق و پۆشاکیان پێ بدەن، وە ئەمە هەر بۆژنی تەڵاقدراو دەست ئەدا؛ چونکی ژنێ کە لە ژێر نیکاح و عیسمەتی کابرادا بێ شیر بدا و نەیدا نەفەقەی هەر واجبە.

سێهەم: ئەمە کە ژنی تەڵاقدراو گومان ئەبرێ موبالات بە منداڵەکەی نەکات لە داخی کابرای مێردی کە تەڵاقی داوە. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: نابێ ئەو ژنە وەهابێ و پێویستە ئاوڕ بداتەوە بەلای منداڵەکەیا و شیری پێ بدا، هەروا واجبە باوکی ئەو منداڵەیش نەفەقەی ژنەکە بدات وەکوو سابیق لە ئوجرەی ئەم شیرپێدان و خزمەتی منداڵەدا.

چوارەم: لە عیبارەتی: ﴿وعلى المولود له﴾ وە دەرئەکەوێ کە ئەم ژنانە تەڵاقدراوەکانن؛ چونکی ـ ئەگەرچی نەسەب بەسراوە بە باوکەوە و بۆ دایك نییە ـ ئەگەر باوك و دایك بەیەکەوە بن و منداڵ لای خۆیانا بێ ئەوە منداڵەکە بۆ هەردوولایانە، بەڵام ئەگەر دایکی منداڵ جیابووەوە لە باوکەکەی ئەوە لە ئەنجاما کوڕەکە یا کچەکە ئەگێڕرێتەوە بۆ لای باوکەکەی و قازانجی هەر بۆ ئەو ئەبێ و خێری بۆ دایکەکەی یا نابێ یا زۆر کەم ئەبێ.

پێنجەم: عیبارەتی: ﴿لا تضار والدة بولدها و لا مولود له بولده﴾ موناسبی پیاو و ژنێکە کە عەلاقەی ژن و مێردییان لە بەینا نەمابێ؛ چونکی ئەو زیانگەیاندن بەیەکترە، وە یا ئەو زیانگەیاندن بە منداڵە لە کاتی دۆستی و ڕێکی باوك و دایکەکەدا زۆر دوورە، بەڵکوو هەر بۆ کاتی جیابوونەوەیانە بە تەڵاق، وە لەو کاتا یا کابرا زیان بدا لە ژنەکە یا لە منداڵەکە، وە یا ژنەکە زیان بدا لە کابرا یا لە منداڵەکەی، وەکوو دیارە بۆ یەکێ بە ئینساف بڕوانێ.

جا ئەگەر یەکێ بڵێت: کەوابێ حوکمی شیردانی ژنێ کە تەڵاق نەدرابێ لە ئایەتا نامێنێ و ئەوەیش پێویستە، ئەڵێم: مادام خودا حوکمی ژنی تەڵاقدراوی باس کرد لە هۆی شیردان بە منداڵەکەیەوە لەگەڵ دوژمنایەتی لەگەڵ مێردە پێشووەکەیا و بڕیاری دا پێویستە شیریان پێ بدەن، حوکمی ژنی تەڵاقنەدراو لەگەڵ مێردەکەیا بەرابەر بە منداڵەکە مەعلووم ئەبێ بە «قیاس الأولی»؛ چونکی لە جێگەیێ واجب بێ کە ژنی تەڵاقدراو ئیهمالی منداڵەکەی نەکاو شیری پێبدا و کابرایش نەفەقەی پێبدا، دەرئەکەوێ واجبە لەسەر پیاو و ژنێ ڕێك بن و پێکەوە بن کە ئیهمالی تەربییەی منداڵەکەیان نەکەن؛ خواه دایکی منداڵەکە بە خۆڕایی شیر بدا بە منداڵەکەی یاخود بە ئوجرە بێ. وەکوو ئیمامی شافیعی ڕەوای داوە ئوجرە بدرێ بە دایکی منداڵەکە بۆ شیرپێدانی.

باسی دووەم ئەمەیە: لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە حەقی حەزانە (حَضانة) و تەربییەکردنی منداڵ بۆ دایکەکەیەتی، هەرچەن تەڵاقیش درابێ، مادام شوو نەکا بە بێگانە وەکوو لە دەلیلی‌تر دەرئەکەوێ. وە ئەم حەقی حەزانەیە لە مەزهەبی شافیعیدا ئەوەندەیە هەتا منداڵەکە ئەگاتە کاتی تەمییز و زانستی سوود و زیانی خۆی، لەو کاتەدا خاترخۆ ئەکرێ ئاخۆ کامیان ئیختیار ئەکا لە باوك و دایك، وە لەسەر ئیختیاری

خۆی موعامەلەی لەگەڵدا ئەکریێ و حەقی حەزانە بۆ ژنان موناسبترە؛ چونکی ئەوان باش ئەزانن و ئەتوانن منداڵی بێتەمییز بەخێو بکەن.

جا باشتریان دایکی منداڵەکەیە، ئەمجار دایکەکانی ئەو دایکە کە بە هۆی ژنەکەوە بگەن پێی، نزیك لە پێش دوورەوە، وە (هکذا). پاش ئەوان دایکی باوك، جا ئەو دایکانەی کە بەهۆی ژنەوە پێی ئەگەن، جا دایکی باوکی دایك. جا دایکی باوکی باپیرە. وە خوشك پێش ئەخرێ لە پووریێ لە دایکەوە بێ، ئەم پوورە پێش ئەخرێ لەسەر کچی براو کچی خوشك، وە برازاو خوشکەزایێ کچ بن پێش ئەخرێن لەسەر پوور لە لایەنی باوکەوە. وە خوشکی باوك و دایکی لەسەر خوشکێ کە لە یەك لاوە بێ، وە خوشکی باوکی پێش ئەخرێ لەسەر خوشکی دایکی.

وە هەرچۆن حەقی حەزانە بۆ ژنان هەیە بۆ پیاوانیش هەیە؛ جا ئەگەر ژن و پیاو کەوتنە یەك ئەوە لە پێشدا حەق بۆ دایکی منداڵەکەیە ئەمجار بۆ دایکی دایکی. پاش ئەوان بۆ باوکی منداڵەکەیە.

ئەگەر ئەسڵ و حاشیە کەوتنە یەك ئەوە ئەسڵ وەکوو باوکی منداڵەکە یا وەکوو دایکی پێش ئەخرێ لەسەر خزمی حاشیە و تەنیشت وەکوو براو خوشکی ئەو منداڵە. ئەگەر ئەسڵ لە مەیداندا نەبوو ئەو جار خزمی تەنیشت ئەبێ بە پەروەردەکەری ئەو منداڵە، وە نزیك پێش دوور ئەکەوێ. وە ئامۆزایش حەقی حەزانەی هەیە، بەڵام کچێ لە پایەی ئارەزوودا بێ نادرێ بە خۆی بەڵکوو ئەدرێتە دەستی ژنێکی متمانە پێ کراو کە ئەو هەڵی بژێرێ.

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی عیددەی تەڵاقی کرد و بە شوێن ئەوا باسی شیردانی منداڵی کرد، هات باسی عیددەی ژنی مێردمردووی کرد، مەبادا کەسێ گومان ببا کە عیددەی ئەمیش وەکوو عیددەی تەڵاق وایە و فەرمووی:

﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا﴾

ئەو پیاوە موسوڵمانانە کە ئەمرن و ژنەکانیان لە پاش خۆیان بەجێ ئەهێڵن.

﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا﴾

واجبە ئەو ژنانە خۆیان رابگرن لە شوو کردن لە پاش مردنی مێردەکانیان تا ماوەی چوار مانگ و دە شەو.

وە هۆی ئەم تەقدیرە ئەمەیە کە: منداڵ لە سکی ژنا لە ئاخری سێ مانگدا ئەجووڵێ ئەگەر نێرینە بێ، وە لە ئاخری چوار مانگدا ئەگەر مێیینە بێ، جا ئیعتیباری ماوە زۆرەکەیان کراوە لەبەر ریعایەتی هەردوو سینفەکە، وە دە شەوی‌تریش عەلاوە کراوە لەبەر ئیحتیات؛ چونکی وا ئەبێ لە پاش ئەو ماوە بە گورجی منداڵەکە ناجووڵێ هەتا چەن رۆژێ.

وە ئەم ئایەتە بەزاهیر عامە بۆ ژنێ کە سکی نەبێ و ژنێ سکی ببێ، بەڵام ژنێ سکی ببێ دەرکراوە لە عومومی ئەم ئایەتە بە ئایەتی: ﴿وأولات الأحمال أجلهن أن يضعن حملهن﴾[1] واتە: ئەو ژنانە کە خاوەن حەملن عیددەیان بەمەیە کە سکەکەیان دابنێن.

﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾

واتە: جا کاتێ ئەو ژنانە گەیشتن بە دوایی ماوەی عیددەکەیان ئەوە لەو کاتەدا گوناح نییە لەسەر ئێوە ـ ئەی خاوەن فەرمانەکان ـ کە واز بێنن لەو ژنانە لە کردنی

---

١. الطلاق؛ ٤.

هەر شتێکا بۆ خۆیان ئەیکەن لەوانە کە لە ماوەی عیددەدا مەنع کراوە لێیان بەم شەرتە بە یاسای شەرع بێ و لە دەستووری دامەزراو دەرنەچن.

واتە: ئەو ژنانە لە ماوەی عیددەدا نابێ بە بێ عوزر خانووی نیشتمانی خۆیان بەجێ بێڵن، وە واجبە لەسەریان تەرکی هەموو زینەتکاری و خۆجوانکردن بکەن لە ماوەی عیددەدا لە پۆشاکا، وە بە کارهێنانی بێن‌خۆشی و خشڵی جوانی ژنانە و سەر و موو لە خەنەگرتن. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە وەزعانە ئەبن بە هۆی بانگکردنی ئەوانەی تالیبی خوازبێنین، جا مەنع کراوە لەمانە لەبەر مەنعی وەسیلەی فیتنەی دینی و ئاشووبی کۆمەڵایەتی.

وە لە بوخاری و موسلیمدا ریوایەت کراوە لە «أم عطية»وە کە: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: دروست نییە هیچ ژنێ تەعزییە بگرێ لەسەر مردوو لە سێ رۆژ زیاتر ئیللا لەسەر مێردی خۆی، ئەوە تەعزییە ئەگرێ و خۆی دوور ئەخاتەوە لە زینەت و لە خۆجوانکردن لە ماوەی چوار مانگ و دە شەو و رۆژدا.

﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ۝٢٣٤﴾

واتە: خودا بە راستی ئاگاداری ئەوەیە ئێوە ئەیکەن. ئەم جوملە هەڕەشەیە بۆ ئەو فەرماندارانە کە لە چاودێری ئەحکامی دینا بێ‌موبالاتی ئەکەن و واجبی خۆیان بەجێ نایەنن.

بزانن! عیددەی ئەو ژنە کە لە پێش مردنی مێردەکەیا تەڵاق دراوە بە تەڵاقی ریجعی وەکوو ئەو ژنەیە کە لە نیکاحی مێردەکەیا بووە. واتە: ئەگەر حامیلە بێ بە دانانی حەملەکەیەتی، ئەگەرنا چوار مانگ و دە شەو و رۆژە. بەڵام ئەگەر تەڵاقەکەی بائین بێ ئەوە لەسەر عیددەی تەڵاقەکەی ئەڕوا بە سێ «توهر»، وە یا ئەگەر حەیز و پاکی نەبوو بە سێ مانگە و بەس.

وە عیددەی مردنی مێردی ژن واجبە لەسەر ژنێ کە نا باڵغ بێ، وە یا باڵغ بێ و حەیزی پیا نەهاتبێ، یا حەیزی پیا هاتبێ و لە کاتی مردنی مێردەکەیا حەیزی بەسەرا بێ، یاخود گەیشتبێ بە تەمەنی بێ‌حەیزی. عیددەی هەموو ئەمانە، مادام حەملیان نەبێ، چوار مانگ و دە ڕۆژە و هەموویان تەواوی مارەیی و میرات لە ماڵی مێردەکەیان وەرئەگرن.

بەڵێ عیددەی جارییەی مێرد مردوو دوو مانگ و پێنج ڕۆژە، بەڵام لەم زەمانەدا جارییە نەماوە بە تایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا.

﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ﴾

واتە: ئەی موسوڵمانانێ کە خواستی ئەوەتان هەیە ژنی مێرد مردوو مارە بکەن هیچ گوناح و تاوان نییە لەسەرتان لەو خوازبێنییە کە بە شێوەی تەعریز بێ، واتە بە شێوەیێ بێ بە هۆی موناسەبەی ڕۆژەوە لێی دەربکەوێ مانای خوازبێنییە، وەکوو ئەوە بە ژنەکە بڵێ: تۆ ژنێکی باش و بەشەرمی و، تۆ دانامێنی و، تۆ لە هەر خانەدانێکا ببی ئاوەدانی ئەکەیتەوە. بەڵام بە قەراری ڕاستی دروست نییە بە ڕووناکی خوازبێنی بکەن، وەکوو ئەوە بڵێت، من خواستم هەیە تۆ مارە بکەم ئەگەر تۆ مەیلت ببێ.

﴿أَوْ أَكْنَنتُمْ فِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾

هەروا گوناحتان لەسەر نییە لەوەدا کە لە دڵی خۆتانا دای‌بپۆشن، واتە لە دڵتانا هەبێ مادام خودا بۆتان ڕێك بخا ئەو ژنە مارە بکەن.

﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ﴾

خوا ئەزانێ کە ئێوە ناوی ئەو ژنانە ئەبەن و باسی ئەوە ئەکەن کە ئێوە دڵخوازتانە ئەو ژنە مارە بکەن کەوابوو ئەگەر بە شێوەی شەرعی قسە بکەن لەگەڵیانا بە تەعریز قەی ناکا.

﴿وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا﴾

بەڵام باسی مارە کردن و چوونەلا نەکەن لەگەڵیانا.

﴿إِلَّآ أَن تَقُولُواْ قَوْلًا مَّعْرُوفًاۚ﴾

بەڵێ مانیع نییە کە لەگەڵیانا قسەیەکی عادەتی شەرعی بکەن.

﴿وَلَا تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْكِتَٰبُ أَجَلَهُۥۚ﴾

وە بە قەتعی عەزم نەکەن لەسەر مارە بڕین و نیکاحکردنیان هەتا ئەو ماوەی عیددە واجبە ئەگاتە ئاخری و تەواو ئەبێ؛ چونکی ئەو عەزمە بێسوودە و موخالیفی شەرعە، وە بازێ جاریش ئەو عەزمە هەڵتان ئەنێ بۆ مارەکردنی ئەو ژنە لە پێش تەواو بوونی عیددەدا، وە ئەم عەقدە ناشەرعییە ئەبێ بە هۆی گومانی خراپ بە ئێوە و بە ژنەکان و ئەبێ بە هۆی ئاشووب لە ناو موسوڵمانانا و، لە عەینی کاتا عەقدەکەیش بەتاڵە.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ فَٱحْذَرُوهُۚ﴾

بزانن کە خودای تەعالا ئەزانێ بەو عەزمە نابارانە کەوا لە دڵتانا، جا خۆتان بپارێزن لێی و ئەو عەزمە مەکەن.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٣٥﴾﴾

وە بزانن کە خودای تەعالا تاوانبەخش و گوناهـ پۆش و بە مۆڵەت و ئارامە، ئەگەرنا گەلێ کەس گیرۆدە ئەبوون.

﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةًۚ﴾

واتە: هیچ داوای ماڵ و مارەیی نییە لەسەر ئێوە بۆ ژنەکانتان ئەگەر تەڵاقتان دان، مادام نەچووبنەلایان، یانی جیماعتان لەگەڵ نەکردبن، یاخود مارەییتان بۆ بڕیار نەدابن.

﴿وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلْمُوسِعِ قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٣٦﴾﴾

بەڵام ئەو ژنانە ئەندازەیێ ماڵیان پێ بدەن لەبەر چاری ئەو دڵئازاری جیابوونەوەیانە، وە ئەم ماڵە واجبە لەسەر دەوڵەمەند بە ئەندازەی موناسبی خۆی، وە لەگەڵ ریعایەتی وەختا، وە لەسەر نەدارایش بە قەی شانی خۆی بە شێوەیەك شایانی پیاوەتی کابرا و شانی ژنەکە بێ، وە ئەم حەقە بڕیاردراوە لەسەر ئەو موسوڵمانانە کە شوعووریان هەیە بە چاکە کردن لەگەڵ نەفسی خۆیانا بۆ ئەوە تاوانبار نەبن، وە لەگەڵ غەیری خۆیانا بۆ ئەوە بە واتەی نابار بریندار نەبن.

﴿وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾

وە ئەگەر ژنەکانتان تەڵاق بدەن لە پێش ئەوەدا کە بڕۆنەلایان و جیماعیان لەگەڵا بکەن وەلحاڵ لە پێشدا مارەییتان بۆ بڕیار دابوون: خواه لە عەقدی نیکاحەکەدا یا لە پاش ئەو نیکاحەدا ـ وەك نیکاحی موفەووەزە ـ ئەوە واجبە لەسەرتان نیوەی ئەو ماڵەیان بدەنێ کە بۆتان بڕیارداون ئیتر حەقی موتعەیان نییە.

﴿إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ ۚ﴾

مەگەر کاتێ ژنەکان ئێوە عەفو بکەن لەو نیوە مارەییە و هیچ وەرنەگرن، وە یاخود ئەو پیاوە کە عوقدەی نیکاحەکەی بە دەستەوەیە ـ کە مێردەکەیەتی ـ ئەو ژنە عەفو بکا لە نیوەمارەیی باقی کە حەقی خۆیەتی. واتە هەموو مارەییەکەی پێ بدا، ئەو کاتە هەموو مارەییەکە وەرنەگرن.

﴿وَأَن تَعْفُوٓا۟ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ﴾

وە بزانن عەفو کردنی ئێوە لە بەشەکەی خۆتان و تەسلیمی هەموو مارەییەکە بەو ژنانە نزیکترە بە کەرامەت و تەقوا و موناسبترە بۆ خوو و رەوشتی پیاوی باش.

﴿وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلۡفَضۡلَ بَیۡنَكُمۡۚ﴾

هەرگیز کەرامەت و بەخشش لە بەینی خۆتانا فەرامۆش مەکەن و هەمیشە خواستی دڵتان وابێ کە بەخششتان ببێ بە موسوڵمانان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِیرٌ ﴿٢٣٧﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا بینایە بەو شتانە کە ئێوە ئەیکەن و چاوی لێیانەوەیە.

درێژەی ئەم باسە ئەمەیە ئەو ژنە کە جیائەبێتەوە لە مێردەکەی بە هۆی مردنی یەکێ لەوانەوە هەموو مارەییەکەی ئەکەوێ. وە ئەگەر بە هۆی تەڵاقەوە بێ ئەوە ئەگەر ناوی مارەیی بۆ براوە و کابرا چووەتە لای ژنەکەی ئەوە هەموو مارییەکەی ئەکەوێ ئەگەر مارەییەکەی شەرعی بێ، وە هەموو «مهر المثل»ی ئەکەوێ ئەگەر مارەییەکەی ناشەرعی بووبێ بەم جۆرە ماڵێکی حەرام یا ماڵێکی نامەعلووم بووبێ مەسەلا. وە ئەگەر کابرا نەچووەتە لای ئەوە نیوەمارەیی یا نیوەی «مهر المثل»ی ئەکەوێ، وە ئەگەر ناوی مارەیی بۆ نەبراوە و لە پێش چوونەلایا لە بەینی خۆیانا بڕیاری شتێکیان داوە ئەوەیش ئەگەر ماڵێکی شەرعی بێ نیوەی ئەکەوێ، وە ئەگەر ناشەرعی بێ نیوەی «مهر المثل»ی ئەکەوێ. ئەگەر ناوی مارەیی بۆ نەبراوە و لە پێش چوونەلایشا هیچیان بڕیار نەداوە ئەوە ئەگەر کابرا رۆیشتە لای ژنەکەی تەواوی «مهر المثل»ی ئەکەوێ، وە ئەگەر نەچووبێتە لای ـ وەکوو سوورەتی ئەم ئایەتە پیرۆزە ـ ئەوە بەس حەقی مەتاع ئەکەوێتە سەر کابرا؛ چونکی نە مارەیی بۆ دانراوە لە عەقدی نیکاحەکەدا و نە بۆی فەرز کراوە لە پاش عەقدەکە و کابرایش نەچووەتە لای و ئیستیفادەی لێ نەکردووە. کەوابێ هەر حەقی موتعەی هەیە.

وە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا ﷺ هەموو بەشەکانی ژنی تەڵاقدراو حەقی موتعەیان هەیە، ئیللا ئەو بەشە نەبێ کە کابرا نەچووەتە لای ژنەکە لەگەڵ ئەوەدا ژنەکە نیوەمارەیی هەیە، ئەمە غەیری ئەو نیوەمارەییە حەقی نییە وەکوو باسمان کرد.

وە سیرڕی پێویستی حەقی موتعە دەفعی وەحشەت و دڵ ئازاری ژنەکەیە لە جیاوە بوونا. وە ئەم حەقە سونەتە لە (٣٠) درەم کەمتر نەبێ، وە ئەگەر ژنەکە بەوە رازی نەبوو ئەبێ قازی بە قەی شان و ماڵی بۆی دابنێ.

جا لە بەر ئەوە کە خوای تەعالا گەلێ ئایاتی ئەحکامی نیکاح و تەڵاق و، شیردان بە منداڵ و، عیددەی باس کرد لەم کاتەدا گەڕایەوە بۆ سەر باسی نوێژ لەبەر بێدار کردنەوەی موسوڵمانان بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودای تەعالا و فەرمووی:

﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾﴾

وە ریوایەت کراوە لە زەیدی کوڕی ئەرقەم ﷺ فەرموویەتی: ئێمە لە زەمانی حەزرەتا ﷺ نوێژمان ئەکرد و لە ناو نوێژەکەدا قسەمان لەگەڵ یەکترا ئەکرد. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، وە خودا بە هۆی ئەمر بە موحافەزەی نوێژەکانەوە و ئەمر بەوە کە راوەستین لەگەڵ دەوامی عیبادەتا مەنعی کردین لە قسە کردن لە نوێژا. «ئەم باسە بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە».

واتە: ئەی موسوڵمانەکان ئاگاداری هەموو نوێژە فەرزەکانتان بکەن، بە تایبەتی نوێژی مەشهوور بە «الصلاة الوسطی» کە نوێژی عەسرە، وە راوەستن لە نوێژەکانتانا لەگەڵ عیبادەت و زیکری خودادا و باسیتر مەخەنە ناو نوێژەکانتان.

بزانن! ئاگاداری کردنی نوێژ ئەمەیە: موسوڵمان مولاحەزە بکا کەی نوێژی لەسەر واجب ئەبێ و، شورووتی راستی نوێژەکان و، ئەرکانەکانی چەندن و، بە چی بەتاڵ

ئەبێتەوە و، سوننەتەکانی نوێژ چەندێکن و، بە چی نوێژ ئەگا بە پایەی گەورەی خۆی و خاوەنەکەی سوودی دەست ئەکەوێ و، لە چ کاتێکا و، لە چ شوێنێکا و، لەگەڵ کێدا نوێژ بکا. وە «بالفعل» ئەمانە بەجێ بێنێ.

جا بزانن شەرتی واجب بوونی نوێژ سێ شتە: ئیسلامییەت و، بلووغ و، عەقڵ. ئەمانە حەدی تەکلیفی خودان.

وە شرووتی نوێژ پێنجن: پاکی لەشی ئینسان لەپیسیو بێدەسنوێژی و لەشپیسی، وە داپۆشینی عەورەت ـ واتە: بەینی ناوك و ئەژنۆی نێرینە و هەموو لەشی مێیینە ئیللا هەردوو دەست و روخساری ـ بە پۆشاکێکی پاکی وا کە عەورەتەکەی پێ ون ببێ لەبەر چاودا، وە راوەستان لەسەر شوێنێکی پاك، وە باوەڕ کردن بە هاتنی کاتی کردنی نوێژەکان، وە رووکردن لە «کعبة اللّٰه» لە هەموو نوێژەکەدا.

وە ئەرکانی نوێژ هەژدەیە: نیەت هێنان بە دڵ بۆ کردنی فەرزی نوێژی ئەو وەختە لە کاتی «اللّٰه أکبر» کردنی دابەستنی نوێژەکە بەرەوڕووی کابەی پیرۆز و لەگەڵ راوەستان بۆ یەکێ تەوانای هەبێ هەتا سوورەتی فاتیحە تەواو ئەکا لە «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم»ەوە هەتا «ئامین». وە روکووع بردن وەها هەردوو بەری دەستی بگەنە ئەژنۆکانی لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا، وە ئیعتیدال، یانی بەرزەوە بوون بۆ راوەستان لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا. وە دوو سوجدە لەسەر حەوت ئەعزای لەشی: هەردوو ئەژنۆی بە داپۆشراوی و، تەوێڵی بە رووتی، هەردوو بەری دەستی و، سنگی هەردوو پێکانی و بازێ لە پەنجەکانی؛ خواە ئەمانە رووت بن یا داپۆشراو بن. وە ئارامگرتن لەم دوو سوجدەدا و دانیشتن لە بەینی ئەم دوو سوجدەدا لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا. وە خوێندنی تەحیاتی ئاخری نوێژ بە دانیشتنەوە و سەڵاوات‌دان لە حەزرەت ﷺ. وە ریزی ئەم ئەرکانانە کە باسمان کردن. وە سەلام دانەوەی یەکەم.

وە ئەو شتانەیش کە نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە یازدەن: قسە کردن بە قەستی. وە کردەوەی زۆر، یانی سێ جار جووڵانەوەی تەواوی دەست (مەسەلا). وە ڕوودانی بێدەسنوێژی یا لەشپیسی. یا هاتنی پیسییەك کە عەفوی لێ نەدرابێ بۆ سەر لەشت یا پۆشاکت. وە دەرکەوتنی عەورەت و مانەوەی بەو حاڵە. وە خواردن و خواردنەوە و پێکەنین بە شێوەی «قاقا». وە پشت کردن لە قیبلە و. لە دین وەرگەڕانەوە ـ پەنا بە خودا ـ .

وە سوننەتەکانی نوێژ لە پێش نوێژەکەدا: بانگ دان، وە قامەت کردن، وە سیواك کردن. وە لە پاش دابەستنی نوێژەکە: «توجە» کردن؛ یانی خوێندنی «وجهت وجهي» تا ئاخری وەکوو مەشهوورە، وە «تەعەووز» کردن، یانی خوێندنی «أعوذ باللّٰه من الشیطان الرجیم» لە پێش فاتیحەدا. دانانی دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ لە ژێری سینەوە لە ژوور ناوکەوە. وە خوێندنی سوورەتێ لە پاش فاتیحە. وە ئامین کردن لە پاش فاتیحە. وە خوێندنی «قونووت» لە ئیعتیدالی ڕکاتی دووهەمی نوێژی سبەینێدا بە دەوام و لە ئیعتیدالی ڕکاتی ئاخری نوێژی «وەتر»دا لە نیوەی دوایی مانگی ڕەمەزاندا. وە خوێندنی تەحییاتی ئەووەڵ لەو نوێژانەدا کە دوو تەحییاتیان تیا هەیە. وە سەڵاوات دان لەسەر حەزرەت ﷺ لە ئاخری قونووت و ئاخری ئەم تەحییاتەدا. وە «اللّٰه أکبر» کردن لە کاتی دانەویندا بۆ ڕوکووع و بۆ سوجدەکان و کاتی سەربەرز کردنەوە لە سوجدەکاندا. وە تەسبیحات لە ڕوکووعدا و لە سوجدەکانا. وە «سمع اللّٰه لمن حمده» لە ئیعتیدالا، وە سەلامدانەوەی دووەم و بەرز کردنەوەی هەردوو دەست بۆ موقابیلی سەرشان لە کاتی «اللّٰه أکبر» کردنی ئەووەڵ و دانەوین بۆ ڕوکووع و سوجدەکان و کاتی بەرزەوە بوون لەوانا، وە سەڵاوات لەسەر ئال لە تەحییاتی ئاخرا. وە دانانی هەردوو دەست لەسەر هەردوو ڕان لە دانیشتنا بۆ خوێندنی «تحیات»، بەڵام دەستی چەپی بکاتەوە و دەستی ڕاستی بقونجێنێ ئیللا پەنجەی

شادەت ئەوە لە کاتی «لا إله إلا اللّٰه»دا بەرزی بکاتەوە ئیتر نەیجوولێنێ و سەری ئەو پەنجەیە رووبکاتە رانی لە پاش تەواو کردنی شادەتەکەی. وە لە هەموو دانیشتنەکانی نوێژا ئیفتراش بکا؛ بەم جۆرە دابنیشێ لەسەر پێیی چەپی و پشتی ئەو پێیە روو لە عەرز بێ و پێی راستی هەڵبنێ و سەری پەنجەکانی بەرەو قیبلە بن. بەڵام لە دانیشتنی ئاخرا «تەوەڕوك» بکا؛ واتە لەسەر وڵمەی رانی دابنیشێ و پێی چەپی لەلای راستەوە دەربکا و سەلامی دووەمیش بداتەوە. وە درێژەی ئادابی نوێژ پێویستە بە پرسیار لە زانای ناو موسوڵمانان.

وە سوودی نوێژ وا لەوەدا ئینسان بە خوشووع و حوزوورەوە نوێژ بکا، واتە هەموو ئەعزای لەشی ئارام بن و دڵی لە لای مەعنای نوێژەکەی بێ و باوەڕی وابێ کە لە حوزووری خودادایە. وە کاتی گەورەیی نوێژ ئەووەڵی وەختە پاش ئەوە کە بە راستی کاتی نوێژ داهات. وە نوێژەکەی لە مزگەوتا بکا، وە بە جەماعەت بێ لە پشتی ئیمامێکی شەرعزان و رەفتار لەسەر سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ بەجێی بێنێ.

جا با بزانین مەبەست لە «الصلاة الوسطی» کام نوێژە لەم پێنج فەرزە؟ زاناکان لە دیاری کردنی ئەم نوێژەدا دە وتاریان فەرمووە:

یەکەم: ئەو نوێژە نوێژی نیوەڕۆیە لەبەر ئەوە وا لە ناوەڕاستی رۆژا. بینا لەسەر ئەوە لە بەرەبەیانەوە حسێبی رۆژ بکەی نەك لە هەتاو کەوتنەوە. وە زەیدی کوڕی سابت و ئەبووسەعیدی خدری و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و «أم المؤمنین» عائیشە رضي الله عنها لەسەر ئەم بیرەن.

وە سیرڕەکەیشی ئەمەیە کە نوێژی نیوەڕۆ لە کاتی شیددەتی گەرمادا بووە و زۆر گران بووە لەسەر ئەسحابەکان؛ چونکی حەزرەت ﷺ لە گەرمای نیوەڕۆدا نوێژی نیوەڕۆی ئەکرد و هیچ نوێژێ ئەوەندە لەسەر شانیان گران نەبوو. جا ئەم ئایەتە

هاتەخوارەوە: ﴿حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى﴾ الآية، وە ئیمامی مالیك لە کتێبی «موطأ»دا ریوایەتی کردووە لە زەیدی کوڕی سابت «الصلوة الوسطی صلوة الظهر».

دووەم: ئەمەیە کە نوێژی عەسرە؛ چونکی دوو نوێژی ڕۆژی لە پێشایە و دوو نوێژی شەو، وە لەو کەسانەیە لەسەر ئەم فەرموودەیە: عەلی و ئیبنوعەباس و ئەبووهورەیرە. وە ئەم قسە ئیختیاری ئیمامی ئەبووحەنیفە و رفیقەکانیەتی. وە ئیمامی شافیعی و زۆربەی ئەهلی نەقڵ لەسەر ئەم فەرموودەن. بەڵکوو جومهوور بیریان وەهایە.

سێهەم: ئەمەیە کە ئەو نوێژە نوێژی مەغریبە. وە ئیستیدلالیان کردووە بەمە کە مەغریب لە ژمارەی رکاتەکانیا میانەیە؛ نە کەمە وەکوو نوێژی سبەینێ، نە زۆریشە وەکوو نوێژی عیشا. وە لە سەفەرا کورت ناکرێتەوە. وە حەزرەت قەت لە وەختی خۆی دوای نەخستووە، وە لە پاش نوێژی مەغریب دوو نوێژی جەهری هەیە کە عیشا و بەیانییە و لە پێشیەوە دوو نوێژی سیرڕی هەیە وەکوو نوێژی نیوەڕۆ و عەسر.

چوارەم: ئەمەیە ئەو نوێژە نوێژی عیشایە؛ بە دەلیلی ئەمە کە وا لە بەینی دوو نوێژا کە قەسریان دروست نییە وەکوو مەغریب و بەیانی، وە وەختەکەی وەختی نوستنە، وە لەسەر شانی ئینسان گرانە. کەوابێ زۆر موناسبی تەئکیدە، بۆیە خودا بە تایبەتی بە «صلوة الوسطی» ناوی بردووە.

پێنجەم: ئەمەیە ئەو نوێژە نوێژی سوبحە؛ چونکی لە پێشیا دوو نوێژی شەو هەیە کە مەغریب و عیشایە و لە پاشیەوە دوو نوێژی ڕۆژ هەیە کە نیوەڕۆ و عەسرە، وە لەبەر ئەوە کە وەختەکەی وەختی نوستنە و هەستان لەو کاتەدا لە گەرما و سەرمادا زۆر لەسەر شان گرانە. وە لەو کەسانەیە ئەم قسەیە فەرمووە: ئیمامی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، وەکوو مالیك ریوایەتی کردووە لە «موطأ»دا بە تەعبیری «بلاغ»، وە

ترمزی ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعومەر و ئیبنوعەباسەوە بە «تەعلیق»، واتە بێ‌سەنەد، وە ریوایەت کراوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە. وە ئەمە فەرموودەی مالیك وە رەفیقەکانیەتی، وە مەیلی ئیمامی شافیعیش لەسەر ئەمەیە، وەکوو «قشیری» باسی کردووە، بەڵام ریوایەتی راست لە ئیمامی عەلییەوە ئەمەیە کە عەسرە نەك بەیانی.

شەشەم: ئەمەیە کە نوێژی جومعەیە؛ لەبەر ئەوە جیا کراوەتەوە بەوە کە دوو خوتبەی تێدا هەیە و موسوڵمانانی زۆر بۆ گردئەبێتەوە و کراوە بە جەژنی موسوڵمانان و دوعای تێدا نزیکە لە قەبووڵ.

هەروا چەن قەولی‌تر لەم باسەدا هەیە کە گێڕانەوەیان ئەبێ بە هۆی درێژەدان بە وتار، وە فەرموودەی بەهێز ئەمەیە کە نوێژی عەسرە بە دەلیلی چەن حەدیسێ ریوایەت کراون لەم باسەدا و رووناکتریان حەدیسی ئیبنومەسعوودە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «الصلاة الوسطى صلاة العصر». ئەمە ترمزی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی: «حديث حسن صحيح».

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە رضي الله عنه ئەڵێ حەزرەت ﷺ لە رۆژی «ئەحزاب»دا فەرمووی: «شغلونا عن الصلاة الوسطى: صلاة العصر، ملأ الله بيوتهم و قبورهم ناراً! ثم صلاها بين العشائين».

واتە: ئەو کافرانە ئیمرۆ ئێمەیان مەنع کرد لە نوێژی «وسطی» کە نوێژی عەسرە، خودا بە قاری خۆی خانووەکانیان و گۆڕەکانیان پڕ بکا لە ئاگری دۆزەخ. جا نوێژی عەسرەکەی بەقەزا گێڕایەوە لە بەینی نوێژی مەغریب و نوێژی عیشادا. وە ئەم حەدیسە ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەبووداوود و ترمزی و نەسائی ریوایەتیان کردووە لە کوتوبی خۆیانا.

وە ریوایەت کراوە لە ئەبوبەسرەی غەفارییەوە ﵁ ئەڵێ: رۆژێ حەزرەت ﷺ نوێژی عەسری لەگەڵ کردن لە «مخمص»دا ـ ناوی شوێنێکە ـ جا فەرمووی: ئەم نوێژە فەرزکرا لەسەر ئوممەتێ لە پێش ئێوەدا، کەچی زایەیان کرد. واتە نەیان کرد. جا کەسێ موحافەزەی ئەم نوێژە بکا ئەوە ئەجری بۆ ئەنووسرێ، دوو جار: جارێ لەبەر کردنەکەی و، جارێ لەبەر ئەوە کە پێشینان زایەیان کردووە و ئەم کەسە بەجێی هێناوە و ئیتر نوێژ ناکرێ لە پاش ئەم نوێژە هەتا رۆژئاوا بوون. ئەم فەرموودەیە موسلیم و نەسائی ریوایەتیان کردووە. وە لەگەڵ وجوودی ئەم فەرموودانە مەجالی ئەوە نییە کەس ئەم نوێژە بکا بە غەیری عەسر؛ بۆیە جومهووری ئەسحاب و تابیعین و موحەددیسین و فوقەها ئیختیاری ئەوەیان کردووە کە «الصلاة الوسطى» نوێژی عەسرە.

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾

واتە ئەگەر ترسی گیانتان لێ پەیدا بوو بە هۆی دوژمنی نابارەوە یا بە هۆی هار و درِندە و مارەوە، بەم جۆرە کەوتبوونە شوێنتان، یا بە هۆی لافاوی بێسامانەوە یا ئاگری بێئامانەوە، ئەوە نوێژەکانتان بکەن: بە پیادە و، بە سواری و، بە بەرەو کابەی موبارەك یا پشتەو کابە. خودا تەکلیف ناکا ئیللا بە قەی حاڵی ئینسان.

﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٩﴾﴾

واتە: کاتێ لەو ترس و بیمە هێمن بوونەوە و گەیشتنە حاڵی عادەتی خۆتان ئەمجار نوێژەکانتان بکەن بە یاسای دین وەکوو جارانی خۆشحاڵی، وە سوپاسی خودایش بکەن لەبەر ئەوە کە تەعلیمی ئەو شتانەی کردوون کە لەمەوپێش نەتانزانیبوو، وە کوو نوێژ لە کاتی ترس و بیم و نوێژ لە کاتی هێمنیدا.

لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە بە قەراری قەتعی دروست نییە بۆ موسوڵمان تەرکی نوێژ بکا لە هیچ کاتێ وە هیچ شوێنێ و لە هیچ حاڵێکا، وە واجبە لەسەری بە هەر جۆرێ بووە لە جێدا یا لە رێدا بە پێوە یا بە دانیشتنەوە یا راکشانەوە نوێژەکانی بکا مادام هۆشی هەیە بە خۆیەوە.

وە ئەو کەسە تەرکی نوێژ بکا ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە باوەڕی نییە بەوە کە نوێژ واجبە ئەوە کافرە. وە ئەگەر لەبەر تەمەڵی بێ ئەوە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی پاش تەرکی نوێژ لەوانە کە گرد ئەکرێنەوە بە یاسای حەددی شەرعی ئەکوژرێ و لە گۆڕستانی موسوڵمانانا ئەنێژرێ. وە لەلای بازێ لە ئیمامەکان حەبس ئەکرێ هەتا تۆبە ئەکاو ئەگەڕێتەوە بۆ نوێژ کردن، وە یا ئەمرێ.

﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا﴾

ئەو کەسانە کە ئەمرن لە ئێوە و لە پاش خۆیان ژنەکانیان بەجێ ئەهێڵن.

﴿وَصِيَّةً لِّأَزْوَاجِهِم مَّتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ﴾

فەرزمان کردووە لەسەریان کە لە کاتی پێش مردنیانا وەسییەت بکەن بۆ ژنەکانیان بە ژیاندنیان و مەسرووف بۆ کردنیان لەسەر میراتی خۆیان هەتا ماوەی ساڵێ تەواو ئەبێ بە بێ دەرکردنیان بەزۆر.

﴿فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ﴾

جا ئەگەر ژنەکان بە خواستی خۆیان دەرچوون لەو ماڵە ئەوە گوناح لەسەر ئێوە نییە لە هەر کردەوەیێ بیکەن مادام خیلافی یاسای دین نەبێ.

﴿وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٤٠﴾﴾

خودا بە راستی غاڵبە و زاڵە بەسەر بەجێ‌هێنانی خواستی خۆیا و خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە مۆڵەتی گوناحبار ئەدا، وە تا ماوەیێ حەقی لێ ناسێنێ.

قورتوبی لە تەفسیرەکەیا ئەفەرموێت: کۆمەڵێ لە موفەسسیرەکان لە مەعنای ئەم ئایەتەدا فەرموویانە: ئەو ژنە کە مێردەکەی ئەمرد لە خانووی مێردەکەیا دائەنیشت هەتا ساڵێ، وە مەسرەفی بۆ ئەکرا لە ماڵی مێردە مردووەکەی مادام لەو خانووە دەر نەچوایێ. وە ئەگەر دانەنیشتایێ ئیتر لەسەر میراتبەری کابرا تاوان نەدەما لەوەدا کە مەسرەفی بۆ نەکەن.

بەڵام لە پاشان ئەم مانەوەی ساڵە نەسخ کرایەوە بە ماوەی چوارمانگ و دە شەو و رۆژ بۆ عیددە، وە مەسرەفی ساڵەکەیش کە وەسییەتی بۆ کرابوو نەسخ کرایەوە بە وەرگرتنی هەشتیەك یا چواریەك لە ماڵی مێردەکەی. وە لە ماوا و مەنزڵیا خیلاف هەیە لە بەینی ئیمامە موجتەهیدەکانا.

بوخاری ﷺ ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە ئەڵێ: وتم بە عوسمان: ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە بە ئایەتەکەی‌تر کە ئیعتیباری چوار مانگ و دە شەو ئەکا لە عیددەدا، ئیتر بۆچی ئەینووسی؟ ئەویش وتی: ئەی برازام! هەر ئایەتێ لە شوێنێکدا نووسرابێ من لای نابەم و نایگۆڕم.

واتە ئەم ئایەتە هەرچەن حوکمەکەی نەماوە و مەنسووخە، بەڵام تیلاوەت و خوێندنەوەی ماوەتەوە.

لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەدا ریوایەت کراوە لە «موقاتل»ی کوڕی حەییانەوە: کە پیاوێ لە «طائف»ەوە هات بۆ مەدینەی مونەووەرە و چەن ئەولادی بوون لە کوڕ و کچ، وە باوك و دایکی لەگەڵا بوون و ژنیشی بوو، جا کابرا لە مەدینەدا مرد و مەوزووعی میرات و حسێبی ماڵ و ژنەکەی عەرزی حەزرەت ﷺ کرا، ئەویش

بە شێوەیەکی مناسب بەشی باوك و دایکەکەی دانا، وە بەشی ئەولادەکانیشی دانا، بەڵام بەشی بۆ ژنەکەی دانەنا، بەس فەرمانی دا هەتا ماوەی ساڵێ لە میراتی مێردەکەی مەسرەف بۆ ئەو ژنە بکرێ. وە لەم قەزییەدا ئەو ئایەتە نازڵ بوو. بەڵام پێویستە بزانن کە ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە بە ئایەتی پێشوو ئەگەرچی لە کیتابەتی موسحەفی شەریفدا وا لە پێشەوە. لە واقیعا لە پێش ئەم ئایەتەوە هاتووەتە خوارەوە.

﴿وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعُۢ بِٱلْمَعْرُوفِۖ﴾

بۆ ئەو ژنانە کە تەڵاقدراون حەقی تەمەتتوع هەیە بە شێوەیێ کە موناسبی حاڵ و شانی کابرای ژنتەڵاقدەر بێ.

﴿حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾﴾

وە ئەم حەقەم ئیسبات کردووە لەسەر ئەوانە کە ئیمانیان هەیە بە خودا و لە خودا ئەترسن. ئەگەرنا کافر موبالات ناکا.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٤٢﴾﴾

وە بەم جۆرە کە رابوورا لەمەوپێش خودای تەعالا فەرمانەکانی خۆی رووناك ئەکاتەوە بۆتان بە رجای ئەوە فامیان بکەن و رەفتاریان پێ بکەن.

خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا ئیسباتی حەقی موتعەی کرد بۆ هەموو ژنێکی تەڵاقدراو، پاش ئەوە کە لە ئایەتە پێشووەکاندا بڕیاری حەقی موتعەی دا بۆ یەك بەشیان، وە دیارە باسکردنی تاقە فەردێ لە ئەفرادی عام تەخسیسی عامەکە ناکا بەو تاقە فەردە. واتە ئێمە لێرەدا وەرمان گرت کە حەقی موتعە بۆ هەموو ژنێکی تەڵاقدراو هەیە، وە لە پێشەوە بەس بۆ ئەو ژنەی دانا کە تەڵاق بدرێ بە بێ ئەوە بچێتە لای و مارەییشی بۆ ناونەبرابێ. بەڵام ئەم بەیانی عام و خاسە نابێ بە هۆی

ئەوە کە ئەم عامە ببڕین بەسەر تاقە بەشە پێشووەکەدا، بەڵکوو ئەو بەشە حوکمەکەی رابوورا کە حەقی موتعەی هەیە. وە لێرەیشدا بۆ باقی ژنانی تەڵاقدراو هەر حەقی موتعە دائەنێین لەسەر زاهیری ئەم ئایەتە عامە، وە بە قەتعی ئەم زاهیرە لە دەس بەرنادەین ئیللا لە تاقە مادەیەکدا کە جیا کراوەتەوە بە ئایەت وەکوو ئەو ژنە کە تەڵاق‌دراوە لە پێش چوونەلایا و مارەییشی بۆ ناوبراوە، هەر نیوەمارەیی ئەکەوێ و بەس.

وە بازێ ئەڵێن: هەڵئەگرێ کە لامی تەعریفی «وللمطلقات» بۆ ئیشارە بێت بۆ لای ئەفرادی ئەو قیسمە کە لە ئایەتەکەدا باسی ئیستیحقاقی حەقی موتعەی کرد، وە «لام»ەکەی عوموومم نەبێ، کەوابێ ئەم ئایەتە وەکوو تەئکیدی پێ‌دێ بۆ ئەو ئایەتە پێشووە.

وە بازێ کەس تەئویلی ئەم ئایەتەی کردووە بەوە کە ئەم حەقی موتعە واجبی هەیە وەکوو ئەوە لە ئایەتە پێشووەکەدا باس کرا. وە سوننەتیشی هەیە وەکوو باقی ئەقسامی ژنی تەڵاقدراو، واتە قەی‌ناکا با حەقی موتعە بۆ هەموو لایێ ببێ، بەڵام بۆ تاقە بەشێکیان واجبە، وە بۆ ئەو بەشەکان سوننەتە.

وە بازێ وتوویانە: مەبەست لە حەقی مەتاع لەم ئایەتەدا نەفەقەی عیددەیە بەو شەرتە ژنەکە موتەللەقەی ریجعییە بێ یا سکی ببێ.

ریوایەت کراوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێ: کاتێ ئایەتی: ﴿ومتعوهن على الموسع قدره﴾ هاتەخوارەوە وا حاڵی بوو کە ئەم حەقی موتعە حەقێکی ئیختیارییە وتی: «إن شئت أن أحسن فعلت و إن لم أرد لم أفعل» جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿وللمطلقات متاع بالمعروف﴾ واتە ئەم حەقی موتەللەقانە واجبە. «أخرجه ابن‌جرير».

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُواْ ثُمَّ أَحْيَٰهُمْۚ﴾

بە یاسای باری تەعالا لە نازڵکردنی قورئانی پیرۆزا لەسەر موناسەبەی بێدار کردنەوەی موسوڵمانان لە بێئاگایی و فەرامۆشکردنی گەورەیی خودا هەر لە ناو چەن ئایەتدا ئایەتێ یا زیاتر نازڵ ئەکا بۆ ئەم مەبەستە.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت. ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تەماشای وەزعی ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە ناکەی کە لە وڵاتی خۆیان دەرچوون لە ترسی مردن، وە ئەوانەیش چەن هەزار کەسێ بوون ئەبوا لە ناو ئەواندا چەند پیاوێکی ژیر ببوایە و ئامۆژگاری باقیەکانیان بکردایە کە راکردن لە ترسی مردن مەعقوول نییە. جا خودای تەعالا بۆ دەربڕینی قودرەت و تەوانایی خۆی فەرمانی فەرموو: بمرن. واتە بە ئەمری «تەکوینی» بڕیاری دا بمرن، وە ئەوانیش بە بێ ئیختیار هەموو مردن، وە لە پاشان خودای تەعالا زیندووی کردنەوە بۆ ئەوە خۆیان لە تەوانایی خودا حاڵی ببن، وە ئەو رووداوەیش ببێ بە هۆی عیبرەت بۆ باقی ئادەمیزاد.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾

بە راستی خودای تەعالا خاوەن کەرەمە لەسەریان.

﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٢٤٣﴾﴾

بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد دان نانێن بەم کەرەم و فەزڵی خودادا و سوپاسی خودا ناکەن لەسەر نیعمەتەکانی.

ئەگێڕنەوە کە لە چەرخێ لە چەرخەکانی پێش ئیسلاما نەخۆشینی «تاعوون» داکەوت لە قەسەبەی «داوەردان» لە نزیکی «واسط» لە بەینی بەغدا و بەسرەدا، جا لە ترسی ئەوە گیرۆدە بن بەو تاعوونە خەڵکی ئەو شوێنە هەموو رایان کرد. وە

خودای تەعالا، کاتێ لە ولآتەکەیان دەرچوون، هەمووی مراندن. وە لە پاش ماوەیێ زیندووی کردنەوە بۆ ئیسباتی هێزی تەوانایی خۆی.

وە بازێ ئەڵێن: ئەوانە کۆمەڵێ بوون لە بەنیئیسرائیل گەورەکەیان بانگی کردن بۆ غەزاکردن لەگەڵ کافرانا ئەوانیش ئیتاعەیان نەکرد، وە لەو ولآتە دەرچوون لەبەر ئەوە نەکا بمرن بە هۆی جیهاد و غەزا کردنەوە، جا خودای تەعالا مراندنی تا هەشت رۆژ، وە لە پاش ئەوە زیندووی کردنەوە.

وە بە هەرحاڵ ئەگەر حیکایەتی یەکەم بێ یا دووەم بێ مانیع نییە و مەعنای ئایەتەکە وەهایە کە پێویستە ئینسان پاڵ و پشتی لەسەر کەرەمی خودا ببێ و باوەڕی وەهابێ کە ژیان و مردنی هەرکەسێ وا لە دەستی خودادا و ئینسان بە راکردن لە دەستی تاعوون لە مردن رزگار نابێ. وە بە پارێز لە جەنگی دوژمن عومری درێژ نابێ، وە مردن و ژیان هەموویان بەسراون بە قەزای خوداوە، وە هەرچی خودا بڕیاری دابێ ئەبێ هەر ببێ.

جا کە خودای تەعالا ئەم رووداوەی بۆ حەزرەت و موسوڵمانان گێڕایەوە و بۆی بەیان کردن کە راکردن لە مردن سوودی نییە و ئەبێ ئینسان پشت ئەستوور بێ بە خودا، فەرمووی بە حەزرەت:

﴿وَقَـٰتِلُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

ئەی رەهبەری نازار و ئەی پەیڕەوانی بە ئیعتیبار! جەنگ بکەن لەگەڵ دوژمنانی دیندا لە رێگەی خودادا و لە بەر بەرزکردنەوەی ئالآی ئیسلام.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٤﴾﴾

وە یەقین و باوەڕتان ببێ کە خودای تەعالا قسەی ئێوە ئەبیێ و بە راز و نیازی ئێوە ئەزانێ و هەرکەسێ هەرچاکەیێ بکا جەزای ئەداتەوە بە چەن قات.

وە لەبەر ئەوە کە جەنگ کردن پێویستی هەیە بە سەرفی ماڵ و دارایی بۆ ژیوار و خواردەمەنی جەنگکەران، هەروا پێویستی هەیە بە سەرفی دارایی بۆ چەك و ئەسبابی جەنگ، خودای تەعالا بۆ تەرغیبی موسوڵمانان لەسەر سەرفی ماڵ لەم ڕێگەدا فەرمووی:

﴿مَّن ذَا ٱلَّذِی یُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنࣰا فَیُضَـٰعِفَهُۥ لَهُۥۤ أَضۡعَافࣰا كَثِیرَةࣰۚ﴾

ئەوە کێیە ئەو بەختیارە شیرین کردارە کە ماڵی خۆی ئەدا بە قەرز بەڵام بە قەرزێکی جوان و شیرین بەم ڕەنگە ئەو ماڵە بە ماڵی خۆی نازانێ هەتا ناز و نیازێ بکا لەسەری و منەتێ دابنێ لەسەر خودا، بە ماڵی خودای دائەنێ و بە ئەمانەت لەلای ئەم دایناوە. وە لە لایەکی‌ترەوە باسی ئەو سەرفە ناکا لەناو خەڵکدا هەتا ببێ بە ئیحسانی بەرچاوی، بەڵکوو پێشکەشی ئەکا بە کار بە دەستی ئیسلام هەتا بە دڵخوازی خۆی لەسەر ڕاوێژی موسوڵمانانی هۆشیار سەرفی بکا، هەتا خودای تەعالا لەکاتی دانەوەی جەزادا بە چەن قاتی زۆر جەزای ئەو کەسە تەکرار بکاتەوە بە نەوعێ لە ژمارەی حەوسەدو هەزارو هەزاران دەرچێ.

﴿وَٱللَّهُ یَقۡبِضُ وَیَبۡصُۜطُ وَإِلَیۡهِ تُرۡجَعُونَ ۝٢٤٥﴾

وە ئەی موسوڵمانان بزانن کە خودا ڕزق و دارایی ئەگرێتەوە لە هەرکەسێ خواستی ببێ، وە زۆری ئەکا و بڵاوی ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ. وە قەت وا مەزانن ئەگەر ماڵی خۆتان لە ڕێگەی خودادا سەرف بکەن ئیتر ماڵتان دەست ناکەوێتەوە، وا نییە بەڵکوو خودا ئەتوانێ بە عینایەتی خۆی ئەوەندەتان دارایی بۆ زیاد بکا گیر بخۆن بە دەستیەوە. ئەمە بۆ دنیاتان، وە لەولایشەوە ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودای تەعالا بۆ ماوەیەکی نەبڕاوە. وە موحتاجن بە خودایێ کە هەموو سوود

و زیانێ وا لە دەستی ئەودا، کەوابێ هەمیشە ئومێدتان بەو دارایە زۆرتر بێ و پیرۆزی و بەختیاری خۆتان لەو پەروەردگارە داراوە بزانن نەك لە دراو و دارایی خۆتان.

جا لەم شوێنەدا بە موناسەبەی زەمی دەرچوونی ئەو قەومە لە وڵاتی خۆیان لە بیمی تاعوون، چەن شتێ هەیە ئەیخەمە پێش چاوتان هەتا بیان‌کەن بە سەرمەشق بۆ ژیان و بۆ پیرۆزی و بەختیاریتان هەتا هەتایە.

یەکەم: بیر و باوەڕی موسوڵمان لەسەر ئەوەیە کە خودای تەعالا پەروەردگاری عالەمە و لە هەموو کائیناتا کەم و زۆر هەرچی بووە و هەیە و ئەبێ هەمووی بەهێزی ئەو وە لەسەر خواستی ئەوە، وە ئەگەر خواستی نەبێ هیچ شتێ، لە سوود و زیان، لە عالەما روونادا.

دووەم: وەکوو خودای تەعالا خالیقی هەموو شتێکە وەها یاسایەکی راستی دامەزراندووە کە ئەو یاسایە بە کاردێ هەتا هەتایە، واتە بۆ هەر شتێ رووبدا هۆیەك و شتێکی داناوە، ئەو هۆیە ببێ ئەو شتە ئەبێ، وە نەبوو نابێ: باران ئەبارێنێ گیای پێ ئەڕوێنێ، گەرما ئەخاتە هەواوە هەتا میوە و کشتوکاڵی پێ‌پێئەگەیەنێ. زانست و پیشەسازی داناوە بۆ ئەوە هەرکەسێ بوو بە خاوەنیان ببێ بە خاوەنی دەسەڵات لە جیهانا.

وە تەماشای پاکی خۆراك و بەرگ و پۆشاك و هەوای پاك بوون بە هۆی تەندروستی، وە پێچەوانەی ئەمانە بوون بە هۆی بیماری و دەرد و بەڵا، وە دەرمانکردنی نەخۆشی و فەرمان وەرگرتن لە دوکتۆری زانا بووە بە هۆی چارکردنی نەخۆشی.

تەماشا ئەکەی دارێ بە دارێکی‌تر پێوەند ئەکرێ مێوەکەی ئەگۆڕێ، وە تۆمێ لە عەرزا یا تۆمی لە حەیواناتدا ئەگۆڕێ، زەراعەتەکە یا حەیوانەکە ئەگۆڕێ. وە لە ئاوی نەخۆشی ئاوڵە منداڵێ ئەکوتن ئاوڵە ئەگرێ.

ئەمانە هەموو وان لەبەر دەستووری سوننەتی خودا و یاسای پەروەردگاردا لە عالەما، وە خودا فەرموویەتی لە باسی «ذو القرنین»دا: ﴿وآتيناه من كل شيء سبباً ﴿٨٤﴾ فأتبع سبباً ﴿٨٥﴾﴾.[1]

سێهەم: وەکوو خودا ئەم ئەسبابانەی داناوە یاسایەکی‌تریش هەیە کە ئێمە تا ئێستە نەمانتوانیوە کەشفی بکەین و سیرڕەکەی بزانین کە بە شێوەی گشتی پێی ئەڵێن: «خرق العادة» ، ئەوەتە حەزرەتی ئادەمی بە بێ باوك و دایك دروست کردووە، وە وشتری حەزرەتی ساڵحی لە بەرد هێناوەتە دەرەوە، وە ئاگری سارد کردووە لەسەر حەزرەتی ئیبراهیم و بە ساغی لەو ئاگرە دەرچوو، وە داری عاسای ئەکرد بە مار و ئەژدەها بۆ حەزرەتی مووسا، وە عیسای بە بێ باوك دروست کرد و هێزێکی رۆحی وای پێدا کە کوێری سکومای خۆش ئەکردەوە و بەڵەکی چاك ئەکردەوە و چەند مردووی زیندوو کردووەتەوە. وە قورئانی نارد بۆ پێغەمبەر کەس نەیتوانی کەلامی وەها دابنێ و ئەو ئوممەتە نەزانەی پێ بەرزکردەوە و کردی بە پیرۆزی بۆ هەموو عالەم و کافر و موسوڵمان لە زانست و مەعلووماتی قورئان سوودیان وەرگرت. (ئەم باسە بۆ کەسێکە باوەڕی بە پێغەمبەران و رەهبەران ببێ).

وە بۆ ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بەوان نەبێ؛ ئەگەر باش تەماشا بکا ئەزانێ گەلێ قانوونی عیلمی کەشف کراوە کە تا ئێستە کەس ئاگای نەبووە لێیان و گەلێ شتی وا هەیە کە تا ئێستە سیرڕەکەی نەزانراوە؛ وەکوو چلۆنی هەڵسووڕانی ئەم ئەستێرانە لە عالەما و بناغەی ئەم هەڵسووڕانە و ئەنجامی ئەم هەڵسووڕانە و هێزی جازیبە لەناو ئەم شتانەدا کە هەڵئەسووڕێن.

---

[1] الكهف؛ ٨٥ _ ٨٤

جا لەمانەوە دەرکەوت کە ئایینی بەرزی ئیسلام وەکوو باقی مەعلووماتی عیلمی دائیما لەگەڵ حەقیقەت و راستیدا ئەڕوا و چاوبەست و فرِوفێڵی تێدا نییە و هەر شتێ عیلمی بێ ئیسلام وەری ئەگرێ.

کەوابێ واجبە بە دینی ئیسلام لەسەر یاسای سوننەتی پەروەردگار هەر موسوڵمانێ پارێز بکا لە بڵاوەبوونی نەخۆشی و تێبکۆشێ بۆ ئەسبابی تەندروستی و هەر شتێ لە عیلم و پیشە و کردەوە کە ببێ بە هۆی بەرزەوە بوونی فەرد یا کۆمەڵ سەعی بۆ بکا و قەتعەن بە خەیاڵات بایی نەبێ.

کەوابێ ئەگەر لە ئاگر رابکا و لە لافاو خۆی بپارێزێ چۆن مەعقوولە، ئەگەر لە نەخۆشی و لە دەرد و ئێش خۆی بپارێزێ مەعقوولە. ئەوەتە وەکوو لە بوخاری شەریفدا هەیە حەزرەت فەرموویەتی: «ڕابکەن لە گول وەکوو رائەکەن لە شێر». هەر لە شەرحی بوخاریدا گولێ لە ناو کۆمەڵێ عەرەبدا هات حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئێمە لەباتی تۆ موبایەعەی ئیسلامییەتمان بۆ کردووی ئیتر خودا حافیزت بێ ئیجاب بە زەحمەت کێشانی تۆ ناکا.

وە فەرموویەتی: ئەگەر بیستتان «وەبا» کەوتووەتە وڵاتێکەوە مەڕۆن بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام ئەگەر وان لە وڵاتەکەدا دەرمەچن، ئەویش هەر لە یاسای پارێزە؛ چونکی ئەهلی ئەو وڵاتە با زاهیرەن ساغ بن بەڵام قابیلە مادەی ئەو نەخۆشییەیان وەرگرتبێ. وە زیاد لەمە هۆی دەرچوونیان ئەبێ بە هۆی دڵ شکانی ئەو بێدەستانە وان لەو وڵاتەدا و ناتوانن دەربچن، وە ئەبێ بە هۆی بڕینی رشتەی رەحم لە بەینی خزم و خوێشانا.

وە ئەوەی کە لە حەزرەتەوە ﷺ ریوایەت کراوە فەرموویەتی: «لا عدوى ولا طيرة ولا هامة ولا صفر» ئەمە هەمووی ئینکاری ئەو نەوعە تەئسیرە بووە کە لە زەمانی جاهیلییەتا ئیعتیقادیان [پێ] کردووە. واتە: ئەو جاهیلانە وایان زانیوە ئەم دەرد و

بەڵا و نەخۆشییە بەحەتمی بە تەبیعەت تەئسیر ئەکەن و عەلاقەیان بە خواستی خوداوە نییە «العياذ بالله» جا حەزرەت ویستوویەتی ئەو باوەڕە هەڵەیە لە دەماغیانا هەڵدا، وە دەماغیان پڕ بکا لە باوەڕ بە خودای تەعالا هەتا ئیمان بێنن بەوە کە هەر خودا خالیق و پەروەردگارە بۆ هەموو شتێ، وە هەر خودا «مسبب الأسباب»ە، واتە ئەسبابی داناوە و کردوویە بە هۆی «مسبب» ئەگەرنا ئەسباب بە بێ خواستی خودا شتی لێ پەیدا نابێ.

وە یەکێ بیەوێ بە درێژی ئەم باسە تێ بگا تەماشای «فتح الباري» شەرحی بوخاری بکا لە بابی «لا عدوى» دا لە کیتابی «طب» لە بەرگی دەهەمدا.

جا ئەو ئایەتە پیرۆزە کە زەمی ئەو کۆمەڵە ئەکا کە لە ترسی نەخۆشی لە دێکەیان دەرچوون لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە وایان ئەزانی ئەو نەخۆشینە بەقەراری قەتعی پێیان ئەگا و ئەیانکوژێ و لایان بەلای خوادا نەدەکردەوە.

وە ئەگەر لەسەر ریوایەتی سانی بێ ئەوە تەبعەن لەبەر ئەوە بوو کە راکردن لە جیهاد راکردنە بۆ فەسادی وڵات و نەمانی یاسا و نیزام و رازی بوون بە ملکەچی بۆ کافران ئەمەیش دیارە کە کارێکی نابار و ناهەموارە.

پاش ئەمانە بزانن کە قەرزدان عیبارەتە لەوە کە میقدارێ لە ماڵی خۆت، لە ئاڵتوون و زیو یا لە ئەوراقی رەواجی رۆژ، وە یا لەو شتانە کە وێنەی شەرعییان هەیە وەکوو گەنم و جۆ و خورما و مێوژ و باقی خواردەمەنی کە تێکەڵ نەبێ لە ئەجزای جیاجیا بیدەی بە داماوێ داوای بکا لێت لەسەر ئەساسی ئەمە کە لە کاتێکا ئیمکانی ببێ وێنەی ئەو ماڵە بداتەوە بە خاوەن قەرزەکە.

قەرز کردن لەلایەنی موحتاجەوە ئەحکامی خەمسەی بەسەرا دێ، هەروا لەلایەنی قەرزدەریشەوە: «حەرام» و «واجب» و «مەکرووھ» و «مەندووب» و «موباح» ئەبێ، وەکوو لە کتێبی شەریعەتا باس کراوە. وە قەرزدان بە داماو گەلێ ئیحسانە.

ریوایەت کراوە کاتێ ئایەتی: ﴿من ذا الذي يقرض الله قرضاً حسناً﴾ نازڵ بوو یەکێ لە ئەسحابەکان ئەبوو«دحداح» ناو هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا راستە خودای تەعالا داوای قەرز لە ئێمە ئەکا؟ فەرمووی: بەڵێ. عەرزی کرد: دەستی خۆتم بدەرێ! ئەویش دەستی بۆ راکێشا، جا عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا وا من باغێکم هەیە شەشسەد دار خورمای تێدایە دام بە قەرز بە خودا، ئەمجار رۆیشت بۆ باخەکەی بانگی کرد لە ژنەکەی: دایکی دەحداح دەرچن لە باخەکە بە خۆت و منداڵەکانەوە، من ئەم باخەم داوە بە قەرز بە خودای تەعالا، ئەویش بە فەوری لەگەڵ منداڵەکانیا دەرچوون لەو باخە و چوون بۆ شوێنێکی تر.

وە بە ئیتیفاقی هەموو ئیمامانی دین دروست نییە لەسەر هیچ نەوعە قەرزێ: نەکەم و، نە زۆر زیاد لە ماڵەکەی خۆی قازانج وەربگرێ، بەڵێ ئەگەر قەرزارەکە خۆی بە پیاوەتی شتێك لە زیادەی دا بە خاوەن ماڵ ئەوە بۆی دروستە وەری بگرێ؛ چونکە حەزرەت فەرموویەتی بە ریوایەتی ئەبووهورەیرە: «إن خياركم أحسنكم قضاء». «رواه البخاري و مسلم و غيرهما» وە حەزرەت ﷺ تاریفی ئەو کەسانەی کردووە کە قەرز باش ئەدەنەوە، واتە لە وەختی دەس رۆیشتنا بە بێ تەفرە و بە روویەکی خۆشەوە بەزیادەوە وێنەی ئەو ماڵە بباتەوە بۆ خاوەنەکەی.

وە حەزرەت ﷺ وشترێکی یەك ساڵەی قەرز کرد دوایی وشترێکی چوارساڵانەی نارد بۆ خاوەن ماڵەکە. وە ئەم حەدیسە دەلیلە لەسەر ئەمە کە قەرز کردن لە حەیواناتا دروستە، وە ئەمە مەزهەبی جومهوورە ئیللا ئیمامی ئەبووحەنیفە ﵀ وەکوو لە جێگەی خۆیا باس کراوە.

وە پاش ئەوە کە خودای تەعالا فەرمانی دا بە جیهاد لەبەر بەرز کردنەوەی کەلیمەی خودا و تەرغیبی دان لەسەر سەرفکردنی ماڵ لە رێگەی خودادا رووداوێکی ناو بەنیئیسرائیلیشی بۆ گێڕانەوە کە بە ئەمری خودا جیهادیان کردووە،

وە فەرمووی:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

واتە: ئایا نابینی و تەماشای ئەو کۆمەڵە ناکەی لە پیاوەگەورەکانی بەنیئیسرائیل لەبەر ئەوە فامیان کرد بە داماوی و بێشانی و بێناوی خۆیان لەسەر تەرکی جیهاد عەرزی ئەو پێغەمبەرەی ناو خۆیان کرد ـ دوای حەزرەتی مووسا ـ کە ناوی «ئەشمەویل»عليه السلام بوو: پادشایەکمان بۆ راپەڕێنەو بۆمان دیاری بکە هەتا فەرمانداریمان بکا و ئێمەیش جەنگ بکەین لەگەڵ دوژمنانی دینی خۆمان لە رێگەی خودادا؟

﴿قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟﴾

ئەویش فەرمووی: ئایا چاوەڕوان ئەکرێ غەزا کردن فەرزبکرێ لەسەرتان ئەمە کە ئێوە خۆتان دوابخەن لە جەنگ و جەنگ نەکەن!

﴿قَالُوا۟ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا﴾

ئەوانیش جوابیان دایەوە و عەرزیان کرد: ئایا ئێمە چ سوودێکمان بۆ ئەبێ لەوەدا کە جەنگ نەکەین لە رێگەی خوادا، وەلحاڵ بێجگە لەوەی کە جیهاد لە زاتی خۆیا ئیحسانە ئێمە دەرکراوین لە لایەنی ئەو دوژمنانەوە لە خانوو و نیشتمانی خۆمان و دووریش خراوینەوە لە ئەولادەکانمان؟ چونکە ئەوان مەبەستیان جەنگ کردن بوو لەگەڵ عەمالیقەدا کە ئوممەتێ بوون لە قەراخی دەریای رۆمدا لە بەینی فەلەستین و میسردا دانیشتبوون، وە ئەو شوێنە کە تیایا بوون وەختی خۆی شوێنی بەنیئیسرائیلی بوو، بەڵام ئەوان هاتن لەو شوێنانە دەریان کردن و منداڵەکانیان بە دیل بردن.

﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْاْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾

جا لە کاتێکا جەنگ کردن و غەزا فەرز کرا لەسەریان لەلایەنی خوداوە هەموو پشتیان هەڵکرد لە جەنگ کردن ئیللا کەمێ نەبێ لەوانە کە بە دڵ ئیماندار بوون.

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٤٦﴾﴾

وە بە راستی خودای تەعالا زانایە بەوانە کە ستەمکارن و حەقیان لێ ئەستێنێتەوە.

﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا﴾

ئەشمەویلعليه السلام لە خودای تەعالا پاڕایەوە کە پاشایەکیان پێ بدا، وە «بالفعل» خودا ئەمری فەرموو: کە «طالوت» دیاری بکا، جا ئەویش فەرمووی بە بەنیئیسرائیلیەکان: خودای تەعالا تالووتی رەوانە کردووە بۆتان ببێ بە پاشاتان. وە تالووت ئینسانێکی خاوەن سەر و سیمای جوان و قەوارەی بە هەیئەت و بە هەیبەت بوو، بەڵام دارایی نەبوو، وە لە ئەولادی بنیامین بوو.

﴿قَالُوٓاْ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ﴾

ئەوانیش وتیان: چلۆن پاشایەتی دەس ئەدا بۆ تالووت لەسەر ئێمە وەلحاڵ ئێمە شیاوتر و موناسبترین بۆ ریاسەت؟

چونکی ئەو لە نەتەوەی بنیامینە کە بە یاسای بەنیئیسرائیل دوور بوون لە ریاسەت و نوبووەت؛ چونکی ریاسەت لە نەتەوەی یەهووزا بوو و نوبووەت لە نەتەوەی لاوی کوڕی یەعقووب بوو.

﴿وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِ﴾

وە عەلاوەی ئەوە گوشادی و فەراوانی نییە و پێی نەدراوە لە ماڵ و داراییدا.

﴿قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِ﴾

ئەشمەویل فەرمووی: خودای تەعالا کردوویەتی بە پاشا لەسەرتان لەبەر چەن شت؛ یەکەم: خودا بازێ سیفاتی نەفسی وەهای پێداوە کە لایەقی ریاسەت بێ وەکوو عەفوو چاوپۆشی لە بازێ کەس و ئیدارە و دامرکاندنی بازەکەسێ و بەرزی لەخوو و رەوشتا. وە لە لەشدا قەوارەدار و بەهەیبەتە، وە لە زانستا خاوەن عیلم و خاوەن مەعلووماتە.

﴿وَٱللَّهُ يُؤْتِى مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ﴾

بێجگە لەمانە خودای تەعالا خاوەن خواستە لە هەموو شتێکا چی بکا ئەیکا، وە موڵك و ریاسەت کە عائیدی ئەوە بە هەرکەسی بدا ئەیدا و کەس ناتوانێ مەنعی بکا.

﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٧﴾﴾

خودا زانستی گوشادە و دانای راز و نیازە و حیکمەت هەیە لە کار و باریا، وە ئێمە نەزانین و ئەنجامی کار نازانین، وە خودا بە دەوام ئەم زانستەی هەیە، بەڵام ئێمە جارجار پرتەوێ لە زانست لەلای ئەوەوە لێمان ئەدا وە جاربەجار بێبارەین.

جا لەبەر ئەوە کە بەنیئیسرائیلیەکان هەر ملیان پێچ ئەدا و لە ئەنجاما وتیان: ئەگر حوجەت و بورهانێکت ببێ لەسەر پاشایەتی تالووت قەبووڵی ئەکەین بە پاشا، وە ئەشمەویل لە خودا پاڕایەوە بۆ بورهانێ کە ئیقناعیان بکا خودای تەعالا فەرمووی: بورهانیان ئەوەیە ئەو تابووتە کە هۆی نەسرەتیان بوو لەسەر دوژمن، وە ئێستە لای دوژمنەکانە ئەینێرمەوە بۆیان. ئەشمەویل ئەم فەرموودەی خودایە بۆ گێڕانەوە وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحْمِلُهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾

پێغەمبەرەکەیان کە ئەشمەویل بوو فەرمووی پێیان: نیشانەی ڕیاسەت و پاشایەتی تالووت ئەمەیە: ئەو سندووقە کە لەلای حەزرەتی مووسا بوو و دوژمنەکان وەریان گرت لێتان لەم ڕۆژانەدا بێتەوە بۆ لاتان کە لەو سندووقەدا هەیە ئارامی دڵ و گیانی ئێوە لەبەر ئەو یومن و پیرۆزییە کە لەلایەنی خودای ئێوەوە هەیە لەگەڵ ئەو سندووقەدا. وە لەو سندووقەدا هەیە بازێ پاشماوە و ئاساری پیرۆزیی وا کە ئالی مووسا پاش خۆیان بەجێیان هێشتووە، وەکوو عاسا و بەرگ و پۆشاك، وە دوو لەوح لە تەوراتی حەزرەتی مووسا، وە عاسای هاروون و بەرگ و پۆشاکی ئەویش، وە ئەم تابووتە مەلائیکە هەڵی ئەگرێت لەناو دوژمنەکان و ئەوان پێی نازانن.

﴿إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٤٨﴾﴾

وە لەم کارە گەورەدا کە ڕووئەدا نیشانەیەکی زۆر گەورە هەیە لەسەر تەوانایی خودا و پیرۆزی پێغەمبەرەکانی و پاشایەتی تالووت ئەگەر ئێوە ئیمان و باوەڕتان ببێ.

بزانن! لەم تابووتەدا زاناکان گەلێ قسەیان کردووە، نزیکەکەیان ئەمەیە: کە سندووقێکی تایبەتی حەزرەتی مووسا بووە، وەختی خۆی حەزرەتی مووسا تەوراتی داناوە لەناویا، وە پاش وەفاتی حەزرەتی مووسا بازێ ئاساری حەزرەتی مووسایشیان داناوە لەناویا؛ وەکوو: عاسا و، عەمامە و، پۆشاکی خۆی، هەروا عاسای حەزرەتی هاروون و بازێ بەرگی ئەویشی تیا بووە. بە هەرحاڵ ئەم سندووقە شتێکی نایاب و پیرۆز بووە لەناو بەنیئیسرائیلیەکاندا.

ئەگێڕنەوە لەپاش حەزرەتی مووسا، واتە لە زەمانی «یوشع»ەوە لە پاش ئەوە هەرکاتێ بەنی‌ئیسرائیل شەڕیان بکردایە لەگەڵ دوژمنەکانیانا ئەو سندووقەیان ئەهێنا لە پێشی سوپاکەوە ئەیان برد، وەکوو ئالاّی ئیمڕۆ، وە کاتێ کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئەیان‌بینی سەکینە و ئارامێکی رۆحی بەسەریانا ئەهات، بە نەوعێ کە گیانی خۆیان لە بیر ئەچووەوە و ئەکەوتنە جەنگەوە، وە خودایش نەسرەتی ئەدان بەسەر دوژمنەکانیانا.

ئەم وەزعە دەوامی کرد تا دەوری ئاخری حکوومەتێ لە حکوومەتەکانیانا و خەڵکی گیرۆدەی گوناه و تاوان بوون ئەمجار ئەو بەرەکات و ئاسارە قەدیمەی سندووقەکە نەما رۆژێ لە جەنگی ئیسرائیلی لەگەڵ عەمالیقەدا دوژمنەکان هاتن ئەو سندووقەیان گرت و بەتالاّن بردیان، وە لەلای ئەوان مایەوە، وە ئیسرائیلیەکان کەوتنە پاشەوە، تا خودا ئەشمەویلی نارد کردی بە پێغەمبەر لەسەریان، وە بازێ پیرۆزی و بەرەکاتی ئەویان بینی، جا داوایان لێ کرد کە داوا بکا لە خودا پاشایەکیان بۆ رەوانە بکا هەتا وەکوو جاری جاران جیهاد بکەن، وە لە ئەنجامی پاڕانەوەی حەزرەتی ئەشمەویلدا خودا ئەمری پێ کرد کە تالووت بکا بە پاشایان، کە ئەشمەویل ئەم باسەی کرد ئەوانە کەوتنە مل بادان داوای بورهانیان کرد لە ئەشمەویل، ئەویش خودا وەحی بۆ کرد کە نیشانەیان ئەوەیە: ئەو سندووقە وا لەناو دوژمنەکانا خودا ئەمر ئەکا بە مەلائیکە هەڵی بگرن و بیهێننەوە و لەناو بەنی‌ئیسرائیلدا دایبنێن. وە فیعلەن ئەڵێ: بەنی‌ئیسرائیلیەکان چاویان لێوە بوو کە ئەو سندووقە لە ئاسمانەوە ئەهاتەخوارەوە هەتا داکەوت لە ناویانا، واتە مەلائیکە بە ئەمری خودا هێنایانەوە بۆیان. جا لە بازێ ریوایەتا فریشتەکان ئەو سندووقەیان بەرز کردووەتەوە بۆ هەوا وە لەوێوە دایان‌بەزانەوە بۆ عەرز و لە ناویاندا دایان ناوە.

وە بازێ ریوایەت ئەڵێت: شەوێ نوستبوون کە سبەینێ رۆژیان لێ بووەوە تەماشایان کرد ئەو سندووقە لە مەعبەدەکەیانا دانراوە.

وە لە بازێ ریوایەتا ئەڵێ: ئەو قەومە کە سندووقەکەیان لابوو گیرۆدە بوون بە گەلێ ناساغی و نابوودی و بڕیاریان دا ئەو دەردانەیان لە شوومی داگیر کردنی ئەو سندووقەیە، جا عارەبانەیەکیان بەست بە جووتێ گاوە و سندووقەکەیان هاویتە ناوی و ئەمریان کرد بە دوو مەئموور، ئەو جووتە گاو عارەبانەیان بردەوە هەتا نزیکی ئاوەدانی بەنیئیسرائیلیەکان و لەوێ خۆیان گەڕانەوە و خەڵکی ئاگادار بوون لە عەرەبە و گاکان و بردنیانەوە بۆ ناو ئاوەدانیەکەیان.

بە هەرحاڵ لە کاتی ئەم پرسیار و جوابی بەینی بەنیئیسرائیل و ئەشمەویلدا عليه السلام ئەو سندووقە گەیشتەوە دەستیان و دڵ موتمەئین بوون و دانیان نا بە پاشایی تالووتدا.

وە دەرکەوت لەم بەیانەوە کە سەکینە کە بریتی بووە لەو رۆح و دڵگەرمییە کە بەسەر بەنیئیسرائیلیەکانا هاتووە لە کاتی چاوپێکەوتنی ئەو سندووقەدا وەکوو هەر قەومێ کە ئاسار و موخەلەفاتی گەورەی خۆی ببینێ دڵی گەرم ئەبێ و حاڵی ئەگۆڕێ و خۆی لەبیر ئەچێتەوە. وەکوو لە هەمووماندا دیارە.

جا پاش ئیعتیراف کردن بە پاشایی تالووت سوپایەکیان رێك خست بە ریاسەت و قیادەی تالووت و هاتن بۆ سەر عەمالیقە، کە قەومێ بوون لە نزیکی دەریای ئەحمەر و خەلیجی عەقەبەدا، کە لەو کاتەدا ئەوان لەو وڵاتەدا فەرمانڕەوا بوون، وە وەختی خۆی وڵاتی بەنیئیسرائیل بووبوو و ئەمانە داگیریان کردبوو. جا بە تەبیعەتی حاڵ پێویست بوو کە لە نەهری ئەردەن بپەڕینەوە و رووبەڕووی ئەو قەومە دوژمنە بڕۆن بۆ جەنگ، وە کاتێ سوپاکە رێکەوت، ئەگێڕنەوە کە تالووت چاوی کەوت بە «داوود» کە کوڕێکی بە نیشات و خاوەن هێز بوو ئەمری کرد ئەویش بکەوێتە ناو سوپاکە و لەگەڵیانا بێت. وە لەریوایەتێکا ئەڵێن: «ئیشا» باوکی حەزرەتی داوود لە ناو سوپاکەدا بوو لەگەڵ شەش کەس لە کوڕەکانیدا، وە داوود شوانی مەڕ و ماڵات بوو، وە نەهاتبوو لەگەڵیا و خودا وەحی کرد بۆ ئەشمەویل ئەمر بکا بە

تالووت کە داوود لەگەڵ خۆیا ببا بۆ ئەو شەڕە، جا تالووت ئەمری کرد و هێنایان لەگەڵ خۆیانا.

﴿فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِٱلْجُنُودِ قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ﴾

جا کاتێ تالووت بە سوپاکەیەوە دەرچوو لە وڵاتی خۆی و رووی کردە وڵاتی دوژمن فەرمووی بە ئەفرادی سوپاکەی: کە خودای تەعالا بەراوردی ئیخلاس و ساغی ئێوە ئەکا بە ئاوی رووبارێ کە وا لە رێگەمانا. «قەتادە» ئەڵێ: ئەو رووبارە رووبارێ بووە لە ناو بەینی وڵاتی بەنیئیسرائیل و نەهری ئەردەندا، وە بازێ ئەڵێ هەر رووباری ئەردەن بوو.

﴿فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّى وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّىٓ إِلَّا مَنِ ٱغْتَرَفَ غُرْفَةًۢ بِيَدِهِۦ﴾

واتە: هەرکەسێ لە ئاوی ئەو رووبارە بخواتەوە ئەوە لەگەڵ مندا نییە، وە هەرکەسێ لێی نەخواتەوە ئەوە لەگەڵ مندایە ئیللا کەسێ کە لالەوێچێ بە دەستی خۆی هەڵبگرێ و دەمی پێ تەڕ بکا.

﴿فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾

کەچی لەگەڵ ئەم فەرمانەیشدا هەموو لایاندا لە فەرمان و لە ئاوی رووبارەکەیان خواردەوە ئیللا چەن کەسێکی کەم نەبێ لەو سوپایە.

﴿فَلَمَّا جَاوَزَهُۥ هُوَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ قَالُوا۟ لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾

جا کاتێ کە رابورد لە رووباری ناوبراو تالووت و ئەوانە لەسەر بیر و باوەڕی ئەوبوون و موخالەفەیان نەکرد بوو کە ژمارەیەکی کەم بوون لە کۆمەڵەی سوپاکەی

تالووت وتیان: ئیمڕۆ ئێمە تاقەت و تەواناى جەنگمان نییە لەگەڵ جالووت و سوپاکەیا لەبەر زۆری ئەوان و زۆری ئەسبابی جەنگیان و کەمی خۆیان.

ریوایەت کراوە کە سوپای تالووت، ئەوەی کە لەسەر فەرمانی تالووت بوون، سێ‌هەزار کەس بوون و سوپای دوژمنەکان لە دەوری سەدهەزار کەسا بوون.

﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتۡ فِئَةً كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ﴾

وتیان ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە کە باوەڕی بەهێزیان لەسەر ئەوە بوو کە قیامەت هەیە و ئەوانیش بە حوزووری خودا ئەگەن: زۆر سوپای کەم زاڵ بوون بەسەر سوپای زۆرا بە یارمەتی خودا.

﴿وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٢٤٩﴾

وە خودای تەعالا لەگەڵ ئەوانەدایە کە خۆگرن و سەبر ئەکەن لەبەر فەرمانی خودا و ئازار و ئەقداری ئەوا.

﴿وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾

جا کاتێ کە دەرکەوتن لەبەر چاوی جالووت و سوپا زۆرەکەیا.

﴿قَالُواْ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا﴾

وتیان: ئەی پەروەردگاری زانای تەوانای ئێمە! سەبر و خۆگرتن و ئارامێ لە ئاسمانی کەرەمی خۆتەوە ببارێنە بەسەر دڵمانا.

﴿وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا﴾

وە پێمان دامەزراو بکە لە شوێنی خۆیا هەتا رانەکەین.

﴿وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٥٠﴾

وە زاڵمان بکە بەسەر ئەو کۆمەڵە کافرەدا.

﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾

جا سوپاکەی تالووت سوپای جالووتیان شکاند بە یارمەتی خودا.

﴿وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ﴾

وە داوودی کوڕی ئیشا جالووتی پاشای عەمالیقەی کوشت.

﴿وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾

وە خودا پاشایی بەنیئیسرائیل و حیکمەت و ماریفەت لە کەشفی ئومووری موهیمەدا بەخشینی بە داوود. وە بازێ ئەڵێن مەبەست لە حیکمەت پایەی نوبووەت و ریسالەتە.

لە واقیعا وەختی خۆی پایەی پاشایەتی لە نەتەوەی «یەهووزا»ی کوڕی یەعقووب و پێغەمبەرایەتی لە نەتەوەی «لاوی» کوڕی یەعقووبدا بوو، وە لەم ئاخرەدا پایەی پاشایی و مایەی پێغەمبەرایەتی هەردوویانی دا بە حەزرەتی داوود کە لە نەتەوەی یەهوودا بوو.

﴿وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ﴾

وە لە هەرچی نەوعە فەننێ کە خۆی ویستی تالیمی داوودی کرد و پێی زانان، وەکوو فەننی زرێ و تاس و کڵاو دروست کردن و غەیری ئەوانە.

﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ﴾

وە ئەگەر ئەوە نەبوایە کە خوای تەعالا چاری بازێ ستەمکار بە بازێ کەس بکات عەرز وا بە فەسادا ئەڕۆیی قابیلیەتی هیچی تێدا نەمێنێ.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٢٥١﴾

بەڵام خوای تەعالا فەزڵ و رەحمەتی زۆرە بەسەر عالەمدا، مەجالی ئەوە نادا کە عالەم هەمووی بەفەسادا بڕوات.

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۚ وَإِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝٢٥٢﴾

ئەوەی کە ناردنمانە خوارەوە لەبۆ تۆ هەموو ئایاتی خودا بوون، وە ئەیان خوێنینەوە بەسەر ئێوەدا لەسەر زمانی جوبرەئیل عليه السلام بە شێوەیێ کە راست بێ و موافیقی واقیع بێ، وە بە راستی تۆیش بزانە کە تۆ لەو رەهبەرانەی کە رەوانە کراوی بۆ سەر هەموو جین و ئادەمیزاد، بۆ ئیرشاد کردنیان و شارەزاکردنیان بۆ رێگەی خودا بەیەکناسین و پایەداری لەسەر کردەوەی پاك و لەسەر خوو و رەوشتی چاك، وە هەرکەسێ ئەم رێگەیە وەرگرتبێ بە سەلامەتی و ئارام ئەڕوا بە رێدا هەتا ئەگاتە ئەنجامی پیرۆزی هەتا هەتایە.

جا لەم باسەدا چەن قسەیێ هەیە:

[قسەی] یەکەم: لە حیکمەتی ئەو مەنعی ئاو خواردنەوەی ئەفرادی سوپایە لە جانیبی تالووتەوە فەرموویانە: خەڵکەکە زۆر لە حاڵەتی نابار و رۆژێکی گەرما بوون، وە ئەگەر مەیدانی ئاسایش و ئاو خواردنەوەیان ببوایێ بڵاوەیان ئەکرد بەو قەراخی رووبارەدا و لەوانە بوو کە دوژمن هێرش بێنێتە سەریان و بیان فەوتێنێ. وە یاخود ئاوی ئەو رووبارە ئاوێکی قورس و سوێر بووە ئەگەر زۆریان بخواردایەتەوە لەوانە بوو زۆر کەسیان گیرۆدەی ناساغی میعدە ببن و هەم ببێ بە هۆی زاڵبوونی دوژمن.

بەڵام بازێ فەرموویانە: ڕاستەکەی ئەمەیە کە ئەفرادی سوپا تا بە تەواوی نەڕۆنە ژێر فەرمانەوە و خۆیان تەسلیم نەکەن بە فەرماندەی سوپا جەنگیان پێ ناکرێ و زاڵ نابن بەسەر دوژمندا، وە لەو کاتەدا بوو ئەو سوپایە ئاو بەکارهێنان لە گەورە ئارەزوویان بوو. جا تالووت ویستی ساغی و فەرمانبەری سوپاکەی بەوە بەراورد بکا کە مەنعی ئەو ئاوەیان لێ بکا، وە فیعلەن دەرکەوت کە عەدەدێ کەمیان نەبێ کەس ئیتاعەی نەکرد و لەوانە بوو ئەگەر یارمەتی خودا نەبوایە دوژمنەکە زاڵ ئەبوو بە سەریانا و لەناوی ئەبردن.

وە عەلاوەی ئەمانە زاڵبوونی سوپا بە زۆری ژمارە نییە، بەڵکوو بە هێزی دڵ و ئیخلاس و جەنگی بیر و باوەڕە. بەراورد کراوە هەر کۆمەڵێ لەسەر بیر و باوەڕ چووبێتە مەیدانەوە زاڵ بووە مەگەر لەبەر خەتایێ لە یاسای جەنگەکەیانا یا کەم و کووڕی لە چەکیانا، کەوابێ هەزار کەسی خاوەن باوەڕ لە دە هەزار کەسی بێباوەڕ بەسوودترە، وە فیعلەن وەهایش بوو بەو ژمارە کەمەوە ئەوان لە شەڕی عەمالیقەدا غاڵب بوون. وە ئەسحابی حەزرەت ﷺ لە واقیعەی بەدرا زاڵ بوون بەسەر دوژمنەکەیانا.

قسەی دووەم: باسی داوودە، بازێ ئەڵێن: لەسەر فەرمانی ئەشمەویل تالووت داوودی برد بۆ جەنگ و پێی وتبوو کە جالووت ئەکوژێ و تۆیش ئەبێ کچی خۆتی پێ بدەی؛ چونکە پیاوی وا بۆ فەرمانداری سوپا ئەشێ و لە ئەنجاما ئەبێ فەرمانداری ئەو سوپای تۆیە بێ.

وە بازێ وتوویە: هەر تالووت خۆی ئەمری کرد جاڕیان دا بە سوپاکەدا هەرکەسێ جالووت بکوژێ کچی خۆمی پێ ئەدەم و ئەیکەم بە فەرمانداری سوپا. بە هەرحاڵ کاتێ کە داوود علیه السلام جالووتی کوشت، داوود مەشهوور بوو لە وڵاتا و تالووت کچی خۆی پێ دا، بەڵام لە ئەنجاما کەوتە بەدگومانی لە داوود و فەرمانی بێجێکردن

هەتا تالووت عەزل کرا یا خۆی ئیستیقالەی کرد، وە داوودیان لە جێگەدا دانا لەبەر کەرامەت و ئەخلاقی بەرز و خودایش ریسالەتی پێدا و بوو بە گەورەی دین و دونیا. ﴿یختص برحمته من یشاء والله ذو الفضل العظیم﴾.[1]

جا پاش ئەوە خودای تەعالا باسی حەزرەتی داوودی کرد و بە موناسەبەی ئەوەوە باسی مووسا و هاروونیش هاتە پێشەوە، خودا بۆ ئیشارە بۆ لای جەماعەتی ئەو پێغەمبەرانە فەرمووی:

﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾

ئەوە جەماعەتی پێغەمبەرانە بازێکیانمان تەفزیل داوە بەسەر بازێکیانا.

﴿مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ﴾

لەو پێغەمبەرانەیە کەسێ کە خوا قسەی لەگەڵ کردووە بە بێ واسیتەی فریشتە، وەکوو حەزرەتی مووسا لە کێوی «توور»دا و، حەزرەتی «محمد المصطفی» لەشەوی میعراجا.

﴿وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾

وە بازێکیانی بەرز کردووەتەوە بەسەر باقیەکانا بەچەن پلە و پایە وەکوو حەزرەتی موحەممەد لە پایەکانی دەعوەت و عوموومی دەعوەت و دەوامی دین و دەرەجاتی میعراجا خودا بەرزی کردەوە.

﴿وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾

وە داومانە بە عیسای کوڕی مریەم چەن موعجیزەی گەورەی وەها کە ئەبن بە شاهید لەسەر ئەوە پێغەمبەری خودایە: وەکوو قسەکردنی لە بێشکەدا و خۆشەوەکردنی

---

١. البقرة: ١٠٥.

وە ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا فەرموویەتی: جومهوور ئیستیدلالیان کردووە بە ئایەتی: ﴿ومن يتعد حدود اللّٰه فقد ظلم نفسه لاتدري لعل اللّٰه يحدث بعد ذلك أمراً﴾. ئایەتی یەك لە سوورەی تەڵاق. فەرموویانە: مەعنای وایە کە ژنتەڵاقدەر وا ئەبێ پەشیمان ئەبێتەوە و مومکینیش نابێ تەدارەکی ئیشەکەی بکا و ژنەکەی بهێنێتەوە، جا ئەگەر سێتەڵاقە نەکەوتایە ئیللا بە تەڵاقێکی ریجعی کابرا پەشیمان نەدەبووەوە لەبەر ئەوە کە مەجالی ریجعەی ئەبوو.

خاوەنی تەفسیری «أضواء البيان» رحمه الله ئەڵێ: وە لەوانەیە کە تەئییدی ئەم ئیستیدلالە قورئانییە ئەکا ئەوەی کە ئەبووداوود بە ئیسنادێکی سەحیح لە رێگەی موجاهیدەوە ریوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: لە حوزووری ئیبنوعەباسا بووم رضي الله عنهما پیاوێ هات بۆ لای وتی: «يا ابن‌عباس طلقت امرأتي ثلاثاً». لەویا ئیبنوعەباس جوابی نەدایەوە هەتا گومانم برد کە ژنەکەی پێ ئەداتەوە، جا فەرمووی: «ينطلق أحدكم فيركب الأحموقة، ثم يقول: يا ابن‌عباس. إن اللّٰه قال: ﴿ومن يتق اللّٰه يجعل له مخرجاً﴾[1] و إنك لم تتق اللّٰه، فلا أجد لك مخرجاً: عصيت ربك و بانت منك امرأتك».

واتە یەکێکتان ئەچێ سواری سەفاهەت ئەبێ لە پاشا ئەڵێ: «يا ابن‌عباس»! خودا فەرموویەتی: هەرکەسێ لە خودا بترسێ خودا لە تەنگانەدا دەرووی بۆ ئەکاتەوە. وە بە راستی تۆ لە خودا نەترساوی و من هیچ دەرووێ بۆ تۆ نابینم: نافەرمانی خودای خۆتت کردووە لەوەدا ژنەکەت بە سێتەڵاقە تەڵاق داوە، وە ژنەکەت جیابووەتەوە لێت بە جیابوونەوەی بەینوونە.

وە ئەبووداوود لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما چەن «موتابەعاتێ» واتە چەن ریوایەتێکی موناسبی ئەم ریوایەتەی گێڕاوەتەوە. وە ئەم عیبارەتی ئیبنوعەباسە تەفسیرە بۆ ئایەتی:

---

١. الطلاق؛ ٢.

﴿ومن يتعد حدود اللّٰه فقد ظلم نفسه﴾: وە هەرکەسێ تەقوای خودا بکا و سێ تەڵاقەکانی لەیەك کەلیمەدا گرد نەکاتەوە ئەوە خودا دەرووی ئەداتێ بە هۆی گێڕانەوەی ژنەکەی تا دوو جار، وە هەرکەسێ تەقوای خودا نەکا دەرووی نییە؛ چونکی ژنەکەی بائینە ئەبێتەوە بە بەینوونەی کوبرا.

ئەمەیە مەعنای کەلامەکەی ئیبنوعەباس بە نەوعێ کە ئیحتیمالی غەیری ئەمەی نییە. وە ئەم تەفسیر و بەیانە زۆر بەهێزە بۆ ئەم مەحەللی نیزاعە؛ چونکی ئیبنوعەباس موفەسسیری قورئانە و حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «اللّٰهم علمه التأويل» وە لەسەر ئەم بیر و باوەڕەیە کە سێ تەڵاقە بەیەك کەلیمە سێ تەڵاقەکە واقیع ئەکا. وە زۆربەی ئەسحاب و زۆربەی عولەمای موجتەهیدین، کە چوار ئیمامەن، لەوانەن و خەڵکێکی زۆر نەقڵی ئیجماعیان کردووە لە ئەسحابەوە لەسەر ئەمە؛ چونکی کاتێ حەزرەتی عومەر حوکمی کرد بەم قەزییە ئەکابیری ئەسحابەی پێغەمبەر ﷺ وەکوو عوسمان و عەلی و گەورەکانی موهاجیرین و ئەنسار ئاگادار بوون و کەس نەبوو کە موخالەفەی عومەر دەربڕێ لەم مەسئەلەدا، وە ئەوانیش ئەوانەن کە موباشەرەتەن خیتابیان لێکراوە لە لایەنی خوداوە بە (خير الأمة) و بە عینوانی موهاجیر و ئەنسار خودا ئیعلانی ڕەزامەندی خۆی لێ کردوون و حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «و إن من يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين، عضوا عليها بالنواجذ». وە بە دەلیلی ئەو حەدیسە کە ئەبووداوود بە ئیسنادی سەحیح ریوایەتی کرد ئیبنوعەباسیش رضي الله عنه لە کەوتنی سێ تەڵاقە بەیەك کەلیمە موافیقی حەزرەتی عومەر بووە، وە ئەم قەزییە بووە بە «ئیجماعی سکووتی»؛ چونکی هیچ سەحابەیەك ئیزهاری موخالەفەی نەکردووە و موخالەفەی ئەوان موخالەفەی ئیجماعە.

وە حاسڵی خۆلاسەی ئەم مەسئەلە ئەمەیە کە قسە لێرەدا لە سێ جانیبەوەیە:

یەکەم: جانیبی نەسی قەولی یا فیعلی سەریح لەلایەنی حەزرەتەوە ﷺ. دووەم: بە سیناعەی عیلمی حەدیس. سێهەم: فەرموودەی ئەهلی عیلم و ئیجتیهادە.

ئەمما جانیبی نەس لەلایەنی حەزرەتەوە ﷺ: بە قەتعی سابت نەبووە نە لە فەرمووده و نە لە کردەوەی حەزرەت کە بڕیاری دابێ لە مادەیەکدا سێ تەڵاقە بە یەك حسێب بکا، وە بەهێزترین رووداو قەزییەی رەکانە بوو کە دەرکەوت بە لەفزی «ألبتة» بووە و حەزرەت ﷺ سوێندی دا کە لەیەك تەڵاق زیاتری قەسد نەکردووە، ئەگەر لە یەك تەڵاق زیاتر نەکەوتایە چلۆن حەزرەت ﷺ سوێندی ئەدا؟ وە سوودی ئەو سوێندە چی ئەبوو؟ وە ئەگەر فەرموودەیێ یا حوکمێ ببوایە لەسەر داوای موخالیف چۆن حەزرەتی عومەر بە بێ دەلیلی شەرعی موخالەفەی حەزرەتی ئەکرد؟ وە یا چۆن لە ناو کۆڕی گەورەکانی موهاجیرین و ئەنساردا ئەتوانێ موخالەفە بکا؟ وە چلۆن لێی قەبووڵ ئەکرێ لە ناو ئەو ئەسحابە عالمانە و لە ناو ئەو کۆمەڵە پاکانە وە لە ناو ئەو پاڵەوانانی دینە کە رۆح و ماڵیان سەرف کرد بۆ ئیسلام!

وە ئەمما لە جانیبی بیر و باوەڕی ئیمامانی موجتەهیدینەوە: ئەوە بە ئیتتیفاق لە پێش دەرکەوتنی ئەهوای نەفس و بیدعەتا هەموو بە ئیتتیفاق حوکمیان کردووە بە کەوتنی سێ‌تەڵاقە. مالیك و ئەبووحەنیفە و شافیعی و ئەحمەد رضي الله عنهم. جا پاش دامەزرانی ئیتتیفاق ئیتر موخالەفەی کەس زیان نادا.

وە ئەمما لە جانیبی عیلمی حەدیس و ریعایەتی ئوسوول: بەهێزترینی ئەحادیس لەوانە کە موخالیف ئیستیدلالی پێ کردوون حەدیسی تاوس بوو لە ئیبنوعەباسەوە رضي الله عنهما وە باش تەماشای ئەو جوابانەتان کرد کە موحەددیسین رەددی ئیستیدلالەکەیان پێ کردووەتەوە.

کەوابێ حەق هەر ئەوەیە کە ئوممەتی ئیسلام و عولەمای ئەعلام دەوامیان لەسەر کردووە، وە واجبە لەسەر ئێمەیش بکەوینە شوێن ئەوان. «فإن الاقتداء بالكرام كرامة. و خير الكرامة في الاستقامة. نسأل الله الاستقامة على الحق إلى أن نلقى رب العالمين».

﴿وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَأْخُذُوا۟ مِمَّآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ شَيْـًٔا﴾

واتە: ئەی موسوڵمانانی خاوەن ژن ڕەوا نییە و دروست نییە لە دەستووری ئیسلاما بۆ ئێوە کە وەربگرن لە ژنەکانتان ئەندازەیێ لەوەی پێتان داون لە مارەیی و ماڵی دنیا، لەبەر ئەوە ئەوەی پێتان داون بە بەخشش بووە و بووە بە ماڵی ئەوان و ئەو مارەییە کە وەریانگرتووە لێتان لەبری لەزەت وەرگرتنی ئێوە بووە لەچوونەلایان و هەر وەکوو ئێوە بوون بە خاوەن بارە و لەزەتتان وەرگرتووە لەوان ئەوانیش بوون بە خاوەنی ئەو ماڵە.

﴿إِلَّآ أَن يَخَافَآ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾

مەگەر کاتێ کە ترسی ئەوەتان ببێ کە حوقووقی خودا بەجێ نەیەنن بەرابەر بەیەك، واتە ژنەکان ئارەزوویان لە مانەوە لەگەڵتانا نەبێ و بەم هۆوە دەست بکەن بە نافەرمانی و لادان لە یاسای شەرع لە ژن و مێردیدا.

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾

جا ئەگەر ترستان بوو لەوە کە حوقووقی خودا بەجێ نەهێنن لە کاتێکا بەیەکەوە بن.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا ٱفْتَدَتْ بِهِۦ﴾

ئەوە لەو کاتەدا گوناح نییە لەسەر کابرای خاوەن ژن لە وەرگرتنی ئەو ماڵەدا کە ژنەکەی ئەیدا پێی لەباتی بەرەڵڵا کردنیا. وە گوناحیش نییە لەسەر ژنەکە ئەو ماڵە بدا بە مێردەکەی هەتا زیاتر گیرۆدەی نافەرمانی خودا نەبن.

﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾

ئەم فەرمانانە باسم کردن بۆتان فەرمانی خودای تەعالان لە سنووری ئەوانە لانەدەن و لە خەتیان دەرنەچن.

﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٢٩﴾﴾

وە هەرکەسێ لە سنووری فەرمانەکانی خودا لابدا و موخالەفەیان بکا ئەوە بە راستی ئەو کەسانە غەدار و ناپەسەندن لە لای خودا.

لێرەدا چەن قسەیێ هەیە:

یەکەم: بە زاهیری ئەم ئایەتە دروست نییە تۆڵە وەرگرتنی پیاو لە ژن و ماڵدانی ژنیش لەم هۆوە مەگەر لە کاتی بیمی لادان لە حوقووقی خودا و فەرموودەی حەزرەتیش تەئیدی ئەمە ئەکا، کە فەرموویەتی: هەر ژنێ داوای تەڵاق بکا لە مێردەکەی بە بێ بەهانەیەکی شەرعی راست ئەوە بێنی بەهەشت ناکا.

بەڵام جومهووری زاناکان ئەو جیا بوونەوەیانە بە «مەکرووه» داناوە نەك بە حەرام، وە ئەگەر رووی دا تەنفیزیان کردووە؛ چونکە مەنع و نەهی لە عەقد دەلالەت ناکا لەسەر فەسادی ئەو عەقدە. «مع العلم» هەرچەن ئەو جۆرە بەهانەیشە هەبێ بۆ جیابووەنەوەیان لەیەك ئەگەر ئەو جیابوونەوە ببێ بە هۆی زیاندان لە ژیانی منداڵیان، وە یا ببێ بە هۆی ئاشووب لە ناودا ئەوە ئەبێ بە هۆی تاوانباری بۆ ژن و پیاوەکە، بە تایبەتی بۆ ئەوەیان کە زۆرتر ئەبێ بە هۆی جیابوونەوەکە.

وە بازێ لە زاناکان ئەڵێن: لەبەر ئەوە ئەم ئایەتە هاتووەتە خوارەوە لە شانی حەبیبەی کچی سەهلی ئەنساری و سابتی کوڕی قەیسدا، وە حەبیبە ئەوەندە رقی لە سابت بوو ترسی ئەوەی هەبوو لە مانەوەیا لەلای گیرۆدەی تاوان ببێ. ئەم ئایەتە مەفهوومی

موخالەفەی نییە. واتە ئەوە ناگەیەنێ ئەگەر ترسی نافەرمانی خودایان نەبوو ئەوە جیابوونەوەکە گوناحە، وە بە هەرحاڵ کە هەردوولایان بڕیاری جیابوونەوەیان دا لە بەرانبەری ماڵەوە دروستە بۆیان.

دووهەم: ئەم نەوعە جیابوونەوەیە مەشهوورە بە «خولع» واتە جیابوونەوەی ژن و مێرد بە عیوەز. وە لە زاهیری ئایەتەکەدا لەسەر هەر ئەندازەیێ لە ماڵ بێ بە دڵخوازی هەردوولایان دروستە، هەرچەند لە کەرامەتی خۆی کابرایە کە میقداری مارەیی ژنەکەی زیاتر نەبێ.

سێهەم: لەسەر ئەو مەعنایە بەیانمان کرد خیتابی ﴿ولا يحل لكم﴾ بۆ ئەو مێردانەیە کە ژن تەڵاق ئەدەن، وە لادان لە خیتابەوە بۆ غائیب لە جوملەی ﴿إلا أن يخافا﴾، وە لە غائیبەوە بۆ موخاتەب لە جوملەی ﴿فإن خفتم﴾دا لەسەر یاسای ئیلتیفاتە وە تەعبیر بە جەمع و بە تەسنییە لەبەر تەماشاکردنی دامەزراندنی یاسا، وە تەماشای ئەو دوو کەسەیە کە خولعەکە بەجێ دێنن، واتە لە تەماشاکردنی یاسای خولع لە ناو موسوڵمانانا بە سیغەی جەمع خیتاب ئەکا، وە لە تەماشا کردنی ئەو دوو کەسەدا کە خولعەکە بەجێدێنن بە شێوەی تەسنییە تەعبیرئەداتەوە.

جا پاش باسکردنی تەڵاقی ژن لە موقابیلی ماڵەوە بۆ ئیفادەی ئەوە کە تەڵاق وەکوو بەخۆڕایی و لە موقابیلی ماڵیشەوە ئەبێ خودای تەعالا رووی کردەوە بەیانی ژمارەی تەڵاق و فەرمووی:

﴿ فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُۥ مِنۢ بَعۡدُ حَتَّىٰ تَنكِحَ زَوۡجًا غَيۡرَهُۥۗ ﴾

واتە ئەگەر لە پاش ئەو دوو تەڵاقە کە باسمان کردن ئەگەر مێردی ژنەکە جارێکی سێهەم ژنەکەی تەڵاق دا ـ خواه بەخۆڕایی بێ یا لەسەر ماڵ بێ ـ ئەوە ئیتر ئەو ژنە حەڵاڵ نابێتەوە بۆ ئەو کەسەو دروست نییە بگەڕێتەوە بۆ لای هەتا شوو ئەکا

بە مێردێکیتر غەیری مێردی پێشووی و ئەو مێردە دووهەمە ئەڕواتە لای ژنەکە و لەزەت لەیەك وەرئەگرن.

وە سیرڕی ئەم وەزعە ئەمەیە کە ئایینی ئیسلام داوای ئەوە ئەکا ژن و مێرد بە یەکەوە بەخۆشی و بەحورمەتەوە بە بێ ئاژاوە بژین هەتا ئەگەر نەتەوەیێ لەو پیاو و ژنە پەیدابوو لە ناو خانەدانێکی بە خۆشی و ئاوەدانا بژین و فێری زانست و خوو و رەوشتی بەرز ببن، وە بۆ رێخستنی خانەدانی وەها خودا رازی نییە هەتا هەتایە کابرا ژنەکەی تەڵاق بدا و بیهێنێتەوە و هەروا ئاژاوە دەوام بکا، بەڵکوو ئەم ئاژاوە تا دوو جار چاوپۆشی لێ ئەکرێ و لە جاری سێهەما ئەو ژنەی لێ حەرام ئەکرێ هەتا ئەبێ بەژنی پیاوێکیتر و حورمەتی ئەو مێردە پێشووە ئەشکێ بۆ ئەوە عیبرەت بگرێ و جارێکیتر ئەم ئاشووبە تازە نەبێتەوە.

ئەگەر کەسێ بڵێ: لە پێشەوە باسی تەڵاقی سێهەم لە کەلیمەی ﴿أو تسريح بإحسان﴾ دا کرا. «بناء عليه»، ﴿فإن طلقها﴾ ئەبێ بە تەڵاقی چوارەم، ئەمەیش مەردوودە! لە وەڵاما ئەڵێین: کەلیمەی ﴿أو تسريح بإحسان﴾ بۆ بەرەڵاکردنی ژنەکە بوو بە تەڵاقی دووهەم، وەکوو باسمان کرد. وە ئەگەر مەبەست لەوە تەڵاقی سێهەم بێ ئەوە تەڵاقی سێهەمە لە تەقدیرا و تەسویرا، وە جوملەی: ﴿فإن طلقها﴾ بۆ بەیانی تەڵاقی سێهەمە لە تەحقیق و بەجێهێنان. واتە: مەعنای ئایەتەکە وا ئەبێ کە: تەڵاقێ گەڕانەوەی لە پاشەوە ببێ دوو جارە، ئیتر پاش ئەم دووجارە تەڵاقە یا: راگرتنێکی پیاوانەی بۆ هەیە، وە یا تەڵاقێکی سێهەمی بۆ هەیە بیدا.

جا ئەگەر ئەو تەڵاقە سێهەمەی تەحقیق کرد و هێنایە جێ، یانی تەڵاقەکەی لە جاری سێهەما دا ئیتر ئەو ژنەی بۆ حەڵاڵ نابێ هەتا شوو ئەکا بە مێردێکیتر. وە بەم تەقریرە تەڵاق هەر سێ جار ئەبێ و نابێ بە چوار. وە جوملەی: ﴿فإن خفتم ألا يقيما حدود الله﴾ بۆ بەیانی ئەوەیە ئەو تەڵاقانە کە بە دەستی پیاون و بە جێگەیان

دێنێ، وەکوو ئەتوانێ بەخۆڕایی بە جێگەیان بێنێ ئەیشتوانێ لەسەر ماڵ بێ و ئیتر عەلاقەی بە زیاد کردنی تەڵاقەوە نییە.

﴿فَإِن طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يَتَرَاجَعَآ﴾

جا ئەگەر ئەم مێردی دووهەمە لە پاش ئەوە کە ئەو ژنەی بە مارەبڕینێکی شەرعی مارەکرد و ڕۆیشتەلای هات و بە ئارەزووی خۆی ئەو ژنەی تەڵاق دا بە تەڵاقی بائین لە موقابیلی ماڵەوە، وە یا بە تەڵاقی خۆڕایی، وە ئەو ژنە ماوەی عیددەی لەم تەڵاقەوە بەسەردا رابورد، ئەوە گوناح و تاوان ناکەوێتە سەریان لەوەدا بکەونەوە یەك و مێردی یەکەم ئەو ژنە مارەبکاتەوە.

﴿إِن ظَنَّآ أَن يُقِيمَا حُدُودَ ٱللَّهِ﴾

ئەگەر باوەڕی بەهێزیان وابوو کە پاش ئەم یەك گرتنەیان یاسای فەرمانی خودا لە ژن و مێردیدا بەجێ دێنن و بە یاسای شەرع بە یەکەوە رائەبوێرن. وە ئەگەر باوەڕیان وابوو کە پاش ئەم جارەیش هەر ئاشووب و فیتنە ئەنێنەوە ئەوە لە ئیقدامیان لەسەر ئەم مارەبڕینە تازەیە تاوانبار ئەبن هەرچەن نیکاحەکە بە زاهیری شەرع دروست بێ؛ چونکی ئینسان هەر ئیشێ بکا لەسەر باوەڕی پەیدا بوونی ڕووداوی نابار، ئەوە تاوانبار ئەبێ.

﴿وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ﴾

ئەم ئەحکامە کە بەیانمان کردن یاسای دینی خودان.

﴿يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٢٣٠﴾﴾

خودا ڕۆشنیان ئەکاتەوە بۆ کۆمەڵە ئینسانێ کە لە یاسای خودا تێبگەن و ڕەفتاری پێ بکەن.

جا لەبەر ئەوە کە ئینسانی ئەو چەرخە خوویان گرتبوو بەوەوە کە بەدرێژی ڕۆژگار هەرکاتێ ڕقیان داهات لە ژنەکانیان تەڵاقیان بدەن و لە پێش تەواو بوونی ماوەی عیددەیانا بیانهێننەوە و ئەم خووە ناشیرینە لە دەماخیانا دامەزرابوو و بە ئاسانی لەسەریان دەرنەدەچوو، خودای تەعالا بۆ تەئکیدی فەرمانە پێشووەکەی دووبارە فەرمووی:

﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾

کاتێ ژنەکانتان تەڵاق دا و نزیك بوونەوە لە ئاخری ماوەی عیددەیان.

﴿فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾

ئەو ژنانە بهێننەوە بۆ لای خۆتان و ڕایان بگرن لەسەر یاسای ناسراوی ئایینی ئیسلام.

﴿أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ﴾

یا وەکوو بەرەڵاتان کردوون با بڕۆن، بەڵام بە شێوەیەکی پەسەند و حوقووقیان هەرچی هەیە پێیان بدەن.

﴿وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِّتَعْتَدُوا۟﴾

ئیتر مەیانهێننەوە بۆ لای خۆتان لەسەر خواستی ئەوە کە زیانیان پێ بگەیەنن هەتا لەسەر ئەو خواستە بکەونە ستەمکردن لێیان و بەدخوویی و کاری ناشیرینیان لەگەڵا بکەن.

﴿وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ﴾

هەرکەسێ ئەو ستەمە و ئەو کارە نابارانە بکا لەگەڵ ئەو ژنە داماوەدا کە هێناویەتیەوە بۆ لای خۆی، ئەوە لە ڕاستیدا ستەمی لە نەفسی خۆی کردووە؛ چونکی خۆی ئامادەکردووە بۆ عیقابی خودا لە دنیا و قیامەتا.

﴿وَلَا تَتَّخِذُوٓاْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ هُزُوٗاۚ﴾

ئەی موسوڵمانەکان ئەم ئایەتی خودایە و ئەم ئەمرو نەهیی خودا کە دێنە سەرتان بە گاڵتە و گەپی بێشوعوورانە رایان مەبوێرن و ئیهمالیان مەکەن و رەفتاریان پێ بکەن. وە یاخود ئەو حەل و عەقدە کە خودا دایناون بۆتان بە گاڵتەیان دامەنێن. نەڵێن بەو تەڵاقە کە بە دەمتانا هاتووە: گاڵتەمان کردووە و دانامەزرێ! ئەمە گوناحێکی پووچە؛ چونکی خودا لەسەرتان ئەژمێرێ. وە فەرموودەی پێغەمبەرە: سێ شت هەن بە دڵنیایی بیانکەی ساغن و بە گاڵتەیش بیانکەی هەر ساغن: ژن مارەکردن و، ژن تەڵاقدان و، بەندەئازاد کردن.

وە زاناکان فەرموویانە حەزرەت ئەم سیانەی لەبەر ئیهتیمام جیا کردووەتەوە ئەنا هەموو حەل و عەقدێ هەر وەهایە، یانی کە بڕیاردران و بەدەما هاتن ئەوە هەرچۆن بێ بەتەواو ئەژمێررێن.

﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ﴾

ناوی نیعمەتەکانی خودا ببەن کە پێی داون بۆ ئەوە کە سوپاسی خودا بکەن لەسەریان. وە ئەو نیعمەتانە وەکوو لەش‌ساغی و، هۆشیاری و، رزق و رۆزی و، رزگاربوون لە تاریکستانی خودانەناسی و بت‌پەرستی. وە یاخود باسی ئەو نیعمەتە گەورەی خودایە بکەن کە دیارە لەلاتان وەکوو رەوانە کردنی حەزرەتی موحەممەد ﷺ و کردنی بە هۆی رەحمەت بۆتان.

﴿وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ﴾

وە باسی ئەوە بکەن کە خودا ناردوویەتە خوارەوە بۆ سەرتان لە ئایاتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری نازدار کە بوون بە هۆی ئەوە لە تاریکستانی

نەزانین دەرچن بۆ رووناکی زانست و بیر و باوەڕی راست و رەوان و پیرۆزی هەردوو دنیایان پێ وەربگرن.

﴿يَعِظُكُم بِهِۦ﴾

خودا ئامۆژگاریتان ئەکا بەو قورئان و فەرموودەی رەهبەرە.

﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ﴾

لە خودا بترسن.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٣١﴾﴾

وە بزانن کە خودای تەعالا بە هەموو وتار و کردەوە و خەیاڵاتێکی دەروونتان زانایە و هیچی لێ ون نابێ.

زاناکان فەرموویانە: ئەمە کە قورئان هاتووەتە خوارەوە دیارە، وە ئەمەیش کە بڵێین فەرموودەی پێغەمبەریشﷺ هاتووەتە خوارەوە لەبەر ئەوەیە کە لەسەر فەرمانی خودا پێویستە بکەوینە دووی بەیاناتی حەزرەت و رەفتاریان پێ بکەین.

فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ **الآية.**

ریوایەت کراوە لە مەعقەلی کوڕی یەسار، یا کوڕی سینان، کە خوشکێکی بوو مارەی بڕی بۆ ئامۆزایەکی خۆی و لە پاشان تەڵاقی دا و باسی نەکرد هەتا عیددەی تەواو بوو، جا خەڵکی داوایان کرد مارەی بکەن و مێردەکەیشی پەشیمانەوە بوو لە تەڵاقەکەی و داوای کرد مارەی بکاتەوە و مەعقەل سوێندی خوارد جارێکیتر بۆی مارەنەکاتەوە لەگەڵ ئەوەشا ژنەکەی حەزی ئەکرد بگەڕێتەوە بۆ لای، جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو فەرمووی:

﴿وَإِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ﴾

کاتێ ژنەکانتان تەڵاق دا و مانەوە هەتا گەیشتن بەدوایی ماوەی عیددەیان.

﴿فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَٰجَهُنَّ﴾

مەنعیان مەکەن ـ ئەی حەقدارانی ئەو ژنانە ـ لەوە کە شوویکەنەوە بە مێردەکانیان.

﴿إِذَا تَرَٰضَوْا۟ بَيْنَهُم بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

کاتێ کە لەیەك رازی ببن بە یاسای دین.

﴿ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِۦ مَن كَانَ مِنكُمْ يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ﴾

ئەم فەرمانە ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ ئەکرێ لە ئێوە کە ئیمانیان هەیە بەخودا و بە رۆژی قیامەت؛ چونکی کەسێ کە باوەڕی نەبێ بە فەرمانێ و بە ئەنجامی ئەو فەرمانە ئامۆژگاری کردنی بێسوودە.

﴿ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ﴾

ئەم یاسایە بە سوودترە بۆ ئێوە و پاکترە لە چڵکی تاوانباری.

﴿وَٱللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٢﴾﴾

خودای تەعالا زانایە بەوەی کە سوودی دنیا و قیامەتی تێدایە و ئێوە زانا نین. وە پێویستە بۆ نەزان لەسەر فەرمانی زانا رەفتار بکا.

جا کاتێ کە مەعقەل ئەم ئایەتەی بیست وتی: «سمعاً لربي وطاعة» وە وتی بە ئامۆزاکەی: خوشکەکەم مارەئەکەمەوە بۆت و ئیکرامیشت ئەگرم. مەعقەل ئەڵێ: ئەم ئایەتە لە شانی مندا نازڵ بوو، وە کەفارەتی سوێندەکەم دا و بۆم مارە کردەوە. ئەمە ئیمامی بوخاری و ئەبوداوود و ترمزی ریوایەتیان کردووە.

بزانن! لەسەر ئەم تەقریرە خیتابی ﴿فلا تعضلوهن﴾ بۆ حەقداری ژنەکانە و هەڵئەگرێ ئەو خیتابە بۆ نەفسی مێردەکان بێ کە تەڵاقی ژنەکانیان داوە. وە لەبەر ئەوە کە خاوەن‌دەست بوون مەنعی ژنە تەڵاقدراوەکانیان کردووە لەوە کە شوو بکەن بەو کەسانە ئەیانەوێن.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: ئەم غەدرە مەکەن! مادام تەڵاقتان داون و عیددەیان تەواو بووە و لە ناو خۆتانا ناکەونەوە یەك مەنعیان مەکەن لەوە کە شوو بکەن بەو کەسانە ئەیانەوێ شوویان پێ بکەن.

وە لە پاش باسی ئەحکامی تەڵاق باسی حوکمی ئەو ژنە تەڵاق دراوانە ئەکا کە لە مێردیان جیابوونەتەوە و منداڵیشیان لەو مێردانە هەیە و گومانی ئەوە ئەبرێ ئەو ژنانە لەبەر دوژمنایەتی مێردەکانیان منداڵەکان تەرك بکەن و شیریان پێ نەدەن. وە ئەفەرموێت:

﴿ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَ ۚ ﴾

ئەو ژنانە کە دایکی منداڵن و تەڵاق دراون واجبە لەسەریان شیر بدەن بە منداڵەکانیان ئەگەر کەس نەبێ شیریان پێ بدا، وە یا منداڵەکان مەمکی ژنی‌تر نەگرن، یاخود ژنی‌تر ببێ بەڵام گومانی زایە بوونی منداڵەکانیان لێ بکرێ، وە یاخود لە کاتێکا باوك و حەقداری منداڵەکان لات بن و تەوانایان نەبێ دایەنێکی‌تر بگرن بۆ منداڵەکانیان. ئەم تەفسیرە لەسەر ئەساسی ئەوە کە ئەم جوملە ئیخبارییە لە جێگەی جوملەی ئینشائییەدا بێ و ئەمر بێ بە دایکەکانیان شیریان پێ بدەن. وە ئەگەر هەر لەسەر ئیخبار بێ ئەوە ئەبێ بە ئیخبار لە ژنەکان بەوە کە شیر ئەدەن بە منداڵەکانیان هەرچەن وجووب رووبکاتە باوکی منداڵەکان لە کاتێکا دایکەکەیان بەخۆڕایی شیربدا، وە یا بە کەمتر لە ئوجرەی عادەتی رازی بێ، وە یا هەر داوای ئوجرەی عادەتی بکا، وە

غەیری ئەو بەو ئوجرە رازی ببێ یا داوای زیاتر لە ئوجرەی عادەتی بکا بۆ ئەوەی منداڵەکان بدەن بە دایکیان. وە ئەمما بڕیاری ماوەی شیردانەکەیان بە دوو ساڵ ئەوە لەسەر شێوەی وجووب نییە لەبەر دوو شت:

یەکەم: لەبەر جوملەی: ﴿لمن أراد أن يتم الرضاعة﴾ واتە ئەم دوو ساڵە بۆ ئەو باوکانەیە یا بۆ ئەو باوك و دایکانەیە خواستیان لەسەر تەواو کردنی ماوەی شیردانە بە منداڵ. لەبەر ئەوە کە واجب بوون نابەسترێ بە خواستەوە.

دووەم: لەبەر ئایەتی: ﴿و إن أرادا فصالاً عن تراض﴾ کە زاهیرە لەوەدا مادام ئەو دایك و باوکە ویستیان لە کەمتر لە دووساڵ منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە ئەوە دروستە بۆیان. کەوابوو غایە لە ناوبردنی دوو ساڵدا قەتعی نیزاعە. واتە ئەگەر ژنەکە و پیاوەکە لە ماوەی شیرپێدانی منداڵەکەدا نەکەوتنە یەك ئەوە شەرع ئەو نیزاعە ئەبڕێتەوە بە ئیعتباری ماوەی دوو ساڵ.

﴿وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾

وە واجبە لەسەر ئەو باوکە کە منداڵەکە بۆ قازانجی ئەو لە دایك بووە، رزق و رۆزی ئەو ژنە شیردەرانە و بەرگ و پۆشاکیان پێ بدەن بە یاسای شەرعی و لەسەر عادەتی موسوڵمانانی ئەو شوێنە بۆ ئەوە کە ببێ بە ئوجرەی ئەو ژنە تەڵاق دراوانە هەتا بە تێری و پۆشتەیی و خاوەنشیری بتوانن شیر بدەن بە منداڵەکانیان. بە کورتی وەکوو زەمانی پێشوو کە لەژێر نیکاحی پیاوەکاندا بوون وەها نەفەقە وەربگرن تا منداڵەکان بە خۆشی بەخێو بکەن، وە ئەگەر وا هەڵکەوت ئوجرە زیاتر بوو لە ئەندازەی نەفەقە یا کەمتر بوو ئەوە ئەو قەزییە حەواڵە ئەکرێ بە ئیتیفاقی خۆیان، وە ئەگەر نیزاعیان کەوتەناو قازی دەفعی ئەکا بە نەوعێ کە ئەو پیاو و ژنە کەسیان مەغدوور نەبن منداڵەکانیش باش پەروەردە ببن.

﴿لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا﴾

لە لایەنی خودای تەعالاوە داوا ناکرێ لە هیچ نەفسێ ئیللا ئەو ئەندازەیە کە وا لە تەوانایا؛ دەوڵەمەند بە پێی خۆی و گەدا بە پێی خۆی.

﴿لَا تُضَآرَّ وَٰلِدَةُۢ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَّهُۥ بِوَلَدِهِۦ﴾

قیرائەتی «حەفس» لەسەر فەتحەی «ر»ەکەیە لەگەڵ گرتنیا، جا لەسەر ئەم قیرائەتە ئینشایە یانی: با زیان نەدرێ لە دایکی ئەو منداڵانە بە هۆی منداڵەکانیانەوە، بەم نەوعە زۆریان لێ بکرێ لە خزمەتکردنی خاریج لە عادەت. وە زیان نەدرێ لە باوکی منداڵەکە بە هۆی ئەو منداڵەوە، بەم شێوە ژنەکان داوای زیادەمەسرفیان لێ بکەن.

وە خوێنراویشەتەوە بە بۆری «ر»ەکە لەگەڵ تەشدیدا، وە لەسەر ئەم قیرائەتە ئیخبارە. واتە: دایکی منداڵەکە زیان ناگەیەنێ بە منداڵەکەی لە شیرپێدان و خزمەتکردنیا، وە باوکی منداڵەکەیش زیان نادا لە منداڵەکەی بە ئیهمال کردنی خزمەتی دایکەکەی، وە یا بە نەدانی مەسرەفی منداڵەکە.

﴿وَعَلَى ٱلْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ﴾

وە واجبە لەسەر میراتبەری ئەو خاوەن منداڵە، وەکوو باوکی باوکی، یا کوڕی ئەو باوکە، وێنەی ئەوە کە واجبە لەسەر باوکەکە. وە بازێ فەرموویانە: مەبەست لە واریسی خاوەن منداڵەکە نەفسی منداڵەکە خۆیەتی، وە مەعنای وایە ئەگەر خۆی ماڵی هەبوو لە ماڵی خۆی مەسرەف ئەکرێ بۆ خۆی و بۆ دایکەکەی کە شیری پێ ئەدا. وە بازێ ئەڵێن: مەبەست لە واریس ئەو کەسەیە لە پاش باوك و دایکەکە ئەمێنن. واتە ئەگەر باوکەکە مرد لەسەر دایکە مەسرەفی منداڵەکە، وە ئەگەر دایکەکە نەما واجبە لەسەر باوکەکە دایەن بگرێ بۆ منداڵەکە.

﴿فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَن تَرَاضٍ مِّنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ﴾

ئەگەر باوکی منداڵ و دایکەکەی ویستیان لە پێش تەواو بوونی دوو ساڵەکەدا منداڵەکە لە شیر ببڕنەوە بە دڵخوازی هەردوو لایان لەسەر ئەساسی راوێژ و خێرخواهی ئەوە تاوانیان لەسەر نییە، مادام زیانی منداڵەکەی تیا نییە.

﴿وَإِنْ أَرَدتُّمْ أَن تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ﴾

وە ئەگەر ویستتان کە دایەن بگرن بۆ منداڵەکانتان.

﴿فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُم مَّا آتَيْتُم بِالْمَعْرُوفِ ۗ﴾

ئەوە گوناحتان لەسەر نییە کاتێ ئەو ئوجرەی دایەنە کە ئەتانەوێ پێی بدەن لە وەختی خۆیا تەسلیمی بکەن بە شێوەیەکی جوان بە نەوعێ ئەو دایەنە ئومێدەوار ببێ بە پیاوەتی ئێوە و خزمەتی منداڵەکەتان بە دڵ بەجێ بێنێ.

﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٣﴾﴾

جا لە خودا بترسن لە بەجێهێنانی ئەم یاسادا کە باسمان کرد، وە باوەڕتان وا بێ کە خودای تەعالا چاوی وا لە کردەوەکانتانەوە.

بزانن لەم شوێنەدا چەن باسێ هەیە:

[باسی] یەکەم: موفەسیرەکان بە زۆری بیریان لەسەر ئەوەیە مەبەست لە: «والدات» لە ئایەتی: ﴿والوالدات یرضعن﴾دا عامە بۆ دایکێ کە تەڵاق درابێ و دایکێ لە ژێر نیکاحی باوکی منداڵەکەدا مابێ. ئەم مەعنایە ئەگەرچی بە نیسبەتی ژنی تەڵاقدراوەوە رووناك بێ، بۆ ژنێ کە تەڵاق نەدرابێ تاریکە؛ چونکی ئەو ژنانە شیریش نەدەن بە منداڵەکانیان نەفەقەیان بە هەموو جۆرێ واجبە لەسەر مێردەکانیان، کەوابێ ئەو

رزق و کیسوەتە ئەگەر ئەیکەی بە ئوجرەی شیرپێدانیان مەعقوول نییە؛ چونکی بە بێ شیرپێدان واجبە، وە ئەگەر نایکەی بە ئوجرە ئەوە باسی ئوجرەی دایکەکان نییە لە ئایەتەکەدا.

بۆیە قورتوبی لە تەفسیرەکەیا و، گەلێ لە ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوەن کە مەبەست لە «والدات» تەلاقدراوەکانە. وە دەلیلیان هێناوەتەوە بە چەن دەلیل و حوجەتی مەعقوول:

یەکەم: ئایەتە پێشووەکان باسی ژنی تەلاقدراو و ئەحکامی تەلاقیان ئەکەن. کەوابێ موناسب وایە ئەم والیداتەیش لە تەلاقدراوەکان بن.

دووەم: خودا بە هۆی شیردانیان بە منداڵەکان واجبی کردووە کە پیاوەکان رزق و پۆشاکیان پێ بدەن، وە ئەمە هەر بۆژنی تەلاقدراو دەست ئەدا؛ چونکی ژنێ کە لە ژێر نیکاح و عیسمەتی کابرادا بێ شیر بدا و نەیدا نەفەقەی هەر واجبە.

سێهەم: ئەمە کە ژنی تەلاقدراو گومان ئەبرێ موبالات بە منداڵەکەی نەکات لە داخی کابرای مێردی کە تەلاقی داوە. جا خودای تەعالا ئەفەرموێت: نابێ ئەو ژنە وەهابێ و پێویستە ئاوڕ بداتەوە بەلای منداڵەکەیا و شیری پێ بدا، هەروا واجبە باوکی ئەو منداڵەیش نەفەقەی ژنەکە بدات وەکوو سابیق لە ئوجرەی ئەم شیرپێدان و خزمەتی منداڵەدا.

چوارەم: لە عیبارەتی: ﴿وعلى المولود له﴾ وە دەرئەکەوێ کە ئەم ژنانە تەلاقدراوەکانن؛ چونکی ـ ئەگەرچی نەسەب بەسراوە بە باوکەوە و بۆ دایك نییە ـ ئەگەر باوك و دایك بەیەکەوە بن و منداڵ لای خۆیانا بێ ئەوە منداڵەکە بۆ هەردوولایانە، بەڵام ئەگەر دایکی منداڵ جیابووەوە لە باوکەکەی ئەوە لە ئەنجاما کوڕەکە یا کچەکە ئەگێڕرێتەوە بۆ لای باوکەکەی و قازانجی هەر بۆ ئەو ئەبێ و خێری بۆ دایکەکەی یا نابێ یا زۆر کەم ئەبێ.

پێنجەم: عیبارەتی: ﴿لا تضار والدة بولدها و لا مولود له بولده﴾ موناسبی پیاو و ژنێکە کە عەلاقەی ژن و مێردییان لە بەینا نەمابێ؛ چونکی ئەو زیانگەیاندن بەیەکترە، وە یا ئەو زیانگەیاندن بە منداڵە لە کاتی دۆستی و ڕێکی باوك و دایکەکەدا زۆر دوورە، بەڵکوو هەر بۆ کاتی جیابوونەوەیانە بە تەڵاق، وە لەو کاتا یا کابرا زیان بدا لە ژنەکە یا لە منداڵەکە، وە یا ژنەکە زیان بدا لە کابرا یا لە منداڵەکەی، وەکوو دیارە بۆ یەکێ بە ئینساف بڕوانێ.

جا ئەگەر یەکێ بڵێت: کەوابێ حوکمی شیردانی ژنێ کە تەڵاق نەدرابێ لە ئایەتا نامێنێ و ئەوەیش پێویستە، ئەڵێم: مادام خودا حوکمی ژنی تەڵاقدراوی باس کرد لە هۆی شیردان بە منداڵەکەیەوە لەگەڵ دوژمنایەتی لەگەڵ مێردە پێشووەکەیا و بڕیاری دا پێویستە شیریان پێ بدەن، حوکمی ژنی تەڵاقنەدراو لەگەڵ مێردەکەیا بەرابەر بە منداڵەکە مەعلووم ئەبێ بە «قیاس الأولی»؛ چونکی لە جێگەیێ واجب بێ کە ژنی تەڵاقدراو ئیهمالی منداڵەکەی نەکاو شیری پێبدا و کابرایش نەفەقەی پێبدا، دەرئەکەوێ واجبە لەسەر پیاو و ژنێ ڕێك بن و پێکەوە بن کە ئیهمالی تەربییەی منداڵەکەیان نەکەن؛ خواه دایکی منداڵەکە بە خۆڕایی شیر بدا بە منداڵەکەی یاخود بە ئوجرە بێ. وەکوو ئیمامی شافیعی ڕەوای داوە ئوجرە بدرێ بە دایکی منداڵەکە بۆ شیرپێدانی.

باسی دووەم ئەمەیە: لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە حەقی حەزانە (حَضانة) و تەربییەکردنی منداڵ بۆ دایکەکەیەتی، هەرچەن تەڵاقیش درابێ، مادام شوو نەکا بە بێگانە وەکوو لە دەلیلیتر دەرئەکەوێ. وە ئەم حەقی حەزانەیە لە مەزهەبی شافیعیدا ئەوەندەیە هەتا منداڵەکە ئەگاتە کاتی تەمییز و زانستی سوود و زیانی خۆی، لەو کاتەدا خاترخۆ ئەکرێ ئاخۆ کامیان ئیختیار ئەکا لە باوك و دایك، وە لەسەر ئیختیاری

خۆی موعامەلەی لەگەڵدا ئەکرێ و حەقی حەزانە بۆ ژنان موناسبترە؛ چونکی ئەوان باش ئەزانن و ئەتوانن منداڵی بێ‌تەمییز بەخێو بکەن.

جا باشتریان دایکی منداڵەکەیە، ئەمجار دایکەکانی ئەو دایکە کە بە هۆی ژنەکەوە بگەن پێی، نزیك لە پێش دوورەوە، وە (هكذا). پاش ئەوان دایکی باوك، جا ئەو دایکانەی کە بەهۆی ژنەوە پێی ئەگەن، جا دایکی باوکی دایك. جا دایکی باوکی باپیرە. وە خوشك پێش ئەخرێ لە پوورێ لە دایکەوە بێ، ئەم پوورە پێش ئەخرێ لەسەر کچی براو کچی خوشك، وە برازاو خوشکەزایێ کچ بن پێش ئەخرێن لەسەر پوور لە لایەنی باوکەوە. وە خوشکی باوك و دایکی لەسەر خوشکێ کە لە یەك لاوە بێ، وە خوشکی باوکی پێش ئەخرێ لەسەر خوشکی دایکی.

وە هەرچۆن حەقی حەزانە بۆ ژنان هەیە بۆ پیاوانیش هەیە؛ جا ئەگەر ژن و پیاو کەوتنە یەك ئەوە لە پێشدا حەق بۆ دایکی منداڵەکەیە ئەمجار بۆ دایکی دایکی. پاش ئەوان بۆ باوکی منداڵەکەیە.

ئەگەر ئەسڵ و حاشیە کەوتنە یەك ئەوە ئەسڵ وەکوو باوکی منداڵەکە یا وەکوو دایکی پێش ئەخرێ لەسەر خزمی حاشیە و تەنیشت وەکوو براو خوشکی ئەو منداڵە. ئەگەر ئەسڵ لە مەیداندا نەبوو ئەو جار خزمی تەنیشت ئەبێ بە پەروەردەکەری ئەو منداڵە، وە نزیك پێش دوور ئەکەوێ. وە ئامۆزایش حەقی حەزانەی هەیە، بەڵام کچێ لە پایەی ئارەزوودا بێ نادرێ بە خۆی بەڵکوو ئەدرێتە دەستی ژنێکی متمانە پێ کراو کە ئەو هەڵی بژێرێ.

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا باسی عیددەی تەڵاقی کرد و بە شوێن ئەوا باسی شیردانی منداڵی کرد، هات باسی عیددەی ژنی مێردمردووی کرد، مەبادا کەسێ گومان ببا کە عیددەی ئەمیش وەکوو عیددەی تەڵاق وایە و فەرمووی:

﴿وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا﴾

ئەو پیاوە موسوڵمانانە کە ئەمرن و ژنەکانیان لە پاش خۆیان بەجێ ئەهێڵن.

﴿يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا﴾

واجبە ئەو ژنانە خۆیان رابگرن لە شوو کردن لە پاش مردنی مێردەکانیان تا ماوەی چوار مانگ و دە شەو.

وە هۆی ئەم تەقدیرە ئەمەیە کە: منداڵ لە سکی ژنا لە ئاخری سێ مانگدا ئەجووڵێ ئەگەر نێرینە بێ، وە لە ئاخری چوار مانگدا ئەگەر مێیینە بێ، جا ئیعتیباری ماوە زۆرەکەیان کراوە لەبەر ریعایەتی هەردوو سینفەکە، وە دە شەوی‌تریش عەلاوە کراوە لەبەر ئیحتیات؛ چونکی وا ئەبێ لە پاش ئەو ماوە بە گورجی منداڵەکە ناجووڵێ هەتا چەن رۆژێ.

وە ئەم ئایەتە بەزاهیر عامە بۆ ژنێ کە سکی نەبێ و ژنێ سکی ببێ، بەڵام ژنێ سکی ببێ دەرکراوە لە عموومی ئەم ئایەتە بە ئایەتی: ﴿وأولات الأحمال أجلهن أن يضعن حملهن﴾[1] واتە: ئەو ژنانە کە خاوەن حەملن عیددەیان بەمەیە کە سکەکەیان دابنێن.

﴿فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ﴾

واتە: جا کاتێ ئەو ژنانە گەیشتن بە دوایی ماوەی عیددەکەیان ئەوە لەو کاتەدا گوناح نییە لەسەر ئێوە ـ ئەی خاوەن فەرمانەکان ـ کە واز بێنن لەو ژنانە لە کردنی

---

١. الطلاق؛ ٤.

هەر شتێکا بۆ خۆیان ئەیکەن لەوانە کە لە ماوەی عیددەدا مەنع کراوە لێیان بەم شەرتە بە یاسای شەرع بێ و لە دەستووری دامەزراو دەرنەچن.

واتە: ئەو ژنانە لە ماوەی عیددەدا نابێ بە بێ عوزر خانووی نیشتمانی خۆیان بەجێ بێڵن، وە واجبە لەسەریان تەرکی هەموو زینەتکاری و خۆجوانکردن بکەن لە ماوەی عیددەدا لە پۆشاکا، وە بە کارهێنانی بێنخۆشی و خشڵی جوانی ژنانە و سەر و موو لە خەنەگرتن. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە وەزعانە ئەبن بە هۆی بانگکردنی ئەوانەی تالیبی خوازبێنین، جا مەنع کراوە لەمانە لەبەر مەنعی وەسیلەی فیتنەی دینی و ئاشووبی کۆمەڵایەتی.

وە لە بوخاری و موسلیمدا ریوایەت کراوە لە «أم عطية»وە کە: حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: دروست نییە هیچ ژنێ تەعزییە بگرێ لەسەر مردوو لە سێ رۆژ زیاتر ئیللا لەسەر مێردی خۆی، ئەوە تەعزییە ئەگرێ و خۆی دوور ئەخاتەوە لە زینەت و لە خۆجوانکردن لە ماوەی چوار مانگ و دە شەو و رۆژدا.

﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٢٣٤﴾

واتە: خودا بە راستی ئاگاداری ئەوەیە ئێوە ئەیکەن. ئەم جوملە هەڕەشەیە بۆ ئەو فەرماندارانە کە لە چاودێری ئەحکامی دینا بێموبالاتی ئەکەن و واجبی خۆیان بەجێ نایەنن.

بزانن! عیددەی ئەو ژنە کە لە پێش مردنی مێردەکەیا تەڵاق دراوە بە تەڵاقی ریجعی وەکوو ئەو ژنەیە کە لە نیکاحی مێردەکەیا بووە. واتە: ئەگەر حامیلە بێ بە دانانی حەملەکەیەتی، ئەگەرنا چوار مانگ و دە شەو و رۆژە. بەڵام ئەگەر تەڵاقەکەی بائین بێ ئەوە لەسەر عیددەی تەڵاقەکەی ئەڕوا بە سێ «توهر»، وە یا ئەگەر حەیز و پاکی نەبوو بە سێ مانگە و بەس.

وە عیددەی مردنی مێردی ژن واجبە لەسەر ژنێ کە نا باڵغ بێ، وە یا باڵغ بێ و حەیزی پیا نەهاتبێ، یا حەیزی پیا هاتبێ و لە کاتی مردنی مێردەکەیا حەیزی بەسەرا بێ، یاخود گەیشتبێ بە تەمەنی بێحەیزی. عیددەی هەموو ئەمانە، مادام حەملیان نەبێ، چوار مانگ و دە رۆژە و هەموویان تەواوی مارەیی و میرات لە ماڵی مێردەکەیان وەرئەگرن.

بەڵێ عیددەی جارییەی مێرد مردوو دوو مانگ و پێنج رۆژە، بەڵام لەم زەمانەدا جارییە نەماوە بە تایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا.

﴿وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِۦ مِنْ خِطْبَةِ ٱلنِّسَآءِ﴾

واتە: ئەی موسوڵمانانێ کە خواستی ئەوەتان هەیە ژنی مێرد مردوو مارە بکەن هیچ گوناح و تاوان نییە لەسەرتان لەو خوازبێنییە کە بە شێوەی تەعریز بێ، واتە بە شێوەیێ بێ بە هۆی موناسەبەی رۆژەوە لێی دەربکەوێ مانای خوازبێنییە، وەکوو ئەوە بە ژنەکە بڵێ: تۆ ژنێکی باش و بەشەرمی و، تۆ دانامێنی و، تۆ لە هەر خانەدانێکا ببی ئاوەدانی ئەکەیتەوە. بەڵام بە قەراری راستی دروست نییە بە رووناکی خوازبێنی بکەن، وەکوو ئەوە بڵێت، من خواستم هەیە تۆ مارە بکەم ئەگەر تۆ مەیلت ببێ.

﴿أَوْ أَكْنَنتُمْ فِىٓ أَنفُسِكُمْ﴾

هەروا گوناحتان لەسەر نییە لەوەدا کە لە دڵی خۆتانا دایبپۆشن، واتە لە دڵتانا هەبێ مادام خودا بۆتان رێك بخا ئەو ژنە مارە بکەن.

﴿عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ﴾

خوا ئەزانێ کە ئێوە ناوی ئەو ژنانە ئەبەن و باسی ئەوە ئەکەن کە ئێوە دڵخوازتانە ئەو ژنە مارە بکەن کەوابوو ئەگەر بە شێوەی شەرعی قسە بکەن لەگەڵیانا بە تەعریز قەی ناکا.

﴿وَلَٰكِن لَّا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا﴾

بەڵام باسی مارە کردن و چوونەلا نەکەن لەگەڵیانا.

﴿إِلَّآ أَن تَقُولُواْ قَوْلًا مَّعْرُوفًاۚ﴾

بەڵێ مانیع نییە کە لەگەڵیانا قسەیەکی عادەتی شەرعی بکەن.

﴿وَلَا تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ ٱلنِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ ٱلْكِتَٰبُ أَجَلَهُۥۚ﴾

وە بە قەتعی عەزم نەکەن لەسەر مارە بڕین و نیکاحکردنیان هەتا ئەو ماوەی عیددە واجبە ئەگاتە ئاخری و تەواو ئەبێ؛ چونکی ئەو عەزمە بێسوودە و موخالیفی شەرعە، وە بازێ جاریش ئەو عەزمە هەڵتان ئەنێ بۆ مارەکردنی ئەو ژنە لە پێش تەواو بوونی عیددەدا، وە ئەم عەقدە ناشەرعییە ئەبێ بە هۆی گومانی خراپ بە ئێوە و بە ژنەکان و ئەبێ بە هۆی ئاشووب لە ناو موسوڵمانانا و، لە عەینی کاتا عەقدەکەیش بەتاڵە.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ فَٱحْذَرُوهُۚ﴾

بزانن کە خودای تەعالا ئەزانێ بەو عەزمە نابارانە کەوا لە دڵتانا، جا خۆتان بپارێزن لێی و ئەو عەزمە مەکەن.

﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿٢٣٥﴾﴾

وە بزانن کە خودای تەعالا تاوانبەخش و گوناهـ پۆش و بە مۆڵەت و ئارامە، ئەگەرنا گەلێ کەس گیرۆدە ئەبوون.

﴿لَّا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُواْ لَهُنَّ فَرِيضَةًۚ﴾

واتە: هیچ داوای ماڵ و مارەیی نییە لەسەر ئێوە بۆ ژنەکانتان ئەگەر تەڵاقتان دان، مادام نەچووبنەلایان، یانی جیماعتان لەگەڵ نەکردبن، یاخود مارەییتان بۆ بڕیار نەدابن.

﴿وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى ٱلْمُوسِعِ قَدَرُهُۥ وَعَلَى ٱلْمُقْتِرِ قَدَرُهُۥ مَتَٰعًۢا بِٱلْمَعْرُوفِۖ حَقًّا عَلَى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٢٣٦﴾﴾

بەڵام ئەو ژنانە ئەندازەیێ ماڵیان پێ بدەن لەبەر چاری ئەو دڵئازاری جیابوونەوەیانە، وە ئەم ماڵە واجبە لەسەر دەوڵەمەند بە ئەندازەی موناسبی خۆی، وە لەگەڵ ریعایەتی وەختا، وە لەسەر نەدارایش بە قەی شانی خۆی بە شێوەیەك شایانی پیاوەتی کابرا و شانی ژنەکە بێ، وە ئەم حەقە بڕیاردراوە لەسەر ئەو موسوڵمانانە کە شوعووریان هەیە بە چاکە کردن لەگەڵ نەفسی خۆیانا بۆ ئەوە تاوانبار نەبن، وە لەگەڵ غەیری خۆیانا بۆ ئەوە بە واتەی نابار بریندار نەبن.

﴿وَإِن طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ﴾

وە ئەگەر ژنەکانتان تەڵاق بدەن لە پێش ئەوەدا کە بڕۆنەلایان و جیماعیان لەگەڵا بکەن وەلحاڵ لە پێشدا مارەییتان بۆ بڕیار دابوون: خواهـ لە عەقدی نیکاحەکەدا یا لە پاش ئەو نیکاحەدا ـ وەك نیکاحی موفەووەزە ـ ئەوە واجبە لەسەرتان نیوەی ئەو ماڵەیان بدەنێ کە بۆتان بڕیارداون ئیتر حەقی موتعەیان نییە.

﴿إِلَّآ أَن يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَا۟ ٱلَّذِى بِيَدِهِۦ عُقْدَةُ ٱلنِّكَاحِ﴾

مەگەر کاتێ ژنەکان ئێوە عەفو بکەن لەو نیوە مارەییە و هیچ وەرنەگرن، وە یاخود ئەو پیاوە کە عوقدەی نیکاحەکەی بە دەستەوەیە ـ کە مێردەکەیەتی ـ ئەو ژنە عەفو بکا لە نیوەمارەیی باقی کە حەقی خۆیەتی. واتە هەموو مارەییەکەی پێ بدا، ئەو کاتە هەموو مارەییەکە وەرئەگرن.

﴿وَأَن تَعْفُوٓا۟ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ﴾

وە بزانن عەفو کردنی ئێوە لە بەشەکەی خۆتان و تەسلیمی هەموو مارەییەکە بەو ژنانە نزیکترە بە کەرامەت و تەقوا و موناسبترە بۆ خوو و رەوشتی پیاوی باش.

﴿وَلَا تَنسَوُا۟ ٱلْفَضْلَ بَيْنَكُمْ﴾

هەرگیز کەرامەت و بەخشش لە بەینی خۆتانا فەرامۆش مەکەن و هەمیشە خواستی دڵتان وابێ کە بەخششتان ببێ بە موسوڵمانان.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٣٧﴾﴾

بە راستی خودای تەعالا بینایە بەو شتانە کە ئێوە ئەیکەن و چاوی لێیانەوەیە.

درێژەی ئەم باسە ئەمەیە ئەو ژنە کە جیائەبێتەوە لە مێردەکەی بە هۆی مردنی یەکێ لەوانەوە هەموو مارەییەکەی ئەکەوێ. وە ئەگەر بە هۆی تەڵاقەوە بێ ئەوە ئەگەر ناوی مارەیی بۆ براوە و کابرا چووەتە لای ژنەکەی ئەوە هەموو مارییەکەی ئەکەوێ ئەگەر مارەییەکەی شەرعی بێ، وە هەموو «مهر المثل»ی ئەکەوێ ئەگەر مارەییەکەی ناشەرعی بووبێ بەم جۆرە ماڵێکی حەرام یا ماڵێکی نامەعلووم بووبێ مەسەلا. وە ئەگەر کابرا نەچووەتە لای ئەوە نیوەمارەیی یا نیوەی «مهر المثل»ی ئەکەوێ، وە ئەگەر ناوی مارەیی بۆ نەبراوە و لە پێش چوونەلایا لە بەینی خۆیانا بڕیاری شتێکیان داوە ئەوەیش ئەگەر ماڵێکی شەرعی بێ نیوەی ئەکەوێ، وە ئەگەر ناشەرعی بێ نیوەی «مهر المثل»ی ئەکەوێ. ئەگەر ناوی مارەیی بۆ نەبراوە و لە پێش چوونەلایشا هیچیان بڕیار نەداوە ئەوە ئەگەر کابرا رۆیشتە لای ژنەکەی تەواوی «مهر المثل»ی ئەکەوێ، وە ئەگەر نەچووبێتە لای ـ وەکوو سوورەتی ئەم ئایەتە پیرۆزە ـ ئەوە بەس حەقی مەتاع ئەکەوێتە سەر کابرا؛ چونکی نە مارەیی بۆ دانراوە لە عەقدی نیکاحەکەدا و نە بۆی فەرز کراوە لە پاش عەقدەکە و کابرایش نەچووەتە لای و ئیستیفادەی لێ نەکردووە. کەوابێ هەر حەقی موتعەی هەیە.

وە لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیدا﷫ هەموو بەشەکانی ژنی تەڵاقدراو حەقی موتعەیان هەیە، ئیللا ئەو بەشە نەبێ کە کابرا نەچووەتە لای ژنەکە لەگەڵ ئەوەدا ژنەکە نیوەمارەیی هەیە، ئەمە غەیری ئەو نیوەمارەییە حەقی نییە وەکوو باسمان کرد.

وە سیرڕی پێویستی حەقی موتعە دەفعی وەحشەت و دڵ ئازاری ژنەکەیە لە جیاوە بوونا. وە ئەم حەقە سونەتە لە (٣٠) درەم کەمتر نەبێ، وە ئەگەر ژنەکە بەوە رازی نەبوو ئەبێ قازی بە قەی شان و ماڵی بۆی دابنێ.

جا لە بەر ئەوە کە خوای تەعالا گەلێ ئایاتی ئەحکامی نیکاح و تەڵاق و، شیردان بە منداڵ و، عیددەی باس کرد لەم کاتەدا گەڕایەوە بۆ سەر باسی نوێژ لەبەر بێدار کردنەوەی موسوڵمانان بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودای تەعالا و فەرمووی:

﴿حَٰفِظُواْ عَلَى ٱلصَّلَوَٰتِ وَٱلصَّلَوٰةِ ٱلْوُسْطَىٰ وَقُومُواْ لِلَّهِ قَٰنِتِينَ ﴿٢٣٨﴾﴾

وە ریوایەت کراوە لە زەیدی کوڕی ئەرقەم﷛ فەرموویەتی: ئێمە لە زەمانی حەزرەتا ﷺ نوێژمان ئەکرد و لە ناو نوێژەکەدا قسەمان لەگەڵ یەکترا ئەکرد. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، وە خودا بە هۆی ئەمر بە موحافەزەی نوێژەکانەوە و ئەمر بەوە کە راوەستین لەگەڵ دەوامی عیبادەتا مەنعی کردین لە قسە کردن لە نوێژا. «ئەم باسە بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوانیش ریوایەتیان کردووە».

واتە: ئەی موسوڵمانەکان ئاگاداری هەموو نوێژە فەرزەکانتان بکەن، بە تایبەتی نوێژی مەشهوور بە «الصلاة الوسطى» کە نوێژی عەسرە، وە راوەستن لە نوێژەکانتانا لەگەڵ عیبادەت و زیکری خودادا و باسی‌تر مەخەنە ناو نوێژەکانتان.

بزانن! ئاگاداری کردنی نوێژ ئەمەیە: موسوڵمان مولاحەزە بکا کەی نوێژی لەسەر واجب ئەبێ و، شورووتی راستی نوێژەکان و، ئەرکانەکانی چەندن و، بە چی بەتاڵ

ئەبێتەوە و، سونەتەکانی نوێژ چەندێکن و، بە چی نوێژ ئەگا بە پایەی گەورەی خۆی و خاوەنەکەی سوودی دەست ئەکەوێ و، لە چ کاتێکا و، لە چ شوێنێکا و، لەگەڵ کێدا نوێژ بکا. وە «بالفعل» ئەمانە بەجێ بێنێ.

جا بزانن شەرتی واجب بوونی نوێژ سێ شتە: ئیسلامییەت و، بلووغ و، عەقڵ. ئەمانە حەدی تەکلیفی خودان.

وە شرووتی نوێژ پێنجن: پاکی لەشی ئینسان لەپیسیو بێدەسنوێژی و لەشپیسی، وە داپۆشینی عەورەت ـ واتە: بەینی ناوك و ئەژنۆی نێرینە و هەموو لەشی مێینە ئیللا هەردوو دەست و روخساری ـ بە پۆشاکێکی پاکی وا کە عەورەتەکەی پێ ون ببێ لەبەر چاودا، وە راوەستان لەسەر شوێنێکی پاك، وە باوەڕ کردن بە هاتنی کاتی کردنی نوێژەکان، وە رووکردن لە «کعبة اللّٰه» لە هەموو نوێژەکەدا.

وە ئەرکانی نوێژ هەژدەیە: نیەت هێنان بە دڵ بۆ کردنی فەرزی نوێژی ئەو وەختە لە کاتی «اللّٰه أکبر» کردنی دابەستنی نوێژەکە بەرەورووی کابەی پیرۆز و لەگەڵ راوەستان بۆ یەکێ تەواناى هەبێ هەتا سوورەتی فاتیحە تەواو ئەکا لە «بسم اللّٰه الرحمن الرحیم»ەوە هەتا «ئامین». وە روکووع بردن وەها هەردوو بەری دەستی بگەنە ئەژنۆکانی لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا، وە ئیعتیدال، یانی بەرزەوە بوون بۆ راوەستان لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا. وە دوو سوجدە لەسەر حەوت ئەعزای لەشی: هەردوو ئەژنۆی بە داپۆشراوی و، تەوێڵی بە رووتی، هەردوو بەری دەستی و، سنگی هەردوو پێکانی و بازێ لە پەنجەکانی؛ خواه ئەمانە رووت بن یا داپۆشراو بن. وە ئارامگرتن لەم دوو سوجدەدا و دانیشتن لە بەینی ئەم دوو سوجدەدا لەگەڵ ئارامگرتنی لەشیا. وە خوێندنی تەحیاتی ئاخری نوێژ بە دانیشتنەوە و سەڵاواتدان لە حەزرەت ﷺ. وە ریزی ئەم ئەرکانانە کە باسمان کردن. وە سەلام دانەوەی یەکەم.

وە ئەو شتانەیش کە نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە یازدەن: قسە کردن بە قەستی. وە کردەوەی زۆر، یانی سێ جار جووڵانەوەی تەواوی دەست (مەسەلا). وە روودانی بێدەسنوێژی یا لەشپیسی. یا هاتنی پیسییەك کە عەفوی لێ نەدرابێ بۆ سەر لەشت یا پۆشاکت. وە دەرکەوتنی عەورەت و مانەوەی بەو حاڵە. وە خواردن و خواردنەوە و پێکەنین بە شێوەی «قاقا». وە پشت کردن لە قیبلە و. لە دین وەرگەڕانەوە ـ پەنا بە خودا ـ.

وە سوننەتەکانی نوێژ لە پێش نوێژەکەدا: بانگ دان، وە قامەت کردن، وە سیواك کردن. وە لە پاش دابەستنی نوێژەکە: «توجە» کردن؛ یانی خوێندنی «وجهت وجهي» تا ئاخری وەکوو مەشهوورە، وە «تەعەووز» کردن، یانی خوێندنی «أعوذ باللّٰه من الشيطان الرجيم» لە پێش فاتیحەدا. دانانی دەستی راست لەسەر دەستی چەپ لە ژێری سینەوە لە ژوور ناوکەوە. وە خوێندنی سوورەتێ لە پاش فاتیحە. وە ئامین کردن لە پاش فاتیحە. وە خوێندنی «قونووت» لە ئیعتیدالی رکاتی دووهەمی نوێژی سبەینێدا بە دەوام و لە ئیعتیدالی رکاتی ئاخری نوێژی «وەتر»دا لە نیوەی دوایی مانگی رەمەزاندا. وە خوێندنی تەحییاتی ئەووەڵ لەو نوێژانەدا کە دوو تەحییاتیان تیا هەیە. وە سەڵاوات دان لەسەر حەزرەت ﷺ لە ئاخری قونووت و ئاخری ئەم تەحییاتەدا. وە «اللّٰه أكبر» کردن لە کاتی دانەویندا بۆ روکووع و بۆ سوجدەکان و کاتی سەربەرز کردنەوە لە سوجدەکاندا. وە تەسبیحات لە روکووعدا و لە سوجدەکانا. وە «سمع اللّٰه لمن حمده» لە ئیعتیدالا، وە سەلامدانەوەی دووەم و بەرز کردنەوەی هەردوو دەست بۆ موقابیلی سەرشان لە کاتی «اللّٰه أكبر» کردنی ئەووەڵ و دانەوین بۆ روکووع و سوجدەکان و کاتی بەرزەوە بوون لەوانا، وە سەڵاوات لەسەر ئال لە تەحییاتی ئاخرا. وە دانانی هەردوو دەست لەسەر هەردوو ران لە دانیشتنا بۆ خوێندنی «تحيات»، بەڵام دەستی چەپی بکاتەوە و دەستی راستی بقونجێنێ ئیللا پەنجەی

شادەت ئەوە لە کاتی «لا إله إلا اللّٰه»دا بەرزی بکاتەوە ئیتر نەیجوولێنێ و سەری ئەو پەنجەیە رووبکاتە رانی لە پاش تەواو کردنی شادەتەکەی. وە لە هەموو دانیشتنەکانی نوێژا ئیفتراش بکا؛ بەم جۆرە دابنیشێ لەسەر پێیی چەپی و پشتی ئەو پێیە روو لە عەرز بێ و پێی راستی هەڵبنێ و سەری پەنجەکانی بەرەو قیبلە بن. بەڵام لە دانیشتنی ئاخرا «تەوەڕوك» بکا؛ واتە لەسەر وڵمەی رانی دابنیشێ و پێی چەپی لەلای راستەوە دەربکا و سەلامی دووەمیش بداتەوە. وە درێژەی ئادابی نوێژ پێویستە بە پرسیار لە زانای ناو موسوڵمانان.

وە سوودی نوێژ وا لەوەدا ئینسان بە خوشووع و حوزوورەوە نوێژ بکا، واتە هەموو ئەعزای لەشی ئارام بن و دڵی لە لای مەعنای نوێژەکەی بێ و باوەڕی وابێ کە لە حوزووری خودادایە. وە کاتی گەورەیی نوێژ ئەووەڵی وەختە پاش ئەوە کە بە راستی کاتی نوێژ داهات. وە نوێژەکەی لە مزگەوتا بکا، وە بە جەماعەت بێ لە پشتی ئیمامێکی شەرعزان و رەفتار لەسەر سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ بەجێی بێنێ.

جا با بزانین مەبەست لە «الصلاة الوسطى» کام نوێژە لەم پێنج فەرزە؟ زاناکان لە دیاری کردنی ئەم نوێژەدا دە وتاریان فەرمووە:

یەکەم: ئەو نوێژە نوێژی نیوەڕۆیە لەبەر ئەوە وا لە ناوەڕاستی رۆژا. بینا لەسەر ئەوە لە بەرەبەیانەوە حسێبی رۆژ بکەی نەك لە هەتاو کەوتنەوە. وە زەیدی کوڕی سابت و ئەبووسەعیدی خدری و عەبدوڵلای کوڕی عومەر و «أم المؤمنین» عائیشە رضي الله عنها لەسەر ئەم بیرەن.

وە سیرڕەکەیشی ئەمەیە کە نوێژی نیوەڕۆ لە کاتی شیددەتی گەرمادا بووە و زۆر گران بووە لەسەر ئەسحابەکان؛ چونکی حەزرەت ﷺ لە گەرمای نیوەڕۆدا نوێژی نیوەڕۆی ئەکرد و هیچ نوێژێ ئەوەندە لەسەر شانیان گران نەبوو. جا ئەم ئایەتە

هاتەخوارەوە: ﴿حافظوا على الصلوات والصلاة الوسطى﴾ الآية، وە ئیمامی مالیك لە كتێبی «موطأ»دا ریوایەتی كردووە لە زەیدی كوڕی سابت «الصلوة الوسطى صلوة الظهر».

دووەم: ئەمەیە كە نوێژی عەسرە؛ چونكی دوو نوێژی ڕۆژی لە پێشایە و دوو نوێژی شەو، وە لەو كەسانەیە لەسەر ئەم فەرموودەیە: عەلی و ئیبنوعەباس و ئەبووهورەیرە. وە ئەم قسە ئیختیاری ئیمامی ئەبووحەنیفە و رفیقەكانیەتی. وە ئیمامی شافیعی و زۆربەی ئەهلی نەقڵ لەسەر ئەم فەرموودەن. بەڵكوو جومهوور بیریان وەهایە.

سێهەم: ئەمەیە كە ئەو نوێژە نوێژی مەغریبە. وە ئیستیدلالیان كردووە بەمە كە مەغریب لە ژمارەی ركاتەكانیا میانەیە؛ نە كەمە وەكوو نوێژی سبەینێ، نە زۆریشە وەكوو نوێژی عیشا. وە لە سەفەرا كورت ناكرێتەوە. وە حەزرەت قەت لە وەختی خۆی دوای نەخستووە، وە لە پاش نوێژی مەغریب دوو نوێژی جەهری هەیە كە عیشا و بەیانییە و لە پێشیەوە دوو نوێژی سیرڕی هەیە وەكوو نوێژی نیوەڕۆ و عەسر.

چوارەم: ئەمەیە ئەو نوێژە نوێژی عیشایە؛ بە دەلیلی ئەمە كە وا لە بەینی دوو نوێژا كە قەسریان دروست نییە وەكوو مەغریب و بەیانی، وە وەختەكەی وەختی نوستنە، وە لەسەر شانی ئینسان گرانە. كەوابێ زۆر موناسبی تەئكیدە، بۆیە خودا بە تایبەتی بە «صلوة الوسطى» ناوی بردووە.

پێنجەم: ئەمەیە ئەو نوێژە نوێژی سوبحە؛ چونكی لە پێشیا دوو نوێژی شەو هەیە كە مەغریب و عیشایە و لە پاشیەوە دوو نوێژی ڕۆژ هەیە كە نیوەڕۆ و عەسرە، وە لەبەر ئەوە كە وەختەكەی وەختی نوستنە و هەستان لەو كاتەدا لە گەرما و سەرمادا زۆر لەسەر شان گرانە. وە لەو كەسانەیە ئەم قسەیە فەرمووە: ئیمامی عەلی و عەبدوڵڵای كوڕی عەباس، وەكوو مالیك ریوایەتی كردووە لە «موطأ»دا بە تەعبیری «بلاغ»، وە

ترمزی ریوایەتی کردووە لە ئیبنوعومەر و ئیبنوعەباسەوە بە «تەعلیق»، واتە بێ‌سەنەد، وە ریوایەت کراوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە. وە ئەمە فەرموودەی مالیك وە رەفیقەکانیەتی، وە مەیلی ئیمامی شافیعیش لەسەر ئەمەیە، وەکوو «قشیری» باسی کردووە، بەڵام ریوایەتی راست لە ئیمامی عەلییەوە ئەمەیە کە عەسرە نەك بەیانی.

شەشەم: ئەمەیە کە نوێژی جومعەیە؛ لەبەر ئەوە جیا کراوەتەوە بەوە کە دوو خوتبەی تێدا هەیە و موسوڵمانانی زۆر بۆ گردئەبێتەوە و کراوە بە جەژنی موسوڵمانان و دوعای تێدا نزیکە لە قەبووڵ.

هەروا چەن قەولی‌تر لەم باسەدا هەیە کە گێڕانەوەیان ئەبێ بە هۆی درێژەدان بە وتار، وە فەرموودەی بەهێز ئەمەیە کە نوێژی عەسرە بە دەلیلی چەن حەدیسێ ریوایەت کراون لەم باسەدا و رووناکتریان حەدیسی ئیبنومەسعوودە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «الصلاة الوسطى صلاة العصر». ئەمە ترمزی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی: «حديث حسن صحيح».

وە ریوایەت کراوە لە حەزرەتی عەلییەوە رضي الله عنه ئەڵێ حەزرەت ﷺ لە رۆژی «ئەحزاب»دا فەرمووی: «شغلونا عن الصلاة الوسطى: صلاة العصر، ملأ الله بيوتهم و قبورهم ناراً! ثم صلاها بين العشائين».

واتە: ئەو کافرانە ئیمڕۆ ئێمەیان مەنع کرد لە نوێژی «وسطی» کە نوێژی عەسرە، خودا بە قاری خۆی خانووەکانیان و گۆڕەکانیان پڕ بکا لە ئاگری دۆزەخ. جا نوێژی عەسرەکەی بەقەزا گێڕایەوە لە بەینی نوێژی مەغریب و نوێژی عیشادا. وە ئەم حەدیسە ئیمامی بوخاری و موسلیم و ئەبووداوود و ترمزی و نەسائی ریوایەتیان کردووە لە کوتوبی خۆیانا.

وە ریوایەت کراوە لە ئەبووبەسرەی غەفارییەوە ﷺ ئەڵێ: رۆژێ حەزرەت ﷺ نوێژی عەسری لەگەڵ کردن لە «مخمص»دا ـ ناوی شوێنێکە ـ جا فەرمووی: ئەم نوێژە فەرزکرا لەسەر ئوممەتێ لە پێش ئێوەدا، کەچی زایەیان کرد. واتە نەیان کرد. جا کەسێ موحافەزەی ئەم نوێژە بکا ئەوە ئەجری بۆ ئەنووسرێ، دوو جار: جارێ لەبەر کردنەکەی و، جارێ لەبەر ئەوە کە پێشینان زایەیان کردووە و ئەم کەسە بەجێی هێناوە و ئیتر نوێژ ناکرێ لە پاش ئەم نوێژە هەتا رۆژئاوا بوون. ئەم فەرموودەیە موسلیم و نەسائی ریوایەتیان کردووە. وە لەگەڵ وجوودی ئەم فەرموودانە مەجالی ئەوە نییە کەس ئەم نوێژە بکا بە غەیری عەسر؛ بۆیە جومهووری ئەسحاب و تابیعین و موحەددیسین و فوقەها ئیختیاری ئەوەیان کردووە کە «الصلاة الوسطی» نوێژی عەسرە.

﴿فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا﴾

واتە ئەگەر ترسی گیانتان لێ پەیدا بوو بە هۆی دوژمنی نابارەوە یا بە هۆی هار و دڕندە و مارەوە، بەم جۆرە کەوتبوونە شوێنتان، یا بە هۆی لافاوی بێسامانەوە یا ئاگری بێئامانەوە، ئەوە نوێژەکانتان بکەن: بە پیادە و، بە سواری و، بە بەرەو کابەی موبارەك یا پشتەو کابە. خودا تەکلیف ناکا ئیللا بە قەی حاڵی ئینسان.

﴿فَإِذَآ أَمِنتُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَمَا عَلَّمَكُم مَّا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴿٢٣٩﴾﴾

واتە: کاتێ لەو ترس و بیمە هێمن بوونەوە و گەیشتنە حاڵی عادەتی خۆتان ئەمجار نوێژەکانتان بکەن بە یاسای دین وەکوو جارانی خۆشحاڵی، وە سوپاسی خودایش بکەن لەبەر ئەوە کە تەعلیمی ئەو شتانەی کردوون کە لەمەوپێش نەتانزانیوە، وە کوو نوێژ لە کاتی ترس و بیم و نوێژ لە کاتی هێمنیدا.

لەم ئایەتەوە دەرئەکەوێ کە بە قەراری قەتعی دروست نییە بۆ موسوڵمان تەرکی نوێژ بکا لە هیچ کاتێ وە هیچ شوێنێ و لە هیچ حاڵێکا، وە واجبە لەسەری بە هەر جۆرێ بووە لە جێدا یا لە رێدا بە پێوە یا بە دانیشتنەوە یا راکشانەوە نوێژەکانی بکا مادام هۆشی هەیە بە خۆیەوە.

وە ئەو کەسە تەرکی نوێژ بکا ئەگەر لەبەر ئەوەیە کە باوەڕی نییە بەوە کە نوێژ واجبە ئەوە کافرە. وە ئەگەر لەبەر تەمەڵی بێ ئەوە لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی پاش تەرکی نوێژ لەوانە کە گرد ئەکرێنەوە بە یاسای حەددی شەرعی ئەکوژرێ و لە گۆڕستانی موسوڵمانانا ئەنێژرێ. وە لەلای بازێ لە ئیمامەکان حەبس ئەکرێ هەتا تۆبە ئەکاو ئەگەڕێتەوە بۆ نوێژ کردن، وە یا ئەمرێ.

﴿وَٱلَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَٰجًا﴾

ئەو کەسانە کە ئەمرن لە ئێوە و لە پاش خۆیان ژنەکانیان بەجێ ئەهێڵن.

﴿وَصِيَّةً لِّأَزْوَٰجِهِم مَّتَٰعًا إِلَى ٱلْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ﴾

فەرزمان کردووە لەسەریان کە لە کاتی پێش مردنیانا وەسییەت بکەن بۆ ژنەکانیان بە ژیاندنیان و مەسرووف بۆ کردنیان لەسەر میراتی خۆیان هەتا ماوەی ساڵێ تەواو ئەبێ بە بێ دەرکردنیان بەزۆر.

﴿فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِىٓ أَنفُسِهِنَّ مِن مَّعْرُوفٍ﴾

جا ئەگەر ژنەکان بە خواستی خۆیان دەرچوون لەو ماڵە ئەوە گوناح لەسەر ئێوە نییە لە هەر کردەوەیێ بیکەن مادام خیلافی یاسای دین نەبێ.

﴿وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٤٠﴾﴾

خودا بە راستی غالّبە و زالّە بەسەر بەجیّهیّنانی خواستی خۆیا و خاوەن حیکمەتە لەوەدا کە مۆڵەتی گوناحبار ئەدا، وە تا ماوەیێ حەقی لیّ ناسیّنیّ.

قورتوبی لە تەفسیرەکەیا ئەفەرمویّت: کۆمەلّیّ لە موفەسسیرەکان لە مەعنای ئەم ئایەتەدا فەرموویانە: ئەو ژنە کە میّردەکەی ئەمرد لە خانووی میّردەکەیا دائەنیشت هەتا سالّیّ، وە مەسرەفی بۆ ئەکرا لە مالّی میّردە مردووەکەی مادام لەو خانووە دەر نەچوایێ. وە ئەگەر دانەنیشتایێ ئیتر لەسەر میراتبەری کابرا تاوان نەدەما لەوەدا کە مەسرەفی بۆ نەکەن.

بەلاّم لە پاشان ئەم مانەوەی سالّە نەسخ کرایەوە بە ماوەی چوارمانگ و دە شەو و رۆژ بۆ عیددە، وە مەسرەفی سالّەکەیش کە وەسییەتی بۆ کرابوو نەسخ کرایەوە بە وەرگرتنی هەشتیەك یا چواریەك لە مالّی میّردەکەی. وە لە ماوا و مەنزلّیا خیلاف هەیە لە بەینی ئیمامە موجتەهیدەکانا.

بوخاری ﷺ ریوایەتی کردووە لە عەبدوڵلاّی کوڕی زوبەیرەوە ئەلّیّ: وتم بە عوسمان: ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە بە ئایەتەکەیتر کە ئیعتیباری چوار مانگ و دە شەو ئەکا لە عیددەدا، ئیتر بۆچی ئەینووسی؟ ئەویش وتی: ئەی برازام! هەر ئایەتیّ لە شویّنیّکدا نووسرابیّ من لای نابەم و نایگۆڕم.

واتە ئەم ئایەتە هەرچەن حوکمەکەی نەماوە و مەنسووخە، بەلاّم تیلاوەت و خویّندنەوەی ماوەتەوە.

لە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەدا ریوایەت کراوە لە «موقاتل»ی کوڕی حەییانەوە: کە پیاویّ لە «طائف»ەوە هات بۆ مەدینەی مونەووەرە و چەن ئەولادی بوون لە کوڕ و کچ، وە باوك و دایکی لەگەلاّ بوون و ژنیشی بوو، جا کابرا لە مەدینەدا مرد و مەوزووعی میرات و حسیّبی مالّ و ژنەکەی عەرزی حەزرەت ﷺ کرا، ئەویش

بە شێوەیەکی مناسب بەشی باوك و دایکەکەی دانا، وە بەشی ئەولادەکانیشی دانا، بەڵام بەشی بۆ ژنەکەی دانەنا، بەس فەرمانی دا هەتا ماوەی ساڵێ لە میراتی مێردەکەی مەسرەف بۆ ئەو ژنە بکرێ. وە لەم قەزییەدا ئەو ئایەتە نازڵ بوو. بەڵام پێویستە بزانن کە ئەم ئایەتە نەسخ بووەتەوە بە ئایەتی پێشوو ئەگەرچی لە کیتابەتی موسحەفی شەریفدا وا لە پێشەوە. لە واقیعا لە پێش ئەم ئایەتەوە هاتووەتە خوارەوە.

﴿وَلِلْمُطَلَّقَٰتِ مَتَٰعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ﴾

بۆ ئەو ژنانە کە تەڵاقدراون حەقی تەمەتتوع هەیە بە شێوەیێ کە موناسبی حاڵ و شانی کابرای ژنتەڵاقدەر بێ.

﴿حَقًّا عَلَى ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٤١﴾﴾

وە ئەم حەقەم ئیسبات کردووە لەسەر ئەوانە کە ئیمانیان هەیە بە خودا و لە خودا ئەترسن. ئەگەرنا کافر موبالات ناکا.

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٢٤٢﴾﴾

وە بەم جۆرە کە رابوورا لەمەوپێش خودای تەعالا فەرمانەکانی خۆی رووناك ئەکاتەوە بۆتان بە رجای ئەوە فامیان بکەن و رەفتاریان پێبکەن.

خودای تەعالا لە ئایەتی پێشوودا ئیسباتی حەقی موتعەی کرد بۆ هەموو ژنێکی تەڵاقدراو، پاش ئەوە کە لە ئایەتە پێشووەکاندا بڕیاری حەقی موتعەی دا بۆ یەك بەشیان، وە دیارە باسکردنی تاقە فەردێ لە ئەفرادی عام تەخسیسی عامەکە ناکا بەو تاقە فەردە. واتە ئێمە لێرەدا وەرمان گرت کە حەقی موتعە بۆ هەموو ژنێکی تەڵاقدراو هەیە، وە لە پێشەوە بەس بۆ ئەو ژنەی دانا کە تەڵاق بدرێ بە بێ ئەوە بچێتە لای و مارەییشی بۆ ناونەبرابێ. بەڵام ئەم بەیانی عام و خاسە نابێ بە هۆی

ئەوە کە ئەم عامە ببڕین بەسەر تاقە بەشە پێشووەکەدا، بەڵکوو ئەو بەشە حوکمەکەی رابوورا کە حەقی موتعەی هەیە. وە لێرەیشدا بۆ باقی ژنانی تەڵاقدراو هەر حەقی موتعە دائەنێین لەسەر زاهیری ئەم ئایەتە عامە، وە بە قەتعی ئەم زاهیرە لە دەس بەرنادەین ئیللا لە تاقە مادەیەکدا کە جیا کراوەتەوە بە ئایەت وەکوو ئەو ژنە کە تەڵاقدراوە لە پێش چوونەلایا و مارەییشی بۆ ناوبراوە، هەر نیوەمارەیی ئەکەوێ و بەس.

وە بازێ ئەڵێن: هەڵئەگرێ کە لامی تەعریفی «وللمطلقات» بۆ ئیشارە بێت بۆ لای ئەفرادی ئەو قیسمە کە لە ئایەتەکەدا باسی ئیستیحقاقی حەقی موتعەی کرد، وە «لام»ەکەی عومووم نەبێ، کەوابێ ئەم ئایەتە وەکوو تەئکیدی پێدێ بۆ ئەو ئایەتە پێشووە.

وە بازێ کەس تەئویلی ئەم ئایەتەی کردووە بەوە کە ئەم حەقی موتعە واجبی هەیە وەکوو ئەوە لە ئایەتە پێشووەکەدا باس کرا. وە سوننەتیشی هەیە وەکوو باقی ئەقسامی ژنی تەڵاقدراو، واتە قەیناکا با حەقی موتعە بۆ هەموو لایێ ببێ، بەڵام بۆ تاقە بەشێکیان واجبە، وە بۆ ئەو بەشەکان سوننەتە.

وە بازێ وتوویانە: مەبەست لە حەقی مەتاع لەم ئایەتەدا نەفەقەی عیددەیە بەو شەرتە ژنەکە موتەللەقەی ریجعییە بێ یا سکی ببێ.

ریوایەت کراوە لە زەیدی کوڕی ئەسلەم ئەڵێ: کاتێ ئایەتی: ﴿ومتعوهن على الموسع قدره﴾ هاتەخوارەوە وا حاڵی بوو کە ئەم حەقی موتعە حەقێکی ئیختیارییە وتی: «إن شئت أن أحسن فعلت و إن لم أرد لم أفعل» جا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿وللمطلقات متاع بالمعروف﴾ واتە ئەم حەقی موتەللەقانە واجبە. «أخرجه ابن‌جرير».

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُوا۟ ثُمَّ أَحْيَـٰهُمْ﴾

بە یاسای باری تەعالا لە نازڵکردنی قورئانی پیرۆزا لەسەر موناسەبەی بێدار کردنەوەی موسوڵمانان لە بێئاگایی و فەرامۆشکردنی گەورەیی خودا هەر لە ناو چەن ئایەتدا ئایەتێ یا زیاتر نازڵ ئەکا بۆ ئەم مەبەستە.

جا خودای تەعالا ئەفەرموێت. ئەی پێغەمبەری خۆشەویست تەماشای وەزعی ئەو کۆمەڵە ئادەمیزادە ناکەی کە لە وڵاتی خۆیان دەرچوون لە ترسی مردن، وە ئەوانەیش چەن هەزار کەسێ بوون ئەبوا لە ناو ئەواندا چەند پیاوێکی ژیر ببوایە و ئامۆژگاری باقیەکانیان بکردایە کە راکردن لە ترسی مردن مەعقوول نییە. جا خودای تەعالا بۆ دەربڕینی قودرەت و تەوانایی خۆی فەرمانی فەرموو: بمرن. واتە بە ئەمری «تەکوینی» بڕیاری دا بمرن، وە ئەوانیش بە بێ ئیختیار هەموو مردن، وە لە پاشان خودای تەعالا زیندووی کردنەوە بۆ ئەوە خۆیان لە تەوانایی خودا حاڵی بن، وە ئەو رووداوەیش ببێ بە هۆی عیبرەت بۆ باقی ئادەمیزاد.

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ﴾

بە راستی خودای تەعالا خاوەن کەرەمە لەسەریان.

﴿وَلَـٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ﴿٢٤٣﴾﴾

بەڵام زۆربەی ئادەمیزاد دان نانێن بەم کەرەم و فەزڵی خودادا و سوپاسی خودا ناکەن لەسەر نیعمەتەکانی.

ئەگێڕنەوە کە لە چەرخێ لە چەرخەکانی پێش ئیسلاما نەخۆشینی «تاعوون» داکەوت لە قەسەبەی «داوەردان» لە نزیکی «واسط» لە بەینی بەغدا و بەسرەدا، جا لە ترسی ئەوە گیرۆدە بن بەو تاعوونە خەڵکی ئەو شوێنە هەموو رایان کرد. وە

خودای تەعالا، کاتێ لە وڵاتەکەیان دەرچوون، هەمووی مراندن. وە لە پاش ماوەیێ زیندووی کردنەوە بۆ ئیسباتی هێزی تەوانایی خۆی.

وە بازێ ئەڵێن: ئەوانە کۆمەڵێ بوون لە بەنیئیسرائیل گەورەکەیان بانگی کردن بۆ غەزاکردن لەگەڵ کافرانا ئەوانیش ئیتاعەیان نەکرد، وە لەو وڵاتە دەرچوون لەبەر ئەوە نەکا بمرن بە هۆی جیهاد و غەزا کردنەوە، جا خودای تەعالا مراندنی تا هەشت رۆژ، وە لە پاش ئەوە زیندووی کردنەوە.

وە بە هەرحاڵ ئەگەر حیکایەتی یەکەم بێ یا دووەم بێ مانیع نییە و مەعنای ئایەتەکە وەهایە کە پێویستە ئینسان پاڵ و پشتی لەسەر کەرەمی خودا بێ و باوەڕی وەهابێ کە ژیان و مردنی هەرکەسێ وا لە دەستی خودادا و ئینسان بە راکردن لە دەستی تاعوون لە مردن رزگار نابێ. وە بە پارێز لە جەنگی دوژمن عومری درێژ نابێ، وە مردن و ژیان هەموویان بەسراون بە قەزای خوداوە، وە هەرچی خودا بڕیاری دابێ ئەبێ هەر ببێ.

جا کە خودای تەعالا ئەم رووداوەی بۆ حەزرەت و موسوڵمانان گێڕایەوە و بۆی بەیان کردن کە راکردن لە مردن سوودی نییە و ئەبێ ئینسان پشت ئەستوور بێ بە خودا، فەرمووی بە حەزرەت:

﴿وَقَـٰتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

ئەی رەهبەری نازار و ئەی پەیڕەوانی بە ئیعتیبار! جەنگ بکەن لەگەڵ دوژمنانی دیندا لە رێگەی خودادا و لە بەر بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام.

﴿وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٤﴾﴾

وە یەقین و باوەڕتان ببێ کە خودای تەعالا قسەی ئێوە ئەبیێ و بە راز و نیازی ئێوە ئەزانێ و هەرکەسێ هەرچاکەیێ بکا جەزای ئەداتەوە بە چەن قات.

وە لەبەر ئەوە کە جەنگ کردن پێویستی هەیە بە سەرفی ماڵ و دارایی بۆ ژیوار و خواردەمەنی جەنگکەران، هەروا پێویستی هەیە بە سەرفی دارایی بۆ چەك و ئەسبابی جەنگ، خودای تەعالا بۆ تەرغیبی موسوڵمانان لەسەر سەرفی ماڵ لەم ڕێگەدا فەرمووی:

﴿مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥٓ أَضْعَافًا كَثِيرَةً ۚ﴾

ئەوە کێیە ئەو بەختیارە شیرین کردارە کە ماڵی خۆی ئەدا بە قەرز بەڵام بە قەرزێکی جوان و شیرین بەم ڕەنگە ئەو ماڵە بە ماڵی خۆی نازانێ هەتا ناز و نیازێ بکا لەسەری و منەتێ دابنێ لەسەر خودا، بە ماڵی خودای دائەنێ و بە ئەمانەت لەلای ئەم دایناوە. وە لە لایەکی‌ترەوە باسی ئەو سەرفە ناکا لەناو خەڵکدا هەتا ببێ بە ئیحسانی بەرچاوی، بەڵکوو پێشکەشی ئەکا بە کار بە دەستی ئیسلام هەتا بە دڵخوازی خۆی لەسەر ڕاوێژی موسوڵمانانی هۆشیار سەرفی بکا، هەتا خودای تەعالا لەکاتی دانەوەی جەزادا بە چەن قاتی زۆر جەزای ئەو کەسە تەکرار بکاتەوە بە نەوعێ لە ژمارەی حەوسەدو هەزارو هەزاران دەرچێ.

﴿وَٱللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْصُۜطُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴿٢٤٥﴾﴾

وە ئەی موسوڵمانان بزانن کە خودا رزق و دارایی ئەگرێتەوە لە هەرکەسێ خواستی ببێ، وە زۆری ئەکا و بڵاوی ئەکاتەوە بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ. وە قەت وا مەزانن ئەگەر ماڵی خۆتان لە ڕێگەی خودادا سەرف بکەن ئیتر ماڵتان دەست ناکەوێتەوە، وا نییە بەڵکوو خودا ئەتوانێ بە عینایەتی خۆی ئەوەندەتان دارایی بۆ زیاد بکا گیر بخۆن بە دەستیەوە. ئەمە بۆ دنیاتان، وە لەولایشەوە ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆ لای خودای تەعالا بۆ ماوەیەکی نەبڕاوە. وە موحتاجن بە خودایێ کە هەموو سوود

و زیانێ وا لە دەستی ئەودا، کەوابێ هەمیشە ئومێدتان بەو دارایە زۆرتر بێ و پیرۆزی و بەختیاری خۆتان لەو پەروەردگارە داراوە بزانن نەك لە دراو و دارایی خۆتان.

جا لەم شوێنەدا بە موناسەبەی زەمی دەرچوونی ئەو قەومە لە وڵاتی خۆیان لە بیمی تاعوون، چەن شتێ هەیە ئەیخەمە پێش چاوتان هەتا بیانکەن بە سەرمەشق بۆ ژیان و بۆ پیرۆزی و بەختیاریتان هەتا هەتایە.

یەکەم: بیر و باوەڕی موسوڵمان لەسەر ئەوەیە کە خودای تەعالا پەروەردگاری عالەمە و لە هەموو کائیناتا کەم و زۆر هەرچی بووە و هەیە و ئەبێ هەمووی بەهێزی ئەو وە لەسەر خواستی ئەوە، وە ئەگەر خواستی نەبێ هیچ شتێ، لە سوود و زیان، لە عالەما روونادا.

دووەم: وەکوو خودای تەعالا خالیقی هەموو شتێکە وەها یاسایەکی راستی دامەزراندووە کە ئەو یاسایە بە کاردێ هەتا هەتایە، واتە بۆ هەر شتێ روویدا هۆیەك و شتێکی داناوە، ئەو هۆیە ببێ ئەو شتە ئەبێ، وە نەبوو نابێ: باران ئەبارێنێ گیای پێ ئەڕوێنێ، گەرما ئەخاتە هەواوە هەتا میوە و کشتوکاڵی پێ‌پێئەگەیەنێ. زانست و پیشەسازی داناوە بۆ ئەوە هەرکەسێ بوو بە خاوەنیان ببێ بە خاوەنی دەسەڵات لە جیهانا.

وە تەماشای پاکی خۆراك و بەرگ و پۆشاك و هەوای پاك بوون بە هۆی تەندروستی، وە پێچەوانەی ئەمانە بوون بە هۆی بیماری و دەرد و بەڵا، وە دەرمانکردنی نەخۆشی و فەرمان وەرگرتن لە دوکتۆری زانا بووە بە هۆی چارکردنی نەخۆشی.

تەماشا ئەکەی دارێ بە دارێکی‌تر پێوەند ئەکرێ مێوەکەی ئەگۆڕێ، وە تۆمێ لە عەرزا یا تۆمی لە حەیواناتدا ئەگۆڕێ، زەراعەتەکە یا حەیوانەکە ئەگۆڕێ. وە لە ئاوی نەخۆشی ئاوڵە منداڵێ ئەکوتن ئاوڵە ئەگرێ.

ئەمانە هەموو وان لەبەر دەستووری سونەتی خودا و یاسای پەروەردگاردا لە عالەما، وە خودا فەرموویەتی لە باسی «ذو القرنین»دا: ﴿وآتیناه من كل شيء سبباً ﴿٨٤﴾ فأتبع سبباً ﴿٨٥﴾﴾.[1]

سێهەم: وەکوو خودا ئەم ئەسبابانەی داناوە یاسایەکی‌تریش هەیە کە ئێمە تا ئێستە نەمانتوانیوە کەشفی بکەین و سیرڕەکەی بزانین کە بە شێوەی گشتی پێی ئەڵێن: «خرق العادة»، ئەوەتە حەزرەتی ئادەمی بە بێ باوك و دایك دروست کردووە، وە وشتری حەزرەتی ساڵحی لە بەرد هێناوەتە دەرەوە، وە ئاگری سارد کردووە لەسەر حەزرەتی ئیبراهیم و بە ساغی لەو ئاگرە دەرچوو، وە داری عاسای ئەکرد بە مار و ئەژدەها بۆ حەزرەتی مووسا، وە عیسای بە بێ باوك دروست کرد و هێزێکی رۆحی وای پێدا کە کوێری سکومای خۆش ئەکردەوە و بەڵەکی چاك ئەکردەوە و چەند مردووی زیندوو کردووەتەوە. وە قورئانی نارد بۆ پێغەمبەر کەس نەیتوانی کەلامی وەها دابنێ و ئەو ئوممەتە نەزانەی پێ بەرزکردەوە و کردی بە پیرۆزی بۆ هەموو عالەم و کافر و موسوڵمان لە زانست و مەعلووماتی قورئان سوودیان وەرگرت. (ئەم باسە بۆ کەسێکە باوەڕی بە پێغەمبەران و رەهبەران بێ).

وە بۆ ئەو کەسانەیش کە باوەڕیان بەوان نەبێ؛ ئەگەر باش تەماشا بکا ئەزانێ گەلێ قانوونی عیلمی کەشف کراوە کە تا ئێستە کەس ئاگای نەبووە لێیان و گەلێ شتی وا هەیە کە تا ئێستە سیرڕەکەی نەزانراوە؛ وەکوو چلۆنی هەڵسووڕانی ئەم ئەستێرانە لە عالەما و بناغەی ئەم هەڵسووڕانە و ئەنجامی ئەم هەڵسووڕانە و هێزی جازیبە لەناو ئەم شتانەدا کە هەڵئەسووڕێن.

---

١. الكهف؛ ٨٥ ـ ٨٤

جا لەمانەوە دەرکەوت کە ئایینی بەرزی ئیسلام وەکوو باقی مەعلووماتی عیلمی دائیما لەگەڵ حەقیقەت و راستیدا ئەڕوا و چاوبەست و فڕوفێڵی تێدا نییە و هەر شتێ عیلمی بێ ئیسلام وەری ئەگرێ.

کەوابێ واجبە بە دینی ئیسلام لەسەر یاسای سوننەتی پەروەردگار هەر موسوڵمانێ پارێز بکا لە بڵاوەبوونی نەخۆشی و تێبکۆشێ بۆ ئەسبابی تەندروستی و هەر شتێ لە عیلم و پیشە و کردەوە کە ببێ بە هۆی بەرزەوە بوونی فەرد یا کۆمەڵ سەعی بۆ بکا و قەتعەن بە خەیاڵات بایی نەبێ.

کەوابێ ئەگەر لە ئاگر رابکا و لە لافاو خۆی بپارێزێ چۆن مەعقوولە، ئەگەر لە نەخۆشی و لە دەرد و ئێش خۆی بپارێزێ مەعقوولە. ئەوەتە وەکوو لە بوخاری شەریفدا هەیە حەزرەت فەرموویەتی: «ڕابکەن لە گول وەکوو رائەکەن لە شێر». هەر لە شەرحی بوخاریدا گولێ لە ناو کۆمەڵێ عەرەبدا هات حەزرەت ﷺ فەرمووی: ئێمە لەباتی تۆ موبایەعەی ئیسلامییەتمان بۆ کردووی ئیتر خودا حافیزت بێ ئیجاب بە زەحمەت کێشانی تۆ ناکا.

وە فەرموویەتی: ئەگەر بیستتان «وەبا» کەوتووەتە وڵاتێکەوە مەڕۆن بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام ئەگەر وان لە وڵاتەکەدا دەرمەچن، ئەویش هەر لە یاسای پارێزە؛ چونکی ئەهلی ئەو وڵاتە با زاهیرەن ساغ بن بەڵام قابیلە مادەی ئەو نەخۆشییەیان وەرگرتبێ. وە زیاد لەمە هۆی دەرچوونیان ئەبێ بە هۆی دڵ شکانی ئەو بێدەستانە وان لەو وڵاتەدا و ناتوانن دەربچن، وە ئەبێ بە هۆی بڕینی رشتەی رەحم لە بەینی خزم و خوێشانا.

وە ئەوەی کە لە حەزرەتەوە ﷺ ریوایەت کراوە فەرموویەتی: «لا عدوى ولا طيرة ولا هامة ولا صفر» ئەمە هەمووی ئینکاری ئەو نەوعە تەئسیرە بووە کە لە زەمانی جاهیلییەتا ئیعتیقادیان [پێ] کردووە. واتە: ئەو جاهیلانە وایان زانیوە ئەم دەرد و

بەڵا و نەخۆشییە بەحەتمی بە تەبیعەت تەئسیر ئەکەن و عەلاقەیان بە خواستی خوداوە نییە «العیاذ باللّٰه» جا حەزرەت ویستوویەتی ئەو باوەڕە هەڵەیە لە دەماغیانا هەڵدا، وە دەماغیان پڕ بکا لە باوەڕ بە خودای تەعالا هەتا ئیمان بێنن بەوە کە هەر خودا خالیق و پەروەردگارە بۆ هەموو شتێ، وە هەر خودا «مسبب الأسباب»ە، واتە ئەسبابی داناوە و کردوویە بە هۆی «مسبب» ئەگەرنا ئەسباب بە بێ خواستی خودا شتی لێ پەیدا نابێ.

وە یەکێ بیەوێ بە درێژی ئەم باسە تێ بگا تەماشای «فتح الباري» شەرحی بوخاری بکا لە بابی «لا عدوی» دا لە کیتابی «طب» لە بەرگی دەهەمدا.

جا ئەو ئایەتە پیرۆزە کە زەمی ئەو کۆمەڵە ئەکا کە لە ترسی نەخۆشی لە دێکەیان دەرچوون لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە وایان ئەزانی ئەو نەخۆشینە بەقەراری قەتعی پێیان ئەگا و ئەیانکوژێ و لایان بەلای خوادا نەدەکردەوە.

وە ئەگەر لەسەر ریوایەتی سانی بێ ئەوە تەبعەن لەبەر ئەوە بوو کە راکردن لە جیهاد راکردنە بۆ فەسادی وڵات و نەمانی یاسا و نیزام و رازی بوون بە ملکەچی بۆ کافران ئەمەیش دیارە کە کارێکی نابار و ناهەموارە.

پاش ئەمانە بزانن کە قەرزدان عیبارەتە لەوە کە میقدارێ لە ماڵی خۆت، لە ئاڵتوون و زیو یا لە ئەوراقی رەواجی رۆژ، وە یا لەو شتانە کە وێنەی شەرعییان هەیە وەکوو گەنم و جۆ و خورما و مێوژ و باقی خواردەمەنی کە تێکەڵ نەبێ لە ئەجزای جیاجیا بیدەی بە داماوێ داوای بکا لێت لەسەر ئەساسی ئەمە کە لە کاتێکا ئیمکانی ببێ وێنەی ئەو ماڵە بداتەوە بە خاوەن قەرزەکە.

قەرز کردن لەلایەنی موحتاجەوە ئەحکامی خەمسەی بەسەرا دێ، هەروا لەلایەنی قەرزدەریشەوە: «حەرام» و «واجب» و «مەکرووە» و «مەندووب» و «موباح» ئەبێ، وەکوو لە کتێبی شەریعەتا باس کراوە. وە قەرزدان بە داماو گەلێ ئیحسانە.

ریوایەت کراوە کاتێ ئایەتی: ﴿من ذا الذي يقرض اللّٰه قرضاً حسناً﴾ نازڵ بوو یەکێ لە ئەسحابەکان ئەبوو«دحداح» ناو هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا راستە خودای تەعالا داوای قەرز لە ئێمە ئەکا؟ فەرمووی: بەڵێ. عەرزی کرد: دەستی خۆتم بدەرێ! ئەویش دەستی بۆ راکێشا، جا عەرزی کرد: یا رەسوولەڵلا وا من باغێکم هەیە شەشسەد دار خورمای تێدایە دام بە قەرز بە خودا، ئەمجار رۆیشت بۆ باخەکەی بانگی کرد لە ژنەکەی: دایکی دەحداح دەرچن لە باخەکە بە خۆت و منداڵەکانەوە، من ئەم باخەم داوە بە قەرز بە خودای تەعالا، ئەویش بە فەوری لەگەڵ منداڵەکانیا دەرچوون لەو باخە و چوون بۆ شوێنێکی‌تر.

وە بە ئیتیفاقی هەموو ئیمامانی دین دروست نییە لەسەر هیچ نەوعە قەرزێ: نەکەم و، نە زۆر زیاد لە ماڵەکەی خۆی قازانج وەربگرێ، بەڵێ ئەگەر قەرزارەکە خۆی بە پیاوەتی شتێك لە زیادەی دا بە خاوەن ماڵ ئەوە بۆی دروستە وەری بگرێ؛ چونکە حەزرەت فەرموویەتی بە ریوایەتی ئەبووهورەیرە: «إن خياركم أحسنكم قضاء». «رواه البخاري و مسلم و غيرهما» وە حەزرەت ﷺ تاریفی ئەو کەسانەی کردووە کە قەرز باش ئەدەنەوە، واتە لە وەختی دەس رۆیشتنا بە بێ تەفرە و بە روویەکی خۆشەوە بەزیادەوە وێنەی ئەو ماڵە بباتەوە بۆ خاوەنەکەی.

وە حەزرەت ﷺ وشترێکی یەك ساڵەی قەرز کرد دوایی وشترێکی چوارساڵانەی نارد بۆ خاوەن ماڵەکە. وە ئەم حەدیسە دەلیلە لەسەر ئەمە کە قەرز کردن لە حەیواناتا دروستە، وە ئەمە مەزهەبی جومهوورە ئیللا ئیمامی ئەبوحەنیفە ﵀ وەکوو لە جێگەی خۆیا باس کراوە.

وە پاش ئەوە کە خودای تەعالا فەرمانی دا بە جیهاد لەبەر بەرز کردنەوەی کەلیمەی خودا و تەرغیبی دان لەسەر سەرفکردنی ماڵ لە رێگەی خودادا رووداوێکی ناو بەنی‌ئیسرائیلیشی بۆ گێڕانەوە کە بە ئەمری خودا جیهادیان کردووە،

وە فەرمووی:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰٓ إِذْ قَالُوا۟ لِنَبِىٍّ لَّهُمُ ٱبْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُّقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

واتە: ئایا نابینی و تەماشای ئەو کۆمەڵە ناکەی لە پیاوەگەورەکانی بەنیئیسرائیل لەبەر ئەوە فامیان کرد بە داماوی و بێشانی و بێناوی خۆیان لەسەر تەرکی جیهاد عەرزی ئەو پێغەمبەرەی ناو خۆیان کرد ـ دوای حەزرەتی مووسا ـ کە ناوی «ئەشمەویل»عليه السلام بوو: پادشایەکمان بۆ راپەڕێنەو بۆمان دیاری بکە هەتا فەرمانداریمان بکا و ئێمەیش جەنگ بکەین لەگەڵ دوژمنانی دینی خۆمان لە رێگەی خودادا؟

﴿قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُوا۟﴾

ئەویش فەرمووی: ئایا چاوەڕوان ئەکرێ غەزا کردن فەرزبکرێ لەسەرتان ئەمە کە ئێوە خۆتان دوابخەن لە جەنگ و جەنگ نەکەن!

﴿قَالُوا۟ وَمَا لَنَآ أَلَّا نُقَٰتِلَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِن دِيَٰرِنَا وَأَبْنَآئِنَا﴾

ئەوانیش جوابیان دایەوە و عەرزیان کرد: ئایا ئێمە چ سوودێکمان بۆ ئەبێ لەوەدا کە جەنگ نەکەین لە رێگەی خوادا، وەلحاڵ بێجگە لەوەی کە جیهاد لە زاتی خۆیا ئیحسانە ئێمە دەرکراوین لە لایەنی ئەو دوژمنانەوە لە خانوو و نیشتمانی خۆمان و دووریش خراوینەوە لە ئەولادەکانمان؟ چونکە ئەوان مەبەستیان جەنگ کردن بوو لەگەڵ عەمالیقەدا کە ئوممەتێ بوون لە قەراخی دەریای رۆمدا لە بەینی فەلەستین و میسردا دانیشتبوون، وە ئەو شوێنە کە تیایا بوون وەختی خۆی شوێنی بەنیئیسرائیلی بوو، بەڵام ئەوان هاتن لەو شوێنانە دەریان کردن و منداڵەکانیان بە دیل بردن.

﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْاْ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾

جا لە کاتێکا جەنگ کردن و غەزا فەرز کرا لەسەریان لەلایەنی خوداوە هەموو پشتیان هەڵکرد لە جەنگ کردن ئیللا کەمێ نەبێ لەوانە کە بە دڵ ئیماندار بوون.

﴿وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٤٦﴾﴾

وە بە راستی خودای تەعالا زانایە بەوانە کە ستەمکارن و حەقیان لێ ئەستێنێتەوە.

﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا﴾

ئەشمەویل عليه السلام لە خودای تەعالا پاڕایەوە کە پاشایەکیان پێ بدا، وە «بالفعل» خودا ئەمری فەرموو: کە «طالوت» دیاری بکا، جا ئەویش فەرمووی بە بەنیئیسرائیلیەکان: خودای تەعالا تالووتی رەوانە کردووە بۆتان ببێ بە پاشاتان. وە تالووت ئینسانێکی خاوەن سەر و سیمای جوان و قەوارەی بە هەیئەت و بە هەیبەت بوو، بەڵام دارایی نەبوو، وە لە ئەولادی بنیامین بوو.

﴿قَالُوٓاْ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ﴾

ئەوانیش وتیان: چلۆن پاشایەتی دەس ئەدا بۆ تالووت لەسەر ئێمە وەلحاڵ ئێمە شیاوتر و موناسبترین بۆ ریاسەت؟

چونکی ئەو لە نەتەوەی بنیامینە کە بە یاسای بەنیئیسرائیل دوور بوون لە ریاسەت و نوبووەت؛ چونکی ریاسەت لە نەتەوەی یەهووزا بوو و نوبووەت لە نەتەوەی لاوی کوڕی یەعقووب بوو.

﴿وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِ﴾

وە عەلاوەی ئەوە گوشادی و فەراوانی نییە و پێی نەدراوە لە ماڵ و دارایی‌دا.

﴿قَالَ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰهُ عَلَيۡكُمۡ وَزَادَهُۥ بَسۡطَةٗ فِي ٱلۡعِلۡمِ وَٱلۡجِسۡمِۖ﴾

ئەشمەویل فەرمووی: خودای تەعالا کردوویەتی بە پاشا لەسەرتان لەبەر چەن شت؛ یەکەم: خودا بازێ سیفاتی نەفسی وەهای پێداوە کە لایەقی ریاسەت بێ وەکوو عەفوو چاوپۆشی لە بازێ کەس و ئیدارە و دامرکاندنی بازەکەسێ و بەرزی لەخوو و رەوشتا. وە لە لەشدا قەوارەدار و بەهەیبەتە، وە لە زانستا خاوەن عیلم و خاوەن مەعلووماتە.

﴿وَٱللَّهُ يُؤۡتِي مُلۡكَهُۥ مَن يَشَآءُۚ﴾

بێجگە لەمانە خودای تەعالا خاوەن خواستە لە هەموو شتێکا چی بکا ئەیکا، وە موڵك و ریاسەت کە عائیدی ئەوە بە هەرکەسی بدا ئەیدا و کەس ناتوانێ مەنعی بکا.

﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ٢٤٧﴾

خودا زانستی گوشادە و دانای راز و نیازە و حیکمەت هەیە لە کار و باریا، وە ئێمە نەزانین و ئەنجامی کار نازانین، وە خودا بە دەوام ئەم زانستەی هەیە، بەڵام ئێمە جارجار پڕتەوێ لە زانست لەلای ئەوەوە لێمان ئەدا وە جاربەجار بێبارەین.

جا لەبەر ئەوە کە بەنیئیسرائیلیەکان هەر ملیان پێچ ئەدا و لە ئەنجاما وتیان: ئەگر حوجەت و بورهانێکت ببێ لەسەر پاشایەتی تالووت قەبووڵی ئەکەین بە پاشا، وە ئەشمەویل لە خودا پاڕایەوە بۆ بورهانێ کە ئیقناعیان بکا خودای تەعالا فەرمووی: بورهانیان ئەوەیە ئەو تابووتە کە هۆی نەسرەتیان بوو لەسەر دوژمن، وە ئێستە لای دوژمنەکانە ئەینێرمەوە بۆیان. ئەشمەویل ئەم فەرموودەی خودایە بۆ گێڕانەوە وەکوو خودا ئەفەرموێت:

﴿وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ءَايَةَ مُلْكِهِۦٓ أَن يَأْتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ ءَالُ مُوسَىٰ وَءَالُ هَٰرُونَ تَحْمِلُهُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ﴾

پێغەمبەرەکەیان کە ئەشمەویل بوو فەرمووی پێیان: نیشانەی ریاسەت و پاشایەتی تالووت ئەمەیە: ئەو سندووقە کە لەلای حەزرەتی مووسا بوو و دوژمنەکان وەریان گرت لێتان لەم رۆژانەدا بێتەوە بۆ لاتان کە لەو سندووقەدا هەیە ئارامی دڵ و گیانی ئێوە لەبەر ئەو یومن و پیرۆزییە کە لەلایەنی خودای ئێوەوە هەیە لەگەڵ ئەو سندووقەدا. وە لەو سندووقەدا هەیە بازێ پاشماوە و ئاساری پیرۆزیی وا کە ئالی مووسا پاش خۆیان بەجێیان هێشتووە، وەکوو عاسا و بەرگ و پۆشاك، وە دوو لەوح لە تەوراتی حەزرەتی مووسا، وە عاسای هاروون و بەرگ و پۆشاکی ئەویش، وە ئەم تابووتە مەلائیکە هەڵی ئەگرێت لەناو دوژمنەکان و ئەوان پێی نازانن.

﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَءَايَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٤٨﴾﴾

وە لەم کارە گەورەدا کە رووئەدا نیشانەیەکی زۆر گەورە هەیە لەسەر تەوانایی خودا و پیرۆزی پێغەمبەرەکانی و پاشایەتی تالووت ئەگەر ئێوە ئیمان و باوەڕتان بێ.

بزانن! لەم تابووتەدا زاناکان گەلێ قسەیان کردووە، نزیکەکەیان ئەمەیە: کە سندووقێکی تایبەتی حەزرەتی مووسا بووە، وەختی خۆی حەزرەتی مووسا تەوراتی داناوە لەناویا، وە پاش وەفاتی حەزرەتی مووسا بازێ ئاساری حەزرەتی مووسایشیان داناوە لەناویا؛ وەکوو: عاسا و، عەمامە و، پۆشاکی خۆی، هەروا عاسای حەزرەتی هاروون و بازێ بەرگی ئەویشی تیا بووە. بە هەرحاڵ ئەم سندووقە شتێکی نایاب و پیرۆز بووە لەناو بەنیئیسرائیلیەکاندا.

ئەگێڕنەوە لەپاش حەزرەتی مووسا، واتە لە زەمانی «یوشع»ەوە لە پاش ئەوە هەرکاتێ بەنی‌ئیسرائیل شەڕیان بکردایە لەگەڵ دوژمنەکانیانا ئەو سندووقەیان ئەهێنا لە پێشی سوپاکەوە ئەیان برد، وەکوو ئاڵای ئیمڕۆ، وە کاتێ کە بەنی‌ئیسرائیلیەکان ئەیانبینی سەکینە و ئارامێکی رۆحی بەسەریانا ئەهات، بە نەوعێ کە گیانی خۆیان لە بیر ئەچووەوە و ئەکەوتنە جەنگەوە، وە خودایش نەسرەتی ئەدان بەسەر دوژمنەکانیانا.

ئەم وەزعە دەوامی کرد تا دەوری ئاخری حکوومەتێ لە حکوومەتەکانیانا و خەڵکی گیرۆدەی گوناه و تاوان بوون ئەمجار ئەو بەرەکات و ئاسارە قەدیمەی سندووقەکە نەما رۆژێ لە جەنگی ئیسرائیلی لەگەڵ عەمالیقەدا دوژمنەکان هاتن ئەو سندووقەیان گرت و بەتاڵان بردیان، وە لەلای ئەوان مایەوە، وە ئیسرائیلیەکان کەوتنە پاشەوە، تا خودا ئەشمەویلی نارد کردی بە پێغەمبەر لەسەریان، وە بازێ پیرۆزی و بەرەکاتی ئەویان بینی، جا داوایان لێ کرد کە داوا بکا لە خودا پاشایەکیان بۆ رەوانە بکا هەتا وەکوو جاری جاران جیهاد بکەن، وە لە ئەنجامی پاڕانەوەی حەزرەتی ئەشمەویلدا خودا ئەمری پێ کرد کە تالووت بکا بە پاشایان، کە ئەشمەویل ئەم باسەی کرد ئەوانە کەوتنە مل بادان داوای بورهانیان کرد لە ئەشمەویل، ئەویش خودا وەحی بۆ کرد کە نیشانەیان ئەوەیە: ئەو سندووقە وا لەناو دوژمنەکانا خودا ئەمر ئەکا بە مەلائیکە هەڵی بگرن و بیهێننەوە و لەناو بەنی‌ئیسرائیلدا دایبنێن. وە فیعلەن ئەڵێ: بەنی‌ئیسرائیلیەکان چاویان لێوە بوو کە ئەو سندووقە لە ئاسمانەوە ئەهاتەخوارەوە هەتا داکەوت لە ناویانا، واتە مەلائیکە بە ئەمری خودا هێنایانەوە بۆیان. جا لە بازێ ریوایەتا فریشتەکان ئەو سندووقەیان بەرز کردووەتەوە بۆ هەوا وە لەوێوە دایانبەزانەوە بۆ عەرز و لە ناویاندا دایان ناوە.

وە بازێ ریوایەت ئەڵێت: شەوێ نوستبوون کە سبەینێ رۆژیان لێ بووەوە تەماشایان کرد ئەو سندووقە لە مەعبەدەکەیانا دانراوە.

وە لە بازێ ریوایەتا ئەڵێ: ئەو قەومە کە سندووقەکەیان لابوو گیرۆدە بوون بە گەلێ ناساغی و نابوودی و بڕیاریان دا ئەو دەردانەیان لە شوومی داگیر کردنی ئەو سندووقەیە، جا عارەبانەیەکیان بەست بە جووتێ گاوە و سندووقەکەیان هاویتە ناوی و ئەمریان کرد بە دوو مەئموور، ئەو جووتە گاو عارەبانەیان بردەوە هەتا نزیکی ئاوەدانی بەنی‌ئیسرائیلیەکان و لەوێ خۆیان گەڕانەوە و خەڵکی ئاگادار بوون لە عەرەبە و گاکان و بردنیانەوە بۆ ناو ئاوەدانیەکەیان.

بە هەرحاڵ لە کاتی ئەم پرسیار و جوابی بەینی بەنی‌ئیسرائیل و ئەشمەویل‌داعليه السلام ئەو سندووقە گەیشتەوە دەستیان و دڵ موتمەئین بوون و دانیان نا بە پاشایی تالووتدا.

وە دەرکەوت لەم بەیانەوە کە سەکینە کە بریتی بووە لەو رۆح و دڵ‌گەرمییە کە بەسەر بەنی‌ئیسرائیلیەکانا هاتووە لە کاتی چاوپێکەوتنی ئەو سندووقەدا وەکوو هەر قەومێ کە ئاسار و موخەلەفاتی گەورەی خۆی ببینێ دڵی گەرم ئەبێ و حاڵی ئەگۆڕێ و خۆی لەبیر ئەچێتەوە. وەکوو لە هەموومانەوە دیارە.

جا پاش ئیعتیراف کردن بە پاشایی تالووت سوپایەکیان رێك خست بە ریاسەت و قیادەی تالووت و هاتن بۆ سەر عەمالیقە، کە قەومێ بوون لە نزیکی دەریای ئەحمەر و خەلیجی عەقەبەدا، کە لەو کاتەدا ئەوان لەو وڵاتەدا فەرمانرەوا بوون، وە وەختی خۆی وڵاتی بەنی‌ئیسرائیل بووبوو و ئەمانە داگیریان کردبوو. جا بە تەبیعەتی حاڵ پێویست بوو کە لە نەهری ئەردەن بپەڕینەوە و رووبەڕووی ئەو قەومە دوژمنە بڕۆن بۆ جەنگ، وە کاتێ سوپاکە رێکەوت، ئەگێڕنەوە کە تالووت چاوی کەوت بە «داوود» کە کوڕێکی بە نیشات و خاوەن هێز بوو ئەمری کرد ئەویش بکەوێتە ناو سوپاکە و لەگەڵیانا بێت. وە لەریوایەتێکا ئەڵێن: «ئیشا» باوکی حەزرەتی داوود لە ناو سوپاکەدا بوو لەگەڵ شەش کەس لە کوڕەکانیدا، وە داوود شوانی مەڕ و ماڵات بوو، وە نەهاتبوو لەگەڵیا و خودا وەحی کرد بۆ ئەشمەویل ئەمر بکا بە

تالووت کە داوود لەگەڵ خۆیا ببا بۆ ئەو شەڕە، جا تالووت ئەمری کرد و هێنایان لەگەڵ خۆیانا.

﴿فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ﴾

جا کاتێ تالووت بە سوپاکەیەوە دەرچوو لە وڵاتی خۆی و رووی کردە وڵاتی دوژمن فەرمووی بە ئەفرادی سوپاکەی: کە خودای تەعالا بەراوردی ئیخلاس و ساغی ئێوە ئەکا بە ئاوی رووبارێ کە وا لە رێگەمانا. «قەتادە» ئەڵێ: ئەو رووبارە رووبارێ بووە لە ناو بەینی وڵاتی بەنیئیسرائیل و نەهری ئەردەندا، وە بازێ ئەڵێ هەر رووباری ئەردەن بوو.

﴿فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ﴾

واتە: هەرکەسێ لە ئاوی ئەو رووبارە بخواتەوە ئەوە لەگەڵ مندا نییە، وە هەرکەسێ لێی نەخواتەوە ئەوە لەگەڵ مندایە ئیللا کەسێ کە لالەویچێ بە دەستی خۆی هەڵبگرێ و دەمی پێ تەڕ بکا.

﴿فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ﴾

کەچی لەگەڵ ئەم فەرمانەیشدا هەموو لایاندا لە فەرمان و لە ئاوی رووبارەکەیان خواردەوە ئیللا چەن کەسێکی کەم نەبێ لەو سوپایە.

﴿فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ قَالُوا لَا طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ﴾

جا کاتێ کە رابورد لە رووباری ناوبراو تالووت و ئەوانە لەسەر بیر و باوەڕی ئەوبوون و موخالەفەیان نەکرد بوو کە ژمارەیەکی کەم بوون لە کۆمەڵەی سوپاکەی

تالووت وتیان: ئیمرۆ ئێمە تاقەت و تەوانای جەنگمان نییە لەگەڵ جالووت و سوپاکەیا لەبەر زۆری ئەوان و زۆری ئەسبابی جەنگیان و کەمی خۆیان.

ریوایەت کراوە کە سوپای تالووت، ئەوەی کە لەسەر فەرمانی تالووت بوون، سێ‌هەزار کەس بوون و سوپای دوژمنەکان لە دەوری سەدهەزار کەسا بوون.

﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٖ قَلِيلَةٍ غَلَبَتۡ فِئَةٗ كَثِيرَةَۢ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۗ﴾

وتیان ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە کە باوەڕی بەهێزیان لەسەر ئەوە بوو کە قیامەت هەیە و ئەوانیش بە حوزووری خودا ئەگەن: زۆر سوپای کەم زاڵ بوون بەسەر سوپای زۆرا بە یارمەتی خودا.

﴿وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٢٤٩﴾

وە خودای تەعالا لەگەڵ ئەوانەدایە کە خۆگرن و سەبر ئەکەن لەبەر فەرمانی خودا و ئازار و ئەقداری ئەوا.

﴿وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾

جا کاتێ کە دەرکەوتن لەبەر چاوی جالووت و سوپا زۆرەکەیا.

﴿قَالُواْ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا﴾

وتیان: ئەی پەروەردگاری زانای تەوانای ئێمە! سەبر و خۆگرتن و ئارامێ لە ئاسمانی کەرەمی خۆتەوە ببارێنە بەسەر دڵمانا.

﴿وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا﴾

وە پێمان دامەزراو بکە لە شوێنی خۆیا هەتا رانەکەین.

﴿وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٥٠﴾

وە زاڵمان بکە بەسەر ئەو کۆمەڵە کافرەدا.

﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذۡنِ ٱللَّهِ﴾

جا سوپاکەی تالووت سوپای جالووتیان شکاند بە یارمەتی خودا.

﴿وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ﴾

وە داوودی کوڕی ئیشا جالوتی پاشای عەمالیقەی کوشت.

﴿وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾

وە خودا پاشایی بەنیئیسرائیل و حیکمەت و ماریفەت لە کەشفی ئومووری موهیمەدا بەخشینی بە داوود. وە بازێ ئەڵێن مەبەست لە حیکمەت پایەی نوبووەت و ریسالەتە.

لە واقیعا وەختی خۆی پایەی پاشایەتی لە نەتەوەی «یەهووزا»ی کوڕی یەعقووب و پێغەمبەرایەتی لە نەتەوەی «لاوی» کوڕی یەعقووبدا بوو، وە لەم ئاخرەدا پایەی پاشایی و مایەی پێغەمبەرایەتی هەردوویانی دا بە حەزرەتی داوود کە لە نەتەوەی یەهوودا بوو.

﴿وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ﴾

وە لە هەرچی نەوعە فەننێ کە خۆی ویستی تالیمی داوودی کرد و پێی زانان، وەکوو فەننی زرێ و تاس و کڵاو دروست کردن و غەیری ئەوانە.

﴿وَلَوۡلَا دَفۡعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعۡضَهُم بِبَعۡضٖ لَّفَسَدَتِ ٱلۡأَرۡضُ﴾

وە ئەگەر ئەوە نەبوایە کە خوای تەعالا چاری بازێ ستەمکار بە بازێ کەس بکات عەرز وا بە فەسادا ئەڕۆیی قابیلیەتی هیچی تێدا نەمێنێ.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢٥١﴾

بەڵام خوای تەعالا فەزڵ و رەحمەتی زۆرە بەسەر عالەمدا، مەجالی ئەوە نادا کە عالەم هەمووی بەفەسادا بڕوات.

﴿تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتۡلُوهَا عَلَيۡكَ بِٱلۡحَقِّۚ وَإِنَّكَ لَمِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٢٥٢﴾ ۞

ئەوەی کە ناردنمانە خوارەوە لەبۆ تۆ هەموو ئایاتی خودا بوون، وە ئەیان خوێنینەوە بەسەر ئێوەدا لەسەر زمانی جوبرەئیل علیه السلام بە شێوەیێ کە راست بێ و موافیقی واقیع بێ، وە بە راستی تۆیش بزانە کە تۆ لەو رەهبەرانەی کە رەوانە کراوی بۆ سەر هەموو جین و ئادەمیزاد، بۆ ئیرشاد کردنیان و شارەزاکردنیان بۆ رێگەی خودا بەیەکناسین و پایەداری لەسەر کردەوەی پاك و لەسەر خوو و رەوشتی چاك، وە هەرکەسێ ئەم رێگەیە وەرگرتبێ بە سەلامەتی و ئارام ئەڕوا بە رێدا هەتا ئەگاتە ئەنجامی پیرۆزی هەتا هەتایە.

جا لەم باسەدا چەن قسەیێ هەیە:

[قسەی] **یەکەم:** لە حیکمەتی ئەو مەنعی ئاو خواردنەوەی ئەفرادی سوپایە لە جانیبی تالوتەوە فەرموویانە: خەڵکەکە زۆر لە حاڵەتی نابار و رۆژێکی گەرما بوون، وە ئەگەر مەیدانی ئاسایش و ئاو خواردنەوەیان ببوایێ بڵاوەیان ئەکرد بەو قەراخی رووبارەدا و لەوانە بوو کە دوژمن هێرش بێنێتە سەریان و بیان فەوتێنێ. وە یاخود ئاوی ئەو رووبارە ئاوێکی قورس و سوێر بووە ئەگەر زۆریان بخواردایەتەوە لەوانە بوو زۆر کەسیان گیرۆدەی ناساغی میعدە ببن و هەم ببێ بە هۆی زاڵبوونی دوژمن.

بەڵام بازێ فەرموویانە: ڕاستەکەی ئەمەیە کە ئەفرادی سوپا تا بە تەواوی نەڕۆنە ژێر فەرمانەوە و خۆیان تەسلیم نەکەن بە فەرماندەی سوپا جەنگیان پێ ناکرێ و زاڵ نابن بەسەر دوژمندا، وە لەو کاتەدا بوو ئەو سوپایە ئاو بەکارهێنان لە گەورە ئارەزوویان بوو. جا تالووت ویستی ساغی و فەرمانبەری سوپاکەی بەوە بەراورد بکا کە مەنعی ئەو ئاوەیان لێ بکا، وە فیعلەن دەرکەوت کە عەدەدێ کەمیان نەبێ کەس ئیتاعەی نەکرد و لەوانە بوو ئەگەر یارمەتی خودا نەبوایە دوژمنەکە زاڵ ئەبوو بە سەریانا و لەناوی ئەبردن.

وە عەلاوەی ئەمانە زاڵبوونی سوپا بە زۆری ژمارە نییە، بەڵکوو بە هێزی دڵ و ئیخلاس و جەنگی بیر و باوەڕە. بەراورد کراوە هەر کۆمەڵێ لەسەر بیر و باوەڕ چووبێتە مەیدانەوە زاڵ بووە مەگەر لەبەر خەتایێ لە یاسای جەنگەکەیانا یا کەم و کووڕی لە چەکیانا، کەوابێ هەزار کەسی خاوەن باوەڕ لە دە هەزار کەسی بێباوەڕ بەسوودترە، وە فیعلەن وەهایش بوو بەو ژمارە کەمەوە ئەوان لە شەڕی عەمالیقەدا غاڵب بوون. وە ئەسحابی حەزرەتﷺ لە واقیعەی بەدرا زاڵ بوون بەسەر دوژمنەکەیانا.

قسەی دووەم: باسی داوودە، بازێ ئەڵێن: لەسەر فەرمانی ئەشمەویل تالووت داوودی برد بۆ جەنگ و پێی وتبوو کە جالووت ئەکوژێ و تۆیش ئەبێ کچی خۆتی پێ بدەی؛ چونکە پیاوی وا بۆ فەرمانداری سوپا ئەشێ و لە ئەنجاما ئەبێ فەرمانداری ئەو سوپای تۆیە بێ.

وە بازێ وتوویە: هەر تالووت خۆی ئەمری کرد جاڕیان دا بە سوپاکەدا هەرکەسێ جالووت بکوژێ کچی خۆمی پێ ئەدەم و ئەیکەم بە فەرمانداری سوپا. بە هەرحاڵ کاتێ کە داوودعليه السلام جالووتی کوشت، داوود مەشهوور بوو لە وڵاتا و تالووت کچی خۆی پێ دا، بەڵام لە ئەنجاما کەوتە بەدگومانی لە داوود و فەرمانی بێجێکردن

هەتا تالووت عەزل کرا یا خۆی ئیستیقالەی کرد، وە داوودیان لە جێگەدا دانا لەبەر کەرامەت و ئەخلاقی بەرز و خودایش ریسالەتی پێدا و بوو بە گەورەی دین و دونیا. ﴿یختص برحمته من یشاء والله ذو الفضل العظیم﴾.[١]

جا پاش ئەوە خودای تەعالا باسی حەزرەتی داوودی کرد و بە موناسەبەی ئەووەوە باسی مووسا و هاروونیش هاتە پێشەوە، خودا بۆ ئیشارە بۆ لای جەماعەتی ئەو پێغەمبەرانە فەرمووی:

﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ﴾

ئەوە جەماعەتی پێغەمبەرانە بازێکیانمان تەفزیل داوە بەسەر بازێکیانا.

﴿مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ ٱللَّهُ﴾

لەو پێغەمبەرانەیە کەسێ کە خوا قسەی لەگەڵ کردووە بە بێ واسیتەی فریشتە، وەکوو حەزرەتی مووسا لە کێوی «توور»دا و، حەزرەتی «محمد المصطفی» لەشەوی میعراجا.

﴿وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَٰتٍ﴾

وە بازێکیانی بەرز کردووەتەوە بەسەر باقیەکانا بەچەن پلە و پایە وەکوو حەزرەتی موحەممەد لە پایەکانی دەعوەت و عموومی دەعوەت و دەوامی دین و دەرەجاتی میعراجا خودا بەرزی کردەوە.

﴿وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ﴾

وە داومانە بە عیسای کوڕی مریەم چەن موعجیزەی گەورەی وەها کە ئەبن بە شاهید لەسەر ئەوە پێغەمبەری خودایە: وەکوو قسەکردنی لە بێشکەدا و خۆشەوەکردنی

---

١. البقرة: ١٠٥.

کوێری سکوما و ئینسانی بەڵەك و زیندوو کردنەوەی مردوو، وە هێزمان پێدا بە هۆی جوبرەئیلەوەعليه السلام وە ئەم پێغەمبەرانە هەموو تێکۆشین بۆ تەمێ و تەربییەتی ئادەمیزاد و تەوجیهیان بۆ تەوحیدی خودا و عیبادەت کردن بە ئیخلاس بە هۆی ئەو موعجیزاتەوە کە چاویان پێی کەوت و حەقیان وابوو لەسەر یەکێتی و پاکی دڵ بمێننەوە، کەچی پاش ئەوان دەستیان کرد بە ئاشووب لە بەینی خۆیانا.

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ﴾

وە ئەگەر خودا ئیرادەی بکردایە کە ئارام بن ئەوان جەنگیان نەدەکرد پاش نەمانی پێغەمبەرەکان لەناویانا لە پاش ئەوە کە موعجیزاتیان بۆ هات.

﴿وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟﴾

بەڵام ئیختیلافیان تێکەوت لە بیر و باوەڕدا.

﴿فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ﴾

بازێکیان هەر دەوامیان کرد لەسەر ئیمان، وە بازێکیان وەرگەڕانەوە لە دین، یاخود بازێ لەوانە کە پاش پێغەمبەرەکان پەیدابوون، ئیمانیان هێنا بەو پێغەمبەرانە کە باوك و باپیرەیان ئیمانیان پێ هێنابوون، وە بازێکیان ئیمانیان نەهێنا.

﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟﴾

وە ئەگەر خودا مەیلی ببوایە کە هەموو دۆستی یەك بن ئەیتوانی وایان لێ بکا شەڕ نەکەن.

﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾﴾

بەڵام خودا هەرچی ویست ئەوە ئەکا.

لەم جێگەدا چەن باسێك هەیە:

[باسی] یەکەم: ئەم ئایەتە نەسە لەوەدا کە خودای تەعالا بازێ لە پێغەمبەرانی فەزڵ داوە بەسەر بازێکیانا، وە ئیشارەتی کردووە بۆ هۆی ئەو فەزڵە بە بازێ شت، وەکوو ئەوە کە خودای تەعالا بە بێ هۆی فریشتە قسەی لەگەڵ بازێکیانا کردووە، وە بازێ پایەی پێداون، وە موعجیزاتی بە عیسای کوڕی مەریەم داوە. بۆ ئەوە کە بزانن پێغەمبەرەکان ـ سەلامی خوایان لەسەر بێ ـ لە حەقیقەتی نوبووەت و ریسالەتا فەرقیان نییە و فەرق و جیاوازی لە ئەحواڵ و سیفاتایە. چونکی مەعنای نوبووەت ئەوەیە کە ئەو زاتانە خەبەردار ببن لە ئەمر و نەهی خودا و ئاداب و فەرمانیان لەلای خوداوە بۆ بێ؛ خواه ئەمریان پێ کرابێ ئەو ئادابە بگەیەنن بە خەڵك یا ئەمریان پێ نەکرابێ. وە لەم مەعنادا کۆمەڵەی ئەنبیا هیچ فەرقیان نییە.

هەروا ریسالەت ئەوەیە کە خودای تەعالا ئینسانێ هەڵبژێرێ لە ناو ئادەمیزادا لە پیاوانی ئازاد و خاوەن خوو و رەوشتی باش بۆ ئەوە کە ئادابی بۆ رەوانە بکا، وە کتێبی بۆ نازڵ بکا و ئەمریشی پێ بکا کە ئەو ئادابە بگەیەنێ بە باقی ئادەمیزاد، وە لەم مەعنای ریسالەتەیشا فەرقی رەسووڵە فرستادەکان نییە، وە فەرقێ کە ببێ لە بازێ سیفاتایە وەکوو باسی ئەکەین.

مەسەلا مەشهوورە کە فرستادەکان واتە: ئەو رەهبەرانە کە رەوانەکراون بۆ سەر ئادەمیزاد و فەرمانیان پێ دراوە بە تەبلیغات، گەورەترن لەو کەسانە کە ئادابەکە هەر بۆ خۆیان بووە و ئەمریان پێنەکراوە بە تەبلیغات لەبەر ئەوە ئەمانە بە هۆی تەبلیغات و راگەیاندنی ئەحکامەوە زەحمەتیان زۆر کێشاوە و سوودیان بۆ ئادەمیزاد زۆر بووە.

وە لە ناو ئەم فرستادانەدا ئەوانەیان کە زەحمەتیان زۆرتر بووە کە ناسراون بە «أولو العزم» گەورەترن لەوانە کە زەحمەتیان بەو پایە نەبووە، ئەمانە پێنج کەسن: نووح، ئیبراهیم، مووسا، عیسا، «محمد المصطفی»، سەلامی خوایان لێ بێ، هەتا هەتایە.

وە لە ناو ئەم پێنج کەسە «أولو العزم»ەدا حەزرەتی «محمد المصطفی» لەهەموان گەورەترە لەبەر چەن دەلیل:

یەکەم: خودا فەرموویەتی بە حەزرەتی موحەممەد ﷺ: ﴿وما أرسلناك إلا رحمة للعالمين﴾.[1] وە مادام کە هۆی رەحمەت و میهرەبانی خودا بێ بۆ هەموو عالەم پێویستە کە لە هەموو عالەم گەورەتر بێ.

دووەم: ناوی حەزرەتیشی کردووە بە رەفیقی ناوی خۆی لە دوو کەلیمەی شەهادەت و ئیمانا و لە بانگدانا و لە تەحیاتا، وە باقی پێغەمبەران وا نەبوون.

سێهەم: ئیتاعەتی پێغەمبەری کردووە بە ئیتاعەتی خۆی و فەرموویەتی: ﴿ومن يطع الرسول فقد أطاع اللّٰه﴾،[2] وە بەیعەت کردن بە حەزرەتی کردووە بە بەیعەت کردن بە خۆی و فەرموویەتی: ﴿إن الذين يبايعونك إنما يبايعون اللّٰه﴾،[3] وە رەزای کردووە بە رەزای خۆی و فەرموویەتی: ﴿واللّٰه ورسوله أحق أن يرضوه﴾[4] واتە: خودا و پێغەمبەری خودا شیاوترن لە هەموو کەس بۆ ئەوە کە رازییان بکەن لە خۆیان. وە ئیستیجابە و فەرمانبەرداری پێغەمبەری کردووە بە ئیستیجابە و فەرمانبەرداری بۆ خودا و فەرموویەتی: ﴿يا أيها الذين آمنوا استجيبوا للّٰه و للرسول﴾.[5]

---

١. الأنبياء؛ ١٠٧.
٢. النساء؛ ٨٠
٣. الفتح؛ ١٠.
٤. التوبة؛ ٦٢.
٥. الأنفال؛ ٢٤.

چوارەم: موعجیزەی حەزرەت ﷺ وەکوو قورئان بێ ئەمێنێتەوە تا دەوامی دنیا، وە موعجیزاتی باقی پێغەمبەران عليهم السلام لە پاش خۆیان نەماوەتەوە. وە «بالطبع» هەرکەسێ دەلیلی ریسالەتی دەوامدارتر بێ ئەوە پایەی بەرزترە.

پێنجەم: مادام ئەندازەی سوورەتی کەوسەر کە سێ ئایەتە بە موعجیزەیەك ئەژمێررێ ئەبێ هەموو قورئانی پیرۆز بگات بە ئەندازەی دوو هەزار موعجیزە و شتێ زیاتر؛ چونکی قورئان شەش هەزارو کوسوور ئایەتە.

شەشەم: ئەمەیە حەزرەت ﷺ رەوانە کراوە بۆ سەر هەموو ئادەمیزاد و پەری، وە ئەمە موجیبی ئەوەیە کە مەشەقەت و ئازاری زۆر بووبێ، وە هەرکەس کە مەشەقەتی زۆر بێ ئەجر و سەوابی زۆرترە و فەزلی زۆرترە.

حەوتەم: ئەمەیە کە ئوممەتەکەی لە هەموو ئوممەتێ گەورەترە بە نەسی ئایەتی: ﴿كنتم خير أمة أخرجت للناس﴾،[1] وە گەورەیی ئوممەت باعیسە، وە یا دەلیلە لەسەر گەورەیی خاوەن ئوممەتەکە؛ کەمالی تابیع فەرعی کەمالی مەتبووعە.

هەشتەم: کە موجاهید ریوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ کە فەرموویەتی: پێنج شتم پێ دراوە کە نەدراون بە هیچ کەسێ لە پێش مندا و فەخریش ناکەم: (١) رەوانە کراوم بۆ سەر رەش و سوور و لە پێش مندا هەر پێغەمبەرێ بۆ کۆمەڵێ رەوانەکراوە. (٢) عەرز هەموو کراوە بە مزگەوت بۆ من و گڵەکەی کراوە بە هۆی تەیەموم و باعیسی تەهارەت. (٣) یارمەتیم دراوە بەوە کە لە ماوەی یەك مانگەرێگە دوژمن لێم ئەترسێ. (٤) هەر تاڵانێ کە بیگرین لە کافرەکان حەڵاڵ کراوە بۆ ئوممەتەکەم، بەڵام ئەم تاڵانە حەڵاڵ نەکراوە بۆ غەیری ئێمە لە ئوممەتی عالەم. (٥) شەفاعەتم

---

١. آل عمران: ١١٠.

پێدراوە، واتە تکا کردن لە رۆژی قیامەتا بۆ تاوانباران. وە من ئەو شەفاعەتەم هەڵگرتووە بۆ ئوممەتەکەم و (إن‌شاءاللّٰه) ئەبێ بە نەسیبی هەرکەسێ کە شەریکی بۆ خودا بڕیارنەدا بێ. ئەم دەلیلانە و گەلێ دەلیلی‌تریش ئەبن بە هۆی ئەوە کە حەزرەت ﷺ لەهەموو پێغەمبەرەکان گەورەتر بێ. بە تایبەتی دەوامی بەجێ‌هێنانی ئادابی ئیسلام لە ئەترافی عالەمی ئیسلاما لە هەموو مزگەوت و جامیعێ، وە لە هەموو خانوو و نیشتمانێ، وە لە هەموو چۆڵ و ئاوەدانییەکدا لە هەموو کاتێکدا لە سەرماو لە گەرمادا لە خۆشی و لە ناخۆشیدا، وە دەوامی ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر بە قەی تەوانای زاناکان و دەوامی خوێندنەوەی ئەو کتێبە کە خودا کردوویەتی بە سەرچاوەی ئیسلام وەکوو قورئانی کەریم. ئەمە گەورەتر[ین] دەلیلە بۆ ئینسانی بە ئینساف کە ساحێبی ئەم دینە و پێغەمبەری ئەم پەیغامە لە باقیەکان گەورەترە.

جا پاش ئەوە بە ئایەتی قورئان دەرکەوت کە بازێ لەم پێغەمبەرانە گەورەترن لە باقی پێغەمبەران و بە ئەدیللەی نەقڵییە و عەقڵییە دەرکەوت کە حەزرەتی موحەممەد ﷺ لە باقی پێغەمبەران گەورەترە ئیتر واجبە ئەو حەدیسانە کە مەنعی فەرقیان کردووە لە بەینی پێغەمبەرانا و ئەو ئایەتانەیش کە مەنعمان ئەکەن لە فەرق خستن، مەعناکەیان بخرێتە سەر مەنعی فەرقکردن لە ناویانا لە حەقیقەتی نوبووەت و ریسالەتا؛ چونکی لەم حەقیقەتەدا، ئەبەدا، فەرقیان نییە هەرچەن لە سیفاتا و لە پایەی کردەوە و خزمەتکردنی ئادەمیزادا، وە یا لە گەورەیی و دەوامی موعجیزەکاندا فەرقیان ببێ.

مەسەلا موعجیزەیێ وەکوو قورئان کە تا رۆژی قیامەت دیارە و کەس ناتوانێ وێنەی ئینشا بکا و عموومی دەعوەتی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەفرادی خاوەن هۆش لە جیهانا، ئەمە گومان نایەڵێ لە دڵی هۆشیارا کە «محمد المصطفى» ئەشرەفی پێغەمبەرانی جیهانە.

وە یا مەعنای ئەو مەنعی فەرقە ئەوەیە کە ئینسان دەستی کرد بە فەزڵدانی پێغەمبەرێ بەسەر باقیەکانا جاربەجار ئینسان گیرۆدەی بێئەدەبی ئەبێ لەگەڵ بازێ لەوان و ئەمەیش ـ پەنا بە خودا ـ ئینسان رائەکێشێ بۆ کوفری رووت.

باسی دووەم: لە عورفی دینا «نەبی» و «ڕەسوول» واریدن و ئەبێ مەعنایان بزانین. جا فەرموویانە: نەبی پیاوێکی ئازادی هۆشیارە لە ئادەمیزاد کە شەریعەتی بۆ هاتبێ لەلای خوداوە، خواه فەرمانی پێدرابێ بە گەیاندنی بە عالەمدا یا نە. وە رەسوول پیاوێکی ئازادی هۆشیارە لە ئادەمیزادا کە کیتابی هەبێ لەلای خوداوە و فەرمانیشی پێ درابێ بە گەیاندنی بە عالەما، خواه ئەو کیتابە سەربەخۆ بۆ خۆی هاتبێ وەکوو تەورات بۆ مووسا و ئینجیل بۆ عیسا و قورئان بۆ موحەممەدﷺ، وە یاخود بۆ پێغەمبەری پێشوو هاتبێ بەڵام ئەمر کرابێ کە ئەویش بەو کیتابە رەفتار بکا، وەکوو تەورات بە نیسبەت پێغەمبەرەکانی بەنیئیسرائیل کە لە بەینی مووسا و عیسادا هاتوون.

ژمارەی ئەنبیا و مورسەلین: بە ریوایەتێ دوو سەدو بیست و چوار هەزار، وە بە ریوایەتێ سەد و بیست و چوار هەزارە، بەڵام لەبەر ئەوە کە نەسی قەتعی نییە بۆ تەحدیدی عەدەد ئێمە باسی ئەوەنە ئەکەین. وە مەشهوور وایە کە مورسەلین سێسەد و سیازدە کەسن، بەڵام زاهیری ئایەتی قورئان ﴿منهم من قصصنا عليك و منهم من لم نقصص﴾[1] واتە: لەو پێغەمبەرانەیە کەسێ کە باسمان کردووە بۆ تۆ، وە لەوانەیە کەسێ کە باسمان نەکردووە. ئەمەیە کە بووە لەو پێغەمبەرانە کە ناو نەبراوە و باس نەکراوە بۆ پێغەمبەرﷺ؛ چونکی ئەم جیهانە گەلێ گەلێ پیرە و دنیا گەلێ گۆڕان و ژێر و بان و تەڕ و وشکی بەسەرا هاتووە، وە [بۆ] هەموو پێغەمبەرانی ئەم جیهانە چەن

---

١. غافر؛ ٧٨.

کتێبی پێویستە. وە ئەوەی کە پێویستە باسی ئەو پێغەمبەرانەیە کە مەشهوور بوون و وڵاتیشیان نزیك بوون لە مەککەو مەدینەوە، وەکوو ئەوانە خودا لە قورئاندا باسی کردوون.

هەروا ئایەتی: ﴿وإن من أمة إلا خلا فيها نذير﴾[1] زاهیرە لەوەدا کە هیچ کۆمەڵە ئادەمیزادێ نەبووە لە جیهانا لە تازە و لە کۆنە، وە لە چوار گۆشەی جیهانا و لە ناو کرۆکەیا ئیللا خودای تەعالا پێغەمبەرێکی ناردووە بۆ سەریان کە موژدەیان پێ بدا بە بەهەشت و بیان ترسێنێ لە ئاگری دۆزەخ، وە ژمارەی ئەمانە وا لە عیلمی زاتی خوای زانای خەبیر و بەسیرا.

وە لەو حەدیسە کە لە «رياض الصالحين»دا ریوایەتی ئەکا لە ئیبنوعەباسەوە ﵄ کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «عرضت علي الأمم فرأيت النبي ومعه الرهيط، والنبي ومعه الرجل و الرجلان، والنبي وليس معه أحد. إذ رفع لي سواد عظيم، فظننت أنهم أمتي، فقيل لي: هذا موسى وقومه، ولكن انظر إلى الأفق، فنظرت فإذا سواد عظيم، فقيل لي: انظر إلى الأفق الآخر ، فإذا سواد عظيم، فقيل: هذه أمتك و معهم سبعون ألفاً يدخلون الجنة بغير حساب ولا عذاب». «الحديث. متفق عليه» لەم حەدیسەوە دەرئەکەوێ کە ژمارەی پێغەمبەرەکان زۆر بوون بەڵام پەیڕەوانیان کەم بوون. بە هەر حاڵ ئەم پێغەمبەرانە هەرچەن بن خودا ئەیزانێ، وە پێغەمبەری ئێمە کە حەزرەتی «محمد المصطفى»یە خاتەم و ئاخر فەردی رەهبەرانە و لە پاش ئەو رەهبەر نابێ؛ چونکی مەبدەئی دینەکەی کە قورئان و فەرموودەکانی خۆیەتی لەگەڵ ئیزن و ئیجازەی ئیجتیهادی زانایانی بەرزی دین بەسە بۆ راگرتنی ئەم دینە و بۆ ئیدارەکردنی ئوممەت هەتا هەتایە.

---

١. فاطر؛ ٢٤.

وە مەعلوومە کە پێغەمبەرەکان یانی: خاوەن کیتاب و خاوەن تەبلیغاتەکان، ـ خواهـ ژمارەیان سێسەد و سیازدە بێ یا زیاتر ـ لەو رەهبەرانە کە تەبلیغاتیان نەبووە (بە هۆی ئەجری تەبلیغاتەوە). وە لەناو موبەلیغەکان پێنج کەسەی «أولو العزم» (کە نووح و، ئیبراهیم و، مووسا و، عیسا و، موحەممەد) لە باقی پێغەمبەران گەورەترن و لەناو ئەمانا حەزرەتی موحەممەد بە دەلیلی نەقڵی و عەقڵی گەورەترە. وە ناو و ژمارەی رەهبەران کە لە قورئان و حەدیسا ناوبراون ئەمانەن: ئادەم، شیس، ئیدریس، نووح، هوود، سالْح، ئیبراهیم، لووت، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقووب، یووسف، ئەییووب، شوعەیب، مووسا، هاروون، یووشەع، ئیلیاس، ئەلیەسەع، زولکیفل، شەمعوون، ئەشمەویل، یوونس، داوود، سولەیمان، زەکەریا، یەحیا، عوزەیر، عیسا، موحەممەد، ﷺ وە ئەو کتێبانە کە هاتوون بۆ پێغەمبەرەکان سەدوچوارن: دە بۆ حەزرەتی ئادەم، پەنجا بۆ شیس، سی(٣٠) بۆ ئیدریس، دە بۆ ئیبراهیم، ئەمە سەد. ئەم سەدە بە سوحوف ناو ئەبرێن. وە تەورات بۆ مووسا و، زەبوور بۆ داوود و، ئینجیل بۆ عیسا و، قورئان بۆ «محمد المصطفى»ﷺ.

وە بازێ لەم کتێبانە کە هاتوونەتە خوار بۆ یەکێ لەو پێغەمبەرانە هەر ئەو کتێبە بەجێماوە بۆ ئەو پێغەمبەرانە کە لە پاش ئەویش بوون بە پێغەمبەر، وەکوو تەورات نازڵ بووە بۆ مووسا بەڵام لە دینی یووشەع و شەمعوون و ئەشمەویل و بازێتر لە پێغەمبەرانی بەنیئیسرائیلدا هەر رەفتاری پێ کراوە. لەسەر ئەم یاسایە ئەو سەدو چوار کتێبە لە ناو ئەو پێغەمبەرانەدا بەشی کردوون.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾

بزانن گرانترینی شت لەسەر دڵی ئادەمیزادا ئەمەیە کە نەفسی خۆی بکا بە قوربانی لە جەنگی کافرانا، وە یا ماڵی خۆی سەرف بکا لە بۆ خەڵکی. جا خودای تەعالا لە پێشا فەرمانی دا بە جەنگ کردن لە ڕێگەی خودادا، وە پاش ئەوە ئەمری کرد بە سەرفی ماڵ و قەرزدان بە خودا، وە پاش ئەوانە تەئکیدی ئەم باسەی کردەوە و فەرمووی: ئەی کەسانێ ئیمان و باوەڕتان هەیە بە خودا! لەو ماڵەی کە من کردوومە بە ماڵی ئێوە و بە رزق و ڕۆزیتان، سەرف بکەن چ بە شێوەی بەجێهێنانی واجبی زەکات یا بەجێهێنانی سوننەت، وە زەکاتی ماڵی خۆتان بدەن بەوانە کە خاوەن حەقن، وە بەو کەسانە کە هیچیان نییە و ماڵیان بە دەستەوە نییە لە پێش هاتنی ئەو ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت) کە نە بەیع و مامەڵەی تێدا هەیە، وە نە دۆستی بەکار دێ، وە نە تکاکردنی کەسێ بۆ کەسێ، واتە غەیری ڕەفتاری خۆت هیچ شتێ بەکار نایێ ئیللا ڕەحمی خودا نەبێ؛ چونکی ئیستیفادە کردن لە کەسێ یا بە هۆی موعامەلە و موبادەلە و گۆڕینەوەی شتێکە بە شتێك لە ئەموال، وە یا بە هۆی دۆستی کردنە لەگەڵ یەکێکدا، وە یا بەهۆی تکا کردنەوە. لە ڕۆژی قیامەتا لەبەر هێرشی قاری خودا دۆست سەری دۆستی ناپەرژێ و کەسیش مەیدانی تکا کردنی نییە، وە ڕۆژی سەرفی ماڵ و مادەیش نییە هەتا موعامەلە بکرێ. وە ئەم قارەیش لە ڕووی ئەوەوە نییە کە خودا ستەم بکا لە کەسێ یا لە قەومێ، بەڵکوو کافرەکان و نامەردەکان ئەوان خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کردووە. عەتا فەرموویەتی: حەمد بۆ ئەو خودا کە فەرموویەتی: ﴿والكافرون هم الظالمون﴾ وە نەیفەرمووە: «والظالمون هم الكافرون».

ئیمام فەخرەدینی رازی لە تەفسیرەکەیا فەرموویەتی: یاسای خودای تەعالا لە قورئانی کەریمدا وایە کە عیلمی تەوحید و عیلمی ئەحکام و عیلمی قەسەس تێکەڵ ئەکا، وە غایە لە باسی قەسەس عیبرەت گرتنە هەتا بەو جۆرە عیبرەتە، عەقیدە و بیر و باوەڕی ئادەمیزاد دامەزرێ، وە یاخود بە دڵ ئەحکامی خودا بەجێبێنێ.

جا لەبەر ئەوە لەمەوپێش خودای تەعالا گەلێ باسی ئەحکامی کرد و بازێ قەسەسی بەنیئیسرائیلیشی نازڵ کرد ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە باسی تەوحیدی خودا و سیفاتی زاتی و سیفاتی ئەفعالی خودا بکا، وە فەرمووی:

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ﴾

واتە: ئەو زاتە کە ناوی «اللّٰه»یە هیچ کەسێ نییە عیبادەتی بۆ بکرێ بە راستی ئیللا ئەو نەبێ، وە ئەو زاتە زیندووە بە زاتی خۆی، وە قەیوومە و بە دەوام تەدبیری مەخلووقات ئەکات و ئەیان پارێزێ و.

﴿لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ﴾

قەت نە خەوەنووچکە ئەیگرێ و نە نوستنی عادەتی، واتە: بە کەم یا بە زۆر فەرامۆشی بەسەرا نایێ.

﴿لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ﴾

وە موڵکی ئەوە ئەوەی وا لە جانیبی بەرزییەوە لە ئەستێرەکان و عەجایبی مەخلووقات، وە ئەوەی وا لە جانیبی نزمییەوە لە مەعادین و نەبات و حەیوان، واتە لە کان و گیا و گیانلەبەران.

﴿مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ﴾

ئەوە کێیە ئەو کەسە کە بتوانێ تکا بکا بەلای ئەوەوە لە بۆ تاوانبارێ یا خاوەن ئازارێ یا نگونسارێ ئیللا بە ئیجازە و ئیزنی خۆی نەبێ؟

﴿يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ﴾

خودای تەعالا ئەزانێ و زانایە بەو شتانە کە وان لە بەردەمی ئەم جین و ئینسەدا وە ئەوەیش کە وان لە پشتیانەوە، واتە ئەو شتانەی کە لەمەولا لە قیامەتا ئاگادار ئەبن بەسەریانا.

﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ﴾

وە ئەم جین و ئینسە ئیحاتە نادەن بە شتێ لە عیلم و زانستی خودادا یا بە مەعلوومات و زانیاری ئەودا ئیللا بەو ئەندازەیە کە خواستی وایە ئیحاتەی پێدا بدەن.

﴿وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ﴾

وە گوشادە کورسی خودای تەعالا بۆ هەموو ئاسمان و عەرز. خۆلاسە: عالەمی کورسی هەموو ئاسمانەکان و عەرز بە وشك و تەڕیەوە ئەگرێ بە تەواوی.

﴿وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا﴾

وە شانی عەزەمەتی خودا قورس ناکا پاراستنی ئەم دوو عالەمی ئاسمان و عەرزە.

﴿وَهُوَ ٱلْعَلِيُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾﴾

وە بە ڕاستی خودای تەعالا ئەوە پایەبەرزی وەها کە دەستی کەسی پێ ناگا و خاوەن گەورەیی و خاوەن شکۆی وەها کە هەرچی غەیری ئەوە بە نیسبەت بۆ لای ئەوەوە حەقیرە و بێشان و بێنیشانە بە نیسبەتی گەورەیی ئەوەوە.

موسلیم و ئیبنوماجە ڕیوایەتیان کردووە لە کیتابی ئیمانا لە ئەبوومووسای ئەشعەرییەوە ﷺ: «قام فينا رسول الله بخمس كلمات، فقال: إن الله عزوجل لا ينام و لا ينبغي له أن ينام، يخفض القسط ويرفعه، يرفع إليه عمل الليل قبل عمل النهار، و عمل النهار قبل عمل الليل، حجابه النور، لو كشفه لأحرقت سبحات وجهه ما انتهى إليه بصره من خلقه»

ئەم ڕیوایەتە وەکوو تەفسیری ئایەتی کورسییە، واتە، خودا نانوێ و شیاوی زاتی ئەو نییە بنوێ، ترازوو بەرز ئەکاتەوە و دای ئەنەوێنێ، واتە بۆ هەرکەسێ خواستی بێ ڕزقی زۆر ئەکا و هەرکەسێ خواستی بێ ڕزقی کەم ئەکا، وە کردەوەی ئادەمیزاد لە ڕۆژا بەرز ئەکاتەوە بۆ لای خۆی بەر لە کردەوەی شەوی دوایی، وە کردەوەی

شەوی بەرز ئەکاتەوە بەر لە کردەوەی رۆژی دوایی، وە ئەو پەردەیە وا لە بەینی خودا و عیبادا لە نوورە، ئەگەر ئەو نوورە دەربخا نوورەکانی جەمال و جەلالی خودا هەتا چاوی کار بکا مەخلووق ئەسووتێنێ.

بزانن! ئەم ئایەتە مەشهوورە بە ئایەتی کورسی لەبەر ئەوە کە ناوی کورسی تێدایە، وە موفەسسیری مەشهوور بەیزاوی ئەفەرموێت: ئەم ئایەتە هەموو بیر و باوەڕی بە نرخی بابەتی خودا و سیفاتی خودای تێدایە؛ چونکە ئەوە ئەڵێ کە پەروەردگاری عالەم هەیە و تەنهایە لە خودایەتی خۆیدا و هاوڕێ و هاوکارو هاو عیبادەتی نییە و وجوودی واجبە و لەوەوەیە تەئسیر و تەدبیر لە هەردوو عالەما و خاوەنی سیفاتی کەماڵە و دوورە لە هەموو عەیبێ و دوورە لە فەوتان و تێکەڵ بوون بە شتێ لەم جیهانەدا، وە ئەوەی دێت بەسەر مەوجووداتا و ئەیگۆڕێ ئەو لەوانەوە دوورە، وە خاوەن تەسەڕوف و هەیبەت و تەوانایی رەسایە، هەرچی خواستی بێ هەر ئەوە ئەبێ و هەرچی خواستی لێ نەبێ نابێ، وە شتێ نییە لە عالەما کە بەرانگاری ئەو ببێ و مەنعی بکا لە خواستی، وە کەس تکا و رجای پێناکرێ بۆ کەس بە خواستی ئەو نەبێ، وە بە هەموو شتێ ئەزانێ، وە ئەو شتە نهێنانە ئەو ئەیزانێ کەس نییە لێیان بزانێ هەتا خۆی ئاگاداریان نەکا و هەر ئەوە خاوەن پایەی گەورە و پایەدار لە هەموو دەورێکا.

وە لەم شوێنەدا پرسیارێ هەیە: ئایا فەرق هەیە لە بەینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزا لە پایە و مەقاما؟ وە سیرڕی ئەو فەرقە چییە لەگەڵ ئەوەدا کە هەموویان کەلامی خودان، وە خودا ناردوونی بۆ پێغەمبەر ﷺ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە: بەڵێ فەرق هەیە لە بەینی ئایەتانەدا. وە ئەمە بیر و باوەڕی زانا بەرزەکانە لە ئەهلی کەلام، وە باوەڕی قازی ئەبووبەکری ئیبنولعەرەبی لەسەر ئەمەیە، وە ئەو زاناگەورە بەقەدرانە کە فەرموویانە فەرقیان نییە مەبەست ئەوە

بووە کە هەموو کەلامی خودان و مەبادا لە نیسبەتی گەورەیی بۆ بازێ ئایەت گومانی بێ‌پایەیی ببرێ بە بازێ ئایەت و ئەمەیش دوورە لە ئەدەب.

وە قازی فەرموویەتی: سیڕڕی ئەم تەشریفە ئەمەیە شەرەفی دال بە شەرەفی مەدلوولە، وە گومان نییە لەوەدا کە ئەشرەفی مەدلوولات زاتی باری تەعالا و سیفاتی ئەوە، وە ئەشرەفی عوڵووم عولوومی ئیلاهییەیە کە باسی زات و سیفاتی خودا ئەکا چ سیفاتی سبووتییەی، وەکوو حەوت سیفەتەکانی: حەیات و عیلم و ئیرادە و قودرەت و سەمع و بەسەر و کەلام. کە ئیشارەیان بۆ ئەکرێ بە حorووفی «أحق سبعك». وە چ سیفاتی سەلبییەی وەکوو: قیدەم و بەقا و وەحدەت و موخالەفەی حەوادیس و قیامی بیلزات، یانی عەدەمی ئیحتیاج بە غەیر. وە لە نەسی ئایەتا تەشریفی سوورەتی فاتیحە کراوە بە جوملەی جەمیلەی: ﴿ولقد آتيناك سبعاً من المثاني والقرآن العظيم﴾[١] واتە: بە ڕاستی لەگەڵ قورئانا حەوت ئایەتمان بەخشیوە بە تۆ کە بە دەوام لە لایەنی موسوڵمانانەوە لە نوێژا دووبارە ئەکرێنەوە.

وە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە حەزرەت ﷺ فەرمووی بە ئوبەیی کوڕی کەعب: ئەی ئوبەی کامە ئایەت لە قورئانا لەلای تۆیە کە گەورەتر بێ لە باقی ئایەتەکان؟ ئەویش عەرزی کرد: ﴿الله لا إله إلا هو الحي القيوم﴾ جا حەزرەت دەستی دا بە سینەما و فەرمووی: ئەم زانستەت پیرۆز بێ. وە ترمزی ڕیوایەتی کردووە لە ئوبەیی کوڕی کەعبەوە ئەڵێ: حەزرەت ﷺ فەرمووی: «ما أنزل الله في التوراة ولا في الإنجيل مثل أم القرآن وهي السبع المثاني، وهي مقسومة بيني وبين عبدي ولعبدي ما سأل. أي وقال الله ـ تعالى ـ هي مقسومة». وە ئەبووعەمری دانی لە کتێبی «بەیان»دا بە ئیسناد ڕیوایەتی کردووە لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە ﷺ کە حەزرەت ﷺ فەرمووی:

---

١. الحجر: ٨٧

«فاتحة الكتاب، وآية الكرسي، وشهد الله أنه لا إله إلا هو، وقل اللّٰهم مالك الملك. هذه الآيات معلقة بالعرش ليس بينهن وبين الله حجاب»، واتە: سوورەتی فاتیحە و ئایەتەلکورسی و ئایەتی: ﴿شهد الله﴾.[1] تا ئاخر و ئایەتی: ﴿قل اللّٰهم مالك الملك﴾.[2] تا ئاخر ئەم ئایەتانە لە عەرشا نووسراون لە بەینی ئەوان و خودادا پەردە نییە، واتە: هەرکەسێ ئەم ئایەتانە بخوێنێتەوە بێ‌گومان ئەجرەکەی بۆ ئەنووسرێ.

وە لە حەدیسا سابتە کە سوورەتی ئیخلاس وەکوو سێیەکی قورئان ئەجری هەیە لە خوێندنەوەدا، وە ریوایەت کراوە لە ئەبووئومامەوە بە ئیسنادی سەحیح کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «اسم الله الأعظم الذي دعي به أجاب في ثلاث سور من القرآن: في البقرة، وآل عمران، وطه».

وە ریوایەت کراوە لە ئەسماوە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «اسم الله الأعظم في هاتين الآيتين: ﴿و إلهكم إله واحد لا إله إلا هو الرحمن الرحيم﴾.[3] وفاتحة آل‌عمران: ﴿الم ۝١ الله لا إله إلا هو الحي القيوم ۝٢﴾».

وە ریوایەت کراوە لە ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی‌تالیب رضي الله عنه ئەڵێ: بیستوومە لە حەزرەت ﷺ لە کاتێکا راوەستاوە لەسەر داری مینبەر ئەیفەرموو: «من قرأ آية الكرسي دبر كل صلاة لم يمنعه من دخول الجنة إلا الموت ولا يواظب عليها إلا صديق أو عابد. ومن قرأها إذا أخذ مضجعه آمنه الله على نفسه وجاره وجار جاره والأبيات حوله».

ریوایەت کراوە کاتێ عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ئەڕۆیشتە خانووەکەی ئایەتەلکورسی ئەخوێند بەهەر چوار گۆشەی خانووەکەیا.

---

١. آل عمران؛ ١٨.
٢. آل عمران؛ ٢٦.
٣. البقرة؛ ١٦٣.

جا لەم ئایەت و ئەحادیسەوە دەرئەکەوێ، هەرچەند ئایاتی قورئان هەموو کەلامی خودان، وە ناوەکانی خودا هەموو ناوی خودان. بەڵام لەسەر دەلالەتی ئەوانە لەسەر زاتی خودا و سیفاتەکانی و تەقدیسی خودا و تەعزیمی خودا فەرق و پایەیان ئەگۆڕێ، واتە هەموو لە حەقیقەتی نەوعییەدا یەکن، بەڵام لە سیفاتی فەردیدا فەرقیان هەیە. وە هەروا ئەسحابەکانی پێغەمبەر هەموو ئەسحابەن و شەرەفی سوحبەتیان هەیە، بەڵام لە سیفاتی شەخسیدا، لە ئیخلاسا، لە زانستا، لە تاعەتکردنا، لە خزمەتی دینی ئیسلاما فەرقیان زۆرە، وە سابتە بە نەقڵ و عەقڵ هەروا هەموو ئەفرادی ئوممەتی پێغەمبەرﷺ بێفەرقن لەوەدا کە ئوممەتی پێغەمبەرن، بەڵام لە پایەی عیلم و عەمەلدا فەرقیان دیارە.

فەرموودەی خودا: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ﴾:

لە مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتەدا زەیدی کوڕی ئەسلەم ریوایەتی کردووە لە باوکیەوە ئەڵێ: گوێم لێ بوو کە عومەری کوڕی خەتابؓ فەرمووی بە پیرەژنێکی گاور: وەرە موسوڵمان ببە با رزگار ببی لە عەزابی قیامەت؛ چونکی خودای تەعالا پێغەمبەری بە حەق رەوانە کردووە. ئەویش عەرزی کرد: من پیرەژنێکی گەورم و مردنم نزیك بووەتەوە وازم لێ بێنە تا لەسەر دینی خۆم بمرم، لەوێدا عومەر فەرمووی: «اللّٰهم اشهد» وە ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿لا إكراه في الدين﴾ مەعنای وایە ئەم ئایەتە وەختی خۆی هاتووەتە خوارەوە بۆ باسی ئەوە کە زۆر کردن نییە لەسەر ئەهلی کیتاب بۆ ئەوە دینی خۆیان تەرك بکەن و موسوڵمان ببن.

وە «سودە»، لە تابیعین، فەرموویەتی: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی پیاوێ لە ئەنسار ناوی «أبو حصين» بوو، دوو کوڕی بوو رۆیشتبوون بۆ تیجارەت بۆ شام

و لەوێ بووبوون بە گاور. جا باوکەکەیان هات بۆ خزمەتی حەزرەت و داوای ئەوەی ئەکرد کە حەزرەت بنێرێ بەشوێنیانا و بیان هێنێتەوە و سەعی بکا بۆ ئەوە بگەڕێنەوە بۆ دینی ئیسلام. وە لەو کاتەدا فەرمانی خودا نەهاتبوو بۆ جەنگ کردن لەگەڵ ئەهلی کیتابا، وە حەزرەت فەرمووی: بڵێم چی خودا دووری خستوونەتەوە لە دین و بوون بە ئەووەڵ کافر لەم کۆمەڵی ئەنسارەدا! جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو.

بینا لەسەر ئەم تەقریرە ئەم ئایەتە مەنسووخ نییە و لە موحکەماتە؛ چونکی باسی ئەوە ئەکا کە زۆر ناکرێ لە ئەهلی کیتاب لە یەهوود و لە نەسارا موسوڵمان ببن، هەرچەند زۆر بکرێ لە ئەهلی ئیشراك لە عەرەب و لە مەجووس و لە بووزییەکان و لە غەیری ئەوانیش.

وەلحاسڵ ئەو کەسە کە موسوڵمان نەبێ، یا لە ئەهلی کیتابە کە یەهوود و نەسارایە، یاخود موشریکە، جا ئەوەی کیتابییە داوای ئەوەی لێ ئەکرێ یا موسوڵمان ببێ، وە یاخود جیزیە بداو بمێنێتەوە و زۆری لێ ناکرێ لەسەر موسوڵمان بوون. وە ئەو کەسە کە موشریکە یا ئەبێ موسوڵمان ببێ یا شەڕی لەگەڵدا ئەکرێ هەتا ئەکوژرێ. بەڵام حەزرەت ﷺ نیسبەت بە مەجووسییەکان ئەمری کردووە کە موعامەلەیان لەگەڵدا بکرێ وەکوو موعامەلەی ئەهلی کیتاب، واتە: بە جیزیەدان رازی ببین لێیان و زۆریان لێ نەکەین لەسەر ئیسلام بوون؛ بەس ژنیان مارە ناکرێ و گۆشتی حەیوانێ ئەوان سەری بڕن ناخورێ.

وە بازێ فەرموویانە: ئەم ئایەتە ئیخبارە لە واقیع کە بە قەتعی ئیکراه و زۆر کردن نییە لە کەس بۆ موسوڵمان بوون؛ چونکی ئیکراه و زۆر کردن لەسەر شتێك ئەبێ کە ئەو کەسە پێی رازی نەبێ، بەڵام دینی ئیسلام هەرکەسێ تێی بگا چییە، بە دڵ وەری ئەگرێ و پێویستی بە داوای کەس نییە.

جا خودا ئەفەرموێت:

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ﴾

واتە: زۆر کردن رەوا نییە لە وەرگرتنی دنیا لەسەر گاور و جوولەکە، وە بە راستی رێگەی راست و لار دەرکەوتوون و جیا بوونەتەوە لە یەك بە تەواوی.

﴿فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ﴾

دەی هەرکەسێ ئینکاری شەیتان و ئومووراتی ناشیرین بکا و ئیمان بێنێ بە زاتی خودای تەعالا و ئیلتزامی ئەحکامی ئیسلام بکا ئەوە بە راستی دەستی گرتووە بە دەستەبەندێکی ئەستوور کە بە قەتعی پساندنی نییە.

﴿وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦﴾

وە خودای تەعالا بیسەرە بۆ وتار و زانایە بە ئەسرار و راز و نیازتان. مادام وایە پێویستە ئینسان ئاگادار بێ لە بیر و باوەڕ و وتار و کردەوەی ئاشکرا و پەنامەکی خۆی.

﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾

خودای تەعالا دۆستی ئەوانەیە کە ئیمانیان هەیە بەو و بە دینی ئەو.

﴿يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ﴾

وە بە هۆی ئەو ئیمانەوە دەریان ئەکا لە تاریکی بیر و باوەڕی نابار و کردەوەی ناهەموار و لە رەوشتی ناشیرین و ئەیانخاتە ناو بۆتەی تەسفییەوە و روویان ئەکاتە حەق و ئەیانخاتە ناو رووناکی بیر و باوەڕ و کردەوە و وتاری راست و بەسوود.

﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ﴾

وە ئەو کەسانە کە کوفری خودا ئەکەن دۆستی ئەوان شەیتانە.

﴿يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ﴾

ئەو کەسانە دەرئەکا لە نووری عەقڵەوە و لە نوورێکەوە کە نزیکە دەستی بکەوێ بە هۆی ئیسلامییەتەوە بۆ لای تاریکییەکانی عەقیدە و عیلم و عەمەل. واتە: یەکێ بکەوێتە دووی شەیتان عەقیدە و بیر و باوەڕی تاریکە؛ چونکی رووی لە رۆژی بەرزی ئیسلامەوە نییە، وە ئەکەوێتە ناو تاریکی کردەوە؛ چونکی کردەوەی لەسەر هەوایە و هەوای ئینسانی بێهیدایەت تاریکە. وە ئەکەوێتە ناو تاریکی وتارەوە؛ چونکی وتار بە زمانە و زمان تەرجومانی دڵە. وە مادام دڵ بە گومڕاهی تاریك بێ وتاری زمانیش رووناك نابێ.

﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥٧﴾

وە ئەو کەسانە کە شەیتان گەورەیانە و دۆستی ئەوانە، مولازیمی ئاگری دۆزەخن و ئەوان لەو ئاگرەدا دەوامدارن هەتا هەتایە.

جا لە پاش ئەوە خودای تەعالا بەیانی میهرەبانی و کەرەمی خۆی کرد لەگەڵ ئەهلی ئیمانا باسی رێگەی خاوەن قیمەتی ئەهلی ئیمانی کرد کە عیبارەتە لە عیلم بە وجوودی خودای «واجب الوجود» و عیلم بە زیندوو بوونەوەی پاش مردن لە قاڵبی سێ رووداوی گەورەدا، یەکەم: شۆڕش و ئاشووبی «نەمروود»ی کوڕی کووشی کوڕی کەنعانی کوڕی سامی کوڕی نووح کە پادشای خاوەن کیبریای وڵاتی بابل بوو و بتپەرستی ئەکرد. ئەم نامەردە بە شێوەی ئاشکرا بتپەرست بوو بەڵام بە راستییەکەی خۆپەرست بوو و دەمارەکەی ئەوەندە ئەستوور بوو لە هەر شوێنێکا کەسێ ببوایە کە شەخسیەتێکی ببوایێ سەری پان ئەکردەوە.

وە حەزرەتی ئیبراهیمعليه السلام کە خودای تەعالا هیدایەتی پێدا و چاو و دڵی کردەوە بۆ تەماشاکردنی ئافاق و ئەنفوس و کردی بە رەهبەر و پێی گەیاند و تێی گەیاند ئەویش هەرچەند نەمروود خۆپەرست بوو ئەم هەزارقات خودا پەرست بوو. هەرچەند ئاگری دەماری ئەو بەرزئەبووەوە ئەمیش نووری ئیمانی پرتەوی ئەدایەوە و بە هیچ نەوعێ سەری بۆ شۆڕ نەکرد. وە هەرکاتێ جیدالی ئەکرد لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمدا ئەم بە هێزی ئیستیدلالی بورهانی دەمکوتی ئەکرد، وە یەکێ لە جیدالەکانی ئەمەیە کە خودا ئەیگێڕێتەوە بۆ حەزرەتﷺ وە لەسەر یاسای مەشهوور فەرمووی:

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِى حَآجَّ إِبْرَٰهِـۧمَ فِى رَبِّهِۦٓ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ ﴾

واتە: ئایا تەماشا ناکەی و نابینی ئەو کافرەی وەها کە موجادەلەی کرد لەگەڵ ئیبراهیمدا نەك لەبەر حەقیقەتخواهی و بیەوێ رێگەی حەقیقەت بدۆزێتەوە بەڵکوو لەبەر دەمار و توغیان لەمەوە کە خودا گەورەیی و سەربەرزی پێداوە و لە باتی ئەوە کە سوپاسی خودای بکردایە لەسەر ئەم نیعمەتە ئەو بە پێچەوانەی سوپاس کوفری خودای کرد.

﴿ إِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّىَ ٱلَّذِى يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ﴾

ئەو موجادەلەیش لەو کاتەدا بوو کە پرسی لە ئیبراهیم: خودای تۆ کێیە کە ئادەمیزاد بانگ ئەکەی بۆ پەرستیاری؟ ئەویش فەرمووی: خودای من خودایەکە قادر و تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا، وە خودایەکە گیان ئەدا بە بێگیان و پاش ئەوە ئەیمرێنێ و گیانەکەی لێ وەر ئەگرێتەوە، وە کەسێ ئەم هێزە بەرزەی هەبێ شیاوە بە پەرستیاری نەك دار و بەردی بە دەس تاشراو.

﴿ قَالَ أَنَا۠ أُحْىِۦ وَأُمِيتُ ﴾

وتی: منیش ئەتوانم گیان بدەم بە خەڵك بە هۆی چاو پۆشی لەوانە حوکمی کوشتنیان دراوە، وە گیانداریش ئەمرێنم بە هۆی بەجێهێنانی حوکمی ئیعدام بەسەر بازە کەسێکدا. وە فیعلەن ناردی دوو کەسیان لە زیندانەوە هێنا بۆ لای و یەکێ لەوانی بەرەڵلا کرد و فەرمانی دا ئەویان کوشت.

جا کاتێ ئیبراهیم تێگەیشت کابرا رووکەشی ئەکا و بەجێهێنانی هۆی عادەتی زیندوو بوون و مردن بە ئیبداعی رۆح و دەرکردنی رۆح دائەنێ، لایدا لەو دەلیلە بۆ لای ئەم دەلیلە کە رێگەی ئەو رووکەشەی تیا نییە.

﴿قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَأْتِى بِٱلشَّمْسِ مِنَ ٱلْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ ٱلْمَغْرِبِ﴾

دەی مادام هەرچی خودا بیکا تۆیش پێت ئەکرێ، ئەوەتە پێش زەمانی تۆوە تا ئێستە خودای تەعالا رۆژ لە خۆرهەڵاتەوە دەرئەکا، دەی تۆ یاساکەی بگۆڕە و رۆژ لە خۆرنشینەوە بهێنە بە ئاسمانا تا ئاوا نەبێ.

﴿فَبُهِتَ ٱلَّذِى كَفَرَ﴾

جا ئەو نەمرووده کە کوفری خودای عالەمی ئەکرد مەبهووت بوو و هەناسەی لێ چنرا.

وە لەبەر ئەوە حاڵی بوو کە بورهانی ئیبراهیم بەبڕ و بەهانەی ئەم تێکناچێ فەرمانی دەرکرد ئاگرێ قەبە بکەنەوە و ئیبراهیم بە «مەنجەنیق» فڕەبدەن بۆ ناوی هەتا وەها بسووتێ کە تۆزی لەشی سووتاویشی لە ئارادا نەمێنێ چ جای گوڕخانە کە بکرێ بە رەمزی پاشەڕۆژ و بە ماوای یادگاری پەیڕەوەکانی؛ کەچی چونکی لەسەر هەواو خوێڕی بوو هەرچی رست هەر خوری بوو.

﴿وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٢٥٨﴾﴾

وە خودای تەعالا ستەمکارەکان شارەزا ناکا بۆ کارێ کە نیشانەی دینی خودایی لەسەر عەرز لاببا.

پاش ئەوە کە بە نیشاندانی ئەم رووداوە دڵی هۆشیار و ئاگادار بوو بۆ عیلم و ناسین بە زاتی پەروەردگاری راستەقینەی بە ئیعتیبار، خودای تەعالا رووداوێکی گێڕایەوە کە ئەبێ بە هۆی عیلم و زانیاری ئەوە کە وەکوو ئەتوانێ خەو بێنێ بەسەر بێدارێکا بە بێ ئیختیار هەتا ئەو کاتە خواستی هەیە ئەوسا ئاگاداری بکاتەوە بە نەوعێ ئەگەر کابرا میقیاسێکی لەلا نەبێ نازانێ چەند کات نووستووە. وەها خودا ئەتوانێ زیندوویێ بە بێ ئیختیاری خۆی بمرێنێ تا هەر زەمانێ ئیرادەی کردووە ئەوسا زیندووی بکاتەوە، وە ئەگەر خودا پێی نەڵێ خۆی نەزانێ چەندێکە مردووە، وە فەرمووی:

﴿أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا﴾

یا ئەی رەهبەری نازار تەماشای وێنەی ئەو کەسە ناکەی وەکوو «عوزەیر» پێغەمبەری بەنیئیسرائیلیەکان کە لە پاش رزگاربوونی لە دیلی بەختەننەسری فەرمانداری بابل رابورد بە لای دێیەك لە دێ ئاوەدانەکانی خۆیان (شاری قودس) یا شوێنێکیتر لە کاتێ و بە حاڵێ کە ئەو دێیە کەوتبوو بەسەر سەرمیچی خانووەکانیا؟ چونکی خانوو لە پێشا بانەکەی بە باو باران ئەکەوێتە سەر عەرز ئەوسا بە تووڵی زەمان دیوارەکانی ئەترافی ئەکەون بەسەر ئەو بانەدا کە کەوتووەتە سەر عەرز.

جا حەزرەتی عوزەیر کە تەماشای ئەو خانووە ئەستوورانەی کرد وەها وێران بوون سەری سوڕما و فەرمووی: ئەبێ چ کاتێ و بە چ هۆیێ خودا ئەم وڵاتە خاپوورە

ئاوەدان بکاتەوە وەکوو جاران!؟ جا خودای تەعالا بە شێوەی عیتاب لەم ڕەهبەرە کە چلۆن دائەمێنێ لە ئاساری هێزی خودا و بە شێوەی میهرەبانی لەگەڵیا هەتا تەوانایی خۆی نیشان بدا، وە بە شێوەی میهرەبانی لەگەڵ ئادەمیزادی خاوەن شوعوورا بۆ ئەوە عیبرەت بگرن و چاو بکەنەوە.

﴿فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِاْئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ﴾

خودا بۆ ماوەی سەد ساڵ عوزەیری مران لەو شوێنەدا و پاش سەد ساڵ زیندووی کردەوە لە عەینی ئەو شوێنەدا کە مردبوو تیایا.

﴿قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ﴾

واتە کاتێ کە خودا زیندووی کردەوە بە وێنەی یەکێ لە خەو خەبەری بێتەوە خودا بانگی کرد و فەرمووی: چەندێکە ماویتەوە لەم شوێنەدا؟ ئەویش لە پێش ئەوەدا بڕوانێ بۆ ڕۆژ کە ئاوا نەبووە وای زانی ڕۆژ وا لە ئاوابوونا و ئەو ڕۆژێکە وا لەو شوێنەدا؛ چونکی کاتی ئەووەڵی مردنەکەی ئەووەڵی هەتاوکەوتن بوو، وە پاش ئەوە کە تەماشای ڕۆژی کرد کە هێشتا ئاوا نەبووە لە قسە پێشووەکەی لای دا و وتی: بەڵکوو بازێکە لە ڕۆژێ.

﴿قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِاْئَةَ عَامٍ﴾

خودا فەرمووی: ماوەی سەد ساڵە لێرەدا ماویتەوە و تۆ نەنوستووی بەڵکوو مردبووی.

﴿فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ﴾

دەی بۆ ئەوە کە لە تەوانای ئێمە حاڵی ببی بڕوانە بۆ خواردەمەنییەکەت لە: ڕەوان و ناڕەوان، لە تەڕو وشك نەگۆڕاوە لەگەڵ ئەوەدا خواردەمەنی هەرچۆن بێ لە ماوەی چەن ساعاتێکا ئەگۆڕێ.

﴿وَٱنظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ﴾

وە بڕوانە بۆ وڵاخە سوارییەکەت چۆن رزیوە و پارچە ئێسقانەکانی چۆن بڵاو و پرژ بوونەتەوە.

﴿وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ﴾

وە ئەم حاڵەمان هێنا بەسەر تۆدا و بەسەر وڵاخەکەتا هەتا باش لە تەوانایی ئێمە تێبگەی، ئەو جار لەناو عالەما دەرکەوی و باسی خۆت و خواردەمەنییەکە و حەیوانەکەت بگێڕیتەوە و ببی بە نیشانەیەکی گەورەیی ئێمە لە بۆ ئەو ئادەمیزادانە کە عیبرەت لە کارەسات ئەگرن.

﴿وَٱنظُرْ إِلَى ٱلْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا﴾

وە بڕوانە بۆ ئێسکەکانی حەیوانەکەت چۆن ئەیان جووڵێنین و بەرزیان ئەکەینەوە و ئەیان گەیەنین بەیەك.

﴿ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا﴾

وە لە پاشا بە بەرگی گۆشت و رەگ و پێست دایان ئەپۆشین وەکوو جاری جاران گیانی ئەکەینەوە بەبەرا و راست ئەبێتەوە.

﴿فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ٢٥٩﴾

جا کاتێ باش تەماشای کرد و حەقیقەتی حاڵەکەی بۆ دەرکەوت ئەمجار عوزەیر عليه السلام فەرمووی: ئیمان و باوەڕم هەیە کە خودا تەوانایە بەسەر هەموو شتێکا و پاراستنی هەموو شتێکی لاوازی پێ ئەکرێ و زیندوو کردنەوەی هەموو مردوویێ لای ئەو ئاسانە.

ریوایەت کراوە کاتێ عوزەیر سواری حەیوانەکەی بوو و رۆیشتەوە بۆ ناو بەنی ئیسرائیل لەبەر ئەوە، کە بە تاق و تەرا نەبێ، هاوتەمەنی نەمابوو نەیاننـاسی، وە

بە هۆی ئەوەوە کە تەوراتی لەبەر بوو و خەڵکیتر لە بەریان نەبوو وە بە بازێ ناو و نیشانیترا خەڵك ناسیانەوە.

﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِي كَيْفَ تُحْيِ ٱلْمَوْتَىٰۖ﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست باسی ئەو کاتە بکە لە ناو یارانتا کە حەزرەتی ئیبراهیم عەرزی زاتی پەروەردگاری کرد و وتی: یارەبی ئەم ئادەمیزادانە کە ئەمرن و ساڵەهای ساڵ رائەبوورێ بەسەریانا و ئێسقانی وجوودیان ئەبێ بە ئارد، وە یا ئەکەوێتە بەر بای جیهان و بڵاوە ئەکا لە وڵاتا چۆن تۆ لە قیامەتا زیندوویان ئەکەیتەوە و بەچی شێوەیێ ئەو ئەجزایانە ئەکەونەوە یەك؟

﴿قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِنۖ﴾

خودا لە جوابی ئیبراهیمدا فەرمووی: ئایا تۆ هێشتا ئیمانت نەهێناوە بە قودرەت و تەوانایی من لەسەر زیندوو کردنەوەی مردووەکان، لەگەڵ ئەوەدا کە چەن شتی عەجایبت لە تەوانایی منەوە دەرك کردووە، وەکوو: پاراستنی تۆ لە هەڵمەت و هەیبەتی نەمروود لەگەڵ ئەوەدا پیاو کوشتن و ئاورشتن لەلای ئەوا یەکسانن، وە تۆی لەو ئاگرەدا پاراست لەگەڵ ئەوەدا بە بڵێسەی گڕەکەی بەرد ئەبوو بە خاك و ئەسووتا؟

﴿قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِيۖ﴾

ئەویش عەرزی کرد: بەڵێ وەڵڵاهی ئیمان و باوەڕم هەیە بەوە کە تۆ تەوانای لەسەر زیندووکردنەوەی مردوو، بەڵام ئەمەوێ کە دڵم وەها دابمەزرێ کە رێگەی سووسەی وەسواسەی نەفس لە وجوودی منا نەمێنێ بە نەوعێ هەرچی مەشاعیرم هەیە پڕ ببن لە رووناکی ئیمان.

﴿قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ﴾

خودا فەرمووی: دەی بڕۆ چوار پەلەوەر بگرە و بیانهێنەو لەلای خۆت رایان بگرە ماوەیەك هەتا باش شێوەی لەش و پەڕو باڵیان و خەت و خاڵیان لەلای تۆ دیاری بدا و بیانناسی.

﴿ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا﴾

لە پاشان سەریان ببڕە و پارچە پارچەیان بکە و تێکەڵیان بکە بەیەکدا، ئەمجار بیان کە بە چەن بەشەوە و لەسەر هەر بەرزییەك بەشێ لەوانە دابنێ.

﴿ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا﴾

جا بانگ بکە لەو پەلەوەرانە کە ناسیوتن هەرکام بە ناو و نیشانەی خۆی پاش ئەو بانگی تۆیە بۆت دەرئەکەوێ ئەوانە چۆن ئەجزای هەرکامیان وەکوو پەپوولە ئەکەوێتە هەوا و ئەڕۆن بۆ لای باقی ئەجزاکان و چۆن بە پەلە و ئازانە دێن بۆ لات!

﴿وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ۝٢٦٠﴾

جا لەم رووداوەی بەرچاوی خۆتەوە بۆت دەرئەکەوێ کە خودا غاڵبە و تەوانایە بەسەر گرد کردنەوەی ئەجزای مردوودا لەهەر زەمانێکا و لەهەر شوێنێکا ببن؛ چونکی ئەو ئەجزایانە هەن و مەوجوودن و خودایش مەقسوودی لەسەر ئەوەیە گردیان بکاتەوە، بەڵام حیکمەتی زۆرە کە نیشانی هەموو کەسی نادا.

بزانن لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] **یەکەم**: حەزرەتی ئیبراهیم علیه‌السلام بۆچی ئەو پرسیارەی کردووە؟ لەم هۆوە موفەسسیرەکان گەلێ قسەیان کردووە و موناسبترین لەوانە ئەمەیە: کە پێغەمبەران موهیمەی زۆر گەورەیان هەیە؛ **یەکەم**: هەڵسووڕاندنی ئادەمیزاد بۆ ئەوە کە خودا

بە یەکێ بزانن. **دووەم** ئەوەیە کە ئیمان و باوەڕیان ببێ بە مەسئوولییەت و حیسابی ڕۆژی قیامەت، واتە باوەڕ بە زیندووبوونەوەی مردوو، وە حیسابکردنی ئەعمال لەگەڵیانا. **سێهەم**: ئیتاعە کردنی پێغەمبەران لە بەجێهێنانی ئاداب و ئەحکامی دینا.

جا لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا کە خودا ئیبراهیمی ڕەوانە کرد مەسەلەی زیندوو بوونەوەی مردوو زۆر دوور بوو لە دەماخی خەڵك و حەزرەتی ئیبراهیمیش زۆر سەعی و تەلاشی ئەکرد لەو بابەتەوە، ویستی خۆی لە پایەی «علم‌الیقین» بە زیندوو بوونەوە بەرز ببێتەوە بۆ «عین‌الیقین» هەتا نیشاتی لە موهیمەکەی خۆیا بە هێزبێ؛ چونکی هەتا مامۆستا لە دەرسی شاگردەکانا بەرزتر بێ ئیفادەی زۆرترە.

باسی دووەم: لە نەسی ئایەتەکەوە کە خودا فەرمووی: ﴿**أولم تؤمن قال بلى ولكن ليطمئن قلبي**﴾ وە دەرئەکەوێ کە حەزرەتی ئیبراهیم بە قەتعی دوودڵی نەبووە لەو مەوزووعەدا؛ چونکی ئایەتەکە ئەفەرموێت: ﴿**قال بلى ولكن ليطمئن قلبي**﴾. بەڵام پایەی ئینسان هەرچەن بەرزبێ دڵ لە ئیلقای وەساویسی ئیبلیس ڕزگار نابێ هەتا ئەگا بە پایەی ئیتمینان، کە گەیشت بەم پایە لەو ئیلقا ئەپارێزرێ؛ چونکی ئیتمینانی دڵ وەکوو ئەوە وایە بە دەوام کوورەیێ بێ لە ئاگر و ئەو ئاگرە گڕەی بڕوا بە ئەترافا، جا چۆن گیانلەبەر ناتوانێ نزیکی ئەو تەنوورە و ئەو کوورەیە بکەوێتەوە وەها شەیاتین دوور ئەکەونەوە لە دڵێ کە نووری ئیتمینانی تێدا بێ.

وە حەزرەتی موحەممەد ﷺ لە حەدیسا بەیانی کردووە کە خودا بۆ سەر هەر دڵێ شەیتانێکی موسەخەر کردووە، بەڵام ئەو شەیتانە ڕەوانەکراوە بۆ سەر دڵی ئەو، موسوڵمان بووە و ئیلقای وەسوەسە ناکا. واتە گەیشتووەتە پایەی ئیتمینان.

وە ئەو فەرموودە وەکوو بوخاری ڕیوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: «**نحن أحق بالشك من إبراهيم إذ قال رب أرني كيف تحي الموتى؟ قال: بلى ولكن ليطيمئن قبلي**». ئەوە بازێ لە زاناکان فەرموویانە ئەو فەرموودە لەسەر مەعنای تەعلیقە، واتە ئەگەر ئەو

داواکردنی ئیتمینانە بە شك دابنرێ ئێمە لایەقترین بە داوا کردنی ئەوە؛ چونکی لە جیهانا رۆژ بە ڕۆژ و چەرخ بە چەرخ ئادەمیزاد موشکیلاتی زۆرتر ئەبێ. جا ئەو رەهبەرانە کە ئادەمیزاد بانگ ئەکەن بۆ دین زۆرتر پێویستیان هەیە بە ئیتمینان و دڵ ئەستووری. وە بازێ فەرموویانە ئەو لەفزی شەکە لەو فەرمووده مەبەست دوودڵی نییە بەڵکوو مەبەست وەسواسەیە کە بۆ هەموو کەسێ هەیە گەورە و بچووك لە رەهبەران و پێغەمەران و باقی ئادەمیزاد. وە دەلیل لەسەر ئەمە ئەوەیە کە حەزرەت ﷺ لە باسی ئەو حاڵەتی حەزرەتی ئیبراهیما فەرموویەتی: «ذلك محض الإيمان»، واتە ئەو حاڵەتەی کە حەزرەتی ئیبراهیم تیابووە لە کاتی داوای ئیتمینانا، ئەو حاڵەتە ئیمان و باوەڕی سیرفە؛ چونکی ئینسان هەتا ئیمانی دانەمەزرێ پلەو پایەکانی ئیمان تێ ناگا و داوای پلە و پایەی بەرز ناکا.

[باسی] سێهەم: سیرڕی ئەوە کە خودا ئەمری فەرمووە بەوە باڵدار بێنێ بۆ لای خۆی ئەوەیە: کە پەلەوەر زووتر لە کاتی بانگ کردنیا ئەگات بە ئینسان و مەبەستی زاتی باری ئەوە بووە کە بە کەمترین کات ئەو پەلەوەرانە بگەنە لای ئیبراهیم و گومانی ئەوە نەبرێ کە ئەمانە گیانلەبەرێکی‌ترن وە یارۆی پێشوو نین.

[باسی] چوارەم: سیرڕی ئەوە کە چوار پەلەوەر بوون ئەمەیە: بۆ هەموو شاخیسێ شەش جیهەت هەیە: فەوق، تەحت، یەمین، یەسار، خەلەف، ئەمام. دیارە ئەو پەلەوەرە لە پاش پارچە پارچە کردن لەسەرەوە لە هەوادا دانانرێت وە لە خوارەوە لە ژێر پێدا نابێ، کەوابێ چوار جیهەت ئەمێنێتەوە، جا لەهەر کام لەم چوار جیهەتە بازێ لەو ئەجزای پەلەوەرانە دابنرێت ئینسان باش ئەتوانێ چاودێرییان بکات و ئاگای لێیان بێت هەتا گرد ئەبنەوە و ئەبنەوە بە یارۆی سابیق و دێنەوە بۆ لای ئەو کەسە کە بانگیان ئەکا.

فەرموودەی باری تەعالا ﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ﴾ **الآية.**

کەلبی فەرموویەتی: ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە لە شانی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و عوسمانی کوڕی عەففاندا رضي الله عنهما. ئەمما عەبدوڕەحمان ئەوە هات بۆ خزمەتی حەزرەت ﷺ و چوار هەزار درهەمی زیوی هێنا بوو و عەرزی حەزرەتی کرد: هەشت هەزار درهەمم لە لابوو، وا چوار هەزارم هێنا بۆ خزمەتی تۆ سەرفی بکەو چوار هەزاریشم لەلای خۆما راگرت بۆ خۆم و عائیلەکەم. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: «بارك الله لك في ما أمسكت وفي ما أعطيت». وە ئەمما حەزرەتی عوسمان رضي الله عنه، ئەویش لە کاتی رێخستنی «جيش العسرة» لە غەزای تەبووكدا هەزار وشتری هێنا بە هەموو ئەسبابێکیانەوە و هەزار دینار ئاڵتوونیشی هێنا هەڵی رژاند لە کۆشی حەزرەتا ﷺ. جا ئەبووسەعیدی خدری ئەڵێ: چاوم لێ بوو حەزرەت ﷺ هەردوو دەستی بەرزەوەکرد بۆ ئاسمان و دوعای خێری بۆ عوسمان ئەکرد و فەرمووی: وا من رازی بووم لە عوسمان کوڕی عەفان تۆیش لێی رازی بە. لە پاشان فەرمووی: «ما ضرّ ابن‌عفان ما فعل بعد اليوم». جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو:

﴿مَّثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾

واتە: قسە و شانی ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا.

﴿كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنۢبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنۢبُلَةٍ مِّاْئَةُ حَبَّةٍ﴾

وەکوو قسە و شانی خاوەن کشتێکە کە یەك دانە بخاتە عەرز و ئەو دانە حەوت گوڵ بڕوێنێ و لە هەر گوڵێکدا سەد دانەی تیابێ.

﴿وَٱللَّهُ يُضَٰعِفُ لِمَن يَشَآءُ﴾

وە خودای تەعالا زیاد ئەکا لەسەر ئەو ژمارەیە بۆ هەرکەسێ گوشادە بە نەوعێ کە ئەتوانێ لەسەر بەخشینی شتێکی کەم ئەندازەیەکی زۆر بدا و ئەیشزانێ بە نیەت و مەبەستی ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن و زانایە بەوە کە شانی کێ ئەو زیادە هەڵئەگرێ.

﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٦١﴾﴾

وە خودای تەعالا «واسع القدر»ە واتە تەوانایی ئەو خواستی هەبێ.

جا لە کاتێکا لەم ئایەتەدا باسی ئەوە کرا کە سەرفی ماڵ لە رێگەی خودادا ئەوەندە سەوابی هەیە خودای تەعالا مەرجێکی دانا بۆ ئەو سەوابە کە بریتییە لەوە کابرا بە شوێنی ئەو سەرفەدا ئەیکا منەت دانەنێ بەسەر ئەو کەسەدا کە ماڵەکەی پێ ئەدا، وە بە قسە و واتەی نابار ئازاری دڵی نەدا و فەرمووی:

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ثُمَّ لَا يُتْبِعُونَ مَآ أَنفَقُوا۟ مَنًّا وَلَآ أَذًى﴾

ئەو کەسانە کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خودادا و لەپاشان منەت نانێن بەسەر ئەو کەسانەدا کە خێرەکەیان پێ کردوون و بە وتاری ناشیرین ئازاریان نادەن.

﴿لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ﴾

ئەوە ئەو کەسانە تۆڵەی چاك و سەوابیان بۆ هەیە لەلای خودای خۆیان.

﴿وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٦٢﴾﴾

وە پاش مردنیان ترسیان لەسەر نییە بۆ موستەقبەل و زویریشیان نابێ لەسەر ئەو دونیایە کە رابوردووە.

﴿قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى﴾

وتارێکی باش لەگەڵ داماوا و چاو پۆشی و سەرفی نەزەر لە واتەی زبری یارۆی گەدا چاترە لەو سەدەقە و خێراتە کە ئازاردانی ئەو داماوەی بە شوێندا بێ.

﴿وَٱللَّهُ غَنِيٌّ حَلِيمٌ ﴿٢٦٣﴾﴾

خودا بێئیحتیاجە لەو سەدەقەیە کە منەت دانان و ئازاردانی بە شوێنا بێ و حەوسەڵەی زۆرە ئەگەرنا زوو ئازاری ئەو کەسانەی ئەدا کە ئازاری داماو ئەدەن.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا سەدەقات و خێراتی خۆتان بەتاڵ مەکەنەوە بە منەت دانان لەسەر گەداکان و ژماردنی خێراتەکان لەسەریان و بە ئازاردانیان.

﴿كَٱلَّذِى يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾

وەکوو ئەو کەسە کە ماڵی خۆی سەرف ئەکا بۆ ریایی و چاوپێکەوتنی خەڵك.

﴿وَلَا يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ﴾

وە باوەڕی نییە بە خودا و بە گەیشتن بە رۆژی پاشەڕۆژ و جەزای کردەوە.

﴿فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٌ فَتَرَكَهُۥ صَلْدًا﴾

واتە حاڵ و شانی ئەو کەسە کە ماڵی خۆی سەرف ئەکا لەبەر دیمەن و دیتنی خەڵك، وەلحاڵ ئیمان و باوەڕی نییە بە خودا و بە رۆژی قیامەت، وەکوو حاڵ و شانی بەردێکی ساف وایە کە بازێ گڵی بەسەرەوە بێ و بارانێکی قەترە گەورەی بەهێز بیارێ بەسەریا و گڵەکە هەموو بشۆرێتەوە و بەجێی بێڵێ بە پاکی و سافی لەو گڵە.

ئەم تەشبیهە بە زاهیر تەشبیهی مورەکەبەو ئەو هەیئەتە کە وەرئەگیرێ لە ئینسانێکی بێئیمان و بێئیخلاس کە ماڵی خۆی سەرف بکا و ئەو ماڵە و زایەبوونی بە هۆی ئەوە کە کابرا هەر دیمەنی ئەوێ. تەشبیهـ کراوە بە هەیئەتێ وەرئەگیرێ لە بەردێکی سافی بێ گرێ و لە گڵێ بە سەریەوە بێ و بارانێکی قەترەگەورە کە بباریٰ لەسەرەوە بە خۆڕڕەم چۆن لەم «مُشبهبِهِ»یەدا ئاساری ئەو گڵە نامێنێ وەها لەو کابرایشا ئاساری پیرۆزی لەو مەسرەفەیا نابینێ.

جا خودا بە شێوەی ئیستیناف ئەفەرموێت: ئەگەر ئەڵێیت: بۆچی شانی ئەو کابرا وەکوو ئەو بەردە وایە؟ چونکی ئەم ئینسانانە کە خوویان وایە و ماڵی خۆیان ئاوەها سەرف ئەکەن،

﴿لَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّمَّا كَسَبُوا ۗ﴾

تەوانایان نییە لەسەر سوود وەرگرتن لەو زەحمەتە کێشاویانە بۆ پەیداکردنی ماڵەکەیان و سەرف‌کردنی لە خەڵکا لەبەر دیمەن، وەلحاڵ ئەوانە ئیمانیشیان نییە بە خودا؛ چونکی ئەگەر ئیمانیان ببوایێ قابیل بوو بە قەی ریا و دیمەنکارییەکەیان گوناحیان ببوایێ و بەقەی سووسەی نیەتی خێرێ لە ئیمانەکەوە پەیدا ببێ خێریان دەس بکەوتایە. بەڵام ئەوانە کافرن.

﴿وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ ﴿٢٦٤﴾﴾

وە خودایش کافران شارەزا ناکا بۆ سوود لە کردەوەیانا.

جا پاش ئەوە کە خودا حاڵی ئەوانەی باس کرد کە بێئیمانن و ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لەبەر دیمەن و بەرچاوێنی، هات باسی ئەوانەیشی کرد کە موسوڵمانن و ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە ڕێگەی خودادا و فەرمووی:

﴿وَمَثَلُ ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ﴾

وە قسە و شانی ئەو موسوڵمانانەیش کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لەبەر داواکردنی ڕەزامەندی خودا و لەبەر دامەزراندنی جوزئێ لە گیانی خۆیان و فیداکردنی بۆ خودا چونکی ماڵی ئینسان وا لەگەڵ گیانیا.

﴿كَمَثَلِ جَنَّةِۭ بِرَبْوَةٍ أَصَابَهَا وَابِلٌ فَـَٔاتَتْ أُكُلَهَا ضِعْفَيْنِ فَإِن لَّمْ يُصِبْهَا وَابِلٌ فَطَلٌّ﴾

وەکوو شانی کەسێکە خاوەنی باخێ بێ پڕ بێ لە داری بارەمەند بەسەر تەپۆڵکەیەکەوە هەمیشە هەوای ساف وەربگرێ، وە لە کاتی باران بارینداا بارانێکی قەترەگەورەی بەسەرا بباریێ، جا ئەو باخە دووقاتی وێنەی خۆی ـ لە غەیری شوێنا ـ بەر بدا، وە ئەگەر بازێ کات بارانی وەهای لێ نەبارێ لەبەر بەرزی جێگە و سافی هەوا شەونمی لێ ببارێ.

﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٢٦٥﴾﴾

واتە خودای تەعالا بینایە بە کار و کردەوەتان و لەسەر نیەت و مەبەستتان جەزاتان ئەداتەوە.

جا ئەم تەشبیهەیش هەم «تەشبیهی مورەکەبە»: هەیئەتی کابرای خێرۆمەند و ئەو ماڵی دنیایە کە ئەیبەخشێ وە ئەو نیەت و نیازە پاکەی هەیەتی تەشبیه کراوە بە هەیئەتی کەسێ باخێکی هەبێ و لەو باخەدا داری خاوەن بەر زۆر بێ و هەمیشە لە کاتی پێویستا یا بارانی ڕێژندەی بەسەرا ببارێ وە یاخود شەونم وەربگرێ؛ چونکی بەخشیش و ماڵی بەخشراو باخی سەمەرداره و نیەتی ڕەزای خودا بارانی ئاسمانە

و جەزای ئەو ماڵە بەخشراوە سەمەر و بەری داری باخەکەیە. جا مادام زاهیری عیبارەت موساعەدەی تەشبیهاتی موتەعەددیدە ناکا ئەتوانی لە تەرەفەینی ـ «مُشبَّه و مُشبَّهٌبِه» ـ هەیئەت ئیعتیبار بکەی.

جا خودای تەعالا بۆ دوورخستنەوەی ئادەمیزادی خاوەن دین لە رەزیلەی ریا و دیمەنکاری فەرموویەتی:

﴿ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمْ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ ﴾

ئایا یەکێ لە ئێوە ـ ئەی موسوڵمانەکان ـ حەزئەکا بەوە کە باخێکی باشی ببێ لە داری خورما و داری مێو و باخەکەیشی چەن جۆبار لەناویا رەوان ببێ و هەرکاتێ پێویستی بوو ئاوی باخەکەی بدا.

﴿ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾

وە بۆ کابرا هەبێ لەو باخەدا لە هەموو دارێکی خاوەن بەر وەکوو پرتەقاڵ و هەنجیر و مۆز و وردە داریتر.

﴿ وَأَصَابَهُ ٱلْكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٌ ضُعَفَآءُ ﴾

وە کابرا پیری بەسەرا هاتبێ و بێهێز کەوتبێ و لەو حاڵەدا چەن مناڵی وردی بێهێزی ببێ و غەیری ئەو باخەیش هۆی ژیانی ئەو منداڵە وردانەی نەبێ.

﴿ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ ﴾

وە کوتوپڕ گێژەڵووکەیەکی پڕ ئاگر بدا لەو باخە و بیسووتێنێ، تەبعەن کەس لە پیر و جوان رازی نییە و حەز ناکا بەوە کە ئاگرێکی وا بدا لە باخەکەی و بیسووتێنێ و بەرەکەی زایە ببێ و منداڵەوردەکانی بڕۆن بە دەرگای خەڵکا بۆ ژیواری خۆیان.

دەی ئێوە، ئەی موسوڵمانەکان وەکوو پیر وەها بەرابەر بە قەزای مردن بێدەست و ناچارن و باخەکان کردەوەکانتانە و ئیحتیاجیتان بە جەزای کردەوەکان لە قیامەتا زۆرترە لە ئیحتیاجی منداڵی ورد بە ژیوار، وە ریا و دەیمەنکاریتان گێژەڵووکەی ئاگرینە کە ئەو کردەوە و جەزایە زایە ئەکا و ئەیسووتێنێ. جا حەز ئەکەن کردەوەکانتان بسووتێ؟

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾﴾

بە وێنەی ئەم تەمسیل و تەشبیە خودای تەعالا ئایاتی تەرغیب لە ئیخلاس و زەجر لە ریا کردن رووناك ئەکاتەوە بۆ ئێوە بە ئومێدی ئەوە کە ئێوە ورد فیکر بکەنەوە لە خۆتان و لە کردەوەکانتانا و لە هۆی زیانتانا.

بوخاری ﷺ ریوایەتی کردووە کە عومەری کوڕی خەتاب ﷺ رۆژێ فەرمووی بە ئەسحابەکانی پێغەمبەر ﷺ: ئەم ئایەتە بە باوەڕی ئێوە لە شانی کێدا هاتووەتە خوارەوە؟ ئەوانیش وتیان: خودا ئەیزانێ! عومەر دڵگران بوو و فەرمووی: بڵێن ئەزانین یا نازانین. ئیبنوعەباس، کە لەوێدا حازر بوو، فەرمووی: لە دڵی مندا شتێ هەیە لەم بابەتەوە، فەرمووی: ئەی برازام بڵێ و نەفسی خۆت بە بچووك مەگرە! بڵێیت من قابیلی ئەوە نیم قسە بکەم لە ئایەت. جا ئیبنوعەباس فەرمووی: ئەم ئایەتە نازڵ بووە وەکوو مەسەلێ بۆ کردەوەیێ. عومەر فەرمووی: بۆ کام کردەوە؟ ئەویش وتی: بۆ کردەوەیێ. جا عومەر فەرمووی: ئەم ئایەتە لە شانی پیاوێکی دەوڵەمەندا هاتووەتە خوارەوە کە ئیتاعەی خودا ئەکا و زۆر کردەوەی باشی هەیە، لە پاشان شەیتان دێتە سەری و کابرا لە کردەوە باشەکان وەرئەگێڕێتەوە هەتا ئەوەندە خراپە ئەکا کە کردەوە باشەکانی دائەگرێ بە تاوان.

جا پاش ئەوە کە خودای تەعالا تەرغیبی موسوڵمانانی دا لەسەر ساغی و ئیخلاس و زەجری کردن لە ریابازی و دەعیەسازی، فەرمانی دا بەوە کە ئەو سەرفە ئەیکەن لە ماڵی حەڵاڵ بێ و لە باشەکانیشی بێ، وە فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هێناوە بە خودا و پێغەمبەری خودا! سەرف بکەن لە پاك و حەڵاڵی ئەوە کە دەردەستی ئەکەن لە کار و کاسبیدا. وە شتی حەرام سەرف مەکەن و لە حەڵاڵ و زەڵاڵی ئەوەی بۆتان دەرئەکەم لە عەرز؛ خواه لە کان بێ یاخود لە بەری دار و گیا بێ، وە یا لە دانەوێڵەی کشتوکاڵ بێ.

﴿وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلۡخَبِيثَ﴾

وە هەرگیز قەسدی شتی پیس مەکەن بۆ ئەوە کە

﴿مِنۡهُ تُنفِقُونَ﴾

لەوە خەرج بکەن لە رێگەی خودادا. وە ئەم «خبیث»ە شتی حەرام و بێنرخ و بێبەهایشی بەرئەکەوێ.

﴿وَلَسۡتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغۡمِضُواْ فِيهِۚ﴾

وەلحاڵ ئەگەر کەسێ بێت و لەو شتە خەبیسە بدا بە ئێوە وەری ناگرن مەگەر چاوی لێ بقونجێنن.

﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ ﴿٢٦٧﴾﴾

بە راستی بزانن کە خودای تەعالا دەوڵەمەندە و بێئیحتیاجە لە خێراتی ئێوە و لەبەر ئەوە فەرمان ئەدا بە خەرجکردن لەلایەنی ئێوەوە لەبەر سوودی خۆتان، وە

ئەگەر هەر مەسرەفێ ئێوە بیکەن ئەو قەبووڵی بکا ئەو ستایشی ئەکرێ لەسەر ئەو قەبووڵ و وەرگرتنە.

ریوایەت کراوە لە «برّاء» ﷺ ئەڵێ ئێمە (کۆمەڵی ئەنسار) خاوەنی باخی خورما بووین، جا هەرکەس بە گوێرەی خۆی لە زۆر و کەم هێشووی خورمای ئەهێنا و لە مزگەوتا هەڵیانەوەست و ئەهلی «سوففە» کە خواردەمەنییان لەلادا نەبوو هەرکامیان کاتێ برسی ئەبوو ئەڕۆیشت عاسایەکی ئەدا لەو هێشووە خورما هەڵوەسراوە و چەن دانەیەکی لێ دائەکەوت و ئەیخوارد. وە بازێ‌تر لەو خاوەن باخانە کە زۆر ئارەزووی لە خێر کردن نەبوو ئەڕۆیشت هێشوویەکی بێ‌نرخی ئەهێنا و دەنکە خورماکانی یا پووچەڵ بوون یا وشك و بێ‌گۆشت بوون یا بەر لە پێگەیشتن شکابوون. بە هەرحاڵ خورماکەی باش نەبوو. جا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، وە حەزرەت فەرمووی: «لو أن أحدکم أهدی إلیه مثل ما أعطاه لم یأخذ إلا علی إغماض وحیاء». جا ئەڵێت: پاش ئەمە یەکێ لە ئێمە ئەگەر خورمای بهێنایێ لە باشترین خورمای ئەهێنا. «رواه الترمذي بسند صحیح».

﴿ٱلشَّيۡطَٰنُ يَعِدُكُمُ ٱلۡفَقۡرَ وَيَأۡمُرُكُم بِٱلۡفَحۡشَآءِۖ﴾

دیارە ئەمە کە ئێوە شتی خراپ خەرج ئەکەن وە یا هەر هیچ ئیحسان ناکەن لەبەر ئیتاعەی شەیتانە و شەیتان ئەتان‌ترسێنێ لە خەرج لە رێگەی خودا بە هۆی ئەوە کە وادەی گەداییتان پێ ئەدا، ئەڵێ پێتان: ئەگەر ئەم ماڵەتان سەرف بکەن هیچتان بە دەستەوە نامێنێ و لات ئەکەون. هەروا فەرمانتان پێ ئەدا بە خەسڵەتی زۆر ناشیرین کە رژدییە.

﴿وَٱللَّهُ يَعِدُكُم مَّغۡفِرَةٗ مِّنۡهُ وَفَضۡلٗاۗ﴾

وە خودای تەعالا لەسەر خەرجەکەتان وادەی عەفوی گوناهتان پێ ئەدا و وادەی زیادە دەوڵەمەندیتان پێ ئەدا.

﴿وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٢٦٨﴾

وە بە راستی خودای تەعالا کەرەمی گوشادە و زانایە بە مەسرەفی ئێوە و ئەزانێ چۆن جەزاتان ئەداتەوە.

ریوایەت کراوە لە عەبدوڵڵاوە ﷺ کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: ئەڵێ شەیتان خەیاڵات ئەخاتە دڵی ئینسانەوە، جا خەیاڵ و خەتەرەکەی شەیتان ئەمەیە شتی ناپەسەند ئەهاوێتە ناو دڵی ئینسانەوە و باوەڕ نەکردن بە حەق، جا هەرکەسێ شتی باش کەوتە ناو دڵیەوە با بزانێ ئەوە لەلایەنی خوداوەیە و حەمد و سەنای خوای لەسەر بکا و هەرکەسێ خەیاڵاتی خراپی کەوتە ناو دڵەوە ئەوە با بڵێ «أعوذ بالله من الشيطان الرجيم» جا پاش ئەمانە حەزرەت خوێندیەوە: ﴿الشيطان يعدكم الفقر ويأمركم بالفحشاء، والله يعدكم مغفرة منه وفضلاً و الله واسع عليم﴾. «رواه الترمذي بسند حسن».

جا لەبەر ئەوە کە کەسب و پەیداکردنی ماڵ لە رێگەی حەڵاڵ و شەرعییەوە و خەرج کردنیش لە رێگەی مەشروعا بە شێوەیێ کە سوودی لێ وەربگیرێ بەر حیکمەت ئەکەوێ؛ چونکی حیکمەت مانای زانستی راست و کردەوەی راستە، خودا بەم موناسەبەوە فەرمووی:

﴿يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ﴾

خودای تەعالا حیکمەت ئەدا بە هەرکەسێ خواستی لێ ببێ.

﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾

وە هەرکەسێ حیکمەتی پێدرابێ ئەوە خێرێکی زۆری پێدراوە؛ چونکە بە هۆی ئەو حیکمەتەوە ئەگا بە بەختیاری و پیرۆزی دنیا و قیامەت و پیرۆزی پاشەڕۆژ نابڕێتەوە.

﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ٢٦٩﴾

وە فیکر ناکاتەوە لە مەعنای ئەم ئایەتانە کە خودا ناردوونی بۆ ڕەهنومایی عام مەگەر ئەو کەسانە کە خاوەنی عەقڵ و هۆشی خالیس و سافن.

بزانن! حیکمەت لە زمانی عەرەبیدا هاتووە بە مانا: عیلم و زانست، وە بە مانا حیلم و حەوسەڵە، وە بە مانا عەدڵ و ڕاستکاری لە وتار و کردارا. ئەمە واتەی قامووسە، وە لە تەفسیری قورتوبی‌دا ئەڵێ: «الحكمة مصدر من الأحكام وهو الإتقان في قول أو فعل، انتهى». وە لەم ئایەتەدا بە گەلێ شت تەفسیر کراوەتەوە.

ئیبنوعەباس فەرموویەتی: «الحكمة: المعرفة بالقرآن: فقهه، و نسخه، و محكمه، ومتشابهه، وغريبه، ومقدمه، ومؤخره».

«و قال قتادة و مجاهد: الحكمة هي: الفقه في القرآن. وقال مجاهد أيضا: الإصابة في القول و الفعل. إلى آخر ما ذكروه».

وە لە عورفی عیلمی کەلاما حیکمەت عیبارەتە لە زانینی ئەحواڵی حەقایق بەقەی تەوانای ئادەمیزاد. جا ئەگەر ئەو ئەحواڵە لە ئیختیاری ئادەمیزادا نەبوو، واتە شتێکی خاریج لە کار و کردەوەی ئادەمی بوو ئەوە «حیکمەتی نەزەرییەیە» وەکوو عیلم بە زاتی باری تەعالا و بە سیفاتی بەقەی تاقەت. وە عیلم بە ئەحواڵی ئەفلاك و ئەستێرەکان و سووڕانەوەیان و عیلم بە ئەحواڵی ئەجسام لە مەعادین و گیا و گیانلەبەران. وە ئەگەر ئەو ئەحواڵە لە ئیختیاری ئادەمیزادا بوو ئەوە «حیکمەتی عەمەلییەیە» وەکوو عیلمی «تهذيب الأخلاق» و «تدبير المنزل» و «سياسة المدن».

وە گەلێ جار تەفسیری حیکمەت ئەکەنەوە بە شێوەیێ کە هەر وەکوو عیلم بە ئەحوالی ئەعیان بگرێتەوە بەهەر دوو بەشەکەیەوە رەفتار کردنیش بە «ما هو الأسلم» بگرێتەوە بۆیە فەرموویانە: «الحكمة: هي القيام بما ينبغي علماً و عملاً أو هي خروج النفس من القوة إلى الفعل في كمالها العلمي و العملي» وەکوو زانایانی دین فەرموویانە ئەم مەعنا بەرزە دێتە جێگە لە پەیڕەوی حەزرەتا ﷺ لە عەقیدە و بیر و باوەڕا، وە لە وتارا و لە کردارا.

جا من باوەڕم وایە کە حیکمەتی بە مانا «عەدڵ» یانی راستی و راستکاری هەموو کەماڵاتێکی عیلمی و عەمەلی زانستی و کردەوەیی ئەگرێتەوە و هەر نەوعە مەعنایە مەقسوودە لەم ئایەتە کەریمەدا و ئیستیلاحاتی ئەربابی عولووم هەرچەند جۆرجۆرە بە گوێرەی بەحسی خۆیان بەڵام هەموویان وان لە ژێر حیکمەتی بە مانا عەدلدا (والله اعلم).

پاش ئەوە کە خودای تەعالا تاریفی ئەوانەی کرد کە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە رێگەی خوادا بە بێ منەتدانان و ئازاردانی خەڵك، وە باسی ئەوەی کرد هەرکەسێ ماڵی خۆی بە ریابازی و دیمەنسازی سەرف بکات ئەوە بێجەزایە و پاش فەرمان بە سەرفی ماڵی باش و دوورکەوتنەوە لە سەرفی ماڵی بێنرخ بە شێوەی گشتی فەرمووی:

﴿وَمَآ أَنفَقْتُم مِّن نَّفَقَةٍ﴾

هەرماڵێ خەرجی بکەن کەم بێ یا زۆر بە پەنامەکی یا بە ئاشکرا لە خێرا بێ یا لە شەڕا.

﴿أَوْ نَذَرْتُم مِّن نَّذْرٍ﴾

وە هەر ماڵێ کە بە شێوەی نەزر لە گەردن گرتن خەرجی بکەن بۆ تاعەت و ڕەزای خودا یا بۆ تاوانباری.

﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُهُۥ﴾

ئەوە بە ڕاستی خودا پێی ئەزانێ و هیچی لێ ون نابێ.

﴿وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٢٧٠﴾﴾

وە ئەو کەسانە کە ماڵ سەرف ئەکەن لە تاوانباریدا کەس یارمەتییان نادا بۆ ڕزگار بوونیان لە ئازاری قیامەت؛ چونکی ئەو کەسانە ستەمکارن و ستەمکاران یارمەتی‌دەریان نییە لە قیامەتا.

ئەم ئایەتە بەرزە وادەی بە جەزای خێر دەرئەخا لە هەموو خەرجێکا کە لە یاسای شەرعا بێ هەرچەن ئەو خەرجە بۆ نەفسی خۆت یا بۆ ژن و منداڵت و باوك و دایکت بیکەی، وە بە مەرجێ نیەتی تاعەت لە کاتی ئەم سەرفەدا ببێ خێرات ئەنووسرێ بۆ خاوەنەکەیان، بۆیە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «گەورەترینی سەدەقە تیکەیەکە بیخەیتە ناودەمی ژنی خۆتەوە». هەروا مەسرەف بۆ میوان و بۆ دراوسێ و بۆ داماوان و بۆ ئەو کەسانە کە داوای شت ئەکەن لە ئینسانێ، حەتا ئەگەر کەسێ داوای ماڵی لێت ئەکرد کە ئەگەر شتی پێ نەدەی ناوت بە خراپ ببا مادام ئیمکانت ببێ واجبە لەسەرت بۆ پاراستنی ناموسی خۆت شتی پێ‌بدەی، بەڵام بۆ ئەم نەوعە کەسە حەرامە وەری بگرن. جا ئەم باسە وەکوو «مەتەڵە» وایە: چ ماڵێکە کە واجبە لەسەر تۆ سەرفی بکەی و لەسەر کابرا حەرامە کە وەری بگرێ؟.

وە نەزر لە زمانی عەرەبا وادەیە بە چاکە یا بە خراپە. وە لە شەرعا ئەمەیە: کە ئینسان خێرێ بگرێتە گەردنی خۆی کە زاتەن واجب نەبێ.

لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی نەزر دوو بەشە، یەکەم: نەزری لەجاج، واتە خۆخستنە ناو رقەبەرییەوە، وەکوو بڵێ: ئەگەر قسە بکەم لەگەڵ باوکم یا لەگەڵ فلاّن برادەرا دینارێکم لەسەر بێ، ئەمە ئەبێ بە هۆی کەفارەتی سوێندێ، واتە ئیشەکە بکا و کەفارەتی سوێندێ بدا بە داماوان. دووەم نەزری تەبەڕوڕ، واتە خێر کردن وەکوو ئەوە شتێکی خێر بگرێتە گەردن، وەکوو ئەوە بڵێت: نەزربێت لەسەرم دەرسی شەرعِ بڵێم بە فلاّنە «طالب العلم». ئەمە ئەگەر «مونجەز»ە وەکوو ئەم میساله کە مەرجی تیا نەبوو، یاخود «موعەللەق»بێ وەکوو ئەوە بڵێت: ئەگەر خودا لەم نەخۆشینە رزگاری کردم نەزر بێ لەسەرم دەرس بڵێم بە فلاّن کەس یاخود کاوڕێ سەربڕم لە فلاّن کاتا و فلاّن شوێنا و بەشی بکەمەوە بە ناو داماوانی ئەو شوێنەدا، ئەوە بەو گوێرە کە بڕیاری داوە بە بێ تەبدیل واجبە لەسەری بەجێی بێنێ، ئەگەرنا تاوانبار ئەبێ.

بەلاّم لەلای ئیمامی ئەبوحەنیفەﷺ نەزر مونەجەز بێ یا موعەلەق موختەس نییە بە شوێنەوە و بە فەقیری ئەو شوێنەوە، کەوابێ ئەگەر یەکێ شتێ نەزر بکا بۆ فەقیرێ، مەسەلا بڵێ: ئەگەر ئەم نەخۆشەی شیفای بۆ هات سەد دینارم لەسەر نەزر بێ بۆ گەدای سلێمانی، دروستە بیدا بە فەقیری بەغدا. هەروەها کاتیش تەماشا ناکرێ، کەوابێ ئەگەر وتی: نەزر بێ لەسەرم دە دینار بدەم بە فەقیرانی مزگەوتی فلاّن لە رۆژی جومعەی داهاتوودا، دروستە لە رۆژی پێنج شەممەدا پێیان بدا، یا لە رۆژی شەممەدا. بەلاّم لە نەزری موعەلەقدا بە قەتعی دروست نییە لە پێش وجوودی «معلق علیه»دا کابرای نازیر ئەو ماڵە سەرف بکا، کەوابێ یەکێ وتی: ئەگەر خودا شیفای ئەو نەخۆشەی دا نەزر بێ لەسەرم دە دینار بدەم بە فەقیر و هەژار، ئەوە لە پێش شیفای نەخۆشەکەدا دروست نییە سەرفی بکا.

جا بۆ کاتی ناچاری یەکێ کە شافیعی مەزهەب بێ ئەتوانێ تەقلیدی حەزرەتی ئیمامی ئەعزەم بکا، وە ئەو شتەی نەزری کردووە بۆ هەژاری شوێنێ بیدا بە هەژاری شوێنێکی تر.

﴿إِن تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ۚ وَيُكَفِّرُ عَنكُم مِّن سَيِّئَاتِكُمْ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٢٧١﴾﴾

ئەگەر ئەو سەدەقە و خێراتە ئەیکەن دەری بخەن لە ناو خەڵکا و بە ئاشکرا بیدەن بە داماوان ئەوە باشە، وە ئەگەر بیشارنەوە و بیدەن بە هەژاران ئەوە زۆر باشترە و بازێ لە تاوانەکانیشتان دائەپۆشێ. وە بەهەرحاڵ خودا خەبەردارە بە کردەوەی ئێوە.

لە قورتوبیدا ئەفەرموێت: جومهووری موفەسسیرەکان بیریان وایە کە ئەم ئایەتە باسی سەدەقەی سوننەت ئەکا، واتە قسە لە زەکاتی فیترە نییە، لەبەر ئەمە کە فەرموویەتی شاردنەوەی سەدەقەکە خێری زۆرترە لەوە بە ئاشکرا بیکەی، هەروا باقی عیبادەتەکان ئەوەی سوننەت بێ بیان شاریتەوە باشترە لەوە کە بە ئاشکرا بیانکەی؛ چونکی دوور ئەبن لە ریابازی.

ئیبنوعەباس رضي الله عنهما فەرموویەتی: سەدەقاتی سوننەت بە پەنامەکی حەفتا قاتی سەدەقەی ئاشکرا خێری هەیە، وە سەدەقەی فەرز وەکوو زەکات و فیترە بە ئاشکرا بیست و پێنج قاتی هەیە بەسەر ئەوانەیان بە پەنامەکی بیانکەی. جا قورتوبی فەرموویەتی: ئەگەر ئیبنوعەباس نەیزانیایێ ئەمە فەرموودەی حەزرەتە ﷺ ئەمەی نەدەفەرموو.

فەرموودەی خودا ـ جل جلالە ـ: ﴿لیس علیك هداهم﴾ (الآیة). ئیبنوعەباس ریوایەتی کردووە کە کۆمەڵێ لە ئەنسار خزم و دۆستیان بوو لە ناو «بەنیقورەیزە»

و «بەنی‌نەزیر» دا و ئەنسارەکان خێراتیان پێ نەئەدان بۆ ئەوە کە موحتاج بکەون و موسوڵمان ببن. خودای تەعالا ئەم ئایەتەی نازڵ کرد ئەفەرموێت:

﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ﴾

واتە: هیدایەتی ئەو کافرانە لەسەر تۆ نییە و خودا خۆی ویستی هیدایەتی هەرکەسێ بدا هیدایەتی ئەدا.

﴿وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَلِأَنفُسِكُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُونَ إِلَّا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّهِ ۚ﴾

واتە ئەو خێرەی سەرفی بکەن ئەوە سەوابەکەی بۆ نەفسی خۆتانە، لە حاڵێکا کە مەسرەف نەکەن ئیللا لەبەر داواکردنی رەزای خودا نەبێ.

﴿وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ﴾

وە هەر شتێ کەم یا زۆر سەرفی بکەن بەتەواوی جەزاکەی ئەدرێتەوە پێتان.

﴿وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٢﴾﴾

وە بە قەراری قەتعی ئێوە ستەمتان لێ ناکرێ و جەزای ئەو کەرەمە و ئەو خەرجەتان دەست ئەکەوێ.

﴿لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾

واتە سەرفی ماڵی خۆتان بکەن بۆ ئەو هەژارانە کە مەنع کراون لە کاسبی لەبەر جیهاد لە رێگەی خودادا.

﴿لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ﴾

ناتوانن برۆن بە عەرزا بۆ کەسبی ژیوار لەبەر ئەوە کە مەشغووڵی جیهادن.

﴿يَحۡسَبُهُمُ ٱلۡجَاهِلُ أَغۡنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ﴾

پیاوی حاڵ نەزان گومان ئەبا بەوانە کە دەوڵەمەندن لەبەر ئەوە خۆیان دوور ئەخەنەوە لە سواڵکردن.

﴿تَعۡرِفُهُم بِسِيمَٰهُمۡ﴾

ئەی رەهبەری خۆشەویست تۆ ئەو فەقیرانە ئەناسی بە ناوچاویانا لەبەر نیشانەی سوجدە بردنی زۆر، وە یا لەبەر شێوەی بێبەرگی و نەدارایی.

﴿لَا يَسۡـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلۡحَافٗاۗ﴾

وە داوای شت ناکەن لە خەڵك بە داواکردنێکی بەهێز وەها کە جیا نەبنەوە لێی.

﴿وَمَا تُنفِقُواْ مِنۡ خَيۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ﴿٢٧٣﴾﴾

وە ئەوەی سەرفی بکەن لە ماڵی دنیا لەبەر رەزای خودا ئەوە بە راستی خودا پێی ئەزانێ و جەزاتان ئەداتەوە.

سوددی و موجاهید و غەیری ئەوانیش فەرموویانە: موراد لەم فوقەرایە لە ئایەی ﴿للفقراء الذين أحصروا﴾ (الآية). فەقیرەکانی موهاجیرینن لە قورەیش و غەیری قورەیش وە بە زاهیری عوموومەکەیشی شامیلە بۆ هەموو فەقیرێ لە فوقەرای موسوڵمانان و ئەهلی زیممە.

وە ئەو فوقەرای موهاجیرینە تەقریبەن چوارسەد کەسێك بوون و ئەمانە کاتێ هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر نە ماڵ و نە ئەهلیان نەبوو، وە ئەمانەوە لە سوففەدا، واتە لەو سەکۆدا کە حەزرەت ﷺ بۆی دیاری کردبوون لە مزگەوتی مەدینەی مونەووەرەدا.

ئەبووزەڕی غەفاری ﷺ ئەڵێ من لەو کەسانە بووم کە لە مزگەوتی حەزرەتا بووم و کاتێ ئێوارەمان لێ ئەهات گردئەبووینەوە لە دەرگای ماڵی حەزرەتا ﷺ ئەویش هەریەکێ لە ئێمەی ئەدایە دەستی یەکێ لەوانە کە ماڵی هەیە و لەو کۆمەڵی

ئەهلی سوففە دە کەس یا کەمتر ئەمایەوە، وە کاتێ کە تەعامی ئێوارە ئەهات بۆ حەزرەت ﷺ نانمان لەگەڵیا ئەخوارد و لە پاش نان خواردن ئەیفەرموو پێمان: «ناموا فی المسجد» واتە بخەون لە مزگەوتا.

﴿ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٢٧٤﴾﴾

واتە ئەو موسوڵمانانە کە دارایی خۆیان خەرج ئەکەن بە شەو و بە رۆژ و بە پەنامەکی و ئاشکرا ئەوە سابتە و دامەزراوە بۆ ئەوان سەوابیان لەلای خوداوە، وە پاش مردن ترسیان نییە لە موستەقبەلیان و دلگران و زویریش نابن لەسەر دنیای رابوردوویان.

ئیبنوسەعد لە تەبەقاتا فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی ئەو موسوڵمانانەدا کە سەرفی ماڵی خۆیان ئەکەن لە ئاڵف و ئالیکی ئەسپ و ماینیانا بۆ ئەوە جیهادیان لەسەر بکەن.

وە ریوایەت کراوە لە ئیبنوعەباس: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە شانی حەزرەتی عەلیدا، جارێ چوار درهەمی هەبوو درهەمێکیان لە شەوا و، درهەمێکیان لە رۆژا و، درهەمێکیان بە پەنامەکی و، درهەمێکیان بە ئاشکرا خەرجی کردن.

وە قەتادە فەرموویەتی: ئەم ئایەیە نازڵ بووە لەوانەدا کە خەرجی ماڵی خۆیان ئەکەن بە بێ تەبزیر و تەقتیر، واتە لە سەرفی ماڵی خۆیانا شتێ ناکەن ببێ بە ئیسراف و زیادەڕەوی، وە رژدیش ناکەن وەها مەشهوور ببن بە لەئامەت.

جا لە کاتێکا خودای تەعالا باسی ئەو ئینسانە خاوەن ئیحسانانەی کرد کە بە خەرجی ماڵی حەڵاڵی خۆیان بەختیاری هەتا هەتایە وەرئەگرن چونکی ئەو ماڵە

ئەدەن لە ڕێگەی خودادا، هات باسی ئەو ئینسانە خاوەن نوقسانانەیشی کرد کە بە کەمێ لە ماڵی خۆیان گەلێ ماڵ و ڕەنجی شانی ئینسانی داماو وەرئەگرن و خۆیان ئەهاوێنە ناو هاوییەی بەدبەختییەوە، وە فەرمووی:

﴿ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ ٱلرِّبَوٰاْ لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ ٱلَّذِى يَتَخَبَّطُهُ ٱلشَّيْطَٰنُ مِنَ ٱلْمَسِّ﴾

ئەو کەسانە کە سوودی ناشەرعی ئەخۆن و دارایی ئادەمیزاد بە ناحەق وەرئەگرن ڕاست نابنەوە لە گۆڕ لە کاتی زیندوو بوونەوەیان بۆ پرسیار و جەزای پاشەڕۆژ ئیللا بە حاڵێکی پەرێشان و سەرلێشێواوییەوە وەکوو ئەو فێدارانە کە شەیتان دەستیان لێ ئەوەشێنێ، چۆن ئەمان ئەڕۆن بە رێدا و ئەکەون بەم لا و بەولادا ئەوانیش وا ئەڕۆن بۆ مەیدانی حسێب.

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْبَيْعُ مِثْلُ ٱلرِّبَوٰاْ ۗ وَأَحَلَّ ٱللَّهُ ٱلْبَيْعَ وَحَرَّمَ ٱلرِّبَوٰاْ﴾

ئەم سەرلێشێوانە و ئەم ڕەوت و ڕێگەی پەرێشانەی ڕۆژی قیامەتیان لەبەر ئەوەیە گوێیان نەئەدا بە فەرمانی خودا کە سوودخواردنی حەرام کردووە و ئەیانوت: ئاڵ و وێری عادەتی ناو بازاڕی ئادەمیزاد وەکوو مامەڵەی بەسوود وایە، ئەو ئاڵ و وێرانە فەرقیان نییە و هەردوویان حەلاڵن. بەلام نافامن، وە یا بیر ناکەنەوە کە خودا بەیعی حەلاڵ کردووە لەبەر ئەوە بە یاسای دین کەسیان ماڵی کەسیان بە بێ تۆڵە نەخواردووە، بەلام لە مامەڵەی بەسوودا بەشێ لە ماڵی سووددەرەکە بە بێ تۆڵە وەرگیراوە.

﴿فَمَن جَآءَهُۥ مَوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّهِۦ فَٱنتَهَىٰ فَلَهُۥ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٧٥﴾﴾

دەی جا لەم تەئریخەوە کەسێ ئامۆژگارییەکی لەلای خودای خۆیەوە بۆ هات و ئەویش دەست بەردار بوو لە سوود ئەوە داوای ئەوەی لێ ناکرێ کە رابوردووە، با بۆ ئەوبێ، وە ئیشی ئەو وا بەلای خوداوە، بەڵام کەسێ گاڵتە بکا بەم ئەمرە و موبالات نەکا بەم زەجری خودایە و هەر وەکوو لەمەوپێش دەست بکاتەوە بە سوودخواردن ئەوە بزانن بێگومان لەوانەن کە ئەهلی ئاگری دۆزەخن و ئەوان لەو ئاگرە گەرمە بە تاوەدا ئەمێننەوە هەتا هەتایە.

﴿ يَمۡحَقُ ٱللَّهُ ٱلرِّبَوٰاْ وَيُرۡبِي ٱلصَّدَقَٰتِۗ ﴾

ئەی موسوڵمانەکان بزانن بە راستی کە خودای تەعالا بەرەکەت و پیرۆزی لەماڵی وەرگیراو بەسوودا وەرئەگرێ و خێر ناداتەوە بۆ خاوەنەکەی بەڵکوو گیرۆدەی زیانی ئەکا، یا بە زیان لە ماڵ و دارایییەکەی، وە یا بە هۆی دەرد و بەڵا و نەخۆشی و ناساغی خۆی و ئەهلی خانەدانەکەی، وە یا بە هۆی هێرشی لافاوی تالاّن و زیانی تیجارەتەوە، وە یا بە هۆی دڵتەنگی و بەگیاننەکەوتنی ئەو لەزەتانە کە وەری‌ئەگرێ؛ چونکی ئەو کەسە کە ئەچێ بە گژی فەرمانی خودادا کافر ئەبێ لە دینی خودادا و تاوانباریش ئەبێ بە هۆی بێرەحمی و بێویجدانی لەگەڵ ئادەمیزادی داماوا.

﴿ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ ﴿٢٧٦﴾ ﴾

وە مەعلووم کە خودایش خۆشی نایێ لەوانە کە کافر و تاوانبارن.

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ﴿٢٧٧﴾ ﴾

وە هەر وەکوو ئەوانە کە کافر و تاوانبارن وان لە ناو ئاگری بە تاوی دۆزەخا هەتا هەتایە، ئەو کەسانەیش کە ئیمان و باوەڕیان هەیە بە خودای خۆیان لەسەر

ئەو یاسا کە پێغەمبەری نازار تالیمی داون و کردەوەی باش ئەکەن لەگەڵ نەفسی خۆیان و ئەوانەی وان لەبەر دەستیا و لەگەڵ ئادەمیزادا بە یاسای دین موعامەلە ئەکا و واجبات و مەندووباتی نوێژەکانیان بە راستی بەجێ دێنن و زەکاتی ماڵی خۆیان ئەدەن بە داماوان، بۆ ئەوان هەیە ئەجر و جەزای باش و رەزای خودا و پیرۆزی لەلای خودای خۆیان، وە لە رۆژی پاشەڕۆژا ترس و بیمیان نییە لە پێشدا و دلگران و زویریش نین لە کردەوەی دنیایان.

فەرموودەی خودا: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾ **الآية.**

عەتا و عیکریمە وتوویانە: ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شانی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و عوسمانی کوڕی عەففاندا: وەختی خۆی سەلەمیان دادابوو لە خورمادا جا کاتی خورمابڕین خاوەنی خورماکە پێی وتن: ئەگەر ئێوە هەموو حەقەکەتان وەربگرن ئەوەندەم خورما بۆ نامێنێتەوە بەشی عائیلەکەم بکا. جا ئێستە نیوەی حەقەکەتان وەربگرن و نیوەیشی بمێنێ تا ساڵی ئایندە بۆتان ئەکەم بە دووقات ئەوانیش قەبووڵیان کرد، لە ساڵی ئایندەدا داوای زیادەکەیان کرد و ئەم باسە گەیشت بە حەزرەت ﷺ، وە حەزرەت ﷺ مەنعی کردن لەم زیادە و ئایەت هاتە خوارەوە:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِىَ مِنَ ٱلرِّبَوٰٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٧٨﴾ ﴾

واتە: ئەی کەسانێ کە ئیمانتان بە خودایە لە خودا بترسن و دەستبەردار بن لەوەی ماوەتەوە لە سوودەکەتان ئەگەر ئیمانتان هەیە. وە ئەوانیش وتیان: «سمعاً وطاعةً» وە دەستبەردار بوون.

وە بازێتر فەرموویانە: ئەم ئایە هاتەخوارەوە لە شانی چوار برا لە هۆزی «بنی‌ثقیف» کە سوودیان وەرئەگرت لە هۆزی «بني مغيره» وە ئەم هۆزە سوودیان ئەدا بەوان لە زەمانی جاهیلییەتا (پێش ئیسلامییەت) کاتێ دەوری دینی ئیسلام هات ئەو چوار برا موسوڵمان بوون، لە پاشان داوای حەقی سوودەکەیان کرد لە بەنی‌موغەیرە؛ چونکی بە یاسای ئەو چەرخە حەقێکی مەشرووع بوو. جا بەنی‌موغەیرەکان وتیان: وەڵڵا ئێمە لە دەوری ئیسلامییەتا سوود نادەین و خودا سوودی لابردووە لەسەر موسوڵمانان و نیزاعەکەیان برد بۆ لای عوتابی کوڕی ئوسەید کە لەو ڕۆژەدا لە لایەنی حەزرەتەوە فەرمانداری شاری مەککەی موکەڕڕەمە بوو، عوتاب ئەم قەزییەی نووسی بۆ حوزووری حەزرەت ﷺ، وە سوودەکەیش میقدارێکی زۆر بوو. کاتێ نامەکەی عوتاب گەیشت بە حەزرەت ﷺ ئەم ئایەتە نازڵ بوو حەزرەت ﷺ نووسی بۆ عوتاب و فەرمووی: ئەگەر بەنی‌سەقیف رازی بوون بە حوکمی ئەم ئایەتە باشە ئەگەرنا خەبەریان پێ بدە کە حازر بن بۆ حەرب لەگەڵ خودا و پێغەمبەرا ﷺ.

عوتاب ئەو نامەی حەزرەتەی بۆ ناردن، ئەوانیش وتیان: حازرین بۆ ئیتاعەی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا و ئەگەڕێینەوە بۆ لای خودا و ئێمە رازین بە ئەسڵی سەرمایەکەی خۆمان و سوودمان ناوێ.

﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ فَأْذَنُوا۟ بِحَرْبٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَٰلِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ ﴿٢٧٩﴾﴾

ئەگەر دەسبەردار نەبن و واز لە سوودخواردن نەهێنن، خۆتان ئامادە بکەن بۆ جەنگێك لەگەڵ خودادا. وە ئەگەر واز بێنن و بگەڕێنەوە و تۆبە بکەن ئەوە سەرمایەی

قەرزەکەتان وەربگرنەوە و واز لە قەرزارەکە بێنن و نە ستەم ئەکەن لەکەس و نە ستەمتان لێ ئەکرێ.

وە لەو سەردەمەدا بەنیموغەیرەماڵیان بە دەستەوە نەبوو و نەیان ئەتوانی کە سەرمایەکەیش بدەنەوە و داوایان کرد لە «بنیثقیف» کە مۆڵەتیان بدەن تا واریدات پێ ئەگا. ئەوانیش بەمە رازی نەبوون و داوای سەرمایەکەیان ئەکرد. جا لەسەر ئەم رووداوە ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە:

﴿وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ﴾

واتە ئەگەر قەرزارێکی نەدارا بوو کە سەرمایەکەیشی پێ نەدەدرایەوە ئەوە واجبە مۆڵەتیان بدەن هەتا کاتێ دەوڵەمەند ئەبن.

﴿وَأَن تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَّكُمْ ۖ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾﴾

وە بەخشینی سەرمایەکەیش بەو قەرزارە بێماڵە و ئازاد کردنی بە تەواوی چاترە بۆ ئێوە لە دنیا و قیامەتا: لە دنیادا بۆ ئیسباتی پیاوەتی و شەرافەت، وە بۆ ئەوە کە خەڵکیتر چاوتان لێ بکا، وە بۆ سیلەی رەحم، ئەگەر یارۆ خزم بوو، وە لە قیامەتا بۆ وەرگرتنی کەرەم و پایەی بەرز لەلایەنی خوداوە. ئەگەر بزانن بە مایەی ناوی باش و پایەی عەفوی خودای میهرەبان.

بزانن لەم مەقامەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] **یەکەم**: لەفزی «ربا» لە زمانی عەرەبا: بە مەعنا زیادەیە. وە لە عورفی شەرعا: بە مەعنا زیادەیە لە تۆڵەی ماڵا لە کاتی مامەڵە کردندا بە مەرجێ نەوعی ماڵەکان یەك بن. وە ئەم ریبا دوو نەوعە؛ یەکەم: «ڕیبای نەسیئە» وەکوو ئەوە کە دە دینار بدەی ئیمرۆ بە دە دینار کە سبەینێ وەریبگری، ئەمە لەم سوورەتەدا ریبا وا

لە پاش‌کەوتنی تۆڵە لە لایەکەوە؛ چونکی مادام دینار ئەفرۆشێ بە دینار ئەبێ بۆچی ئەوە کە تۆ ئەیدەی بە کابرا حازرە و بۆچی ئەو حازر نییە و ئەکەوێتە سبەینێ؟

دووەم: «ربا الفضل» وەکوو ئەوە دینارێ بفرۆشی بە دوو دینار و فەورەن وەری‌بگری.

وە ریبا لەم سوورەتەدا دیارە ئەوەیە لەلایەکەوە یەك دینار ئەدرێ و لەولاوە دوو دینارە و دینارێکیان موقابیلی هەیە و دینارێکیان موقابیلی نییە.

وە نەوعە ریبایێ بووە کە لە زەمانی جاهیلییەتدا باو بووە، ئەوەیش ئەمەیە یەکێ ئەندازەی سەد دیناری داوە بە کەسێ لەسەر ئەم شێوە هەموو مانگێ میقدارێ پارە وەربگرێ لەو کەسەو ئەسڵی سەد دینارەکەیش هەر بمێنێتەوە، جا ئەگەر لەو کاتەدا کە بڕیاریان داوە بۆ ئەوە سەرمایەکەی پێ بداتەوە ئەو سەرمایەیە پێدایەوە ئەوە باشە، وە ئەگەر نەیبوو و داوای کرد مۆڵەتی بدا تا ساڵێ ـ مەسەلاـ ئەوە بڕیار بووە کە میقداری مانگانەکە زیاد بکا، یانی ئەوسا مانگی دینارێکی ئەدا ئێستا دوو دینار ئەدا. وە سەرمایەیش هەر بە ساغی ئەمایەوە!

جا ئەم نەوعە دروستە پێی بڵێین «ربا الفضل» چونکی ئەو میقدارە کە داویە بە کابرا هەر ماوەتەوە لە گەردنیا و لەسەری هەموو مانگێکیشا زیادەیەکی وەرگرتووە لەو کابرا، وە ئەگەر لە کاتی تایبەتیدا پارەکەی وەرنەگرتایەتەوە لە کابرا مانگانەکەی زیاد ئەکرد لەسەری و سەرمایەیش هەر سابت بوو. وە دروستە پێی بڵێین «ربا النسيئة»؛ چونکی ئەو زیادە کە وەری‌ئەگرێ لە کابرا لە موقابیلی پاشخستنی تەسلیمی ئەو ئەندازە پارەیەتە کە داویە بە کابرا. ئەگەرنا ئەگەر پاش نەکەوتایێ ئەو زیادەیە وەرنەدەگرت.

باسی دووەم: ریبا بە هەردوو بەشەکەیەوە حەرامە بە دەلیلی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ و یەکگرتنی ئیمامانی موجتەهیدین (ئیجماع).

دەلیل لە کیتابا چوار ئایەتە؛

[ئایەتی] یەکەم: ئایەتی سی و نۆهەمی سوورەتی «روم» کە خودا فەرموویەتی: ﴿وما آتيتم من ربا ليربو في أموال الناس فلا يربو عندالله، وما آتيتم من زكوة تريدون وجه الله فأولئك هم المضعفون﴾. واتە ئەوەی ئێوە ئەیدەن بە خەڵك لە زیادە بۆ ئەوە کە ماڵی خەڵکی پێ زۆر ببێ ئەوە ئەو ماڵە زیاد نابێ بەلای خوداوە لەسەر ماڵی کابرا، وە ماڵی کابرای پێ زیاد نابێ بەڵکوو زۆر نزیکە ماڵی کابرای پێ بفەوتێ، وە ئەم ئایەتە مەککییە، لە مەککەدا نازڵ بووە و بە زاهیر بۆ ریبای «فەزڵ» و «نەسیئە» دەست ئەدا.

[ئایەتی] دووەم: ئایەتی (١٣٠) لە سوورەتی ئالیعیمران کە لە مەدینەدا نازڵ بووە: ﴿يا أيها الذين آمنوا لا تأكلوا الربا أضعافاً مضاعفة واتقوا الله لعلكم تفلحون﴾، وە ئەم ئایەتە نەسە لە ریبای فەزڵدا بە شێوەی چەنقات، وە تەبعەن ئەو نەوعە ریبایە لەگەڵ پاشکەوتنی تەسلیمی سەرمایەکەدا بووە.

وە ئایەتی سێهەم: ئایەتی دووسەد و حەفتا و هەشتە لە سوورەتی «بەقەرە» کە لە مەدینەی مونەووەرەدا نازڵ بووە لە پاش فەتحی مەککەی موکەڕڕەمە لە واقیعەی داواکردنی «بەنیسەقیف» بۆ سوودی مامەڵەکەیان لە «بەنیموغەیرە» لە زەمانی فەرمانداری «عوتاب» لە مەککەدا، وەکوو باسمان کرد. ﴿يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله وذروا ما بقي من الربا إن كنتم مؤمنين﴾ ئەمەیش بە زاهیر دەست ئەدا بۆ هەردوو نەوعەکەی ریبا کە ریبای زیادە و ریبای نەسیئەیە.

ئایەتی چوارەم: ئایەتی دووسەد و حەفتا و پێنجە: ﴿الذين يأكلون الربا لا يقومون إلا كما يقوم الذي يتخبطه الشيطان من المس﴾ (الآية). لە سوورەتی بەقەرەدا ئەمەیش بە زاهیر عامە و شامیلە بۆ هەموو نەوعێ لە ریبا.

وە حەملکردنی ئەم ئایەتانە لە سوورەتی بەقەرەدا لەسەر ریبای «أضعافاً مضاعفة» بە قەتعی وەجهی نییە؛ چونکی ئەم دوو ئایەتی سوورەتی بەقەرە عامن و ئایەتی

﴿أضعافاً مضاعفة﴾ خاسە، وە بە یاسای ئوسووڵ زیکری فەردێ لە ئەفرادی عام نابێ بە هۆی تەخسیسی عامەکە بەو فەردەوە.

وە موخالەفەی ئیبنوعەباس ﷺ لەسەر ئەم ئەساسە نییە کە ریبا بە مانا زیادەیە و هەموو زیادەیەکیش لە مامەڵەدا حەرام نییە، کە وابێ ئەبێ ریبای «أضعافاً مضاعفة» بێ. بەڵکوو موخالەفەکەی ئەو لەبەر حەدیسی «لا ربا إلا في النسيئة» بووە و ئەوەیش جوابی دراوەتەوە بەوە کە ئەو حەدیسە شەریفە بۆ کاتی ئیختیلافی جینسەین بووە لە بەیعی ماڵی ریبەوی‌دا وەکوو بەیعی ئاڵتوون بە زیو یا بەیعی گەنم بە جۆ. عەلاوەی ئەمە ئیبنوعەباس پەشیمان بووەوە لەو بیری خۆیە، پاش ئەوە کە ئەبووسەعیدی خدری حەدیسی «الذهب بالذهب رباً...»یە تا ئاخر گێڕایەوە بۆی.

وە ئەمما دەلیلی سوننەت ئەوە وەکوو ئەو حەدیسانە کە ریوایەت کراون لە حەرامی ریبادا. مین‌جوملە ریوایەت کراوە: کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: «اجتنبوا السبع الموبقات، قيل: رسول الله وما هي؟ قال: الشرك بالله، والسحر، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات». هەروا ریوایەت کراوە لە حەزرەتەوە ﷺ «إنه لعن آكل الربا، وموكله، وشاهديه، وكاتبه.» (رواهما البخاري و مسلم).

وە ئەمما ئیجماع لەسەر حەرامی ریبای فەزڵ وەکوو ریبای نەسیئە ئەوەیە: کە لە کتێبە گەورەکانا ئەیگێڕێتەوە وەکوو مەجمووعی ئیمامی نەوەوی، موغنی ئیبنوقودامەی حەنبەلی و غەیری ئەمانە. وە هەرکەسێ موراجەعەیان بکا باش حاڵی ئەبێ.

وە خیلافی ئیبنوعەباس ﷺ ماوەیێ بووە، وە لە پاشا ئەبووسەعیدی خدری ﷺ و غەیری ئەو بۆیان ریوایەت کرد ئەو حەدیسانە کە ئەبن بە هۆی حەرامی ریبای فەزڵ، وەکوو دیارە بۆ کەسێ موراجەعەی کوتوب بکا.

وە ئەگەر کەسێ بە دیقەت و وردبوونەوە تەماشا بکا ئەزانێ سیرڕی حارامکردنی مامەڵەی سوود (ریبا) هەر ئەو زیادە ماڵەیە کە کابرای سوودخۆر وەری‌ئەگرێ بە ناحەق و بە بێ موقابیل: خواه ئەو زیادە تەکرار بێتەوە هەتا ئەگا بە پایەی «أضعافاً مضاعفة» یا نەگاتە ئەو پایە وەکوو ئەوە یەکێ بازنێك یا خڵخاڵێ دە مسقاڵی بدا بە دوازدە مسقاڵ ئاڵتوون، یان کابرای خاوەن پارە دوو مسقاڵ ئاڵتوونی خۆی بدا بە دوو مسقاڵ بەڵام حازر نەبێ و پاش رۆژێ بیداتەوە؛ چونکی خاوەن ماڵەکە مادام پارەکەی بە قەرز پێ نەداوە هەتا ئیحسانێکی بۆ حسێب بکرێ بەڵکوو بە فرۆشتن داویە بە کابرا مەعنای نییە ماڵی یەکێکیان بە نەخت وەربگیرێ و ئەویان پاش ماوەیێ تەسلیمی بکا ئەوە وای لێ دێ «کأنه» پارەی یەکەم ئینسان لە نرخا کەم بووە لە کابرای دووەم.

هەروا یەکێ تەفەکور بکا لە مەعنای ئایەتی: ﴿وإن تبتم فلكم رؤس أموالكم لا تَظلمون ولا تُظلمون﴾ حاڵی ئەبێ هەرکەسێ زیاد لە ماڵی خۆی و زیاد لە نەختی خۆی هەرچەند وەربگرێ ئەوە ئەبێ بە «ربا الفضل» و حرامە.

وە بەم تەقریرە ریبا لە جوملەی «و حرم الربوا» ئیجمالی تێدا نامێنێ؛ چونکی هەر مامەڵەیەك زیادەی یەکێ لە «متماثلين» هاتە جێگە تیایا ئەوە حەرامە: خواه بگات بە ئەزعاف یا نە، وە خواه لەگەڵ دواکەوتنی تەسلیمی یەکێ لە بەدەلەکان بێ یا نە.

وە حەزرەت ﷺ بۆیە باسی ئەو شەش نەوعە ماڵەی کردووە هەتا یەکێ تەوەهوم نەکا کە ریبا هەر لە ئاڵتوون و زیوا هەیە، نەك لە باقی ئەشیای مەتعوومەدا، وە هەر ریبا بە هۆی دواکەوتنی یەکێ لەو دوو بەدەلەدا ئەبێ، وە تا هەموو موسوڵمانان بزانن کە ریبا لە ئاڵتوون و زیوا و لە خواردەمەنی کە خەڵك پێویستیان بێ دێتەجێ؛

چونکی موخالیفی عەداڵەتی ئیسلامە لە موعامەلەدا کە لە دوو شتی مەتعوومی هاووێنەدا یەکێ لە تەرەفەین بە بێ موقابیل زیادە وەربگرێ.

وە بە تایبەتی حەزرەت ﷺ ئەم شەش مادەی ژمارد؛ چونکی لە شاری مەدینەی مونەووەرەدا بە شێوەی سوود موعامەلەیان تێدا ئەکرد و حەزرەت مەبەستی ئەوە بوو ئەو موعامەلەیشە نەمێنێ وە ئیللا هەرچی خواردەمەنی بوو لە کاتی موعامەلەی دوو هاووێنە موساوات واجبە لە ناویانا.

وە ئەو شەش مادەیە کە حەزرەت ﷺ فەرمووی: سوودیان تێدایە لە گەلێ ریوایەتا هەن. «وروى مسلم عن أبي‌هريرة ـ رضى الله تعالى عنه ـ قال: قال ـ ﷺ ـ: الذهب بالذهب وزناً بوزن مثلاً بمثل، والفضة بالفضة وزناً بوزن مِثلاً بمثل، فمن زاد أو استزاد فقد أربى. وروى مسلم عن عبادة بن الصامت قال: قال رسول الله ﷺ: الذهب بالذهب، والفضة بالفضة، والبُر بالبُر، والشعير بالشعير، والتمر بالتمر، والملح بالملح مثلاً بمثل سواء بسواء يداً بيد، فإذا اختلفت هذه الأصناف فبيعوا كيف شئتم إذا كان يداً بيد».

وە دیارە لەلای ئەوانە لە سیرەتی حەزرەت ﷺ ئاگادارن کە حەزرەت ﷺ لە خوتبە مەشهوورەکەی «حجة الوداع»دا بە ئاشکرا فەرمووی بە عالەم: «كل ربا في الجاهلية موضوع، لكم رؤس أموالكم لا تظلمون و لا تظلمون» .

وە لەلای خەواسی دین دەرکەوت ریبا ـ بە هەردوو نەوعەکەیەوە ـ حەرامە بە بێ‌گومان. وە ئەو شوبهە کە بازێ کەس دەری ئەبڕن و ئەڵێن: حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب فەرموویەتی: «أيها الناس ثلاث وددت أن رسول الله كان عهد إلينا فيهن عهداً ننتهي إليه: الجَد، والكلالة، وأبواب الربا» مەبەست لەو فەرموودەیە لە خوسووسی سوودەوە ئەمەیە: کە حەزرەت ﷺ غەیری «ئەشیای سیتتە»: (ئاڵتوون و، زیوو، گەنم و، جۆو، خورما و، خوێ) باسی خواردەمەنی‌تری نەکردووە، پێمان خۆش

بوو کە پرسیاری لێ بکەین. واقیعەن غەیری ئەم شەش شتە «زاهیری»یەکان ئەڵێن سوودیان تێدا نییە و باقی ئیمامەکان ئەڵێن: عیللەت لە حورمەتی ریبادا ئەگەر پێوانە و کێشانە بێ یا تام و خواردن بێ، وە یا قووت و ژیوار پێکردن بێ لە هەرشتێکا بێتەجێگە ئەوەیش هەر سوودی تێدا هەیە و بە قەتعی حەزرەتی عومەر مەبەستی «ربا الفضل» و «ربا النسیئە» نەبووە؛ چونکی ئایەتی سوورەتی رۆم لە مەککەدا هاتووەتە خوار و ئایەتی سوورەتی بەقەرە: (٢٧٨)، ﴿یا أیها الذین آمنوا اتقوا اللّه وذروا ما بقي من الربا إن کنتم مؤمنین﴾ چەن ساڵ لە پێش وەفاتی حەزرەتا نازڵ بووە و ئایەتی [١٣٠] سوورەتی ئالیعیمران: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تأکلوا الربا أضعافاً مضاعفة﴾ لە پێش ئایەتی: ﴿الیوم أکملت لکم دینکم و أتممت علیکم نعمتي﴾[١] بە ماوەیێ نازڵ بووە، ئەگەر ئیشتیباهێ لە «ربا الفضل»دا ببوایە عەرزیان ئەکرد، بەڵێ ئایەتی: ﴿الذین یأکلون الربا لا یقومون إلا کما یقوم الذي یتخبطه الشیطان من المس﴾ ئاخر ئایەتێکە لە باسی ریبادا نازڵ بووە و بە سوورەتی عومووم هەموو ریبای حەرام کرد، وە لە پاش ئەو ئایەتی: ﴿واتقوا یوماً ترجعون فیه إلی اللّه ثم توفی کل نفس ما کسبت وهم لا یظلمون﴾[٢] هاتەخوار و بە ئیخباری جوبرەئیلی ئەمین لە ژمارەی دووسەدو هەشتا و یەکا لە سوورەتی بەقەرەدا دانرا. وە حەزرەت ﷺ لە پاش ئەم ئایەتە بیست و یەك رۆژ ژیاوە، کەوابێ وەحی تەواو بوو لە یازدەهەمی مانگی سەفەرا لە ساڵی یازدەی کۆچیدا. وە قسەی ئەو کەسانە کە وتوویانە: ئاخر ئایەتێ کە هاتووەتەخوار ئایەتی ریبا بووە موسامەحەی تیایە، مومکینە مەبەستیان لە ئایاتی ئەحکامی موعامەلە بووبێ، وە مەعلوومە کە ئاخر سوورەتێ نازڵ بووبێ ئەوەیش سوورەتی «نەسر» بووە بە بێ خیلاف. بە ریوایەتی

---

١. المائدة؛ ٣.

٢. آل عمران؛ ١٦١.

بەیهەقی وەکوو لە زەرقانی شەرحی مەواهیبی لەدونیەدا لە باسی«حجة الوداع»ا فەرموویەتی: ئەو لە پاش ئایەتی ﴿اليوم أكملت لكم﴾دا لە ناوەڕاست «أيام التشريق»دا هاتە خوارەوە.

باسی سێهەم: پێویستە بزانن هەر وەکوو سوود لە ئاڵتوون و زیودا حەرامە هەروا لە ئەوراقی نەقدییەیشدا وەکوو ئەم کاغەزانە کە دەوڵەتەکان ڕەواجیان پێداون حەرامە و بە قەتعی فەرق نییە لە بەینی ئەمانا لەگەڵ ئاڵتوون و زیودا؛ چونکی ئەم کاغەزانە وان لە جێگەی پارەی نەختا و ڕەواجیان پێدراوە و مەبەست لەمانە، چارکردنی ئیحتیاجی ئادەمیزادە لە خرید و فرۆشدا، وە ئەگەر ئەمانە بە دەستەوە نەبن لەم ڕۆژەدا کە دەوڵەتەکان ئاڵتوون و زیویان هەڵگرتووە عالەم ئەفەوتێ و ئادەمیزاد ژیوار ناکەن، وە ئەگەر ئەمانە سوودیان تێدا نەبێ لەبەر ئەوە کە ئاڵتوون و زیو نین ئەبێ موعامەلەیش بە مانۀ بەتاڵ بێ و ئەبێ زەکاتیشیان تێدا نەکەوێ. وە ئەمە ئەبێ بە هۆی هەڵگرتنی ڕوکنێ لە پێنج ڕوکنەی ئیسلام. وە ئەم قسە کە من لەم مەقامەدا ئەیکەم لەسەر ئەساسی ئەوەتە کە بە هێزی دەوڵەت ئەمانە بوون بە قیمەت بۆ ئەشیا لە بازاڕەکانی دنیادا و فەرقیان نییە لەگەڵ پارەی نەختا؛ چونکی مەدار لەسەر ڕەواجی ڕۆژە، واتە بە قیاس لەسەر پارەی نەخت ئیعتیبار ئەکرێن.

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە: ئەم کاغەزانە وەکوو سەنەدی قەرز وانە؛ چونکی هەر تاجیرێ لە وڵاتی بێگانەوە بێ و ملیۆنێ دینار مامەڵەی هەبێ ئەتوانێ ئەو ملیۆنە دیناری وڵاتی خۆیە ببرێ بەسەر ئەم دەوڵەتەدا کە تیجارەتی تێدا ئەکا مادام حوکوومەتەکەی خۆی لە بانگی عالەمیدا «ڕەسید»ی هەیە، یانی ئەونە پارەی هەیە کە بەقەی ئەوراق زۆر بێ. کەوابێ بەم قەرارە ئەم کاغەزانە لەلای هەرکەسێ ببن «كأنه» بەو حسێبە پارەی نەختی لەلایە.

وە بازێ لە زاناکان فەرموویانە و فەتوایان داوە لە پێنج سەد ساڵ لەوەمەپێشا کە دروستە فلووس بدرێ بە زەکاتا لە باتی ئاڵتوون و زیو، وە دیارە ئەمە هەر لەسەر ئەساسی قیاسکردنی فلووس بووە لەسەر پارەی نەخت لەوەدا کە بە هۆی فەرمانی دەولەتەوە مامەڵەیان پێ ئەکرێ.

ئەگەر کەسێ بڵێت: ئەو زانا کە ئەم فتوای داوە موجتەهید نەبووە تا ئەم قیاسە بکا! ئەوە دوو جوابی هەیە.

یەکەم: ئەمە لازم ناکا ئەم فتوایە لەسەر قیاس بێ و ئەگونجێ وەری‌گرتبێ لە ئوسووڵی ئیمامە موجتەهیدەکەی کە خۆی تەقلیدی کردووە.

دووەم: بینا لەسەر ئەوە ئیجتیهاد قەبووڵی تەجەززی ئەکا قابیلە ئەو زاتە لەم مەسئەلەی مامەڵەدا ئیجتیهادی کردبێ؛ چونکی قیاسەکەی قیاسێکی «جەلی»یە و پێویست بە فکری ورد ناکا.

جا خودای تەعالا بۆ تەئکید لەسەر ئەمر بە دەسبەردار بوونی موسوڵمانان لە خواردنی سوود فەرموویمی:

﴿وَاتَّقُوا يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ﴾

خۆتان بپارێزن لە عەزاب و ئازاری رۆژێ کە لەو رۆژەدا ئەبرێنەوە بۆ لای خودا و مەجالی یارمەتی دۆست و خزم و هاوپەیمان نییە.

﴿ثُمَّ تُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا كَسَبَتْ﴾

لە پاشان ئەدرێتەوە بە هەموو کەسێ جەزای ئەو کردەوەیە لە دنیادا کردوویەتی.

﴿وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿٢٨١﴾﴾

وە ئەو کەسانەیش کە ئەبرێنەوە بۆ لای خودا ستەمیان لێ ناکرێ.

موفەسسیرەکان فەرموویانە: ئەم ئایەتە ئاخر ئایەتێکە هاتووەتە خوار؛ چونکی کاتێ کە حەزرەت ﷺ تەشریفی رۆیشت بۆ «حجة الوداع» ئایەتی: ﴿ويستفتونك قل الله يفتيكم في الكلالة﴾[1] نازڵ بوو، وە لە عەرەفاتا ئایەتی: ﴿اليوم أكملت لكم دينكم﴾[2] هاتە خوارەوە، وە لەپاش ئەوە هاتەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە ئایەتی: ﴿واتقوا يوماً ترجعون فيه إلى الله﴾[3] نازڵ بوو، وە لە پاش ئەم ئایەتە حەزرەت ﷺ وەفاتی کرد و گەیشت بە پایەی بەرزی خۆی.

جا پاش ئەمە کە باسی ئەحکامی سەرفکردنی ماڵی کرد لە رێگەی خودادا و مەنعی موسوڵمانانی کرد لە موعامەلەی «ریبەوییە» و هەڕەشەی کرد لەوانە ئەو مامەڵە ئەکەن، هات باسی موعامەلەی شەرعی و تیجارەت و ئاڵو وێری کرد، هەتا هەموو کەسێ بزانێ کە خودای تەعالا مەبەستی هەیە کە موسوڵمان بە هۆی کەسب و کارەوە و بە هۆی تیجارەت و شارە و شارەوە بە مامەڵە کردن نانی خۆی پەیدا بکا و ژیوارێکی باش رێك بخا و فەرمووی:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيۡنٍ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى فَٱكۡتُبُوهُۚ﴾

ئەی کەسانێ کە ئیمانتان هەیە بە دینی ئیسلام! هەر کاتێ ماڵێکتان فرۆشت بە پارەیێ کە حازر نەبێ و قەرز بێ لەسەر کڕیارەکە هەتا وادەیەکی دیاریکراو ئەو قەرزە بنووسن. وە یا خود هەر کاتێ موعامەلەی سەلەمتان کرد و پارەتان دا بە کەسێ بە شتێکی مەقسوودی خاوەن سوودی مەزبووت و شتەکە حارز نەبوو و بڕیارتان دا کە لە وادەیەکی مەعلوومدا ئەو شتەتان بۆ بێنن، ئەوە ئەو شتە بنووسن با مامەڵەکەتان دیاری بێ و لە پاشان نەبێ بە هۆی ئاشووب لە ناوتانا.

---

١. النساء؛ ١٧٦.

٢. المائدة؛ ٣.

٣. آل عمران؛ ١٦١.

﴿وَلۡيَكۡتُب بَّيۡنَكُمۡ كَاتِبُۢ بِٱلۡعَدۡلِۚ﴾

وە با نووسەرێ لە بەینی ئێوەدا ئەو مامەڵە بنووسێ بە سوورەتی راستی بە بێ زیاد و کەم.

﴿وَلَا يَأۡبَ كَاتِبٌ أَن يَكۡتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ ٱللَّهُۚ﴾

با مەنع نەکا ئەو نووسەرە لە نووسینی ئەو مەقسەدە وەکوو خودا تەعلیمی کردووە و پێی نیشان داوە.

﴿فَلۡيَكۡتُبۡ﴾

دەی با ئەو نووسەرە بینووسێ.

﴿وَلۡيُمۡلِلِ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ﴾

با قسە دابنێ بۆ نووسەرەکە ئەو پیاوە کە حەقەکەی لەسەرە.

﴿وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥ﴾

با ئەو کابرایە لە خودا بترسێ ئەو حەقە بە تەواوی باس بکا بۆ کاتبەکە هەتا بینووسێ.

﴿وَلَا يَبۡخَسۡ مِنۡهُ شَيۡـٔٗاۚ﴾

وە لەو حەقە وا بەسەریەوە هیچ کەم نەکا.

﴿فَإِن كَانَ ٱلَّذِي عَلَيۡهِ ٱلۡحَقُّ سَفِيهًا أَوۡ ضَعِيفًا أَوۡ لَا يَسۡتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلۡيُمۡلِلۡ وَلِيُّهُۥ بِٱلۡعَدۡلِۚ﴾

جا ئەگەر ئەو کەسە کە حەقەکەی لەسەرە بێعەقڵ و بێڕوشد بوو یا منداڵ بوو یا پیرێکی سەرلێتێکچوو بوو یاخود مەجالی ئەوەی نەبوو قسە بکا بۆ کاتبەکە

یا لەلایا حازر بیێ یا زمانی نەدەزانی با ئەو کەسە کە خاوەنی کاری ئەو کەسەیە وەکوو وەلیی ئەمر یا قەییمێ کە قازی دایئەنێ یا وەکێلی ئەو یا تەرجەمانی وتاری ئەو، ئەو قسانە بکا بۆ کاتبەکە.

﴿وَٱسۡتَشۡهِدُواْ شَهِيدَيۡنِ مِن رِّجَالِكُمۡۖ﴾

وە بەو نووسینە بە تەنیا قەناعەت مەکەن، بەڵکوو دوو شاهیدیش رابگرن لە پیاوانی خۆتان لە موسوڵمانەکان بۆ ئەوە کە لە پاشەڕۆژا ئەگەر نیزاعێ کەوتە ناویان شاهیدی بدەن لەسەر ئەو حەقە.

﴿فَإِن لَّمۡ يَكُونَا رَجُلَيۡنِ﴾

ئەگەر ئەو دوو شاهیدە کە مەقسوودن بۆ ئاگاداری دوو پیاو نەئەبوون.

﴿فَرَجُلٞ وَٱمۡرَأَتَانِ﴾

با شاهیدەکان پیاوێك و دوو ژن بن.

﴿مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ﴾

جا ئەو دوو شاهیدانە کە پیاون یا ئەو پیاو و دوو ژنە لەوانە بن کە ئێوە رازین لە کردەوە و ئەخلاقیان بۆ ئەوە بە ئەمانەت ئەو حەقە رابگرن و لە کاتی پێویستا شەهادەت بدەن بۆ خاوەن حەقەکە.

﴿أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ﴾

بۆیە ئیعتیباری دوو ژنمان لە باتی پیاوێکا کردووە لە هەڵگرتنی شەهادەتا لەبەر موراعاتی ئەوە قابیلە یەکێ لەو ژنانە ئەو واقیعەیە لە بیر بچێتەوە جا لەو کاتەدا ئەو ژنەکەیان ئەو واقیعە ئەخاتەوە بیری ئەوەیان کە لە بیری چووە.

﴿وَلَا يَأۡبَ ٱلشُّهَدَآءُ إِذَا مَا دُعُواْۚ﴾

وە نابێ و دروست نییە کە شاهیدەکان مەنعی خۆیان بکەن لە ئەدای شەهادەت کاتێ کە بانگ کران بۆ ئەدای شەهادەتەکەیان، یاخود نابێ مەنعی خۆیان بکەن لە هەڵگرتنی شەهادەت لە کاتی زەبتی واقیعەدا و لە ئەدای شەهادەت لە کاتی داوای حەقەکەدا.

جا خودا رووی کردەوە کاتب و نووسەرەکان و فەرمووی:

﴿وَلَا تَسْـَٔمُوٓا۟ أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰٓ أَجَلِهِۦ﴾

واتە مەلوول و تەمەڵ مەبن لەوە کە ئەو حەقە بنووسن، بچووك بێ یا گەورە، لەگەڵ نووسینی وەعدەی دانەوەیشیا. یاخود مەلوول مەبن لە نووسینی ئەو حەقە، بچووك بێ یا گەورە، هەر وەختێ خاوەن موعامەلەکان داوای نووسینیان لێ کردن هەتا رۆژێ کە وەعدەی دانەوەی دێ. واتە هەر لە کاتی روودانی موعامەلەکەدا پێیان وتن بینووسن یا لە پاش ماوەیێ هاتن داوای نووسینیان کرد هەر بۆیان بنووسن هەتا ئەو رۆژە وادەی دانەوەی حەقەکە دێت.

﴿ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ ٱللَّهِ﴾

ئەم نووسینی حەقە عەدالەت و راستکاری زۆرترە لەوە کە تەنها بە شەهادەت قەناعەت بکەن.

﴿وَأَقْوَمُ لِلشَّهَٰدَةِ﴾

وە راستەوەکەریشە بۆ شەهادەت دان.

﴿وَأَدْنَىٰٓ أَلَّا تَرْتَابُوٓا۟﴾

وە نزیکتریشە لە نەکەوتنە گومان و شوبهەوە لە حەرامەکەدا، وە هەموو کاتێ شاهید رابگرن لەسەر موعامەلە و بینووسن.

﴿ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَـٰرَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ ﴾

مەگەر ئەو موعامەلەیە ئەیکەن تیجارەتێ بێ بە موقابیلی قیمەتی حازرەوە کە لەناوتانا ئیدارەی ئەکەن و رای ئەبوێرن.

﴿ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا ﴾

ئەوە لەو نەوعە تیجارەتەدا تاوانتان لەسەر نییە لەوەدا کە نەینووسن؛ چونکی موعامەلەکە بە نەخت تەواو ئەبێ، وە یا بە بێ دواکەوتنی موقابیل ئەبڕێتەوە. وە مادام لە نەنووسینی ئەو تیجارەتەدا تاوانبار نابن لە شاهیدنەگرتنا هەم تاوانبار نابن؛ چونکی بیمی نیزاع نییە لە موستەقبەلدا.

﴿ وَأَشْهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعْتُمْ ﴾

بەڵام شاهید رابگرن کاتێ کە موعامەلەتان بە کڕین و فرۆشتن بوو مادام تیجارەتێ بەماڵی حازر نەبێ.

﴿ وَلَا يُضَآرَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ﴾

با زیان نەدا نووسەر لە نووسینی حەقەکەدا نە بە کەم نە بە زیاد نە لە خاوەن ماڵ نە لە ماڵسێن، هەروا با شاهیدیش زیان نەدا لە کاتی ئەدای شەهادەتا لە یەکێ لە تەرەفەین.

﴿ وَإِن تَفْعَلُواْ فَإِنَّهُۥ فُسُوقٌۢ بِكُمْ ﴾

وە کردنی ئەم کارە کە زیاندانە لە یەکێ لەو دوو لایە ئەی کاتب و ئەی شاهید لادانە لە دینی پاکی ئیسلام بۆ ئێوە.

﴿ وَاتَّقُواْ ٱللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُ ﴾

ئێوە خۆتان بپارێزن لە لادان لە فەرمانی خودای تەعالا و خودای تەعالایش ئەوەتان نیشان ئەدا کە چۆن بە عیبارەتی راست ئەو رووداوانە بنووسن و بە کەلیماتی موافیقی واقیع ئەو شەهادەتە بدەن.

﴿وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿٢٨٢﴾﴾

ئاگاتان لە خۆتان بێ لە جانیبی «مدعي» و «مدعی علیه» وە کەس تەئسیرتان لێ ناکا نە لە شەهادەتا نە لە خوێندنەوەی سەنەداتا؛ چونکی خودا بە هەموو شتێ ئەزانێ.

﴿وَإِن كُنتُمۡ عَلَىٰ سَفَرٖ وَلَمۡ تَجِدُواْ كَاتِبٗا فَرِهَٰنٞ مَّقۡبُوضَةٞۖ﴾

وە ئەگەر لە کاتی موعامەلە کردنتانا ـ لەسەر قیمەتێ کە حازر نەبوو ـ لە سەفەرا بوون کاتبتان دەست نەکەوت ئەوە مەسەڵەحەتی ئێوە گرەوێ و بارمتەیەکە وەریبگرن و لە دەستتانا بمێنێتەوە هەتا حەقەکەتان تەسلیم ئەکەن، مادام ئەمین نەبن لەوانە موعامەلەیان لەگەڵا ئەکەن.

﴿فَإِنۡ أَمِنَ بَعۡضُكُم بَعۡضٗا فَلۡيُؤَدِّ ٱلَّذِي ٱؤۡتُمِنَ أَمَٰنَتَهُۥ وَلۡيَتَّقِ ٱللَّهَ رَبَّهُۥۗ﴾

وە ئەگەر بازێکتان ئەمین بوون لە بازێکتان و بیمتان لە زایەبوونی حەقەکەتان نەبوو ئەوە بارمتە پێویست نییە، وە لەم کاتەدا با ئەو ماڵسێنە قەرزارە کە بە ئەمین دانراوە و رەهنی لێ وەرنەگیراوە ئەو حەقە کە بە ئەمین حسێب کراوە لەسەری بیداتەوە بە خاوەنەکەی و لە خودای خۆی بترسێ و خەیانەت نەکا لە باتی ئەمانەت.

﴿وَلَا تَكۡتُمُواْ ٱلشَّهَٰدَةَۚ﴾

وە ئێوەیش ئەی شاهیدانی موعامەلات شەهادەتەکەتان مەشارنەوە لە کاتی پێویستا.

﴿وَمَن يَكۡتُمۡهَا فَإِنَّهُۥٓ ءَاثِمٞ قَلۡبُهُۥۗ﴾

وە هەرکەسێ شەهادەت بشارێتەوە، ئەو دڵی تاوانبارە؛ چونکی کردەوە و وتاری باش لە دڵەوە دێ کە دڵ ئەمری نەدا بە چاکە ئەوە ئەو دڵە ساغ نییە.

﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ﴿٢٨٣﴾﴾

وە خودا بە هەموو شتێ زانایە و لەسەر خەیر تەوانایە.

بزانن! لە مەوریدی نوزوولی ئەم ئایەتی ﴿یا أیها الذین آمنوا إذا تداینتم بدین﴾ دا ئیبنوعەباس رضي الله عنهما فەرموویەتی: ئەم ئایەتە نازڵ بووە لە موعامەلەی سەلەمدا کاتێ کە حەزرەت ﷺ هاتە مەدینەی مونەووەرە تەماشای کرد سەلەمیان ئەکرد لە خورمادا بۆ دوو ساڵ و سێ ساڵ. جا حەزرەت ﷺ فەرمووی: کەسێ کە سەلەم ئەکا با سەلەم بکا لە پێوانەیەکی مەعلووما، یا لە وەزنی مەعلووما هەتا وادەیێ مەعلووم. جا خودای تەعالا ڕێگەی ئیحتیات و پارێزی نیشانی موسوڵمانان دا و فەرمووی: ﴿إذا تداینتم بدین إلى أجل مسمى فاکتبوه﴾.

وە بازێ وتوویانە: ئەم ئایەتە لە قەرزدانەوەدا نازڵ بووە، واتە پارە بەقەرز بدەی یاخود خواردەمەنی وەکوو گەنم و هاووێنەی. بەڵام ئەم قسە ڕاست نییە؛ چونکی بە ئیتتیفاق لە قەرزدانا وادە موعتەبەر نییە، یانی مادام ئەو قەرزە ئەیدەی بە موساعەدەیە: هەر کاتێ داوای بکا لە قەرزارەکە دروستە، وە واجبە کابرا ئەو قەرزە بداتەوە. وە ئەو تەماشاکردنی وادە کە دائیرە لە ناو خەڵکا هەر لەسەر پیاوەتی خۆیانە، بەڵام لە فرۆشتنی ماڵدا بە پارە بە قەرز تا وادەی ساڵێ ـ مەسەلا ـ ئەو وادە واجب ئەبێ. هەروا لە سەلەمدادانا وادە واجب ئەبێ، واتە ئەگەر کەسێ دە دیناری بە عەقدی سەلەم دا بە دوو تەنەکە ڕۆنی ساغ کە پاش چوار مانگ بیدا بە خاوەن پارەکە ئەوە تا ئەو چوار مانگە تەواو نەبێ کابرا حەقی نییە داوای ئەو دوو تەنەکە ڕۆنە بکا.

کەوابوو وەکوو ئیمامی ڕازی فەرموویەتی موعامەلە یا عەین بە عەین، یانی ماڵێ ئەدەی و موقابیلەکەی وەرئەگری، ئەمە مەجالی باسی وادە نییە تیایا. وە یا

دەین بە دەینە ئەمە موعامەلەیەکی پووچ و بەتاڵە لە دینا. ماوەتەوە ئەم دوو ئیحتیماله کە موعامەلە بەیعی عەین بێ بە دەین، واتە فرۆشتنی ماڵێ بە دە دینار بە وەعدەی ساڵێ ئەوە راستە و وادەکەیش جێگەی ئیعتیبارە. وە ئەگەر دەین بە عەینە وەکوو ئەوە خاوەن رۆن دە کیلۆ رۆنی ساغی مەڕ ئەفرۆشێ بە دە دیناری نەخت و دە دینارەکە وەر ئەگرێ و وادە دائەنێن کە لە پاش چوار مانگ ئەو رۆنە تەسلیم بکا بە خاوەن پارەکە ئەمەیش راستە و وادەکەی موعتەبەرە و ناوی عەقدی سەلەمە، کەوابوو ئەم ئایەتە بۆ ئەم دوو موعامەلەیە و بەس.

وە مادام ئەم ئایەتە پیرۆزە باسی «بەیع» و «سەلەم» و «ڕەهن»ی تێدا بوو بە کورتی ئەرکانی ئەم موعامەلانەتان بۆ بەیان ئەکەم:

ئەرکانی بەیع سیانە: عاقید، کە بائیع و موشتەرییە، ماڵ فرۆش و ماڵسێن. وە «معقود علیه» ئەو شتەکە ئەفرۆشرێ. وە «صیغە» ئەو لەفزە کە ئەم موعامەلەی پێ ئەکرێ، کە ئیجاب لە لایەنی ماڵفرۆشەوە قەبوولە لە لایەنی ماڵسێنەوە. وە شەرتی عاقید ئەمەیە روشدی ببێ. وە روشد بریتییە لەوە ئەو کەسە لەو کاتەدا کە باڵغ بووە مەسڵەحەتی دین و دنیای خۆی بزانێ و رەفتاری پێ بکا. جا ئەگەر بەم جۆرە باڵغ بوو، وە بەو شێوە دەوامی کرد ئەوە موعامەلەی دروستە، وە ئەگەر تا ماوەیێ رەشید بوو پاش ئەوە دەستی کرد بە کردەوەی ناشەرعی ئەوە ئەگەر قازی مەنعی نەکا لە موعامەلە دروستە موعامەلە بکا لەبەر ئەوە وەختی خۆی بە رەشیدی باڵغ بووە. وە ئەگەر قازی مەنعی کرد لە موعامەلە ئەوە بە قەتعی موعامەلەی دروست نییە و لەسەر ئەم یاسا ئەم هەرکەسێ بە رەشیدی باڵغ نەبووبێ ئەوە «سەفیه »ە و موعامەلەی بەتاڵە، وە ئەم سەفیهە پێی ئەڵێن سەفیهی ئەسڵی، وە ئەو کەسە کە بە رەشیدی باڵغ ئەبێ و لە پاشا لائەدا بۆ کاری ناپەسەند و ناشیرین بەڵام قازی موبالاتی پێ ناکا

ئەوە پێی ئەڵێن «سەفیهی موهمەل» واتە سەفیهێ کە قازی موبالاتی پێنەکردووە و حیجری نەخراوەتە سەر.

وە بازێ لە زانایانی شافیعی مەزهەب فەرموویانە: روشد عیبارەتە لەوە ئینسان مەسڵەحەتی دنیای خۆی بزانێ هەرچەن مەسڵەحەتی دینی نەبێ.

هەروا شەرتی عاقید ئەوەیە موختار بێ و بە ئیکراه و زۆرکاری موعامەلەی پێ نەکرێ مەگەر زۆر کردنەکە شەرعی بێ وەکوو زۆرکردن لە کەسێ ماڵی خۆی بفرۆشێ بۆ دانەوەی حەقی حەقدار.

وە شەرتی «معقود علیه» ئەوەیە عەینەکەی پاك بێ و نەفعی تێدا ببێ و، قابیل بێ تەسلیم بکرێ بە موشتەرییەکە و لە ژێر تەسەڕوفی عاقیدەکەدا بێ. بەم جۆرە کە موڵکی خۆی بێ، وە یا موڵکی ئەو کەسە بێ کە ئەوی کردووە بە وەکیل، وە ئەو ماڵەیش مەعلووم بێ، کەوابێ فرۆشتنی یەکێ لە دوو شت بە بێ دەربڕین و دیاری کردنی بەتاڵە.

وە شەرتی سیغە ئەوەیە کە ئیجاب و قەبووڵەکە تەردید و جەهالەتیان تێدا نەبێ، وە قەبووڵی موقابیل لەسەر گوێرەی موجیب بێ، وە تووڵی فەسڵ لە بەینی ئیجاب و قەبووڵدا نەبێ کە بریتییە لە شەش کەلیمەی عورفییە. ئەگەرنا ئەو بەیعە بەتاڵە. کەوابوو ئەگەر عەینێ هەبوو بە پارەی نەخت ئەفرۆشرا بە دیناریێ و بە پارەی وادەدار (مؤجل) تا مانگێ ـ مەسەلا ـ بە دینارێك و سەد فلس، وە کابرای ماڵفرۆش لەگەڵ ماڵسێن رێکەوت بە نەخت فرۆشتی بە دینارێ و ماڵسێن قەبووڵی کرد ئەوە موعامەلەکە دروستە. هەروا ئەگەر ماڵفرۆش لەگەڵ ماڵسێن رێکەوت بە وادەی مانگێ پێی فرۆشت بە دینارێك و سەد فلس و کابرا قەبووڵی کرد ئەمەیش دروستە چونکی لە هەردوو سوورەتەکەدا لەفزی ئیجابەکە دوودڵی تێدا نەبووە.

بەڵام ئەگەر ماڵفرۆشەکە بە یەك عیبارەت وتی بە ماڵسێن: وا ئەم عەینەم پێ فرۆشتی بە نەخت بە دیناریێ یا بە وادە بە دیناریێك و سەد فلس وە ماڵسێنەکە قەبووڵی کرد ئەوە ئەو بەیعە بەتاڵە؛ چونکی لەفزی بائیع بە عیبارەتی تەردید ئیجابەکەی کردووە. وە ئەمەیە مەعنای ئەوە کە حەزرەت ﷺ نەهی کردووە لە دوو بەیع لە یەك بەیعا؛ چونکی ئەو سیغە وارید ئەبێ بە لەفزی «یا» کە وا لە جێگەی «أو»دا ئەوەیش بەتاڵە، نەك لەبەر ئەوە بە نەخت قیمەتی کەم بووە و بە وادە قیمەتی زۆر بووە؛ چونکی ئەمە بە قەتعی دروستە لەبەر ئەوە بە هۆی وادەوە قیمەتی ماڵ زۆر ئەبێ و زاناکان لە هەر چوار مەزهەبا دانیان ناوە بەمەدا.

وە بزانن سوود (ریبا) هەر لە نەخت و خواردەمەنییایە. جا لە موعامەلەی بەیعدا ماڵ لە هەردوو لادا ئاڵتوون بوو یا زیو بوو، یا یەك خواردەمەنی بوو ئەوە واجبە ئەو دوو ماڵە بە قەی یەك بن و وادە لە موعامەلەکەدا نەبێ بۆ هیچ‌کام لە ماڵەکان و دەست بە دەست هەردوو جانیب قەبز و ئیقباز بەجێ بێنن.

کەوابێ فرۆشتنی دە مسقاڵ ئاڵتوون بە دە مسقاڵ و نیو، وە فرۆشتنی دە کیلۆ گەنم بە دە کیلۆ و نیو گەنم بەتاڵە؛ چونکی موساوات نییە لە بەینی ماڵەکانا. بەڵام ئەگەر ماڵەکان جینسیان جیاواز بوو وەکوو ئاڵتوون بە زیو یا گەنم بە جۆ ئەوە موساواتی هەردوو ماڵەکە پێویست نییە و هەر ئەوەندە واجبە کە لە موعامەلەکەدا وادە نەبێ و هەردوو لادەست بە دەست قەبز و ئیقباز بەجێ بێنن، کە جیا بوونەوە هیچ لە بەینا نەمێنێ.

وە ئەگەر لە جانیبێکەوە نەخت بوو (ئاڵتوون یا زیو) وە لەولاوە غەیری نەخت بوو ئەوە موعامەلەکە دروستە چی موساوات لە وەزنا ـ مەسەلا ـ ببێ یا نەبێ، وە دەست بە دەست ببێ یا نەبێ، وە وادە لە موعامەلەکەدا ببێ یا نەبێ، بەڵێ ئەگەر وادە بوو واجبە موعلووم بێ.

وە عەقدی «سەلەم» عیبارەتە لە فرۆشتنی شتێك كە لە زیمەدا بێ و مەوسووف بێ بە سیفاتێ كە شتەكە لە نامەعلوومی دەربكا، وە ئەركانی ئەم موعامەلە چوارە: سەلەمدادەر (مسلم). سەلەم لەلادادراو (مسلم إلیه). ئەو ماڵە كە مەقسوودە بۆ كابرای سەلەمدادەر (مسلم فیه). واتە ئەو نەختە یا ئەو شتە كە ئەیدا بە كابرای «مسلم إلیه» (رأس المال).

جا شەرتی عاقیدەكان روشدە وەكوو لە پێشەوە باسمان كرد. وە شەرتی «مسلم فیه» ئەوەیە زەبت بكرێ بە وەسفكردن، وە جینسێ بێ كە غەیری ئەو جینسەی تێكەڵ نەبێ، وە ئاگر تەئسیری تێدا نەكردبێ بۆ كوڵاندن یا برژاندن یا سوورەوەكردن، وە ئەمما تەئسیری ئاگر بۆ سافكردنی هەنگوێن لە مێو، وە یا سافكردنی كەرە لە دووك قەی ناكا.

وە ئەو «مسلم فیه»یە نە خۆی لەبەرچاوا بێ نە جوزئێ بێ لە شتێكی وا لەبەرچاوا بێ؛ چونكی فرۆشتنی موعەییەن و بەرچاوی بەیعە و سەلەم نییە.

وە كاتێ دروستە سەلەم لەو ماڵەدا كابراكان هەردوویان یا هەر خاوەن پارەكە، وە یا تەنیا خاوەن ماڵەكە باسی جینسی ئەو «مسلم فیه»یە بكا و باسی نەوعەكەیشی بكا، وە باسی ئەو سیفەتانەی بكا كە ئەبێ بە هۆی زیادی قیمەت، وە یا كەمی قیمەت و باسی میقدارەكەی بكرێ بە جۆرێ كە بە نامەعلوومی نەمێنێتەوە، وە ئەگەر وادەداریش بوو باسی وادەی تەسلیمی ماڵەكە بكرێ، وە باسی شوێنی تەسلیمی ئەو ماڵەیش بكرێ ئەگەر سەلەمەكە لە شوێنێكدا درا كە گوێزانەوەی ئەو ماڵە بۆ ئەو شوێنە زەحمەتی ببێ. وە شەرتی «رأس المال» ئەوەیە مەعلووم بێ و لە پێش ئەوە كە عاقیدەكان لە یەك جیاببنەوە ئەو «رأس المال»ە بدرێ بە دەستی موقابیلەكەیەوە. وە شەرتی «سیغە»كەیش ئەمەیە كە ناجیز بێ و قەید و تەعلیقی تێدا نەبێ.

وە هەر وەختێ کەسێ ماڵێکی فرۆشت بە کەسێ و ئەو کەسە پارەی نەختی نەبوو تەسلیمی بکا بە خاوەن ماڵەکە دروستە بۆ ئەو موشتەرییە ماڵێ دابنێ لەلای خاوەن ماڵە فرۆشراوەکە بۆ ئەوە کە لە کاتی هاتنی وەعدەی تەسلیمی ئەو پارەی بەدەلی ماڵە فرۆشراوەکە ئەگەر کابرا پارەی نەبوو ئەو مەرهوونە بفرۆشرێ و پارەی کابرای لێ جێبەجێ بکرێ.

وە هەر شتێ دروست بێ بفرۆشرێ دروستە دایش‌بنرێ لە رەهندا مادام ئەو حەقە کە مەرهوونەکەی بۆ دائەنرێ دامەزرابێ لە زیمەدا.

جا لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا لەم سوورەتی بەقەرەدا گەلێ فائیدەی دینی و دنیایی باس کردووە، وەکوو ئیمان بە زاتی خودا و بە سیفاتی خودا و، بە پێغەمبەران ﷩، هەروا باسی نوێژ و رۆژوو و زەکات و حەج و قیساس و جیهاد و حەیزی ژن و تەڵاق و عیددە و مارەیی ژن و حەقی تەمەتتوع و خولع و ئیلاء و شیرخواردن و بەیع و سوود خواردن (ریبا) و چلۆنێتی قەرزدان بە خەڵك. کە ئەمانە هەموو پێویستن بۆ ئینسان بیانزانێ و ریعایەتیان بکا، هات ئاخری ئەم سوورەتەی هێنا بە بەیانی ئەوە کە ئەم ئاسمان و عەرزە موڵکی خودایە و کەس لە دەستی خودا دەرناچێ و خودا بە هەموو شتێ ئەزانێ و تەوانای هەیە لەسەر هەموو جەزایەك بۆ ئەوە کە ئادەمیزاد باش بێتە ریزی ئەوانەوە کە بە پیرۆزی ژیاون و بە بەختیاری مردوون و فەرمووی:

﴿لِّلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾

واتە هەر بۆ خودایە، بە دروستکردن و بە بەخێوکردن و هێشتنەوە و فەوتاندن و لەناو بردن، هەموو ئەوەی وا لە ئاسمان و لە عەرزا بە وشکانیەوە و بە دەریایەوە.

﴿وَإِن تُبْدُوا۟ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ ٱللَّهُ﴾

جا ئەگەر ئێوە دەربخەن بە ئاشکرا بە کردەوە ئەوەی کە وا لە دڵتانا یاخود بە پەنامەکی بیکەن و خەڵك پێی نەزانێ، وە یاخود ئەگەر ئەوەی عەزمتان لەسەر کردووە لە دڵتانا بە کردەوەی دەرەوە باش دەری بخەن، وە یا هەر لە دڵتانا بمێنێتەوە، ئەوە خودا موحاسەبەتان لەگەڵدا ئەکا لە رۆژی قیامەتا.

﴿فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَآءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَآءُ﴾

ئەوسا لە پاش موحاسەبە چاو پۆشی ئەکا بۆ هەرکەسێ خواستی لەسەر بێ. وە ئازار ئەدا ئەو کەسەیش کە بیەوێ ئازاری بدا.

﴿وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٨٤﴾﴾

وە خودا بەسەر هەموو شتێکا تەوانایە و کەس ناتوانێ مەنعی بکا.

جا بزانن لەسەر تەفسیری یەکەم بۆ فەرموودەی خودا: ﴿وإن تبدوا ما في أنفسكم أو تخفوه﴾ کە بوو بە کردنی ئەوەی عەزمی لەسەر کردووە بیکا بە ئاشکرا وا کە خەڵك بزانن، وە یا بە پەنامەکی بە قەتعی ئیعتیراز نییە لە ئارادا؛ چونکی هەر کردەوەیێ هۆشیار بیکا موحاسەبەی لەسەر ئەکرێ: خواه خەڵك پێی بزانن یا نەزانن.

هەروا لەسەر تەفسیری دووهەم کە مەبەست لە «إبداء» کردنی مەعزوومات بوو بە رەفتار، وە مەبەست لە «إخفاء» لە هێشتنەوەی بوو لە دڵدا؛ چونکی ئەدیللەی سەحیحە لە کیتاب و لە سوننەت هەیە لەسەر ئەوە کە ئینسان مەسئوولە لە عەزم و لەسەرکردنی شتی حەرام با نەیشیکا، وە موحاسەبەی لەسەر ئەکرێ، جا ئیتر خودا عەفوی بکا یا عەزابی بدا، وەکوو ئایەتی: ﴿لا يؤاخذكم الله باللغو في أيمانكم ولكن يؤاخذكم بما كسبت قلوبكم﴾[1] وە غەیری ئەمەیش، بەڵێ ئینسان مەسئوول نییە لە چوار مەرتەبەی خاتیراتی نەفسی لە پێش پایەی عەزما، وەکوو دەرئەکەوێ لە گەڵێ

---

١. البقرة؛ ٢٢٥

دەلیل. مین جوملە لە حەدیسی: «إن اللّٰه تجاوز لأمتي عما حدثت به أنفسها ما لم يتكلموا أو يعملوا به» وە ئەمەی کە لە نەفسا ئەگەڕێ ئەبێ ئەوانە بن کە نەگەن بە پایەی عەزم، ئەگەرنا مەعلوومە لەلای هەموو هۆشیارێ کە عەزم لەسەر کوفر، با لە دڵدا بێ، بە کوفر ئەژمێررێ، وە نیفاق وا لە دڵدا و ئینسان تاوانبارە لەسەری و رقهەڵگرتن و کینەکاری لەگەڵ ئەهلی خێرا گوناحە بە بێگومان هەرچەند گوناحەکەیان لەو کاتەدا هەروا لە دڵدا کەمتر بێ لەو حاڵە کە بە کردەوەیش ئاسارەکانیان بێنێتە جێ.

وە داوای ئەوە کە ئایەتی: ﴿وإن تبدوا ما في أنفسكم أو تخفوه يحاسبكم به اللّٰه﴾ مەنسووخە بە ئایەتی: ﴿لا يكلف اللّٰه نفساً إلا وسعها﴾ داوایەکی زەعیف و لاوازە لەبەر چەن دەلیل:

یەکەم: پەنابردن بە نەسخ کاتێ پێویستە کە مەعنای ئایەتی «وإن تبدوا» ببرێ بەسەر موحاسەبەی ئینسان لەسەر هەرشتێ رابوورێ بە دڵدا خواه بە ئیختیاری ئینسان بێ یا نە، وە خواه لاواز بێ یا هێزی ببێ ئەمەیش بەتاڵە؛ چونکی بە ئیتتیفاق هەر شتێ کە لە ئیختیاری ئینسانا نەبێ مەسئوول نییە لەسەری. کەوابێ ئەبێ مەعنای ئەو ئایەتە ببرێ بەسەر ئەو شتانەدا کە گەیشتوون بە پایەی عەزم. وەکوو بەیانم کرد بۆتان.

دووەم: کاتێ ئێمە پێویستمان بە نەسخ هەیە کە بڵێین ئەو شتانە وان لە دڵدا ئەبن بە هۆی عیقاب و جەزادانەوە، «مع أنه» خودا فەرموویەتی: موحاسەبەیان لەسەرە جا خودا کێ مەیلی بوو عەفوی ئەکا کێ مەیلی بوو عیقابی ئەکا، وە نەیفەرمووە کە موعاقەبە ئەکرێن لەسەر ئەوەی وا لە دڵدا.

سێهەم: نەسخ روو ناکاتە جوملەی ئیخبارییە، وە ئایەتی پێشوو ئیخبارە لە لەفزا و لە مەعنادا، وە نەسخ هەر روو لە جوملەی ئینشائییە ئەکا کە ئەمر بێ یا نەهی بێ وەکوو موقەڕڕەرە لە ئوسووڵی فیقهدا.

جا لەبەر ئەوە کە خودای تەعالا لە ئەووەڵی سوورەتی بەقەرەوە مەدحی ئەهلی تەقوای کرد ئەو ئەهلی تەقوا کە باوەڕیان هەیە بە غەیب و نوێژەکان ئەکەن و لە ماڵی خۆیان سەرف ئەکەن لە ڕێگەی خودادا، هات لە ئاخری ئەو سوورەتەدا ئەوەی دەربڕی کە ئەو کەسانە لە ئەووەڵی سوورەتەکەوە مەدحم کردن عیبارەتن لە حەبیبی خۆشەویستم کە پێغەمبەرە ﷺ و لە ئوممەتەکەی ئەو، کە بە ڕاستی کەوتوونەتە شوێنی و فەرمووی:

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ﴾

واتە ئیمان و باوەڕی هەیە پێغەمبەری خۆشەویست بەو کتێبە کە هێنراوەتە خوارەوە بۆ لای لە لایەنی خوداوە بە ئیمانێ کە وا لە پۆپەی پلەکانی ئیمانەوە بە نەوعێ کە بە تەنیا دائەنرێ لە موقابیلی ئیمانی هەموو ئوممەتەکەیەوە؛ چ لە بابەتی ئیمان و باوەڕ بە خودای پەروەردگار بە پێغەمبەرەکان و بەو کتێبانە هاتوونەتە خوار بۆ لایان، وە چ لە بابەتی ئیمان بە ئوسووڵەکانی ئیمان.

﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ﴾

وە موسوڵمانەکان، واتە ئەوانە کە ئیمانیان بە پێغەمبەری خۆشەویست هەیە و کەوتوونەتە شوێنی، هەموو یەکێ لەوان ئیمانی هێناوە بە خودا و بە فریشتەکانی و بەو کتێبانە کە ناردوویەتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکانی و ئیمانی هێناوە بە هەموو ئەو پێغەمبەرانی خودایە کە خودا ناردوونی بۆ تەمێ و تەربییەی هۆشیاران.

﴿لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ﴾

وە ئەوانە ئەڵێن: ئێمە فەرق و جیاوازی ناکەین لە بەینی هیچ یەکێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا و باوەڕمان هەیە بەوە کە هەموو پێغەمبەری خودان.

﴿وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا﴾

وە هەموو وتوویانە ئەی خودای پەروەردگار ! فەرمانەکانی تۆمان بیست بە هۆی پێغەمبەری خۆشەویستەوە و گەردن کەچ بووین بۆ ئەو فەرمانانەو داوای ئەوە ئەکەین لە تۆ کە چاو پۆشی بکەی لە تاوانەکانمان بە چاوپۆشییەك کە شیاوی میهرەبانی تۆ بێ ئەی پەروەردگاری ئێمە.

﴿وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾﴾

چۆن داوای چاوپۆشی لە تۆ ناکەین وەلحاڵ مەسیر و ئەنجامی هەموومان بۆ لای تۆیە و تۆ ئەمانمرێنی و لە پاش مردنمان زیندوومان ئەکەیتەوە و پرسیاری بیر و باوەڕ و کردەوە و وتارمان لێ ئەکەی، ئەوجا بە خواستی خۆت رەفتارمان لەگەڵدا ئەکەی بە جۆرێ کە لایەقی میهرەبانی خۆت بێ.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا چەن باسێ هەیە:

[**باسی**] **یەکەم**: ئەم ئایەتە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە زانستی ئەم چوار مەرتەبەیە لە واجباتی ئیمانە. واتە: ئیمان بە خودا، ئیمان بە فریشتەکانی خودا، ئیمان بەو کتێبانە کە خوا ناردوونی بۆ پێغەمبەران، ئیمان بە پێغەمبەرەکان. وە سیرِی ئەم تەرتیبە ئەمەیە هەتا ئیسنان نەزانێ کە ئەم عالەمە پەروەردگارێکی وای هەیە تەوانای هەیە لەسەر هەموو مومکینێ لە مومکینات و زانایە بە هەموو مەعلوومات و بێئیحتیاجە بە هەموو نەوعێ لە ئیحتیاجات، ناتوانێ باوەڕ بکا بە فریشتە و بەو کتێبانە کە فریشتە ئەیهێنن بۆ پێغەمبەر و باوەڕ بکا بە پێغەمبەران. کە وابێ ئیمان بە خودای تەعالا وا لە پێش ئیمان بە باقی ئەرکانەکانی ئیمانەوە. وە هەتا ئیمانی نەبێ بە فریشتەی خودا ناتوانێ ئیمان بێنێ بە هێنانی کەلامی خودا بۆ پێغەمبەران، وە تا ئیمانی نەبێ بە کەلامی خودا ناتوانێ ئیمانی ببێ بەوە کە پێغەمبەران رەهبەرن لە لایەنی خوداوە بۆ تەمێ کردنی ئەوانە کە موکەللەفن وەکوو جینن و ئینس بێ.

باسی دووەم ئەمەیە: ئیمان و باوەڕ بە خودا عیبارەتە لەوە کە ئیمان بێنین بە وجوودی خودا و بە سیفاتی خودا و بە ئەفعال و کردەوەی خودا و بە ئەحکامی خودا و بە ناوەکانی خودا.

جا ئیمان بە خودا ئەمەیە ئیمانت ببێ بەوە کە لە ماوەرای ئەم عەرز و ئاو و دار و بەرد و هەوا و ئاگر و ئاسمانان و ئەستێرە و مانگ و ڕۆژە... زاتێ هەیە لەمانە نییە و لەمانە ناچێ و بە تەنیا ئەو زاتە خۆی هەموو ئەم عالەمەی لە نەبوونەوە دروست کردووە.

وە ئیمان بە سیفاتی خودا ئەمەیە: ئیمانت ببێ بەوە کە خودا زاتێکە دوورە و پاکە لە هەموو نوقسانی: نوقسانی نەبوون و، نوقسانی ئیحیتاج بە غەیر و، نوقسانی موشابەهە بە غەیر و... بەم شێوە باوەڕت ئەبێ بەوە کە خودا قەدیمە و باقییە و تەنیایە و لە هیچ شتێ ناچێ و موحتاج نییە بە هیچ.

هەروا ئیمانت ببێ بەوە کە خودا خاوەن حەیات و زانست و خواست و تەوانایی و بینایی و وتارە لەگەڵ ڕەهبەرانا.

وە ئیمان بە ئەفعالەکانی ئەمەیە: ئیمانت ببێ بەوە هەرچی غەیری خودایە هەمووی لە نەبوون پەیدابووە و خودا هەمووی دروست کردوون و دروستیان ئەکا بە خواستی خۆی.

وە ئیمان بە ئەحکامی خودا ئەمەیە: هەرچی خودا کردوویەتی لەگەڵ ئەوەدا کە حیکمەتیان تێدایە بەڵام بە غەیری خواستی خودا هیچ عیللەت و هۆیەکیان نییە. وە ئیمانت ببێ بەوە کە مەقسوود لە دامەزراندنی ئەحکام سوودی عیبادە، ئەگەرنا خودا موحتاج نییە بە هیچ شتێ. وە ئیمانت ببێ بەوە کە خودا خاترخۆیە لە هەموو شتێکا و هیچ شتێ واجب نییە لەسەری بۆ کەس.

وە ئیمان بە ئەسما (ناوەکانی خودا) ئەوەیە: باوەڕت وابێ کە «اللّٰه» ناوی زاتی خودایە و باقی ناوەکانی خودا هەموو بۆ دەلاڵەت کردنە لەسەر سیفەت وەکوو کردەوەکانی خودا، وە ئەو ناوانە ئەوانەن کە لە قورئانا وارید بوون، وە یا هاتوون بەسەر زمانی پێغەمبەرانا، وەکوو: «فەرد» و «واجید» و «رەشید» و بازێ ناوی وا کە لە قورئانا نین.

وە ئیمان بە مەلائیکە ئەمەیە: باوەڕت ببێ ئەو مەلائیکەتانە جیسمی ناسکن و بە ئەمری خودا پەیدا ئەبن نەك بە تەناسول، وە نێرو مێیان نییە و پاکن لە تاوان: ﴿لا یعصون اللّٰه ما أمرهم ویفعلون ما یؤمرون﴾،[1] وە ئەم مەلائیکەتانە مەئمووری خودان لە کائیناتا، وە هەرکام لەوانە ئیشێکیان پێ سپێرراوە، نەك لەبەر ئەوە کە خودا موحتاجە بەوانە (معاذ اللّٰه) بەڵکوو لەسەر خواستی خۆی و لەسەر تەماشای یاسای خۆی لە جیهانا. وە لە جوملەی ئەو ئیشانەیە کە مەلائیکە کردوویانە هێنانی کتێب لە لایەنی خوداوە بۆ لای پێغەمبەران عليهم السلام.

وە ئیمان بە کتێب ئەمەیە: ئیمانت ببێ کەلامی خودان و لە بابەتی جادووگەری و کەهانەت نین و لە بابەتی ئیلقای شەیاتین و ئەرواحی خەبیسە نین و ئەم کتێبانە کە مەلائیکە هێناونی بۆ پێغەمبەران بە قەتعی شەیاتین بۆیان مومکین نەبووە کە شتێ تێکەڵی ئەم کتێبانە بکەن. وە ئەم قورئانە بە قەتعی نە ئایەتێ نە جوملەیێ نە کەلیمەیەکی لێ زیاد و کەم نەکراوە و نەگوڕاوە: ﴿إنا نحن نزّلنا الذكر وإنا له لحافظون﴾.[2] وە ئەم قورئانە ئاخر کتێبی ئاسمانییە و ئایاتی موحکەم (رووناك) و، موتەشابەهـ (مەعنای زۆر)ی تیایە، وە ئەو موتەشابەهانە بە هۆی موحکەمەکانەوە مەبەستیان لێ دەرئەکەوێ.

---

١. التحريم؛ ٦.
٢. الحجر؛ ٩.

وە ئیمان بە پێغەمبەران (رُسُل) ئەمەیە: باوەڕت وابێ هەموویان مەعسومن لە گوناه و تاوانباری، وە باوەڕت وابێ «نبي» لە غەیری ئەنبیا گەورەترە و، رەسوول لە نەبی گەورەترە و، لە ناو روسولدا «أولو العزم» لە غەیری «أولو العزم» گەورەترن، وە لە ئەسڵی نوبووەت و ریسالەتا فەرقیان نییە و پێغەمبەری ئێمە کە «محمد المصطفی»یە خاتەمی هەموو رەهبەرانە و دینی ئەو ناسیخی هەموو ئەدیانە. وە ئەگەر کەسێ بڵێ: لە ئەرکانی ئوسووڵدا باسی قەزا و قەدەر و باسی رۆژی قیامەت نەکراوە! جوابەکەی ئەوەیە: ئیمان بە قەزا و قەدەر داخڵە لە ئیمان بە ئەفعالی خودادا، مادام تۆ باوەڕت بوو بەوە هەرچی لە جیهانا پەیدا ببێ کاری خودایە ئەوە مەعنای ئیمان بە قەزا و قەدەرە. وە ئیمان بە رۆژی ئاخیرەت داخڵە لە ئیمان بە ئەحکامی خودادا مادام تۆ ئیمانت بوو بەوە کە خودای تەعالا ئەحکامی تەشریع کردووە بۆ ئەوە عیبادی خۆی رەفتاری پێ بکەن مەعنای وایە رۆژێ هەیە بۆ جەزای کردەوەی عیباد کە رۆژی قیامەتە.

جا خودای تەعالا ئەڵێت: هەرچەند کە ئەوەی وا لە دڵتانا خودا پێی ئەزانێ بەڵام:

﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾

خودا (بالفعل) تەکلیف ناکا لە هیچ نەفسێ ئیللا لەو کردەوانە کە وان لە تاقەتیا و ئەتوانێ بەجێیان بێنێ یا تەرکیان بکا.

﴿لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ﴾

هەیە بۆ هەرنەفسێ سوودی ئەو کردەوە باشە کردوویەتی، وە لەسەری سابت ئەبێ عەزاب و تۆڵەی هەر کردەوەیەکی ناهەموار کە بە قەسدی خۆی بیکا.

وە فەرموودەی خودای تەعالا: ﴿ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا﴾. الآية. لەسەر بیری بازێ لە موفەسسیرین موقەددەرە بە حەزفی ئەمر بە قەول بۆ تەعلیمی دوعا و پاڕانەوە لە خودا.

واتە: «قولوا: ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا» وە لەسەر فەرموودەی بازێ موفەسسیرینی‌تر: شرووعە لە گێڕانەوەی باقی دوعاکانی موسوڵمانان لە پاش ئەوە کە خودا بە جوملەی موعتەرەزەی ﴿لا يكلف الله نفساً﴾ الخ. سیرڕی تەکلیفی بەیان کرد. وە تەقدیری هەموو قسەکەیان ئەمەیە: ﴿وقالوا سمعنا و أطعنا غفرانك ربنا وإليك المصير﴾.

﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا﴾

ئەی خودایە عەزابمان مەدە و عیقابمان مەکە ئەگەر غەفڵەت و بێ‌موبالاتی و ئیهمالمان بوو بە هۆی ئەوە کە بازێ لە واجباتی خۆمانمان لە بیر چووەوە یا بە هەڵەکاری ئەدامان کردن. یا بازێ کاری نابارمان بە هەڵە کردبێ:

﴿رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَآ إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِنَا﴾

ئەی پەروەردگای ئێمە باری قورس مەهاوێرە سەرشانمان، وەکوو خۆکوشتن بۆ قەبووڵی تەوبە و، ئیختیساسی نوێژ کردن بە مزگەوتەوە و، بڕینی هەر پارچە بەرگێ کە پیس بووبێ.

﴿رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦ﴾

ئەی پەروەردگاری ئێمە مەدە بەسەرمانا دەرد و بەڵا و ئاشووبێکی وەها کە تەوانامان نەبێ لەسەر هەڵگرتنیان.

﴿وَٱعْفُ عَنَّا﴾

ئاساری گوناهەکانمان مەحو بکەرەوە و عەزابمان مەدە.

﴿وَٱغْفِرْ لَنَا﴾

عەیبەکانمان بپۆشە و کردەوەی باشمان دەربخە.

﴿وَٱرۡحَمۡنَآۚ﴾

میهرەبانیمان لەگەڵا بکە بە زیادە نیعمەت و زیادە تەوفیق لەسەر تاعەت.

﴿أَنتَ مَوۡلَىٰنَا﴾

هەر تۆی سەرداری ئێمە و غەیری تۆ پەنامان نییە.

﴿فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٨٦﴾

وە بێجگە لەمانەیش یارمەتیمان بدە بۆ جیهاد لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی دینا و زاڵمان بکە بەسەر کۆمەڵەی کافرەکانا، بە تایبەتی ئەوانە کە دوژمنایەتی ئەکەن لەگەڵمانا و جەنگمان لەگەڵا ئەکەن بۆ ئەوە کە مەیدانی بڵاو کردنەوەی دینی ئیسلام گوشادتر ببێتەوە و دڵمان بە نووری تەوفیق و یارمەتیت بگەشێتەوە.

لە حەمدی خواوە رزگار بووم لە نووسینی تەفسیری سوورەتی «بەقەرە» پاش نوێژی عیشا لە شەوی جومعە، یەکی «ذو القعدة» لە ساڵی هەزار و سێسەد و نەوەد و حەوتی کۆچی ڕێکەوتی سیازدەی تشرینی ئەووەڵ لە ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و حەوتی زایینی. لە حوجرەی مەدرەسەدا لە جامیعی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ـ قدس سره ـ لە شاری بەغدا. «و أنا الخادم للدين عبدالكريم محمد الكردي الشهرزوري ـ غفر الله له ولوالديه و لسائر المسلمين ـ و آخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين».

تەفسیری نامی - دانراوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس - یەکەمین تەفسیری کوردییە کە لەم قەوارەدا تا ئێستا دانراوە.

ئەم تەفسیرە خاوەنی هەندێک تایبەتمەندییە کە بوونەتە هۆی تاقانە بوون و ناوبانگ دەر کردن و گەیاندنی بە پلەی باڵانشینی؛ چونکە ئەم تەفسیرە مەکۆی زیاتر لە بیست تەفسیری باوەڕ پێکراو و جێی متمانەی هەموو تاقم و گرووپە ئیسلامییەکانە و بە شێوەیەکی زۆر جوان و تێر و تەسەل لە سەر ئایەتەکان ڕۆیشتووە و بیر و ڕای زانایان و لێکۆڵەرانی کۆن و نوێی لە خۆ گرتووە کە ئەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای لاو و پیری موسوڵمانی کوردەواری بێت.

بۆ لە چاپدانەوەی دووبارەی ئەم تەفسیرە بە نرخە - کە لە سەر ئیزنی بنەماڵەی مامۆستا بووە - دەزگای چاپ و **بڵاوکردنەوەی کوردستان** ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆی خستووەتەگەڕ تاکوو نوسخەیەکی جوان و شیاو ئاراستەی خوێنەران بکات.

بڵاوکەرەوە



سنندج - پاساژ عزتی - تلفن: ۲۲۶۵۳۸۲



شابک دوره
9789649800363


شابک جلد
9789649800370